بسم الله الرحمن الرحيم

( 2513 )

دەزگای چاپ و پەخشی
ئاراس

# ژیانی سیاسی لەئێران
# سەدەی بیستەم

**مافی لە چاپدانی پارێزراوە بۆ نووسەر**

ناوی کتێب: ژیانی سیاسی لەئێران.

نووسینی: محمد فاتح.

کاری کۆمپیوتەر: زانا احمد.

نەخشەسازی ناوەوە: کۆمپیوتەری نارین (محمد علی).

نۆرەو ساڵی چاپ: یەکەم، ٢٠١٨.

ژمارەی سپاردن: (٥٨) ی ساڵی (٢٠١٨) ی پێدراوە.

هەولێر: بازاڕی زانست بۆ کتێب و چاپەمەنی

Website: www. nareenpub. com

nareenpub@gmail. com

تەلەفۆن: ٢٥١١٩٨٢ ٦٦ (٠٠٩٦٤)

مۆبایل: ٧٥٠٤٠٦٤٦١٠ ٠٠٩٦٤

# ژیانی سیاسی لەئێران

## سەدەی بیستەم

**سیستمی سیاسی، حزبەکان ، کۆمەڵگەی مەدەنی، کەسایەتیەکان**


**نووسینی**

محمد فاتح



دەزگای چاپ و پەخشی

ئاراس

# پێشەکی

وڵاتی ئێران دەکەوێتە باشوری ڕۆژئاوای کیشوەری ئاسیا، بەشێك لەو وڵاتانەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست پێکدەهێنێ، سنوری ئەم وڵاتە پێکدێت لەباکورەوە تورکمانستان، ئازەربایجان، ئەرمینیا، لە ڕۆژئاواوە: عێراق، تورکیا، لەباشورەوە: دەریای عەرەب و کەنداوی عومان، لەڕۆژهەڵاتەوە هەریەك لە ئەفغانستان و پاکستان دراوسێی ئەم وڵاتەن.

ڕووبەرەکەی (١.٦٤٨.٠٠٠)کم$^2$ یە، ژمارەی دانشتوانی لەدەوروبەری (٨٠)ملیۆن کەس دەبێت، ئێران لە پێکهاتەیەکی نەتەوەیی ئایینی جۆراو جۆر پێکهاتووە، نەتەوەی گەورە فارسە، لەگەڵ چەند نەتەوەیەکی ژمارە بچووکتری وەك: ئازەر، کورد، بلوج، عەرەب، تورکمان، ئایینی ڕەسمی لەئێران، ئایینی ئیسلامە لەسەر ڕێبازی شیعەی دوانزە ئیمامی، بەشێکی دانیشتوانیشی سوننە ڕێبازن، سەرەڕای ژمارەیەکی کەمی بیروباوەڕی ئایینی دیکە.(١)

ئەم وڵاتە ناوچەیەکی کۆنی شارستانیەتە، لەهەزارەی دووەمی پێش زاین نەتەوە ئارییەکان کۆچیان بۆ(٢) ئەو ناوچانە کردووە، وەك پارپەکان، مادەکان، فارسەکان، کە هەریەکەیان لەشوێنێکی ئەو وڵاتە دانیشتەجێ بوون.

پاش ڕوخاندنی ئیمپراتۆرییەتی ساسانی و بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی زایینی، سەردەمێکی نوێ لەمێژووی ئێران دەستی پێکرد، لەو سەردەمە گۆڕانکاری بنچینەیی لەبارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئایینی لەکۆمەڵگەی ئێرانیدا ڕوو دەدات.

دوای ڕوخاندنی سەردەمی عەباسییەکان، ئەو وڵاتە ماوەیەك لەژێر دەسەڵاتی بێگانەو هێرشی دەرەکی مەغول و پچڕپچڕی ناو خۆیی ژیاوە، تادەگاتە سەردەمی سەفەویەکان کەتێیدا ڕێبازی شیعە بووە ڕێبازێکی ڕەسمی، ئێرانیش یەکگرتوویی بۆ گەڕایەوە.

دوای روخاندنی سەفەویەکان چەند بنەماڵەو رەچەڵەکێك حوکمرانی ئێرانیان کردووە وەك: ئەفشاری و زەندی، دوای روخاندنی زەندییەکانیشی، سەردەمی بنەماڵەی قاجاری (١٧٧٩ – ١٩٢٥) دەست پێدەکات، کە لەکۆتاییەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی دەسەڵاتیان بەرەونەمان دەچوو، بنەماڵەی پەهلەوی لەرێگەی رەزا خانەوە دەسەڵاتیان گرتە دەست و بووە یەکەم شای ئەو بنەماڵەیە (١٩٢٥ – ١٩٤١)، لەو ماوەیەدا زاراوەی ئێران لەجیاتی وڵاتی فارس بۆ ناوی ئەو وڵاتە بەکار هێنرا، لەسەربڕیاری خودی رەزاشا، دەسەڵاتی ئەو بنەماڵەیە درێژەی کێشا تا ساڵی (١٩٧٩) کە بەهۆی راپەڕینی گەلانی ئێران کۆتایی بەدەسەڵاتیان هات و سیستەمی سیاسی لەئێران لەپاشایەتیەوە گۆڕاو بووە کۆماری رووداوەکانی مێژووی هەرکۆمەڵگەیەك، دەرئەنجامی کارلێکردنی کۆمەڵەفاکتەرێکی بابەتی و خودیە، بەسەرکەوتن یان نوشستی هێنانی ئەو رووداوانە، ئاسەوارو کارلێکردنیان لەناو ئەو چین و توێژانەی کۆمەڵگە هەر دەمێنێتەوە، بەشێوەی جیاواز گوزارشت لەخۆی دەکات، لەداهاتوودا لەگەڵ هەل و مەرجی لەباردا و بەشێوەی ئاستی جیاواز سەرهەڵدەدەن.

پەرەسەندنی رووداوە مێژووییەکانی هەرکۆمەڵگەیەك، کۆمەڵە خەسڵەتێکی تایبەت هەڵدەگرن، جیاواز لەخەسڵەت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەیەکی دیکە ئەگەر لەرووداوەکانی بزووتنەوەی نیشتمانی و چالاکیەسیاسیەکانی ناو ئێران وردبینەوە لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە تاسەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩)و چەسپاندنی رژێمی کۆماری ئیسلامی، سێ ئاراستەی کۆمەڵایەتی سیاسی سەرەکی خۆی بەرجەستە دەکات، کەدەکرێ بڵێین کۆمەڵگەی ئێرانی بەسەردابەش بووە، ئەوانیش:

رەوتی ئیسلامی، کە قۆناغ بەقۆناغ لەگەڵ پەرەسەندنی تێکۆشانی، شێوازی چالاکیەکانی خۆی گۆڕیوە، بنکەی جەماوەری و کۆمەڵایەتی بەهێزو فراوانتر کردووە، لەژێر رابەرایەتی مەرجعیەتی ئایینی کاری کردووە، هەرچەندە ململانێ و جیاوازی لاوەکیش لەناویاندا هەبووە.

ڕەوتی عەلمانی، هەموو ئاراستە لیبرالی و دیموکراسی و چەپەکان دەگرێتەوە، هەڵگری تایبەتمەندی خۆیەتی، وەک زەق بوونەوەی ململانێی ناوخۆیی، جیاوازی بەرنامەکانیان و ئادەگاتە ڕادەی دژایەتی یەکتریش لەهەندێ باردا.

ڕەوتی سێیەم، لایەن بنەماڵە دەسەڵاتدارەکان دەگرێتەوە لەبنەماڵەی قاجاری و پەهلەوی و ئادەگاتە دەسەڵاتی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی.

ئەم دەسەڵاتە لەهەموو سەردەمەکان لەململانێ و ناکۆکی توند بووە لەگەڵ بەشێکی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، دیارە ئەوەش یەک لەتایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانیە.

مێژوو نووسی بەناوبانگ (ویل دیورانت) لەپێشەکی کتێبەکەی – چیرۆکی شارستانیەت – نووسیویەتی: (٣)

شارستانیەت لەچوار ڕەگەز پێکدێت، ئەوانیش: دەرامەتە ئابورییەکان، سیستمە سیاسییەکان، داب و نەریتی مۆرالی، زانست و هونەرەکان، شارستانیەت دەست پێدەکات، کاتێ بارودۆخی ئاژاوەو ململانێ کۆتایی دێت، کاتێ ترسیش لەمرۆڤ دوور دەکەوێتەوەو بونیادو داهێنان دەست پێدەکات.

ئێران، لەو وڵاتانەیەکە پێگەیەکی ستراتیژی گرینگیان هەیە، هەروەها ڕۆلێکی بنچینەیی هەیە لەرۆژهەڵاتی ناوەڕاست، هۆیەکەشی بۆ شوێنە جوگرافیەکەی و هەوڵەکانی کەوەک هێزێکی گەورەی هەرێمایەتی ڕۆڵ بگێرێت دەگەڕێتەوە، ئێران خاوەنی دەسەڵات و دەسترۆیی سیاسی و پەیوەندی مێژوویی کۆن و دێرین بووە لەگەڵ دراوسێکانی، زۆریش لە هەوڵدایە کە ڕۆڵی ڕابەرایەتی بگێرێت لەجیهانی ئیسلامیدا.

مێژووی ئێران لەسەدەی بیستەمدا، سێ ڕووداوی گرینگ و گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، ئەوانیش گەیشتنی بنەماڵەی پەهلەوییە بە دەسەڵات، دەرکەوتنی د.

هەواڵنامەی کتێب

موسەدەق و ڕەوتی نیشتمانیە، سێیەمیشیان شۆڕشی ئیسلامی بەرابەرایەتی خومەینی بووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە: ژیانی سیاسی لەئێران، سەدەی بیستەم، لەچواربەشی سەرەکی پێکدێت، هەر چوار بەشەکە تەواو کەری یەکترن.

**بەشی یەکەم:**

سیستمی حوکمرانی لەئێران، لەکۆتاییەکانی دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجاری، بارودۆخی ئێران لەو سەردەمە، شۆڕشی دەستوری (١٩٠٥-١٩١١)، دەرکەوتنی ڕەزاخان و خۆسەپاندنی وەك شای ئێران، ڕووداوەکانی سەردەمی د.موسەدەق سەردەمی محەمەد ڕەزاو تایبەتمەندییەکانی، شۆڕشی گەلانی ئێرانی و گۆڕینی ڕۆژێمی پاشایەتی بەرژێمی کۆماری ئیسلامی، خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی سیستمی ئیسلامی لەئێران، لەگەڵ ئاماژەیەك بۆ بزاڤی نەتەوەکانی دیکەی ناو ئێران.

**بەشی دووەم:**

سەرهەڵدانی ژیانی حزبایەتی لەئێران، بیروباوەڕە جیاوازەکان، هۆکاری دەرەکی و کاریگەری لەسەر ژیانی حزبایەتی، حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان بە هەموو ئاراستەو بیروباوەڕە جیاوازەکانیان، پۆلین کردنیان لەچواربەشدا، حزبە نەتەوەیی و نیشتمانیەکان، حزب و ڕێکخراوە چەپ و سۆسیالستەکان، ڕێکخراوەکانی ڕەوتی ئیسلامی سیاسی، حزب و ڕێکخراوەکانی نەتەوە نافارسەکانی ناو ئێران.

**بەشی سێیەم:**

ئەم بەشە تایبەتە بەچالاکیەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، وەك لایەنێکی گرینگی ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی، تاچەند بواری پێدراوەو خۆی بەرجەستە کردووە، باسەکەش بەسەر چوار بەش دابەش کراوە:

١- بزووتنەوەی کرێکاری و سەندیکایی لەئێران.

٢- بزاڤی خوێندکاران و لاوان.

٣- بزووتنەوەی ژنان و بەشداریان لەژیانی سیاسی.


٤- بزاڤی رۆژنامەگەری لەئێران.

**بەشی چوارەم:**

تایبەتە بەکەسایەتیە سیاسییەکان لەئێران، کورتەیەک لەژیانی ژمارەیەک لەو کەسایەتیانەی رۆڵیان لەژیانی سیاسی ئێراندا هەبووە، بەتایبەتی ئەوانی پلەو پایەی رەسمیان هەبووە، یان لەناو حزب و رێکخراوە سیاسییەکان رۆڵی کارایان هەبووە، دیارە هەولمانداوە ئەو کەسایەتیانە لەهەموو حزب و نەتەوەو ناو چین و توێژە جیاوازەکان، لەگەڵ جیاوازی بیروباوەرەکانیان، بەپێی توانا بخەینەروو.

لەکۆتایی هەر بەشێك ئاماژە بۆ ئەو سەرچاوانە کراوەکە سوودیان لێوەرگیراوە لەگەڵ سەرجەم سەرچاوەکان پاش پۆلێن کردنیان.

**نووســەر**




(نەخشەی ئێران)

# بەشی یەکەم

# سیستمی سیاسی لەئێران
# سەدەی بیستەم

هەواڵنامەی کتێب

## ((تــەوەری یەکــەم))

## ئێران لەکۆتاییەکانی سەدەی (١٩) و سەرەتاکانی سەدەی (٢٠)

لەکۆتاییـەکانی سـەدەی نۆزدەهـەم و سـەرەتاکانی سـەدەی بیسـتەم، بـارودۆخی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایـەتی ئێـران رووی لـەگۆران و دارمـان و تێکچوون دەکـرد بەخێراییەکی سەیر، لەدیاردەکانی ئەو گۆڕانکارییانە، دەستێوەردانی بیـانی بەشـێوازی جیاواز و روو لەزۆر بوون، دەوڵەتـە ئیسـتعمارییە زلهێزەکـان کـە دەسـەڵاتیان بەسـەر وڵاتـانی هـەردوو کیشـوەری ئاسـیاو ئـەفریقیا بـڵاو ببـۆوە خۆیـان ئامـادە دەکـرد بـۆ تووندکردنی دەسـەڵاتەکانیان بەسـەر ناوچـەکانی رۆژهـەڵاتی ناوەراسـتدا، دیـارە هۆکارەکانیشی زۆر بوون بەتایبەتی لایەنە ئابووریەکەی.(٤)

ئەو دەوڵەتانە پەنایان دەبردەبەر چەندین شێوازو سیاسەتی جۆراو جۆر بۆ رێگا کردنـــەوە لەبـــەردەمیان، لەپەیوەنـــدیکردن بەکەمەنەتەوایـــەتی و بزووتنـــەوە رۆزگاریخوازەکان، هەروەها هاوکاری گروپ و لایەنە ئاینیە کەمایەتیەکان.

دەبـێ ئـەوەش لـەبیر نەکـەین کـەملمانێی مێـژوویی نێـوان دەوڵـەتی عوسمـانی و ئێرانیـەکان زیـاتر هـەل و مەرجەکـەی خـۆش دەکـرد بـۆ دەسـتێوەردان، سـەرەرای سیاسەتی کۆنەپەرستانەو شۆڤێنیانەی فەرمانرەواکان بەرامبەر گەلانی ناوچەکە.

بـارودۆخی نـاوخۆی ئێـران لەسـەردەمی شـا – موزەفـەرەدین (١٨٩٦ – ١٩٠٧)، لـەرووی سیاسـی و ئـابووری و داراییـەوە، وڵاتـی بـەرەو رووی گەنـدەڵی و دارمـان کردبۆوە، سەرۆك وەزیرانی حکومەت (ئەمین ئەلسولتان ئەتابـەگی) (١٨٩٨ – ١٩٠٣) کەسێکی شارەزاو بـەتوانا بـوو لـەرووی کارگێڕییـەوە بـەڵام بـەهۆی دژایەتیکردنیـەوە لەلایەن کەسایەتی و هێزە سیاسیەکان، ئەوا بەبڕیاری شا لەدەسەڵات دوور خرایـەوە، بەلادانی ئەو، ئەوەندەی دیکە وڵات رووی لەئاژاوەو پشێوی کرد.

هەولێرنامەی کتێب

کورتهێنانی دارایش یەك لەکێشەگەورەکان بوو بەهۆی خەرجی و سیاسەتە بێ سەروبەرەکەی بنەماڵەی شاوە.

لەسەر دەمی شا موزەفەرەدین ژیانی سیاسی تارادەیەك کرانەوەیەکی بەخۆیەوە بینی(٥)، رۆشنبیران ئەم دەرفەتەیان بەهەل زانی، چەند کۆمەڵەو لیژنەی زانستیان دامەزراند بۆ کردنەوەی قوتابخانە نوێیەکان کەوتنەکار، کۆمەڵێکی دیکەی رۆشنبیران چەند رێکخراوو ئەنجوومەنێکی نهێنی و نیمچە نهێنیان دامەزراند، گرینگرتینیان (انجمن مخفی) ئەنجوومەنی نهێنی و ( أنجن ادمیت) ئەنجوومەنی مرۆڤایەتی بوو.

لەو هەل و مەرجانەدا هێزە سیاسییەکان و ئۆپۆزیسیون پێداگریان لەسەر ژیانی پەرلەمانی و دیموکراسی دەکردەوە، کە خۆی دەنوێنێ لەبوونی دەستورو پەرلەمان و هەڵبژاردن.

دیارە شا بۆ چارەسەرکردنی دۆخی دارایی دەوڵەت، لەگەڵ کۆمپانیایەکی بەلجیکی رێککەوت بەرامبەر برێك پارە، کە هەموو لایەنەکانی پەیوەندی بەباج و داهاتەکانی وڵاتی خستە ژێرکێفی ئەو کۆمپانیایە، ئەو بریارەی شا، بارودۆخەکەی زیاتر ئاڵۆز کردو نارەزایی چین و توێژەکانی کۆمەڵی لێکەوتەوە بەتایبەتیش چینی ناوەراستی شارەکان.

پەیوەندی ئێران بەدەوڵەتانی رۆژئاواوە، هۆیەکی بنەرەتی گۆرانکاری(٦) بووە لەکۆمەڵگەی ئێرانیدا، بەستنەوەی ئابوری ئێرانیش بەئابووری رۆژئاواو هەوڵەکان بۆ نوێخوازی و بەرهەڵستی کردنی رۆژئاوا لەلایەن دەسەڵاتدارانی قاچارەوە، هەر لەئەنجامی یەکخستنی بازارە ناوخۆییەکان لەبازارێکی نیتشمانی و پێکهێنانی دامەزراوەکانی فێرکردن و پەروەردە، ئەو دۆخە بەگشتی کاریگەری هەبووە لەسەر خولقاندنی چینێکی ناوەراست .

هەواڵنامەی کتێب

## شۆڕشی دەستوری لەئێراندا ( ١٩٠٥ — ١٩١١ ) :

تاکو ساڵی (١٩٠٥) هەموو ڕووداوەکان ئەوەیان دەسەلماند کە دوور نیە هەستی ناڕەزایی و بێزاری(٧) کۆمەلانی خەلك لەزۆربەی چین و توێژەکانی دژ بە ڕژێمی قاجاری لەئێراندا شۆڕشێکی تووندو تیژو خوێناوی لێ بەرپابێت.

داواکاری جەماوەری لەسەر دەستور پەرەی سەند، بووە ناوەرۆکی پرسێکی نیشتمانی لەو ماوەیەدا، زۆرینەی خەلکی ئێران لەسەری کۆك بوون، ئەو ڕووداوانەش بەشۆڕشی دەستووری ناسرا.

هێزە کۆمەلایەتیە سەرەکیەکانی بەشداربوو لەو ڕووداوانەو لەو ماوەیەدا، زیاتر بریتی بوون لەبازرگانە نەیشتمان پەروەرەکان، پیشەدارانی ناو بازار، پیاوانی ئاینی و روناکبیران، دیارە پەیوەندییەکانی نێوان پیاوانی ئاینی و بازار، پەیوەندییەکی تووندی بەردەوام بوو، ئەویش بەهۆی ئەو تێکۆشانەی بەیەکەوە پێی هەستان، ئەو پەیوەندییانەش هۆکارێك بوون بۆ بەهێز بوونی هەستە ئایینەکان لەناو چینی ناوەڕاست و بۆ ڕژوازییەتی بچووك لەئێراندا، بەشێوەیەك کە لەولاتانی دیکەدا وێنەی نەبێت، هۆکارەکانیشی زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە پیاوانی ئاینی لەئێران لەڕووی گوزەران و ژیانیان پشتیان لەسەر داهاتەکانی ئەو قاف و یارمەتیەکانی بازرگانان بەستووە، واتە پیاوانی ئایینی لەڕووی گوزەرانەوە پەیوەست بوون بە بازاڕاوە زیاتر لەوەی پەیوەست بن بەدەوەلەتەوە.

ساڵی (١٩٠٥) بازرگانان و خاوەن پیشەو دوکانداران، هەستان بەداخستنی بازاڕو فرۆشگاکانیان لەشاری تاران، وەك ناڕەزاییەك لەسەر خراپی بارودۆخی ئابووری، لەم بارەوەش پیاوانی ئایینی پشتگیریان کردن، بەلام وەلامدانەوەی دەسەلات بەرامبەریان تووندو تیژبوو، ژمارەیەکی لێدەسگیرکردن، ئەم کارە خەلکی زیاتر وروژاندو لەناو مزگەوتەکان کۆبوونەوەو یاخی بوونیان ڕاگەیاند.

هەولێرنامەی کتێب

ڕووداوەکان لەسەرەتای (١٩٠٦) زیاتر پەرەی سەندو لەسەر دەستی پۆلیس (٢٥) کەس کوژراو نزیکەی (١٠٠) کەسیش بریندارببوون(٨)، خەڵکی بۆ خۆڕزگار کردن پەنایان بۆ ناو مزگەوتەکان دەبرد، سەرەڕای باڵیۆزخانەی بەریتانیا لەتاران.

ئەو خۆپیشاندان و گردبوونەوانە درێژەیان کێشا، خەڵکی خۆپیشاندەر داوای لادانی بەڕێوەبەری گشتی پۆلیسیان دەکرد، هەروەها دامەزراندنی دادگا، بەڵام بەپێچەوانەوە هێزی پۆلیس زیاتر پەلاماری دان و لەناو مزگەوتەکانیش بڵاوەیان پێکردن بەبەکارهێنانی هێز، ئەنجامەکەشی کوشتن و بریندارببوونی ژمارەیەکی زۆر بوو.

سەرەڕای ئەو توندوتیژییە لەلایەن دەسەڵاتەوە مانگرتنەکان و خۆپیشاندان درێژەی کێشاو بەردەوام بوو، داواکارییە بنچینەییەکانی ئەو ڕاپەڕینە جەماوەرییە، ئازاد کردنی پیاوانی ئاینی و زیندان کراوەکان و دەرکردنی دەستور بوو بۆ وڵات.

لەو سەروبەندەدا، بەریتانیا کە هێزەکانی لەچەند ناوچەیەك لەباشووری ئێران و کەنداودا جێگیر کردبوو، کەوتە نێوەندگیری و هەوڵیدا گفتوگۆلەنێوان هەردوولا ئەنجام بدرێت بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، هەوڵەکانی بەریتانیا سەریگرت، گفتوگۆ لەنێوان حکومەت و نوێنەری خەڵکی ناڕازی و مانگرتوو دەستی پێکردو کۆتایی هات بەڕازی بوونی شاو حکومەت لەسەر داواکاری مانگرتووەکان، بۆیە: لەمانگی ئابی (١٩٠٦ ز) بڕیاری دامەزراندنی کۆمەڵەیەکی نیشتمانی هەڵبژێردراو درا، لەگەڵ لێخۆش بوون و ئازادکردنی گیراوەکان، دواتر هەڵبژاردن ئەنجامدرا بۆ ئەنجومەنی نوێنەران (شورا) کە لە ١٨/تشرینی یەکەمی ١٩٠٦ یەکەم کۆبوونەوەی بەست، پاشان ئەنجومەن بڕیاری لەسەر دانانی دەستوردا بۆ وڵات، ئەو دەستورە لە(٥١)مادە(٩) پێکهاتبوو، بەپێی مادەی (٦) ژمارەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران بەم شێوەیە دیاریکرابوو : (٦٠) نوێنەر بۆ شاری تاران، و (٦٠) نوێنەریش بۆ شارەکانی دیکە، لەدەستوردا دەسەڵاتەکانی شا دیاریکرا، هەروەها ماف و ئازادییە دیموکراسییەکانی سەلماند،

ئەوەی گرینگە ئاماژەی بۆ بکرێت، لەیەکێك لە بەندەکانی دەستوردا هاتبوو، نابێ یاساکان لەوڵاتدا بەپێچەوانەی رێنماییەکانی ئیسلام بێت، پاشان شا رەزامەندی لەسەر دەستورەکە دەبڕی، ئەگەر چی زۆری نەخایاند کۆچی دوایی کردو (محەمەد عەلی شا) شوێنی گرتەوە، لەکۆتاییدا دەبێ ئەوە بڵێین کەسەرکەوتنی شۆڕشی دەستوری لە و وڵاتە دواکەوتووە نەدەهاتەدی، ئەگەر رەوتە سیاسیە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێرانی خۆیان لەچوار چێوەی چەند رێکخراوێك رێك نەخستیایە، کە بووە هۆی بەهێز بوونی و بەردەوامی بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیوون و هەموو شێوازو هۆکارێکی بەکار هێنا لەپێناو جێ بەجێکردنی ئامانجەکانی.

### هۆکارەکانی شۆڕشی دەستوری لەئێراندا:

ئێران لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا گەورەترین رووداوی سیاسی لەمێژووی نوێیدا بە خۆوە بینوە، کە ئەویش شۆڕشی دەستوری بوو، کە بازرگان و رۆشنبیرو پیاوانی(١٠) ئایینی و پیشەدارو توێژو چینە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بەشدارییان تێدا کردووە.

هەرچەندە لایەنە بەشداربووەکان لەسۆنگەی جیاوازەوە هاتبوونە ناو شۆڕش، بەڵام سنووردار کردنی دەسەڵاتی رەهای شا ئامانجی سەرەکی گشت لایەنە جیاوازەکان بوو، سەبارەت بەرۆشنبیرانیش، ئایدیۆلۆژیا رۆژئاواییەکانی وەکو نیشتمان پەروەری و لیبرالیەت و عەلمانیەت کاریان تێکردبوون و لەو بارەوەدا بوون کە دامەزراندنی حکومەتی دەستوری و یاسایی، زامنی پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی پێشکەوتوو ترە.

**کۆمەڵگەی ئێرانی لەسەرەتای سەدەی بیستەمدا لەچەندین چین و توێژی جیاواز پێکهاتبوو، دەکرێ بەم شێوەیە باسی بکەین(١١):**

١- چینی ئەریستوکرات، ئەوانە لوتکەی کۆمەڵگایان پێکدەهێنا، بریتی بوون لەبنەماڵەی شاو میرەکان، خاوەندارە زەوییە کشتوکاڵیە فراوانەکان، پیاوانی کۆشکی

شا، دەرەبەگە گەورەکان، وەزیرەکان، فەرمانڕەوای هەرێمەکان، فەرمانبەرە پلەدارەکانی دەوڵەت، سەرەڕای چەند توێژێکی خۆجێی لەخانەوادەو پیاو ماقوڵان و سەرۆك هۆزو دادوەرە گەورەکانی شارەکان.

٢- چینی ناوەڕاست، پێکهاتبوو لە بازرگانی شارەکان، موڵکدارە بچووکەکانی زەوی، خاوەن فرۆشگاکان لەبازاڕەکاندا، پیشەدارانی جۆراوجۆر.

٣- چینی کاسب کارانی شار: بەشێوەیەکی گشتی بریتی بوون لە: کرێکارە پیشەییەکان، کرێکارانی رۆژانەی بازاڕ، کرێکاارنی ناو کارگەکان، ئەوانی بەکاری بارهەڵگرتن و خزمەتگوزاری هەڵدەستن.

٤- چین و توێژەکانی خوارەوە، زۆربەی دانشتوانی گوندو دیهاتەکان دەگرێتەوە، جەماوەری ڕەش و رووتی هۆزەکان وجوتیاران و ئەوانی مەرو ماڵات بەخێو دەکەن.

ئاستی جیاوازی لەنێوان ئەو چینانەی کۆمەڵگەی ئێرانی بەهێز بوو، هەروەها ڕەگ و ریشەی قوڵیشی داکوتابوو، ئەویش بەهۆی باری جوگرافی وڵات و فرەیی زمان و ئاینەکان، سەرەڕای کولتورە جیاوازەکان و ئەو سیستمە هۆزایەتیەی باڵی بەسەر کۆمەڵگەدا داپۆشی بوو.

هەرچەندە هۆکاری ئابووری، هاندەری بنچینەیی بوو بۆ ڕاپەڕین و داوای مافە ئازادی و دیموکراسییەکان، بەڵام دەکرێ هۆکارەکانی دابەش بکەینە سەر دوو بەش(١٢):

أ) هۆکارە ناوخۆییەکان:

وەك، هۆکاری ئابوری ، رۆڵی توێژی رۆشنبیران، هەڵوێستی پیاوانی ئاینی دەرکەوتنی حزب و کۆمەڵەسیاسییەکان.

ب) هۆكاری دەرەكی:

وەك سەركەوتنی شۆڕشی بورجوازی دیموكراسی لەروسیا ساڵی (١٩٠٥)، گەشەكردنی هزری دیموكراسی و سۆسیالستی، دەستێوەردانی دەرەكی بۆ كاروباری ئێران بەتايبەتی بەریتانیاو روسیا لەو سەردەمە.

لەناو بزووتنەوەی جەماوەری، لەپێناو دەستورو مافە دیموكراسیەكان سێ ئاراستە بەدیكراوە:

١- ئاراستەیەك لەژێر كاریگەری هزری لیبرال ودیموكراسییەتی رۆژئاوابوو.

٢- ئاراستەی دووەم، بیروباوەڕی سۆسیال دیموكراتی بوو لەڕێگای روسیاوە.

٣- ئاراستەی سێیەم، كاریگەری هزری ئایینی، رێبازی شیعی بوو.

لێرەدا دەكرێ بووترێت ئەوەی لەنێوان ساڵانی (١٩٠٥ – ١٩١١) روویدا(١٣) لەئێران بەبەڵگەی ئەو گۆڕانە گەورەو سەرەكیانەی ژێرخان و سەرخانی كۆمەڵگەی گرتەوە، شۆڕشێكی ڕاستەقینەبوو، بووە مایەی گۆڕانی كاریگەرو بنەڕەتی لەو وڵاتە.

محمد ڕەزاشا لەبیرەوەریەكانی خۆی، نووسیوویەتی:

**لەسەردەمی بەستنی پەیمانی پاریسەوە لەساڵی (١٨٥٧ تا ١٩٢١) لەئێران هیچ دەوڵەتێك نەهاتە سەركار كەبوێرێت سەربازێك بجووڵێنێت، یاسایەك تێپەڕێنێت، یان مۆڵەتی كاركردنێك بدات، مەگەر ئەوەی كە ڕەزامەندی باڵیۆزەكانی ڕوسیایان بەریتانیا یان هەر دوولایان بەدەست هێنا بێت، یان لانیكەم ئەوان لارییان لەشتەكە نەبوو بێت.**

## (( تـەوەری دووەم ))

## دەرکەوتنی ڕەزاخان و حوکمڕانی بنەماڵەی پەهلەوی

محەمـەد عـەلی شـا، کـاتێ جـێ نشـین بـوو، لایـەنگری و سـۆزی خـۆی بـۆ بزووتنەوەی(١٤) مەشروتیەت (دەستور) دەردەبڕی، بـەڵام وەك دەردەکـەوێت ئـەو کارەی هـەر بۆمەبەستی تایبـەتی خـۆی بـووە، نـەك بـاوەڕ بـەژیانی دیموکراسـی و پەیڕەوکردنی دەستور، ئەو، کاتێ بوو بەشای ئێران و دەسەڵاتی گرتە دەست، ڕاستی هەڵوێستەکانی دەرکـەتن، نـاوبراو ڕق وقینـی توونـدی هـەبووە بەرامبـەر بەدەسـتورو بەرامبەر بەو هێزو لایەنانەی کە داوای دەسـتورو مافـە دیموکراسـیەکانیان دەکـرد بـۆ خەڵکی ئێران.

شا مەحمەد عەلی باوەڕی بەدەسەڵاتی ڕەها هەبوو بەباشیشی دەزانی بۆ ئێران، لەو مـاوە کورتـەی کـە لەدەسـەڵات مایـەوە (نزیکـەی ٣٢ مـانگ) سـەردەمەکەی پڕبـوو لـەململانێ و ڕووداوی توونـدو تیـژو خوێنـاوی کـە دیـارە دەسـتی دەرەکـی بـەهێزیش لەپشتیەوە بووە.

لـەو ماوەیـەدا هێـزی ئۆپۆزیسـیون کـەبریتی بـوو زیـاتر لەکۆمەڵـەو ڕێکخـراوو سیاسیەکان و ئەنجومەنی شارەکان و پیاوانی ئایینی و بەپشتگیری چینی ناوەڕاستی بازاڕ، زیاتر بە هێز دەبوون و بنکـەی جـەماوەریان فـراوان دەبوو، بەربەرەکانیـەکان بەتووندی گۆڕەپانی سیاسی گرتبۆوە.

شا، لەساڵی (١٩٠٨) بەدەرفەتی زانی و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی شورا (نوێنەران)یدا، بەڵام ئـەو بڕیـارەی دۆخەکـەی ئـاڵۆزتر کـردو بـەرەی ئۆپۆزیسـیۆنیش خۆیان ملکەچی ئەو بڕیارە نەکردو دەستیان بەمانگرتن و خۆپیشاندان و بەربەرەکانی و ڕاپەڕینی جەماوەری فراوان کرد، کە تاران بەڵکو چەند شـارێکی گـەورەی دیکەشـی گرتەوە بەتایبەتی لەئازەربایجان.

هەواڵنامەی کتێب

بۆیە پاش زنجیرەیەك شەڕو ململانێی توندو تیژی ناوخۆیی، شا محەمەد عەلی ناچار بوو مل بۆ داواكاریەكانی جەماوەر شل بكات و رازی بێت بەگێڕانەوەی كاركردن بەدەستورو بڕیاری لێبوردنی لەشۆڕشگێڕان و تاوانباركراوانی سیاسی دەركرد، لەناوەوەو دەرەوەی ئێران لەساڵی (١٩٠٩) .

بەڵام سەرەڕای هەموو هەوڵەكانی محەمەد عەلی شا، شۆڕشگێڕان باوەڕیان(١٥) بەبەڵێنەكانی شا نەمابوو، بۆیە لەتێكۆشانی خۆیان بەردەوام بوون و پەلاماری هێزەكانی رژێمیاندا لەهەموو لایەكەوە، تا لەرۆژی (١٦/حوزەیرانی/١٩٠٩) هێزی شۆڕشگێڕان گەیشتە پایتەخت (شاری تاران) بەسەركردایەتی (سەمسام)ی سەلتەنەو سەرداری برای، ئەو هێزانەی قەوزاق كەلەتاران بۆ پشتگیری شا هاتبوون، گەمارۆ دران و دوای شەڕێكی توند هێزە شۆڕشگێڕەكان سەركەتن و بەتەواوی شاری (تاران)یان خستە بن دەسەڵاتی خۆیان و هێزەكانی قەوزاقیش خۆیان بەدەستەوەدا، محەمەد عەلی شا لەترسی خۆی ناچار بوو پەنای بردە بەر بالیۆزخانەی روسیاو پاسەوانانی هەردوو حكومەتی روسیاو بەریتانیا پارێزگاریان لێی دەكرد.

شۆڕشگێڕان لەلایەن خۆیانەوە بڕیاریاندا بەپێكهێنانی ئەنجومەنێكی باڵا، وەك حكومەتێكی كاتی بۆ بەڕێوەبەردنی كاروباری وڵات، ئەم ئەنجوومەنە چەند بڕیارێكی دەركرد، گرینگترینیان لادانی محەمەد عەلی لەدەسەڵات و دوورخستنەوەی بۆ دەرەوەی وڵات و دانانی ئەحمەدی كوڕی وەك شا بۆ ئێران، بەڵام لەبەر ئەوەی ئەو كوڕە تەمەنی هێشتا (١٤) ساڵ دەبوو، بۆیە یەك لەپیاوەكانی بنەماڵەی قاجاری بە سەرپەرشتی كار بۆی دیاریكرا.

دوای چوار مانگ لەدەسەڵات بەدەست گرتنی ئەحمەد شا، ئەنجوومەنی شورای ئێرانی (خولی دووەمی) دەستی پێكرد، لەناو ئەنجوومەن ئەندامانی حزبی دیموكراسی (٢٧) ئەندام بوون، ئەندامانی حزبی (ئیجتماعیون موعتەدیلون) (٥٣) ئەندام بوون،

ئەنجوومەن ماوەی سێ ساڵ درێژەی بەکارەکانیدا، بەڵام بەرەو ڕووی کێشەو قەیرانی توندو تیژ بووەوە.

شێوازی کارو سیاسەتی ئەنجوومەن لەخولی دووەمدا جیاواز بوو لەسیاسەتی ئەنجوومەنی خولی یەکەمدا، لەم خولەدا بیرو بۆ چوونە هزری و ڕێکخراوەییەکان زیاتر ئاشکرا بوون، ڕۆڵی حزبە سیاسییەکان ڕوونترو کارا تر بوون.

لەگەڵ سەرەتاکانی دەیەی یەکەمی سەدەی بیستەم، ئێران بووە گۆڕەپانی(١٦) دەستێوەردان و ڕکابەری ژمارەیەکی گەورەی دەوڵەتان، ئەم کارەش وای کرد کەئێران بەڕاستی لەهەردوو سیاسەتی ناوخۆیی و دەرەکیدا ملکەچی دەست ڕۆیی ئەو دەوڵەتانە بێت بەتایبەتیش بەریتانیاو ڕوسیا.

لەلایەکی دیکەوە هەر چەندە ئێران لەسەرەتای جەنگی یەکەمی جیهانی بێلایەنی خۆی لەو جەنگە ڕاگەیاند، بەڵام هۆکارە سەربازیەکان لەوە گرنگتر بوون کەرێز لەو بێلایەنیە بگیرێت، بۆیە لەو سەروبەندەدا لەشکری ڕوسیا باکوری ئێرانی داگیرکردو لەشکری بەریتانیاش ناوچەکانی باشوری داگیرکرد، حکومەتیش لەتاران پەکی کەوتبوو، لەبەڕێوەبردنی وڵات.

ئەحمەد شا، دوا شای قاجاریەکان بوو، لەساڵی (١٩٠٩) گەیشتبووە دەسەڵات و هەموو هۆکارەکانی لاوازی و بێ توانایی لەبەڕێوەبەردنی کاروباری وڵاتی لەگەڵ خۆی هەڵگرتبوو، لاوازی و پەرتەوازەیی کەوتە گیانی دەوڵەتی ئێرانی کەلە مێژووی نوێی ئێراندا وێنەی نەبێت، بۆیە نیشانەکانی سەرەتای هەڵوەشاندنەوەی دەوڵەت پێگەیشت بەرامبەر بەبەهێزبوونی بازوی بزووتنەوەی نیشتمانی و ئەو لایەنانەی ئارەزووی گۆڕانکارییان دەکرد کە گونجاو بێت لەگەڵ ویستی ئەو ئاراستەو هێزانەی لەناو چەکەدا سەریان هەڵداوە(١٧).

لەو هەل و مەرجەدا دەرفەتێك رەخسا بۆ ئەوەی کەسێکی سەربازی لە تارانی پایتەخت دەسەڵات بگرێتە دەست، ئەوکەسەش (عەقید رەزاخان) بوو، کە دواتر نازناوی (پەهلەوی) بۆ بنەماڵەکەی هەڵبژارد.

رەزاخان بوو بە فەرماندەی سوپای قەوزاق، بەپاڵپشتی راوێژکارانی بەریتانی توانی پایتەخت بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆی، یەکەم بڕیاری پایزگاری بوو لەسیستمی پاشایەتی لەئێران.

محەمەد رەزاشا لەبیرەوەریەکانی نووسیویەتی: " رەزاخان شەوێك بەنهێنی قەزوینی بەجێهێشت و هێزەکەی بەرەو تاران برد، دواتر کە گەیشتە تاران شارەکەی گەمارۆداو ئەحمەدشای ناچارکرد دەوڵەتەکەی بگۆڕێت (٢٣/شوباتی/١٩٢١) .

ناوبراو نزیکەی (٦٠) کەسی لەسیاسەتمەدارانی دەسگیرکرد، داوای لە (ئەحمەد)شا کرد  کە بڕیاری دانانی (سەید رەزا) وەك سەرۆك وەزیران دەربکات.

لێرەدا دەبێ ئاماژە بۆ ئەوە بکەین کەهەڵگیرسانی جەنگی یەکەمی جیهانی(١٨) کاریگەری گەورەی لەسەر رووداوەکانی ناو ئێران و باروودۆخی گشتی ئەو وڵاتە هەبووە، بەشێوەیەکی گشتی ئێران سنوری هاوبەشی هەبووە لەگەڵ هەردوو دەوڵەتی گەورەی ناوچەکە (روسیاو دەوڵەتی عوسمانی) کەهەردوو دەوڵەت لەدوو سەنگەری دژ بەیەك بوون، ئەو بێلایەنیەی ئێرانیش لە سەرەتای جەنگ رایگەیاند هیچ رێزی لێ نەگیرا (هەروەك ئاماژەمان بۆی کرد) نەبەرەی هاوپەیمانان و نەبەرەی (میحوەر)یش رێزی لەو بڕیارە نەگرت، هۆیەکەشی پێگە ستراتیجیەکەی ئێران و سامانی نەوت بوو.

**رازاخان دەبێتە شای ئێران: (١٩)**

ئەو بارو دۆخە بەسەر ئێراندا درێژەی کێشا، هەوڵەکان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان بێ ئەنجام بوون، خەڵکی ئومێدی لاواز ببوو، چاوەڕوانی سەرکردایەتیەکی سیاسی نوێیان دەکرد کە جێگای بنەماڵەی قاجاریەکان بگرێتەوە، حکومەتی بەریتانیاش هەمان بیرو بۆچوونی هەبوو، بۆیە دەرفەت لەبەردەم (ڕەزاخان) سەرکردەی سەربازی کرایەوە، ئەو زوو ئەستێرەی گەشایەوەو وەك سەرکردەیەکی سەربازی لێهاتوو بووە جێگای ئومێدی زۆرلا.

ڕەزاخان لەگەڵ زیائەدین تەباتەبائی، کەپیاوێکی ئاینی و ڕۆشنبیروکراوە بوو، لە (٢١/شوباتی/١٩٢١) پشتیان بەیەك بەست و دەستیان بەسەر شاری تاران گرت، سەرۆکی حکومەت دەسگیرکرا، زیائەدین بووە سەرۆکی حکومەت و ڕەزاخانیش فەرماندەی سوپا.

**ڕەزاخان لەوماوەیەدا هەوڵیدا:**

أ- هێزەکانی سوپا باشتر بکات، چ لەڕووی ژمارەو چەکەوە بێت، یاخود لەڕووی ئامادەیی وراهێنانەوە بێت.

ب- هەوڵیدا ئەو بزووتنەوە چەکداریانەی لەچەند ناوچەیەکی ئێران سەریان هەڵداوە، کۆتاییان پێ بێنێت و دەسەڵاتی حکومەتی ناوەندی بگەڕێنێتەوە بۆیان، ئەویش وەك ئازەربیجان، گەیلان، کوردستان، عەرەبستان، عەشائیری بەختیاری، تورکمانەکان...هتد.

ج- ڕەزاخان سوودی، لەهاوکاری بەریتانیا وەرگرت بەهۆی شارەزایی ئەو دەوڵەتە لەبوارەکانی کارگێری و دارایی، بۆ دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشەو قەیرانە ئابوری و داراییەکان.

هەولێرنامەی کێتێر

د- ڕەزاخـان پەیوەندییـەکانی خـۆی لەگـەڵ سـەرکردە سیاسـییەکانی بـەرەی چاکسازی پتەوکرد، کاری بۆ ئـەوە دەکرد سۆزو لایـەنگری چـین و توێـژەکانی نـاو کۆمەڵگەی ئێرانی بۆ لای خۆی ڕاکێشێت.

شـائەحمەد، ناچـار بـوو ڕەزاخـان ڕاسـپێرێت بـەپێکهێنانی حکومـەت، ئـەو(٢٠) لەرۆژی (٢٩/تشرینی یەکەمی/١٩٢٣) یەکەم وەزارەتـی پێکهێنـا، لـەو وەزراتـە چـەند کەسایەتیەکی دیاری تێدا بەشدار بوو، وەك سلێمان ئەسکەندەری (حزبی سۆسیالست) و فـورغی (حزبـی تـەجـدد) لەگـەڵ چـەند کەسـایەتیەکی سـەربەخۆ، بەرنامەیـەکی چاکسازی خستەروو بەمەبەستی چاککردنی کێشـەو ئـاڵۆزی ناوخۆییـەکان، سـەرەڕای کێشە ئابوری و کارگێری و داراییەکان.

ئەحمەد شا بەرەو ئەوروپا بەهۆی نەخۆشیەوە سـەفەری کـرد، برایـەکی لـەجێگای خۆی ڕاسپارد هەر لەو ماوەیەدا پێنجەمین ئەنجوومـەنی شـورا (پەرلـەمان) هەڵبـژارنی بۆکرا، دیارە زۆرینەی ئەندامانی ئەو ئەنجوومەنە لەلایەنگرو پیـاوانی ڕەزاخـان بـوون، کارێکی دژوار نەبوو فرت و فێڵ و دەسکاری ئەنجامەکانی هەڵبژاردن بکرێت، سەرەڕای ئەوەش ڕەزاخان هەوڵەکانی چڕ کردەوە بۆ کۆکردنەوەی لایـەنگران لـەناو کۆنـەپارێزو حزبی تەجددو نووسەران و ڕۆژنامە نووسان، بەمەبەستی بەهێزکردنی پێگـەی خـۆی و گەیشتن بەدەسەڵات.

لەو سەروبەندەدا بانگەواز بۆ (سیستمی کۆماری) لەئێران بەرز بووەوە، بـەڵام ئـەو هەوڵانە سەریان نەگرت و توانرا ڕێگری لێبگرێت، بەتایبەتی بـەهۆی نـاڕەزایی توونـدی پیاوانی ئاینی.

لە (٧/نیسانی/١٩٢٤) ڕەزاخان ڕایگەیاند کە نیازی هەیە دەست لەکاربکێشێتەوە، دواتر بڕیاریداوە لەشاری تاران دوور بکەوێتەوەو چووە گونـدێکی نزیـك شـاری تـاران، لەم بارەوەئاگاداری سەرۆکی ئەنجوومەنیشی کردەوە، هەر لەوماوەیەدا، شـا ئـەحمـەد

لەبروسکەیەکی لەدەرەوەی وڵات بۆ ئەنجومەنی شورای نارد، تێیدا هاتبوو کە بڕیاردرایەوە متمانە لەرەزا خان وەك سەرۆك وەزیران بکێشێتەوە، بەڵام ئەنجومەن ئەو بڕیارەی شای پی قبول نەبوو، بەڵکو لیژنەیەکیشی پێکهێنا بۆ سەردانی رەزاخان لەدەرەوەی تاران و داوایان لێی کرد کە بگەڕێتەوە بۆ پایتەخت، لەهەمان کاتدا سەرکردەکانی سوپا هەڕەشەی داگیرکردنی پایتەختیاندا ئەگەر رەزاخان فەرماندەی سوپا نەگەڕێتەوە تاران، رەزاخان بەو شێوەیە گەڕایەوە تاران وەزارەتی نوێی پێکهێنا، کە زۆرینەی ئەندامانی لەکەسایەتیە دەست ڕۆیشتووەکانی وڵات بوون.

رەزاخان ژیرانە بارودۆخەکەی هەڵسەنگاندبوو، شارەزایی لە پەیوەندییەکان پەیداکردبوو،پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ هێزە دەرەکیەکان (بەریتانیا، ئەمریکا، یەکێتی سۆڤیەت – تا ئەڵمانیاش )لە سنووری بەرژەوەندییەکانی ئەو دەوڵەتانە راگرتبوو، لەو نێوەدا سەرکەوتووانە کارەکانی حکومەتی ئەنجام دەدا و هەنگاوەکانی سەرکەوتووانە دەجولان.

لە ٨/شوباتی/١٩٢٥ رەزاخان، هەنگاوێکی دیکەی هاوێشت بۆ خۆنزیك کردنەوە لە لوتکەی دەسەڵات، لە بەردەم ئەنجوومەنی شورا رایگەیاند کە بە هۆی دەستێوەردانی جێگری شا لە کاروباری وڵات، ئەو ناتوانێت سەرکەوتووانە بە ئەرکەکانی خۆی هەستێت، بۆیە داوای کرد لە ئەنجوومەن کە پلەی سەرکردایەتی گشتی هێزە چەکدارەکانی پێ بدات، دوای چوار رۆژ ئەنجوومەن بڕیاریدا و داواکەی جێبەجێ کرد بە پێچەوانەی بەندی (٥٠) دەستوری ئێرانی کە ئەو پلەیە لە دەسەڵاتەکانی خودی شابوو.

بەم بڕیارە (ئەحمەد شا) لە هەموو چەکەکانی رووتکرایەوەو بە تەواوی پەکی کەوت و جێگرە کەشی شاری تارانی بە جێهێشت بەرەو دەرەوەی وڵات، رەزاخان بەو پلەو پێگە و دەسکەوتانە بووە کەسی یەکەم لە ئێران. لە ٣١/تشرینی یەکەمی/١٩٢٥

ئەنجوومەنی شورا بڕیاریدا بە هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجاری و ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری وڵاتی دایە دەستی ڕەزاخان بە شێوەیەکی کاتی، تا هەڵبژاردن بۆ ئەنجوومەنی دامەزرێنەری نوێی دەکرێت، کە کاری حوکمرانی لە ئێران یەکلا دەکاتەوە. پاش چوار هەفتە ئەنجوومەنی دامەزرێنەر هەڵبژێردرا، کە زۆرینەی ئەندامانی لە لایەنگرو پیاوانی ڕەزاخان بوون.

لە ٩/کانوونی یەکەمی/١٩٢٥، ئەنجوومەن بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەسەڵاتی بنەماڵەی قاجاری دەرکرد، هەروەها ڕەزاخانیش وەك شا بۆ ئێران دیاریکرا، لە کۆی (٢٦٠) ئەندامی ئەنجوومەن تەنها سێ کەس دژی بڕیارەکە وەستان. لە ١٥/کانوونی یەکەمی/ ١٩٢٥ ڕەزاخان سوێندی یاسای خواردو بوو بەیەکەم شای ئێران لە بنەماڵەی پەهلەوی.

## خەسڵەتە گرینگەکانی حوکمرانی سەردەمی ڕەزاشا :

سەردەمی حوکمرانی ڕەزاشا لە نێوان (١٩٢٦-١٩٤١) ، درێژەی کێشا، ئەو سەردەمە لە(٢١) دەسەڵاتی ڕەزاشای پەهلەوی، چەند خەسڵەت و تایبەتمەندییەکی هەبووە، دەکرێ بە چەند خاڵێك کورتی بکەینەوە :

١- سیستەمی حوکمرانی ڕەزاشا زیاتر لە سیستمێکی فاشیزمی سەربازی نزیکتر بوو تا هەر سیستمێکی دیکە، ڕەزاشا زۆر سەرسام بوو بە دوو کەسایەتی لەو سەردەمەی ژیانیدا، ئەوانیش مستەفا کەمال لە تورکیا، ئەدولف هێلتەر لە ئەڵمانیا.

٢- توندو تۆڵکردنی دەسەڵاتەکەی، چەسپاندنی کۆڵەکەکانی کۆمەڵگایەکی نوێ، بەهێزکردنی دەسەڵاتی ناوەندی بە سەر کۆمەڵگەدا، بە هێزکردنی هەستی نیشتمانی.

٣- پشت بەستنی تەواو بە سوپاو بە هێزکردنی ئەو سوپایە لە هەموو ڕوویێکەوە، خزمەتی سەربازی بوو بە زۆر بۆ ماوەی دوو ساڵ، لە ماوەی دەسەڵاتی ڕەزاشا سوپا پێنج ئەوەندەی خۆی بە هێزتر بوو.

٤- پشت بە ستن بە توێژێکی بیروکراسی نویێ، توێژێك لە دەوری کۆشکی شا پێکهات لە فەرمانبەر و پیاوانی خۆی.

٥- هەولیدا کۆمەلگەی ئێرانی لە ژێر دەسەلات و کاریگەری پیاوانی ئاینی دەربهێنیێ و سیستمێکی عەلمانی دروست بکات، بەلام سەرکەوتوو نەبوو لە پێکهێنانی بنکەیەکی کۆمەلایەتی کە پشتگیری بکات.

٦- هەولیدا گۆران لە ژیانی ژنانی ئێرانی دروست بکات، چ لە ریگەی خوێندن و ئیش و کارەوەبێت یان گۆرینی جل و بەرگ و ئەو داب و نەریتە کۆنەی پەیرەوی دەکەن.

٧- هەولدان بۆ گۆرینی باروذۆخی ئابوری ولات و دامەزراندنی پیشەسازییەکان.

٨- بەکارهێنانی شارەزا بیانیەکان لە بوارەکانی دارایی و کارگێری و بەرنامە ئابوورییەکان.

٩- رەزاشا توند بوو لەگەلێ ئۆپوزیسیۆن و ژمارەیەك رۆژنامەی سەربەخۆی داخست و حزبە سیاسییەکانی پشت گوێ خست.

١٠- دروستکردنی دەزگایەکی راگەیاندنی بە هێزی فراوان، لە رۆژنامە و ئیزگەو گۆرینی بابەتەکان ناو کتێبەکانی خوێندن.

١١- لە سەر ئاستی دەرەکی و پەیوەندیەکان، بایەخی بە دوو بوار دابوو:

ا- بەهێزکردنی پەیوەندیەکانی لەکەلێ دەولەتە گەورەکانی وەك، روسیا، بەریتانیا، ئەلمانیا.

ب- دروست کردنی پەیوەندی باش لەگەلێ ولاتانی دراوسێ: تورکیا، عێراق، ئەفغانستان.

١٢- برێکی زۆری پارەو سامان کۆکردەوە، دەستی گرت بە سەر مولك و بالەخانەو رووبەرێکی فراوانی زەوی و زار ، هەر بۆ نموونە لە نێوان سالانی (١٩٢٠-١٩٣٠)

نزیکەی (٢١٠٠) گوندی هەبوە، بەو کارانەشی بووە یەك لە دەوڵەمەنترین پیاوانی ئێران.

## ڕۆڵی کورد لە شۆڕشی دەستوری ئێراندا :

کورد ڕۆڵی لە ڕووداوەکانی شۆڕشی دەستوری (١٩٠٥-١٩١١)ی ئێراندا هەبووە، هەر(٢٢) چەندە لە دوو دیاردەی دژ بەیەك ڕەنگی دەدایەوە.

زۆربەی زۆری جەماوەری کورد لایەنی شۆڕشیان گرتبوو، بەڵام لایەنی دیکەی کوردی خاوەن سەنگ و کاریگەریش لە سەنگەرەکەی دیکەدا بوون.

یەکێك لە بەڵگەکانی (ئەرشیفی سیاسەتی دەرەوەی روسیا) ساڵی (١٩٠٧)پەنچە بۆ ئەوە رادەکێشێت کە (سی) هەزار کوردی جەنگاوەر لە ناوچەکانی - خۆی، ماکۆ - لە دژی ئەو چەتانەی کە دوژمنانی شۆڕش لەو ناوچانە دروستیان کردبوون بەشدار بوون، بە نیازی زەبری لێدانیان.

بەڵگەنامەیەکی دیکەش لە هەمان کۆمەڵە پەنچە بۆ ئەو یارمەتیە زۆرانەی کورد درێژ دەکات کە دەیاندا بە شورشگێران لە ناوچەکانی ورمێ و ساپلاغ و سەلماس، کە هەموویان ناوچەی کوردەواری بوون.

دەستوریەکان ژمارەیەك ئەنجوومەنیان لە شارە کوردییەکانی - کرمەشان، مەهاباد، سنە، سەقز، بۆکان..و ناوچەکانی دیکە دامەزراند، ئەنجومەنی شاری سەقز لە هەموویان گەرمو گرورتر بوو بۆ داواکردنی مافە نەتەوایەتیەکانی کورد لە ئێران بەڵام لە هەمان کاتدا دوژمنانی شۆڕش توانیان برێکی زۆری کورد بۆ لای خۆیان رابکێشن، سالار ولدەولەی برای محەمەد عەلی شای لێکەوتوو، لە ململانێی بەردەوامی، لە پێناو تەختی پاشایەتی ، توانی ئەو پەیوەندییانەی کە لە سەردەمی ویلایەت نشینەکەی سنەی ڕۆژگاری فەرمانرەوای شا موزەفەرە دینی باوکی، لەگەل چەندین

سەرۆك هۆزی کەلهورو سنجاویو جاف و زەنگەنە و موکری و هی دیکە، پێکەوەی نابوو بۆ سوودی خۆی بەکاری بهێنێت.

د. عەباس وەلی لەکاتی توێژینەوە لە هۆکارەکانی بەشدارنەبوونی کوردان بە شێوەیەکی (٢٣) فراوان لە شۆرشی دەستوریدا، دەڵێ: چینی سەرەوە، چینی بازرگانان لە بەر هەبوونی پەیوەندی بازرگانی لەگەڵ روسیای قەیسەری و دەوڵەتی عوسمانی ئاگای لە هزری چاکسازی و پێشکەوتن و نوێخوازی هەبوو، بەلام ژمارەی وان بۆ گۆرانکاری بەرچاو لەستراکتۆری کولتوری ژیانی شاری لەشارەکانی کوردستانی ئێران کەموکز بوو، ئەو دەڵێ: کە کۆمەڵگەی کوردی ئێران بە پێچەوانەی عوسمانی چینی رۆشنبیری (عەلمانی) نەبوو.

توێژەرێکی دیکە هۆی لاوازی رۆڵی کورد لە شۆرشی دەستوری بۆ لایەنە ئابورییەکە دەگەرێنێتەوە، کە ئاڵوگۆری بازرگانی دەرەکی کەم بووە.

هەواڵنامەی کتێب

((تـەوەری سێیەم))

## کۆتـای هاتنی سەردەمی رەزاشا و سەرکەوتنی محەمەد رەزاشا

بەهۆی گۆرانکاریەکان لە سیاسەتی نێو دەوڵـەتی و لـە تـەرازوی هێزدا، هـەروەها (٢٤) دەرکەوتنی ئەڵمانیا وەك دەوڵەتێکی بە هێز، سەرەرای ململانێ ناوخۆییەکان لـە بەرامبەر رژێمەکەی رەزاشـا و بـێ توانـایی ئـەو رژێمـە لـە خـۆ گونجانـدن لەگـەڵ ئـەو گۆرانکاریانە و تێگەیشتنی ئەو بارە راهاتووە خولقاوە، ئەوا بیرۆکەی لادانی رەزاشـای پەهلـەوی لەدەسـەڵات لـە لای کاربەدەسـتانی هـەردوو دەوڵـەتی بـەریتانیا و یـەکێتی سۆڤیەت جێگای بایەخ پێـدان بـوو، دیـارە هاوکـاری نـەکردنی رەزاشـا وەك پێویسـت لەگـەڵ بـەرەی هاوپـەیمانان و دەرنـەکردنی کارمەنـدو پسـپۆرانی ئـەڵمانی لـە ئێـران، هۆیەکی سەرەکی بوو بۆ ئەو بریارە.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە کەبیر و باوەری نازیزم و فاشـیزم لـەناو ناوەنـدێکی فـرەی ئێرانیەکان (٢٥) رەنگدانەوەی هەبووە، ئەوەی زیاتر ئەو رەوتەی هاندا، رۆڵـی خـودی رەزاشـا بـوو، لـە دیـدی رەزاشـاوە، ئـەڵمانیای نـازی نموونەیـەکی ئایـدیۆلۆجی بـۆ ناسیونالیزمیەکەی رەزاشا دەخسـتەروو، نازییـەکانیش ئـەو لایـەنگری و ئارەزووەیـان قۆستەوە و خۆیان خزاندە ناو جۆرەها بوارەکانی ئێراندا، قەبارەی بازرگانی لە نێـوان ئێران و ئەڵمانیا دوای سییەکانی سەدەی بیستەم بەرز بۆوە، هـەروەك چـۆن ژمـارەی ئەڵمانیەکان لە ئێران رووی لە زۆربوون دەکرد.

هێزەکانی هەردوو دەوڵەت – بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت – هەریەکە چـەند(٢٦) ناوچەیەکی لە باکور و باشوری ئێران داگیر کردبـوو، ئـەوان دەسـتیان لـە کاروبـاری ناوخۆیی ئێران وەردەدا، لە پێکهێنانی ئەنجوومەنی وەزیران داوایان دەکرد کەسانێك بکرێنە وەزیر لایەنگری ئەڵمانیا نەبن، بەهۆی ئەو دەستێوەردانە لە کاروباری نـاوخۆی ئێران، پێگەو رێزی رەزاشا لە بەردەم خەڵکی ئێران و بیانیەکانیش لاواز ببوو.

لە لایەکی دیکەوە باڵیۆزی ئەمریکا لە شاری تاران – دریفوس – لە ٥/ئابی /١٩٤١ لە دوو راپۆرتیدا بۆ حکومەتەکەی خۆی پێش نیازی گۆڕینی رەزاشای کردبوو.

بارودۆخی ناوخۆی ئێرانیش تا دەهات بەرەو خراپتر دەچوو، خۆراك و پێداویستیەکان لە بازارەکان کەم دەبۆوە، دام و دەزگاکانی حکومەت رووی لەپشێوی و بێ سەروو بەری دەکرد، وەزیرەکان لە بەرێوەبردنی کاروباری دام و دەزگاکانیان پەککەوتە بوون، بریارەکانی رەزاشا مۆرکی بێ سەروبەری و ناکۆکی پێوەدیار بوو، باڵیۆزی دەوڵەتە بیانیەکان لە تاران متمانەیان بە حکومەت و شای ئێران لاواز ببوو.

لە ئاست ئەو هەل ومەرجانەدا، هەر دوو باڵیۆزی بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت لە تاران داوایان لە رەزاشا کرد کە دەسەلأت بەجێ بهێڵێت و – محەمەد – ی کوری جێگای بگرێتەوە، ئەو داوایە بە فەرمی لە ١٩/ئەیلولی/١٩٤١ ئاراستەی حکومەتی تاران کرا، بۆیە رەزاشا ناچار بوو بەو داوایە رازی بێت و خودی پەرلەمانی ئێرانیش لە سەر داواکە رازی بێت.

**لە نامەکەی رەزاشا بۆ پەرلەمان هاتبوو:**

من شای ئێران، کە لەلایان خواو خەڵکەوە پشتگیریم لێکراوە ئێستا لە رووی ناچارییەوە ملم بەم بریارە گرینگە داوە کە لە بەرژەوەندی کوری خۆشەویستم موحەمەد رەزا پەهلەوی واز لە دەسەلأت بهێنم .

لە رۆژی ١٩/ئەیلول/١٩٤١ محەمەد رەزاشا لە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێران سوێندی یاسای خوارد

رەزاشا،سەرەتا بە فرۆکەیەك گوازرایەوە بۆ دورگەی – موریشیوس – لە ناو زەریای هندی، ماوەی پێنج مانگ لەو دوورگەیە مایەوە، پاشان بۆشاری – جوهانسبرگ – بۆ ولأتی باشوری ئەفریقیا گوازرایەوە و لەوێ ماوەتەوە تا ساڵی ١٩٤٤ کۆچی دوای کرد.

## پەرەسەندنی بزووتنەوە نەتەوایەتیەکان لە ئێران

تێکچونی بارودۆخی ئێران لە کۆتاییەکانی دەسەلاتداری قاجاری (سەرەتاکانی سەدەی بیستەم) بەو شێوانەی پێشتر باسیان هات، بوو بەهۆی پەرەسەندنی چەوساندنەوەی دەرەبەگایەتی و دەستێوەردانی بیانی لە چەندین بواری جیاوازی ناوخۆی ئێران، سەرەرای لاوازی دەسەلاتی ناوەندی حکومەت و زۆر دیاردەی نەرێنی دیکەش کەهەموویان بەیەکەوە هۆکار بوون بۆ بێزاری و نارەزایی چین و توێژێکی زۆری ناو کۆمەلگەی ئێرانی، کە لەلایەن خەلکەوە بە شێوازی جیاواز دەربرینی بۆ کراوە.

بێگومان هێرشی هاوبەشی بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت کە لە ئابی ١٩٤١ روویدا(٢٧)،ئەو هێرش و داگیرکردنە ئێرانی کردە سێ بەشەوە، ناوچەی باشور لە ژێر دەسەلاتی بەریتانیا بوو، هەرێمەکانی باکور لە ژێر دەسەلاتی سوپای سوڤیەت بوون، شارەکانی تاران و ئەسفەهان و مەشهەد لەژێر دەسەلاتی حکومەتی ناوەندی مابوون.

ئەو بارودۆخە هاندەرێك بوو بۆ پەرەسەندن و ئاراستەکردنی بزوتنەوەی نوێی نیشتمانی کە لە نیوەی سەدەی نۆزدەدا و لە سەرەتاکانی سەدەی بیستەمدا زیاتر هەنگاوی گەورەی پێوە دیاربوو.

دیارە لە کۆتایەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی و سەرەتاکانی جەنگی دووەمی جیهانی ئەو بارودۆخە لە زنجیرەیەك بزووتنەوەی شۆرشگێرانە رەنگی دایەوە و بەرجەستە بوون لە ناوچە جیاوازەکانی ئێران، وەك: ئازەربیجان، کوردستان، گەیلان، عەرەبستان و چەندین ناوچەی دیکەی جیاوازی ئەو ولاتە.

### ١- بزووتنەوەی شۆرشگێری لە ئازەربیجان:

ئازەربیجان دەکەوێتە بەشی باشووری رۆژهەلاتی ئەو مەلبەندەی کە بە پشتی قەوقاس(٢٨) ناسراوەو ئەم ولاتانە دەوریان داوە : لە باکورەوە داغستان، لە باکوری رۆژئاوا جورجیا، لە باشووری رۆژئاوا ئەرمینیا و تورکیا، لە باشوریش کوردستان.

رووبەری ئازەربیجان بە دەوروبەری (١٨٦) هەزارکم[٢] دەخەملێنرێت، نزیکەی (٨٧) هەزارکم[٢] دەوڵەتێکی سەربەخۆیە (پێشتر بەشێك بوو لە خاکی یەکێتی سۆڤیەت) بەشەکەی دیکەی دەکەوێتە ناو ئێران و ژمارەی دانشتوانی بەشەکەی ئێران بە (٦) شەش ملیۆن کەس مەزندە دەکرێت.

هەر لە سەرەتای شۆڕشی دەستوری (١٩٠٥ – ١٩١١) ئازەبیجان بنکەیەکی گرینگی ئەو شۆڕشە بووە، کە بەوەرچەخانێکی گەورە بەرووی ئیپریالیزم و بەرووی زۆرداری شا و گەورە دەرەبەگەکان دادەنرێت.(٢٩)

لە ئازەربیجان دروشمی دانانی دەستورێکی دیموکراسی بۆ وڵات بەرزکرایەوە، ئەو داخوازییە هێزو لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتیە جیاوازەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی لە دەوری کۆبوونەوە.

ئازەربیجان لە سەرو بەندی شەری یەکەمی جیهانی و تا ساڵانی (١٩٢٠)و لە ئەنجامی بەرپابوونی راپەرینی جەماوەری فراوان، توانی شێوەیەك لە دەسەڵات رێك بخەن و خۆیان بەرێوەبەرن، ئەویش بە سەرکردایەتی شێخ محەمەد خیابانی کە لە ١٢/ئەیلول/١٩٢٠ کوژرا، ئەو دەسەڵاتە خۆجێیە بە هۆی زەبروزەنگی حکومەتی تاران لە ساڵی (١٩٢١) کۆتایی هات.

لە سەرویەندی جەنگی دووەمی جیهانی، خەباتی رزگاریخوازی ئازەربیجان پێی نایە قۆناغێکی نوێ، بە تایبەتیش دوای دوورخستنەوەی رەزاشا لە دەسەڵات لە ئەیلولی ١٩٤١.

لەگەڵ کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی ئازەربیجانیەکان خەباتیان لە پێناو مافە نەتەواتیەکانیان توندتر کرد، لە ٢٠/تشرینی دووەمی/١٩٤٥، بە ئامادەبوونی (٧٤٤) نوێنەر لە گشت چینە کۆمەڵایەتیەکان، بریاردرا بە دامەزراندنی ئەنجوومەنی گەل، هەروەها دروشمی – خودموختاری – بەرز کرایەوەو لیژنەیەك بۆ بەرێوبردنی

ئازەربیجان پێکهات وەك حکومەتێك بە سەرۆکایەتی -جەعفەر پێشەوەری - ئەو حکومەتە بەرنامەیەکی رێك و پێك خستە روو کە هەموو بوارەکانی سیاسی ، ئابوری، کۆمەلآیەتی، رۆشنبیری دەگرتە خۆی.

هەر چەندە حکومەتی ئازەربیجان بۆ رێکخستنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ناوەند بە گفتوگۆگەیشتبووە رێکەوتن، بەلآم لەگەڵ کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت جارێکی دیکە لە شکری حکومەتی ناوەند، هێرشی هێنایەوە ناوچەکەو کۆتاییان بەو ئەزموونە هێنا لە کۆتاییەکانی ١٩٤٦.

## ٢- بزووتنەوەی شۆرشگێری لە هەرێمی عەرەبستان :

هەرێمی عەرەبستان (خۆزستان) دەکەوێتە رۆژئاوای ئێران، رووبەرەکەی(٣٠) بە (١٦٠)کم٢ مەزندە دەکرێت، ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی دوومليۆن کەس دەبن، لە شارەکانی ئەو هەرێمە : ئەهواز، عەبادان، موحەمحەرە، حویزە، بەندەر شاپور، ئەم هەرێمە دەوڵەمەندە بە سامانی نەوت. لە ناوچەکە شێخ خەزعەل سەرۆکی هۆزێکی گەورەو دیار بوو، ناوبراو هەوڵیدا کە حوکمرانی (٣١) خۆجێی بە دەست بێنێ ، ماوەیەك حکومەتی بەریتانیا هاوکاری کرد ، بەلآم دواتر بە هاوکاری بەریتانیا، حکومەتی ئێران لە ساڵی (١٩٢٥) بە هۆی پیلانێکەوە دەسگیری دەکات و لە شاری تاران لە ژێر چاودێری دەمینێتەوە تا کۆچی دوای دەکات . لێرەدا بەپێویستی دەزانین بە کورتی ئاماژە بۆ هەڵسوکەوتی حکومەتی تاران بکەین بەرانبەر بە دانیشتوانی ناوچەکە، بە تایبەتیش کاتێ رەزاشا دەسەلات داربووە.(٣٢)

١. قەدەغەکردنی بەکارهێنانی زمانی عەرەبی لە دام ودەزگاکانی حکومەت.
٢. رێگرتن لە دەرچونی گۆڤارو رۆژنامەو چاپەمەنیەکان بە زمانی عەرەبی.
٣. خوێندن لە قوتابخانەکان و لە هەموو ئاستەکان بە زمانی فارسی بووە.

٤. ڕێگرتن لە گۆرانی وتن و بڵاوکردنەوەی کاسێت بە زمانی عەرەبی.

٥. گۆرینی ناوی شوێن و گەرەك و شارەکان بۆ سەر زمانی فارسی.

٦. هاندانی کۆچکردنی خەڵکی غەیرە عەرەب بۆ ناوچەکە و نیشتە جێ بوونیان.

دوای جەنگی دووەمی جیهانی بزووتنەوەی سیاسی لە ناوچەکە گەیشتە قۆناغێکی نوێ، پاش سێ مانگ لە کۆتایی هاتنی جەنگ، هۆزەکانی – بەنوتەرف – دەستیان بە جموجۆڵ کرد و هەر لە ماوەیەکی کەمدا چەندین هۆزوتیرەی دیکە لە ناوچەکە پەیوەندییان لەکەڵ بەستن، شەر و بەربەرەکانێ لەگەڵ سوپای حکومەت درێژەی کێشا، بەلاّم کپ کردنەوەیان کارێکی زەحمەت بوو، ماوەیەکی زۆری خایاند.

پێشتر لە ساڵی ١٩٤٢ شێخ عەبدوڵلای کوری شێخ خەزعەل، هۆزە عەرەبەکانی رابەرایەتی کرد و راپەرینیان راگەیاند بوو، شاری (موحەمەرە)و چەندین دام و دەزگای حکومیان داگیر کرد، بەلاّم هێزەکانی حکومەتی ناوەند کۆتاییان پێ هێنا بوو.

دوای کۆتایی پێ هێنان بەو راپەرینە جەماوەریانە، حکومەتی تاران هەستا بە(٣٣) کۆچ پێکردنی ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی ناوچەکەو نیشتە جێکردنی ئێرانیەکان لە رەگەزی دیکە لە جێگای ئەوان، ئەمەش وەك هەولێك بۆ لێدانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی ناوچەی عەرەبستان.

### ٣- بزووتنەوەی رزگا یخوازی کورد:

کوردستانی ئێران (رۆژهەلاّت) دەکەوێتە بەشی باکوری رۆژئاوای ئێران، د- قاسملۆ (٣٤) رووبەرەکەی بە (١٢٥) هەزارکم[٢] دادەنێت و ژمارەی دانیشتوانیش بە نێوان (٥-٦) ملیۆن کەس مەزندە دەکات.

گەلی کورد لە ئێران بەسەر نزیکەی (٣٠) هۆز دابەش بووە، لەو شار و مەڵبەندانەی لێی نیشتەجێ بوونە، کرماشان، سنە، مەهاباد، ماکۆ، سەقز، بانە، مەریوان، نەغەدە، ورمێ....هتد.

لە سەرەتای سەدەی بیستەم چالاکی سیاسی کورد لە چوار چێوەی(٣٥) بزووتنەوەیەکی نیشتیمانی بەدی دەکرا، بەڵام چالاکیەکانی لاواز بوون ئەگەر بەراورد بکرێت بە بزوتنەوەکانی دیکەی ناو ئێران، دیارە ئەو حاڵەتەش هۆکاری زۆری هەبووە.

لە سەرو بەندی شۆرشی دەستوری (١٩٠٥-١٩١١) لە شاری مەهاباد، کورد لێژنەی بەرگری لە دەستوری پێکهێنا، هەروەها کورد بەشداری لە چالاکیەکانی شاری تەورێزیَ کردووە وەك مەڵبەندێکی شۆرشی دەستوری بە شداری لە راپەرینە چەکدارییەکەی گەیلانیش کردووە لە بیستەکانی سەدەی بیستەم.

ئەو کارە سیاسیانە بەتوندی لە لایەن هێزەکانی حکومەت بەرەنگاری دەکرا بە پاڵپشتی چەند سەرۆك هۆزێك .

لە کۆتایەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی، راپەرینە چەکداریەکانی سمکۆی شکاك گەورەترین دیاردەی شۆرشگێری کورد بوو لە کوردستانی رۆژهەلأت، کە دوایی لە ساڵی (١٩٣٠) بە پیلانێکی حکومەتی ئێران کوژرا.

لە کۆتای سییەکان چالاکیە سیاسیەکان لە کوردستان بووژایەوە، رێکخراوێکی بچوك پێك هات بە ناوی – حزبی ئازادی کوردستان – بەرابەرایەتی عەزیز زەندی، دواتر لە ساڵی ١٩٤٢ لە پاشماوەی ئەو حزبەو کۆمەڵە تێکۆ شەرێکی دیکە، کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ك) دامەزرا.

کۆمەڵە گەشەی کردوو بوو بە هێزێکی جەماوەر گەورە، ساڵی ١٩٤٤ کەسایەتی بە ناوبانگی شاری مەهاباد (قازی محەمەد) بوو بە ئەندامی کۆمەڵە و پاشان بووە رابەری کۆمەڵە.

ساڵی ١٩٤٥ بڕیاردرا کۆمەڵەی (ژ.ك) ببێتە حزب بە ناوی – حزبی دیموکراتی کوردستان – ئێران، رابەرەکەشی قازی محەمەد بوو.

دامەزراندنی حزبی دیموکرات هەنگاوێکی شۆرشگێرانەی گەورەی بەدوای خۆیدا هێنا، ئەویش دامەزراندنی کۆماری کوردستان بوو لە کانونی دووەمی /١٩٤٦، بەرابەری قازی محەمەد، هەر لە شووباتی هەمان ساڵدا یەکەم حکومەتی کوردستان پێکهات.

لە نیسانی ١٩٤٦ لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەش لەگەڵ سەرکردەکانی حکومەتی(٣٦) ئازەربیجانی دیموکراسی، رێککەوتنێك لە نێوان هەردوولا واژۆکرا، کە چەندین خاڵی گرینگی گرتە خۆی بۆ هاوکاری سیاسی و ئابووری و سەربازی.

سەرکردایەتی کۆماری کوردستان کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی، هەروەك پێشتر لەگەڵ حکومەتی ئازەربیجان روویدا، بەڵام چارەنووسی کۆماری کوردستانیش بە هەمان شێوەی کۆماری ئازەربیجان گەیشت، هەر بە کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت، هەردوو کۆمارەکە کەوتنە بەر هێرشی لە شکری ئێران و سەرکردەکانی دەستگیرکران و شەهیدکران.

## ٤- راپەرینی ناوچەی خوراسان: ( ٣٧ )

ساڵی (١٩٢٠) محەمەد تەقی بسیان (ئەفسەری پێشووی سوپای ئێران) لە ئەڵمانیاوە دەگەرێتەوە ئێران، حکومەتی (موشیر ئەلدەولە) بڕیاریدا بسیانی بەسەرکردەی هێزی جەندرمە دامەزرێنێت لە ناوچەی خوراسان.

لەو ماوەیەدە – قەوام ئەلسەلتەنە – والی ناوچەکە دەبێت، بەڵام لاوازی و گەندەڵی – قەوام ئەلسەتەنە – لە کاروبارەکانی، بوو بە هۆی دەرچوونی بریاری دەسگیرکردنی لەلایەن حکومەتی ناوەندەوە، بسیانی وەك لایەنی سەربازی هەستا بە جێبەجێککردنی بریارەکەو دەسگیرکردنی – قەوام ئەلسەلتەنە – پاشان رەوانەی تاران کرا بۆ لێپرسینەوە.

ساڵی ١٩٢١ کاتێ قەوام ئەلسەلتەنە دەبێتە سەرۆکی حکومەت لە تاران، بە فەرمی داوادەکات محەمەد بسیانی بگاتە تاران، بەڵام بسیانی گومان لەو داواکردنە دەکات و بریارەکە جێبەجێ ناکات و دەست دەگرێت بەسەر ناوچەکە.

خەڵکێکی زۆر لە نیشتمان پەروەران لە دەوری بسیانی کۆدەبنەوە و بریاری راپەرین دەدەن، هەروەها بەشێك لە سوپاو پۆلیسی ناوچەکەش پەیوەندی پێوەدەکەن، دەست بەسەر دامەزراوەکانی حکومەت دەگرن و بەرەو رووی دەسەڵاتی حکومەتی ناوەند دەبنەوە.

محەمەد بسیانی لیژنەیەکی پێکهێنا بە ناوی – لیژنەی نیشتمانی – بۆ بەرگریکردن و بەرێوەبردنی کاروباری ناوچەکە، ئەم لیژنەیە لەماوەیەکی کورتی تەمەنیا، چەند بریارێکی دەرکرد لەوانە:

١– هەڵوەشاندنەوەی چەند جۆرە باجێك کە بەسەر خەڵکیدا سەپێنراوە.

٢– لێخۆش بوون لەو قەرزانەی کە بەسەر جووتیاراند مابوو.

٣– سەپاندنی باجی نوێ بەسەر موڵکداران.

٤– دروست کرنی سندوقێکی نیشتمانی بۆ کۆکردنەوەی دارای.

٥– دەستگرتن بەسەر موڵك و سامانی موڵکدارە هەڵاتووەکان.

٦– دروستکردنی نەخۆشخانەیەك بۆ چارەسەرکردنی هەژاران.

٧– دروستکردنی چەند قوتابخانەیەك و پەناگەیەك بۆ منداڵانی بێ باوك و دایك.

لە ٢١/نیسانی/١٩٢١، بە پیلانێکی رەزاخان، سەرکردەی راپەرینەکە (محەمەد (٣٨) تەقی بسیان) دەکوژرێت، هەر چەندە لیژنەکە درێژەی بە کارەکانی خۆیداوە لە ناو جەماوەر و جوتیاران، بەڵام نەمانی سەرکردەکەی بووە سەرەتای کۆتایی هاتنی.

## ٥- راپەرینی چەکداری ناوچەی گەیلان:

لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و دواتر، لە هەرێمی گەیلانی باکوری ئێران راپەرینێکی (٣٩) جەماوەری بەهێز بەرپابوو، لە مێژودا بەناوی بزووتنەوەی — جەنگەلیەکان — ناوبانگی دەرکردووە. ئەوانە ناو دارستانە چرەکانی هەرێمی گەیلانیان کرد بووە مەڵبەندی چالاکیەکانیان، سەرکردەکەیان ناوی — میرزا کوچك خان — بوو، ئامانجی سەربەخۆیی ئێران بوو وەك دەوڵەت، هەروەها دادپەروەری کۆمەڵایەتی و چاکسازی لە کاروباری حکومەتدا.

بە شداربووانی ئەو راپەرینە بەشی زۆریان لە چین و توێژەکانی ناوچەی گەیلان بوون، هەروەها لە ناو ریزەکانی ژمارەیەکی تری خەڵکی شار و ناوچەکانی دیکەی تێدا هەبووە وەك لە تەورێز و لە ناچەکانی کوردستان، لە سەرکردە دیاریەکانی ئەو بزووتنەوەیە (خاڵۆ قوربانی و کەریم خان و قەنبەر خان) کە کورد بوون و بەشداریان لەو راپەرینە کردبوو.

چەند لایەنێکی دیکەش بەشداری ئەم راپەرینەیان کردووە، وەك: حزبی سۆسیالستی (گروپی ئیحسا نوڵلاخان) ، رێکخراوی کرێکارانی کشتیاری بە سەرکردایەتی (خاڵۆ قوربانی).

لەشکری بزووتنەوەکە گەیشتە ئاستێك کە هێزەکانی — هاوپەیمانان — روسیا و بەریتانیا لە ئێران، توانای کۆتای پێهێنانیان نەبووە، لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی.

به كۆتایی هاتنی جەنگی یەكەمی جیهانی و سەركەوتنی شۆرشی ئۆكتۆبەری روسی لە ساڵی (١٩١٧)، ئەو بزووتنەوەیە چووە قۆناغێكی دیكە، لە حوزەیرانی (١٩٢٠) بریاریاندا بە پێكهێنانی كۆماری گەیلان، پاشان هێزەكانی رووی لە ناوچەی دەریاچەی قەزوین كرد، هێزەكانی حكومەت لە قەوقازەكان روو بە روویان بوو نەوە، بەڵام لەبەرامبەر شۆرشگێران شكستیان هێنا، مەترسیان گەیشتە تارانی پایتەخت، ئەگەر چی هێزەكانی بەریتانیا لە ناوچەی قەزوین رێگر بوون لە بەردەم پێشرەویان.

بەڵام سەرەرای ئەو بە هێزییە، ریزەكانی راپەرینەكە بێ كێشە نەبوو، لە ناو خۆیاندا ململانێ و دووبەرەكێ توند هەبووە، بە تایبەتیش لەئاستی سەركردایەتی لەسەر زۆر بابەتی سیاسی و ئابوری و كارگێری، هەروەها یەكێتی سۆڤیەت كە شۆرشگێران ئومێدیان پێی هەبوو، وەك پێویست پشتگیرییانی نەكرد، بۆیە راپەرینەكە بەرەو رووی پچرپچری و لاوازی بووەوە، تا لە مانگی تشرینی یەكەمی ١٩٢١/ سەركردەی راپەرینەكە – میرزا كوچك خان – لە چیاكانی مازەندەران بەپێی پیلانێكی حكومەتی تاران و رەزاخان كوژرا، بە كوشتنی ئەو، راپەرینەكەش رووی لە لاوازی كردو كۆتای هات.

**سەردەمی مەحەمەد رەزاشا:**

لە ١٦/ئەیلولی/١٩٤١ دوای دوور كەوتنەوەی رەزاشا، مەحەمەدی كوری، بووە دووەم (٤٠) شای ئێران لە بنەماڵەی پەهلەوی.

محەمەد رەزاشا لە بەردەم ئەنجوومەنی نوێنەران سوێندی یاسایی خوارد، لە سوێندەكەیدا هاتبوو: بەڵێن دەدا كە سەروەری خاكی ئێران بپارێزێت، پارێزگاری لە مافەكانی گەلی ئێران بكات، كار لە پێناو رێزگرتن لە ئاینی ئیسلام بكات و چاودێری دەستور و یاساكانی وڵات بكات.

بێگومان لە سەردەمی حکومرانی محەمەد رەزاشا جیاوازی لەگەڵ سەردەمی باوکی هەبووە بە هۆی کارگەرییە دەرەکیەکان.

لەگەڵ وەرگرتنی محەمەد رەزاشا بۆ دەسەڵات، چەند گۆرانکارییەك بەسەر سیاسەتی ناوەخۆ و دەرەوەی ئێران هات، وەك:

١. پێکهێنانی حکومەتی نوێ بەپێی دەقەکانی دەستور، محەمەد علی فروغی بوو بە سەرۆکی ئەو حکومەتە.

٢. بریاری لێخۆش بوونی گشتی دەرچوو، لەوانە: زیندانە سیاسیەکان کە ژمارەیان زیاتر بوو لە (١٢٥٠) زیندانی، هەروەها ئەوانی هەلاتبوون و دوور خرابوونەوە بۆ وڵاتانی دەرەوە بگەرێنەوە ئێران.

٣. گۆران لە پەیوەندییە دەرەکیەکان، شا لەم بارەوە جەختی لە سەر پەیوەندی ئێرانی لە گەڵ هەریەك لە بەریتانیا و یە کێتی سۆڤیەت دەکردەوە، بە هۆی بەرژەوەندیە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولا.

٤. هەر بەهۆی ئەو هەل و مەرجانەی بوون بەهۆی روخاندنی رەزاشا، ئەو ئەڵمانیانەی لە ئێران لە بواری جیاواز کاریان دەکرد، لەچەند ساڵی رابردوو شێوازی کارکردنی خۆیان گۆری تاکۆتای جەنگ، بەتایبەتی ئەوانی کار بەدەست و پسپۆری هەندێ بوار بوون، یان ئەوانی لایەنگری سیاسەتی ئەڵمانیا بوون، ناچاربوون بە نهێنی کاربکەن.

٥. محەمەد رەزاشا لەگەڵ دەست پێکردنی دەسەڵاتەکەی، تارادەیەك رێگای لە بەردەم هەندێ ماف و ئازادییە دیموکراسیەکان خۆشکرد، وەك دەرچوونی چەند رۆژنامەیەك هەروەها دامەزراندنی چەند حزبێك، هەر لە ماوەی دوو ساڵی سەرەتای حکومرانی محەمەد رەزاشا، زیاتر لە(١٥) حزبی سیاسی رێگای کارکردنی فەرمیان پێدرا.

٦. لە خەسڵەت و گۆرانکاریەکانی ئەو سەردەمە، حزبی تودە بووە هێزێکی گەورە و رەوتە چەپەکانیش لە دەوری کۆبوونەوە، لە کاتێکدا ئاراستەی کۆنە پارێز و راسترەو لە دەوری زیائەدین تەباتەبایی و ئایەتوڵلا کاشانی کۆبوونەوە.

٧. دابەشکردنی ئەو زەویانەی شای پێشو دەستی بەسەر داگرتبوون.

٨. گێرانەوەی بەشێك لە دەسەلآتەکانی ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان) ئەگەر چی وەك پێویست نەبوو.

٩. هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران ئەنجام درا.

## گرینگترین دیاردەو خەسڵەتەکانی مێژووی ئێران لە ماوەی ساڵآنی جەنگی دووەمی جیهانیدا (١٩٣٩-١٩٤٥) : (٤١)

١- داگیر کردنی چەند ناوچەیەکی ئێران لەلایەن لە شکری هەردوو دەوڵەت (بەریتانیا و یەکێتی سۆڤیەت)، سەرەرای دەستێوەردانی بالیۆزی دەوڵەتە زلهێزەکان لە کاروباری ناوخۆی ئێران.

٢- دارمانی بارودۆخی ئابووری و وڵآت و پسانی پەیوەندییە بازرگانیەکان لەگەڵ ئەوروپا.

٣- لاوازی و بێ دەسەلآتی حکومەت و پەرش و پچرپچر بوونی هێزە سیاسیەکان و ململانێ توونـد لە نێوانیاندا. هەروەك لە ناوچەی خوراسان چەند ئەفسەرێکی سوپای ئێران (سەرگورد علی ئەکبەر، مولازم بەهرام دانیش، سەرهەنگ ئەبولقاسمی عەزیمی و وەچەند کەسانێکی دیکە) راپەرینێکی چەکداریان بەرپاکرد بەڵآم زۆر زوو کۆتای پێ هات.

٤- بە ستنی پەیمانی سێ قوڵی لە نێوان (بەریتانیا و ئەمریکا و یەکێتی سۆڤیەت) دەربارەی ئێران لە کانونی دووەمی /١٩٤٢.

٥- دەسپێکردنی هەردوو خولی (١٣-١٤) پەرلەمانی ئێرانی.

٦- راگەیاندنی هەردوو کۆماری ئازەربیجان و کۆماری کوردستان لە شاری مەهاباد.

٧- کۆتایی هاتنی جەنگ و کشانەوەی لەشکرەکانی دەوڵەتە بیانیەکان.

## سەردەمی حکومرانی د. موسەدەق (٤٢)

لە ئاياری /١٩٥١، د.مەسەدەق بوو بە سەرۆك وەزیرانی ئێران، بەمە قۆناغێکی نوێ لە ژیانی سیاسی ئێراندا دەستی پێکرد، قۆناغێکی پر لە ململانێی نێوان محەمەد رەزاشا و سەرۆکی حکومەت لەلایەکەوە، هەروەها لە نێوان هێزە سیاسییە جیاوازەکانیش لە لە لایەکی دیکەوە.

د. موسەدەق خاوەن کەسایەتیەکی بە توانا و چالاك بوو، لە رووی وتار خوێندنەوە کەسێکی کاریگەر بوو، هەستی جەماوەری دەبزواند، ناوبراو خاوەن رابردوویەکی شایستە و پر لە خەبات و تێکۆشانیش بوو، سیاسیەکی لیبرال و دڵسۆز بوو بۆ دەستورو ژیانی دیموکراسیانە، کارتێکر دنێکی مەعنەوی گەورەی هەبووە بە سەر شەقامدا، ململانێی سیاسی لە ناو ئەنجوومەنی نوێنەران دەگواستەوە بۆ شەقام لە حاڵەتی پێویستدا، شەقام چەکی سەرەکی ئەو بوو لە بەرانبەر نەیارانی.

دوای پێکهێنانی حکومەتەکەی، موسەدەق بەرنامەیەکی خستە روو ، کە دوو خاڵی بنچینەی دەگرتە خۆی، ئەوانیش:

یاسای خۆماڵیکردنی پیشەسازییە نەوتیەکان کە لە ٢/ئایاری /١٩٥١ لەلایەن پەرلەمانەوە بریاری لە سەردا لەگەڵ بریاری متمانە پێدان بە حکومەتەکەی د. موسەدەق.

خالّی دووەمی حکومەتەکەی د.موسەدەق، هەموارکردنی یاسای هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران و ئەنجومەنی شارەوانیەکان بوو.

**حکومەتەکەی د.موسەدەق لە سەرەتای کارەکانی دەستی کرد بە: (٤٣)**

١. ئاگادارکردنەوەی هەموو دام و دەزگاکانی حکومەت، ناوی د.موسەدەق بە رووتی باسبکرێت، دوور لەهەر نازناوێك.

٢. رێگادان بە رۆژنامەگەری کە رۆڵی بگێرێت و ئازاد بێت لە کارەکانی.

٣. ئازادکردنی ژمارەیەك لە زیندانە سیاسیەکان.

٤. رێگای کارپێدان بە حزبی تودەی مارکسی و رێکخراوەکانی سەر بەو حزبە.

٥. ئازادی مانگرتن و خۆپیشاندانی کرێکاران و رێگەدان بە ئاهەنگی (١) ئایار.

کاتێ د. موسەدەق یەکەم حکومەتی پێکهێنا لە سەرەتای ئایاری ١٩٥١، چەندین کێشەو کۆسپ روو بە رووی وەستا بوو، کێشەکان سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیش بوون، دەبوایە بەرەو روویان بوەستێت و هەوڵی چارەسەرکردنیان بدات.

گرینگترین ئەو کێشانە خۆمالیکردنی نەوت بوو، موسەدەق بە لێکدانەوەی بۆ چارەسەرکردنی کێشە ئابوریەکان پێویستی بە پارەیەکی زۆر دەبێت، باشترین سەرچاوەش نەوتی ئێرانە. بەڵام ئەگەر چی بریاری خۆمالیکردنەکە دەرچوو، ئەوا کێشەکە هەرمایەوەو درێژەی کێشا و نەهاتە بواری جێبەجێکردن، ئەو پرسە واتە خۆمالیکردنی نەوت ، پرسی پەیوەندییە دەرەکیەکانی ئێرانی ئالۆز کرد، ئەم وڵاتە بەرەو رووی فشارێکی دەرەکی زۆر بووەوە، داهاتە نەوتییەکانیش وەستا.

کێشەی دووەم کە دەبوایە چارەسەرکردنی بۆ بدۆزێتەوە، کێشەی تیرۆر بوو کە باڵی بەسەر وڵات کێشا بوو، ژمارەیەك کەسایەتی و سەرکردەی سیاسی تیرۆر کران، ئەو کارەش کۆمەڵەی – فیدائی ئیسلام – پێی هەڵدەستا، کۆمەڵە بەرنامەی هەبوو بۆ

تیرۆر کردنی خەڵکی تریش، بۆیە بریار بۆ دەزگا ئەمینەکان دەرچوو، هەڵمەتێکی پەلاماردان و دەستگیر کردنی ئەندامانی ئەو کۆمەڵە جێبەجێکرا، لە ناویاندا – نەواب سەفەوی سەرکردەی کۆمەڵەی – فیدائی ئیسلام – دەستگیر کرا.

قەیرانەکان کێشەیان هەبوو، گۆرەپانی سیاسی ئێران دابەش ببوو بە سەر چەند ئاراستەیەکی سیاسی، چەپەکان لە دەوری حزبی تودە کۆبونەوە، دیموکرات و لیبرالەکان زیاتر موسەدەق ئاراستەی دەکردن، کۆنە پارێزو باڵی راسترەو لەلایەن ئایەتوڵڵا کاشانی و زیائەدین تەباتەبائی ئاراستە دەکران، ئەمەو سەرەرای لایەنگران و پیاوانی سەر بە کۆشکی شا.

د. موسەدەق سەرەتا هەرچەندە توانی سەرکەوتووانە کاروباری حکومەت بەرێوە ببات، ریزەکانی ئۆپۆزسیۆن و جەماوەری یەکخست لە دەوری دروشمێکی هەمەلایانە کە ئەویش – خۆمالیکردنی نەوت – بوو، هەروەها لەلایەن ولاتە یەکگرتووەکان ئەمریکاوە پاڵپشتی دەکرا، بەلام بارودۆخەکەو دیاردە سیاسیەکان بەرەو رووی کۆمەڵە کۆسپێکی دروست کرد، کە لە ئەنجامدا هۆکاری کۆتایی هاتنی دەسەلاتەکەی بوون.

لەو ماوەیەدا لە ناو ریزەکانی سوپای ئێران، رێکخستنێکی سەربازی نهێنی پێکهات، کە لە ئاگاداری و پاڵپشتی دەزگای هەوالگری ناوەندی ئەمریکا و هەوالگری بەریتانیا بە دوور نەبووە، دوای خۆشکردنی زەمینەی لەبار لە سەر ئاستی شەقامی ئێرانی لە ١٩/ئابی/١٩٥٣ بە سەرکردایەتی جەنەراڵ زاهیدی، کودەتایەکی سەربازی روویدا و کۆتایی بە دەسەلاتەکەی د. موسەدەقی هێنا.

دیارە چەند هۆکارێك هەبوە لە پشتی ئەو کودەتایەوە، دەکرێ بە کورتی باسیان(٤٤) بکەین:

**ا- لە سەر ئاستی ناوەخۆ:**

١- ململانێی توندی نێوان ڕەوتی چەپ (حزبی تودە)و ڕەوتی ئاینی (کاشانی) هەردوو ئاراستەش نارازی بوون لەسیاسەتەکانی د. موسەدەق. لە بیرەوەریەکانی محەمەد ڕەزاشادا هاتووە:

(بەپێی بەڵگەنامەکانی حزبی تودە کە دواتر دەسکەوت، کۆمۆنیستەکان ویستبوویان دوو هەفتە پاش چوونە دەرەوەی من لە ئێران (محەمەد ڕەزاشا) موسەدەق لە سەر کار لابەرن)

٢- هەنگاوەکانی د. مەسەدەق بەوەی ئێران بکاتە دەوڵەتێکی دیموکراس و عەلمانی، دژایەتی پیاوانی ئاینی لێ دروست بوو.

٣- ململانێ توندی د. موسەدەق لەگەڵ محەمەد ڕەزاشا و بنەماڵەکەی.

**ب- لەسەر ئاستی دەرەوە:**

١- ترسی ولاّتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و بەریتانیا لە بەهێزبوونی پێگەو جەماوەری حزبی تودەی کۆمونیستی و پەیوەندی ئەو حزبە بەیەکێتی سۆڤیەت.

٢- ململانێ لەسەر بەرژەوەندییەکان بە تایبەتی سامانی نەوت، کە جێگای بایەخ پێدانی ئەمریکا و بەریتانیا بوو.

ساڵانی نێوان (١٩٤١-١٩٥٣) لە دەسەلاتەکەی محەمەد ڕەزاشاوە، تا کودەتاکەی جەنەڕال زاهیدی و کۆتایی هاتنی دەسەلاتی د. موسەدەق، ماوەیەکی پرکێشمەکێش و نا سەقامگیری توندبوو لە مێژووی ئێران هەندێ لە مێژونوسان ئەو ماوەیە بەسەر چوار قۆناغ دابەش دەکەن: (٤٥)

١- قۆناغی یەکەم: دەکەوێتە نێوان ساڵانی (١٩٤١-١٩٤٦)، لەو ماوەیەدا ڕەزاشا لە دەسەلاّت دوورخرایەوە، حزبی تودە ڕۆڵی لە گۆڕەپانی سیاسیدا بەهێز بوو، حزبی ئیرادەی سیاسی بە سەرکردایەتی سەید ڕەزا دامەزرا، سەرەرای چەند حزبێکی دیکە.

٢- قۆناغی دووەم: لە ساڵی ١٩٤٦ دەست پێ دەکات، قەوام ئەلسەلتەنە بووە سەرۆك وەزیران، حزبی ئیرادەی نەتەوەیی هەڵوەشاندەوە، حزبی دیموکراسی دامەزرا، هاوپەیمانیەتیەك لە نێوان هەرسێ حزبی (تودە، حزبی ئێران، حزبی دیموکراسی) دروست بووە، چەند حزبێکی ئیسلامیش کاریان دەکرد.

٣- قۆناغی سێیەم: لەو ماوەیەدا حزبەکانی ئێران و دیموکراسی و تودە، بەرەو رووی کۆسپ دەبنەوە، هەردوو حزبی ئێران و دیموکراسی هەڵدەوەشێنەوە، تودەش رێگای کارکردنی فەرمی لێدەگیرێ، جەنەرال (رازمارا) لە ساڵی ١٩٥١ تیرۆر دەکرێت، هەروەها چەندین حزبی توندرەو بە شێوەیەکی نهێنی کاریان کردووە.

٤- قۆناغی چوارەم: ماوەی دەسەلاتی بەرەی نیشتمانی بوو بە سەرکردایەتی د. موسەدەق، تا دەگاتە کودەتاکەی ١٩٥٣.

## ئێران لە نێوان ساڵانی (١٩٥٣- ١٩٧٩):

دوای رووخاندنی دەسەلاتەکەی د. موسەدەق، محەمەد رەزاشا لە دەرەوە (٤٦) گەرایەوە ئێران، وەزارەتێکی تازە پێکهات بە سەرۆکایەتی جەنەراڵ فەزلوللا زاهیدی، کە رۆڵی سەرەکی گێراوە لە کودەتای ١٩/ئابی/١٩٥٣.

د. موسەدەق رەوانەی دادگاکرا و بە(٣) ساڵ زیندانی حوکمدرا، پاشانیش لە ماڵی خۆی دەس بە سەر بوو تامرد.

محەمەد رەزاشا دەستی کرد بە بەهێزکردنی دەسەلاتەکانی خۆی، لەسەر هەمان رێچکەی رەزاشای باوکی، سەرەتا بایەخی گەورەی بە سوپادا، لە ساڵی (١٩٥٣) وە ژمارەی سوپای ئێران لە (١٢٠) هەزار سەربازەوە گەیشتە (٥٤٠) هەزار سەرباز لە ساڵی (١٩٧٩)، دیارە شان بە شان زۆربوون ژمارەی سوپا، لە بوارەکانی دەریایی و

ئاسمانیش سوپای ئێران بەهێز بووە، سەرچاوەی دارای بۆ ئەو سوپا گەورەیە، داهاتەکانی نەوت بوو کە بەردەوام رووی لە زۆر بووندا بوو.

هەروەها شا بایەخی بە دەزگای هەواڵگری و ئاسایشدا، چ لە ناو سوپابێت یان لە ناو وڵات و دەرەوە، ئەویش بە هاوکاری ئەمریکا لە ساڵی ١٩٥٧ دەزگای هەواڵگری – ساواک ـی دامەزراند.

لە کارەکانی دیکەی حکومەتی محەمەد رەزاشا، سەرکوتکردنی سیاسی بوو لە وڵات، بەرامبەر بە حزب و هێزە سیاسی و کەسایەتیەکان و لایەنە رادیکاڵ و ئاینیەکان و بزووتنەوەی کرێکاری و رێگرتن لە رۆژنامەی ئازاد،

لە بەرامبەریشدا چەندین حزبی سیاسی بۆ پشتیوانی رژێم دامەزرا.

لەسەر ئەم رێبازە سیاسەتی شا و حکومەتەی بەردەوام بوو، ساڵی ١٩٧٧ بەپێی راگەیاندنی ئۆپۆزیسیۆن نزیکەی (١٠٠) هەزار زیندانی سیاسی لە ئێران هەبووە، ئەگەر چی حکومەت ئەو ژمارەیەی بەراست نەدەزانی.

محەمەد رەزاشا بۆ ئەوەی خۆی وا پیشان بدات کە یەکێکە لە دوا پاشا مەزنەکانی ئێران، لە (تشرینی یەکەمی /١٩٧١) ئاهەنگێکی گەورەی سازکرد کە نزیکەی (١٠٠) ملیۆن دۆلاری تێچووە.

هەر لە کارەکانی شا و حکومەتەکەی و چارەسەرکردنی باری ئابوری ئێران، چەند پلانێکی ئابووری دارێژرا، ساڵی ١٩٤٩ بە هاوکاری دەزگا پسپۆریەکانی ئەمریکا یەکەم پلانی ئابوری دارێژرا کە ماوەی حەوت ساڵی خایاند، بە مەبەستی پەرەپێدانی بواری کشتوکاڵی و پیشەسازی و خزمەتگوزاری و تەندروستی و پەروەردە.

ساڵی (١٩٥٥) دەسکرا بە دووەمین پلانی گەشەپێدانی ئابوری، کە ئەویش ماوەی حەوت ساڵی بۆ دانرا، دیارە ئەوەیش دوای ئەوەی داهاتی نەوت زۆر سەرکەوت.

لە نێوان ساڵانی (١٩٢٥ - ١٩٧٩) لەگەڵ بوونی ڕەزاخان بە یەکەم شای ئێران لە(٤٧) بنەماڵەی پەهلەوی تا ڕۆیشتنی محەمەد ڕەزاشا و لادانی لە دەسەلآت، (٣٦) جار حکومەت پێکهاتووە، یەکەم سەرۆکی حکومەت لە سەردەمی ڕەزاشا، محەمەد عەلی فروغی بوو، دوا سەرۆکی حکومەتیش لە سەردەمی محەمەد ڕەزاشا، شاپور بەختیار بوو.

## شۆرشی سپی:

شۆرشی سپی (لە راستیدا هەوڵێکی خودی محەمەد ڕەزاشا بوو، بۆ هەندێ چاکسازی و گۆرانکاری کە لە دوایدا بە شۆرشی سپی ناوی دەرکرد) پێگەیەکی گرینگ و تایبەتی هەیە لە ناو ئەو ڕوودا و سیاسەتانەی لە ئێران ڕوویاندا لەو ماوەیە.

دیارە ئەم شۆرشە هەروا لە بۆشاییەوە پەیدا نەبووە، بەڵکو هۆکارو هاندەری (٤٨) خودی و بابەتی هەبووە، لە دوایشدا کاردانەوەی سیاسی لێکەوتەوە.

لەو سەردەمە، شۆرشو کودەتا سەربازیەکان و ڕاپەرینە جەماوەریەکان، لە زۆر وڵاتانی ئاسیا و ئەفریقیا و ئەمریکای باشوور ڕوویانداوە، ئەو ڕووداوانە دەنگدانەوەی گەورەیان هەبووە لە سەر ئاستی جیهانی، دیارە محەمەد ڕەزاشا بیری لەوەکردۆتەوە کە بۆ ڕێگا گرتن لە هەر دیاردەیەکی لەو جۆرەو کاریگەریشی بە سەر کۆمەڵانی خەڵکی ئێران، بە چەند هەنگاوێکی چاکسازی هەستێ، کە لە ڕاستیدا لەلایەن وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاوەش کارێکی باش بووە.(٤٩)

ساڵی ١٩٦٢ محەمەد ڕەزاشا بەمەستی هەندێ چاکسازی لە بواری کشتوکاڵی ئابوری و کۆمەلایەتی لە ئێراندا، بەرنامەیەکی خستەڕوو، ئەم بەرنامەیە ساڵی ١٩٦٣ لە ریفراندومێکی میللی ڕەزامەندی لە سەر درا، ئەگەر چی ڕەوتی ئاینی و خودی ئیمام خومەینی دژی وەستان و داوایان کرد خەڵکی بەشداری تێدا نەکات.

**خاڵە سەرەکیەکانیش بریتی بوون لە: (٥٠)**

١. چاکسازی کشتوکاڵی و رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی نێوان موڵکدار و دەربەگەکان لەگەڵ جوتیاران.

٢. خۆماڵیکردنی دارستانەکان.

٣. فرۆشتنی کارگەکانی حکومەت بە کەرتی تایبەت.

٤. هەموارکردنی یاساکانی هەڵبژاردن، لەوانەش بەشداری کردنی ئافرەت.

٥. رەزامەندی لە سەر بەشدارکردنی کرێکاران لە قازانجی کۆمپانیاو کارگەکان.

٦. دامەزراندنی دەزگای نەهێشتنی نەخوێندەواری.

ئەم بەرنامەیە ، دواتر(١٣) خاڵی دیکەی بۆ زیاد کراوە کە پەیوەندی بە سوپاو دادگا و کارگێری و گەندەڵی و هەندێ بواری کۆمەڵایەتی هەبووە، دەکرێ ئامانجەکانی ئەم بەرنامەیە لەچەد خاڵێك کورت بکەینەوە:

- هەڵتەکاندنی چینی گەورە موڵکدار و دەربەگایەتی و دروست بوونی چینێکی دیکە لە موڵکداری بچوکی جوتیاران بۆ ئەوەی ببنە بنکەیەکی جەماوەری رژێم.
- لەسەر ئاستی سیاسی، کەمکردنەوەی ئەو رەخنانەی ئاراستەی رژێمە کە دەکرێت.
- دابینکردنی سەرەتایەکی خێرا بۆ بوودنیادنانەوەی ئێران بەپێی مۆدیلی سەرمایەداری.
- پەرەپێدانی گوند بەپێی شێوازی سەرمایەداری.
- بەدەست هێنانی سەرمایەیەکی دارایی زۆر.
- فەراهەم بوونی دەستی کارکەری هەرزان، کە بۆ پیشەسازی پێویستن.

ئەم بەرنامەیە، ئەگەر چی دەستکرا بە جێبەجێکردنی، بەڵام بەرەو رووی نارەزایی توێژێکی زۆری دەرەبەگ و موڵکدارە گەورەکان بۆتەوە، سەرەرای بەشێك لە پیاوانی ئاینی، بەڵام دەسەڵات رەفتاری توند بوو لە ئاست ئەو هەڵوێستانە.

## راپەرینی ٥/ حوزەیرانی ١٩٦٣:

لە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ١٩٦٣ کێشە و ئاڵۆزی و پشێویەکان باڵی بە سەر (٥١) ئێراندا کێشا، خومەینی لەوتارێکیدا لە شاری قوم هێرشێکی توندی کردە سەر شای ئێران و رژێمەکەی.

ئەو وتارە بارودۆخەکەی تەقاندەوە، جەماوەر بە خۆپیشاندانی گەورە کەوتنە ناو شەقامەکانی شاری تاران، خۆپیشاندانەکان ئاراستەی توندیان گرتە بەر، بازار و فرۆشگاکان داخران، دام و دەزگاکانی حکومەت کارییان تێدا وەستا، هاتووچۆی ناو شاری تاران ئاسان نەبوو، دروشمی دژ بە شاو رژێمی ئیسرائیل بەرز کرایەوە، لە بەرامبەردا هێزی پۆلیس و ئاسایش کەوتنە ناو شار، کاتێ ئەوان بارودۆخەکەیان بۆ کۆنترۆل نەکرا، سوپا بە چەکەوە کەوتنە ناو شاری تاران، بە توندی بەرەو رووی خۆپیشاندەران بوونەوە، ژمارەیەکی زۆری دام و دەزگاکانی حکومەت کەوتنە بەر هێرشی خۆپیشاندەران، سوتێنران و تێکدران، چەندین ئۆتۆمبێلی سوپا و پۆلیس سوتا و تێکشێنرا، سوپا و هێزی پۆلیس بە توندی بەرەو روویان بوونەوەو تەقەیان دەکردوو بەدەیان و سەدان دەکوژران و بریندار دەکران و دەسگیر دەکران.

ئەم رووداوانە زیاتر لە سێ رۆژی خایاند لەو ماوەیەدا بەدەیان پیاوانی ئاینی و خەلکی دیکە دەسگیرکران، لە ناویاندا ئایەتوڵڵا خومەینی.

پێویستە ئاماژە بۆ ئەوە بکرێت کە خەڵکێکی زۆر لە چین و توێژە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵ بەشداریان لەم راپەرینە کردووە، لە پیاوانی ئاینی و خوێندکاران و بازرگانان و

چین و توێژەکانی خوارەوەی ناو کۆمەڵ، هەروەها دەبێ ئاماژەش بۆ ئەوە بکەین کە هۆکارە سەرەکیەی ئەم راپەرینە دژایەتی رژێم و شا بووە زیاتریش بە هۆی نادادپەروەری و دیکتاتورییەت و زۆرداری و چەوساندنەوە.

خومەینی نزیکەی دوومانگ لە زینداندا بوو، پاشان گواسترایەوە ناو(٥٢) شاری تاران و نزیکەی (٨) مانگ دەست بەسەر مایەوە ، دواتر ئازاد کراو گەرایەوە شاری (قوم). بەڵام بەهۆی بەردەوامی لە دژایەتیکردنی شاو رژێمەکەی وتارە توندەکانی، دەسەڵات لە مانگی (تشرینی دووەمی ١٩٦٤) بریاریدا بە دوورخستنەوەی بۆ وڵاتی تورکیا.

## باردۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتی ئێران:

بەهۆی گۆرانکارییە ئابوری و کۆمەڵایەتییە گەورەکانی نێوان ساڵانی (١٩٦٣-١٩٧٥)،(٥٣) لە ئەنجامی هەوڵەکان بۆ جێبەجێکردنی بەرنامەکەی (محەمەد رەزاشا) کە ناوی لێنا بوو - شۆرشی سپی - گۆرانکاری گەورە لە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی ناو کۆمەڵگەی ئێران لە دێهات و ناوچە کشتوکاڵیەکان روویداوە، لەم بارەوە دەکرێ چین و توێژەکانی ئەو ناوەندانە بەم شێوەی خوارەوە پۆلێن بکەین:

١- موڵکدارە نەدیارەکان - بزرەکان:

ئەوانەش بنەماڵەی شاو خاوەن کۆمپانیا کشتوکاڵیەکان و دەربەگە کۆنەکان دەگەرێتەوە.

٢- کشتیارە سەربەخۆکان:

ئەوانی سودیان لە یاسای چاکسازی کشتوکاڵی وەرگرتووە، کە زۆربەیان لە دەستەو پیاوانی ئاغا و کوێخای گوندەکان بوون. زۆربەی کشتیارە هەژارەکانیش ناچار بوون روو لە دامەزراوە کشتوکاڵییە حکومییەکان بکەن.

٣- چینی کرێکاری کشتوکاڵی و کاسبەکاران، ئەوانی خاوەن زەوی نین، بەڵکو بە ڕۆژانە لە شارەکان کاریان دەکرد.

ڕەنگدانەوەی ئەو گۆڕانکارییە ئابوریانە بەسەرکۆمەڵگەی ئێراندا دیار بوو، لەناوەڕاستی هەفتاکاندا دەکرێ کۆمەڵگەی ئێرانی بەسەر سێ بەشدا دابەش بکەین:

**أ) چینی باڵا، کە لە پێنج گروپ پێکهاتووە:**

- بنەماڵەی شا.
- بنەماڵەی ئەریستوکراتەکان (وەك بنەماڵەی عەلی ئەمینی، ئەسەدو ڵلا عەلەم محەمەد قولی بەیات، قەرە گوزل....هتد)
- ئەریستوکراتی پرۆژەکان، ئەوانی بەهۆی زەوییەوە بوونە خاوەن کۆمپانیای کشتوکاڵی.
- پیاوانی کاروبازرگانی کۆن، ئەوانی دەوڵەمەندبوون لەسەردەمی گەشەکردنی بازرگانی نەوت، وەك: حبیب قانیان، ئەسەدوڵلا ڕەشیدیان، ڕەسول وەهاب زادە، محەمەد خەسرەو شاهی...هتد.
- پیاوانی کاروباری نوێ: ئەوانەی بەهۆی پەیوەندییەکانیان لەگەڵ بنەماڵەی شا، توانیان دامەزراوەی بازرگانی گەورە دابمەزرێنن.

ئەو توێژانە لەچینی باڵا خاوەن کێڵگەو پرۆژەی کشتوکاڵی گەورە بوون لە دەرەوی شارەکان، هەروەها کۆمپانیا زەبەلاح و بانگ و کارگەوپیشەسازیەکان و بازرگانی دەرەوە.

**ب) چینی ناوەڕاست، پێکهاتبوون لە:**

١- بازرگانەکانی ناو بازارو خاوەن پیشەو کاروباری ئازادو پیاوانی ئاینی.

٢- فەرمانبەران و ئەندازیاران و پزیشك و پارێزەران.

ج) **چینی کرێکار:** هەموو ئەو کرێکارانە دەگرێتەوە کە لەجورەها کارگەو دامەزراوەی ئابوری گەورەو بچووك کاردەکەن.

**خەسلەتەکانی سیستمی حوکمرانی لەسەردەمی بنەماڵەی پەهلەوی: (٥٤)**

دەستوری ساڵی (١٩٠٦) بووە بنچینەی کاری سیاسی لەسەردەمی رەزا شا و محەمەدی کوری، ئەو دەستورە لەساڵی (١٩٢٥) و (١٩٤٩) چەند هەموارکردنێکی بەسەرداهات و بووە یاسایەکی هەمەلایەن و زیاتر نوێکاری کەلەلایەن ئەنجوومەنی نوێنەران پەسندکرا، هەرچەندە، چەند بەندێکی هەر تێدا مابوو کە رێبازی شیعەی کردبوو رێبازی ئاینی فەرمی وڵات.

بەپێی دەستور سیستمی حوکمڕانی لەئێران لەسێ دەسەڵات پێکدێت، ئەوانیش:

أ) ئەنجومەنی (دەسەڵاتی جێبەجی کردن) کەپێك دێت لەحکومەت بەوەزیرو فەرمانبەرو دام و دەزگا جۆرەکان، بەناوی شا حوکمڕانی دەکەن.

ب) ئەنجوومەنی دادوەری، بریتیە لەکۆمەڵە دادگایەك دەست پێدەکات لەشارو هەرێمەکانەوە، تادەگاتە دادگای باڵا.

ج) ئەنجومەنی تەشریعی(پەرلەمان) ئەو ئەنجوومەنە، یاساکانی ئەگەر شا رەزامەندی لەسەر دەرنەبڕێت نابنە یاسا، ئەنجوومەنیش لەدووبەش پێکدێت:

١- ئەنجوومەنی پیران، کەلەساڵی (١٩٤٩) بەشێوەی یاسایی بڕیاری لەسەردراو بۆ یەکەم جار لەساڵی (١٩٥٠) کۆ بۆتەوە، ژمارەیان (٦٠) ئەندام دەبێت، (٣٠) ئەندامی بەهەڵبژاردن سەردەکەون و سی (٣٠) ئەندامیش بەبڕیاری شا دادەنرێن.

٢- ئەنجوومەنی نوێنەران (پەرلەمان)، ژمارەی ئەندامانی بە (١٣٦) کەس دیاریکرابوو، لەو ئەنجوومەندا نوێنەری چەند تائیفەیەکی وەك: ئەرمەنی و جولەکەو زەردەشتی بەژمارە دیاریکرابوون، ئەنجوومەن بە سەر (٨) لیژنەدا دابەش ببوو.

هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەن دووساڵ جارێك دەبێت، هەموو پیاوان لەتەمەنی (٢١) ساڵی بەسەرەوە مافی دەنگدانیان دەبێت، جگە لەهێزی چەکدارو زیندانی کراو نەبێت.

لەساڵی (١٩٤١) بەدواوە، حزبە سیاسییەکان رۆڵی گەورەیان بینیوە لەئاراستە کردن و بەشداریکردنی سیاسی، حزبەسیاسییەکان لەئێران هەڵگری بیروباوەڕی جیاواز بوون، بەڵام بەزۆری رێگای ئاشکراو فەرمی بەحزبەکانی ئۆپۆزیسیون نەدراوە بۆ کارکردن.

## شـــای ئێران:

ساڵی (١٩٢٥) ئەنجوومەنی دامەزرێنەر بڕیاریدا رەزاخان بەناوی شای ئێران بانگ بکرێت، لەمانگی نیسانی (١٩٢٦) ئاهەنگی دەسەڵات گرتنی بەدەست بەڕێوەچوو، دوای ئەو ساڵی (١٩٤١) محەمەد رەزا وەك جێنشین بووە شای ئێران، دەسەڵاتەکانی شا بەپێی دەستوور: دانان و لادانی وەزیرو سەرکردەکانی سوپا، راگیاندنی جەنگ و بڕیاردان لەسەر ئاستی بەرزکردنەوەی پلەی سەربازی، داواکردن لەپەرلەمان بۆ کۆبوونەوە.

دانانی سەرۆك وەزیران لەلایەن پەرلەمانەوە پێش نیاردەکرا، شارەزامەندی لەسەردەردەبڕی .

دەربارەی سیاسەتی دەرەکی ئێران (محەمەد رەزاشا) لەبیرەوەریەکانی(٥٥) نووسیویەتی ئامانجی سەرەکی سیاسەتی دەرەکی من هەبوونی پەیوەندی لەسەر بنەمای رێزی دراوسێتی بوو لەنێوان ئەو وڵاتانەی کە لەچوار دەورماندا بوون – چاودێریم دەکرد کە دراوسێ کانمان بەهەمان ئەو شێوەی کە ئێمە رێزیان لێدەگرین لەگەڵ ئێمە هەڵس و کەوت بکەن، هەرچەندە کە ئێمە بەتەمانەبووین لەگەڵ هیچ کەسدا شەڕبکەین، بەڵام دەبوو هەمووان تێبگەێنین کە ئەگەر لەهەر لایەکەوە دەسدرێژی بکرێتە سەرمان، ئەوا ئێران توانای هەیە بەباشی بەرگری لەخۆی بکات.

## ((تەوەری چوارەم))

## سەرهەڵدانی شۆرشی گەلانی ئێران لەنێوان (١٩٧٧ – ١٩٧٩)

ژمارەیەکی زۆری نووسەر باسیان لەشۆڕشی ئێرانی کردووە، ئەو نووسینانەی(٥٦) مێژووی شۆڕشەکە گۆڕانکاری و رووداوەکانی گرتۆتە خۆی، بەڵام لەگەڵ زۆری ئەو نووسینانە ئەوا چەند روویەکی ئەو شۆڕشە هێشتا دوورن لەوەی بکەونە بەردەستی توێژەران وەك پێویست، لەوانە رۆڵی چەند کەسایەتیەکی هزری و سیاسی کەرۆڵی سەرەکیان هەبووە لە زەمینە خۆشکردن بۆ شۆڕشەکە لەسەر هەردوو ئاستی هزری و سیاسی، یان لەسەرکردایەتیکردنی شۆڕشەکە لەقۆناغە سەرەتاییەکانی سەرکەوتنی.

شۆڕشەکە جەماوەری و درێژخایەن بوو، بەشێکی گەورەی چین و توێژانی کۆمەڵگەی ئێرانی بەشداری تێدا کردووە، تارادەیەکیش لەچەند لایەکەوە ئاراستە کراوە، بۆ خستنەرووی رووداوو هەنگاوەکانی، بەشێك لەنووسەرانی مێژووی شۆڕشی ئێرانی، راپەرینەکەی نێوان سالانی ١٩٧٧ – ١٩٧٩ دژ بەرژێمەکەی محەمەد رەزا شایان بەسەر چوار قۆناغ دابەشکردووە، کە بەم شێوەی خوارەوە دەیخەینە روو:

### قۆناغی یەکەم/

**لەبەهاری ١٩٧٧ وە دەست پێدەکات، لەخەسڵەتەکانی ئەم قۆناغە:**

١. وتاری کراوە لەلایەن کەسایەتی و پیاوانی ئاینی و سیاسەتمەداران، کەبەگشتی نارەزایەتی دەربڕین بوو بەرامبەر بەو بارو دۆخەی کەئێران پێیدا تێپەڕ دەبێت.

٢. شان بەشانی ئەو وتارانە، خستنە رووی داواکاریە دیموکراسیەکان و ئامۆژگاری بۆ شای ئێران، دەربارەی چەند بەرنامەو کار راییەك بۆ باشکردنی دۆخەکە.

٣. ئەو داواکاری و ئامۆژکایانە لەلایەن محەمەد رەزا شاو دام و دەزگا پەیوەندارەکانی پەسند نەکرا.

٤. لەچالاکیە بەرچاوەکانی ئەم قۆناغە، خوێندنەوەو بڵاوکردنەوەی هەڵبەست و بابەتی جۆراوجۆر بەنووسین، کە نارەزایی دەربڕینی دەگرتە خۆی، هەروەها نارەزایی دەربڕین لەلایەن خوێندکارانی زانکۆو پێکدادان لەنێوان هێزەکانی پۆلیس و خەڵکی هەژارو بێ دەرامەت، ئەوانی بەویستی خۆیان و بۆ حەوانەوەو گوزەران هەندێ شوێنی نیشتەجێبوونیان دروست کردبوو.

**قۆناغی دووەم/**

ئەم قۆناغە دەست پێدەکات لەگەڵ هێرشەکەی رۆژنامەی – اگلاعات –ی ئێرانی لە ٨/کانوونی دووەمی/١٩٧٨ بۆ سەر ئایەتوڵلا خومەینی، وەڵامەکەشی بەر پابوونی نارەزایی جەماوەری و ڕاگەیاندنی مانگرتن بوو بۆ ماوەی سێ رۆژ لەشاری (قوم).

پاشان خۆ پیشاندانی جەماوەری گەورە بەرپابوو لەلایەن سەرکردە ئاینیەکانی دژ بەرژێمی شاو وتار خوێندنەوەی توندی پر نارەزایی.

خومەینی لەوتارێکیدا رۆژی ٢٢/کانونی دووەمی/١٩٧٨، هێرشێکی توندی کردە سەر محەمەد ڕەزا شا، داواشی لەپیاوانی ئایینی کرد کە رۆژی ١٨/شوبات/١٩٧٨ بکە رۆژ ماتەمینی بۆ کوشتارەکەی شاری قوم.

ئەم قۆناغە درێژەی کێشا تاکۆتایی حوزەیرانی ١٩٧٨، لەو ماوەیەدا خۆپیشاندانی چین و توێژەکانی کۆمەڵ، شەقامەکانی هەردوو شاری (قوم – تاران)ی گرتەوە، خۆپیشاندەران دەستیان کرد بەهێرش بردن بۆ سەر دام و دەزگاکانی حکومەت و نووسینگەکانی حزبی رستاخیزو بانگ و دامەزراوە گشتیەکان، پۆلیس و سوپاش هەوڵیان دەدا بەرگری بکەن و بارەکە کپ بکەنەوە، بەڵام توندو تیژی دروست بوو تەقە لەخۆپیشاندەران کرا، ئەگەر چی رۆژانی سەرەتای مانگی ئایاری/١٩٧٨ تارادەیەك دۆخەکە کپ بوونەوەیەکی بەسەر داهات.

خومەینی بۆ بەرزکردنەوەی گیانی تێکۆشان وورەی خۆپیشاندەران لەشاری نەجەفەوە وتارێکی تومارکراوی لەسەر – کاسێت – رەوانەی ئێران کردوو بڵاوکرایەوە.

لەو رۆژانە لەگەڵ گەرمەی ئەو رووداوانە لەشاری تەورێز لە٩/نیسانی/١٩٧٨ سەرۆك وەزیرانی ئێران (جەمشید ئامۆزگار – کۆنگرەیەکی بەسەر کردایەتی حزبی – رستاخین) بەست بۆ گفتوگۆ کردن دەربارەی ئەو بارودۆخەی ئێران پێیدا تێپەڕ دەبێت.

لەلایەکی دیکەوە بەڕێوەبەری دەزگای هەوالگری – ساواك – داوای لەشای ئێران کرد کە رێگابە کاری حزبە سیاسییەکان بدات و هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران ئەنجام بدرێت، هەروەها دامەزراوەکانی حکومەت لەدیاردەی گەندەڵی پاك بکرێتەوە، بەڵام شا ئەو ئامۆژگاریانەی پشتگوێ خست.

### قۆناغی سێیەم/

ئەم قۆناغە دەست پێدەکات لەتەموزی/١٩٧٨ و کۆتایی دێت بەدەرچوونی محەمەد رەزاشا لەئێران لە (١٦/کانوونی دووەمی/١٩٧٩).

لەو ماوەیە ڕووداوی خوێناوی و بەربەرەکانی توند لەگەڵ سوپادا ڕوویدا، لەرۆژی ٢٤/تەموز، خۆپیشاندانی گەورە شاری مەشهەدی گرتەوە، نزیکەی (٥٠) هەزار کەس بەشداریان تێدا کرد، دوای سێ رۆژ خومەینی بەیانێکی بڵاوکردەوە، تێیدا هاتبوو:

١. ڕاپەڕینەکەی رۆژی ٥/حوزەیرانی/١٩٦٣ ڕاپەڕینکی پیرۆزە ، جوڵانەوەیەکی ئیسلامیە بەتەواوی.

٢. داواکەی محەمەد رەزاشا بۆ ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئازاد، جێگای قبول کردن نیە.

٣. شا، هەوڵەدات کەسانی نوێ بەکار بهێنێ لەژێر ناوی کەسایەتی نیشتمانی بەڵام لەراستیدا وانیە.

٤. داوای کرد ناوی دەسگیرکراوو زیندانیەکان تۆمار بکرێت و لێی بکۆڵنەوە.

٥. داوای لە نووسەران کرد، کە لەسەر وردەکاریەکانی ئەو رووداوانە بنووسن.

٦. دەبێ کەسایەتی ووتار خوێنەران لەناو خۆپیشاندەران هەوڵدەن خەڵکی هۆشیار بکەنەوەو ڕاستیەکانی ڕاپەرینەکەیان تێ بگەێنن.

٧. پیاوانی ئاینی لەوتارەکانیان لەناو مزگەوتەکان باس لەهەژاری و نەبوونی و دەردە سەری خەڵکی ئێران بکەن کە چۆن ژیاون لەماوەی پەنجا ساڵی رابردوو.

خۆپیشاندانەکان بەگەرمی دەستی پێکردەوە، پاش چەند رۆژێك لەشاری (عەبادان) ئاگر لە سینەمایەك بەردرا نزیکەی (٧٠٠) کەسی تێدا مرد، بەو هۆیەوە سەرۆك وەزران – جەمشید ئامۆزگار– دەستی لەکار کێشایەوەو لەجێگای ئەو – جەعفەر ئیمامی– بەسەرۆك وەزیران دانرا، ناوبراو بەرنامەی حکومەتەکەی خستە بەردەم ئەنجومەنی نوێنەران، کەچەند خاڵێکی گرینگی گرتبووە خۆی:

أ) ئازاد کردنی زیندانیانی سیاسی.

ب) بەرزکردنەوەی موچەی فەرمانبەران بەرێژەی (٤٠٪)

ج) رێگادان بەدامەزراندنی حزبە سیاسیەکان.

د) هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەران.

ه) ریزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ

و) هەستان بەهەڵمەتێك دژ بەگەندەلی.

بەڵام ئەو بەرنامەیە جێگای باوەڕی خەڵك نەبوو، متمانە لەنێوان کۆمەڵانی خەڵك و دەسەڵات نەمابوو، لەرۆژی (٧/ئەیلول/١٩٧٨) خۆپیشاندانێك لە شاری تاران ئەنجامدرا، – نزیکەی سەد هەزار کەس بەشداری تێدا کرد، دروشمی لادانی شاو دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوەی خومەینی و هەڵگرتنی باری نائاساییان

بەرزکردەوە، هەروەها لەرۆژانی جەژنی رەمەزان (٦/ئەیلولی/١٩٧٨) بەدواوەش خۆپیشاندانەکان بەردەوام بوو زیاتریش شێوەیەکی ئاشتیانەی بەخۆوە گرت، لەو خۆپیشاندانانە، نزیکەی چوار ملیۆن کەس لەسەرانسەری ئێران بەشداریان تێدا کرد.

لەرۆژی (٨/ئەیلولی/١٩٧٨) سەرۆکی حکومەت بڕیاری باری –عورفی– نائاسایی لە (١٢) شاری ئێران راگەیاند، بەشاری تارانی پایتەختەوە بۆ ماوەی شەش مانگ، لەلای خۆیەوە خومەینی گفتوگۆی لەگەڵ جەعفەر ئیمامی سەرۆك وەزیران رەتکردەوە.

لە (٢٦/ئەیلولی/١٩٧٨) شای ئێران فەرمانی دەرکرد بۆ ئەندامانی خێزانەکەی کە کارو بازرگانیەکان و کاروباری کۆمەڵەو دامەزراوە خێرخوازییە گشتیەکانیان کۆتایی پێ بهێنن، لەلایەکی دیکەوە شا داوای لەحکومەتەکەی – سەدام حوسێن – کرد، کە ئایەتوڵلا خومەینی لەعێراق دەربکات، بۆیە لەمانگی تشرینی یەکەمی/١٩٧٨، حکومەتی عێراق بڕیاری دەرکردنی خومەینی راگەیاند، خومەینی رووی لەوڵاتی فەرەنسا کرد.

شای ئێران هەوڵیدا دەرگای گفتوگۆ لەگەڵ خومەینی بکاتەوە، بۆ ئەم مەبەستە داوای لەکەریم سنجاوی کرد بچێتە فەرەنساو چاوی بەخومەینی بکەوێت، بەڵام سەردانەکەی هیچی لێ شین نەبوو.

بڕیاری ئازاد کردنی مەهدی بازرگان لەزیندان دەرچوو، داواشی لێکرا کەحکومەت پێك بهێنێ و سیستمی حوکمڕانی لەوڵاتدا دەستوری بێت، بازرگان سەردانی فەرەنسای کرد بەمەبەستی چاو پێکەوتنی خومەینی، لەماوەی گفتوگۆکانی لەگەڵ خومەینی داوای لێکرا لستێك بەناوی پیاوانی ئاینی، ئەوانی زیندانی کراون ئامادە بکات.

بەهۆی ئەو بارو دۆخەی بەسەر ئێراندا هات، خوێندن لەبەشی زۆری قوتابخانەو زانکۆکاندا وەستا، رۆژنامەکان دەرنەدەچوون، هاتووچۆی ناوشارەکان پەکی کەوتبوو

یان هەر قەدەغەکرابوو، سەربازەکان لەناو سەربازگەکانیان بەکۆمەڵ هەڵدەهاتن، هێزەکانی ژێر دەسەڵاتی شا لاواز ببوو، دام و دەزگا حکومیەکان پەکیان کەوتبوو، لەرۆژی ٢٤/کانونی یەکەمی/١٩٧٨ کرێکارانی کێڵگە نەوتیەکانیش بڕیاری مانگرتنیاندا، دەوڵەمەندەکانی ئێران بەپارەو سامانەکانیان بەرەو دەرەوەی ئێران هەڵدەهاتن، کۆگاکانی چەکی سوپای ئێران تالان دەکرا، بۆیە شا لەکۆتایی ساڵی ١٩٧٨ تێگەیشت کەمانەوەی لە دەسەڵات ئەستەمە، کوشتن و تەقەکردن لەخەڵك بێ ئەنجام بوو، بۆیە بڕیاریدا ئێران بەجێ بهێڵێت.

محەمەد ڕەزا شا لە ٢٩/کانونی یەکەمی/١٩٧٨ داوای لەشاپور بەختیار کرد حکومەت پێك بهێنێت، ناوبراو یەکێك بوو لەدامەزرێنەری بەرەی نیشتمانی، بەختیار داوای لەشا کرد دەسەڵاتەکانی بداتە دەستی ئەنجومەنێکی سەرپەرشتیاری یاسایی، پێش ئەوەی وڵات بەجێ بهێڵێت، هەر لەو مایەوەدا جەنەڕاڵ – روبەرت هویزەر– سەرکردەی هێزە ئاسمانیەکانی ئەمریکی لەئەوروپا، گەیشتە تاران و داوای لەسەرکردە سەربازیەکانی ئێران کرد بەشاپور بەختیار رازی بن.

شا بڕیاریدا بەگواستنەوەی سامانی هەموو بنەماڵەکەی خۆی بۆسەر دامەزراوەی خێرخوازی پەهلەوی، بڕی (١٥٠٠) ملیۆن دولار بۆ دەرەوەی ئێران گوازرایەوە، لەرۆژی ١٦/کانونی دووەمی/١٩٧٩ ئەنجومەنی نوێنەرانی ئێران، ڕەزامەندی لەسەر وەزارەتەکەی شاپور بەختیار دەربڕی، هەروەها بڕیاری پێکهێنانی ئەنجومەنی (سەرپەرشتیاری یاسایی) درا، بەسەرۆکایەتی – جەلالەدین تەهرانی – ، لەرۆژی ١٦/کانونی دووەمی/١٩٧٩ محەمەد ڕەزاشا لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی ئێرانیان بەجێ هێشت.

## قۆناغی چوارەم /

لەرۆژی ١/شوباتی/١٩٧٩ خومەینی لەپاریسەوە گەیشتەوە تاران، لەفرۆکەخانە بەسەدان پیاوانی ئایینی و نزیکەی یەك ملیۆن کەس لەپێشوازی بوون، بەگەیشتنەوەی بۆ ئێران راستەوخۆ چووە سەر گۆڕستانی (بەهەشت زەهرا) بۆ نوێژکردن لەسەر گۆڕی شەهیدانی شۆڕش.

پاشان خومەینی بڕیاریدا، کە مەهدی بازرگان سەرۆکی وەزیران بێت، بەشێوەیەکی کاتی، لەلایەکی دیکەوە شاپور بەختیار درێژەی بەکارەکانیدا وەك سەرۆك وەزیران.

هەر لەو سەروبەندەدا، خۆپیشاندان لەشەقامەکان دەستی پێکردەوە، جەماوەر پەلاماری دام و دەزگاکانی دەوڵەتی دەدا، لەناو شارەکان شەڕ دەستی پێکرد، شەڕو پێکدادان لەنێوان پاسەوانانی شاو خوێندکارانی کۆلیجی ئاسمانی سەری هەڵدا، لەناوشارەکان هێزی میلیشا دروست بوو، دەستیان کرد بەدەست گرتن بەسەر سەربازگەکان و چەکەکانیان دابەش دەکرد، ئەم دیاردەیە بەشێکی زۆری شارەکانی ئێرانی گرتەوە، بەتایبەتی تارانی پایتەخت، لەو سەروبەندەدا، سوپا سالاری ئێران (عەباس قەرەباغی) بڕیاری بێلایەنی سوپای ئێرانی دەرکرد لە ململانێ و ئەو رووداوانە، هەروەها لەنێوان هەردوو حکومەتی بەختیارو بازرگان، زۆری پێ نەچوو شاپور بەختیار بزربوو، پاش چەند رۆژێك لەپاریس دەرکەوت.

## هۆیەکانی هەڵگیرساندنی شۆڕش:

ژمارەیەکی زۆری نووسەرو توێژەران دەربارەی ئەم خاڵە بیروڕای خۆیان دیاریکردووە بۆیە دەکرێ هەموو ئەو نووسینانە لەچەند خاڵێك کۆ بکەینەوە.

توێژەران لەمێژووی ئێران، هەڵگیرساندنی شۆڕشی گەلانی ئێران و سەرکەوتنی لە ١٩٧٩ بۆ چەند بابەتێکی سیاسی ئابوری کۆمەڵایەتی دەگەڕێننەوە لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکیدا، هەر وەك بەکورتی دەیخەینە ڕوو:

یەکەم/ لەسەر ئاستی ناوخۆ: ( ٥٧)

**أ- هۆیە سیاسییەکان:**

١. سیستمی محمەد رەزاشا، سیستمێکی گشتگیری بوو، هەموو بوارەکانی ژیانی لەئێران قۆرخ کردبوو، ڕێگای بەشداری بە ئۆپۆزیسیون نەدابوو، ڕۆڵی دامەزراوەکانی دیکەشی لاوازو بێ بایەخ کردبوو.

٢. لایەنگری و پاشکۆیەتی سیستمی حوکمڕانی لەئێران بۆ ڕۆژئاوا.

٣. بێ توانایی کارگێڕی دەوڵەت و تەشەنە کردنی گەندەڵی.

٤. توندرەوەی لەپەیرەو کردنی عەلمانیەت.

**ب- هۆیە ئابووریەکان:** ( ٥٨ )

١. گەشە کردنێکی ناهاوسەنگ و پەیرەوکردنی چەند ڕێبازێکی ئابووری کە ئەنجامەکانی نەرێنی بوون.

٢. بەکار هێنانی دەرامەتەکانی وڵات لەلایەن بنەماڵەی شا و خەرجکردن لەبواری سەربازی، هەروەها دەرکردن و دزە پێکردنی پارەو سامان بۆ دەرەوە .

٣. تەنگ پێ هەڵچنین بەهەندێ هێزی کۆمەڵایەتی بەتایبەتیش بازرگان و هەندێ توێژی ڕۆشنبیری دیکە، هەروەها پرۆسەکانی خۆمالیکردنی سامان و موڵکەکانیان.

**ج- هۆیە کۆمەڵایەتیەکان:**

١. پێکدادان و بەرەنگاری لەگەڵ بەهاو داب و نەریتە ئاییني و کۆمەڵایەتیەکان، هەروەها درێژەپێدان بەدژایەتیکردنی پیاوانی ئاییني.

٢. پێکدادان لەگەڵ کەمە نەتەوایەتیە نافارسەکان.

٣. پێگەی جەماوەری و بەهێزی دامەزراوەی و رۆڵی پیاوانی ئایینی لەئێران.

٤. بێ هێزی و مردوویی دامەزراوە سیاسییەکان و بێ توانایی بۆ لەخۆ گرتنی هێزە کۆمەڵایەتیەکاراکان.

٥. رۆڵی نەرێنی رۆشنیران لەپاڵپشتی کردنی سیستم.

دووەم/ هۆیەکان لەسەر ئاستی دەرەکی:

١. دەستێوەردانی دەزگا هەواڵگرییە دەرەکیەکان لەرووداوو کاروباری ناوخۆیی ئێران، هەروەها پاشکۆیەتی ئێران بۆ ئەمریکا.

٢. ئەو ئامانجانەی کە محەمەد رەزاشا هەوڵی بۆی دەدا لەسەرووی تواناکانی خۆی بوو، بۆ ئەوەی ئێران ببێتە زلهێزی سەربازی لەناوچەکە، هەروەها ببێتە خاوەن دامەزراوەی چەکی ناوکی.

٣. چەند ئاراستەیەك لەسیاسەتی دەرەکی شا کە نەدەگونجا لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی رۆژئاوا، وەك بەرزکردنەوەی نرخی نەوت، و پالپشتی دەوڵەتە عەرەبیەکان لە هەندێ سیاسەتیان دژی ئیسرائیل.

٤. بایەخ پێدانی سیاسەتی ئەمریکا بەبواری — مافەکانی مرۆڤ — و داواکردنی لەشا کە فشارو گۆت و بەندەکانی لەسەر ئۆپۆزیسیۆم کەم بکاتەوە.

٥. گرینگی پێدانی رۆژئاواو سیاسەتی ئەمریکا بەهەژمووني ئیسلامی، وەك ئایدیۆلوجیایەك بۆ بەرەنگاری و دژایەتی هێزی مارکسی و یەکێتی سۆڤیەت لەناوچەکە.

**سێیەم/**

لێکۆلینەوە لەو هۆکارە جیاوازانەی بوونە هۆی هەلگیرساندنی شۆڕشی گەلانی ئێران، رۆڵ و کاریگەری هۆکارەرۆشنبیری و کۆمەلایەتیەکانمان بۆ ئاشکرا دەکات،

کەکارتێکردنی گەورەیان هەبووە لەزەمینە خۆشکردن بۆ بەرپا بوونی ئەو شۆڕشە، ئەو حاڵەتەش بۆ چەند هۆیەك دەگەڕێتەوە.

١. **هۆی یەکەم:**

پەیوەستە بەشێوەی ئەو سەرکردایەتیەی کە ئەرکی ئاراستەکردنی جەماوەری گرتە دەست، ئەو هاوپەیمانیەتەی کەسەرکردایەتی شۆڕشەکەی دەکرد، سەنگی گەورە تێیدا بۆ رەوتی ئاینی بەسەر کردایەتی ئیمام خومەینی دەگەڕێتەوە، ئەم ڕەوتە هەڵگری رەخنە گرتنی بەردەوام و گەورە بووە بۆ بیرو بۆچوون و ئاراستە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکانی شای ئێران لەسەر ئاستی ناوخۆیی.

٢. بۆ زاڵبوون و سەرکەوتن بەسەر ئاراستە رۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکەی سیستمی شا، بەرنامەیەك خرایە روو کە زۆربەی رەوتە سیاسییەکان و ئاراستە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگە بەشداریان تێدا کرد، ئەو بەرنامەیش بەرنامەیەکی ئیسلامی و رۆشنبیری بوو.

٣. سێیەم هۆ، پەیوەندی بەمێژووی سیاسی ئێران هەیە لەماوەی سەدەی بیستەمدا، پێویستی پەیوەست بوونی نێوان هێزە ئاینیەکان و ئەوانی دیکەیە بۆ روودانی هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی، ئەم حاڵەتەش تاقیکردنەوە جیاوازەکان لەئێران سەلماندوویەتی، هەر جیابوونەوەیەکیش لەنێوان هەر دوولا دەبێتە هۆی شکست هێنانو سەرنەکەوتنی تاقیکردنەوەکە.

## هۆیەکانی ڕابوون و بوژاندنەوەی هزری ئیسلامی لەئێران:

زیاتر لەسەدەیەکە گەلانی ئێرانی بەرەو ڕووی چەند بەرەنگارییەکی هزری بنچینەیی بوونەتەوە، ئەو بەرەنگارییە قەیرانێکی هزری و رۆحی بەرجەستەکردووە، خۆی لەنێوان : ئاین و زانست، فەلسەفەو وەحی، کۆن و نوێ، پاشکۆیەتی و سەربەخۆیی، زۆرداری و ئازادی، نواندووە.(٦٠)

لەماوەی ئەو مێژووە دوورو درێژە، بیرمەندان و رۆشنبیران رۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لەدارشتنەوەی رووە راستیەکەی ئەو ڕێبازە ئاینیە ئیسلامیە، بەمەبەستی دۆزینەوەی کەلێن و کە م و کورتیە میتۆدییەکانی و دیاریکردنی ڕێبازێکی لەبار بۆ بیرکردنەوەو دۆزینەوەی هۆکارەکانی قەیرانی ناو کۆمەڵگە.

یەك لەگرینگترین و چالاکترین بوارەکانی کەلەپوری نیشتمانی و نەتەوەیی لەئێران، ئاینە، لەسەر ڕێبازە شیعیەکەی.

ئاین وەك هەموو فاکتەرە ئابووری و جوگرافی و سیاسی و کەلتوریەکان، کارتێکردنی لەمێژووی مرۆڤایەتی کردووە بەشێوەیەکی گشتی، هەروەك خۆشی کاریگەر بووە بە هۆکارە واقعیەکان، ئەو کارتێکردنە ئاڵ و گۆڕە جێگای بایەخ پێدانە لەو ڕووەی کە ئاین لەویستیدایە کۆمەڵەو تائیفەو دامەزراوە جیاوازەکان ڕێك بخات، بیردۆزو رۆشنبیرانی ئێرانی واتەماشای ئاین دەکەن کە قەوارەیەکی کۆمەڵایەتیە، هەروەها ڕەگەزێکی کارایە لەبزووتنەوە کۆمەڵایەتیەکان، ئەوان پشت بەرۆڵە کردەییەکەی دەبەستن لەکۆمەڵگادا.

لەچوارچێوەی ئەو تێڕوانینە ئیسلامیە لەئێران، بیرو بۆ چوونی جیاواز هەیە(٦١) بۆ هۆکارەکانی زیندوو بوونەوە یان رابوونی ئیسلامی، دیارە ئەو جیاوازییەش لە بیروبۆ چوونەکان، هۆکاری زۆری هەیە.

خومەینی پرسی ڕابوون بەکەلتوری رزگاری لەچنگی رۆژئاوا دەبەستێتەوە، ئەو رزگارییەش بەبوونیادنانی خودی ئیسلامی سەربەخۆی نا پاشکۆ دەبەستێتەوە.

هەروەها ئێرانیەکان نێوان هەردوو چەمکی (نەتەوەو جیهاد) لە ئیسلامدا بەیەك دەبەستنەوە، پێناسەی (نەتەوە) چوارچێوە مرۆڤایەتیەکەی رابوونی ئیسلامی دیاری دەکات پێناسەی (جیهاد)یش هۆکاری بەدیهێنانی ئەو چوار چێوەیە دیاریدەکات.

هۆکارەکانی بوژاندنەوەو رابوونی هزری ئیسلامی لەناو ئێراندا لەماوەی حەفتاکاندا بۆ چەند هۆکارێکی سیاسی و ئابوری و ئاینی دەگەڕێتەوە، دەکرێ بەپێی تایبەتمەندییەکانی بارودۆخەکەی ئێران لەمیانەی ئەم خالأنەی باس بکرێت:

١. هۆکارە جوگرافی و مێژووییەکان، کاریگەرییان لەبوژاندنەوەی هزری ئیسلامی لەئێران، پەیوەستە بەشوێنی جوگرافی گرینگی ئێرانی و ڕووبەری خاکەکەی و ژمارە گەورەکەی دانیشتوانی، سەرەڕای مێژووی کۆنی ئیسلام لەئێران.

٢. هۆکارە سیاسی و ئابوریەکان، کە بریتیە لەچوار بابەت:

أ- شێوازی حوکمڕانی زۆرە ملێ و کردارەکانی نوێکاری.

ب- نووشستی هەوڵەکانی گەشەپێدانی ئابووری.

ج- گەندەڵی سەرکردایەتی سیاسی لەئێران

د- گەندەڵی دامەزراوە حکومیەکان بەتایبەتیش هەوالگری.

٣. خومەینی وەك هۆکارێکی راستەوخۆ بۆ رابوونی ئیسلامی لەئێران.

هەوڵەکانی خومەینی لەم بارەوە خۆی لەسێ خالّ بەرجەستە کردووە، وەك سەرکردایەتیەکی رادیکالّ:

١. پەیوەندی ئیسلام بەشۆڕشەوە، بەپێی تێروانینی خۆی.

٢. تێروانینی خومەینی بۆ ئەرکی زانایانی ئایینی لە کۆمەلگەدا.

٣. تێروانینی خومەینی بۆ کێشە ئابووریەکان و بۆ جیهان.

## ((تـەوەری پێنجـەم))

## سیستمی کۆماری ئیسلامی

ئـەم قۆناغـە بـەقۆناغێکی هەسـتیارو گـرینگ دادەنرێـت لەسـەرکەوتنی شۆڕشـی ئیسلامی لەئێران(٦٣)، بەڵکو قۆناغێکی بنچینەییە لەبونیادنانی سیستمی سیاسی نوێ لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و دەرەکی.

بەگەڕانـەوەی خومـەینی بـۆ ئێـران بڕیـاری پێکهێنـانی حکومـەتێکی کـاتی درا بەسـەرۆکایەتی مەهـدی بازرگـان، بـەو هۆیـەوە شـاپور بـەختیار (سـەرۆك حکومـەتی سەردەمی محەمەد رەزاشا) ناچار بوو بکشێتەوەو ئێران بـەجێ بهێڵێت، بەتایبـەتی کاتێ دەسەڵاتی دام و دەزگا حکومیەکان نەما.

له ٣٠/ئازاری/١٩٧٩ راپرسییەك ئەنجامدرا دەربـارەی جۆری حـوکمڕانی لـەئێران، فـۆرمی راپرسـییەکە تـەنها یـەك پرسـیاری دەگرتـە خـۆی، ئـەویش بریتـی بـوو لـە (بـەکۆماری ئیسـلامی رازی یـاخود نـا)، لـەم راپرسـییە نزیکـەی بیسـت ملیـۆن کـەس بەشداری کردو بەرێژەی (٩٧٪) بەبەڵێ وەڵامیان داوەتەوە.

هەرچـەندە ناڕازاییـەکی توونـدیش هـەبوو لەسـەر شـێوەی راپرسـییەکە بـەڵام بەڕێوەچوو، له ١٣/ئابی/١٩٧٩ ئەندامانی ئەنجومەنی شارەزایانی دەستور هەڵبژێردران کە ژمارەیان (٢٢) کەس بوو، لێرەشدا نارەزایی پەیدابوو لەلایەن چەند سیاسەتمەدارو سـەرکردیەکی حزبـە سیاسـییەکان، کـەداوای پێکهێنـانی ئەنجومـەنی دامەزرێنـەریان دەکرد و بەژمارەیەکی گەورەش، بەڵام دیسان خومەینی سوور بوو لەسەر ئەنجومـەنی شـارەزایانی دەسـتور، بـەبۆ چـوونی ئـەو، ئەنجومـەنی دامەزرێنـەر دەسـتورێکی رەوشکاری دادەنێت بەپێی شارەزایی مرۆڤ، لەکاتێکدا ئەنجومەنی شارەزایانی دەستور بڕیاروکارەکانی، لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام دژ نابێت.

لەکاتی دانانی دەستوریش ناڕازایی و ململانێ سەری هەڵدا، یەکەم ڕەشنووسی دەستور زاراوەی (ویلایەتی فەقیە) تێدانەبوو، هەروەها ڕەشنووسەکە لەسەر شێوەی دەستوری فەرنساو دەستوری ئێرانی ساڵی (١٩٠٦) بوو، ئەم ڕەشتووسە قبول نەکرا لەئەنجومەنی شارەزایان، پیاوانی ئایینی داوای ئەوەیان دەکرد ئاماژە بۆ ڕۆڵیان بکرێت لەناو دەستورەکە، کەمە نەتەوایەتیەکانیش پێی رازی نەبوون، داوایان دەکرد مافە نەتەوایەتیەکانیان دیاری بکرێت لەدەستور.

بۆیەکلا کردنەوەی ئەو ململانێیە لەسەر دەستور، خومەینی نامەیەکی ئاراستەی ئەنجومەنی شارەزایانی دەستور کرد، کەدەبێ دەستورێکی ئیسلامی بێت و بڕیار لەسەر (ویلایەتی فەقیە)ی تێدابێت.

لەگەڵ هەموو نارەزایی و ململانێیەکان لە ٢٥/تشرینی دووەمی/١٩٧٩، ئەنجومەنەکە دەستوری دارشت و رەزامەندی لەسەر درا، بەڵام نەتەوە غەیرەفارسەکان (کورد، بلوچ، تورکمان، عەرەب...) رازی نەبوون، لەسەر دەستور هەروەك سەرکردەی هێزو حزبە سیاسییەکانیان دەریان بڕی، لەبەر ئەوەی ئامازەی تێدا نەبووە بۆ مافە نەتەوایەتیەکانیان، ئەمەو لەناو زاناو پیاوانی ئاینیش ناڕەزایی هەبوو لەسەر چەند خاڵێکی دەستوور بەتایبەتی بابەتی (ویلایەتی فەقیە).

یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆك کۆمار لە (١٩٨٠) ئەنجامدرا، ئەبولحەسەن بەنی سەدر بووە یەکەم سەرۆك کۆماری ئێران و لەساڵی (١٩٨١) بەجێی هێشت.

### ئێران لەسێبەری سیستمی ئاینیدا: (٦٤)

زۆرینەی دانشتوانی ئێران سەر بەڕێبازی شیعەی دوانزە ئیمامین، یەك لەو لقە سەرەکیانەی لەئیسلام هەڵقولاوە، ڕێژەی شیعە لە ئێران دەگاتە (٩٠٪)ی دانیشتوان، بەڵام ڕێژەی ڕێبازی سوننە نزیکەی (٨٪)ی دانیشتوانە، ئەوانی دیکە کە (٢٪)ی

کۆمەڵگە پێکدەهێنن، بریتین لەمەسیحی، جولەکە، بەهایی، زەردەشتی....هتد، دیارە ئەوەش لەدەستوری ئێرانی بەئاشکرا دەردەکەوێت.

نەخشەی دیموگرافی ئێران، پڕەبە نەتەوە غەیرە فارەسەکان و ڕەگەزی جیاواز، ئەو وڵاتە دانیشتوانی لەڕووی ڕەزگەزییەوە دابەش دەبن بەسەر: ڕەگەزی فارسی ٥١٪، ئازەری، ٢٤٪، عەرەب٣٪ ، کورد ٤٪، بلوج ٢٪، تورکمان ٢٪. (ئەو ئامارانە تاڕادەیەک لەنێوان نووسەران جیاوازی تێدا بەدی دەکرێت).

هەرسێ کەمە ئایینەکانی (مەسیحی، جولەکە، زەردەشتی) لەدەستوری وڵات بەفەرمی دانیان پێدانراوەو نوێنەریان لەناو پەرلەماندا هەیە، بەڵام مافە سیاسی و ئاینیەکانیان بەردەوام وەك پێویست ڕەچاو نەکراوە.

زۆربەی پلەو پایە ڕەسمیەکانی دەوڵەت، ئەگەر رابەری شۆڕش بێت بەدەسەڵاتە فراوانەکانی، یان سەرۆك کۆمار، ئەوە تەنها دەبێ کەسانێك بن سەر بەڕێبازی شیعە بەپێی دەستوری کۆماری ئیسلامی.

بنچینەی دەوڵەتی ئاینی لەئێران سەرچاوەی دەستورە، بەندی چوارەمی دەستور بەئاشکرا دەڵێت: پێوەرە ئیسلامیەکان بنچینەی هەموو یاساو بڕیارە مەدەنی و سزاییو دارایی و ئابوری و کارگێڕی و رۆشنبیری و سەربازی و سیاسییەکانە...هتد.

چاکترین شێوە لای زانایانی ئیسلام(ڕێبازی شیعە) لەئێران بۆ بەڕێوەبردنی(٦٥) کاروباری دەوڵەتی ئیسلامی، شێوەی – ویلایەتی فەقیە – ە، کەخومەینی پەیرەوی دەکات، دیارە بیانووی خومەینی بۆ تیۆرییەکەی خۆی، ئەوەیە کەلای پەیرەوکارانی ڕێبازی شیعە پێی دەوترێت – ونبوونی ئیمام مەهدی –، بۆیە – وەلی و فەقیە – جێگری ئیمامی وون بوو دەگرێتەوە، تا رۆژی دەرکەوتنی.

لێرەدا ئاماژە بۆ چەند ماددەیەکی گرینگی ناو دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێران(٦٦) دەکەین:

مادەی (١) : سیستمی حوکمڕانی لەئێران، کۆماری ئیسلامی دەبێت.

مادەی (١٢) : ئاینی ڕەسمی لەئێران، ئیسلامە لەسەر ڕێبازی جەعفەری دوانزە ئیمامی.

مادەی (١٥): زمان و نووسین بەڕەسمی بۆ گەلی ئێران، زمانی فارسیە.

مادەی (٢٦): هەموو حزب و کۆمەڵەو دامەزراوە سیاسییەکان و یەکێتی و ڕێکخراوە ئاینیەکان ئازادن، بەمەرجێك لەگەڵ بەهاکانی ئیسلام و بنەماکانی کۆماری ئیسلامی دژ نەبێت.

مادەی (٥٧): هەرسێ دەسەڵاتەکە (یاسادانان، جێ بەجێ کردن، دادوەری) دەسەڵاتەکانی خۆیان لەژێر چاودێری – رابەر – الولی الفقیە – ئەنجام دەدەن.

مادەی (١١٥): سەرۆك کۆماری ئێران دەبێ لەسەر ڕێبازی جەعفەری دوانزە ئیمامی بێت.

مادە (١٤٤): سوپا لەئێران، سوپای کۆماری ئیسلامیە، سوپایەکی ئیسلامی دەبێت و پابەندی ئاینی ئیسلامە.

### ڕۆڵی دامەزراوەی ئاینی لەئێران:

لەسەدەی شازدەهەمی زاینەوە، کاتێ بنەماڵەی سەفەویەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست لەئێران(٦٧) و شا ئیسماعیل سەفەوی دەوڵەتی سەفەوی دامەزراند، لەپێناو خولقاندنی هەستێکی توند بەیەکگرتوویی و هۆشیاری لەبەردەم هەڕەشەکانی

دەوڵەتی عوسمانی سوننە ڕێباز، سەفەویەکان ڕێبازی شیعەیان پەسندکردو بەسەر خەڵکی ئێرانیان سەپاند و بووە ڕێبازی ڕەسمی دەوڵەتی ئێران.

کاتێ شا ئیسماعیل سەفەوی ساڵی (١٥٢٤)ز، کۆچی دوایی کرد، هەردوو دەسەڵاتی ئایینی و دەڵەتیشی بەدەستەوە بوو، بۆیە پێویستی نەدەکرد کەسی ڕێنمایی و ڕابەرایەتی بکات، نەلەکاری ئاینی و نەلە کاری دونیایی، دواتر کە شا – تەهماسپ – دەسەڵاتی گرتە دەست تێگەیشت کە ئەو وەك پێویست وەکو باوکی ناتوانێت بەو کارە هەستێت، لەیەك کاتدا ڕابەری ڕێبازی ئاینی و سەرۆکی دەوڵەتیش بێت.

بۆیە وای بەباش زانی کە ئەرکی ڕێبازی ئایینی بداتە دەستی کەسانی شارەزا لەزانایانی ئایینی، بۆ ئەم مەبەستە داوای کرد، شێخ عەلی عەبدولعالی کەرکی لەلوبنانەوە بگاتە ئێران، پاش گەیشتنی ناوبراو بۆ ئێران بووە ڕابەری ئاینی فیعلی دەوڵەت، هەروەها جێگری ئیمامی ونبوو – المهدی – بۆیە پێویستە لەسەر هەموو لایەك ملکەچی بڕیارەکانی ئەو بن.

دوای ڕوخاندنی دەوڵەتی سەفەوی، ئەو دامەزراوەیە لەسەردەمی بنەماڵەکانی داهاتوو، ئەوانی حوکمڕانی ئێرانیان بەدەست بوو، گەشەی کرد، بەتایبەتیش لەسەردەمی قاجاریەکان، ئەو دامەزراوە ئاینیە بوو بەدەوڵەتێك لەناو دەوڵەت، ئەویش بەهۆی پاڵپشتی شایەکانی قاجار بۆ دامەزراوەکە لەبەر ئەوەی شەرعیەتی دەسەڵاتیان بەهێز دەبێت.

ئەوەی زیاتر دەسەڵاتی ئەو دامەزراوەی بەهێز کرد لەناو کۆمەڵگەدا، ئەو دامەزراوەیە بووە پەناگەیەك بۆچین و توێژە گشتیەکان و هەژاران و نەدارانی کۆمەڵگەی ئێرانی.

ئەم دامەزراوەیە لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەمەوە دەستی بەسەر لایەنێکی بنچینەیی لەدەسەڵاتی دادوەری دەڕۆیشت، هەروەها دەربارەی پرسی خوێندن و

فێربوونش، تا دەیەی سێیەمی سەدەی بیستەم پیاوانی ئایینی لەئێران دەسەڵاتیان هەبوو لەکاروباری پرۆسەی فێربوون لەو وڵاتە، تا ئەو کاتەی ڕەزاشا هەستا بەچاکسازییەکانی.

پیاوانی ئاینی بەدرێژایی چەندین سەدە توانای پاراستنی هەر کەسێکیان هەبووە کەلەلایەن دەسەڵاتەوە داواکرابێت و یان کارێکی نایاسایی ئەنجام دابێت، ئەوانی پەنایان بۆ مزگەوتێك یاخود گۆڕی ئیمامێك بردبێت، ئەوانە پارێزراو بوون، لەهەندێ حاڵەت ئەو جۆرە کەسانە پەنایان بۆ ماڵی یەکێك لەپیاوانی ئاینی دەبرد کە هێشتا لەژیاندایە، دەسەڵاتیش نەیدەتوانی هیچ کارێك بەرامبەر ئەو کەسانە ئەنجام بدات.

هەموو ئەو دەسکەوت و دەسەڵاتانە وای لەزۆر کەس کرد لەدەست ڕۆیشتووەکانی ناو کۆمەڵگەی ئێرانی کەتێکەڵاوی ئەو دامەزراوەیە ببن و هێزێکی بنچینەیی لێ پێك بێت.

پیاوانی ئاینی لەئێران بەدرێژایی چەندین ساڵ لەڕووی چینایەتیەوە دابەش ببوون بەسەر چەند چین و توێژێکی ناو کۆمەڵگە، گەورەپیاوانی ئایینی سەربەچینی ئەریستوکرات و دەرەبەگ و گەورە مولکداران بوون، زۆربەیان پەیوەندی توندیان بەبازاڕی سەرمایەدارییەوە هەبووە، پیاوە ئایینیە بچووکەکانیش بەزۆری سەربەچین و توێژە کۆمەڵایەتیە ناوەڕاستەکان بوون، وەك بازرگانە بچووکەکان و پیشەوەران، لەهەندێ حاڵەتی کەمیشدا ئەوانە سەر بەچینی جوتیارە مام ناوەندییەکان بوون.

### هەڵسەنگاندنێك بۆ ڕۆڵی دامەزراوەی ئایینی لە ١٩٤١ – ١٩٧٩

١. ئەم دامەزراوەیە ڕابەرایەتی بزوتنەوەی نیشتمانی کردووە، لەسەردەمی حوکمڕانی بنەماڵەی پەهلەوی و پێشتریش، کەڕێگا لەئازادییە گشتیەکان گیرابوو، دەسەڵاتیان بەسەر کاروباری وڵات سەپاندبوو.

٢. ململانێیەکانی نێوان دەمەزراوەی ئایینی و دەسەڵاتی بنەماڵەی پەهلەوی لاوازی و بێ شارەزایی کەسێتی محەمەد ڕەزاشا لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵات دەردەخات، سەرەڕای نوشستی بەرنامەکانی بۆ مۆدێرنە کردنی ئێران و بەرنامە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان.

٣. دامەزراوەی ئاینی و زۆربەی ئۆپۆزیسیون پەنایان بردۆتە بەر ڕێبازی خەباتی توندو تیژ و کشانەوەی ڕێبازی خەباتی ئاشتیانە، ئەویش بەهۆی باوەر نەمانی ئۆپۆزیسیون بەڕێبازی ئاشتیانەی خەبات لەبەرامبەر ملهوری رژێمی پاشایەتی.

٤. دامەزراوەی ئاینی سوودی لەو بوارە تەسکە وەرگرت کەرژێم ڕێگای کارکردنی پێدابوو، هەروەها سوودی لەململانێی توندی نێوان بەرەی چەپ و رژێم وەرگرت و بەکاری هێناوە بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی.

٥. چەند دیاردەیەك کە رژێم پێی هەستاوە، بەسوود بۆ پیاوانی ئایینی گەراوەتەوەو بوونەتە هۆی بەهێز بوونی پێگەی جەماوەریان، وەك شێوازەکانی گرتن و توندو تیژی و کوشتن بەرامبەر ئۆپۆزیسیون لەلایەن دەزگا ئەمنیەکان، نزیك بوونەوەی شا لەرۆژئاواو بەرنامە شکست خواردووەکانی شا بۆ بووژانەوەی باری ئابووری ئێران.

٦. دوای کۆچی دوایی هەردوو ئایەتوڵڵا – بروجەری – (١٩٦١)و کاشانی – (١٩٦٢)، رژێمی شا نەیتوانی سوود لەو هەلە وەربگرێت و ئەو بۆشاییە بەکار بهێنێ بۆ بەرژەوەندی خۆی، دیارە ئەویش بە هۆی دەرکەوتنی سەرکردایەتی نوێی ئایینی کە ئەو بۆ شاییەی پڕ کردەوە.

٧. پەیوەندییەکانی نێوان (د.موسەدەق) و دامەزراوەی ئاینی بەرزی و نزمی بەخۆیەوە بینیوە، سەرەتا دامەزراوەی ئایینی پاڵپشتی هەنگاوەکانی د. موسەدەقی کردووە، پاشان نێوانیان تێکچووە بەهۆی هەڵوێستی موسەدەق لەجیا کردنەوەی ئاین لەدەوڵەت.

٨. دامەزراوەی ئاینی نەیتوانیوە سوود لەپرسی خۆماڵیکردنی نەوت وەربگرێت و بەکاری بهێنێت دژی رژێم، لەکاتێکدا سوودی لەسەرنەکەوتنی بەرنامە چاکسازییەکەی محەمەد رەزا شا (شۆڕش سپی) لەبواری ئابوری و کشتوکاڵی وەرگرتووە.

٩. رێرەوی رووداوەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران لەسەرەتاکانی (١٩٧٧ – ١٩٧٩) رابەرایەتی خومەینی بۆ ئەو شۆڕشە چەسپاند.

١٠. دامەزراوەی ئاینی دژی بوونی یەك حزب و پاوانکردنی دەسەڵات لەلایەن حزبێکەوە بووە، هەروەها دژی دەستێوەردانی دەزگا ئەمینەکان بووە لەکاروباری سیاسی ئەو کارانەش کاریگەری هەبووە بەسەر گردبوونەوەی جەماوەر بەدەوری ئەودا.

١١. دەکرێ بڵێین کە شۆڕشی گەلانی ئێران بزووتنەوەیەکی جەماوەری شۆڕشگێڕی ناوخۆیی بووە، بێ پشت بەستن بەهاوکاری دەرەکی.

## حوکمڕانی لەقۆناغی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی:

شۆڕشی ئیسلامی لەئێران لەسێ سەرچاوەوە خەسڵەتەکانی خۆی وەرگرتووە، ئەوانیش:(٦٨)

١. سەرکردایەتی ئاینی کەخۆی لە خومەینی بەرجەستە دەکات.

٢. کۆمەڵە سیاسەتمەدارێك لەزانا ئاینیەکانی شیعە.

٣. دامەزراندنی دەوڵەتێکی پیوکراتی (حوکمی ئیلاهی)، کەئاین رۆڵێکی سەرەکی دەگێڕێت لەپێکهاتەی دامەزراوەکانی و دیاریکردنی سیاسەتەکانی.

قۆناغی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی لەئێران، پاش سەرکەوتنی شۆڕش، دابەش دەکرێتە سەر دوو قۆناغ:

أ) قۆناغی تێکەڵاوی – دوو لایی –

ب) قۆناغی ناوەندێتی

أ- قۆناغی دوولایی (تێکەڵاوی) لەدەسەڵاتدا لەنێوان سیاسەتمەدارە لیبراڵەکان و پیاوانی ئاینی بەدوو قۆناغ تێپەڕ دەبێت، ئەوانیش قۆناغی گونجان و ڕێککەوتنی سیاسی، لەگەڵ قۆناغی حکومەتی ئیتلاف.

لەقۆناغی ڕێککەوتنی سیاسی رادەیەك لەگونجان و سازاندن هەبووە لەنێوان سیاسەتمەدارە لیبراڵەکان و زانایانی ئایینی، لەم قۆناغەدا سیستەم هەوڵیداوە ئەوە بسەلمێنێ کە دژایەتی بەها ئەقلانیەکانی دەوڵەت ناکات، هەروەها حکومەتێکی هاوبەش لەنێوان هەردوولا پێکهات، لەشوباتی ١٩٧٩ مەهدی بازرگان بووە سەرۆکی حکومەت و لەمانگی تشرینی دووەمی ١٩٧٩ کۆتایی بەو حکومەتەهات.

لەقۆناغی حکومەتی ئیتیلاف، حکومەت لەنێوان لیبراڵەکان و ئیسلامیەکان پێکهات و درێژەی کێشا تامانگی حوزەیرانی/١٩٨١، لەو ماوەیەدا زانایانی ئاینی، ئەو هۆیانەیان بەتەواوی کۆکردەوە کە (ئەبولحەسەن بەنی سەدر)ی سەرۆك کۆمار لەدەسەڵات دووربخەنەوە.

ب- قۆناغی ناوەندێتی: ئەو قۆناغە قۆناغی دەسەڵاتداری ڕەوتی ئاینی بوو هەموو دەسەڵاتەکانیان بەدەستەوەگرت، ئەوانی دیکەیان (لەشۆڕشگێران) دوور خستەوە کە باوەڕیان بە سەرکردایەتی ڕەهای خومەینی نیە.

### خەسلەتەکانی قۆناغی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی:

١. بەرزبوونەوەی پلەی توندوتیژی و ناوەندێتی سەرکردایەتی سیاسی.

٢. نەخشەی هێزە سیاسیەکان لەم قۆناغەدا، دابەش ببوو لەنێوان دوو هەلوێستی ئاشکرا، لەگەڵ شۆڕشی یان دژی شۆڕش.

٣. زاڵبوونی باڵی توندرەو لەشۆڕشگێران و دوورخستنەوەی میانرەوەکان.

٤. سەپاندنی یاساو ڕێساکانی بەسەر کۆمەڵگەدا.

٥. پشت بەستن بەخود، لەبواری گەشەپێدان و لەماوەی جەنگی کەنداودا.

٦. سیستمی نوێ سەرکەوتوو نەبوو لەبەدیهێنانی پێداویستیەکانی جەماوەرو بە چاککردنی باری گوزەرانیان، بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی حوکمڕانی شا.

٧. سەرەڕای دروست بوونی دامەزراوە نوێیەکانی دەوڵەت، بەڵام شێوازی شەرعیەتی شۆڕشگێڕی هەرپشتی پێ دەبەسترا لەلایەن سەرکردایەتیەوە.

٨. دوای سەرکەوتنی شۆڕش، دەسەڵات هیواو بیرو بۆ چوونەکانی خۆی ئاشکرا کرد لەسەر هەردوو ئاستی هەرێمی و نێو دەوڵەتی و بانگەشەی بۆ بیرو باوەڕەکانی خۆی دەکرد بەرەوانەکردنی شۆڕش بۆ دەرەوە.

٩. ئەم ماوەیە (دە) ساڵی خایاند، لەو ماوەیەدا سیستمی نوێ بەرەو رووی بەرەنگاری زۆر بۆ تەوە لەسەر هەردوو ئاستی ناو خۆو دەرەوە .

## نەخشەی هێزە سیاسییەکان لەسەرەتای سەرکەوتنی شۆڕش:( ٦٩ )

لەئەنجامی ململانێیەکان لەسەر دەسەڵات، دوای سەرکەوتنی شۆڕش، هێزو رەوتە سیاسیەکان لەئێران بەسەر شەش ئاراستەو گروپ دابەش بوون، هەر گروپەو بەرژەوەندی تایبەتی خۆی و بنکە کۆمەڵایەتیە دیاریکراوەکەی خۆی جیاکردۆتەوەو هەریەکەشیان ئایدیۆلۆجیاو تێروانینی ئایندەیی خۆی هەیە، کەبەشێوەیەکی ئاشکراتر لەقۆناغی چەسپاندنی سیستم لەناو جەماوەردا بەر جەستەبوون، بەتایبەتیش دوای ئەوەی سەرکردەکانی رەوتی ئیسلامی دەستیان بەسەر هەموو کاروبارە سیاسی و ئایینیەکانی دەوڵەتداگرت، ئەو شەش گروپەش بریتی بوون لە:

١. شۆرشگێڕە رادیکالەکان:

خومەینی لەسەرەوەی ئەو رەوتەبوو، ژمارەیەکی زۆری خوێندکارانی دەگرتە خۆی، ئەو گروپە سێ ئامانجی سەرەکی هەبوو:

أ- درێژەپێدانی خۆپیشاندانەکان تابەتەواوی رژێم دەروخێت.

ب- ئامادەکردن و کۆکردنەوەی جەماوەر لەچینی ناوەڕاست، ئەوانی رۆڵیان هەبوو لەرەخنەگرتن و ناڕەزایی بوون لە هەموو چاکسازییەکانی شای ئێران.

ج- گۆڕینی رژێمی پاشایەتی بەدەسەلاتێکی کۆماری ئیسلامی.

لەسەر کردەکانی ئەم رەوتە ئایەتوڵلا بەهەشتی، ئایەتوڵلا باهنەر، خامنەئی، رەفسەنجانی، ئەم رەوتە پاش سەرکەوتنی شۆڕش، حزبی جمهوری ئیسلامی دامەزراندن.

٢. ئایندارە میانرەوەکان:

لەسەرکردەکانی ئەم گروپە ئایەتوڵلا شەریعەتمەداری، ئەم گروپە لایەنگری و هەواداری زۆری هەبووە لەناو بازرگانە گەورەکان و پیاوانی ئایینی لەناوچەی ئازەربیجان، هەر لەسەرکردەکانی دیکەی ئەم گروپە، ئایەتوڵلاکولبایکانی کەیەك لەو شەش گەورە زانا ئایینیەی ئێران بوو.

ئامانجەکانی ئەم گورپە روخاندنی رژێمی پاشایەتی نەبوو، بەڵکو داوایان دەکرد کە سیستمی پاشایەتی دەستوری بێت لەسەر شێوەی دەستوری ساڵی (١٩٠٦)، ئەوان پێش شۆڕش لایەنگری ئەوە بوون سیستمی پاشایەتی بمێنێ، بەڵام دوای سەرکەوتنی شۆڕش و چەسپاندنی سیستمی کۆماری، داوای سیستمی فرەحزبیان دەکرد هەموولایەك بەرێگای هەڵبژاردنەوە بەشداری لەکارو باری دەوڵەت بکەن.

٣. ئایندارە لیبرالەکان:

سەرۆکی ئەم گروپە مەهدی بازرگان بوو (سەرۆکی حکومەتی کاتی) ئەم گروپە لەلایەن کەسانی بەتەمەن و شارەزا لەوانی لەکاروباری ئیداری و فەرمانبەران و پیشەداران لەناو حکومەتی پێشو کاریان دەکرد پشتگیری دەکرا، ئەوانە شارەزایی سیاسیان هەبوو، لەئاراستەو بۆ چوونەکانی پیاوانی ئایینی تووندرەو بەگومان بوون، هەروەها باوەڕیان بەوە نەبوو کەپیاوانی ئایینی توانای بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی دەوڵەتیان هەبێت، ترسیانیش لەدروست بوونی حکومەتێکی - پیوکراتی - هەبوو کە

جێگای حکومەتی پاشایەتی بگرێتەوە، ئەو لیبراڵانە داوای سیستمێکی کۆماری ئیسلامی دیموکراسیان دەکرد.

٤. ریفۆرمخوازان:

ئەوانە بریتی بوون لەو موجاهیدانەی بەشداریان لەشەری پارتیزانی کردوو، لایەنگری (د. عەلی شەریعەتی)بوون، کە لەبنەماڵەیەکی ئاینیەوە سەری هەڵدابوو، لەگەڵ ژمارەیەك لەرۆشنبیران و خوێندکارانی زانکۆ.

ئەو رەوتە دژی ئیمپریالیزم و سەرمایەداریە باوە نەریتگەرییەکە بوون، سەرەڕای زۆرداری پیاوانی ئایینی، ئامانجیان کۆتایی هێنان بوو بەرژێمەکەی محمد رەزا شاو بەرپا کردنی شۆڕشێکی هەمەلایەنی دژی ئەو ژێرخانە چینایەتیەی کەهەیە، داوای دابەشکردنەوەی داهاتی کشتوکاڵ و نوێکردنەوی هۆیەکانی بەرهەم هێنانیان دەکرد، بەڵام ئەو گروپە تووشی دژایەتی و چەوساندنەوە هات لەلایەن رەوتە ئاینیەکانی دیکەو لایەنگرانی خومەینی .

٥. نیشتمان پەروەرە نەریتگەرییەکان:

بەرەی نیشتمانی کۆنترین بزووتنەوەی سیاسی بوو لەئێران، ئەم بەرەیە کۆمەڵە حزب و چەند لایەنێکی سیاسی، هەڵگری بیروباوەڕی جیاوازی دەگرتە خۆی.

لەناو رێزەکانی نەوەیەك لەتەمەن گەورەکانی سەردەمی (د. موسەدەق)ی تێدابوو، ئەوانە خەباتیان بۆ رزگاربوون بوو لەبنەماڵەی شا، هەروەها داوایان دەکرد بنەما نیشتمانیەکان پەیرەوبکرێت، لەگەڵ پشتگیری کردنیان بۆ سیستمی کۆماری کە رێگا بەفرە حزبی بدات.

چەپی ئێران:

کۆمەڵە رەوت و حزبێکی چەپی جیاواز بوون، لەسەروویانەوە حزبی تودەو گروپی فیدائی خەلق و باڵێکی موجاهیدینی خەڵق و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانتی شۆڕشگێر لەکوردستان، ئەوانە ئاڵاو دروشمی سیستمی عەلمانیەتیان هەڵگرتووە

## پرۆسەی دروستکردنی بڕیاری سیاسی لەئێران:

پرۆسەی دروست کردنی بڕیاری سیاسی لە کۆماری ئیسلامی ئێران، پرۆسەیەکی ئاڵۆزە، بەچەندین ئاست تێپەڕ دەبێت و لەئەنجامی کارلێکردنی نێوان چەند دامەزراوەیەکی ڕەسمی و کاریگەری چەند فاکتەرێکی ناوخۆیی و دەرەکیەوە ئەو بڕیارە دروست دەبێت.

لەئێراندا چوار مەڵبەندی سەرەکی هەیە، تایبەتە بەتوژینەوەو لێکۆڵینەوەی سیاسی و ئابوری(٧٠) (سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری ناوەندی بچووك تر)، ئەو ناوەندو مەڵبەندانەش بریتین لە:

١. مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی سەرۆکایەتی کۆمار.
٢. مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی پەرلەمانی ئێرانی.
٣. مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی سەر بەکۆمەڵگەی دەست نیشانکردنی بەرژەوەندییەکانی سیستم.
٤. مەڵبەندی لێکۆڵینەوەی وەزارەتی دەرەوەی ئێران.

لەدروستکردنی بڕیاری سیاسی ئێرانی، چەندین فاکتەر کاریگەری بەسەرەوە دەبێ: دەکرێ ئەو فاکتەرانە(٧١) بەم خاڵانەی خوارەوە دەست نیشان بکەین:

**یەکەم:** ئەو چوار چێوە ئایدۆلۆجی و یاساییەی، سیستم لەمیانەیدا کاردەکات، ئەوانیش: بیروباوەڕەکانی خومەینی یەك لەو بنچینانەیە، کە کاریگەری لەسەر بڕیاری سیاسی دەبێت، هەروەها ئەو دەستورە ئێرانیەی کە ساڵی ١٩٧٩ داڕێژرا، کە چوار چێوەیەکی یاسایی بۆ هەر بڕیارێك دیاری دەکات.

**دووەم:** ژینگەی ناو خۆیی ئێرانی، فاکتەرە کاریگەرەکانیشی بریتین لە:

١. سنووری وشکانی و ئاوی ئێرانی لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ.
٢. مێژووی کۆنی ئێرانی و تێکەڵاوی لەگەڵ مێژووی ئیسلامی و گەلانی دەوروبەر.

٣. بوونی چەندین نەتەوەو ڕێبازو ئاینی جیاواز لەناو ئێران.

٤. فاکتەرە ئابورییەکان.

٥. کەلتوری سیاسی ڕێبازی شیعە.

**سێیەم:** سروشت و پێکهاتەی سیستمی سیاسی لەئێران، لەحکومەت و دامەزراوەکانی، کۆمەڵەو یەکێتی و سەندیکا جەماوەریەکان، هێزو حزبە سیاسیەکان.

**چوارەم:** پەیوەندییە دەرەکیەکانی ئێران لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ و وڵاتانی زلهێزی جیهانی.

وەرگرتنی بڕیار، بریتیە لە پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەلتەرناتیڤێك لەنێوان(٧٢) چەندین ئەڵتەرناتیڤی بەردەست، دیارە ئەو پرۆسەیە هۆشیارانە دەبێت، بەمەرجێك گەورەترین ئامانجەکان بەدی بێنێت و کەمترین زیانیشی بەدواوە بێت.

ئەو پرۆسەیە شێوە کارێکی ئامادەکراوە، هێشتا نەخراوەتە بواری کارکردنی زانراو، تێیدا ئەو ئاراستانە دیاری دەکرێن کە دواتر دەخرێنە بواری جێبەجێ کردنەوە، ئەویش لەمیانەی پەیوەڕەوکردنی چەند سیاسەتێکی دیاریکراودا، ئەو فۆرمە داڕێژراوە وەك ڕەگەزێکی کارایی و بابەتی دەبێت لەپرۆسەی دانانی سیاسەتە جیاوازەکانی ناو دام و دەزگا رەسمیەکانی دەوڵەت یان دەرەوەی، مەبەستیش لێی رۆڵی هەردوو دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەریە، هەروەها ئەو رۆڵەی کە گروپەکانی فشار دەیگێڕن بەو هەندەی کەبڕیار بەزۆری لەلایەن دەسەڵاتی جێبەجێکردنەوە دادەنرێت.

ئێران لەهەموو بوارەکان تایبەتمەندی خۆی هەیە، لەم روە وەش پشت بەستنی سەرکردەکانیەتی بەناوەندەکانی تۆژینەوەو لێکۆڵینەوە سیاسی و ستراتیجیەکان، کەکاریگەری کارایان دەبێت لەئاراستە کردنی سەرکردەکان و دروست بوونی بیروباوەڕی ستراتیجیان.

هـەوەك وتمـان پرۆسـەی دروسـتكردنی بڕیـاری سیاسـی لـەئێران، پرۆسـەیەكی ئاڵۆزە،(٧٣) سەرەتا لەو چوار چێوەیەی كە پرۆسەكە دەست پێدەكات ئەگەر لەسـەر ئاستی هزری بێت یان یاسایی، لەگەڵ رادەی كـارتێكردنی بیروباوەڕەكـانی خومـەینی لەسەر پێكهاتەكانی سیستم، سـەرەڕای شێوەی سیستمەكە بـەو پێیـەی كەدەسـتور دیـاریكردووە، هـەروەها ژینگـەی تایبـەت بـەو پرۆسـەیە جیـاواز دەبێـت بـەپێی تایبەتمەندی ئێران لەسەر هەردوو ئاستی: ناو خۆیی بەهۆی خەسلەتەكانی جوگرافی و پێكهاتەی مرۆیی، یان لەسەر ئاستی دەرەكی بەهۆی سیاسەتەكانی ئێران لەگەڵ هێزە جیوازەكان لەپێش و لەپاش شۆڕشی ١٩٧٩.

بـەڵام دەربـارەی گـرینگترین ئـەو هێزانـەی كارتێكردنیـان دەبێـت لەپرۆسـەی دروست(٧٤) كردنی بڕیار خۆی دەنوێنێ لە: رابەر، سەرۆك كۆمار، ئەنجومـەنی شـورا، (كە گۆڕەپانی ململانێی رەوتە سیاسییەكانە، لەنێوان كۆنە پارێزو ریفۆرمخوازەكان).

لێرەدا جۆرە نادیارییەك و شاراوەییەك بەدی دەكرێت، بەتایبەتی لەنێوان سەركردە سیاسیەكان و ئەو رۆڵە راستیەی كە هەر یەكەیان پێی هەڵدەسێت.

ئـەوەی تـەوەری سـەرەكیە و لایەنـەكانی دروسـت كردنـی بڕیـار لەسـەری كۆكن و كاریگەریشی لەسـەر هـەموو بڕیـارو رەفتارەكـانی سیسـتمی سیاسـی دەبێت، بریتیـە لەپارێزگاریكردن لەسەر هێـزو سـەقامگیری و توونـدی سیسـتمی حوكمرانیـە لـەئێران، هـەروەها بـەكار هێنـانی هـەموو تواناكـان لـەناو خـۆو دەرەوەدا بـۆ بـەدیهێنانی ئـەو ئامانجە.

پرۆسەی دروستكردنی بڕیاری سیاسی بەگرینگترین ئەو ئەركانە دادەنرێت كـە هـەر سیستمێكی سیاسی پێی هەڵدەسێت، لەئەنجامـە كۆتاییەكـەی كـار لەیـەككردنی هـەر سیستمێكی سیاسی.

لەناو ئێران وەك تێبینی دەکرێ، ژمارەیەکی گەورەی زانایانی ئاینی لەناو دام و(٧٥) دەزگا جۆراوجۆرەکان، ئەرکیان بەدەستەوەیە، هەریەکە بەپێی تایبەتمەندی کارەکەی و بەرێژەیەك بەشداری دەکات لەدروست بوونی بریارو دارشتنی سیاسەتی گشتی ولآت.

## خشتەی ژمارە (١)

دیاریکردنی سیاسەتە گەشتیەکان لەئێران (٧٦)



## خشتەی ژمارە (٢)

(ئالیەتی) هۆکاری جێبەجێکردنی سیاسەتەگشتیەکان لەئێران (٧٧)

رابەر چاودێری هەموو دامەزراوەکانی کۆماری ئیسلامی و دەسەڵاتەکانی دەکات، بۆ دڵنیابوون لەجێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتانە، هەروەها بۆ خۆتێ هەڵقوڵتاندن لەکاتی پێویست، بەمەبەستی چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی کەروو دەدەن لەنێوانیاندا

دامەزراوەی بەرژەوەندی سیستم هەڵدەستێ بەئاگادارکردنەوەی لایەنی پەیوەندیدار (سەرۆکایەتی کۆمار) بەداواکانی رابەرو بڕیارەکانی، هەروەها چاودێری شێوەکانی کارەکانیشیان دەکات.

سەرۆکایەتی کۆمار بڕیارو ڕێنماییەکانی رابەر وەردەگرێت لەڕێگای دامەزراوەی بەرژەوەندی سیستم بۆ دانانی پلان و بەرنامەی پێویست بۆ جێبەجێ

دەسەڵاتی جێبەجێ کردن، هەڵدەستی بەخستنە ڕووی بەرنامەو پلانەکانی پێویست بۆ ئەنجامی شورا بۆ جێبەجێ کردنی داواکاریەکانی رابەر

ئەنجومەنی شورای ئیسلامی هەڵدەسێت بەلێکۆڵینەوە لەپلان و بەرنامەکانی جێبەجێ کردن کەحکومەت دایناوە، بۆ جێبەجێ کردنی ڕێنماییەکانی رابەر و دەنگدان لەسەریان

دامەزراوەی پاراستنی دەستور، ئەو یاساو ڕێنماییانەی لەئەنجومەنی شوراوە دەنگی لەسەردراووەو بەدەستی دەگات دەربارەی جێبەجێکردنی پلان و بەرنامە دانراوەکان، بۆ جێبەجێکردنی ڕێنماییەکانی رابەر، ورد دەبێتەوە لێی بۆ گونجاندنی لەگەڵ دەستور و شەریعەتی ئیسلامی.

دەسەڵاتی جێبەجێکردنی ئەو یاسایانەی لەئەنجومەنی شورا دەنگی لەسەر دراوەو ئەنجومەنی پاراستنی دەستور یەکلای کردۆتەوە وەردەگرێت بۆ جێبەجێکردنی

## خەسلەتەکانی سیستمی سیاسی ئیسلامی لەئێران: (٧٩)

سیستمە سیاسییەکان لەزۆربەی دەوڵەتانی جیهان لەسێ دەسەڵات پێکدێت، ئەوانیش: دەسەڵاتەکانی (جێبەجێ کردن، یاسادانان، دادوەری) هەرچی بێت ناوەکانیان بەپێی جیاوازی نێوان ئەو سیستمانە.

بەڵام ئەو بارەی لەئێراندا هەیە، هەندێ جیاوازی لەچەند جومگەیەکیدا بەدی دەکرێن، ئەگەرچی هەرسێ دەسەڵاتەکەی ناومان هێنان، بوونیان هەیە بەڵام ئەوانە بەتەنها کارەکان بەڕێوەنابەن، بەڵکو دامەزراوەی دیکە پێکهاتووە بۆ ڕێکخستنی کاری سیستم لەو وڵاتە کەخەسلەتێکی ئیسلامی هەڵگرتووە، ئەو دامەزراوانەش هەندێکیان لەدەرەوەی سێ دەسەڵاتە بنچینەیەکەن، دەسەڵاتەکانیان تێکەڵ دەبن لەگەڵ هەریەك لەو سێ دەسەڵاتە ڕەسمیەی کە هەیە، هەرسێ دەسەڵاتی (جێبەجێ کردن، یاسادانان، دادوەری) کارەکانیان لەژێر چاودێری – وەلی ئەلفەقیە – یان – رابەر – بەڕێوە دەبەن، ئەویش بە پێی دەقەکانی دەستوری ئێرانی (بەندی ٥٧).

دامەزراوەکانی حوکمڕانی لەئێران بەدامەزراوەیەکی ئالۆز وتێکەڵ لەگەڵ یەکتر لەدەسەڵات و ئەرك، دادەنرێن، فەلسەفەی سیاسی حوکمڕانی لەو وڵاتە لەشەرعییەتێکی ئاینی کۆمەلایەتیەوە سەرچاوەی گرتووە، دیارە ئەویش بەهۆی رۆڵە مێژووییەکەی پیاوانی شیعەوە لەڕێبازی سیاسی و ئاراستەکردنی کۆمەڵگە روویداوە، دواتریش حوکمرانی لەو وڵاتە بەپێی تیۆری رەها – ویلایەتی فەقیە – چەسپا.

بەم پێیە پێکهاتەی دامەزراوەیی سیستمی حوکمڕانی، دابەش دەبێتە سەرچەندین ئەنجومەن و دامەزراوەی جیاواز، بۆ هەریەکەیان رۆڵێك دیاریکراوە لەچوار چێوەی ئەو تیۆریەدا، هەروەك دەستوریش بە وپێیە دانراوە.

**دەکرێ دامەزراوەکانی حوکمڕانی لەئێران دابەش بکەینە سەر:**

**یەکەم: دامەزراوە سیاسییەکان، چوار دەسەڵات دەگرێتە خۆی:**

١. دامەزراوەی وەلی ئەلفەقیە، ئەم دامەزراوەیە راستەوخۆ ئەم ئەنجومەنانەی خوارەوەی پێوە بەستراوە:

أ) ئەنجومەنی شارەزایان.

ب) ئەنجومەنی پاراستنی دەستور

ج) ئەنجومەنی دەستنیشانکردنی بەرژەوەندی سیستم.

٢. دامەزراوەی جێبەجێکردن، کەبریتیە لە :

أ- سەرۆکایەتی کۆمار

ب- سەرۆکایەتی وەزیران

ج- وەزارەتەکان

٣. دامەزراوەی تەشریعی، ئەنجومەنەکانی:

أ) ئەنجومەنی شورا – پەرلەمان – ژمارەی ئەندامانی (٢٧٠) ئەندامە دەکرێ لەکاتی پێویست (٢٠) ئەندامی تری بۆ زیاد بکرێت، ماوەی هەر خولێك (٤) ساڵ دەبێت.

ب) ئەنجومەنی پاراستنی دەستور.

٤. دامەزراوەی دادوەری، بریتیە لە :

أ) سەرۆکی دەسەڵات.

ب) دادگای باڵا

ج) دادوەری گشتی

د) دادوەری تایبەتی

هـ) دادگا شۆرشگێریەکان

**دووەم: دامەزراوە سەربازیەکان، بریتین لە:**

١- ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی.

٢- سوپای ئێرانی

٣- پاسەوانی شۆڕش

٤- هێزەکانی ئامادە

٥- بەسیج

٦- وەزارەتی هەواڵگری و ئاسایشی نەتەوەیی

**سێیەم: دامەزراوە ئابوریەکان، دامەزراوە ئابوریە جیاوازەکانی ئێران.**

**چوارەم: دامەزراوە کۆمەڵایەتی و ئاینیەکان، وەك:**

١- دامەزراوە خزمەتگوزاریە کۆمەڵایەتیەکان.

٢- دامەزراوەی شەهید.

٣- دامەزراوەی هەژاران و نەداران.

٤- دامەزراوە ئاینیەکان - حەوزەکان.

٥- ناوەندە ئاینیەکان.

## پاشکۆی ژمارە (١)

ئامارەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتیەکان لەئێران (٨٠)

١) یەکەم هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی:
ڕۆژی هەڵبژاردن (٢٥/کانونی دووەمی/١٩٨٠)
ژمارەی کاندیدەکان (١٢٤ ، دوایین رکابەرەکان / ٩٥ کاندید)
ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو (٢٠.٩٣٣.٦٤٣) کەس .
ژمارەی دەنگدەران (١٤.١٥٢.٨٨٧) کەس.
کاندیدی براوە (ئەبولحەسەن بەنی سەدر)
ڕێژەی دەنگ (١٠.٧٥٣.٧٥٢) دەنگ
ڕێژەی سەدی بەشداریکردن (٦٧.٤٪)

٢) دووەم خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی:
ڕۆژی هەڵبژاردن (٢٢/تەموزی/١٩٨١)
ژمارەی کاندیدەکان (٧١ کاند، دوایین رکابەرەکان / ٤ کاندید)
ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو (٢٢.٦٨٣.٠١٧) کەس .
ژمارەی دەنگدەران (١٤.٥٧٣.٨٠٣) کەس.
کاندیدی براوە (محەمەد عەلی ڕەجائی)
ڕێژەی دەنگ (١٢.٧٧٠.٥٠١) دەنگ
ڕێژەی سەدی بەشداریکردن (٦٤.٢٪)

٣) سێیەمین هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی:
ڕۆژی هەڵبژاردن (٣٠/ئەیلولی/١٩٨١)
ژمارەی کاندیدەکان (٦٤ کاند ، دوایین رکابەرەکان /٤ کاندید)

ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو (٢٢.٦٨٧.٠٢٢) کەس .

ژمارەی دەنگدەران (١٦.٨٤٧.٧١٧) کەس.

کاندیدی براوە (عەلی خامنەئی)

ڕێژەی دەنگ (١٥.٩٠٥.٩٨٧) دەنگ

ڕێژەی سەدی بەشداریکردن (٧٤.٢٪)

٤) چوارەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی:

ڕۆژی هەڵبژاردن (٢٥/تەموز/١٩٨٥)

ژمارەی کاندیدەکان (٥٠ کاندید ، دوایین ڕکابەرەکان / ٣ کاندید)

ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو (٢٥.٩٩٣.٢٠٦) کەس .

ژمارەی دەنگدەران (١٤.٢٣٨.٥٨٧) کەس.

کاندیدی براوە (عەلی خامنەئی)

ڕێژەی دەنگ (١٢.٢٠٥.٠١٢) دەنگ

ڕێژەی سەدی بەشداریکردن (٥٤.٧٪)

٥) پێنجەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی:

ڕۆژی هەڵبژاردن (١٦/تەموزی/١٩٨٩)

ژمارەی کاندیدەکان (٧٩ کاند ، دوایین ڕکابەرەکان / ٢ کاندید)

ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو (٣٠.١٣٩.٥٩٨) کەس .

ژمارەی دەنگدەران (١٦.٤٥٢.٦٧٧) کەس.

کاندیدی براوە (عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی)

ڕێژەی دەنگ (١٥.٥٥٠.٥٢٨) دەنگ

ڕێژەی سەدی بەشداریکردن (٥٤.٦٪)

٦) شەشەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی:

ڕۆژی هەڵبژاردن (١١/حەوزەیران/١٩٩٣)

ژمارەی کاندیدەکان (١٢٨ کاند ، دوایین ڕکابەرەکان / ٤ کاندید)

ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو (٣٣.١٥٦.٠٥٥) کەس .

ژمارەی دەنگدەران (١٦.٧٦٨.٧٨٧) کەس.

کاندیدی براوە (عەلی ئەکبەر هاشمی ڕەفسەنجانی)

ڕێژەی دەنگ (١٠.٥٦٦.٤٩٩) دەنگ

ڕێژەی سەدی بەشداریکردن (٥٠.٥٪)

٧) حەوتەمین خولی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی:

ڕۆژی هەڵبژاردن (٢٣/ئایاری/١٩٩٧)

ژمارەی کاندیدەکان (٢٣٨ کاند ، دوایین ڕکابەرەکان / ٤ کاندید)

ژمارەی ئەو کەسانەی مافی دەنگدانیان هەبوو (٣٦.٤٦٦.٤٨٧) کەس .

ژمارەی دەنگدەران (٢٩.١٥٤.٧٤٥) کەس.

کاندیدی براوە (محەمەد خاتەمی)

ڕێژەی دەنگ (٢٠.١٣٨.٧٨٤) دەنگ

ڕێژەی سەدی بەشداریکردن (٧٩.٩٪)

## پاشکۆی ژمارە (٢)

زنجیرەی مێژووی ڕووداوەکان (٨١)

١) ١٩٠٦، رازی بوونی حکومەتی ئێران لەسەر پێدانی مافی پشکنین لەنەوت بەکۆمپانیای فارسی ئینگلیزی.

٢) ١٩٠٦، دەرچوونی دەستور، پاش راپەرینە جەماوەریەکەی نێوان (١٩٠٥ – ١٩٠٦) دژ بە شاو رژێم لەئێران.

٣) ٢٦/تشرینی یەکەم/١٩١٩ لەدایك بوونی محەمەد رەزا لەشاری تاران.

٤) ٢١/شوباتی/١٩٢١، دەسگرتنی هێزەکانی قەوزاق بەسەر شاری تاران، بەسەرکردەی رەزاخان و گۆڕینی دەسەلات.

٥) ٢٦/شوبات/١٩٢١، گەیشتنی سوپای سووری سۆڤیەتی بۆ ناوچەی (ئەنزلی) و سەپاندنی پەیمانی نێوان سوڤیەت و ئێران.

٦) ٢٩/کانوونی یەکەم/١٩٢٥ رەزاخان ، بوو بەشای ئێران.

٧) ١٩٤١، داگیر کردنی ئێران لەلایەن سوپای روس و بەریتانیا، لادانی رەزا شاو محەمەد رەزا بوو بەشای ئێران.

٨) ١٣/کانونی یەکەم/١٩٤٦، کشانەوەی سوپای سوڤیەت لەناوچەکانی ئازەربێجان و دارمانی هەردوو حکومەتی خود موختاری ئازەربیجان و کوردستان.

٩) ١٩٥١، د.محەمەد موسەدەق بووە سەرۆك وەزیران و بڕیاری خۆمالیکردنی نەوت دەرچوو.

١٠) ١٩/ئابی/١٩٥٣، کودەتای سەربازی دژی حکومەتەکەی د.موسەدەق بەهاوکاری هەوالگری ئەمریکا.

١١) ١٩٦٢، راگەیاندنی شۆڕشی سپی لەلایەن محمەد رەزاشا، حزبی ئێرانی نوێ، حکومەتی پێکهێنا.

١٢) ٥/حوزەیرانی/١٩٦٣، راپەڕینی جەماوەری فراوان دژی دەسەڵات.

١٣) تشرینی دووەمی/١٩٦٤، بڕیاری دوور خستنەوەی خومەینی بۆ تورکیا دەرچوو.

١٤) ٢٦/کانونی دووەمی/١٩٦٥، تیرۆر کردنی سەرۆك وەزیران (عەلی مەنسور) لەلایەن توندرەوە ئیسلامیەکان، ئەمیر هویدا بووە سەرۆك حکومەت.

١٥) تشرینی دووەمی/١٩٧١، تەواو بوون لەگەیاندنی هێڵی بۆری غاز بۆیەکێتی سوڤیەت.

١٦) تشرینی یەکەمی /١٩٧١، ئاهەنگ گێڕان بە بۆنەی یادی (٢٥٠٠) ساڵەی دامەزراندنی سیستمی پاشایەتی لەئێران.

١٧) ٢ مایسی/١٩٧٥، دامەزراندنی حزبی رستاُخیز – بەبڕیاری شای ئێران.

١٨) ٦/ئابی/١٩٧٧، دیاریکردنی ئامۆژگار بەسەرۆکی حکومەت لەجیاتی هوەیدا.

١٩) ١٧/ئابی/١٩٧٧، دەرچوونی بڕیارێك لەلایەن حکومەتەوە، بەقەدەغەکردنی بەشداریکردنی وەزیران و فەرمانبەرە گەورەکان لەپرۆژەی تایبەت.

٢٠) بەهاری/١٩٧٧، وتار خوێندنەوەو ناڕەزاییەکان دژ بەسیستمی پاشایەتی سەری هەڵدا.

٢١) ٣١/کانونی یەکەمی/١٩٧٧، سەرۆکی ئەمریکا کارەتەر لەشاری تاران رایگەیاند: (ئێران دوورگەیەکی سەقامگیرە لەناوچەیەکی شلەژاوو پڕئاژاوە لەجیهاندا، هیچ وڵاتێك نزیکترنیە لەئێمە وەك ئێران لەو بوارەی پەیوەندی بەئەمنی نەتەوەیمان هەیە هەروەها هیچ سەرکردەیەك وەك شا نیە کەرێزو خۆشەویستیم بۆی هەبێ.

٢٢) ٨/تشرینی دووەمی/١٩٧٨، دەسگیرکردنی ئەمیر هویدا و بەدەیان کەسایەتی سیاسی دیکە.

٢٣) ٢٠/تشرینی دووەمی/١٩٧٨، رووداني خۆپیشاندان و ئاژاوە لەشاری شیراز.

٢٤) ٧/كـانوونی یەكـەمی/١٩٧٨، لەلایـەن ولاتەیـەكگرتووەكانی ئـەمریكاوە، راگەیاندنێك دەرچوو، تێیدا هـاتبوو، ئێمـە بـەهیچ شێوەیەك لەدەست لـەكاروباری ناوخۆی ئێران وەرنادەین.

٢٥) ٣١/كانوونی یەكەمی/١٩٧٨، شاپور بەختیار حكومەتێكی نوێ پێكدێنی.

٢٦) ١٦/كانوونی دووەمی/١٩٧٩، شاپور بەختیار و حكومەتەكەی متمانەی هەردوو ئەنجومەنی نوێنەران و پیرانی ئێرانی بەدەست هێنا.

٢٧) ٥/كانوونی دووەمی/١٩٧٩، جەنەڕال – هویزە – گەیشتە تاران.

٢٨) ١١/كانوونی دووەمی/١٩٧٩، سایدۆس ڤانز رایگەیاند كـە محەمـەد رەزاشا بۆ ماوەی چەند هەفتەیەك ئێران بەجێ دەهێلێت.

٢٩) ١٦/كانوونی دووەمی/١٩٧٩، شاو ئەندامانی خێزانەكـەی بـەرەو ولاتـی میسر رۆیشتن.

٣٠) ١٩/كـانوونی دووەمـی/١٩٧٩، بـەرپابوونی خۆپیشـاندانی جـەماوەری گـەورە لەشارەكانی ئێـران، بـۆ پیشـتگیری كردنـی خومـەینی و داوای راگەیانـدنی سیسـتمی كۆماری ئیسلامی دەكرد. .

٣١) ٢٢/كانوونی دووەمی/١٩٧٩، جەنەڕال گارا رایگەیانـد كـە رووداني كودەتـای سەربازی بەدوور دەزانێ.

٣٢) ١/شوباتی/١٩٧٩، گەڕانەوەی ئایوتوڵلا خومەینی بۆ تاران.

٣٣) ٥/شـوباتی/١٩٧٩، دانـانی مەهـدی بازرگـان بەسـەرۆك وەزیـران لەلایـەن خومەینیەوە.

٣٤) ١٥/شوباتی/١٩٧٩، كوشتنی جەنەرال (ناسری)و جەنەڕال (ناهیمی) و جەنەڕال (خەسرەو داد)، جەنەرال(ناجی) بەتیرباران كردنیان.

٣٥) ٧/نیسانی/١٩٧٩، كوشتنی ئەمیر عەباس هوەیدا.

٣٦) ١١/نیسانی/١٩٧٩، کوشتنی باکر ئاڤان، موگادام و عەباس عەلی خەلعەتبەری.

٣٧) / لە٢٢/تشرینی یەکەم / ١٩٧٩، محەمەد رەزاشا لەمەکسیکەوە بەرەو ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا رۆیشت.

٣٨) ٤/تشرینی دووەمی/١٩٧٩، هێرشی خوێندکاران بۆ سەر بالیۆزخانەی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەتاران و بەبارمتەگرتنی (٥١) کەس، ئامانج لەو کارە فشار خستنە سەر ئەمریکا بۆ بەدەست دانەوەی شا بە ئێران.

٣٩) ٦/تشرینی دووەمی / ١٩٧٩، دەست لەکارکێشانەوەی حکومەتی ئێران بە سەرۆکایەتی مەهدی بازرگان.

٤٠) ٩/تشرینی دووەمی/١٩٧٩، ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەرێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان داوای ئازاد کردنی بارمتە ئەمریکیەکان دەکات. بالیۆزی ئەمریکا لەتارن چاوی بە (ئەبولحەسەن بەنی سەدر) وەزیری دەرەوەی ئێران دەکەوێت، نوێنەری تایبەتی ڤاتیکان، نامەیەك لەپاپاوە بۆ خومەینی رەوانە دەکات.

٤١) ١٠/تشرینی دووەمی/١٩٧٩، سەرۆکی ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا — کارتەر — بڕیاری دەرکردنی ئێرانیەکان دەدات.

٤٢) ١٢/تشرینی دووەمی/١٩٧٩، ولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دەست بەسەر پارەی ئێران دەگرێت لەبانکەکانی.

٤٣) ١٨/تشرینی دووەمی/١٩٧٩، خومەینی بڕیاری ئازاد کردنی ڕەش پێست و ژنان دەدات، لەناو بارمتەکانی بالیۆزخانەکەی ئەمریکا لەتاران.

٤٤) ٢٥/تشرینی دووەمی/١٩٧٩، سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان (کورت ڤالدهایم) کۆبوونەوەیەکی نائاسایی بۆ ئەنجوومەنی ئاسایشی رێکدەخات، حکومەتی یەکێتی سۆڤیەت، داوا لەئێران دەکات، بارمتە ئەمریکیەکان ئازاد بکات.

٤٥) ٢٨/تشرینی دووەمی/١٩٧٩، سادق قوتب زادە لەجێگای (بەنی سەدر) دەبێتە وەزیری دەرەوەی ئێران.

٤٦) ٢٩/تشرینی دووەمی/١٩٧٩، ژمارەی (٥٤) لەئەندامانی کونگریسی ئەمریکی، داوا لەسەرۆك کارتەر دەکەن هێرش سەربازی بکاتە سەر ئێران.

٤٧) ٣/کانونی یەکەمی/١٩٧٩، لەئێران بەرێژەیەکی بەرز دەنگ لەسەر دەستوری نوێی ئێران دەدرێت.

٤٨) ٧/کانونی یەکەمی/١٩٧٩، سەرۆکی ئەمریکا – کارتەر – دژی هێرشی سەربازیە بۆ سەر ئێران.

٤٩) ١٢/کانونی یەکەمی/١٩٧٩، وەزارەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، داوا لەدبلوماسیە ئێرانیەکانی دەکات، خاکی ئەمریکا بەجێ بهێڵن.

٥٠) ١٥/کانونی یەکەمی/١٩٧٩، محەمەد رەزاشا وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بەجێ دەهێڵێت و روو لەوڵاتی (پەنەما) دەکات.

٥١) ١٦/کانونی یەکەمی/١٩٧٩، دادگای نێو دەوڵەتی لەلاهای داوا لەئێران دەکات بارمتەکانی بالیۆزخانەی ئەمریکا ئازاد بکات.

٥٢) ٢٣/کانونی یەکەمی/١٩٧٩، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا سزا دەسەپێنی بەسەر ئێران، سکرتێری نەتەوە یەکگرتووەکان، چەند رێنماییەك دەردەکات دەربارەی ژیانی بارمەتەکان.

٥٣) ٣١/کانونی یەکەمی/١٩٧٩، (کورت فالد هایم) سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگاتە تاران، ئەنجومەنی ئاسایشی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بەسزاکانی سەر ئێران رازی دەبێت بۆ ماوەی دەس بەسەر گرتنی بارمتەکان.

٥٤) ٣/کانونی دووەمی/١٩٨٠، خومەینی رازی نابێت چاوی بەکورت فالدهایم بکەوێت.

٥٥) ٨/کانونی دووەمی/١٩٨٠، کارتەر رازی نابێت بەهەر دەستێوەردانێکی سەربازی.

٥٦) ١٣/کانونی دووەمی/١٩٨٠، پاش پازدە رۆژ لەدەستێوەردانی یەکێتی سوڤیەت بۆ وڵات ئەفغانستان، بڕیار دەدات، بەرازی نەبوونی بەسزاکانی سەر ئێران.

٥٧) ٢٧/کانونی دووەمی/١٩٨٠، هەڵبژاردنی ئەبولحەسەن بەنی سەدر – وەك سەرۆك کۆماری ئێران.

٥٨) ٧/شوباتی/١٩٨٠، حکومەتی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پلانێك بۆ تۆڵەکردنەوە دادەنێت.

٥٩) ٢٣/شوباتی/١٩٨٠، نوێنەری ئەنجومەنی نەتەوە یکگرتووەکان دەگاتە تاران، خومەینی بڕیار دەدات، بارمتەکان ئازاد نەکرێن تا کاتی کۆ بوونەوەی پەرلەمان لەبەهاری ئەو ساڵەدا.

٦٠) ١٦/ئازاری/١٩٨٠، لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان) حزبی جمهوری ئێران، زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا.

٦١) ٢٣/ئازاری/١٩٨٠، محمەد رەزا شا، وڵاتی پەنامە بەجێ دەهێڵێت بەرەو کۆماری میسری عەرەبی.

٦٢) ٧/نیسانی/١٩٨٠، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا چەند بڕیارێك دەردەکات، أ) هەموو جۆرە پەیوەندییەکی دیپلوماسی لەگەڵ ئێران بپسێنێ. ب) داخستنی بالیۆزخانەی ئێران و بەشەکانی لەوڵاتی ئەمریکا. ج) سوود وەرگرتن لەو پارانەی دەستی بەسەردا گیراوە لەبانکەکانی ئەمەریکا. د) سەپاندی ئابلوقەی بازرگانی تەواو بەسەر ئێراندا .

٦٣) ٨/نیسانی/١٩٨٠، ئێران هەڕەشە دەکات بۆ راگرتنی نەوتی بۆ ئەو وڵاتانەی هاوکاری وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا دەکەن.

٦٤) ٢٣/نیسانی/١٩٨٠، دەوڵەتانی رۆژئاوا، رازی دەبن بەسەپاندنی سزای ئابوری و دیپلۆماسی، لەحالەتێکدا بارمتەکان پێش ١٧/مایسی/١٩٨٠ ئازاد نەکران.

٦٥) ٢٤/نیسانی/١٩٨٠، هەوڵێکی ئەمریکا لەڕێگای پرۆسەیەکی ئاسمانییەوە بۆ رزگارکردنی بارمتەکان، ئەو هەوڵە شکستی هێنا.

٦٦) ٢٧/تەموزی/١٩٨٠، محەمەد رەزا شا کۆچی دوایی کرد.

٦٧) ٢٠/کانونی دووەمی/١٩٨١، بارمتەکانی بالیۆزخانەی ئەمریکا لەتاران ئازاد کران، دوای (٤٤٠) رۆژ لەدەس بەسەرداگرتنی بالیۆزخانەکە.

٦٨) ٢٢/ئەیلولی/١٩٨٠، هەلگیرساندنی جەنگی نێوان عێراق و ئێران، کە نزیکەی (٨) ساڵی خایاند.

٦٩) ئابی/١٩٨١، ئەبولحەسنەی بەنی سەدر، لەئێران هەڵدێت بەرەو فەرەنسا.

٧٠) لە ٦/ئابی/١٩٨٨، جەنگی نێوان عێراق و ئێران کۆتایی هات.

## پەراوێزەکانی بەشی یەکەم


١. ایران – الدلیل السیاحي – حسن زندة دل، ترجمة – محمد رضا نجم الدین، دار ایران کردان للنشر، طهران/٢٠٠٩. ص٢٢.

٢. موسوعة السیاسة – عبدالوهاب الکیمالي – الجزء الاول – المؤسسة العربیة للدراسات والنشر، بیروت، الطبعة الرابعة/١٩٩٩، ص٤٢٣.

٣. قصة الحضارة، ویل دیورانت – المجلد الاول ، دار نوبلس نشر، بیروت، ترجمة زکي نجیب محفوظ – ص١٩.

٤. ایران والعراق خلال خمسة قرون – حسن مجید الدجیلي – دار الاضواء – بیروت – ط١٩٩٩/١ ص٢٨٣.

٥. گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە (١٤) ساڵی ١٩٩٩، هەولێر، بابەتی د. فوزیة سابیر.

٦. هەمان سەرچاوە.

٧. من تاریخ الحرکة الثوریة في ایران – د.فاضل ملا محمود ط٢٠١١/٢، السلیمانیة – ص٣٠

٨. تاریخ الجمهوریة في ایران – مجلة مختارات ایرانیة – یحیی داود عباس – الموسوعة الحرة ٢٠٠٧/٩/٨.

٩. التحولات السیاسیة في ایران (الدین و الحداثة و دورها في تشکیل الهویة الوطنیة)، موسی النجفي، موسی فقیه حقاني، ترجمة قیس آل قیس – مرکز الحضارة لتنمیة الفکر الانساني. ط٢٠١٣/١ بیروت. ص١٢٢.

١٠. گۆڤاری سەنتەری برایەتی، سەرچاوەی پێشوو، بابەتی د. فوزیة سابیر.

١١. گۆڤاری مێژوو، ژمارە(١) ساڵی یەکەم/٢٠٠٧، هەولێر، دیمانە لەگەڵ د. ئیسماعیل عەبدولرەحمان.

١٢. تاریخ ایران السیاسي بین ثورتین (١٩٠٦ – ١٩٧٩)، د. آمال السبکي – سلسلة عالم المعرفة، الکویت/١٩٩٩، ص٨.

- مدافع آیة الله – محمد حسنین هیکل – دار الشروق – القاهرة ط٢٠٠٢/٦ ص٤٤.
- وەڵام بۆ مێژوو – بیرەوەریەکانی شای ئێران – محەمەد رەزاشا. وەرگێڕانی سەعید سەیدی – چاپی٢٠١٣/١ – سلێمانی – ٣١.

١٣. گۆڤاری سەنتەری برایەتی – د. فوزیە سابیر – سەرچاوەی پێشو.

١٤. موسوعة تاريخ ايران السياسي. د.حسن الجاف. جزء/٣ ، ط١/٢٠٠٨ – الدار العربية للموسوعات – بيروت – ص٣٢٤.

١٥. موسوعة تاريخ ايران السياسي – سەرچاوەی پێشو. ص٣٣٢.

١٦. موسوعة تاريخ ايران السياسي – ج٤/. سەرچاوەی پێشو ص٢٣

١٧. • گۆڤاری مێژوو، ژمارە(١٧) ساڵی ٢٠١١، هەولێر، بابەتی وەرگێراو، عەبدوڵلا کاکەسور ل٢٢٦.

• وەلام بۆ مێژوو – بیرەوەریەکانی شای ئێران – سەرچاوەی پێشو. ل٤٤

١٨. دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر ، د. كمال مظهر احمد، بغداد – ١٩٨٥. ص٨٩.

١٩. • تاريخ ايران السياسي بين ثورتين د. آمال السبكي – سەرچاوەی پێشو ، ص٤٢.

• موسوعة تاريخ ايران السياسي – ج٤/. سەرچاوەی پێشو ص٥٥

٢٠. رضاه شاه بهلوي – التطورات السياسية في ايران (١٩١٨ – ١٩٣٩) – د. فرح صابر – مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية – السليمانية ص ١٣٢ – ١٨٢.

٢١. • مجلة دراسات ايرانية – العدد (٦ – ٧)، د. محمد عبدالله العزاوي.

• التغيير السياسي في ايران مابين التغيرات والقضايا – د. باكينام، الشرقاوي – حولية قضايا العالم الاسلامي (عدد خاص) مركز الحضارة للدراسات السياسية (٢٠٠٢) القاهرة.

• ايران (الثورة الخفية) تيري كوفيل ترجمة د. خليل احمد خليل – ط١/٢٠٠٨ بيروت ص٣٤.

• مصاحف و سيون (ايران) رياض نجيب الريس – ط١/٢٠٠٠ بيروت – ص٢٧١.

• ايران بين التاج والعمامة (احمد مهابة) – ص١/١٩٨٩ – دار الحرية ص١٣.

• ايران ماضيها وحاضرها – (دونالد ولبر) ترجمة د. عبدالمنعيم محمد حسين – دار الكاتب المصري – ط٢/١٩٨٥.

٢٢. • خەباتی رزگاریخوازی کوردو ئازەر لەئێران – د. کمال مەزهەر ئەحمەد – وەرگێرانی لەعەرەبیەوە ئازاد عوبێد سالح – دەزگای ئاراس – چاپی١/٢٠٠٤ هەولێر – ل٢٨.

• کوردو قاجار لەرۆژهەلاتی کوردستان (١٩٠٠ – ١٩٤١) شەمال ئەحمەد چاپی١/٢٠١٢ هەولێر، ل٥٧.

٢٣. بارودۆخی سیاسی کوردستان لە (١٨٨٠– ١٩٤٦) موجتەبا بورزوویی – وەرگێران لەفارسیەوە ناز ناز محەمەد عەبدولقادر، یوسف خزر چوویان، سۆران عەلی پوور، هەولێر چاپی١/٢٠٠٥ – ل١٣٩.

٢٤. ایران في سنوات الحرب العالمية الثانية – عبدالهادي كريم سلمان – مركز دراسات الخليج جامعة البصرة ١٩٨٦ ص٧٧.

٢٥. رضا شا بهلوي د.فوزية صابر – سەرچاوەی پێشو ص٣٣٩.

٢٦. • موسوعه تاريخ ايران السياسي – د.حسن الجاف – سەرچاوەی پێشو جزو/٤ ص٢٦٩.

• وەلام بۆمێژوو – بیرەوەریەکانی شای ئێران – سەرچاوەی پێشو ص٦٥.

• ايران – بين القومية الفارسية والثورة الاسلامية – د.علي محافظة – المؤسسة العربية للداراسات والنشر – بيروت ط١/٢٠١٣ ص٦٢.

٢٧. گۆڤاری سەنتەری برایەتی – ژمارە (١٥) لە/٢٠٠٠ – هەولێر – بابەتی د. فوزیة صابر.

٢٨. • الاقطار والبلدان (موسوعة جغرافية و تاريخية واقتصادية) مصطفى فاخوري، دار المعرفة ط١/٢٠٠٣ لبنان ص١٩.

• خەباتی رزگاریخوازی کوردو ئازەر لەئێران – سەرچاوەی پێشو ل٥٩

٢٩. • من تاريخ الحركة الثورية في ايران سەرچاوەی پێشوص٦٧.

• بارودۆخی سیاسی کوردستان – (١٩٨٨ – ١٩٦٤) سەرچاوەی پێشو ل١٤٣.

٣٠. تاريخ عربستان والوضع الراهن في ايران – وزارة الاعلام – الجمهورية العراقية سنة/١٩٧١.

٣١. محمد رضا شابهلوي – دو فرح صابر – مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية – سليمانية سنة/٢٠١٤ ص٣٥.

٣٢. رضا شا بهلوي – سەرچاوەی پێشو. ص٣٣٤

٣٣. گۆڤاری مێژوو – ژمارە (١٤) ساڵی/٢٠١٠ – هەولێر – بابەتی وەرگێڕاو/ عەبدوڵلا کاکەسور، ل١٦٠

٣٤. کوردستان و کورد – (لێکۆلینەوەیەکی سیاسی و ئابوری) د. عبدالرحمن قاسملو – وەرگێرانی عبدالله حسن زادە، چاپی دووەم – ٢٠٠٦ هەولێر – ل١٤

٣٥. من تاريخ الحركة الثورية في ايران – سەرچاوەی پێشو. ل١١

• خەباتی رزگاری کوردو ئازەر لەئێران – سەرچاوەی پێشو. ل١٠٣

٣٦. پەیوەندییەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەس هێنانی هەردوولا ساڵی ١٩٤٦، د. ئافراسیاو هەورامی – دەزگای سەردەم – چاپی ١/٢٠٠٨. ل٢٧٣.

- كوردو كوردستان لەبەلگەنامە نهێنیەکانی ئەمریکادا – کوردستانی ئێران و تورکیا – وەرگێڕانی وریا رەحمانی، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی رۆژهەلات – ٢٠٠٩ هەولێر – ل٣٥، ٤٦.

٣٧. موسوعة تاريخ ايران السياسي – ج٤ – سەرچاوەی پێشو ص١١٣

٣٨. من تاريخ الحركة الثورية في ايران – ج٤ – سەرچاوەی پێشو ص٧

٣٩. موسوعة تاريخ ايران السياسي – ج٤ – سەرچاوەی پێشو ص٧

٤٠. ايران في سنوات الحرب العالمية الثانية – عبدالهادي كريم سليمان – سەرچاوەی پێشو ص٨١

٤١. التحولات السياسية في ايران – الدين و الحداثة و دورهما في تشكيل الهوية الوطنية – موسى النجفي، موسى فقيه حقاني، ترجمة قيس آل قيس – مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي، ط١ – ٢٠١٣ – بيروت ص٢٣١.

٤٢. محمد رضا بهلوي – سەرچاوەی پێشو. ص١٦

٤٣. الجبهة الوطنية – لقمان خيالي – ٢٠١١، بيروت – مؤسسة النشر والاعلام – ص١٣٥.

٤٤. ايران (بين طغيان الشاه ودموية الخميني)، ذيبان الشمري، ط١/١٩٨٣ ص ٥١ – ٥٤

- ايران – الثورة الخفية – تيزي كوفيل – سەرچاوەی پێشو ص٤٨.

٤٥. • تطور الحركة الوطنية في ايران – حربي محمد – ط١/١٩٧٢ – بغداد ص٨٢.

- وەلام بۆ مێژوو – سەرچاوەی پێشو ل٩١

٤٦. • تاريخ ايران السياسي المعاصر – د. سعيد جلال الدين المدني – ترجمة سالم شكور – ط١، ١٩٩٣ ص٢٥ – منظمة الاعلام الاسلامي ، طهران.

- ئێران و تورکیا – د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، د. خەلیل عەلی مراد، وەرگێڕانی لە عەرەبیەوە، بەهادین جەلال مستەفا چاپی٢/٢٠١١ هەولێر ل٢٢٣

٤٧. ئێران http//or.wkipiedia.org/wi/xi

٤٨. • ئێران و تورکیا – سەرچاوەی پێشو ل٢٢٣

- ايران – الثورة الخفية – تيزى كوفيل – سەرچاوەی پێشو ل٥٤

٤٩. التاريخ الايراني المعاصر (ايران في العصر البهلوي) غلام نجاني – ترجمة عبدالرحيم/الحمراني – مؤسسة دار الكاتب الاسلامي – ط١/٢٠٠٨ طهران ص٢٢٧

٥٠. محمد رضا شا – د. فرح صابر – سەرچاوەی پێشو ل٣٤٢.

- وەلام بۆمێژوو (بیرەوەریەکانی شاری ئێران) – سەرچاوەی پێشو ل١١٦.

٥١. • التاريخ الايراني المعاصر – سەرچاوەی پێشو ل٢٩٩

• محمد رضا شا – د.فرح صابر – – سەرچاوەی پێشو ل٣٤٢.

٥٢. ايران من الداخل – فهمي هويدي – ط١٩٩١/٤ – مزكز الاهرام للترجمة والنشر القاهرة، ص٥٢.

• بۆ وردەکاری زیاتر تەماشا بکە:

• "بحث – بعنوان – المعارضة الداخلية في ايران (١٩٦٣ – ١٩٧٦) د. علي طاهر تركي – قسم التاريخ – كلية التربية – جامعة كربلاء."

٥٣. الجبهة الوطنية – سەرچاوەی پێشو ص٢٤٨

٥٤. ايران ماضيها وحاضرها – دونالد ولبر – ترجمة د. عبدالمنعيم محمد حسين دار الكاتب المصري القاهرة ط١٩٨٥/٢ – ص١٧٥.

٥٥. وەلام بۆمێژوو (بیرەوەریەکانی شاری ئێران) – سەرچاوەی پێشو ل٢٠٧

٥٦. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

• ايران – بين القومية الفارسية والثورة الايرانية – د. علي محافظة – ط٢٠١٣/١ الاردن ص١٣٤.

• مدافع آية الله – قصة ايران والثورة – محمد حسنين هيكل – ط٢٠٠٢/٦ دار الشروق القاهرة ص١٨٨.

٥٧. الحركات الاسلامية في ايران ومصر – د. رفعت سيد احمد – دار سينا للنشر – القاهرة ط١٩٨٩/١ ص١٥١.

٥٨. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

• الخبرة الايرانية والانتقال من الثورة الى الدولة – امل حمادة ط٢٠٠٨/١ القاهرة ص٧٤.

• الثورة الاسلامية في ايران – الاسباب والمقدمات ترجمة هويدا عزت محمد ط٢٠٠٤/١ ص١٥.

• ايران بين التاج والعمامة – احمد مهابة ط١٩٨٩/١ دار الحرية ص١٠٩.

• العلاقات الايرانية الامريكية واثرها على الخليج العربي، (١٩٤١ – ١٩٧٣) محمد وصفي ابو مغلي، جامعة البصرة – ١٩٨٠ ص٤٦.

• التحولات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشو ص٢٥

٥٩. • الخبرة الايرانية والانتقال من الثورة الى الدولة – امل حمادة – الشبكة العربية للابحاث والنشر – ط٢٠٠٨/١ لبنان، ص٨٤.

- ايران من الداخل – منال محمد احمد – ط١/٢٠٠٩ – مركز المحروسة للنشر والخدمات الصحيفة والمعلومات – القاهرة، ص١٦٠.

٦٠. أتجاهات الفكر الديني المعاصر ايران – مجيد حمدي – ترجمة ص – حسين – الشبكة العربية للابحاث والنشر ط١/ ٢٠١٠ ص١٠

٦١. الحركات الاسلامية في مصر وايران – د. رفعت سيد احمد – سەرچاوەی پێشو ص٣٩.

٦٢. الحركات الاسلامية في مصر وايران – د. رفعت سيد احمد – سەرچاوەی پێشو ص١٤٣.

٦٣. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- مستقبل النظام السياسي في جمهورية ايران الاسلامية – حمد جاسم محمد المخزرجي – منشورات زين الحقوقية – بيروت/٢٠١٣ – ص٦٧.
- تاريخ ايران السياسي المعاصر – د.سيد جلال الدين المدني – سەرچاوەی پێشو ص٤٢ – ٤٣

٦٤. اهل السنة في ايران – مجموعة باحثين – دار المسبار – الامارات العربية المتحدة ط١/٢٠١٣ ص٣٩.

٦٥. ايران بين طغيان المشاه و دموية الخميني – سەرچاوەی پێشو ص١٣٠ – ١٣٣.

٦٦. دستور ايران – الصادر عام ١٩٧٩ مع كافة التعديلات الى السنة ١٩٨٩، ويكثيديا الموسوعة الحرة.

٦٧. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- موسوعة تاريخ ايران السياسي – جزء/٤ سەرچاوەی پێشو ص٥٧.
- ايران من الداخل فهمي هويري – سەرچاوەی پێشو ص٥٩ – ٦١
- الدور السياسي للمؤسسة الدينية الايرانية – (١٩٤٤ – ١٩٧٩)
- رسالة ماجستير – ياسين عزم علي – جامعة المنصورة – كلية الاداب مصر.

٦٨. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- ايران من الداخل – منال محمد احمد – سەرچاوەی پێشو ص١٦١.
- ايران من الداخل – منال محمد احمد – سەرچاوەی پێشو ص١٨٣ – ١٩٣

٦٩. بۆ زانیاری ورد تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- تاريخ ايران السياسي بين ثورتين – د. آمال السبكي، سەرچاوەی پێشو ص٢٨
- ايران من الداخل – فهمي هويري – سەرچاوەی پێشو ص١٨٣.

- التغير السياسي في ايران، د. باكينام الشرقاوي – سەرچاوەی پێشو ص٢٨٣.
- بالّە سیاسیەکان لەئێراندا – د. سەعید بەرزین – وەرگێرانی موسلح عەبدولقەهار چاپی/١، ٢٠٠٠ – هەولێر – ل٦٠ – ٦٤.

٧٠. بحث – مراكز صنع القرار السياسي بايران – المحددات – التوجهات – سايت – المرصد – ٢٠١٦/٥/٢٥.

٧١. بحث – أثر النظام السياسي على عملية صنع القرار في ايرانية عادل نبهان النجار، منتديات الحق – ١٩–١/٢٠١٧.

٧٢. بحث – اليات الانظمة السياسية في صناعة القرار السياسي – قتيبة مخلف السامرائي – جامعة تكريت – كلية التربية – المجلد/٤ العدد/١٠ السنة الرابعة – ايار/٢٠٠٨.

٧٣. بحث مراكز صنع القرار بايران – مركز صناعة الفكر، وحدة الدراسات والابحاث محمد حسن ابو النور – الجزيرة – نت.

٧٤. اهل السنة في ايران – سەرچاوەی پێشو ص٢٦.

٧٥. الخطط السرية الايرانية في العالم العربي – ابراهيم عارف – مكتبة جزيرة الورا – ط ١ – ٢٠١٠، ص١٥٧.

٧٦. كيف تحكم ايران – دراسة في صنع السياسات العامة بعد عام ١٩٩٩، عبدالعظيم بدران، الدار العربية للعلوم ناشرين – ط١/٢٠١٤، ص٢٤٢.

٧٧. كيف تحكم ايران – سەرچاوەی پێشو ص٢٤٢.

٧٨. تاريخ ايران الحديث اروند ابراهيميان – ترجمة مجدي صبحي، سلسلة عالم المعرفة (٤٠٩) سنة ٢٠١٤ – الكويت ص٢٢٦.

٧٩. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- بحث : النظام السياسي في ايران – نصيب عتيقة – نموش نسرين – وزارة التعليم والبحث العلمي – الجزائر، ٢٠٠٧.
- بحث : القوى الداخلية في المجتمع الايراني – القوى السياسية – منال الدايني المعهد المصري للدراسات السياسية الاستراتيجية – ٢٠١٥.
- بحث : النظام السياسي في ايران – مركز سوريا للابحاث والدراسات – كانون الثاني ٢٠١٤.

٨٠. گۆڤاری ئایدیا دیپلۆماتیک – ژمارە (٧) حوزەیرانی/٢٠١٣ – دەزگای ئایدیا سلیمانی ص٦١.

٨١. الخبرة الايرانية – الانتقال من الثورة الى الدولة – د. أمل حمادة ص٢٦٥ الشبكة العربية للابحاث والنشر – ط١/٢٠٠٨ بيروت.

٨٢. ايران مستودع البارود، ادورسابلية – ترجمة عزالدين محمود السراج – وزارة الثقافة بغداد – ١٩٨٣ ص٢٩٥ – ٣٠٠.

# بەشی دووەم

# حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان

## بارودۆخی کۆمەڵایەتی ئابوری ئێران، لەسەرەتاکانی سەدەی بیستەم

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، کۆمەڵگەی ئێرانی(١) لەژێر رکێفی شایەکانی قاجار، بەرەو زۆر رووی چەوساندنەوەی درِ هاتبوون، هەروەها پچرپچری دەسەڵات و بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و بەرتیل و دیاردەی خزم خزمێنە لەنێوان بەرپرس و فەرمانبەرانی دەوڵەت لەلوتکەی دەسەڵاتەوە تادەگاتە فەرمانبەرانی خوارەوە لەخەسلەتەکانی ئەم سیستەمە بوون، ئەمەو سەرەرای کورت هێنانی بەردەوامی بودجەی دەوڵەت.

گروپە کاریگەرەکانیش لەدەسەڵاتدا بریتی بوون لەبنەماڵەی شاو توێژی بیروکراسی پەیوەست بەو بنەماڵەوە، هەروەها پیاوانی ئاینی کەدەسەڵاتی فراوانیان بەسەر زەوی و زاری وڵات و بوارەکانی خوێندن و فێربوون و دادوەری هەبوو، سەرەرای بازرگانە گەورەکان و مولکدارانی زەوی و سەرۆك خێڵ و تیرەکان.

ئێران لەوسەردەمەدا، بەرەو رووی گۆرانکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری گەورە ببۆوە، ئەویش بەهۆی تێکەڵبوونی بەبازاری سەرمایەداری جیهانی، لێرەدا دەکرێ ئاماژە بۆ گرینگترین ئەو گۆراکاریانە بکەین:(٢)

١. پەیوەست بوونی ئێران بەبازارِی جیهانی سەرمایەداری و گەیشتنی بەرهەمە کشتوکاڵیەکانی ئێران بەبازارەکانی جیهان، بەم کارەش بەرهەمەکانی لەچوارچێوە سروشتیەکەیەوەی جێگۆرکێی کرد بۆ چوار چێوەی کالایی و دراویش بووە فاکتەرێکی کاراتر وەك لەپێشتر بۆدیاریکردنی پەیوەندییەکان رۆلی گێرا.

٢. پرۆسەی دارمانی پەیوەندییە نەریتگەرییە دەرەبەگایەتیەکان لەوحاڵەتەی کە پێیدا تێپەرِ دەبوو، جۆرێك لەپەیوەندییە نوێیەکان دەستی کرد بەجێگرتنەوەیان.

٣. لەناو هەناوی کۆمەڵگەی ئێرانی چەندین گروپ دەرکەوتن، کاریان بۆ گۆرِینی سیستم دەکرد، لەوانە توێژەکانی رۆشنبیرو پیشەداران و پیاوانی ئاینی، کۆمەڵگەی

ئێرانی لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەمدا، پێکهاتبوو لەچوار چینی کۆمەڵایەتی، هەر چینێك دەرامەت و باری ئابوری و شێوازی ژیانی خۆی هەبوو.

چینی یەکەم// خانە وادەکان (ئەریستوکرات)، پێکهاتبوو لەمیرەکانی دەسەڵاتداری (٣) قاجاری و فەرمانبەرانی کۆشکی شاو وەزیرو راوێژکارو فەرمانڕەوای ناوچەکان، لەگەڵ فەرمانبەرو نووسەرانی دەزگاو دیوانەکانی گەورە دەسەڵاتدارانی حکومەت.

چینی دووەم// بریتیە لەچینی ناوەڕاست، کە پێکهاتبوو لەبازرگانان و موڵکداران ئەوانی لەبارو گوزەرانێکی باشدادەژین.

چینی سێیەم// پێکهاتبوو لەکرێگرتەو کرێکاران، ئەوانی لەکارگەوخانوو بەرەکان کاردەکەن.

چینی چوارەم// بریتین لەوهاوڵاتیانەی کەبەکار جوتیاری کشتارییەوە خەریکن، لەگەڵ ئەندامانی خێل و تیرەکان.

خەڵکی ئێران، لەتاك و رۆلەکانی ئەو چینانە، رێزیان گرتووە لەداب و نەریت و ئەو رێساکۆمەڵایەتیانەی باوبوون، پەیرەویان کردووەو بەپێچەوانەش کاریان نەکردووە.

## فاکتەرەکانی گەشەکردنی هۆشیاری سیاسی و دامەزراندنی حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکان:

١- دروست بوونی توێژی ڕۆشنبیری بچووك بچووك لەناو هەناوی هەموو چینە کۆمەڵایەتیەکان (٤) خاڵی هاوبەشیش لەنێوان ئەندامانی ئەو توێژە ڕۆشنبیریانە، بانگەشەو هەوڵدان بووبۆ گۆڕانکاری ئابوری و سیاسی و بەهاکان، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و وڵاتانی ڕۆژئاوا، ڕۆڵی گەورەی گێراوە لەپێکهاتنی ئەو توێژانە.

٢- ڕۆڵی ڕۆناکبیرو پیاوانی ئاین و چاککارە کۆمەڵایەتیەکان، بەتایبەتیش ڕۆڵی کەسایەتی دیاری جەمالەدین ئەفغانی لەگەشەی هۆشیاری کۆمەڵایەتی .

٣- دەرکەوتنی ڕۆژنامەکان، یەکەم ڕۆنامە لەئێران بەناوی - یاسا - دەرکەوت، خاوەنەکەی میرزا ماکم خان بوو (ئەرمەنیەکی ئێرانی بوو)، یەکەم ژمارەی ئەو ڕۆژنامەیە لەساڵی (١٨٩٧) دەرچووە.

٤- قەیران و کێشە ئابوریەکان، نموونەی قەیرانی توتن ساڵی (١٨٩١) کەبوو بەهۆی زۆر بوونی نارەزایی جەماوەری لەنێوان ئێرانیەکان، هەروەها مانگرتنی ساڵی (١٨٩١) لە شیراز کەلەو شارەوە نارەزاییەکان پەرەیان سەندو رووی لەشارەکانی تاران و ئەسفەهان و تەورێزو مەشهەدو قەزوین وکرمانشا کرد، لەزۆربەی ئەو شارانە بازارەکان داخران بەهۆی مانگرتنەکان.

بەهۆی ئەو فاکتەرانە و ئەو هەل و مەرجانەی ئامازەیان بۆ کرا، بزووتنەوەی نیشتمانی بەر هەڵستکاری ئێرانی دەستی بەگەشەکردن کرد بەدرێژایی نیوەی دووەمی سەدەی نۆزدەهەم و سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ئەو بزووتنەوەیە رووی لەتووندو تۆڵی و بەهێزی دەکرد، دیارە رەنگدانەوەی ئەو پەرەسەندنەش زنجیرەیەك راپەڕین و مانگرتن بوو لەسەرانسەری ئێران.

**سروشتی سیستم و باری ژیانی حزبایەتی لەئێران:**

- **یەکەم: قۆناغی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکان:**

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەو سەرەتاکانی سەدەی بیستەم، ژیانی ڕێکخراوەیی لەئێران بەدروست بوونی ژمارەیەك کۆمەڵەو ڕێکخراوی سیاسی، ڕۆشنبیری، کۆمەڵایەتی، دەستی پێکردووە، بەتایبەتیش لەشاری تاران وەك ناوەندێکی چالاکی سیاسی ولەچەند شارێکی گەورەی دیکە، سەرەڕای دروست بوونی ژمارەیەکی زۆری (ئەنجومەنی میللی) لەشارەکاندا، کە هاوکات بوو لەگەڵ ڕاپەڕینە جەماوەریەکانی شۆڕشی دەستوری.

- **دووەم: لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاشا لەنێوان سالانی (١٩٢٥ – ١٩٤١)، ژیانی سیاسی لەو وڵاتە کەوتە بەردەم کۆسپ و تەگەرەی زۆرەوە، ڕەزاشا هەوڵیداوە سیستمێکی ناوەندی تووند پیرەویکات، ڕێگای لەهەر جۆرە چالاکیەکی حزبایەتی گرت، تەنها دەرفەتی بۆ حزبی (تجدد) هێشتەوە لەبەر ئەوەی پشتگیری سیاسەتەکەی خۆی دەکرد.**

ڕەزا شا بەتووندی هەر ڕاپەڕینێك و سەرهەڵدانێکی جەماوەری شۆڕشگێری، یان هەر داواکارییەکی بۆ بەشداری سیاسی کپ دەکردەوە، ئەویش بەبەکارهێنانی هێزو تیرۆرو چەندین پیلانی دیکە، هەموو سەندیکاکانی کرێکاری هەڵوەشاندەوە، ژمارەیەکی زۆری سەرکردەکانی ئەو سەندیکایانەو سیاسەتمەدارانی زیندانی کرد یان کوژرانو یاخود هەڵاتن، ڕۆژنامەکانی ئۆپۆزیسیونی لەدەرچوون ڕاگرت، تەنها چەند ڕۆژنامەیەك نەبێت دەردەچوون، ئەویش بۆ پشتگیریکردنی ڕژێمەکەی.

- **سێیەم: سەردەمی محەمەد ڕەزا شا (١٩٤١ – ١٩٧٩)، محەمەد ڕەزاشا سەرەتای دەسەڵاتداری لاوازی پێوە دیار بوو بەهۆی کەم ئەزموونی، سەرەڕای ئەوەش بارودۆخە**

**سیاسیەکە لەئێران، بەهۆی ڕووداوەکانی جەنگی دووەمی جیهانی و هەل و مەرجی ناو خۆی ئێران، ڕێگای نەدەدا دەسەڵاتی زۆرداری و ناوەندی توووند پەیڕەو بکات.**

محەمەد ڕەزاشا، سەرەتا هەوڵیداوە مۆرکێکی دیموکراسیانە بەرژێمەکەی خۆی ببەخشێت و تارادەیەك هەندێ دەرفەتی بەژیانێکی تەسکی حزبایەتی داوە لەگەڵ دەرچوونی ڕۆژنامەکان و دامەزراندنی سەندیکاکانی کرێکاران، ئەو دۆخە درێژەی کێشا لەگەڵ دەسەڵات بەدەست گرتنی د.موسەدەق وحزبەکەی (بەرەی نیشتمانی) لەو ماوەیەدا حزبی تودەی ئێرانیش دامەزرا وەك حزبێکی مارکس و ئەنجوومەنی نوێنەرانیش ڕۆڵی کارای هەبووە.

بەڵام دوای کودەتا سەربازیەکەی ساڵی (١٩٥٣) و توووندبوونی دەسەڵاتی شا، ڕێگا لەحزب و چالاکیە سیاسیەکان بەگشتی و ئۆپۆزیسیون بەتایبەتی گیرا، تەنها ئەو حزب ولایەن و ڕۆژنامانە لەگۆرەپانە کەمانەوە کە رژێم لێیان ڕازی بێت و پشتگیریان دەکرد، لەکۆتایشدا بەبڕیاری شا لەساڵی (١٩٧٥) حزبی (ڕستاخێز) دامەزرا وەك تەنها حزب لەنێوان بەئاشکرا کاری دەکرد.

- **چوارەم: قۆناغی شۆڕش و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی: ئەم قۆناغە لەژیانی سیاسی ئێراندا، لەگەڵ بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی ئێرانی ساڵی (١٩٧٧) دەست پێدەکات و تایەکلابوونەوەی دەسەڵات بۆ ڕەوتی ئیسلامی و لادانی یەکەم سەرۆك – ئەبولحەسەن بەنی سەدر – لە (١٩٨١) درێژە دەکێشێت، لەم ماوەیەدا دەکرێ ئەم تێبینیانە بخەینە بوو:**

١– لەگەڵ بەرپابوونی ڕاپەڕینەکان ساڵی (١٩٧٧)، وردە وردە زۆرینەی ئەو حزب و هێزە سیاسییانەی لەسەردەمی شا پەرش و بڵاوببوون، یان سەرکردەکانیان هەڵاتبوون بۆ دەرەوەی ئێران یا خود زیندانی کرابوو، ئەو ڕێکخراوە سیاسییانە دووبارە خۆیان ڕێك دەخستەوەو لەگەڵ هەل و مەرجەکەدا خۆیان دەگونجاندو چالاکی

جـەماوەری و سیاسـییان دەسـت پێـدەکردەوە، بەتایبـەتی لەرەوتـە چـەپ و عەلمانیەکان.

٢- رەوتـە ئیسلامیەکان بەهـەموو ئاراستەکانیان لـەژێر پێشـەوایەتی خومـەینی کاریان دەکرد بەیەکەوە، بیٚ ئـەوەی خۆیـان لـەرێکخراوی سیاسی ئاشکرا بکـەن و بەرجەستەبن، ئەوانە هێزێکی جەماوەری کاریگەریان لەپشتەوە بوو.

٣- لەگـەڵ سـەرکەوتنی شـۆڕش و چەسـپاندنی سیسـتمی نـوێ لەولاتـدا سـاڵی (١٩٧٩) ژمارەیـەکی گـەورەی حـزب و رێکخـراوو کۆمەڵـەی سیاسـی ڕێگـای چالاکیان پێـدرابوو وەك دیفاکتۆیـەك، بەهــەموو ئاراســتەو رەوتــە سیاســی ئایــدیۆلۆژی ونەتەوەییەکان، سەرەرای دەرچوونی ژمارەیەکی گەورەی رۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوە.

٤- دوای دەرچوونی دەستوری کۆماری ئیسلامی و زاڵبوونی دەسەڵاتی رەوتـە ئیسلامیە رادیکالەکان، بەشی هەرە زۆری ئەو حزب و رێکخراوە سیاسیانە بەتایبـەتی لەچـەپ و عەلمانیـەکان، لـەکاری سیاسـی ئاشـکرا رێگریـان لێکـراو سـەرکردەکانیان ئێرانیان بەجێهێشت، دیارە دەستوری ئیسلامی رێگانـادات بـەو هێـزە سیاسییانەی کەلەگەڵ بنەماکانی یەك ناگرنەوە.

## پۆلێن کردنی حزبە سیاسیەکان لەئێران: (٥)

نووسـەرو شـارەزایانی ئـەم بـوارە، بۆپـۆلینکردنی حزبـە سیاسـییەکان لـەولاتانی جیهانی سێیەمدا، چـەند بنەمایـەکیان پیـادە کـردووە، وەك ئایـدیۆلوجیا، پێکهاتـەی کۆمەلایـەتی وچـینایەتی، بەشـداریکردنی سیاسـی، پەیوەنـدی حـزب بـە دیـاردەی گەشەکردنی سیاسی و تەواو کاری کۆمەلایەتی...هتد.

دیارە ئێرانیش وەك هەر ولاتێکی جیهانی سێیەم، پێویست بەوە دەکات کە حزب و رێکخراوە سیاسییەکان پۆلینکردنی تایبەتیان بۆ بکرێت بەپێی تایبەتمەندی بارودۆخـە سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەکەی.

بەدرێژایی ساڵەکانی سەدەی بیستەمدا، لەمێژووی ئێران، ژمارەیەکی زۆری حزب و ڕێکخراوی سیاسی دەرکەوتوون، بەشی زۆریان تەمەنیان کورت بووە، ئەو حزبانەی درێژەیان بەتێکۆشان داوە زۆرکەمن، ئایدیۆلوجیایان ئاشکراو دیاریکراونەبووە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتیان تێکەڵاوو ئاڵۆزبووە، نازناوی جیاوازیان هەڵگرتووە، وەك: حزب، کۆمەڵە، یەکێتی، ڕێکخراو، لیژنە، بەرە، گردبوونەوە، ئەنجوومەن...هتد، زۆر جاریش ناوی حزبەکان دووبارە بوونەتەوە، هەندێ لەو حزبانەیەکیان دەگرت و ناوێکی دیکەیان هەڵگرتووە، یاخود جیادەبوونەوەو دابەش دەبوون بەڵام هەمان ناویان هەڵگرتووە.

بیرمەندی ئێرانی – حوسێن بەشیرییە – باوەڕی وایە چەند هۆکارێك کاریگەری هەیە لەپێکهاتنی حزب و ڕێکخراوە سیاسییەکان لەئێراندا، لەوانە ڕادەی گۆڕان و تێپەڕ بوونی کۆمەڵگە لەکۆمەڵگەیەکی نەریتگەرییەوە بۆ کۆمەڵگەیەکی نوێ، تێکڕای تازەگەرێتی و گەشە پێدانی ئابوری و ئاستی ژیانی دیموکراسیەت لەکۆمەڵگە بگرێتەوە، بەکورتی دەکرێ بلێین سێ فاکتەر کاریگەری دەبێت لەپێکهاتن و بەردەوام بوونی حزبەکان، ئەوانیش: جۆری سیستم لەوڵات، کولتوری کۆمەڵگە، پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و چینایەتی.

بۆ پۆلێن کردنی حزبەکان لەئێران، چەند شێوازێك پەیڕەوکراوە لەلایەن شارەزایان، وەك:

**یەکەم/ ١- حزبەکانی نوخبە ٢- حزبە سیاسیە میللیەکان**

**دووەم/ پۆلێن کردن بە پێی قۆناغی سیستمی سیاسی لەئێران، وەك:**

أ) حزبەکان لەقۆناغی پاشایەتی پەهلەوی، کەحزبەکانی دابەشکردووە بەسەر:

١. حزبەکانی سەر بەڕژێم

٢. حزبە لیبراڵە بێ لایەنەکان.

٢. حزب و ڕێکخراوە نهێنەکان

ب) حزبەکان لەقۆناغی کۆماری ئیسلامی، وەك :

١. حزبەکان لەقۆناغی خەبات و ڕاپەڕین، (سەردەمی شۆرشی گەلانی ئێران)

٢. حزبەکانی سەردەمی کۆماری ئیسلامی.

**سێیەم/ ڕەنگە نزیکترین پۆلێن کردنی حزبە سیاسییەکان لەئێران بەم شێوەیە بێت:**

١. حزبە لیبرالە نەتەوەییەکان.

٢. حزبەکانی ئاراستەی چەپ.

٣. حزبەکانی ڕەوتی ئیسلامی.

٤. حزبەکانی کەمەنەتەوەییەکان لەئێران

**هۆیەکانی نوشستی ژیانی حزبایەتی لەئێران: (٦)**

زیاتر لەسەد ساڵ تێپەڕ دەبێت بەسەر دروست بوونی یەکەم حزبی سیاسی لە ئێران، بەڵام تائێستاش چیرۆکی حزبە سیاسییەکان لەو وڵاتەدا، بەهەمان شێوەی دروست بوون و ئاوابووندایە، لەگەڵ هەموو جیاوازیەکانی نێوان ئەو حزبانە لەڕووی سیاسی و ئایدولوجی و ئامانجەکانیانەوە.

بیرمەندی ئێران – حوسێن بەشیریە – بۆ چوونی وایە، کە لەکۆمەلگەی ئێرانیدا کۆمەڵێك کەلێن و ناتەواوی هەیە لەبواری مێژوویی و پێکهاتەی هەیکەلی ئەو کۆمەلگەیە، ئەو دیاردەیەش بووە بەهۆی ئاڵۆزی لەپێکهاتەی بونیادی هێزو ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

لەسەردەمی دەسەڵاتداری بنەماڵەی پەهلەوی، ئەو کەلێن و ناتەواویە کۆمەڵایەتی و چینایەتیانە فۆرمێکی نوێی وەرگرت و بەشداری کردووە لەهاندانی سەرمایەی پیشەسازی و بازرگانی و دارایی، بۆیە لەم قۆناغەدا وردەوردە هەریەك لەوئاراستە سەرمایانە جیاواز بوونەتەوە لەیەکتر.

سیاسەتی سیستمی پەهلەوی هەستا بەدابەشکردنی کۆمەڵگەی ئێرانی بۆ دووبەش، چین و هێزە نەریتگەرییەکانی خستەبەرەو رووی هێزە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان، بۆ ئەوەی پێکدادان رووبدات لەنێوان هێزە نەریتگەرییەکان(بازرگانان، پیاوانی ئاینی، عەشایەر) لەلایەکەوە، لەگەڵ هێزە کۆمەڵایەتیە نوێیەکان (بەپشتیوانی سیستمی شا) لەلایەکی دیکەوە.

ئەو کەلێن و کەموو کورتیانە تەنها لە ناو چینە کۆمەڵایەتیەکاندا نیە، بەلکو کشاو گەیشتە بوارەکانی ئاین و دەوڵەت و بیروباوەڕو رێبازو ڕەگەزو نەتەوەو زمانەکانیش.

لێرەدا دەکرێ هۆیەکانی نوشستی حزبەکان لەچەند خاڵێك چڕبکەینەوە:

١. سیاسەتی زۆر داری و چەوساندنەوەی رژێمەکان، سەرەڕای پاشکۆیەتی هەندێ لەو حزبانە بۆ دەسەڵات.

٢. لاوازی لەدامەزراندن و پێکهاتەی دامەزراوە دیموکراسیەکان، بووە بەڕێگر لەبەردەم دروست بوونی ئۆپۆزیسیونێکی کارا.

٣. لاوزی زۆربەی حزبەکان لەڕووی تیۆری و پێکهاتەی رێکخراوەییان.

٤. نەمانی متمانەی هاوڵاتی بەحزبەکان، لەبەر ئەوەی حزبەکان بێ توانابوون لەبەجێگەیاندنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، هەروەها نەیانتوانیوە بەرۆڵێکی کارا هەستن لەپەیوەندیکردنی نێوان هاوڵاتی و دەسەڵات و گەیاندنی داواکاری و ئامانجەکانی هاوڵاتی بەدەسەڵات.

٥. هۆکارە ئابورییەکان لەبارگرانی بەسەر هاوڵاتی و پەك خستنی حزبەکان لەکارو چالاکیەکانیان.

٦. کۆسپە یاساییەکان، وەك رێگرتن لەچالاکی بەشی زۆری حزبە سیاسییەکان بەتایبەتی ئاراستە عەلمانی و چەپەکان، بەپێی بەندی (٢٦) دەستوری کۆماری ئیسلامی، هەروەها رێگرتن لەوەی نوێنەرانی ئەو حزبانە بگەنە ئەندامیەتی ئەنجوومەنی نوێنەران.

٧. دواکەتنی بارودۆخی رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی، هەروەها رۆڵی کەسەکان لەبەڕێوەبردنی حزبەکان، سەرەڕای پێکهاتە هۆزایەتیەکەی ناو کۆمەڵگەی ئێرانی.

## قۆناغی کۆمەڵەو ڕێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان:

ئەوەی بەدواچوون بکات بۆ مێژووی نوێی ئێران بۆی دەردەکەوێت کە قەیرانە ئابوری و کۆمەڵایەتیەکان، هۆکارێکی کاریگەرن لەپشتی دروست بوونی بزووتنەوەی سیاسی نیشتمانی ئەو وڵاتە، هەروەها هۆکاری گەشەپێدانیشیەتی، هەروەك کۆمەڵە کۆمەڵایەتی و ئابوری و ڕۆشنبیری و سیاسییەکان بەرهەمی ئەو ڕووداوانەیەو بەر جەستەی چالاکیەکانی بزووتنەوەکەشە، دەکرێ ئاماژە بۆ قەیرانەکانی تووتن بکەین لەساڵی (١٨٩٧) و ڕووداوەکانی پاش (١٩٠٥) کەبەشۆڕشی دەستوری ناوی دەرکرد کە دەستێوەردانی کۆمپانیا بیانیەکانی بەریتانیاو بەلجیکی و هۆڵەندی لەکاروباری ئابوری ئێران هۆکاری سەرەکی هەڵگیرسانی بوون.

نموونەی ئەو کۆمەڵانەش زۆرن، وەك (کۆمپانیای بازرگانی ئیسلامی) و (کۆمەڵەی فێربوون لەسەردەمی موزەفەرەدین شا (١٨٩٦ – ١٩٠٧) )

بەڵام بەر چاوترین ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانەی کەڕۆڵی کارایان هەبووە لەو سەردەمەو پاشتر ئەمانەی لای خوارەوەن:

### ١. کۆمەڵەی (ئادەمیەت):

کۆمەڵە لەسەردەتی میرزا عەباسی خوێی قەزوینی دامەزراوە، ناوبراو کاریگەری بیروباوەڕەکانی فەیلەسوف – ئۆگشت کونت –ی بەسەرەوەبوو – میرزا قوتابیەکی – مالکوم خان – بوو، کە پسپوربوو لەوەزارەتی داد، لەچالاکیەکانی جەختی لەسەر چاکسازییە دادوەریەکان کردۆتەوە.

لەگرینگترین ئامانجەکانی کۆمەڵە: یەکسانی هاوڵاتیان لەبەرامبەر یاسا، گەشەپێدانی کۆمەڵگە لەڕووی ڕۆشنبیرییەوە، بەهێزکردنی هۆشیاری و ئازادی تاك بەدوور لە کاریگەری ڕەگەزو ئایین، سەپاندنی ناسیونالستی ئێرانی بەسەر هەموو ڕەگەزو ئاینەکان.

بەهۆی کاریگەری و پێگەی کۆمەڵە ژمارەیەك لەدەرچووانی قوتابخانەی هونەری و گەورە فەرمانبەرانی دەوڵەت و کەسانی خاوەن پیشەی جۆراو جۆر پەیوەندییان بەریزەکانیەوە کردووە.

کۆمەڵەهانی ئەندامانی خۆی دەداکە هەوڵبدەن بگەنە بەرزترین پلەو پایەکانی دەوڵەت، رێگای نەدەدا میرو کەسانی ئەریستوکرات ببنە ئەندامی، بەڵام شێوازی کار بەرێوەبردنی و پاراستنی نهێنیەکانی و شێوازی کۆبوونەوەکانی، هەموو ئەو بنەمایانە لەکۆمەڵەی ماسۆنیە ئەوروپیەکانەوە گواستراونەتەوەناوی، بەبیانووی پاراستنی ئەندامانی لەچاوی پیاوانی دەسەڵات.

٢. **ناوەندی نهێنی:**

ئەم رێکخراوە لەلایەن شێخ عەلی کەربەلایی دامەزراوە، ناوبراو رۆشنبیرێکی لیبرال بوو، بەوە ناسرابوو کە خۆشەویستی هەیە بۆ بیروباوەرە سیاسییەکانی فەرەنسا و بۆ ئەدەب بەشێوەیەکی گشتی، سەرەرای توێژینەوە ئاینیەکانی، توانیویەتی دوازدەکەس لەروناکبیرانی سەر بەرۆژنامەی – سامان و گەنجینەی زانین – رابکێشێتەلای خۆی.

چالاکی کۆمەڵە زیاتر دەربارەی دامەزراندنی (کتێخانەی پەروەردە)بوو، کەسەرچاوەی بەیەك گەیشتنی رۆشنبیرو خوێندەواران بوو لەشاری تەورێز، ئەوانی بایەخ بەزمانە ئەوروپیەکان و کەلتوری رۆژئاواو زانستە نوێیەکان دەدەن بەشێوەیەکی گشتی.

٣. **کۆمەڵەی نهێنی:**

کۆمەڵە لەساڵی (١٩٠٥) لەلایەن (نیزامولئیسلام) کرمانی دامەزراوە لەشاری تاران، کۆمەڵێك لە زانایان و بازرگان و کەسانی سەربە سەندیکای بازرگانی و پیشەییەکانی

گرتۆتە خۆی، بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر بوارە ئابوریەکان لەئێران و ئاراستە کردنیان دژی دەسەڵات.

کۆمەڵە بەرنامەکەی خۆی لە (کتێبە ناودارەکەی) دەربارەی مێژووی رابوونی ئێران بڵاوکردەوە، لەو بەرنامەیەدا، کۆمەڵە داکۆکی لەسەر نهێنی تەواوی کاروبارەکانی کردۆتەوە، هەروەها بەرهەڵستی کردنی زۆرداری و رێزگرتن لەزانایان و نوێژکردنی ئەندامانی لەکۆتایی هەر کۆبوونەوەیەك سەرەرای چەسپاندنی ئەو باوەرەی کە دەڵێت: (ئەلمەهدی) چاوەروانکراو، تەنها پارێزەری راستەقینەی کۆمەڵگەی ئێرانە.

گرینگترین داواکاریەکانی کۆمەڵە بریتی بوو لەبوونی یاسایەکی نووسراو، ئەنجوومەنێکی دادوەری، سوپایەکی نەتەوەیی بەهێز، هەروەها داکۆکی کردن لەسەر ئەوەی کە گرینگترین چاکسازیەکان پێویستی بەبوونی سیستەمە بۆ دانان و لادانی فەرمانرەوایی هەرێمەکان و کارکردن لەسەر هاندانی بازرگانی ناوخۆیی و رێکخستنی باج و گومرگ سەرەرای پابەندبوون بەشەریعەتی ئیسلام.

بۆ سەردەمەکە، تێروانینەکانی (نیزامولئیسلام) راست و پێویست بوونی، بۆیە پاڵپشتی لەپەیوەندییەکانی نێوان کۆمەڵەو هێزە کاریگەرەکانی سەر گۆرەپانی سیاسی دەکرد لەئێران، جەختیش لەسەر رۆڵی پیاوانی ئاینی و رۆشنبیران و بازرگان و گەورە پیاوانی ئاینی دەکرد لەدەرەوەی ئێران.

### ٤. لیژنەی شۆرشگێری:

ساڵی (١٩٠٤) بە سەرۆکایەتی (میرزا مەلیکی موتەکەلمین) دامەزراوەو بەبەشداریکردنی (٥٧)کەس لەئەندامانی کتێبخانەی گشتی لەشاری تاران، یەکەم کۆبوونەوەی لەمانگی ئایاری/١٩٠٤ بەستووە.(٨)

مەلیك زادەی كوری میرزا، باسی ئەوە دەكات كە ڕێكخراوەكە پلانی هەبووە بۆكۆتایی هێنان بەزۆرداری و هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتی یاساو بەدیهێنانی دادوەری داوە، ئەویش بەڕێگەی سوود وەرگرتن لەو ناكۆكی و ململانێیانەی كە هەیە لەنێوان وەزیرەكان و پیاوانی كۆشكی شاو نێوان پیاوانی ئایینی، هەروەها لەڕێگەی پالپشتی كردنی میانڕەوەكان دژ بەكەسە كۆنەپارێزەكان بۆ ئەوەی سنورێك بۆ دەسەڵاتەكانی حكومەتی ناوەندی لەدەوڵەتی قاجاری دابنرێت و دەرگا بۆ بەشداریكردنی كەسانی گەنج بكرێتەوە لەدروستكردنی بڕیار.

هەر لەو پلانەدا ئەوە هاتبوو كە پەیوەندی لەنێوان جەماوەرو پیاوانی ئایینی روناكبیر دروست بكرێت و لەو كارو چالاكیانەش دووركەونەوە كە دژی ئیسلامە، ئەوەش بەمەبەستی ڕاكێشانی كۆمەڵە كەسانێكی ناو دامەزراوەی ئایینی بەمەبەستی خۆشكردنی زەمینەی لێبوردنی ئایینی.

لەكۆتاییدا ئەم ڕێكخراوە لەڕێگەی مینبەری مزگەوتەكان و هۆڵەكانی وانە وتنەوەو وتارەكانی سەر لاپەڕەی ڕۆژنامەكانی كاری دەكرد، هەروەها وتارو نووسینەكانیان وەردەگێڕایە سەر زمانی فارسی بۆ بڵاوكردنەوەی بیروباوەڕی دیموكراسی و ژیانی دەستوری لەنێوان هاوڵاتیان.

كۆمەڵە هانی پیاوانی ئاینی داوە كەجەماوەر بۆ لای خۆیان رابكێشن و لەدەسەڵات دوریان بخەنەوە.

ئەو كۆمەڵەو ڕێكخراوانە (كەپێشتر ناومان هێنان) بەنهێنی كارەكانیان ئەنجام دەدا، لەلایەن دەسەڵاتەوە بەتووندی بەرهەڵستی و دژایەتی دەكران، ڕێگەیان لەهەر چالاكییەك لێ دەگیرا، بۆیە زۆر جار پەنایان بردۆتە بەر شێوازی توندوتیژی بەرامبەر كاربەدەستان و پیاوانی سەربەرژێمی پاشایاتی، لەم بارەوە چەند نموونەیەك لەو كارانەیان دەخەینە ڕوو: (٩)

١. كوشتنی ناسرەدین شا لە سەر دەستی میرزا رەزا كرمانی.

٢. كوشتنی ئەمین ئەلسولتان (سەرۆك وەزیران) لەسەردەمی شامحەمەد عەلی، لەلایەن عەباس ئاغای سەرانی كوژراوە.

٣. كوشتنی كەسایەتی ناسراو (قەوام ئەلمەلیك شیرازی) لەسەردەستی نیعمەتوڵلا بروگەردی و شوجاع نیزام مورتەدی.

٤. كوشتنی مەجدولمەلیك فەخرو العالی، دادوەری گشتی لەتاران.

٥. كوشتنی — محەمەدخان — بەرپرسی كاروباری ئابووری.

٦. كوشتنی نیعمەتوڵلاخان جاوید، خاوەن رۆژنامەی كلیل نەجات.

٧. ئەمە سەرەڕای ژمارەیەكی دیكەی زۆری هەوڵی كوشتن لەلایەن ئەندامانی ئەو رێكخراوە.

٥. **ئەنجوومەنە میللییەكان: (١٠)**

سەرەتای دەركەوتنی كۆمەڵەكان لەسەرو بەندی شۆڕشی دەستوری (١٩٠٥ – ١٩١١) لە ئێراندا، ئەو ئەنجومەنانە لەزۆربەی شارەكان دامەزران، ئەندامانی ئەركی سەرپەرشتی و چاودێری پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان)یان لەئەستۆ گرتبوو.

ئەو جۆرە كۆمەڵانە بوونە دامەزراوەی جێگیر كە پێگەو قورسایی جەماوەری گەرەیان بۆ خۆیان دروست كرد، رۆڵێكی گەورەیان گێڕا لەرابەرایەتی رای گشتی لەرووبەڕووبوونەوەی رژێم.

یەكەم كۆمەڵە بەناوی (ئەنجوومەنی میللی) لەشاری تەورێز دەركەوت، خەڵكی شارەكە بەشێوەیەكی فراوان بەشداریان لەئەنجوومەن كردوو نوێنەرەكانیان رەوانەی شارو گوندەكانی ئازەربیجان دەكرد بەمەبەستی هۆشیار كردنەوەی دانشتوان و

بڵاوکردنـەوەی هـزری شۆڕشـگێری و دەسـتوری، ئـەم ئەنجوومەنـە ڕۆژنامەیـەکی دەردەکرد بەناوی (ئەنجوومەن) کە هەر ژمارەیەکی پێنج هەزاردانەی لێ چاپدەکرا.

ئازەربیجانیەکان ڕۆڵی بنەرەتیان لەڕووداوەکانی شۆڕش دەستوری گێڕاوە، ناویـان لە ئەندامانی ئەنجوومەنەکان نابوو – موجاهید –.

**لەو ئە نجوومەن و کۆمەڵانەی لەشاری تاران دەرکەوتن:**

مالی تلوعییەکان، کۆمەڵەی حاجی سەید محەمەد عـەلی هیمـەت ئابادی، کۆمەڵـەی عەبـدولرەحیم ئیلاهـی، کۆمەڵـەی شـیرازی و قاجـاری، کۆمەڵـەی عێراقـی عەجـەم، کۆمەڵەی فاتمی و سـەعادەت و مەهدیـە، کۆمەڵـەی ئازەبیجـانی، کۆمەڵـەی مەرکـەزی برادەران، کۆمەڵەی ئیتحاد قوتابیان، کۆمەڵەی ئیتحـادی ئەسـنان، کۆمەڵـەی یـەکێتی زەردەشتی، کۆمەڵەی ئەرمەن، کۆمەڵەی سەرافان، کۆمەڵەی لەشکرنویسان کۆمەڵـەی مسـتوفیان، کۆمەڵــەی خوراسـان، کۆمەڵــەی سـەعادەت شـەهدنو، کۆمەڵــەی کوچەغەریبان، کۆمەڵـەی خـەیاتان، کۆمەڵەی کوچـە نەجدها، کۆمەڵـەی سـەعادەت دەروازەقەزوین، کۆمەڵەی برادەران دەروازە قەزوین.

**گرینگترین ئامانجەکانی ئەو کۆمەڵە شۆڕشگێڕییە نهێنیانە لەو خاڵانەی خوارەوە کورت دەکەینەوە:**

١. دابین کردنی مافی هەڵبژادرنی گشتی و نهێنـی دەنگدان بـۆ هـەموو تاکـەکانی کۆمەڵگە.

٢. دەسـتەبەرکردنی ئازادییـەکانی تـاک، چـاپکردنی کۆبوونـەوە، دامەزرانـدنی ڕێکخراوی سیاسی، مانگرتن، بیروباوەڕ.

٣. دەسـتگرتن بەسـەر زەوییـەکانی شـاو دەرەبەگـە گـەورەکان و دابەشـکردنی بەسەر جوتیاران.

٤. دیاریکردنی کاتی کارکردن بە (٨) سەعات.

٥. چاککردنی سیستمی باج و لەسەر شێوەی سەر بەرەو ژوور بێت.

٦. فێربوونی گشتی و بەخۆڕایی.

## لەچالاکیە سیاسییەکانی ئەنجوومەن و کۆمەڵەکان:

١. سەرپەرشتی کردنی هەڵبژاردنی ئەندامانی ئەنجوومەنی شورای ئێرانی، پاش بڕیاردان لەسەر دەستوری ساڵی (١٩٠٦).

٢. کوشتنی چەند کاربەدەستێك، وەك سەرۆك وەزیران لە ٣١/ئابی/١٩٠٧ لەشاری تاران.

٣. هەوڵدان بۆ کوشتنی محەمەد عەلی شا.

٤. باسکردنی کەم و کورتیەکانی دەسەلات و ریسواکردنی.

٥. دانانی نرخ بۆ هەندێ خۆراك و دژایەتیکردنی بازاری ڕەش، هەروەها دەستگرتن بەسەر دانەویلە داکراوە شاراوەکانی هەندێ قۆڵبڕو جامباز، پاشان دابەشکردنی بەسەر هەژاران.

٦. ئەنجوومەنی تەورێز نوێنەرانی خۆی ناردە شارو گوندەکانی ئازەربیجان بەمەبەستی وریاکردنەوەی خەڵك.

٧. دەرکردنی رۆژنامەیەك لەلایەن ئەنجوومەنی تەورێز بەناوی (ئەنجومەن) کە هەر ژمارەیەکی نزیکەی پێنج هەزاردانەی لێ چاپ دەکرا.

٨. هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن پێناسەیەکی هەبووە، کە دروشمی (دادپەروەری — ئازادی — یەکسانی — یەکێتی) هەڵگرتبوو.

٩. ئەندامانی ئەنجوومەن فشاریان دەخستەسەر ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان) بە مەبەستی دابینکردنی دیموکراسیەت و دوور خستنەوەی کاربەدەستە گەورەو گەندەل و کۆنەپەرستەکان.

ئەنجوومـەنی تـەورێز لەلایـەن (سـتارخان باقرخـان)ەوە سـەرکردایەتی کـراوە کـە خەڵکێکی زۆریش لەدەوری کۆبۆتەوە.

٦. **کۆمەڵەی موجاهیدین: (١١)**

ساڵی (١٩٠٧) کۆمەڵەی موجاهیدین لەلایـەن سوسیالسـتە دیموکراسـەکان لەشاری (مەشهەد) دامـەزراوە، وەك چـوار چێوەیەك بۆ کۆکردنـەوەی نیشـتمان پـەروەران، کۆمەڵە فراوانی گەورەی بەخۆوە بینی و بووە هێزی سەرەکی بۆ شۆڕشـی دەسـتوری لەو شارەدا، تێپەکانی کۆمەڵە بـەناوی – موجاهیـد – ناسـرابوون لەمێـژووی شۆڕشـی دەستوریدا.

بەرنامەی کۆمەڵە هاوشێوەی بەرنامەی حزبی – ئیجتاعیون عامیون – بوو، بـریتی بوو لە: هەڵبژاردنی دیموکراسیانەی راستوخۆ، دەنگدان بەشێوەیەکی نهێنی، دەسـتە بـەرکردنی ئازادییـە سیاسـییەکان و ئـازادی بیروبـاوەڕ و رادەربـڕین و کۆبوونـەوەو مانگرتن.

هـەر لەئامانجـەکانی کۆمەڵـە، دەسـتگرتن بەسـەر زەویـەکانی شـاو و دەرەبەگـە گەورەکان و دابەشکردنیان بەسـەر جوتیـاران، کاتـەکانی کـارکردن(٨) سـەعات بێـت، خوێندن بەخۆڕایی و بەزۆر بێت، چاك کردنی سیستمی باج وەرگرتن.

کۆمەڵە لەسەرەتای ساڵی (١٩١٠) هەڵوەشاوەتەوە.

٧. **لیژنەی (یەکێتی ئیسلام): (١٢)**

ئەم رێکخراوە ساڵی (١٩١٢) دامەزراوە لەناوچەی گەیلان – باکوری ئێران – بەهۆی کاریگەری بزووتنەوەی ئیسلامی کە لەتورکیا سەری هەڵدابوو لەو سەردەمە.

سەرکردەی رێکخراوەکە مـیرزا کوچـك خـان بـوو، نـاوبراو خوێنـدکاری ئـاینی بـوو، بیروباوەڕەکانی جەمالەدینی ئەفغانی کاریگەری بەسەریدا هەبووە، لەو کەسانەش بـوو

کەبەشداری لەبزووتنەوەی دەستوری کردووە، بەشداریشی کردووە لەرزگارکردنی شاری تاران ساڵی (١٩٠٩).

ئەم رێکخراوە رابەرایەتی راپەڕینێکی چەکداری کردووە، کەمۆرکی نیشتمانی ئاینی هەڵگرتووە زیاتر لەوەی رێکخراوێکی شۆڕشگێڕانەی دیموکرات بێت، بانگەوازی بۆ ئیسلام دەکرد دژی ئیمپریالیزم، بەڵام هیچ بەرنامەیەکی ئابوری سیاسی یان چاکسازی دیموکراسی نەخستۆتە ڕوو.

زۆربەی سەرکردەکانی پیاوانی ئاینی و بازرگان و موڵکدار بوونە، ئەم رێکخراوە بڕیاریداوە بەوەی باجی سەر زەوی بۆ جوتیاران یەك لەسەر دە (١/١٠) بێت بەپێی شەرعی ئیسلامی.

لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی ئەم رێکخراوە خۆی ریکخستووەو چەکی پەیدا کردووەو چالاکیەکانی زۆربەی ناوچەکانی گەیلانی گرتۆتەوە، دواتر رێکخراوەکە بەناویە حزبی – دارستان – ناوی دەرکردووە، ئەو هێزە کۆمەڵایەتیانەی لەناو بزووتنەوەکە کۆبوونەتەوە لەدوو گروپ پێکهاتوون:

أ) بورژاوی بازرگانی و مولکدارە لیبرالەکان و پیاوانی ئاینی.

ب) بازرگانانی چینی ناوەڕاست و بچووك، رۆشنبیران، پیشەوەران، جوتیارو کرێکارانی کشتوکاڵی، کە هێزی سەرەکی راپەڕینەکە بوون.

پاشان لەحوزەیرانی (١٩٢٠) حکومەتێکی خۆجێی لەناوچەی گەیلان پێکهات کە پابەندبوونی خۆی بەم خاڵانە ڕاگەیاند.

١. هەڵوەشاندنەوەی سیستمی پاشایەتی و ڕاگەیاندنی کۆماری

٢. پارێزگاریکردنی گیان و ماڵی هاوڵاتیان.

٣. هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو پەیماننانەی زیان بەبەرژەوەندی ئێران دەگەیێنێت.

٤. یەکگرتنی ڕەگەزی و مرۆڤایەتی و پیرەوکردنی یەکسانی.

لەبیستەکانی سەدەی بیستەکان ئەو ڕاپەڕینە لەلایەن هێزە چەکدارەکانی ئێران بە پشتیوانی هێزی دەرەکی کپ کراوە، دیارە ڕاپەڕینەکە بەرەو ڕووی چەند خاڵێکی لاوازیش ببووە کە هاوکاربوون بۆ دارمانی لەوانە:

ا) ململانێی توند لەنێوان هێزو لایەنە سیاسییەکان ڕاپەڕینەکە لەسەر بەرنامەی سیاسی، بەتایبەتیش لەنێوان حزبی شیوعی و حزبی دارستان.

ب) دەستێوەردانی دەرەکی و بەهێز بوونی حکومەت و پێگەی ڕەزاشا.

٨. **ڕۆژنامەو بڵاوکراوەکان: (١٣)**

لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕشی دەستوری (١٩٠٦) و لەماوەی ساڵی (١٩٠٧) بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری گەشەکردنێکی گەورەی بەخۆیەوە بینیوە، لەو ساڵەدا نزیکەی (٩١) ڕۆژنامەو بڵاوکراوە دەرچووە لەوانە :

ندای وگن – شاری تاران – خاوەنەکەی مەجد ئیسلام کرمانی

تمدن – شاری تاران – مودەبیرو گە مالیك

معاریف – شاری تاران – محەمەد عەلی بەهجەت

وطن – شاری تاران – سەید عەلی

بشارت – شاری مەشهەد – محەمەد عەلی بەشارەت

ئازربیجان – شاری تەورێز – میرزا حاجی ئاغای بلوری

جهاد اکبر – شاری ئەسفەهان – میزا عەلی ئاغای خوراسانی

خورشید – شاری مەشهەد – محەمەد سادق تەبریزی

صور اسرائیل – شاری تاران – جیهانگیرخان.

گلستان سعادت – شاری تاران – نەسرو ڵلاخان

عراق عجم – شاری تاران – ئەدیب ئەلمەمالك

ادمبت – شاری تاران – عەبدولموتەلیب پەزدی

روح القدس – شاری تاران – سولتانو عولەما خوراسانی

اصفهان – شاری ئەسفەهان – محەمەد تەهرانی

ئەمە جگە لەو رۆژنامانەی کەپێشوتر دەردەچوو زیاتر گەشەیان کردوو گۆڕانکـاری بەسەریاندااهات.

## حزبە سیاسییەکان لەئێران:

- **حزبە نیشتمانیە نەتەوەییەکان:**
  - **حزبی دیموکرات:(١٤)**

ئەم حزبە ساڵی (١٩٠٨) دامەزراوە، سەرەتا ناوی (ئینقلابی) هەڵگرتووە، پاشان لەساڵی (١٩٠٩) ناوەکەی بووە(١٤) بەحزبی دیموکرات عامیون، بەکورتکراویش پێی وتراوە – عامیون –.

دامەزرێنەری حزبە کە (سلیمان میرزا ئەسکەندەری) بوو، ناوبراو پێشتر لە دامەزراندنی ڕێکخراوە سۆسیالستە دیموکراتەکان لەشاری تاران بەشداری کردووە، لەسەر کردەکانی دیکەی ئەم حزبە: حوسێن قولی خان، سەید محەمەد ڕەزا مساوات، شێخ محەمەد خیابانی، وەحیدولمەلیك، حسن تەقی زادە.

زۆربەی ئەندامانی ئەم حزبە نووسەرو ڕۆشنبیربوون، لەماوەی چەند مانگێك ریکخستنەکانی لەزۆربەی شارەکان گەشەیان کردووە، لەهەڵبژاردنیش بۆ ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان)، ژمارەی (٢٨) ئەندامی گەیشتنە پەرلەمان، لەوانە (سلیمان میرزا ئەسکەندەری، شێخ محەمەد خیابانی، بەڵام لەناو پەرلەمان کەمایەتی بوون.

**ئەو بنەمایانەی حزبەکەی لەسەری دامەزراوە:(١٥)**

١. جیاکردنەوەی ئاین لەدەوڵەت و سیاسەت.
٢. کاری سەربازی بۆ لاوان بەزۆر بێت، هەڵوەشاندنەوەی هێزی چەکداری بەکرێگیراو.
٣. دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاراندا.
٤. دەرکردنی یاسایەك ڕێگر بێت لەبەردەم پاوانکردنی پێداویستیەکانی ژیان.
٥. سیستمی خوێندنی بەزۆر بۆ هەمووان.

٦. دامەزراندنی بانکی کشتوکاڵی.

٧. هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی پیران.

٨. فراوانکردنی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی جیهان.

٩. دیاریکردنی کاتەکانی کارکردنی رۆژانە بە(١٠) سەعات.

**رۆژنامەکانی حزب:**

١. رۆژنامەی (ئێران نو) ئێرانی نوێ، کەلەشاری تاران دەردەچوو، لەسەر لاپەرەکانی بیروباوەڕی سوسیالستی بەتەواوی زاڵبو، لەو رۆژنامەیە چەندین بابەت دەربارەی ئابوری سیاسی مارکسی و نووسینکەانی ئەنجلز وتارەکانی دیکەی مارکس بڵاوکراوەتەوە.

٢. رۆژنامەی شەفەق لەشاری تەورێز دەردەچوو.

٣. رۆژنامەی نوبەهار لەناوچەی خوراسان دەردەچوو.

**چالاکیە سیاسیەکانی حزب: (١٦)**

هەر وەك دەردەکەوێ دامەزراندنی ئەم حزبە هەوڵێك بوو لەلایەن سۆسیالستخوازانی ئێران بۆ خولقاندنی چوار چێوەیەکی فراوانتر بەمەبەستی کۆ کردنەوەی هێزو لایەنە دیموکرات و پێشکەوتنخوازەکان.

ئەم حزبە لقێکی چالاکی لەناوچەی ئازەربیجان هەبوو، چالاکیەکانی گەشەی کردو ساڵی ١٩١٧ خۆی سەپاندو دەسەڵاتی گرتەدەست، لەئابی ١٩١٧ ئەم لقە، کۆنگرەیەکی حزبی رێکخست تێیدا بڕیاریدا کە لقەکە ببێتە رێکخراوێکی سەر بەخۆ لەژێر ناوی (تیپی ئازەربیجانی دیموکرات) و شێخ محەمەد خیابانی بەسەرۆك هەڵبژێردرا، لەسەر کردەکانی دیکەی (حەسەن تەقی زادە).

لەسێیەم خولی هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێرانی، دیموکراتەکان (عامیون) سەرکەوتن و (٣١) ئەندامیان گەیشتنە پەرلەمان، پاشان لەگەڵ (٢٠) ئەندام پەرلەمانی سەربەخۆ بوونە یەك فراکسیۆن لەناو پەرلەمان بەمە زۆرینەی دەنگەکانیان پێکهێنا. (١٧)

کاتێ جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرساو سوپای ڕوس هێرشی کردە سەر ئێران، ئەم حزبە کۆمیتەیەکی بەرگری میللی دروست کرد، لەئەندامانی ئەو کۆمیتەیە (سلیمان میرزا، میرزا سلیمان خان، میرزا محەمەد علی خان، وەحیدولمەلیك، حاجی فگن ئەلمەلیك).

بەڵام دوای تێشکانی لەشکری ئێرانی لەشەڕدا بەرامبەر بەڕوس، هەردوو حزبی عامیون و ئیعتیدالیون خۆیان هەڵوەشاندەوە.

- **حزب اجتماعیون عامیون (سۆسیال دیموکرات): (١٨)**

ساڵی (١٩٠٤) لەشاری (باکۆ)ی پایتەختی ئازەربیجانی سۆڤیەتی، ڕێکخراوێك پێکهات لەلایەن چەند کەسێك هەڵگری بیروباوەڕی دیموکراسی سۆسیالستی، لەژێرناوی – هیمەت – واتە (ویست و ورە)، ڕێکخراوەکە بووە بنچینەی دامەزراندنی حزبی سۆسیال دیموکراتی ئێرانی لەساڵی (١٩٠٩) کە دواتر بەناوی (ئیجتماعیون عامیون) ناسرا.

ئەوانی ئەم حزبەیان دامەزراند لەو ئاوارە ئێرانیانە بوون کەلەشاری باکۆ گردبوونەوە ئەوانە ئێرانیان بەجێ هێشتبوو بەهۆی چەو ساندنەوەو گوزەران خرپی. (١٩)

ڕێکخراوەکە، ڕێکخراوێکی نیمچە کرێکاری بوو، بەرنامەکەی بەکاریگەری سوسیالستەکانی ڕوسیا دانرابوو، هەر لەو شارەوەش چاپەمەنی و بڵاوکراوەکانیان ڕەوانەی ناو ئێران دەکرد.

لەسەرکردەکانی ئەم حزبە، حەیدەر عومەر ئوغلو، عەلی مسیۆ(٢٠).

**لەبەرنامەی ئەم حزبەدا هاتبوو: (٢١)**

١. هەموو زەوی و زارەکان دەبێ ببێت بەموڵکی ئەوانی کاری تێدا دەکەن و ماندوو دەبن لە چاککردنی و بەرهەم هێنانی.

٢. دیاریکردنی رۆژانی کارکردن بە (٨) سەعات هەر سەعاتێکی زیاتر دەبێ قەرەبوو بکرێت.

٣. پێویستە دەوڵەت یارمەتی دارایی پێشکەش بەژنان و بێوەژنان و بێ باوکان و پیرو پەککەوتەکان بکات.

٤. پێویستە دەوڵەت شوێنی گونجاو بۆ هەژاران دروست بکات و بەکرێیەکی هەرزان بیانداتێ.

٥. دامەزراندنی قوتابخانەو شوێنی فێربوون بۆ منداڵە بێ کەس و کارەکان لە هەموو شارو گوندێك.

٦. چاوپۆشین لەوەرگرتنی باج لەکەسانی هەژارو دەست کورد، هەروەها کەمکردنەوەش لەسەر خەڵکانی دیکەو وەرگرتنی بەپێی رادەی داهات بێت.

**لەئامانجە سیاسیەکانی ئەم حزبە:**

١. دابین کردنی ئازادی کۆبوونەوەو بیرورا دەربڕین.

٢. ئازادی چاپ و بڵاوکردنەوەو نەمانی چاودێری حکومەت لەسەر رۆژنامەکان.

٣. پیشەداران ئازاد بن لەبەڕێوەبردنی کارو بارەکانیان دەربارەی پیشەو پێداویستیەکانی.

٤. ئازادی ئاین و بیروباوەڕ، بۆ ئەوەی گەلان پەیوەندییان لەگەڵ یەکتر برایانە بێت.

٥. ئازادی مانگرتن لەلایەن کرێکارانەوە، وەك ئامرازێك بۆ بەدیهێنانی مافەکانیان.

ئـەم حزبـە رۆڵێکـی بەرچـاوی گێـڕاوە لەهەوڵـەکان بـۆ دابـین کردنـی دەسـتور، لەشارەکانی تاران، مەشهەد، ناوچەکانی ئازەربیجان، بەشداری خۆپیشاندان و چالاکیە سیاسیەکانی کردووە.

## کێشە ناوخۆییەکانی حزب:

ئەم حزبە توانای ئەوەی نەبووە زاڵبێت بەسەر کێشە ڕێکخراوەییە ناوخۆییەکانی و خۆی بگۆڕێت و ببێتـە خـاوەن ڕێکخستنێکی ناوەنـدی یـەکگرتوو، بـەڵکو زیـاتر وەك یەکێتیـەك ماوەتـەوەو پێکهـاتووە لەچـەند ڕەوت و گروپێـك، کـە بـیروڕای جیاوازیـان هـەبووە، هـەروەها شـێوازی کارەکـانی بازنـەیی و گـروپ گـروپ بـووە، بۆیـە توانـای یەکگرتنی نەبووە لەسەر بنەمایەکی هزری ڕوون، سەرکەوتووش نـەبووە لـەپێکهێنانی ڕێکخـراوی جـەماوەری کـەڕۆڵ و خـەباتیان لەگـەڵ ڕۆڵ و خـەباتی خـودی حـزب یەکبگرێتەوە.

ئەم حزبە توانای خۆسازدان و خۆڕێکخستنی نەبووە کە دژایەتی داگیرکاری بیـانی بکات لەدوای یەکەم جەنگی جیهانی، بۆیە بەسەر چەند گروپ و ڕەوتێك دابەش بووە.

ساڵی ١٩١٧ لەناوچـەی ئـەردەلان (لەکوردسـتان) لەلایـەن ئیـبراهیم خـان مـەهراب زادە، ڕەمـەزان زادە(٢٣) کوردسـتانی، شـێخ نیسـکی، حـاجی ئیـبراهیم، ئەشـرەف نیزامی کەمانگەر، بەپاڵپشتی سـەرکردەیەکی لەشـکری ڕوسـی (زاخـار چـنگو) حزبـی سۆسـیال دیمـوکرات دامـەزراوە، کەپەیوەنـدی بەسۆسـیال دیمـوکرات دامـەزراوە، کەپەیوەندی بەسۆسیال دیموکراتەکانی دیکەی ناو ئێران هەبووە.

ئەم حزبە لەناو کوردستان گەشەی کردووەو دەستیان بەسەر شاری (سنە) گرت بۆ ماوەیەك لەو ماوەیەدا دەستیان بەسەر کۆگای خۆراکی دەرەبەگەکان گرت و دابەشیان کرد بەسەر هەژاران، دواتر هێزەکانی ڕژێم دەسەڵاتیان بەسەر شارەکە گەڕایەوە.

بەهەمان شێوە لەشاری کرماشان حزبی سۆسیال دیموکراست دامەزراوە، لەدامەزراندنیشی هەریەك لە (محەمەد تەقی خان، میزرا حوسێن خانی کوردی، میرزا مەهدی خانی کوردستانی) بەشداریان کردووە.

سالّی (١٩٢٢ – ١٩٢٣) ئەم حزبە جارێکی دیکە دەرکەوتووە لەکاتی هەڵبژاردنەکانی پەرلەمان، لە ژێرناوی – حزبی سوسیالست – و چەند ئەندامێکی گەیشتنە پەرلەمان.

ئەوەی جێگای باس کردنە، وادەردەکەوێت لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لەڕوسیا، بەهۆی کاریگەری ئەو هەل و مەرجە ئەوا چەند ڕێکخراوێك لەچەند ناوچەیەك و لەکاتی جیاوازدا دامەزراوە لەژێر ناوەی حزبی سوسیالست.

## • کۆمەڵەی ئێرانی لاو (انجمن ایران جوان) (٢٣)

ئەم ئەنجوومەنە (ڕێکخراوە) لەدەوروەبەری سالآ نی بیستەکانی سەدەی رابردوو دامەزراوە ئەوانی بەشداریان لەدامەزراندنی کردووە (بەشیر عەلی ئەکبەر سیاسی، مەحمود ئەفشار، موشەرەف نەفیسی، ئیسماعیل مەرات، جەواد عامری)، ئەوانە کۆمەڵە لاوێك بوون لەدەرەوەی ئێران گەڕابوونەوە، لەو سەردەمەی کە رەزاخان سەرۆك وەزیرانی ئێران دەبێت.

بەشیر عەلی لەیاداشتەکانی خۆی دەگێڕێتەوە.

دوای ماوەیەك لەدامەزراندنی کۆمەڵەو راگەیاندنی بەرنامەکەی، سەرۆك وەزیران (رەزاخان) داوای چاو پێکەوتنی کرد لەگەڵ سەرکردەکانی کۆمەڵە، لەم بارەوە وەفدێکی کۆمەڵە بریتی بوو لە: ئیسماعیل مەرات، مەشەرەف نەفیسی، موحسین رەیس، عەلی بەشیر ئەکبەر، گەیشتنە بارەگای سەرۆك وەزیران.

سەرۆك وەزیران (رەزاخان) دەربارەی بەرنامەو ئامانجەکانی کۆمەڵە، پرسیاری لە ئامادەبوون کردو لێی پرسین کۆمەڵە بۆچی دامەزراوە، لەوەڵامدا عەلی بەشیر وتی: ئێمە کۆمەڵە لاوێکی نیشتمان پەروەرین، پێمان ناخۆش بوو وڵاتمان دواکەوتوو بێت، بەبەراورد لەگەڵ پێشکەوتنی وڵاتانی ئەوروپا، کۆمەڵەکەمان هەوڵدەدات ئێران لەو دواکەوتنە رزگار بکات و بگاتە ئاستی وڵاتە پێشکەوتووەکانی جیهان، بۆ ئەم مەبەستەش بەرنامەیەکی کارمان داناوە.

ڕەزاخان بەرنامەکەی وەرگرت و پاش تەماشا کردنی وتی: ئەوەی نووسیوتانە شتێکی زۆرباشە، بەڵێنیشی پێدان کەکار بۆ جێ بەجێکردنی بکات.

## • حزبی موستەبیدین: (٢٤)

ئەم حزبە لەلایەن کۆمەڵە کەسانێك دامەزرا کەسەر بەبنە ماڵەی محەمەد عەلی شای قاجاری بوون، لەوانە: مەفاخیر ئەلمەلیك، سەنیع حەزرەت، ئەجوەد ئیناشی، شێخ فەزلوڵلا میر هاشم).

ئامانج لەدامەزراندنی حزبەکە، پشتگیریکردنی بنەماڵەی شاو بەرگریکردنە لە بەرژەوەندییەکانیان، هەروەها روو بەروو بوونەوەی ئەوانی داوای دەستور دەکەن، سەرەڕای پاڵپشتی کردنی دەسەڵاتی رەهای تاکڕەو.

دیارەکارێکی ئاساییە کە (محەمەد عەلی شا) پارەیەکی زۆری بەخشیە ئەو کەسانەو پشتگیری کردوون بەمەبەستی پەیداکردنی لایەنگران و ڕاکێشانی سۆزی خەڵکی دیکە، ئەم حزبە دوای ماوەیەك، گۆڕان بەسەر پێکهاتەکەی روویداو زیاتر وەك یەکێتیەك دەرکەوت.

بەڵام لەئەنجامی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و هەڵاتنی (شا محەمەد علی) بەرەو وڵاتی، ڕوسیا، ئەم حزبە رووی لەهەڵوەشاندنەوە کرد، دواتر بەشێك لەسەر کردەکانی زیندانی کران و بڕیاری لەسێدارەدانیان لەسەر جێبەجێکراوە.

هەر لەوماوەیەدا کۆمەڵەیەك بەناوی – ئانجمن مستبدین – دامەزراوە لەو کەسانەی کە دژی دەستور بوون و پشتگیری دەسەڵاتی تاك رەوییان دەکرد، ئەوانە، ئەو کەسانەی داوای دەستوریان دەکرد بەکافرو ئاژاوە چی ناویان دەهێنا.

- **حزبی ئیجتماعیون ئیعتیدالیون: (٢٥)**

ئەم حزبە لەناو ئێرانیەکان بە – ئیعتیدالیون – ناسرابوو، وەك کورتکراوەیەك بۆ ناوەکەی لەو سەرکردانەی بەشداریان کردووە لە دروستکردنی: میرزا محەمەد سادق تەبا تەبایی، میرزا عەلی ئەکبەرخان، حاجی میرزا عەلی محەمەد دەوڵەت ئابادی، حاجی ئاغای بزرگ شیرازی، شوکروڵلاخانی قەوام ئەلدەولە، عەبدوڵلا بەهبەهانی، حزب لەناو پەرلەمانی ئێران لەخولی دووەمدا (١٩٠٩) زۆرینەی پێکدەهێنا، هەروەها هاوپەیمانیەتیەکی دروست کردبوو لەگەڵ حزبی ئیتفاق و تەرقی (٤ ئەندام) و لایەنە سەربەخۆکان (٧ ئەندام) لەکاتێکشیدا خۆی لەناو پەرلەمان (٣٦) ئەندامی هەبوو.

**بنەماکانی حزب:**

ئیعتیدالیەکان بەکەسانی کۆنەپارێز ناسرابوون، بەزۆری لەخانەدان و دەوڵەمەند پێکهاتبوون، لەگەڵ ژمارەیەك لەپیاوانی ئایینی.

ئەم حزبە لەکاری سیاسیدا کەوتبووە نێوان دوو بۆ چوون: لەلایەکەوە بەرژەوەندیەکانی خۆیان، لەگەڵ ویستیان بۆ پەرەسەندنی ئێران، لەلایەکی دیکەوە، بۆیە تووشی حاڵەتێکی چەق بەستوو ببوون.

## • حزبی عەدالەت: (٢٦)

ساڵی (١٩١٦) دوو بەرەکیەك لەناو حزبی (ئیجتماعیون عامیون) روویدا، بەهۆی لاوازی گەشەکردن و بێ توانایی لەوەی کە رۆڵێکی کاریگەر بگێرێت، ئەو گروپەی جیابۆوە رێکخراوێکی نوێیان پێکهێنا لەژێر ناوی عەدالەت.

حزب سەرەتا لەشاری باکۆ دامەزرا لەو ناوەندانەی کرێکارانی ئێرانی کاریان تێدادەکرد، پاشان گەشەی کردوو لەماوەیەکی کورتدا لەشارەکانی ئێراندا (تاران – مەشهەد – رەشت – تەوریز – ئەنزل – زنجان) رێکخستنەکانی بڵاو بۆتەوە.

لەو کەسانەی بەشداریان لەدامەزراندنی کردووە: ئەسەدوڵلا غەفار زادە، حەیدەر عومەر ئۆغلو، حەسەن بەگ بین، میر جەعفەر پیشەوەری (سکرتێری حزب).

دوای ماوەیەکی کەم حزب رۆژنامەی (بەیرەق عدالەت) ئاڵای عەدالەتی دەرکرد، کەبەشێوەیەکی فراوان لەناو کرێکاران بڵاو دەکرایەوە ، دوای ساڵی ١٩١٨ حزب رۆژنامەی – ئازادی – دەرکرد بەهەردوو زمانی فارسی و ئازەری.

## چالاکیەکانی حزب:

١. چالاکیە شۆڕشگێرییەکانی ئەم حزبە دەستی پێکرد بەداگیرکردنی بالیۆز خانەی ئێرانی لەشاری باکۆ.

٢. حزب پەیوەندی بەشۆڕشی ناوچەی گەیلان کردو بە (٦٠٠) چەکدار بەشداری تێدا کردووە.

٣. حزب بەشداری لەکۆنگرەی نێونەتەوەیی سێیەمی کۆمۆنیستی کرد کە لەشاری – بترۆگراد – بەسترا، حەیدەر عومەر ئۆغلو وەك نوێنەری ئێران لەئەنجومەنی جێبەجێکردنی کومنترن – هەڵبژێردرا.

٤. سالّى (١٩٢٠) دووەم كۆنفرانسى حزبى عەدالەت بەسترا، زۆر لەرێكخراوە كۆمۆنیستەكان بەشداریان تێدا كرد، لەو كۆنفرانسەدا بڕیاردرا هەوڵبدرێت كۆنگرەی گشتی حزب ببەسترێت و لەبەر ئەم بابەتانە لێكۆڵینەوەش بكرێت:

أ) دیاریكردنی ڕێبازی حزب لەبەرامبەر بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی، بەتایبەتی سیاسەتی حزب لەبەرامبەر شۆڕشی گەیلان بەسەركردایەتی (میرزا كوچك خان).

ب) بڕیاردان لەسەر بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی حزب و هەڵبژاردنی كۆمیتەی ناوەندی.

لە٢٢/حوزیرانی/١٩٢٠، یەكەم كۆنگرەی حزب بەسترا لەبەندەری (ئەنزل) تێیدا بڕیاردرا لەسەر گۆڕینی ناوی حزب لەحزبی عەدالەوە بۆ حزبی شیوعی.

- **حزبی (عەدالەت): (٢٧)**

لەساڵی ١٩٤١ لەماوەی نێوان هەردووخولی (١٣-١٤) ئەنجوومەنی شورای ئێران - پەرلەمان - كۆمەڵە ئەندام پەرلەمانێك لەگەڵ چەند رۆشنبیرێكی بەتەمەن، بڕیاری دامەزراندنی حزبی - عەدالەت - یاندا.

لەسەركردەكانی ئەم حزبە: جەمال ئیمامی، عەلی دەشتی، ئیبراهیم خواجە نوری، ئەبولحەسەن حائیری زادە، ئەمیر ئەحمەد، د.ئەمین ئەلمەلیك مزرەبان، ئەحمەد هومەن، بە هاوكاری نزیكەی (٥٠) كەسی دیكە.

ئەم حزبە چەند رۆژنامەیەكی دەركردووە، لەوانە: مهر ایران، ندای عدالت، بهرام، قیام ایران، هەروەها لەشاری شیرزایش رۆژنامەیەكیان دەركردووە بەناوی - عدالت - ئەم حزبەدرێژەی بەچالاكیەكانیدا تاكۆتایی ساڵی (١٩٤١).

- **حزب اصلاح طلبان ( داواكاری چاكسازی ): ( ٢٨ )**

نوێنەری ئەم حزبە كە لەكۆتاییەكانی جەنگی یەكەمی جیهانی دامەزرا، زۆرینەیان پێكدەهێنا لە ئەنجوومەنی شورای ئێران (پەرلەمان)، لەریزەكانیدا سیاسەتمەدارو سەركردەكانی حزبی دیموكرات عامیون و حزبی ئیعتیدالیون كۆببونەوە.

ئەم حزبە بەسەرۆكایەتی – سەید حەسەن مودەڕیس – بوو، كە ئەندامی ئەنجوومەنی شورای ئێران بوو، ناوبراو ساڵی ١٩٣٧ لەناو بەندیخانە كۆچی دوایی(٢٩) دەكات (دەوترێت لەسەردەستی پیاوانی رژێم كوژراوە).

حزب دژی پرۆژەی بەكۆماری كردنی ئێران وەستا، كەلەلایەن – رەزاشا – و لایەنگرانی خرایە روو هەوڵی بۆ درا ساڵی ١٩٢٤، ئەندامانی حزب پێكهاتبوون لەكەسانی كۆنەپارێزو بازرگان و مولكداران و پیاوانی ئایینی.

سەركردەكانی ئەم حزبە بەترسەوە تەماشای سیاسەتەكانی روسیاو بەریتانیایان دەكرد.

- **حزب و ململانێ سیاسییەكانی ناو پەرلەمان: ( ٣٠ )**

لەو ماوەیەدا (بیستەكانی سەدەی رابردوو) ململانێیەكانی ناو پەرلەمانی ئێرانی بۆیەكەم جار زۆر بەتووندی سەریان هەڵدابوو، بەمەبەستی دەستگرتن بەسەر كاروباری دەوڵەت، كاتێ حزب بۆ پێگەی سەرۆك وەزیران هەریەك لە (قەوام ئەلسەلتەنە) و (حەسەن پیرینا) و (موشیر ئەلدەولە)ی كاندید كرد، لەلایەكی دیكەوە حزبی (سوسیالست) میرزا حەسەن مستەوفی كاندیدكرد، هەر بەهۆی پابەند نەبوون بە بنچینەو بنەماكانی حزبایەتی، ئەوا پێگەی هەردوو حزب لەبەرز بوونەوەو دابەزیندابوو، زۆر جار روویداوە كەكۆمەڵێك لەلایەنگرانی حزبی سوسیالست لەحزبەكەیان دووردەكەوتنەوەو دەچوونە پاڵ حزبێكی دیكە، دیارە ئەویش دوای چەند

چاوپێکەوتنێکی نهێنـی روویـدەدا، دواتـر پـاش چـەند رۆژێـك دەگەڕانـەوە بـۆ لای حزبەکەی خۆیان، هەروەها نوێنەرانی هەردوو حزب دەچوونە پـاڵ کەمایەیتـەك لـەناو پەرلەمان بۆ روخاندنی حکومەت، لەحالەتێکدا ئەگەر حکومەتێك پێکهات و سوودیان لێ وەرنەگرت، یان نارازی بوون لێی، ئەوا دەچوونە پاڵ ئەوانی دژی حکومەتەکە بوون.

بەم جۆرە ململانـێ سیاسییەکان، کێشـەکانی حکومـەت و پەرلـەمانی ئێرانـی وەك یارییـەکی لێ هـاتبوو بەدەسـتی ئـەو ئەندامانـەی پەرلـەمان لەهـەردوو بـەرەی رازی و نارازی لەکاروباری حکومەت.

بۆیە پەرلەمان لەخولی چوارەمی بووە پەرلەمانێك کەبـەرەورووی زۆرتـرین حالـەتی کێشەو ململانـێ دەبـۆوە، ژیـانی دەسـتوری تێکـدابوو، لەلایـەکی دیکـەوەش پـیلان و دەستێوەردانەکانی سەرکردەی سـوپا (رەخـاخـان) یاریەکـەی ئەوەنـدەی دیکـە ئـاڵۆز نەکردبوو.

## • کوتلەی نیشتمانی:

لەسەرەتای ساڵی (١٩٢٢) لەناو پەرلەمانی ئێرانـی گروپێـك دەرکـەوت لـەژێرناوەی (کوتلـەی نیشـتمانی)، ئـەو کوتلەیـە لەچـەند رێکخراوێـك پێکهـاتبوو، وەك حزبـی سۆسیالستی دیموکرات بەسەرکردایەتی میرزا ئەسکەندەری، حزبی سۆسسیالستە سەر بەخۆکان و هەندێکی دیکەش.

ئەم کوتلەیە لەکانونی یەکەمی/١٩٢٢ کۆبوونەوەیەکی گەورەی سازکرد دژی سەرۆك وەزیران (قەوام ئەلسەڵتەنە) لەهەمان کاتدا لەناو پەرلەمانیش بەهەڵمەتێك هەستا دژی سـەرۆك وەزیـران، بـەم کارانـەی تـوانی دەنگـەکانی خـۆی لـەناو پەرلـەمان لـە (١٢) دەنگەوە بۆ (٤٨) دەنگ بەرزبکاتەوە.

لە ٢/نیسانی/١٩٢٣ دوو بەرەکیەك کەوتە ناو ئەو کوتلەیە، پاشان کەڕەزاخان بووە سەرۆك وەزیران لەباڵی ڕاستی ئەم کوتلەیە، لەو کەسانەی پەیوەست بوون بە دەرەبەگ و مولکدارە مام ناوەندییەکان، حزبی (تجدد)ی دامەزراند بەسەرۆکایەتی (محەمەد تەدبین)، ئەم حزبە پشتگیری توندی ڕەزا شای دەکرد.

بەڵام باڵی چەپی کوتلەکە، خۆیان ڕێکخست لەحزبێکی نوێ بەناوی حزبی (سۆسیالستەکان) بەسەرۆکایەتی سلیمان میرزا ئەسکەندەری.

## • حزبی تجدد: (٣٢)

لەمانگی نیسانی/١٩٢٣ دامەزرا بەسەرۆکایەتی محەمەد تەدبین، لەکۆمەڵەکەسانێکی دەرەبەگ و خاوەن مولکی مام ناوەندی، حزب لەناو ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان) ژمارەی (٤٣) کورسی هەبوو، پالپشتی ڕەزا شای دەکرد.

ئەم حزبە دواتر ناوەکەی گۆڕاو بووە حزبی (ایران نوین) و پاشان بووە حزبی (تەرەقی) دواتر ڕێگای چالاکی لێ قەدەغە کرا. (٣٣)

حزب ڕۆژنامەیەکی دەردەکرد لەژێر ناوی (تەجدد)، لەبەرنامەکەیدا جەختی لەسەر ئەم خالانە کردۆتەوە:

١- چاکسازی کارگێڕی و دادوەری و پەرەسەندنی فێربوون، بەتایبەتیش بۆ ژنان. (٣٤)

٢- ئازادی رادەربڕین و ڕۆژنامەگەری و مانگرتن.

٣- یاسایەکی نوێی دەنگدان بۆ هەڵبژاردن.

٤- بایەخدان بەبازرگانی و پیشەسازی و کشتوکاڵی.

٥- ڕێگرتن لەگەندەڵی و تێکدانی بازار.

٦- دابەشکردنی زەوی دەوڵەت بەسەر جوتیاران.

٧- ڕێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان جوتیارو موڵکداران.

٨- دیاریکردنی کاتەکانی کارکردن (٨) سەعات لەڕۆژێکدا.

٩- جیاکردنەوەی ئاین لەسیاسەت.

١٠- دامەزراندنی سوپایەکی یاسایی ئامادەکراو.

## • حزبی سوسیالست: (٣٦)

ئەم حزبە لەلایەن سەرکردەکانی چەند حزبێکی پێشوی هەڵوەشاوە (حزبی دیموکرات عامیون، حزبی ئیجتماعیون ئیعتیدالیون) دامەزراوە، بەرچاوترین ئەو سەرکردانەش (سلیمان میرزا ئەسکەندەری) بوو، حزب لەکاتی کۆبوونەوەکانی خولی چوارەمی ئەنجوومەنی شورای ئێرانی، لەنێوان سالآنی (١٩٢٢ - ١٩٢٣) دامەزراوە.

حزبی سۆسیالست لایەنگری سیاسەتەکانی حزبی شیوعی روسیای کردووە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی (٣٧) ئۆکتۆبەری ١٩١٧.

ئەم حزبە ژمارەیەک خەڵکی رۆشنبیری تێدا کۆببۆوە، بەلآم لەناو پەرلەمان (ئەنجومەنی شورا) کەمایەتی بوو، ژمارەی ئەندامانی لەشاری تاران بە (٢٥٠٠) کەسی مەزندەکراوە.

چەند رۆژنامەیەکی هەبووە لەشاری تاران، لەوانە رۆژنامەی (توفان) کەسەر نووسەرەکەی (محەمەد فروغی)، شاعیر بوو، ناوبراو بەهۆی رەخنەی توندو بەردەوامی لەرژێم و لەرەزاخان، رێگای کاری ئاشکرای لێگیرا، دواتر دەسگیردەکرێت، و زیندانی دەکرێت و بڕیاری لەسێدارەدانی لەسەر دەردەچێت.(٣٨)

**لەئامانجەکانی حزب: (٣٩)**

دانانی یاسا بۆ دابین کردن و پارێزگاریکردن لەمافەکانی ژن، کردنەوەی خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری.

**لەچالاکیەکانی حزب:**

دەرکردنی گۆڤارو بڵاوکراوەی رۆشنبیری و نمایش کردنی شانۆگەری.

حزب لەسەرەتای دامەزراندنی پشتگیری لەسیاسەتەکانی رەزاخان کردووەو لەگەڵ هەوڵەکانی بووە بۆ گۆڕینی سیستم لەپاشایەتیەوە بۆ کۆماری، بەڵام کاتێك رەزاخان گەیشتە دەسەڵات رێگای چالاکی ئاشکرای لەو حزبە قەدەغەکرد، پاشان لەساڵی ١٩٢٦ یانەی حزبەکەشی سووتێنرا بەرێنمایی رەزاخان.

- **حزبی أو - ئەو : (٤٠)**

یەکەم حزب بوو دابمەزرێت لەسەردەمی دەسەڵاتی رەزاشا، ئەم حزبە زۆر بەنهێنی دامەزراوە، ئەویش بەهۆی ترس لەهەڵس وکەوتی دیکتاتۆری و زۆرداریەکەی رەزاشا بەرامبەر بەئازادی سیاسی و حزبەکان بەتایبەتی.

دەربارەی بەرنامەو کاروچالاکیەکانی و سەرکردەکانی هیچ شتێك نەزنراوە، دەوترێت دامەزرێنەکەی ناوی (عەلی دەشتی) بوو، بەڵام خودی ناوبراو لەوتارێکیدا ئەو کارەی بەدرۆخستەوە، هەروەها ناوبراو لەوتارەکەیدا هاتبوو کە دامەزرێنەری حزب، مێژوو نووسی دەوڵەت (سپهەر)ە ئەگەرچی ئەویش ئەو کارەی بەدرۆخستەوە.

## • حزبی گروپی پۆلا: (٤١)

کۆمەڵە کەسانێك لەوانی لەناو سوپای ئێران بوون، هەستاون بەدامەزراندنی ئەم حزبە لەسەر کردەکانی:

١- عەقید مەحمودخان پۆلادین، سەرکردەی گروپەکەو بیرمەندییان.

٢- ئەفسەر ئەحمەدخان پولادین، برای عەقید مەحمود.

٣- نەسرۆڵلاخان، روحوڵلاخان.

دواتر (مسیوحاییم) کە نوێنەری جولەکەکان بوو، لەپەرلەمانی ئێرانی، پەیوەندی بەڕێکخراوەکە کردووە، هەروەها ژمارەیەك لەکەسانی ناو سوپاو فەرمانبەرانی دەوڵەت و بازرگان و کرێکاران پەیوەندییان بەم ڕێکخراوەکردووە.

بەڵام پاشان چالاکیەکانی ئەم ڕێکخراوە لەلایەن دەسەڵاتەوە ئاشکرابووە، بۆیە عەقید محمود بڕیاری سوتاندنی هەموو نوسراوو تۆمار کراو بەڵگەنامەکانی داوە بەمەبەستی دەرنەکەوتنی هەر نهێنیەك یان ناوی ئەندامەکانی، بەڵام سەرەڕای ئەو کارەش ژمارەیەکی کەمی ئەندامانی ئاشکرابوون، کە دواتر بەهۆی دادگانهێنیەکانەوە(١٥) کەس لەوانە بڕیاری لەسێدارەدانیان دەردەچێت و لە رۆژی ١٣/شوبات/١٩٢٧ جێبەجێ دەکرێت، هەروەها بەشێکیانیش زیندانی دەکرێن بۆ ماوەی جیاواز.

## • حزبی ض - أ - : (٤٢)

ئەم حزبە بەنهێنی دامەزراوە، لەسەردەمی دەسەڵاتی رەزاشا، خاوەن بەرنامەو ڕێکخستن بوو، بەڵام ناوەڕاستیەکەی خۆی و ناوی سەرکردەو ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزبەکە شاراوە بوو، هەموو زانیاریەکان دەربارەی ناوەکەی و بەرنامەکانی هەر ئەو دووپیتەی سەرەوە بوو، لەم بارەوە بیروڕای جیاواز پەیدا بووە.

ئەم حزبە بۆ وەرگرتنی ئەندام لەریزەکانی زۆر وریاو بەترسەوە مامەڵەی دەکرد، هیچ ئەندامێکی نوێی وەرنەدەگرت ئەگەر لەلایەن (٥) ئەندامی کۆنەوە پشتگیری نەکرێت.

هەر شانەیەکی حزبی لە (٣) ئەندام زیاتر نەبوونە ژمارەیان، بەڵام رێکخستنە حزبیەکان، سەرکردایەتی، زنجیرەو پلەو پایەی حزبایەتی، هەمووی شاراوەبوون، چونکە ئەوانە بەنهێنی دادەنران و ناکرێت ئاشکرا بکرێن.

دەربارەی ئەم حزبە رۆژنامەی – رستا خێز – نووسیویەتی: ژمارەیەکی زۆری فەرمانبەرو کرێکاران پەیوەندییان بەحزبەکەوە هەبووە، بەڵام ئەنجومەنی سەرکردایەتی حزبەکە نەزانراوەکێن.

بۆ چوون وابووە کە دامەزرێنەری حزب یەك لەوەزیرەکانی ناوحکومەت بوو بێت، ئامانجی سەرەکی حزبەکەی، بەریەرەکانی کردنی و دەستێوەردانی بیانی بوو لەناو ئێران، لەو ماوەیەدا وەزیری دارایی – عەلی ئەکبەرخان – وتارێکی پێشکەش کردووەو تێیدا ئاماژەی بۆ ئەوە کردووە کەدەبێ رێگا لەدەستێوەردانی بیانی بۆ کاروباری ناو وڵات بگیرێت، بۆیە گومان خرایە سەر وەزیری دارایی کە دامەزرێنەری حزبەکە بێت، ئەگەر چی خۆی رەتیکردەوە.

### • حزبی ئێران: (٤٣)

زۆربەی سەرچاوە مێژووییەکان، ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە ئەم حزبە سەرەتا ساڵی ١٩٤١ وەك کۆمەڵەیەك بەناوی کۆمەڵەی ئەندازیاران، دەرکەوتووە، بەدرێژایی ساڵێك زیاتر کۆمەڵەکە وەك رێکخراوێکی پیشەیی درێژەی بەچالاکیەکانی داوە، لەو کەسانەی کە کۆمەڵەیان دامەزراند: عەبدوڵلا موعزەمی، عەبدولحەمید زەنگەنە، غولام عەلی فریوە، ناسر موعتەمەد، رەزا زادە شەفەق، شەمەسەدین جەزایری، ئەرسەلان خەلعەتبەری، ئەڵلا یار سالح، ئەحمەد زیرەك زادە.

دوای ماوەیەك لەسەر داوای هەندێ کەس لەناو کۆمەڵە ئەوانی ئەندازیار نەبوون، کۆمەڵە بڕیاریدا خۆی بگۆڕێت بۆ پارتێکی سیاسی بەناوی پارتی ئێران لەساڵی ١٩٤٣، ئەرکی سکرتێری گشتی حزبەکەش بە – ئەڵڵا یار سالح – سپێردرا.

بنکەی کۆمەڵایەتی حزب بریتی بوو لەپیشەدارانی چینی ناوەڕاست، بەتایبەتیش پزیشکان، ئەندازیاران، پارێزەران، فەرمانبەرانی کارگێڕی، سەرەڕای هەندێ خوێندکاری زانکۆ.

ئامانجەکای حزب، لەخاڵێکی سەرەکی کۆدەبێتەوە، ئەویش: دامەزراندنی سیستمێکی سیاسی دیموکراسی لەسەر شێوازی رۆژئاوایی، دروشمی حزبەکەش بریتی بوو لە : کار – داد – ئازادی، ئەم حزبە حزبێکی نیشتمانی لیبرال بوو.

## پرۆگرامی حزب ئاماژەی بۆ ئەم خاڵانە کردووە:

١. رێزگرتن لەئازادییەکانی تاك و ژیانی دەستوری لەوڵات.
٢. جیارکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکان.
٣. دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی سۆسیالستی – سۆسیالستی چاکسازی.
٤. پیادەکردنی سیاسەتێکی دەرەکی بێلایەن و هاوسەنگ لەنێوان هێزەگەورە رکابەرەکانی جیهان.

## کۆنگرەکانی حزب:

١. حزب یەکەم کۆنگرەژی خۆی لەساڵی ١٩٤٨ بەستووە، تێیدا بڕیار لەسەر بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکە دراوە.
٢. لە ٢١/نیسانی/١٩٦٤ حزب سێیەم کۆنگرەی بەستووە، لەم کۆنگرەیە شاپور بەختیار وەك سکرتێری گشتی حزب دیاریکرا.

٣. لە ٤/شوباتی/١٩٧١ چوارەم کۆنگرەی بەستووە، لەکۆنگرە بڕیار لەسەر دروست کردنی باڵێکی سەربازی دراوە، کە (احمد زیرەك) سەرکردایەتی کردووە، پاشان لەساڵی ١٩٧٢ ڕێکخراوەکە هەڵوەشێنرایەوە.

## هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب:

١. کۆنگرەی گشتی: بەرزترین دەسەڵاتە، ساڵانە دەبەسترێت.

٢. ئەنجومەنی شورای ناوەندی: لە (١١) ئەندام پێکدێت لەلایەن کۆنگرەی ڕاستەو خۆ هەڵدەبژێردرێت.

٣. ئەمانەتی گشتی: لە (٧) ئەندام پێکدائێت، کۆبوونەوەی هەفتانەی هەیە، کۆمەڵێك دەسەڵاتی ڕاستەوخۆی هەیە بۆ سەرپەرشتی و بەڕێوەبردنی چالاکیەکانی حزب.

٤. ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی شارەکان.

٥. ناوەندەکان، بریتین لە: لیژنەی ڕێکخستن، لیژنەی ڕاگەیاندن، لیژنەی ڕۆژنامەگەری، لیژنەی کارگێڕی، کاروباری دارایی، لیژنەی پارێزگاکان.

## چالاکیە سیاسیەکانی حزب:

١. بەهۆی نزیکی ئایدیۆلۆجیای حزب لە حزبی (میهن) نیشتمان، کە کەریم سنجابی سەرکردایەتی دەکرد، هەر دوو حزب لە ١٩٤٦ یەکیان گرت.

٢. ساڵی ١٩٤١ لەگەڵ حزبی توودەو چەند هێزێکی سیاسی دیکە، بەرەی هاوپەیمانیەتی حزبە ئازادەکانیان پێکهێنا، بەڵام ئەو هاوپەیمانیە تیە، بوو بەهۆی دابەش بوونی حزبی ئێران، چەند ئەندامێکی سەرکردایەتی نارازی بوون و لەحزب جیابوونەوە، دواتر حزبی یەکێتی ئێرانیان دامەزراند.

٣. ساڵی ١٩٤٩ حزبی ئێران بەشداری کرد لەپێکهێنانی بەرەی نیشتمانی.

٤. حزب بەشداری لەحكومەتەكەی د. موسەدەق كردو پشتگیری هەوڵەكانی خۆماڵیكردنی نەوتی ئێرانیان كرد.

٥. حزبی ئێران ساڵی ١٩٧٨ بەسەركردایەتی (شاپور بەختیار) بەشداریكرد لەسێیەم بەرەی نیشتمانی، بەڵام دواتر بەرەی نیشتمانی بڵاوكرایەكی دەركرد، تێیدا هاتبوو كە ئەنجوومەنی جێبەجێ كردنی بەرە بەكۆی دەنگ بڕیاری دەركردنی د. شاپور بەختیاری داوە، ئەویش بەهۆی رازیبوون بۆ پێكهێنانی حكومەت لەسەر داوای شا.

٦. د. شاپور بەختیار لە ٦/شوبات/١٩٧٩ حكومەتی پێكهێنا، بەڵام لەرۆژی ١١/شوباتی/١٩٧٩ هەڵات و خۆی شاردەوە، پاشان لە ٣/ئاب/١٩٧٩ لەفەرەنسا دەركەوت.

٧. حزبی ئێران دواتر دەستی بەچالاكی سیاسی كردووە، بارەگای خۆی لەناو شاری تاران هەبووە، كۆنگرەی گشتی بەستووەو ئەنجومەنی سەركردایەتی هەڵبژاردووە:

١. ئەندازیار كازم حەسیبی – سكرتێری گشتی .
٢. ئەبو فەزل قاسمی – یاریدەدەری سكرتێری گشتی .
٣. عەبدولحوسێن دانش بوو – سەرۆكی لیژنەی پروپاگەندە.
٤. رەحیم شەریفی – سەرپەرشتی رێكخستن.
٥. عەبدولحوسێن شونائی – كاروباری دارایی.

پاشان لەكۆبوونەوەكانی حزب، ئەبول فەزل قاسمی بەسكرتێری گشتی دیاریكراوەو بەشداری لەپێكهێنانی چوارەم بەرەی نیشتمانی كردووە.

حزب بەدرێژایی ساڵانی تێكۆشانی چەند رۆژنامەیەكی دەركردووە، وەك : شەفەق، جەبهە، مردان كار، جوانان ایران، یزد امروز، عالم بشریت، فریاد درخاش،جوانان سۆسیالست، دانش ، اخبار ایران، باستان.

## • حزبی دیموکرات: (٤٤)

حزبی دیموکرات لە ٢٩/حوزەیرانی/١٩٤٦ دامەزراوە بەسەرکردایەتی سیاسەتمەداری ناسراو – قەوام ئەلسەلتەن– ، لەسەرکردە دیارەکانی حزب (موزەفەر بەقائی)، لەریزەکانی ئەم حزبە چەندین سەرۆك عەشیرەتی بەختیاری و قەشقای تێدابوو، هەروەها ژمارەیەك لەگەورەمولکدارانی زەوی و زارو خاوەن کارگەوپیشەسازی لەگەڵ ژمارەیەك رۆشنبیر.

### بەرنامەکەی حزب (١١) خاڵی گرتبووە خۆی، گرینگترین خاڵەکانی:

١. دابین کردنی سەر بەخۆیی و یەکگرتنی خاکی ئێران.
٢. چاکسازی ئابوری لەبوارەکانی زەوی و زارو بازرگانی و پیشەسازی.
٣. چاوخشاندنەوە بەسیاسەتی دارایی دەوڵەت.
٤. چاوخشاندنەوە بەپێکهاتەکانی دامەزراوەی دادو دادگاکان.
٥. پەرەپێدانی تۆڕەکانی هاتووچۆ، هەروەها دامەزراوەکانی خوێندن و فێربوون و تەندروستی.

حزب لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شورای ئێران (پەرلەمان) خولی (١٥) زۆرینەی دەنگەکانی بەدەست هێنا، لەو هەڵبژاردنە، حزب (٨٠) هەشتا نوێنەری گەیشتە پەرلەمان و سەرۆکەکەی (قەوام) ئەرکی پێکهێنانی حکومەتی پێ سپێردرا، بەلام نەیتوانی پشتیوانی پەرلەمان بەدەست بێنێ لەماوەی کار کردیندا، بەتایبەتی لەسەر چەند پرۆژەیەك، بۆیە لەساڵی ١٩٤٧ سەرۆك وەزیران (قەوام ئەلسەلتەنە) ناچار بوو دەست لەکاربکێشێتەوە.

هەروەها بەهۆی ناتەبایی ناو ریزەکانی حزبەکە، زنجیرەیەك واز هێنان و جیابوونەوەی تێدا پەیدابوو، ئەو حاڵەتەش بووە هۆی پەککەوتنی.

- **حزبی ئیرادەی نیشتمانی ( ارادة مللی ): ( ٤٥ )**

سیاسەتمەداری ناسراو – زیائەدین تەباتەبایی – کە لەساڵی ١٩٢١ پشتگیری رازاخانی کرد بۆ ئەنجامدانی کودەتاکەی، دوای ئەوەی نزیکەی (٢٠) ساڵ لەدەرەوەی وڵات بەسەر دەبات، وەك کەسێکی دوورخراوە، دەگەڕێتەوە وڵات و بڕیاری دامەزراندنی حزبی (نیشتمان) دەدات، لەم کارەی ئینگلیزەکان پشتگیری دەکەن، ناوبراو رۆژنامەیەکیش دەردەکات بەناوی (رعد ایمروز) دوای چەند مانگێك بڕیاردەدات ناوی حزبەکەی بگۆڕێت بۆ حزبی (ئیرادەی نیشتمانی).

بەرنامەی ئەم حزبە لەسەر سێ کۆڵەکە دامەزرابوو:

١. رەخنەو نارەزایی بەرامبەر رێبازە حوکمڕانیەکەی (رەزاشا) بەهۆی دژایەتی کردنی شا بۆ ژیانی دەستوری و فراوانبوونی بیروکراسیەتی دەوڵەت.

٢. بەرەبەرەکانی کردنی رێبازە مارکسیەکەی حزبی تودەو رەخنەلێگرتنی، هەروەها بانگەشە بۆ زیندوکردنەوەی ئاین و بەرپاکردنی هەڵمەتێکی چڕ لەرێگای هۆیەکانی راگەیاندن و پەروەردەی قوتابخانەیی و رێگرتن لە چاپەمەنیەکانی دژی ئاین.

٣. هێرشکردنە سەر کەمایەتیەکی دەوڵەمەندو ساماندار، ئەوانی دەستیان گرتووە بەسەر هۆیەکانی بەرهەم هێنان و سامانی وڵات، ئەم حزبە داوای ئازاکردنی بازرگانی ناوخۆیی و رێزگرتن لەخاوەندارێتی تایبەت و نەهێشتنی پاوانکاری دەوڵەت بۆ بازرگانی ولقەکانی دیکەی ئابوری کردووە.

بەهۆی ئەوبەرنامەیە، زۆر لەسەندیکا پیشەییەکانی ناو بازار و توێژو ئاینیەکان روویان لەو حزبە کردوو، بەهۆی لێك نزیکبوونەوەی بەرژەوەندییەکانی هەردوولا، بەڵام لەلایەکی دیکەوە ئەم حزبە بەرەو رووی رەخنەی توندی رۆشنبیرە چەپەکان بۆتەوە.

ساڵی ١٩٤٦، دامەزرێنەری حزب (زیائەدین)، لەلایەن حکومەتەکەی (قەوام ئەلسەلتەنە) زیندانی دەکرێت، بەم کارەش چالاکیەکانی حزبەکە کۆتایی دێت.

## • حزبی پان ئیرانیست: (٤٦)

لەسەرو بەندی جەنگی دووەمی جیهانی و رۆڵی ئەلمانیا و بەهێز بوونی رەوتی نازیزم و هەستی ئارییەت، گروپێك لەناو ئێران، ئەوانی نارازی بوون لەسیاسەتی ئینگلیز بەرامبەر بە ئێران، هەروەها بەکاریگەری پروپاگەندەی ئەلمانیا بەبوونی پەیوەستی رەگەزی لەنێوان هەردوو رەگەزی ئاری و جەرمانی، پارتێکی نەتەوەیی توندرەو لەئێران دامەزرا لەنێوان سالانی (١٩٤٦ – ١٩٤٧) لەژێر ناوی (جەنگی ئێران) کەئاراستەیەکی فاشی هەبووە، درێژەی نەکێشا حزبەکە ململانێ کەوتە ناویەوە بەهۆی هەڵوێست لەسەر کەسێتی شاری ئێران و رۆڵی سوپا، ئەم حزبە بە سەردوو ئاراستە دابەش بوو:

١. بەشێکیان بەسەر کردایەتی (موحسین پزیشك پور) و – محەمەد رەزا عاملی تارانی – ئەم باڵەیان دڵسۆزی بێ مەرجی خۆی بۆ شاو سیستەمەکەی دەربڕی، هەروەها هاوکاری خۆی لەگەڵ سوپای ئێران راگەیاندن بۆ دژایەتیکردنی کۆمونیستی لەولاتدا.

٢. بەشی دووەمی حزبەکە بەسەرکردایەتی (داریوش فروهەر) هەڵوێستی جیاوازی هەبووە بەم جۆرە هەر لایەکیان لەهەوڵی ئەوەدا بوو پارتێکی تایبەت بۆ خۆی دابمەزرێنێت، گروپی دووەمیان بەسەرکردایەتی (داریوش) حزبی نەتەوەی ئێرانی دامەزراند، هەڵوێستی جیاواز بوو لەئاست بنەماڵەی شا، بەلام گروپی یەکەم بەسەرکردایەتی پزیشك پوورو عاملی، پارتی – بان ئێرانیست – یان دامەزراند.

ئەم حزبە ئاراستەیەکی رەگەزپەرستی توندی گرتۆتەبەر، هەوڵی بەرزراگرتنی هەموو شتێکی ئێرانی داوە لەنووسینەکانی، داوای کۆکردنەوەی گەلانی ئێرانی کردووە لەژێر ناوی ئێرانی یەکگرتوو.

کاتێ پەیوەندییەکانی نێوان محەمەد رەزا شا و د. موسەدەق (سەرۆك وەزیران) تێکچوو دەربارەی کەکێ سەرپەرشتی سوپا بکات، حزبی بان ئێرانیست بەدڵسۆزی لایەنگری شایان کرد.

ئەم حزبە چالاکیەکانی رووی لەگەشەکرد بەتایبەتی لەکاتی ململانێ و قەیرانی نێوان ئێران و هەندێ وڵاتانی عەرەبی، بەتایبەتیش لەگەڵ میسر لەسەردەمی جەمال عەبدولناسر، هەروەها لەگەڵ عێراق لەسەردەمی حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکی.

**ململانێی ناوخۆی حزب:**

ساڵی ١٩٧٥ بەشێك لەم حزبە چوونە ناو حزبی (رستاخیز مللی) کە بەبڕیاری محەمەد رەزاشا دامەزرا، ساڵی ١٩٧٨یش ململانێ و دووبەرەکی کەوتە ناو ریزەکانی، بەشێکی دیکەیان حزبێکی نوێیان پێکهێنا لەژێر ناوی (حزبی ئێرانی نوێ) کە ژمارەیەك لەئەندامانی پەرلەمانی ئێرانی تێدابوو، لەوانە (ئەندازیار زەفەری، د. حەسیب تەبیب).

ئاراستەی ئایدیۆلۆجی حزبەکە،هەڵگری بیروباوەڕی نازیزم بوو، رۆحێکی نەتەوە پەرستی خۆ بەگەورە زانینی هەلگرتبوو، داوای گێڕانەوەی وڵاتی (بەحرین)ی دەکرد بۆ سەرخاکی ئێران، ئەو کارەش بەمافێکی مێژوویی دەزانی.

لەبەیاننامەیەکی حزب بەمێژووی ٢٦/ئازار/١٩٧٩، وەك وەلامدانەوەیەك بۆ وتەکانی یاریدەدەری سیاسی وەزیری ناوخۆی ئێرانی دەربارەی بەحرەین:

روونکردنەوەکانی یاریدەدەری سیاسی وەزیری ناوخۆ دەربارەی یەك لەگرینگترین هەوڵەکانی حزبی پان ئێران و تێکۆشانی دەربارەی یەك لەمافە مێژووییەکانی گەلی ئێران، بێ بایەخی و نارەزایی پێوە دیار بوو.

گومانی تێدا نیە کە سیستمی شۆڕشگێڕانەی نیشتمانی، هەڵگری رێبازی شیعە لەئێران، دەبێ پارێزەری چالاکی هەموو رۆڵەکانی ئەم نەتەوە مەزنە بێت لەپێناو

پاراستنی مافە مێژووییە سیاسیەکانی، لەگەڵ مافی سەپاندنی دەسەڵاتی نەتەوەی ئێرانی بەمانافرواوانەکەی وشە.

لەکۆتایی بەیاننامەکەدا هاتبوو: حزبی پان ئێران هیوا خوازە لەئایندەدا ئەم جۆرە بیرورا ناهاوسەنگانە دەربارەی هەوڵ و تێکۆشانەکانی نەتەوە نەخرێنە ڕوو، چونکە ئەوە دەبێتە نیشانەی ڕێزنەگرتن لەخوێنی شەهیدان، ئەوانی خۆیان بەخت کردبوو بۆ بەرگری لەراستی و رەوایی فراوانی سنوورەکانی خاکی ئێران.

## • ڕێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز: (٤٧)

ئەم ڕێکخستنە ڕێکخراوێکی سیاسی نهێنی بوو، لەناو سوپای ئێران دامەزراوە لەسەردەمی حکومەتەکەی د. موسەدەق.

ئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوە بریتی بوولە :

١. تەقی ریاحی، کەلەکانوونی دووەمی ١٩٥٣ بەسوپاسالاری سوپای ئێران دانرا.

٢. مەحمود ئەمینی، سەرکردەی هێزەکانی دەرەك.

٣. مەحمود ئەفشار توس، سەرۆکی گشتی پۆلیس.

## ئامانجەکانی ئەم ڕێکخستنە :

١. پێکهێنانی حکومەتێکی دیموکراسی بەپێی دەستور.

٢. دەسەڵاتی بەڕێوەبردن و سەرکرادیەتیکردنی هێزەچەکدارەکان (بەهەموو بەشەکانی) لەدەسەڵاتی شا وەربگیرێتەوەو بکەوێتە ژێردەسەڵاتی حکومەتێکی شەرعی.

٣. بەربەرەکانی کردنی گەندەڵی لەناو هێزی چەکدار، پاککردنەوەی لەکەسانی بێ کەڵك.

٤. پاڵپشتی کردنی حکومەتەکەی د.موسەدەق.

ئەم ڕێکخراوە توانیویەتی پەیوەندی بەژمارەیەکی گەورە لەئەفسەرانی هێزی پیادەو ئاسمانی بکات بە شێوەیەکی نهێنی ڕێکیانیش بخات، ئەم ڕێکخراوە تەمەنی کورت بوو، تەنها (١٨) مانگی خایاند، بەڵام لەو ماوەیەدا بەچەند کارێك هەستاوە:

أ) سەرنج ڕاکێشانی د. موسەدەق بۆ بابەتێکی گرینگ کەمەترسی بەدواوە دەبێت، ئەویش مانەوەی سەرکردایەتیکردنی هێزە چەکدارەکان بەدەستی شاوە، بۆیە د. موسەدەق داکۆکی لەسەر ئەوە دەکردەوە کە هەموو وەزیرەکانی حکومەتەکەی خۆی دیاریان بکات بەوەزیری بەرگرییەوە، (کەپێشتر لەدەسەڵاتی شابووە).

ب) پاکسازی لەناو سوپادا، لەڕێگای لیژنەیەکی تایبەت، پێکبێت لەچەند ئەفسەرێکی بەتواناو باوەڕپێکراو، دوور لەو کەسانەی شا پشتیان پێ دەبەستێت.

ئەم لیژنەیە لە چەند ئەفسەرێکی ڕێکخستنی ئازادیخواز پێکهات، لەئەنجامی کارەکانی نزیکەی (١٣٦٠) ئەفسەریان خانەنشین کرد.

ج) ئەفەسەرانی ئەم ڕێکخراوە بەڕۆڵێکی گرینگ هەستان لەڕاپەڕینەکەی (٢٠/تەموز/١٩٥٢) ئەو هێزەی بەبڕیاری محمد ڕەزاشا ڕەوانەی شاری تاران کرا بۆ دژایەتی جەماوەرو کپکردنەوەی خۆپیشاندانەکان، هیچ توندو تیژییەکیان ئەنجام نەدا، بۆیە محەمەد ڕەزا شا تێگەیشت و زوو داوای کرد هێزەکە بگەڕێتەوە سەربازگەکەیان.

شا بەبوونی ئەم ڕێکخراوە سەربازییە لەناو سوپادا زۆر تەنگاو ببو ترسیشی لێ نیشتبوو، لەچاو پێکەوتنێکی لەگەڵ بالیۆزی ئەمریکا لەڕێکەوتی ٢٠/ئایاری/١٩٥٣ هاتبوو: ئەگەر بارودۆخەکە بەم شێوەیە بڕوات ناچار دەبم لەمانگی تەموز ئێران بەجێ بهێڵم.

ئەنجوومەنی سەرکردایەتی ئەم ڕێکخراوە سەربازییە ململانێ کەوتە نێوانیان بەهۆی پلەوپایەوە، تاکارەکە گەیشتە ئەوەی لە ئازاری/١٩٥٣ چالاکی ڕێکخراوەکە بووەستی،

دواتر بەکوشتنی یەك لەئەندامانی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی کە ئەویش، سەرۆکی پۆلیس مەحمود ئەفشار بوو لەمانگی ئابی/١٩٥٣، ڕێکخراوەکە کۆتایی پێ هات.

- **حزبی گەلی ئێران – حزب مردم ایران: (٤٨)**

ئەم حزبە سەرەتاچالاکی سیاسی خۆی لەژێر ناوی (نهچت خدا پرستان سوسیالت) واتە رابوونی بەندە سۆسیالستەکانی خودا – کاری کردووە، پاشان ناوەکەی گۆڕاوە بۆ – جمعیت ازادی مردمی ایران – واتە: کۆمەڵەی ئازادی جەماوەری ئێران.

لەلایەن محەمەد نەخشەب و هاورێکانی ساڵی ١٩٤٣ دامەزراوە، هەندێ سەرچاوە ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە دامەزرێنەرانی حزبی مردم، پێشتر وەك باڵێك لەناو حزبی ئێران بوون، لەسەرکردەکانی دیکەی ئەم حزبە حوسێن رازی.

### ئایدیۆلوجیای حزب و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی :

ئەم حزبە ئەگەر چی داوای پەیڕەوکردنی ڕێبازی سۆسیالستی کردووە، بەڵام بایەخی داوە بەکەلتوری ئیسلامی، بۆیە ژمارەیەکی زۆری خوێندکارو گەنجان هاتوونەتە ریزەکانی، هەروەها پاڵپشتی ناوەندە ئاینیە پێشکەوتخوازەکانیشی بەدەست هێناوە، سەرەڕای ئەوەی ژمارەیەکی گەورە لەچین و توێژە هەژارەکان لەڕێزەکانی کاریان کردووە.

### هەڵوێستە سیاسیەکانی:

کاتێ حکومەتەکەی (د. موسەدەق) روخا، ئەم حزبە هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی بەرامبەر بەرژێم پەیڕەوکرد، ئەوکارەشی بووە هۆی ئەوەی کەلەلایەن رژێمەوە بەنایاسایی لەقەڵەم بدرێت، بۆیە حزبی مردم ناچاربوو پەنا بۆ شێوازی نهێنی بەرێت.

**حزب چەندین دامەزراوەی هەبووە، وەك:**

ڕێکخراوی لاوانی موسلمان، کەرۆڵی هەبووە لەدرێژی پێدانی چالاکیەکانی حزب، هەروەها حزبی مردم بەشداری کردووە لە دامەزراندنی، ڕێکخراوی بەرهەڵستکاری نیشتمانی (سازمان مقاومت ملی) کەلەسەردەمی حکومەتەکەی جەنەڕال زاهیدی دامەزراوە، وەك بەرەیەکی ئۆپۆزیسیون، سەرەرای بەشداریکردنی لەدامەزراندنی (دووەم) بەرەی نیشتمانی.

بەڵام دوای هەرەسهێنانی بەرە لەساڵی (١٩٦٣) حزبی مردم بڕیاریداوە هاوکاری حزبی بزووتنەوەی ئازادی ئێران بکات کەلەلایەنی سێ کەسەوە سەرکردایەتی دەکرا، ئەوانیش مەهدی بازرگان، سەحابی، تالقانی.

حزبی مردم، تاوانبار کراوە بەچەند کارێکی نایاسایی و ژمارەیەك لەئەندامانی زیندانی کراون.

## • حزبی یەکگرتنی ئێران: (٤٩)

لەهاوینی ساڵی ١٩٤٦ دامەزراوە، دوای ئەو دووبەرەکی و جیابوونەوەی کەلەناو حزبی ئێران ڕوویدا، بەهۆی نزیکبوونەوەی لەحزبی تودە.

لەسەرکردە دیارەکانی ئەم حزبە: شەمسەدین جەزائیری، ئەرسەلان خەلعەت بەری، ناسر ئیعتمادی، حەسەن نەزیە، حەسەن ئەفشار، محەمەد ئەمین باجی، زەکا ئەلدەو لەغەفاری، ڕەحیم سەفاری، ئەندازیار ئێروانی.

حزب لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئێرانی (١٩٤٧ – ١٩٤٨) پشتگیری د. موسەدەقی کردووە.

حزبی یەکگرتن لەبەرنامەکەیدا، داکۆکی لەسەر دژایەتی داگیرکردنی ناوچەکانی باکوری ئێرانی کردووە کەلەلایەن هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت ئەنجامدراوە، هەروەها

دژایەتی خۆی بۆ ئەو بزووتنەوانە دەربڕی کەمەبەستیان جیابوونەوەیە لەخاکی ئێران، وەك بزووتنەوە ئازادیخوازەکانی ناوچەی ئازەربیجان و کوردستان.

حزبی یەکگرتن رۆژنامەیەکی دەرکرد لەژێر ناوی – مرد ایران –.

- **حزبی نەتەوەیی ئێران – ملت ایران – : (٥٠)**

ئەم حزبە لەلایەن پارێزەر (داریوش فروهەر) دامەزراوە سالّی ١٩٥١، ناوبراو سەرەتا لەگەلّ موحسین پزشکپور (حزبی پان ایرانست) یان دامەزراند، پاشان لەموحسین جیادەبێتەوەو حزبی (نەتەوەی ئێران) دادمەزرێنێت، ئەویش دوای جیابوونەوەیان بەهۆی هەلّوێست لەشای ئێران.

پارتی نەتەوەی ئێران، پارتێکی راسترەوی توندرەو بوو، باوەڕی بەفراوانبوون و بالاّیی رەگەزی فارسی هەبووە، بەلاّم هەلّوێستێکی ئاشکرای لەرژێمی محەمەد رەزا شاوەرنەگرتبوو.

ئەم پارتە پشتگیری د. موسەدەقی کردووە تاروخاندنی، سالّی (١٩٦٠)یش بەشداری کردووە لە پێکهێنانی دووەم بەرەی نیشتمانی.

بەرنامەی حزب لەسالّی ١٩٥٩ دارێژراوە، بریتیە لە (١٤) مادەو پیشەکیەك، تێکڕای خالّەکانی جەخت لەسەر ئەم باسانە دەکات:

١. دژایەتیکردنی داگیرکاری ئیستعمار بەهەموو شێوەکانی.
٢. دەستەبەرکردنی مافەکۆمەلاّیەتیەکانی هاولاّتیان (ژن و پیاو).
٣. رێکخستنی ئۆردوگای (سەربازگە) کارکردن بەزۆر بەلاوان.
٤. هۆکارەکانی بەرهەم هێنان بدرێتە دەستی کرێکاران، زەویش بۆ جوتیاران.
٥. خومالیکردنی هەموو پرۆژە پیشەسازی و کشتوکالّیەکان، پابەند بوونیش بەرامبەر بەمافەکانی تاك.

٦. دامەزراندنی سیستمێکی ئابوری، پاش لێکۆڵینەوە بەپێی بەرنامەیەك.

ئەم حزبە رۆژنامەی (ئابا دانا)ی دەردەکرد وەك ئۆرگانی ناوەندی حزبەکە.

حزبی (ملت ایران) لەرووی ئایدیۆلۆجیە ئەگەر چی نزیك بووە لە حزبی (پان ایرانست)، بەڵام خاڵی جیاوازی زۆریشیان هەبووە.

حزب رەخنەی توندی لەرژێمەکەی شای ئێران گرتووە بەهۆی هەڵوێستی بەرامبەر بەوڵاتی بەحرەین، ئەم حزبە باوەڕی وابووە کە بەحرەین بەشێکە لەخاکی ئێران، هەر بەهۆی ئەو بیروبۆچوونانە، داریوش فروهەر — سکرتێری حزب ماوەیەك زیندانی کراوە، ئەم حزبە هەڵوێستەکانی دژی ئاراستەی کۆمۆنیستی و جولەکەش بوو.

پاش روخاندنی رژێمەکەی محەمەد رەزا شا لەچالاکیەکانی بەردەوام بوو، بەشداری رووداوەکانی شۆڕشی گەلانی ئێرانی کردووە، بەڵام بەچەسپاندنی دەسەلاتی سیستمی ئیسلامی لەئێران، ئەم حزبە رێگای کارکردنی لێگیراوە.

سکرتێری حزب داریوش درێژەی بەکارەکانی داوە تاساڵی کوشتنی (١٩٩٨) دوای ئەو (خەسرەو سەیف) دەبێت بەسکرتێری حزبەکە.

## • حزبی ناسیونالستی ئێران:(٥١)

ئەم حزبە دوای رووداوەکانی ١٩/ئابی/١٩٥٣ لەئێران دامەزراوە، کاتێ کودەتا بەسەر حکومەتکەی د. موسەدەق روویدا، ئەم حزبە لەلایەن چەند گروپێکەوە دامەزراوە، کەلەحزبەکانی دیکە جیابوونەتەوە، وەك:

١. گروپێك لەپارتی کرێکارانی نەتەوەیی سۆسیالست ئێران، جیابوونەتەوە، کەبەکورتکراوەیی بە (سومکار) ناسراون.

٢. گروپێك لەحزبی نەتەوەیی ئێران (حزب ملت ایران) جیابوونەتەوە.

٣. گروپێک لەحزبی (کۆمەڵەی مامۆستایان) جیابوونەتەوە، کەلەسەردەستی محەمەد درەخشش دامەزرابوو.

حزب گۆڤارێکی دەرکردووە بەناوی (کۆمەڵ) و رۆژنامەیەکیشی دەرکردووە بەناوی (ندای ناسیونالست) وەک ئۆرگانی ناوەندی حزب.

حزب لەسەردەمی محەمەد رەزاو تادوای روخانی حکومەتەکەی شاپور بەختیار لەچالاکی بەردەوام بووە.

سکرتێری حزب (عەلائەدین زرین پور) رایگەیاند: بەشێك لەئەندامانی حزبی (رستاخیز) لەژێرناوی (کۆمەڵەی لێکۆڵینەوە لەکێشە ناوخۆیی و دەرەکیەکان) هاتوونەتە پاڵ حزبی ناسیونالستی ئێران.

## • حزبی نەتەوە خوازان (حزب ملیون): (٥٢)

ئەم حزبە لەئایاری/١٩٥٨ دامەزراوە لەسەردەستی (مەنوچەهر ئیقبال) بەڕێنمایی و پشتگیری محەمەد رەزا شا، بوودجەش بۆ حزبەکە لەلایەن حکومەتەوە دابین کراوە، بەپێی گۆڤاری (دنیا) لە ٣/حوزەیرانی/١٩٦١ ئەو بوجەیە گەیشتۆتە بڕی (١٥٠) هەزار ریال لەسالێکدا.

مەبەستیش لەدامەزراندنی ئەم حزبە، هەوڵێك بووە بۆ ئەوەی مۆرکێکی فرەیی دیموکراسی بەژیانی سیاسی لەئێران ببە خشێت.

حزب لەشوباتی ١٩٥٩ هەڵبژاردنی بۆ ئۆرگانەکانی ئەنجامداوە لەتاران و لە شارەکانی دیکە، لەناو پەرلەمانش توانیویەتی زۆرینەی کورسیەکانی بەدەست بهێنێ.

لەئازاری/١٩٦٣ هەڵبژاردنێکی دیکە بۆ ئۆرگانەکانی ئەنجامدراوە، لەو هەڵبژاردنە (عەمید نوری) وەك سەرۆکی لیژنەی باڵای سەرکردایەتی هەڵبژێردراوە، هەروەها هەریەك لە (هاشمی ماندی، گوڵشەن ئازادی) بەجێگردیاریکراون،بۆ سکرتاریەتی گشتی

حزبیش ئەم ناوانە هەڵبژێردراون (وەکیل زادە ئیبراهیم، جەمشید بور، موجاهید مەحمودی) ، پاشان لیژنە سەرەکیەکانی حزب بەم شێوەی خوارەوە دیاریکراون لەناو کۆنگرە:

١. لیژنەی سیاسی، لیکۆڵینەوە لەکاروباری سیاسی وڵات دەکات.
٢. لیژنەی پیشەیی، چارەسەرکردنی کێشەکانی راگەیاندن لەناوخۆی حزب.
٣. لیژنەی کۆمەڵایەتی دۆزینەوەی چارەسەر بۆ کێشە کۆمەڵایەتیەکان.
٤. لیژنەی راگەیاندن، پەرە پێدانی باری رۆژنامەگەری حزب.

**هەیکەلی ریکخراوەیی حزبیش بەم جۆرەی خوارەوە بووە:**

١. کۆنگرە، بەرزترین دەسەڵاتی حزبە، ماوەی بەستنی دیاری نەکراوە.
٢. کۆمیتەی ناوەندی، لە (١٢) ئەندام پێکدێت و لەناو کۆنگرە هەڵدەبژێردرێن.
٣. لیژنەی پارێزگاکان، لەهەر پارێزگایەك یەك نوێنەر بەشداری دەکات.
٤. لیژنە تایبەتیەکانی ناوخۆی حزب، لیژنەی ئەندامان، لیژنەی لێکۆڵینەوە، لیژنەی راگەیاندن، لیژنەی دارایی، لیژنەی کشتوکاڵی، لیژنەی رۆشنبیری، لیژنەی پیشەسازی و کانەکان، لیژنەی ئابوری و بازرگانی، لیژنەی پەیوەندییە گشتیەکان، لیژنەی کرێکاران و کاروباری کۆمەڵایەتی، لیژنەی کاروبارە دەرەکیەکان.

**هەل و مەرجی ناوخۆی حزب:**

ساڵی ١٩٦٤ (مەنوچەهر) سەرۆکی حزب بریاریدا لەحزب دووربکەوێتەوەو بەرەو (لەندەن) بچێت، دوای ئەو سەرکردایەتی حزبەکە کەوتە دەستی (ئەحمەد ئیمامی) بەڵام بەدوور کەوتنەوەی (مەنوچەر) ململانێ سەری هەڵداو لەناو ریزەکانی حزب گروپێك لەژێر ناوی (چاکسازی) دەستیان بەسەر راگەیاندنی حزبەکە گرت، وەك هەوڵێك بۆ چارە سەرکردنی کێشەکان بریاردرا کەلەمانگی تشرینی یەکەمی ١٩٦٤،

کۆنگرەیەکی گشتی ساز بکرێت، لەکۆنگرە دەزگاو ئۆرگانەکانی حزب هەڵبژاردنیان بۆ کرا، بەڵام بەدوورخستنەوەی گروپی (چاکسازی) ئەو کارەش ململانێیەکانی توندترکرد، رەوتی چاکسازیش هەوڵی بەستنی کۆنگرەیەکی دیکەیدا، لەوسەرو بەندەداو لەسەر داوای محەمەد رەزا شا لەکانونی یەکەمی ١٩٦٤ (مەنوچەهر) لەلەندن گەڕایەوە بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، ناوبراو لەناو حزب ڕەوتێکی پێکهێنا لەژێر ناوی (یاران) لەچەند کەسێکی نزیکی خۆی وەك رێگایەك بۆ رزگار کردنی حزب، بەڵام ئەنجامێکی کارای نەبوو، ئەم دۆخەی حزب درێژەی کێشا تا ساڵی (١٩٦٧) کە بەتەواوی لەیەك هەڵوەشایەوە.

## • حزبی کرێکارانی نەتەوەیی سۆسیالستی ئێرانی
## حزبی سۆسیالست ملی کارگران ایران (٥٣)

ئەم حزبە بەکورتکراوەیی بەحزبی (سومکا) ناسرابوو، لەساڵی (١٩٥٢) لەسەردەستی (داود منشی زادە) دامەزراوە، ناوبراو مامۆستایەکی زانکۆی (میونیخ) بوو لە وڵاتی ئەلمانیا – لەسەرکردەکانی دیکەی ئەم حزبە – (داریوش هایون)ە.

دەوترێت ئەم حزبە بەڕێنمایی و پاڵپشتی و هاوکاری حکومەتی ئێران پێکهاتووە بەتایبەتی لەلایەن خودی محەمەد رەزاشا.

ئەوەی دەربارەی دامەزرێنەری حزب زانراوە، ناوبراو کەسایەتی هیتلەری لا بایەخدار بووە، هەوڵیداوە لەهەڵس و کەوتەکانی لاسایی بکاتەوە.

هەڵوێستی ئەم حزبە بەرامبەر بە د. موسەدەق (کەلەو سەردەمە سەرۆکی حکومەت بوو، کەسایەتیەکی دیاریش بوو)، دوژمنکارانە بوو، حزب هاوکاری جەنەراڵ زاهیدی کردووە لەکودەتا سەربازیەکەی ساڵی ١٩٥٣، بەسەر حکومەتەکەی موسەدەق، کاری

بۆ کۆکردنەوەی جەماوەرو خۆپیشاندان کردووە لەشارەکانی ئێران، دژ بە د. موسەدەق و بۆ پشتگیری جەنەڕاڵ زاهیدی.

ئەم حزبە لەپڕونبوو، بەشێکی زۆری ئەندامانی چوونە ناو ریزەکانی حزبی (ئاریا) بەسەرکردایەتی (حەسەن عەرەفە) کە ناسراو بوو بە هەڵگری بیروباوەڕی نازیزم.

## • حزبی گەل (حزب مردم): (٥٤)

حزبی مردم، بەرابەرایەتی (ئەسەدوڵلا عەلەم) لەرێککەوتی ١٦/ئایاری/١٩٥٧ دامەزراوە، دوای گفتوگۆیەکی زۆر لەنێوان سیاسەتمەدارو دامەزرێنەرانی، ئەم حزبە سەر بەدەسەلات بووەو لەسەر داخوازی خودی محەمەد رەزا شا دامەزرا، لەلایەن حکومەتەوە ساڵانە هاوکاری دارایی بۆ خەرج کراوە بە پێی زانیاریەکانی گۆڤاری (دنیا) لەساڵی (١٩٦١) بری سەد هەزار ریالی وەرگرتووە، بەپێی هەندێ بەڵگەنامە باڵیۆزەبیانیەکان لەتاران بەتایبەتی (بەریتانیا و ئەمریکا) بەگومانەوە تەماشای دامەزراندنی ئەم حزبەیان کردووە بەهۆی بەشداریکردنی چەند کەسێك کە جێگای رەزامەندییان نەبووە.

حزب لەحوزەیرانی/١٩٥٧ بەفەرمی رێگای کارکردنی پێدراوە، (ئەسەدوڵلا عەلەم) کشایەوە لەسەرۆکایەتی حزبەکە و (یەحیا عەدل) لەجێگای دیاریکراو، لەبەر ئەوەی (عەلەم) سەرۆکایەتی حکومەتی بەدەست گرت.

حزب هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە، بەو ئومێدە کاری کردووە کەزۆرینەی دەنگەکان بەدەست بێنی، لەهەڵبژاردنی ئەنجومەنی شورا (نوێنەران) بەمەبەستی پاڵپشتی کردنی حکومەتەکەی (عەلەم) کەدۆستی نزیکی خودی شا بوو، بۆیە لەناوەڕاستی ساڵی ١٩٦٣ وە خۆی ئامادە دەکرد بۆ هەڵبژاردنەکان، بەڵام ئەنجامەکانی لە هەڵبژاردنی خولی (٢١) پەرلەمان بەپێچەوانەهات، وەك کەمایەتیەك

لەناوپەرلەمان مانەوەو ڕۆڵی ئۆپۆزیسیونی دەگێڕا، هەر بۆ بەرزکردنەوەی ئەندامانی خۆی پرۆژە یاسایەکی خستە بەردەم پەرلەمان کەلە (٧) خاڵ پێکهاتبوو، زیاتر وەك دیاردەیەکی خۆدەرخستن بوو.

لەخولی هەڵبژاردنی (٢٢) پەرلەمان (١٩٦٧– ١٩٧٠) تەنها (٣٣) کورسی بە دەست هێنا لەکۆی (٢٠٠) کورسی.

**لەئامانجەکانی حزب هەروەك لەبەرنامەکەی جەختی لەسەر کرابوو:**

١. داکۆکی کردن لەسەر سەربەخۆیی نیشتمان و پشتگیری کردنی سیستمی پاشایەتی دەستوری وڵات.

٢. چاکسازی کۆمەڵایەتی و پەرەپێدانی ئابوری.

٣. دامەزراندنی پەیوەندییە دەرەکیەکان بەپێی دەستوری نەتەوەیەکگرتووەکان.

٤. دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران و هەوڵدان بۆ بەرزکردنەوەی باری گوزەرانیان.

**ڕۆژنامەکانی حزب:**

حزب ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامەو گۆڤار دەرکردووە، دەکرێ ناویان بهێنین:

ڕۆژنامەی – راه مردم – (ڕێگای جەماوەر).

ڕۆژنامەی – مردم – (گەل یان جەماوەر).

گۆڤاری – مهرایران – واتە – خۆری ئێران، گۆڤارێکی مانگانە بوو، سەرەڕای چەند ڕۆژنامەو گۆڤارێك کەهاوکاری حزبیان دەکرد، گۆڤاری گهران مصور – کەلەلایەن ئەندازیار جەعفەر والا دەردەچوو، گۆڤاری (گهران ئیکۆنومیست) کە د.باقر شەریفی دەریدەکرد.

**هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب:**

لەتشرینی دووەمی ١٩٦٧، سەرۆکی حزب (یەحیا عەدل)، بەچەند کارێک هەستا بەمەبەستی چاکسازی لەناو حزبەکە، وەك:

١. ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی گۆڕی و سەرلەنوێ لە(١٥) ئەندام پێکهاتەوە.

٢. پێکهێنانی مەکتەبی سیاسی بۆ حزبەکە.

هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزبەکە بەم شێوەی خوارەوە بوو:

١. ئەنجوومەنی باڵا.

٢. کۆمیتەی ناوەندی

٣. مەکتەبی سیاسی

٤. لیژنەی پارێزگاکان

٥. لیژنەی قەزا

٦. لیژنەی ناحیە

٧. ڕێکخستنی شارەکان

ئەوە سەرەڕای کۆمەڵە لیژنەو ئەنجوومەنێکی پسپۆری دیکە.

ژمارەی ئەندامانی حزب لەشاری تاران نزیکەی (٣) هەزار ئەندام دەبوو، لە سەرانسەری ئێرانیش نزیکەی (٢٠) هەزار ئەندام دەبوو.

بەهۆی لاوازی حزب و بێ توانایی لەهەڵبژاردنەکان، چەند جارێك سەرۆکی حزب گۆڕاوە، دووەم کەسیش کە سەرکردەی حزبەکە بوو (ناصر عاملی)بوو.

ئەم حزبە ساڵی (١٩٧٥) کۆتایی بەژیانی هات، پاش بڕیارەکەی محەمەد ڕەزاشا بەهەڵوەشاندنەوەی هەموو حزبەکان و دامەزراندنی حزبی رستاخیز.

## • ناوەندی رابوون و بالآیی: (٥٥)

ئەم رێکخراوە لەسەر شێوەی کۆمەڵەیەك دامەزراوە لەساڵی (١٩٦١) لەلایەن کۆمەڵە گەنجێکەوە، ئەوانی باوەڕیان بەچاکسازی و کەلتوری رۆژوایی هەبوو، چەند وەزیرو سیاسەتەمەدارو کاربەدەستی ناو دەوڵەت بەشداریان تێدا کردووە، لەوانە: حەسەن عەلی مەنسور، ئەمیر عەباس هوەیدا، ئیرەج مەنسور، محەمەد عەلی مەولودی، سەرەڕای نزیکەی (٣٠) کەسی دیکەش.

سەرەتا ناوی رێکخستنەکە (توێژی پێشرەو)ی چاکسازی بوو، دوای زنجیرەیەك کۆبوونەوەو گفتوگۆو بیرورا ئاڵ و گۆڕکردن، ناوەکە گۆڕا بۆ (ناوەندی بالآ) ئەم ناوەندە توانی ژمارەیەکی زۆر لەناو چین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵگە بۆ لای خۆی ڕا بکێشێ، لەناویاندا، ئەندامانی ئەنجوومەنی شورا، مامۆستایانی زانکۆ، ئەندازیاران، پزیشکان.

لەئازاری (١٩٦١) پەیرەوێکی ناوخۆی بۆ دارێژرا لەلایەن ئەندامانی دامەزرێنەرەوە، دوای ڕووداوەکانی حوزەیرانی (١٩٦٣)، ئەم ناوەندە بەبڕیارێکی محەمەد ڕەزا شا گۆڕاو بوو بەناوەندێك بۆ لێکۆڵینەوەو توێژینەوەی ئابوری و کۆمەلآیەتی و زانستی، کار بۆ بەرنامەی شۆڕشە سپیەکەی شا بکات لەناو کۆمەڵ.

ئەم رێکخراوە لەتشرینی دووەمی (١٩٦٣) بەشداری کرد لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەرانی خولی (٢١)، نزیکەی سەد ئەندامی گەیشتنە پەرلەمان و کوتلەیەکی پەرلەمانیان پێکهێنا لەژێر ناوی (کوتلەی پەرلەمانی) — رابوون و بالآیی — پاشان لەگەڵ کوتلەی پەرلەمانی کۆمەڵەی جوتیاران کە (٣٣) کورسی هەبوو، هەروەها کوتلەی پەرلەمانی سەندیکای کرێکاران (١٣) کورسی، هاوپەیمانیەتیەکیان بەست بەسەرۆکایەتی حەسەن عەلی، بوونە گەورەترین کوتلەی پەرلەمانی ناو ئەنجوومەن.

دوایی لە ساڵی (١٩٦٣) بریاردرا، بەپێکهێنانی حزبی (ئێرانی نوێ) ئەم رێکخراوەش بنچینەی دروست بوونی ئەو حزبە بوو.

## • حزبی ئێرانی نوێ (حزب ایران نوین): (٥٦)

ئەم حزبە ساڵی (١٩٦٣) دامەزراوە، (هەندێ سەرچاوە ساڵی ١٩٦٤یان دیاریکردووە)، دیارە دامەزراندنی ئەم حزبە دوای راگەیاندنی بەرنامەکەی شۆڕشی سپی بووە، ئامانجیش لەدامەزراندنی، پارێزگاری و برەو پێدانی بەرنامەکەی شۆڕشی سپی بووە.

حزب لەسەر دەستی حەسەن عەلی مەنسور دامەزراوە، رێکخراوی کۆمەڵەی رابوون و باڵایی، بوونە بناغەی رێکخستنەکانی حزب، حەسەن عەلی سکرتێری گشتی حزب بوو، سەرەڕای ئەوەی بەسەرۆکی حکومەتیش دانرا لە (٧/ئازاری/١٩٦٤) تا (٢١/کانونی دووەمی/١٩٦٥)، (ناوبراو لەو مێژووە تیرۆرکرا).

دوای حەسەن عەلی، وەزیری دارایی لەحکومەتەکەی حەسەن عەلی، ئەمیر عەباس هوەیدا، لە (٢٦/کانونی دووەمی/١٩٦٥) بووە سەرۆك وەزیران.

ئەو کەسانەی لەپێگەی سکرتێری گشتی حزبەکە بوونە بەزنجیرە:

١) حەسەن عەلی مەنسور (سەرۆك وەزیران بوو).

٢) عەتا ئەڵلا خەسرەوانی (باڵیۆزی ئێران لەمیسر)

٣) مەنوچەهر گەلالی (وەزیران کۆشك)

٤) ئەمیر عەباس هوەیدا (سەرۆك حکومەت)

دیارە ئەم حزبە، حزبی خودی شا بوو، متمانەی تەواوی بەرژێمی محەمەد رەزاشا هەبووە، زۆریش دڵسۆز بووە بۆ خودی شا، بۆیە هەندێ لەپیاوانی حزب کە باسی شایان دەکرد، ناویان وا دەهێنا کەرابەرەو ئەو پیاوەیە کە هیچ تووشی نووشستی نابێت، دابینکەری هەموو ئازادییەکانەو بەر جەستەی شەرعییەتی نیشتمانیە.

ماوەی زێڕین لەژیانی ئەم حزبە، ئەو ماوەیە بوو کە ئەمیر عەباس هوەیدا سەرۆکی حکومەت بوو بۆ ماوەی (١٢) ساڵ.

لەو ماوەیە حزب توانیویەتی ژمارەیەکی زۆری ڕۆژنامە نووس بۆ لای خۆی ڕاکێشی، لەوانە سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی " فیردەوس ، بورس ، پەیام ئەمروز ، فرمان ، هیچ ئەمرۆز ، ئومێد ئێران ، زەمان ، ئەزنك ، مرد مبارز ، سحر"

ڕۆژنامەی فەرمی حزبیش، ڕۆژنامەی (ئێران نوین) بوو.

## هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب:

١. کۆنگرە، بەرزترین دەسەڵاتی حزبە، سێ ساڵ جارێك دەبەسترێت.

٢. کۆمیتەی ناوەندی لەسکرتێری گشتی و (٦٠) ئەندام پێکدێت کەبەدانان دەبێت، هەروەها (١٥) ئەندامیش بەهەڵبژاردن.

٣. سکرتارییەتی گشتی: سەرپەرشتی کاروبارەکارگێری و دارایی و سیاسیەکانی حزب دەکات.

٤. ئەنجوومەنی جێبەجی کردن: پێکدێت لەسکرتێری گشتی حزب (وەك سەرۆك)، لەگەڵ بیست ئەندام بەدانان، هەروەها پێنج ئەندام بەهەڵبژاردن لەنێوان ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی بۆ ماوەی سێ ساڵ.

لق و دامەزراوەکانی حزب : بەپێی ئامارەکانی حزب:

حزب (٤٥٠) لقی هەیەو (١٨) لیژنەی هەرێمی هەیە.

حزب چەند دامەزراوەیەکی جەماوەری هەبووە، وەك:

أ) ڕێکخراوی لاوان

ب) ڕێکخراوی جوتیاری

ج) ڕێکخراوی کرێکاری

د) ڕێکخراوی ژنان

ه) ڕێکخراوی پیشەییەکان

و) ڕێکخراوی بازرگانان

ئەم حزبە یەکەم کۆنگرەی لە (١٨/کانونی یەکەمی/١٩٦٣) بەستووە، لەو کۆنگرەیە بەبەیاننامە و پەیڕەو بەرنامەی حزبی گفتوگۆ کراوەو بڕیاری لەسەر داوە.

ساڵی ١٩٧٥، حزب هەڵوەشاوەتەوەو تێکەڵی حزبی (ڕستاخین)÷بووە.

## • حزبی ئێرانیان:(٥٧)

ئەم حزبە لەلایەن (د. فەزلوڵلا سەدرە)وە دامەزراوە، لەدەوروبەری ساڵی (١٩٧٠)، ناوبراو پێشتر ئەندامی حزبی (پان ئێرانیست) بوو، د. سەدر لەگەڵ گروپێك لەلایەنگرانی لەحزبی – پان ئێرانست – جیا بوونەتەوەو حزبێکی نوێیان دامەزراند.

ئەم حزبە لەڕاستیدا ئامانجەکانی زۆر جیاواز نیە لەگەڵ حزبی (پان ئێرانست)، حزب ڕۆژنامەیەکی دەرکردووە لەژێر ناوی – ئێرانیان – ساڵی (١٩٧٥) تێکەڵی حزبی (ڕستاخین) بووە بەڵام لەساڵی (١٩٧٨) جارێکی دیکە لەحزبی ڕستاخیز جیادەبێتەوە.

## • حزبی ڕابوونی نەتەوەیی ئێران:

## حزب رستاخیز ملت ایران (٥٨)

ئەم حزبە بەدەسپێشخەری خودی محەمەد ڕەزا شا دامەزراوە، بۆ ئەوەی ببێتە حزبی تاك لەو وڵاتە، ئەو مەبەستی وابوو کە هەموو کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بەجیاوازی چین و بیروباوەڕی سیاسییان و بارودۆخی کۆمەڵایەتیان، بە تایبەتیش ئەوانی باوەڕیان بەبیرو بۆ چوونەکانی شا هەیە و پێشتر ڕایگەیاند بوو، بێنە ریزی ئەو حزبەوە.

سیاسەتمەدارانی ئێران، بەتایبەتی ئەوانی پشتگیری سیستمی پاشایەتیان پەسند دەکرد، بەهەڵمەتێکی پروپاگەندەی گەورە هەستان بۆ ئەم حزبە، بەمەبەستی ڕاکێشانی خەڵك بۆ ناو ڕیزەکانی.

**دامەزراندنی حزب:**

لەڕۆژی (٢/ئازاری/١٩٧٥) لەکۆبوونەوەی کۆشکی (نیافران) بەئامادەبوونی گەورە دەسەڵاتدارو سیاسەتمەدارانی دەوڵەت و ڕۆژنامەنووسان، شای ئێران (محەمەد ڕەزا) دامەزرێنەری حزبی (رستاخین)ی ڕاگەیاند، شا لە وتارەکەیدا وتوویەتی:

ئەم حزبە بۆ ئەوە دروست دەبێت تادەرفەت لەبەردەم هەموو هاوڵاتیەك خۆش بکات کەهەڵوێستی خۆی لەئاست ئەم سێ خاڵە دیاری بکات:

(ملکەچی بۆ دەستور، شا، شۆڕشی شاو گەل) ئەو کەسەی دڵسۆزی نەبێت بۆ ئەو سێ بنەمایە بەخائین دادەنرێت، سزای زیندانی یان دوور خستنەوەی بۆ دەرەوەی وڵات دەبێت هەر کەسێك باوەڕی بەبیروباوەڕەکانی پێشووتری هەبێت و بەشداری لەچالاکیەکانی ئەم حزبە نەکات، ئەوا لەهەموو مافێکی کۆمەڵایەتی بێبەش دەکرێت، ئەگەر ئەندامی حزبیش بێت.

پاشان، چەندین حزب کەبەلایەنگری ڕژێمی شاناسرابوون، خۆیان هەڵوەشاندەوەو تێکەڵی ئەم حزبەبوون، لەوانە: حزبی ئێرانی نوێ، مردم، حزبی ئێرانیان، حزبی پان ئێرانیست.

هەروەها بڕیار درا دارایی و سامانی ئەو حزبانە هەمووی بخرێتە سەر دارایی حزبە نوێیەکە، سەرەڕای تەرخان کردنی بوودجەیەکی تایبەت بۆ حزب.

بەڵام ئەو حزبانەی ئامادەنەبوون خۆیان هەڵوەشێننەوەو تێکەڵی حزبە نوێیەکەبن، هەموویان قەدەغەکران، سامان و دارایشیان دەستی بەسەرداگیراو خرایە سەر بودجەی حزبە نوێیەکە.

شا بڕیاریدا، ئەمیر عەباس هوەیدا، سەرۆکی حکومەت بەسکرتێری گشتی ئەم حزبە دابنێ سەرەڕای مانەوەی لەپلەی سەرۆك وەزیران، هەروەها بیروڕای جیاواز، ڕەوت و ئاراستەی جیاواز لەناو حزبەکە هەبێت، بۆ ئەوەی بیرو بۆ چوونی خۆیان دەربڕن.

هەر بۆ کەمکردنەوەی رەخنەو ناڕەزاییەکان، هەروەها دوورخستنەوەی ئەو بیرۆکەیەی کە ئەم حزبە، حزبی دەسەڵاتە، بڕیار درا لەناوحزب سێ باڵ (سێ ئاراستە) هەبێت، لەسەرەتای کانونی دووەمی/١٩٧٨، باڵەکان بەم شێوەیە پێکهات: " باڵی پێشکەوتووی حزب بەسەرکردایەتی – جەمشید ئامۆزگاری – کەبووە سکرتێری گشتی حزبەکە، باڵی بوونیاد بەسەرکردایەتی – هۆشەنگ ئەنساری، باڵی ئۆپۆزیسیون بەسەرکردایەتی هۆشەنگ نەهاوەندی.

## هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب:

سیستمی ناوخۆی حزب لە (٣٨) مادەپێکهات، لەلایەن ئەنجوومەنی دامەزرێنەرەوە لەکۆبوونەوەی ڕۆژی (١٣/ئایاری/١٩٧٥) ڕەزامەندی لەسەردرا، پاشان لەکۆنگرەی دووەمی حزب لە (٢٨/تشرینی یەکەم/١٩٧٦) چەند گۆرانکارییەکی بەسەرداهات، بریتی بوو لە:

١- کۆنگرە: بەرزترین دەسەڵاتە، دووساڵ جارێك دەبەسترێت.

٢- کۆمیتەی ناوەندی، ساڵی دووجار کۆدەبێتەوە.

٣- لیژنەی جێبەجێکردن، پێکدێت لەسکرتێری گشتی حزب و سێ یاریدەدەرو (٥٥) ئەندام، کەلەلایەن کۆمیتەی ناوەندییەوە دیاری دەکرێن.

٤- مەکتـەبی سیاسـی، پێکـدێت لـە : سـەرۆك وەزیـران، سـکرتێری گشـتی و یاریدەرەکانی، نوێنەرێکی پەرلەمان، (١٥) ئەندام لەلیژنەی جێبەجێکردن.

٥- سکرتێری گشتی.

٦- رێکخراووشانەکانی، کەمترین ژمارە ئەندامەکان (١٠٠) و تا (٢٠٠) ئەندام دەبن.

٧- ئەنجوومەنـەکان، نـاوی لێـدەنرێت ئەنجوومـەنی شـورا، لەناوچـەی دێهـات و دەرەوەی شارپێکدێت، کەدەبێ زیاتر لە (١٠٠) شانە بگرێتە خۆی.

### رۆژنامەو بڵاوکراوەکانی حزب:

رۆژنامـەی سـەرەکی حـزب بـەناوی (رسـتاخیز) دەردەچـوو، یەکـەم ژمـارەی لـە (٣/ئایاری/١٩٧٥) دەرچووە، حزب چەند رۆژنامەو بڵاوکراوەیەکی دیکەی هەبووە:

"رسـتاخیزی لاوان، رسـتاخیزی جوتیـاران، رسـتاخیزی کرێکـاران، ئەندیشـە رستاخیز".

ئەم حزبە لەگەڵ راپەرینەکانی شۆرشی گەلانی ئێران، دارماو هەڵوەشایەوە.

### • بەرەی نیشتمانی: (٥٩)

هـەل و مـەرجی پـێش دامەزرانـدنی بـەرە: دەسـتێوەردانی حکومـەت و سـوپا لـە هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران خولی (١٦) لەنێوان (تـەموزی ١٩٤٦ – شـوباتی ١٩٥٠) بەمەبەسـتی سـەرکەوتنی لایـەنگرانی بنەماڵـەی شـا، گەیشـتە رادەیـەکی مەترسیدار، تاکار گەیشتە سەر ئەوەی محەمـەد رەزا شـا دانـی پێدابنێ، رۆژنامـەکان رەخنەی توندییان لەحکومەت گرت بەهۆی ئەو دەستێوەردانە لە هەڵبژاردنەکە، دواتر لـە (١٠/تشـرینی یەکـەمی/١٩٤٩) نووسـەران و رۆژنامـە نووسـان و چـەند کاندیـدێکی

هەڵبژاردن لەماڵەکەی د. موسەدەق کۆبوونەوە بۆ گفتوگۆکردن لەسەر ئەو دیاردانە، هەموویان بڕیاریاندا دەسەڵاتی تەواو بدەنە د. موسەدەق کەچی بەباش دەزانێت پێی هەستێ.

د. موسەدەق و هاوڕێکانی بڕیاریاندا لەبەردەم کۆشکی شا مانبگرن لەڕۆژی (١٤/تشرینی یەکەمی/١٩٤٩) دژ بەو هەڵس و کەوتانەی ڕوویاندا، داواشیان کرد جەماوەر پشتگیرییان بکات، هەر بۆ بەدەنگەوە هاتنی ئەو داواکاریە نزیکەی (١٠-١٢) هەزار کەس کۆبوونەوە لەبەردەم کۆشکی شا، پاشان د. موسەدەق یاداشتێکی گەیاندە وەزیری کۆشك و بڕیاردرا کەخۆی و چەند هاوڕێیەکی بچنە ناو باخچەی کۆشکی شا بەمەبەستی مانگرتن، ئەوانی لەگەڵ د. موسەدەق مانیان گرت لەناو باخچەی کۆشکی شا، بریتی بوون لە:

١- عەبدولقەدیر ئازاد خوراسانی، ئەندام پەرلەمان و ڕۆژنامە نووس.

٢- شەمسەدین ئەمیر عەلائی، پارێزەر.

٣- سەید ئەبولحەسەن حائیری زادە ، زانای ئاینی و ئەندام پەرلەمان.

٤- ئەرسەلان ئەمیر خەلعەتبەری، پارێزەر.

٥- موزەفەر بەقائی کرمانی، مامۆستای زانکۆو ئەندام پەرلەمان.

٦- عەباس خەلیلی، ڕۆژنامە نووس.

٧- ئەحمەد زیرەك زادە، سکرتێری کۆمەڵەی ئەندازیاران.

٨- کەریم سنجابی ، مامۆستای زانکۆ.

٩- سەید عەلی شایکان، مامۆستای زانکۆ و وەزیری پێشو.

١٠- ئەحمەد ڕەزەوی، ئەندازیار.

١١– عەبدولحەمید نووری، پارێزەر و ڕۆژنامە نووس.

١٢–سەید حوسێن فاتمی، ڕۆژنامە نووس و ئەندام پەرلەمان.

١٣–ئایەتوڵلا سەید جەعفەری غەرەوی، زانای ئاینی.

١٤– ڕەزا گاویانی، شارەزای ئابوری و فەرمانبەری حکومەت.

١٥–یوسف مشار، ئەندام پەرلەمان.

١٦–سەید حوسێن مەکی ئەندام پەرلەمان.

١٧–ئەحمەد مەلەکی، ڕۆژنامە نووس.

١٨–سەید محەمەد ڕەزا حەلال، پارێزەرو ڕۆژنامە نووس.

١٩–سەید مەحمود نەریمان، پارێزەرو وەزیری پێشو.

ئەو مانگرتنە لەناو کۆشکی شا، (٥) ڕۆژی خایاند، لەماوەی دوو ڕۆژدا ئەوانە نانیان نەخوارد، لەئێوارەی ڕۆژی دوایی لەمانگرتنەکە، وەزیری کۆشکی شا وەڵامێکی گەیاندە مانگرتووەکان، ئەویش بڕیاری دووبارە کردنەوەی هەڵبژاردنەکەیە، بەم بڕیارە (د. موسەدەق) و هاوڕێکانی بڕیاریاندا کۆتایی بەمانگرتنەکەیان بهێنن.

**دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی:**

بۆ ئەوەی ئەو هەوڵ و دەسکەوتانەی هاتوونەتە دی، شێوازێکی ڕێك و پێك و نیشتمانی وەربگرێت، بڕیاردرا کەلەڕۆژی (٢٣/تشرینی یەکەمی/١٩٤٩) کۆبوونەوەیەکی فراوان لە ماڵی د. موسەدەق سازبکرێت، لەو کۆبوونەوەیە بڕیاری دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی (جبهه مللی)درا، بەرە لەیەکەم بەیانیدا، سێ داواکاری خستە ڕوو:

١– ئەنجامدانی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی نوێنەران.

٢– ئازادی ڕۆژنامەگەری.

٣- هەڵوەشاندنەوەی باری نائاسایی لەوڵات.

پاشان لیژنەیەك پێکهات بەمەبەستی دانانی پەیڕەوی ناوخۆی بەرە، ئەندامانی لیژنەکە بریتی بوون لە: عەلی شایکان، کەریم سنجاوی، مەحمود نەریمان، شەمسەدین ئەمیرعەلائی.

بەرەی نیشتمانی ڕێکخستنێکی حزبی نەبوو، بەڵکو بریتی بوو لە هاوپەیمانیەتیەکی نیشتمانی فراوان کەچەندین حزب و سەندیکاو ڕێکخراوی سیاسی دەگرێتە خۆی.

## حزب و ڕێکخراوە سیاسیەکانی ناو بەرە:

حزبی ئێران، حزبی زەحمەتکێشان (ئەم حزبە لەو سەردەمە بەناوی - ڕێکخراوی پارێزگاری ئازادی) کاری دەکرد، پاشان لە ١٩٥١ بووە حزبی زەحمەتکێشان، حزبی نەتەوەیی ئێران کۆمەڵەی جەنگاوەرانی موسلمان، حزبی گەلی ئێران، کۆمەڵەی بەرهەڵستی، سەرەڕای کۆمەڵە سەندیکاو ڕێکخراوێکی بازرگانی وپیشەیی و خوێندکاران و مامۆستایان.

## پەیڕەوی ناوخۆی بەرە:

پەیڕەوی ناوخۆی بەرە لە(١١) مادە پێکهاتبوو، کە هەیکەلی ڕێکخراوەیی و پێکهاتەی کارگێڕی و شێوازی بەڕێوەبەردنی و وەرگرتنی بڕیارەکانی دەگرێتەوە.

## بەرنامەی بەرە، خاڵە سەرەکیەکانی ئەم بەرنامەیە:

١- کارکردن بۆ بەدیهێنانی داد پەروەری کۆمەڵایەتی لەڕێگای کەمکردنەوەی جیاوازییە چینایەتیەکان و بەدیهێنانی رادەیەك لەیەکسانی لەناو کۆمەڵگە.

٢- جێبەجێ کردنی یاسا دەستوریەکان و هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو یاسایانەی کە هەموارکراون لەلایەن کۆمەڵەی دامەزرێنەرەوە لەئایاری (١٩٤٨)، هەروەها ئەو گۆڕانەی لەمادەی (٤٨) کراوە.

٣- دامەزراندنی سیستمێکی پاشایەتی دەستوری راستەقینە، رێگرتن لەدروست بوونی سیستمێکی پاشایەتی ستەمکار.

٤- کارکردن بۆ چاککردنی بارودۆخی ئابوری ولآت.

**دارمانی بەرەو کودەتای ئابی/١٩٥٣:**

لێرەدا هەندێ بیروبۆچوون هەیە کە دەڵێت: د. موسەدەق سەرۆك وەزیران وسەرۆکی بەرەی نیشتمانی، ئارەزووی جێبەجێ کردنی چاکسازی فراوانی نەبووە، تەنها پرۆژەی خۆماڵی کردنی نەوت نەبێت، لەبەر ئەوەی باش دەیزانی بەرە پێکهاتووە لەچەند لایەنێکی ناتەبا لەگەڵ یەك، لایەنی لیبرال و چەپ و ئاینی تێدایە، ئەمانەش بەرژەوەندییەکانیان ناکۆکەو لەگەڵ یەك ناگونجێن.

دیارە یەکەم هۆکاری ململانێ لەناو بەرە، ئەو دەسەلآتانەی بەموسەدەق درابوون لە لایەن ئەنجوومەنی شوراوەو بەمەبەستی چاکسازی، ئەو حالەتە بووە هۆی خولقاندنی ململانێ و ناکۆکی توند لەناوبەرە، کاتێ زستانی (١٩٢٥ - ١٩٥٣) داهات، بەرە لە نێوان دوو لایەنی جیاواز بوو، لەلایەکەوە کۆنە پارێزی نەریتگەر، ئەوانە بریتی بوون لەجەنگاوەرانی موسڵمان و فیدائیانی ئیسلام و بەشێك لەحزبی زەحمەتکێشان و هەندێ بازرگانانی بازار بەسەرکردایەتی کاشانی و بەقائی و حوسێن مەکی.

باڵێکی دیکە، باڵی عەلمانی سەردەمیان بوو، رۆشنبیرانی حزبی ئێران و چەپەکانی حزبی زەحمەتکێشانی دەگرتە خۆی، لەگەڵ لایەنگرانی خەلیل مالکی (هێزی سێیەم) ئەوانە بەتووندی پشتگیری د. موسەدەقیان دەکرد.

ئەو ململانێیە درێژەی کێشا، زۆر بابەتی وەك دانانی وەزیرەکان و دەسەلآت و رێککەتنە دەرەکیەکان دەبوونە هۆی وروژاندن و رەخنە، هەرچەندە بەردەوامیش هەولیش هەبووە بۆ رێککەوتنی هەردوولا.

یەکەم جیابوونەوە لەناو باڵەکانی بەرە لەناو حزبی زەحمەتکێشان روویدا، لە (١٤/تشرینی دووەمی/١٩٥٢) باڵێکی ئەو حزبە بەسەرکردایەتی بەقائی لە بەرە جیابۆوە.

بەڵام جیابوونەوەی مەترسیدار، کە رێگای بۆ رووخاندنی حکومەتەکەی د. موسەدەق خۆشکرد، ئەوە دەرچوونی کاشانی و لایەنگرانی بوون، تاکار گەیشتە ئەوەی پیلان بۆ کوشتنی د. موسەدەق دابنرێت لە (١٩شوباتی/١٩٥٣) ئەگەر چی سەرکەوتوونەبوو، لەکۆتایشدا کودەتا سەربازییەکەی جەنەڕاڵ زاهیدی روویداو کۆتایی بە حکومەتی موسەدەق هێنا لە (٢٢/ئابی/١٩٥٣).

**دووەم بەرەی نیشتمانی:**

ساڵانی (١٩٥٤ – ١٩٦٠) گۆڕانکارییەکی زۆر لەسیاسەتی ناوخۆو دەرەکی ئێران روویدا، لەو ماوەیەدا چەند سەرکردەیەکی بەرەی نیشتمانی (پێشو) لەدڵسۆزانی د. موسەدەق بەردەوام لەدانیشتن و گفتوگۆ بوون لەگەڵ یەك.

لە (١٤/تەموزی/١٩٦٠) لەسەر داوای (غولام حوسێن سدیقی) بەشێك لە سەرکردەکانی بەرەی نیشتمانی کۆن و بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیونی نیشتمانی لەماڵی سدیقی کۆبوونەوە، بەکۆی دەنگ بڕیاریاندا بەرەی نیشتمانی بۆ جاری دووەم دابمەزرێتەوە.

لەکۆبوونەوەی رۆژی (٢١/تەموزی/١٩٦٠) لیژنەی باڵای بەرەیان دیاریکرد، پێکهاتبوو لە: "ئەڵلایار سالح، غولام حوسێن سدیقی، باقرکازمی، مەهدی بازرگان، جیهانگیر حەق شوناس، کەریم سنجابی، ئیبراهیم کەریم ئابادی، شاپور بەختیار، عەبدولحوسێن ئەردەلان، حاجی حوسێن قاسمی، سەید زیائەدین سەید جەوادی، سەعید فاتمی، سەید محەمەد عەلی کشاوەرز، نەسروڵلا ئەمین، محەمەد رەزا ئیقبال،

سەید باقر جەلال موسەوی، عەبدولعەلی ئەدیب برومەند، یەدوڵلا سەحابی، عەبدولحوسێن خەلیلی، محەمەد عەلی خنجی، مەسعود حیجازی".

ئەو حزبانەی بەشداری بەرەیان کرد، بریتی بوون لە: حزبی ئێران، حزبی گەلی ئێران، حزبی نەتەوەی ئێران، حزبی سوسیالست.

ئەندامانی لیژنەی جێبەجێکردن بریتی بوون لە: "ئەڵلایار سالح، شاپور بەختیار، عەبدولحوسێن خەلیلی، کەریم سنجابی، محەمەد عەلی کشاوەرز".

بەرە رۆژنامەی (باختر ئەمروز) رۆژئاوای ئەمڕۆ، دەردەکرد.

بەرە هەر لەسەرەتاوە رێگای بەشداریکردنی لەهەڵبژاردنەکان لێگیرا لەلایەن حکومەتە یەك بەدوایەکەکانی ئێران، ئەگەر چی لەم بارەوە هەوڵ و کۆششێکی زرۆیشی داوە، چ بەداواکردنی راستەو خۆ بێت یان نارەزایی دەربڕین لەڕێگای خۆپیشاندان و مانگرتن و دەرکردنی بایاننامە.

بەرە، لەمانگی (کانوونی دووەمی/١٩٦٢) یەکەم کۆنگرەی بەست بەئامادە بوونی (١٧٥) ئەندام، نوێنەرانی هەموو چین و توێژەکان،لەکۆنگرە لیژنەی بالای بەرە هەڵبژێردرا کە لە(٣٤) ئەندام پێکهاتبوو، هەروەها لەکۆنگرە بنەماکانی بەرە بڵاوکرایەوە، کە ئەم خاڵانەی لەخۆ دەگرت:

١- کارکردن بەسیستمی دەستووری لەوڵات.

٢- دەستێوەرنەدانی شا لەکاروباری حکومەت.

٣- هەڵوەشاندنەوەی دەزگای ساواك.

٤- دەستەبەرکردنی یاسا گشتی و تایبەتیەکان.

بەڵام لەماوەی کۆنگرەکەدا، نەتوانرا چارەسەری ململانێ ناو خۆییەکان بکرێت، کە هۆیەکانی زیاتر ئایدیۆلۆژی و پێکهاتەی چینایەتی بوون، سەرەڕای بەرژەوەندییە سیاسییەکان، بۆیە بەرە بەسەر دوو باڵدا دابەش بوو:

١) باڵێکیان ویستی رووبەڕوو بوونەوەی چەکداریان هەبوو لەگەڵ دەسەڵات.

٢) باڵەکەی دیکە باوەڕی بەکاری سیاسی و راگەیاندن هەبوو.

لەلایەکی دیکەوە بەهۆی دەسگیر کردنی ژمارەیەکی زۆری ئەندامانی سەرکردایەتی بەرە، ئەوا لاوازی رووی تێکرد، بۆیە لەکۆبوونەوەیەك کە لەپایزی ساڵی (١٩٦٣) بەسترا، لەسەر پێشنیازی ئەڵلا یارسالح، بڕیاردرا چالاکیەکانی خۆیان هەڵپەسێرن.

## • سێیەم بەرەی نیشتمانی: (٦٠)

بەهۆی لاوازی و بێ توانایی سەرکردەکانی دووەم بەرەی نیشتمانی لەراپەڕاندنی ئەرکەکانی، هەروەها بوونی جۆرێك لەرێککەوتن لەنێوان ئەو سەرکردانەو دەسەڵات بەمەبەستی روونەدانی کێشەو گرژی لە گۆڕەپانی سیاسی وڵاتدا، لەو هەلومەرجەدا کە د. موسەدەق لەژێر چاودێری بوو، دووریش خرا بۆوە بۆ شاری ئەحمەد ئاباد، ئاگاداری تەواوی لەسەر دۆخی ناوبەرەی هەبوو، ئەو نامەیەکی ئاراستەی لیژنەی خوێندکارانی بەرەکردو داوای لێکردن کە بێ ئومێد نەبن و لە هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان بەردەوام بن.

نوێنەرێکی رێکخراوەی خوێندکارانی بەرە (هیدایەتوڵلا مەتین دەفتەری) هەوڵێکی زۆری داو پەیوەندی بەچەندین لایەنی سیاسی ناو بەرەی نیشتمانی کردووە، بەتایبەتیش سەرۆك حزبەکان، داوای کردووە لێیان کەبەرەی نیشتمانی زیندوویکەنەوە، ئەنجامی ئەو هەوڵانە کۆبوونەوەی مانگی ئازاری (١٩٦٥) بوو بەبەشداریکردنی نوێنەری چەند لایەنێکی سیاسی و بەشێوەیەکی نهێنی.

لەو کۆبوونەوەیە بڕیاردرا لەسەر دروستکردنەوەی بەرەی نیشتمانی بۆ جاری سێیەم، لایەنە بەشداربووەکانیش بریتی بوون لە: " حزبی نەتەوەیی ئێران بەسەرکردایەتی داریوش فروهەر، حزبی گەلی ئێران بەسەرکردایەتی حوسێن رازی، کۆمەڵەی سۆسیالستی ئێرانی بەسەرکردایەتی خەلیل مالکی، لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکاران.

بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆی بەرە دارێژرا، پاشان لەمانگی تەموزی(١٩٦٥) چەند بڵاوکراوەیەك دەرکرا، دیارە ئەو کارو چالاکیانەش دەزگا ئەمنیەکانی رژێمی ئاگادار کردۆتەوە، بۆیە کەوتنە پەلاماری ئەندام و سەرکردەکانی، هەر لەماوەی چەند هەفتەیەك ژمارەیەکی زۆری ئەو سەرکردانەی بەرە دەسگیرکران، لەوانە: خەلیل مالکی، داریوش فروهەر، کازم سامی، سەرەڕای ژمارەیەکی زۆری دیکەش لەکادیرو ئەندامانی بەرە، کە هەموویان رەوانەی دادگا کراون بەماوەی جیاواز بڕیاری زیندانیان بۆ دەرچووە، چەند کەسێکی وەك (مەهدی بازرگان و مەحمود تالقانی) هەریەکە بۆ ماوەی دە ساڵ زیندانی کران، بەم شێوەیە بەرەی سێیەمیش چالاکیەکانی پەکی کەوت.

لەگەڵ ئەو بارو دۆخەی کەلەناو ئێران هاتە پێشەوە، ساڵی (١٩٧٧) سەر لەنوێ بەرە ڕێکخستنەکانی خۆی (٦١) زیندوو کردەوە لەژێر ناوی – یەکێتی هێزەکانی بەرەی نیشتمانی ئێرانی، ژمارەیەکی زۆری حزب و لایەنە سیاسی و کەسایەتیە نیشتمانیەکان (کەبەشی زۆریان هەڵاتبوونە دەرەوەی ئێران) گرتە خۆی، ئەندامانی ئەنجوومەنی جێبەجێ کردن بریتی بوون لە:

١– د. کەریم سنجابی ، سکرتێری گشتی بەرە.

٢– داریوش فروهەر

٣– شاپور بەختیار

٤– ئەندازیار حەسیبی

٥- مەهدی بازرگان

٦- پارێزەر حەسەن نەزیە

٧- د. ئیبراهیم یەزدی

**بەرەی نیشتمانی لەسێبەری سیستمی کۆمارییدا:**

د. مەهدی بازرگان لە (١٣/شوباتی/١٩٧٩) حکومەتی پێکهێنا، وەزیری دەرەوەش د. کەریم سنجابی بوو، بەڵام کاروبارەکان وەك پێویست بەڕێوە نەچوو، بەهۆی دەستێوەردانی پیاوانی ئاینی و ململانێ لەسەر دەسەڵات.

لەرۆژی (١٥/نیسانی/١٩٧٩) د. کەریم سنجابی دەستی لەکارکێشایەوە، دواتر حەسەن نەزیە لەبەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی دوور خرایەوە، پاشان مەهدی بازرگان لە (١٥/تشرینی دووەم/١٩٧٩) ئیستقالەی حکومەتەکەی ڕاگەیاند.

وادیارە بەرەی نیشتمانی هەستی بەو مەترسیانە دەکرد کەلەبەردەمیدا بوون، بۆیە چەند گۆڕانکارییەکی لەپێکهاتەی خۆی ئەنجامدا، چەند کەسێکی هێنایە پێشەوە (وەك د. غولام حوسێن سدیقی) هەروەها بەشداریکردنی چەند حزبێکی نوێ، سەرەڕای چەند گۆڕانکارییەك لەبواری دیکەشدا، بۆیە دەکرێ لەم قۆناغەدا، بەرە ناو بنرێت بەرەی چوارەم:

**ئەو هێزە سیاسیانەی بەشداری بەرەیان کرد: (٦٢)**

١- جنبش، بەسەرکردایەتی د. عەلی ئەسغەر حاجی.

٢- حزبی نەتەوەی ئێران بەسەر کردایەتی داریوش فروهەر.

٣- حزبی ئێران، بەسەرکردایەتی ئەبو فەزلی قاسمی

٤- گروپی ئێرانی هاوچەرخ، کە پێشتر ناوی - جاختر امروز - بوو، بەسەرکردایەتی سەید فاتمی.

٥- ڕێکخـراوی جامـا (جنـبش انقلابـی مـردم مسـلمان ایـران)، واتـه (سـوپای موسلمانانی شۆڕشگێڕی ئێران، بەسەرکردایەتی د. سامی و د. شەریعەت مەداری.

٦- نهضـت ئـازادی ایـران (بزووتنـەوەی ازادی ئێـران) بەسـەرکردایەتی مەهـدی بازرگان.

ئەنجومەنی ناوەندی بەرەی نیشتمانی لە (٣/تەموزی/١٩٧٩) کۆبووە، ئەنجوومەنی جێبەجێکردنی بەرەی هەڵبژارد، لەم ناوانە: " د. غولام حوسێن، د. کەریم سنجابی، ئەبولفەزل قاسمی، ئەسغەر پارسا کەریم ئەبادی، قاسمی لباچی، حەسەن میر محەمەد سادق "

بەرە لە تشرینی یەکەمی/١٩٧٩ وە پـەرەی سەندنی گـەورەی بەخۆیـەوە بینـی، لەڕۆژی (١٦/تشرینی یەکەمی/١٩٧٩) ئەنجوومەنی ناوەندی چەند بڕیارێکی دەرکرد:

١- هەڵوەشاندنەوەی پێگەی سکرتێری گشتی بەرە.

٢- هەڵبژاردنی (ئەسفەرپارسا) بەوتەبێژی فەرمی بەرە.

٣- هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەرە، لەم ناوانە: د. غولام حوسێن، د. کەریم سنجابی، ئەسفەر پارسا، ئەدیب برومەند، د. جەلال موسەوی.

## • کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی بەرەی نیشتمانی لەدەرەوەی ئێران: (٦٣)

بەهۆی کردارو فشارەکانی دەسەڵات لەئێران، بەتایبەتی دەزگای هەواڵگری (ساواك) ژمارەیەکی زۆری لایەنگرو ئەندام و نیشتمان پەروەرانی ئێران، پـەنایان بـۆ دەرەوەی وڵات بردووە، بەتایبەتیش بۆ ئەوروپاو ئەمریکا.

ئەوانە زۆربەیان خوێندکار بوونە، لەو وڵاتانە هەوڵیانداوە بەشداری لەکاری سیاسی بکەن لەڕێگەی دامەزراندنی کۆمەڵەو ڕێکخراوی جۆراو جۆر، لەوانە:

**١)یەکێتی خوێندکارانی ئێرانی لەفەرەنسا:**

ئەم ڕێکخراوە لەنێوان ساڵانی (١٩٥١ – ١٩٥٤) زیاتر چالاك بووە، لەسەر کردەکانی: عەلی ئەسغەر سەید جەوادی، هۆشەنگ شیرین لو، مەحمود کەشفیان، عەلی ئەسغەر خۆش نووس، حوسێن حەسەن زادە، سەهراب فەیروزیان، ئیبراهیم خۆش نووس، عەلی ئەسغەری حەریری، ئەمیر بیشداد، ئەوانە بڵاوکراوەی (نامەی پارس) واتە پەیامی فارس، یان دەرکردووە سەرنووسەرەکەی لەساڵی (١٩٥٩)، ئەمیر بیشداد بوو.

**٢) یەکێتی کۆنفیدرالی خوێندکارانی ئێران:**

ساڵی (١٩٦٠) لەمانگی نیسان، لەشاری (هایدلبرك)ی ئەلمانی دامەزراوە، دوای ئەوەی یەکێتی خوێندکارە ئێرانیەکان لەپاریش ڕێگەی چالاکی لێگیرا، بەهۆی فشاری حکومەتی ئێران، ئەم یەکێتیە دامەزرا، لەسەرکردەکانی: حەسەن ئەبو سەدر، ئەمیر بیشداد، حەسەن حەبیبی، (لەفەرەنسا)، مەهدی ئاریا، ئیبراهیم سەیفی، خەسرەو شاکری، بەهمەن نیرومەند، حەسەن مەسالی (لەئەلمانیای ڕۆژئاوا)، ئیحتیشام درەخشان، پەرویزموزەفەری، بیژەن فوئادی، عەلی کوشە، بیژەن ئیفتیخاری (لەنەمسا)، محەمەد عەلی هەمایون، حەمید عینایەت، میهر داد عینایات، محەمەد تاهیر دزفولی، پەرویز نیکخواه، حەسەن ڕەسول (لەبەریتانیا)، فەیروز توفیق، مەهدی خیتابی (لەسویسرا)، ناسر تەهماسپی، محەمەد عەلی شاهین، فەرەجوڵلا ئەدەلان، سادق قوتب زادە (لەئەمریکا).

ئەم ڕێکخراوە چەندین ڕۆژنامەو گۆڤارو بڵاوکراوەی دەرکردووە، وەك: نامە پارس، ١٦ ئازار، پەیمان، بزواك، الصدی، دانشجو، روشنگر، اول بهمن.

**رێکخراوی خوێندەکارانی بەرەی نیشتمانی: (فەرەنساو ئەڵمانیای رۆژئاوا).**

لەکەسە چالاکەکانی ئەو رێکخراوە: ئەبولحەسن بەنی سەدر، عەلی شەریعەتی، سادق قوتب زادە، شاپور رواسانی، خەسرەو شاکری، عەلی راسخ، عەبدوڵلا بەهرەمان، بیژەن ئیفتیخاری، عەلی کوشە، حەسەن مەسالی، ئەحمەد سەلامەتیان، داود بەنا.

ئەم رێکخراوە بڵاوکراوەیەکی دەرکردووە لەژێرناوی (ایران ئازاد) یەك لەخەسلەتە گرینگەکانیش، بوونی جیاوازی هزری و سیاسی لەنێوان ئەندامانی، ئەویش بەهۆی پەیوەندی هەر خوێندکارێك بەلایەنێکی سیاسی ناو بەرەوە.

**٣) رەوتی سۆسیالستەکانی ئێرانی لە ئەوروپا: (٦٤)**

رەوتێکی سیاسی نیشتمانی سوسیالستیە لەدەرەوەی ئێران دامەزراوە لەکۆتایی پەنجاکان (زیاتر کاریگەری رەوتەکەی خەلیل مالکی بەسەرەوە بوو)ی سەدەی بیستەم بەهۆی چالاکی سیاسی و رۆشنبیری و راگەیاندەکانی، ناو بانگی بڵاوبۆتەوە، ماوەیەکی زۆری نەخایاند ژمارەی ئەندامانی گەیشتە زیاتر لە (٣) سێ هەزار کەس، لەسەرکردەکانی: حەمید عینایەت (نووسەر لەرۆژنامەی شەهیار)، محەمەد عەلی هەمایون، مەنسور فەرهەنگ، ناسر باکدامی (مامۆستای زانکۆ).

رێکخراوەکە سەر بەخۆ بووە لەکاروباری رێکخراوەیی، هەیکەلی رێکخراوەیی خۆی هەبووە، بریتی بوو لە: کۆمیتەی ناوەندی و ئەنجوومەنی جێبەجێکردن، کارەکانیشی بەنهێنی بەرێوەدەچوون، یەکەم کۆنگرە ساڵی (١٩٥٨) لەشاری (هانور)ی ئەلمانی بەستووە، دووەم کۆنگرەی لەسویسرابە ستووە، پاشتر چەند کۆنگرەیەکی دیکەش بەستووە لەوڵاتانی ئەوروپا.

گۆڤارێکی لەژێر ناوی (سوسیالست) دەرکردووە سەرنووسەرەکەی ناوی (ئەمیر بیشداد بوو).

چالاكیەكانی دژی هەڵس و كەوتی رژێمەكەی محەمەد رەزا شابوو، لەساڵی (١٩٧٠) بەدواوە، بەهۆی تەوژمی بیرۆكەی خەباتی چەكداری، ئەم رێكخراوە رووی لە لاوازی كرد تا ساڵی (١٩٧٤)بەتەواوی پەكی كەوت.

**٤)رێكخراوی بەرەی نیشتمانی لەئەمریكای باكور: (٦٥)**

لە (٢/شوباتی/١٩٦٢) لەسەردەستی عەلی شایكان دامەزراوە، ناوبراو دوای ئازاد بوونی لەزیندان ساڵی (١٩٥٦) رووی لەویلایەتە یەكگرتووەكانی ئەمریكا كرد، پاش ماوەیەك (محەمەد نەخشەب) سەرۆكی حزبی (خودا پەرستە سۆسیالستەكان) پەیوەندی پێوە كرد، ئەم رێكخراوە لەنێوان ساڵانی (١٩٦٣ – ١٩٦٨) چوار كۆنگرەی بەستووە، كۆمیتەی ناوەندیان لە (١٥) ئەندام پێكهاتبوو، لەوانە عەلی شایكان (سەرۆك)، سەیف پورفاتمی، ناسر قەشقائی، ئیبراهیم یەزدی، محەمەد نەخشەب، عەلی محەمەد شاهین، سادق قوتب زادە، مستەفا شەمیران.

**٥)رێكخراوی خوێندكارانی بەرە لە ئەمریكا:**

لەلایەن محمەد نەخشەب دامەزراوە ساڵی (١٩٦٣)، ئەم رێكخراوە بووە بەئەندامی یەكێتی خوێندكارانی جیهان، بەیەكەم خۆپشاندان هەستاوە دژ بەرژێمی شای ئێران لەبەردەم بارەگای نەتەوە یەكگرتووەكان لەئەمریكا.

**٦) رێكخراوی بزووتنەوی ئازادی ئێران لەهەندەران:**

بریاردرا ئەم رێكخراوە بەشێوەیەكی نهێنی كارەكانی ئەنجام بدات، لە(ئایاری/١٩٦٣) لەشاری پاریس دامەزراوە، لەكەسەدیارەكانی: عەلی شەریعەتی، مستەفا شەمیران، ئیبراهیم یەزدی، سادق قوتب زادە، پەروێز ئەمین، فرەیدون سەحابی، ئەبو فەزل بازرگان، محەمەد تەوسلی، بەهرام راستین.

لەماوەی دوو ساڵدا، ئەم ڕێکخراوە دەسەڵاتی بەسەر هەموو چالاکیەکانی بەرەی نیشتمانی لە ئەوروپاو ئەمریکادا دەڕۆیشت، لەبەر چەند هۆیەك:

أ) بەستنەوەی بزووتنەوەی ئازادی ئێران لەئاوارەیی بەسەر کردایەتی (مەهدی بازرگان) کەبووە کەسێکی خاوەن ئاکاری بەرزوپەسند لەناو عەلمانیەکان وپیاوانی ئاینی لەئێران بە هۆی هەڵوێستەکان.

ب) بزووتنەوە گەیشتۆتە ناو هەموو چین و توێژێکی کۆمەڵگەی ئێران.

ج) پەیوەندییەکی سەرکەوتوانە لەنێوان ئەو ڕێکخستنە نهێنیانەی دەرەوەو بزووتنەوەی نیشتمانی لەناو ئێران.

د) ڕێکخستنێکی توکمە و باوەڕ بەکارکردن لەسەر چەند بنەماو بیروباوەڕێك

- **بیرۆکەی خەباتی چەکداری لەئێران:(٦٦)**

بەهۆی گۆرانکارییە سیاسیە ناوخۆیی و دەرەکیەکان، بیرۆکەی خەباتی چەکداری هاتە پێشەوە، ئەو بۆ چوونە چەند هاندەرو هۆکارێکی هەبوو، لەوانە:

١- توندوتیژی ڕژێمی ئێرانی لەسەردەمی محەمەد ڕەزاشا بەرامبەر هێزە سیاسیەکانی ئۆپۆزیسیون، لەزیندانی و کوشتن و دوور خستنەوە.

٢- نوشستی هێنانی بەرەی نیشتمانی بۆ دووەم جار و ڕێگرتن لەبەردەم کاری سیاسی دەستوری لەوڵات.

٣- بڵاوبوونەوەی هزری سیاسی ئیسلامی رادیکالانە.

٤- سەرکەوتنی شۆرشی گەلانی جەزائیری کوباو ڤیتنام و هەندێ وڵاتی ئەفریقی و ئەمریکای باشور.

٥- بڵاوبوونەوەی کتێبی شۆڕشگێڕانە و وەرگێڕانیان بۆ سەر زمانەکانی دیکە، وەك کتێبەکانی ماوتسی تۆنگ و جیفاراو نووسەرانی چەپی دیکە.

**دەربارەی خەباتی چەکداری لەئێران، ئاماژە بۆ دوو رووداو دەکەین:**

أ) بەپێی چەند سەر چاوەیەك، کاتێك عەلی شەریعەتی کە خەریکی کاری رۆژنامە نووسی بوو لەگەڵ رۆژنامەی (ئەلموجاهید) شۆڕشی جەزائیری (١٩٥٦ – ١٩٦٢) داوای لەبەر پرسانی ئەو شۆڕشە کردووە کە پەیوەندی بەدەسەڵاتدارانی حکومەتی میسر بکەن بۆ یارمەتی دانی ئێرانیەکان، هەندێ بۆ چوونی دیکەش هەیە دەڵێت، سەرکردەکانی بزووتنەوەی ئازادی ئێران پەیوەندییان بەباڵیۆزی میسر کردووە لەسویسرا بۆ ئەم مەبەستە.

بەهەر حاڵ، وەفدێکی بزووتنەوەکە (ئیبراهیم یەزدی، پەریزئەمین)، لەگەڵ بالیۆزی میسر کۆبوونەتەوەو رێککەوتوون لەسەر ناردنی چەند ئەندامێکی بزووتنەوەی ئازادی ئێران بۆ میسر بەمەبەستی ئامادەکاری بۆ راهێنانی لەسەر کاروباری سەربازی، ئەو نوێنەرانە پێکهاتوون لە (٥) کەس : ئیبراهیم یەزدی، مستەفا شەمیران، پەروێز ئەمین، عەلی شەریفیان، بەهرام راستین، لە مانگی کانوونی دووەمی/١٩٦٤ گەیشتونەتە میسر.

ئەوانە لەگەڵ جێگری سەرۆکی میسر گفتوگۆیان کردووە دەربارەی کردنەوەی سەربازگەیەك بۆ ڕاهێنانی ئێرانیەکان، یەکەم گروپ بەمەبەستی ڕاهێنان لەسەر کاری سەربازی لە (٣٠) کەس پێکهاتبوون و لەماوەی (٤٨) رۆژ راهێنانیان پێکراوە لە (١٩/ئابی/١٩٦٤).

بەڵام کارەکە کاردانەوەی سیاسی لێکەوتەوەو بوویە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و میسر، بۆیە ئەو کارە راگیرا.

ب) لەسەرەتا ساڵانی هەفتاکانی سەدەی بیستەم، جارێکی دیکە بیرۆکەی چالاکی سەربازی و پارتیزانی لە دژی رژێم سەری هەڵدایەوە، لەناو ئێران

کۆمەڵەرێکخراوێك پێکهاتبوون کە ئامادەییان تێدابوو بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە چالاکیانە، لەوانە:

١. رێکخستنی فیدائی خەڵکی ئێران (فیدائییە مارکسیەکان).
٢. رێکخستنی موجاهیدینی خەڵکی ئێران (موجاهیدینی ئیسلام).
٣. رێکخستنی موجاهیدینی مارکسی (باڵی جیابۆوە لەسازمانی موجاهیدینی خەڵك)
٤. چەند گروپێکی بچووکی ئیسلامی، وەك: ئەبو ژەر ئەلغەفاری (لەنەهاوەند)، شیعەی حەق (لەهەمەدان)، ئەڵلا هو ئەکبەر (لەئەسفەهان)، ئەلفەجر (لەزنجان)، گروپەکانی، ئەلسەف، ئەلمەنسورون، ئەلمەهدەویون، ئەلموەحیدون.
٥. گروپە مارکسیە بچووکەکان: رێکخراوی رزگاری گەلی ئێرانی (رەوتی لورستان)، رێکخراوی ئامانجەکانی گەل، رێکخستنی توفان، رێکخستنی شۆڕشگێڕی حزبی تودە، یەکێتیە کۆمونیستەکان.

ئەو کۆمەڵەو گورپە چەکدارانە لەماوەی ساڵانی (١٩٧٠ – ١٩٧٩) بەدەیان کاری چەکداری جۆراو جۆر هەستاون، لەو ماوەیەدا نزیکەی (٣٤١) لەئەندامانی ئەو رێکخراوو گروپانە کوژراون یان لەسێدارە دراون، هەروەها زیاتر لە (٢٠٠) ئەندام و کادیر لە زیندانەکانی رژێم حوکم دراون بەماوەی ساڵێکەوە تا هەتاییێ.

بەشی زۆری ئەو رێکخراوانەی بڕیاریاندا هەستن بە خەباتی چەکداری و پارتیزانی ئەو خەسلەت و مەرجانەیان تێدا بەدی نەدەکرا کە پێویست بوو بۆ سەرکەوتن، وەك "سەرکردایەتی لێهاتوو، ستراتیژییەت و پێداویستیەکانی خەبات، هەروەها شانەی نهێنی و بنکەی جەماوەری، ئەمەو سەرەڕای ململانێی ئایدیولۆجی و ناوخۆیی، وایکرد سەرکەوتوونەبن.

- **كۆمەڵەی بەرهەڵستی ( جمعیت مبارز ): ( ٦٧ )**

كۆمەڵە لەلایەن رەزا كاوبانی و چەند هاوڕێیەكی لەهەردوو وەزارەتی رۆشنبیری و دارایی حكومەتی ئێران دامەزراوە ساڵی (١٩٤٦).

كاوبانی یەك لەو كەسانەن كەلەگەڵ موسەدەق لەكۆشكی شا، مانیان گرتبوو، كۆمەڵە پشتگیرییەكی گەورە بوو بۆ بەرەی نیشتمانی لەكاتی هەڵبژاردنی پەرلەمان لەخولی (١٦)، كۆمەڵە رۆڵی گەورەی هەبووە لەرێكخستنی خۆپیشاندانی جەماوەری، بۆ پاڵپشتی كردنی د. موسەدەق و بەرەی نیشتمانی.

- **بزووتنەوەی بەرهەڵستی نیشتمانی ( نهضت مقاومت ملی ): ( ٦٨ )**

سەرەڕای سەركەوتنی كودەتاو كۆتایی هاتن بەحكومەتی بەرەی نیشتمانی و دەستگیركردنی بەشێكی زۆری سەركردەكانی لە(ئابی/١٩٥٣) بەڵام گیانی هەرهەڵستی كردن نەمردبوو، بێ ئومێدیش زاڵمانەبوو بەسەر بارودۆخەكە.

هەرلەو رۆژگارەدا، ئایەتوڵلا (سەید رەزا زنجابی) داوای لەكۆمەڵە سەركردەیەكی بەرەی نیشتمانی كرد بۆ كۆبوونەوە، ئەو كەسانەی ئامادەی كۆبوونەوەكە بوون لەماڵی زنجانی: (عەباسی رادنیا، رەحیمی عەتایی، ناسر سەدری ئەلحافزی)، دوای ئەو كۆبوونەوەیە چەند كۆبوونەوەیەكی دیكەش رێكخرا، سەرەڕای ئەو ناوانە چەند كەسانێكی دیكەش بەشدارییان كرد، وەك : محەمەد مەهدی بازرگان، یەدوڵلای سەحابی، حوسێن شاحوسێنی، فەتحوڵلا بەنی سەدر)، هەر لەسەر پێشنیازی شاپور بەختیاریش ناویان لەم رێكخستنە نوێیە نا (بزووتنەوەی بەرهەڵستی نیشتمانی).

بزووتنەوە لەرۆژی (٢٧/ئابی/١٩٥٣) بڵاوكراوەیەكی دەركرد لەژێرناوی (بەرهەڵستی بەردەوامە)، لەوبڵاوكراوەیە ژمارەیەكی زۆري لەشارەكان بڵاوكرایەوە، سێ ئامانج دیاری كرابوون:

١. درێژەپێدانی بەرهەڵستی و گێڕانەوەی سەربەخۆیی نیشتمانی.

٢. درێژەپێدان بەخەبات دژی داگیرکاری بیانی و بەکرێگیراوەکانی (شیوعیەکان، زاناناینیە کۆنەپەرستەکان).

٣. درێژەپێدانی تێکۆشان دژی حکومەتە بەکرێگیراوەکان.

هەر لەو رۆژانەشدا ئایەتوڵلا مەحمود تالقانی پەیوەندی بەڕیزی بزووتنەوەکە کرد، پاش دوو هەفتە لەکودەتا سەربازییەکە نوێنەرانی ڕێکخراوەکانی ناو بزووتنەوەکە کۆ بوونەوەیەکی گرینگیان بەست، ئەوانی ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون، نوێنەرانی حزبەکانی: ئێران، گەلی ئێران، نەتەوەی ئێران، زەحمەتکێشان (نیروی سوم)، نوێنەرانی بازارو زانکۆی تاران، لەو کۆبوونەوەیەدا کۆمیتەی ناوەندییان هەڵبژارد بۆ بزووتنەوەکە، سەرەڕای چەند لیژنەیەکی تایبەت بە: "لیژنەی جێبەجێکردن، لیژنەی زانکۆ، لیژنەی بازار، لیژنەی دام و دەزگاکانی حکومەت، لیژنەی زانایانی ئاینی، لیژنەی حزبەکان لیژنەی راگەیاندن".

بزووتنەوە درێژەی بەچالاکیەکانی داوە لەنێوان سالانی (١٩٥٣ – ١٩٥٩) بەپێی بەرنامەیەك، کاری دەکرد بۆ بەدیهێنانی ئەم ئامانجانە:

أ) کۆکردنەوەی هەموو لایەنەکانی ئۆپۆزیسیونی نیشتمانی و ئاینی و ئاراستە کردنیان دژی حکومەتی کودەتا. (کودەتای جەنەڕال زاهیدی بەسەر حکومەتی د. موسەدەق)

ب) وەستان دژی کارەکانی حکومەتی کودەتا، کە هەوڵیدەدا ئۆپۆزیسیۆن لەڕەگ و ریشەدا هەڵکەنێت.

ج) ئاشکراکردنی کاروکردەوەکانی حکومەتی کودەتا و دەزگاکانی راگەیاندن.

د) نوشستی پێهێنان بەهەوڵەکانی حکومەت بۆ بەستنی رێکەوتن لەگەڵ کۆمپانیا نەوتیەکانی ئەمریکی و بەریتانی و دوورکەوتنەوە لەخۆماڵیکردنی نەوت.

ﻫ) پێویستی بەدرۆخستنەوەی ڕاگەیاندنی ڕۆژ ئاوایی کە پشتگیری حکومەت دەکات.

بزووتنەوە ئەگەر چی بەزۆر چالاکی سیاسی و ڕاگەیاندن و کۆمەڵایەتی هەستاوە، دژی حکومەت و سیاسەتەکانی وەستاوەو مانگرتن و خۆپیشاندانی ڕێکخستووە، چەند جارێك کادیرو بەرپرس و سەرکردەکانیان دەسگیرکراون و ڕەوانەی دادگاش کراون، بەڵام کۆمەڵێك هۆکار ڕێگر بوونە لەبەردەم هاوکاری کردنی هێزە سیاسیەکان لەگەڵ بزووتنەوەی بەرهەڵستی نیشتمانی، سەرەڕای چەند ڕوویەکی لاوازی ناوخۆی بزووتنەوەکە، هەموو ئەو هەل و مەرجانە بوون بەهۆی لاوازی و پچڕپچڕی و پەککەوتنی بزووتنەوەکە، کە لێرەدا لەچند خاڵێك کورتی دەکەینەوە:

١. توندوتیژی ناکۆکی و ململانێیەکانی نێوان حزب و هێزە سیاسیەکان، هەر وەك لەنێوان حزبی ئێران و کۆمەڵەی (نیرۆی سوم) لەلایەکەوە لەگەڵ باڵێکی توندڕەوی ناوبزووتنەوەکە ڕوویدا لەلایەکی دیکەوە.

٢. هەوڵەکانی حکومەت و دەزگای هەواڵگری (ساواك) بەتایبەتی بۆ لاوازکردنی بزووتنەوەکە، بەدانانی پیلان و خوڵقاندنی ململانێ و جیاوازی و تیرۆر لەناوخۆی بزووتنەوەکە.

٣. لاوازی و بێ توانایی سەرکردەکان، هیچ یەکێك لەوسەرکردانەی کە لەچوار چێوەی بەرەی نیشتمانی کاری دەکرد، ئامادە نەبووە بەشێك لەئەرك و بەرپرسیاریەتی ڕووداوەکان هەڵبگرێت، ئەو بژاردەیەی خۆی بەسەرکردەو رابەر دەزانی، تێگەیشتن و هۆشیاریان لەئاستی پێویستدا نەبووە، دانیشیان بەهەڵەکانی خۆیان نەدەنا.

٤. هەست نەکردن بەبەرپرسیارییەتی و درکاندنی نهێنییەکان و گەیشتنی زانیاریەکانی ناوخۆی بزووتنەوە بەدەزگاپەیوەندیدارەکانی حکومەت.

## • بزووتنەوەی ئازادی ئێران

### سازمانی نهضت ئازادی ایران: (٧٠)

لەسەرەتای سالی(١٩٦١) چەندین کۆبوونەوە سازدراوە، کە(٢٠ – ٣٠) کەسی تێدا بەشداربووە، بۆ گتوگۆکردن دەربارەی دامەزراندنی رێکخراوێکی سیاسی، لەو کۆبوونەوانە سێ بابەت تەوەری گفتوگۆکردن بوونە:

١) هەل و مەرجی سیاسی و دامەزراندنی رێکخراوێکی سیاسی.

٢) ئایدیۆلۆجیای رێکخراوەکە، سەرچاوەکەی ئیسلام بێت.

٣) ئایا دەرفەت بۆ کاری سیاسی لەم هەل و مەرجەدا هەیە.

پاشان لەکۆبوونەوەی (١٧/ئایاری/١٩٦١)، کەلەماڵی (سادق فەیروزی) بەستراوە، بریاری کۆتایی درا لەسەر دامەزراندنی (بزووتنەوەی ئازادی ئێران)، ئەندامانی ئامادەبوو، بریتی بوون لە:

١- ئایەتوڵلا مەحمود تالقانی

٢- ئەندازیار مەهدی بازرگان

٣- د. یەدڵلاسەحابی

٤- عەباسی سەمیعی

٥- پارێزەر حەسەن نەزیە

٦- رەحیمی عەتایی

### بنەماو ئایدیۆلۆجیای رێکخراوەکە:

ئەم رێکخراوە بەرنامەکەی هەوڵێك بوو بۆ کۆکردنەوەی نێوان رەوتی ئاینی و عەلمانیەکان لەئێران، لەبەر ئەوەی کەلێنێکی گەورە هەبووە لەنێوان هەردوولا، لەبەرنامەی حزبەکەدا، کەمەهدی بازرگان رایگەیاند هاتبوو:

"...ئێمە موسلمانین، ئێرانین، پەیرەوی دەستوری موسەدەق دەکەین، ئێمە موسلمانین ئاین لەسیاسەت جیاناکەینەوە، ئێمە ئێرانین باوەرمان بەجیاوازی رەگەزی

نیە، ئێمە باپەندی دەستورین...بەڵام ڕێگانادەین بەئازادی بیروباوەڕو چاپەمەنی و کۆبوونەوەکان، هەروەها دادوەری کە هێزمان پەرش و بڵاوبکاتەوە..."

لەخاڵەکانی بەرنامەی ڕێکخراوەکەدا هاتبوو:

١. ئێمە موسلمانین، بەڵام نابێ تەنها خەریکی نوێژو ڕۆژو گرتن بین، ئێمە بەشداریمان لەژیانی سیاسی و چالاکیە ئابوریەکان کردووە، چونکە بەئەرکێکی نیشتمانی و ئاینی دەزانین، ئاین لای ئێمە لەسیاسیەت جیاناکرێتەوە، ئازادیش بەشێکی جیانەبووە لەئاین.

٢. ئێمە ئێرانین بەڵام داوای ئەوەناکەین کەهەموو دەسکەوتەکان بۆ ئێمە بێت، لەبەر ئەوەی ئێمە شوفێنی ورەگەز پەرست نین.

٣. ئێمە پەیڕەوی ڕێبازی (موسەدەقین) دەکەین، مەسەدەقیش بەسەرکەوتن بۆ ئێران و ڕۆژهەڵات دەزانین، ئێمە ڕێبازو پەیامەکەی پەیڕەودەکەین.

٤. ئێمە داوادەکەین ڕێز لەدەستور بگیرێت بەتەواوی، لەو جۆرە کەسانە نین کە باوەڕ بەبەشێکی بکەین و دژی بەشێکی بین.

٥. داوا دەکەین لەبواری سیاسەتی دەرەکی نەچینەپاڵ هیچ هێزێک، ئەگەر ڕۆژهەڵات بێت یان ڕۆژئاوا، پاڵپشتی و یارمەتی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی دەدەین لەجیهاندا.

**ئامانجەکانی بزووتنەوەکە:**

١- لەبواری سیاسەتی ناوخۆ: زیندوکردنەوەی مافە بنچینەییەکانی گەلی ئێران لەڕێگەی دامەزراندنی حکومەتی گەل و یاسا، بڵاوکردنەوەی بنەماو بەها کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان بەپێی بنچینەکانی ئاینی ئیسلام.

٢- لەبواری سیاسەتی دەرەوە: کارکردن بۆ ئەوەی ئێران ڕێبازێکی سیاسی بێلایەنی پەیڕەوبکات، هاوکاری ئەو دەوڵەتانە بکات کە پەیوەندی مێژوویی و جوگرافی و کۆمەڵایەتی وئاینی هاوبەشیان هەیە لەگەڵ ئێران.

## چالاکیە سیاسیەکانی بزووتنەوەکە:

١) لەئەمریکاو ئەوروپان ئەندامانی بزووتنەوەکە (عەلی شەریعەتی، ئیبراهیم یەزدی، مستەفا شەمیران، عەباس ئەمیر ئینتیزام، پەرویز ئەمینی، ئەوانە کاری بزووتنەوەکەیان هەڵدەسوڕاند).

٢) ساڵی (١٩٦٣) دەستەیەك لەسەرکردەکانی بزووتنەوە دەسگیرکران و ڕەوانەی دادگاکراون، بەماوەی جیاوازیش زیندانی کراون.

٣) دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩)و کەحکومەتی نوێی ئێران دامەزرا، بەشێکی زۆری سەرکردەکانی بزووتنەوەکە بەشداریان لەو حکومەتە کردووە، لەوانە: مەهدی بازرگان، کەریم سنجابی، ئیبراهیم یەزدی، عەلی ئەکبەر.

٤) بزووتنەوە تاسەرەتای هەشتاکان بەئاشکرا چالاکیەکانیان بەردەوام بووە.

٥) بزووتنەوەی ئازادی ئێران بەشداری لەپێکهێنانی بەرەی نیشتمانی کردووە.

٦) لەسەرەتای نەتەوەکانی سەدەی ڕابردوو، دووبارە سەرکردەکانی بزووتنەوە هەوڵیانداوە بەشداری هەڵبژاردنەکان بکەن، بەڵام بەهۆی نالەباری بارودۆخەکەلێی کشاونەتەوە.

دوای کۆچی دوایی مەهدی بازرگان لە (١٩٩٥)، ئیبراهیم یەزدی بووە بە سکرتێری گشتی بزووتنەوەکە.

## • سازمانی موجاهیدینی خەلقی ئێران: (٧١)

ڕێکخراوێکی سیاسی سەربازییە، ڕێکخراوێکی گەورەی ئۆپۆزیسیون بوو، ساڵی (١٩٦٥) لە زیندانەکانی ئێران لەلایەن (محەمەد حەنیف نەژاد، سەعید موحسین، ئەسغەر بەدیع زادکان – هەندێ سەرچاوەناوی عەبدوڵلا نیکیتین دێنێت لەجیاتی ئەسغەر) بیرۆکەی دامەزراندنی سەری هەڵداوە، ئەوانە پێشتر ئەندامی بزووتنەوەی ئازادی ئێران بوون.

بەبیروباوەڕی شارەزایان لەکاروباری ئێرانی ئەم ڕێکخراوە گوزارشت لەچەپی ئیسلام دەکات، ڕابەری ڕۆحی ڕێکخراوەکەش (ئایەتوڵلا مەحمود تالقانی بووە) دوای دوو ساڵی لەگفتوگۆ، ساڵی (١٩٦٨) کۆمیتەی ناوەندی ڕێکخراوەکە لە (١٢)کەس پێکدێت، ناوەکانیش : محەمەد حەنیف نەژاد، سەعید موحسین، بەدیع زادگان، مەحمود عەسکەر زادە، عەبدولڕەسول مشکین، عەلی میهن دۆست، ئەحمەد ڕەزایی، ناسر سادق، عەلی باکری، محەمەد بازرگان، بەهمەن بازرگان، مەسعود ڕەجەوی.

### لەیەکەم کۆبوونەوەی کۆمیتەی ناوەندی چەند بڕیارێك وەرگیرا :

١. دامەزراندنی لیژنەی ئایدیۆلۆجی، ئەرکی سەرشانی ئامادەکردن و تۆمارکردنی دەقە ئایدیۆلۆجی و ئەو ڕێنماییانەی پەیوەستە بەئامادەکردنی کادیر.

٢. لیژنەی سیاسی (هەموو سەرچاوەکان ئاماژەی بۆ ناکەن)

٣. پێکهێنانی لیژنەی گوند، بەمەبەستی شارەزا بوونی سەربارو دۆخی خەڵکی گوندو ئەنجامەکانی پرۆژەی چاکسازی کشتوکاڵی.

٤. ئامادەکردنی پرۆژەی فێربوون و جێبەجێ کردنی لەماوەیەکی نزیك.

٥. پێکهێنانی هەیکەلی ڕێکخراوەیی ڕێکخراوەکە و بەهێز کردنی دیسپلین.

سازمانی موجاهیدین لەکۆتایی شەستەکانی سەدەی بیستەم گەشە دەکات و چالاکیەکانی پەرەدەسێنێت، لەشەقامی سیاسی ئێراندا دەنگدانەوەیەکی قورسی دەبێت، ئەم ڕێکخراوە لەسەرەتای حەفتاکاندا بەرەو جەماوەری بوون دەچێت، لاوانی موجاهید وەك باڵێکی سازمانەکە داواڵە گەنجانی کوڕو کچ دەکەن پەیوەندی بەڕێکخراوەکە بکەن بۆ ڕاهێنان لەسەر کاری سەربازی و زیاتر تێگەیشتنی سیاسی.

سازمانی موجاهید دووباڵی هەبوو، باڵی سیاسی ڕێکخراوەکە بەناوی — بزووتنەوەی موجاهیدینی گەلی ئێران، باڵی سەربازی کەزیاتر دەنگدانەوەی هەبوو.

دەزگا ئەمینەکانی ئێران لەوسەردەمە (بەتایبەتی ساواك) مەترسی پەیداکردووە لە پەرەسەندنی ئەم ڕێکخراوە، بۆیە هەموو هەوڵێکی خستەگڕ بۆ ڕێگرتن لەوپەرەسەندنە، لەسەرەتای حەفتاکاندا، ساواك دەستێکی کوشندەی لەڕێکخراوی موجاهیدین وەشاند، ئەویش بەدەسگیرکردنی زیاتر لە (٩٠٪) ئەندامانی، لەوانە نزیکەی (١٠) کەس لەسەرکردەکانی کەبڕیاری کوشتنیان لەسەر جێبەجێ کرا، ئەوانی لەزیندان مابوونەوە ساڵی (١٩٧٨) ئازادکران، لەوانە (مەسعود رەجەوی موسا خیابان) کە بۆ ڕێکخستنەوەی ڕێکخراوەکە کەوتنەکار، لەم هەل و مەرجەدا مەسعود رەجەوی دەبێتە کەسی یەکەمی ڕێکخراوەکە.

## ئایدیۆلۆجیای ڕێکخراوەکە:

بنەماهزرییەکانی ئەم ڕێکخراوە، هەوڵێك بوو بۆ پەرەپێدانی ئایدیۆلۆجیایەکی شیعی شۆڕشگێرانە، ئەو هەوڵەش حالەتێکی توندرەوی شۆڕشگێرانەی لەخۆگرتبوو، بزووتنەوەکە هەروەك مەسعود رەوجەوی لەبڵاوکراوەیەك روونی کردۆتەوە، باوەڕی هەیە بە: "خودای تاك و تەنیا، یەکسانی، باوەڕهێنان بەپێغەمبەرایەتی، بەپێشەوایی ئیمام عەلی و دوای ئەویش بەڕێبازی (١٢) ئیمامەکەی شیعەکان، باوەڕهێنان بەژیانەوەی دوای مردن.

ڕێکخراوەکە لەسەرەتای دامەزراندنی، ئایدیۆلۆجیای ئیسلام پێناسەی بوو، بەڵام دەقە مارکسیەکانیش رەچاو دەکران لەپێناو سوود وەرگرتن لێیان لەبوارە کۆمەڵایەتیەکان، دوو لەکادیرە چالاکەکانی (روحانی و حەقی شوناس) باس لەئاراستە بوونی ڕێکخراوەکە دەکەن بەرەو مارکسییەت و دەڵێن:

"ئامانجی سەرەکیمان تێکەڵکردنی بەهائیسلامیە بالاکان بوو لەگەڵ هزری مارکسی زانستی، ئێمەباوەرمان بەئیسلامی ڕاستی هەیە لەگەڵ تیۆرییەکانی پەرەسەندنی کۆمەڵایەتی"

ڕۆژنامەی (موجاهید) زمان حاڵی ڕێکخراوەکە، نووسیویەتی: ئێمە دەڵێین نا بۆ فەلسەفەی مارکسییەتی بێ باوەڕ، بەڵام دەڵێین بەڵێ بۆ هزری کۆمەڵایەتی مارکسی، بەتایبەتیش شیکردنەوەی مارکسیەت بۆ بابەتەکانی دەرەبەگایەتی و سەرمایەداری و ئیمپریالیزم.

لەساڵانی (١٩٧٣ و ١٩٧٤) ڕێکخراوی موجاهیدین وردە وردە رووی لەمارکسیەت کرد، ساڵی (١٩٧٥) ڕێکخراوەکە بەناوەی کۆمیتەی ناوەندی بڵاوکراوەیەکی دەرکرد، لەناوەرۆکیدا ئەوە ڕوونکرابۆوە، کەگۆڕان لەئایدیۆلۆجیاکەی ڕوویداوە بەرەو مارکسیەت، هەر لەو سەردەمەجیابوونەوە لەناو ڕیزەکانی درووست دەبێت و چالاکیەکانی دوو ئاراستەی هزری وەردەگرێت، ئیسلامی و مارکسی.

ساڵی (١٩٧٨) ئاراستەی مارکسی ناوی خۆی گۆڕیوەو بوو بە (سازمان بیکار در ازادی گبقە کارگر)، ئەم ئاراستەیە خۆی لەگەڵ گروپە مارکسیە لینینیەکان تێکەڵکرد، بەڵام ئاراستە ئیسلامیەکە هەر لەسەر ناوی خۆی و ڕێبازی خۆی مایەوە.

ئەو ئەندامانەی ڕێکخراوەکەش کە لەزیندان بوون، روویان لەمارکسیەت کرد، ئەوانە ڕێکخراوێکیان دامەزراند بەناوی (سازمان كارگران أنقلابی ایران) دوای دەرچوونیشیان

لەزیندانی ساڵی (١٩٧٩)، ئەوانە ناوی (راه کارگر)، واتە ڕێبازی کرێکارانیان هەڵبژاردو ڕۆژنامەکیانیش دەرکرد.

### ستراتیجیەتی ڕێکخراوەکە:

ستراتیجیەتی ڕێکخراوەکە، پشتی بەشێوازی شۆڕشگێری بەستبوو، دەکرێ لەچەند خاڵێك کورت بکرێتەوە:

١. ئێران ژێر دەستەی ڕۆژئاوایە، بەتایبەتیش ئەمریکا، ئابورییەکەشی لەژێر چنگی بورژوازییەتە.

٢. هەرچەندە پرۆژەی چاکسازی کشتوکاڵی شێوازی ڕاستەقینەی خۆی بەدەست نەهێناوە، بەڵام بەشێوە تەکتیکیەکەی لەئاستی دەرکەوتنی وزەی شۆڕشگێری شاراوە نیە لەگوندەکان.

٣. سیستمی ئێرانی سیستمێکی پۆلیسیە.

٤. هۆشیاری لای جەماوەری ئێرانی بەهۆی جیاوازی چینایەتی و دەرهاویشتەکانی تێکۆشان، گەیشتۆتە ئاستێك، پێویست بەوە ناکات کادیر زۆر پێوەی ماندوو بێت.

٥. پێویستە سەقامگیری سیاسی سیستم تێکبدرێت.

٦. ڕێکخراوەکە گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی بەتایبەتی ڕێبازە شیعیەکەی، پێگەیەکی تایبەتی لای جەماوەر هەیە.

٧. بەهۆی دەسەڵاتی ڕژێم بەسەرگوندەکان، پێویستە تێکدانی سەقامگیری سیاسی ڕژێم لەشارەکانەوە دەست پێ بکات، لەقۆناغی دووەمیشدا، ململانێکە بگوازرێتەوە بۆ گوندەکان.

٨. دامەزراندنی هێزی ڕزگاری میللی لەگوند، بەردەوام بوونیشی لەجەنگی پارتیزانی تاسەرکەوتنی کۆتایی.

**بیروبۆ چوونی ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق دەربارەی پرسی نەتەوەیی:**

مەسعود ڕەجەوی لەچاوپێکەوتنێکی ڕۆژنامەوانی، دەڵێ: "ئێمەدان بەمافەکانی هەموو لایەك دەنێین، ئەگەر تاك بن یان کەمایەتی یاخود توێژێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئێمە پابەندین بەیەکێتی خاکی وڵات و هاوسەنگی ستراتیجی و سیاسی، لەم چوارچێوەیەدا دەکرێ چارەسەری کێشەکانمان بکەین لەگەڵ کوردو عەرەب و بلوج، لەنێوان سوننە و شیعە، ئەگەر یەکێك داوای مافەکانی بکات لەم چوار چێوەیە ئەوە دەستی دەکەوێت، ئەگەر ویستی کێشە دروست بکات پێی دەڵێین، نا.."

**هەل و مەرجی ڕێکخراوەکە دوای شوباتی (١٩٧٩):**

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی، ڕێکخراوی موجاهیدین بەسەرکردایەتی مەسعود ڕەجەوی، هەڵمەتێکی چەك کۆکردنەوەی دەست پێکرد لەناو سەربازگەکانی ڕژێم، بارودۆخەکەش لەبار بوو بۆ ئەوەی ڕێکخراوەکە ئەندامانی خۆی پر چەك بکات و مەشق و ڕاهێنانی سەربازیان پێ بکەن و دەست بگرن بەسەر چەندین باڵەخانە و قوتابخانەو کردنیان بەبارەگا.

لەیەکەم هەڵبژاردن بۆ سەرۆکایەتی کۆماری ئێران، مەسعود ڕەجەوی خۆی کاندید کرد، بەڵام سەرکەوتنی بەدەست نەهێنا.

ساڵی (١٩٨١) ناکۆکی کەوتە نێوان حکومەت و ڕێکخراوەکە، بەهۆیەوە ململانێ و پێکدادانی چەکداری هەڵگیرسا لەنێوانیاندا و ژمارەیەکی گەورەی بەرپرسی ئێرانی کوژراون، لەبەرامبەردا حکومەت بەهەڵمەتێکی گرتن و زیندانی کردنی ئەندامانی ڕێکخراوەکە هەستاو ژمارەیەکی زۆریشیان کوژران، بەهۆی ئەو بارودۆخەوە، ژمارەیەك لەکادیرولایەنگرانی ڕێکخراوەکە ڕوویان لەدەرەوەی وڵات کرد، مەسعود ڕەجەویش لەهاوینی (١٩٨١) ناچار بوو ئێران بەجێ بهێڵێت و بەرەو دەرەوە بڕوات.

**لەم ماوەیەدا بارودۆخی ڕێکخراوەکە بەدووقۆناغدا تێپەڕی:**

١. قۆناغی یەکەم/ دەست پێدەکات لە (١٩٨١ – ١٩٨٥)، لەو ماوەیەدا ڕێکخراوەکە لەچوارچێوەی بەرەیەکی فراوان کاری کردووە (ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ بەرهەڵستی).

٢. قۆناغی دووەم/ لەساڵی (١٩٨٥) بەدواوە دەست پێدەکات، کاتێ مەسعود رەجەوی هاوسەرگیری بەست لەگەڵ خاتو مریەم، پاشانیش سەرکردایەتی ڕێکخراوەکەی دایەدەستی، ئەم هەنگاوە جێگای ڕەخنەی زۆر بوو لەلایەن هەوادارانی ڕێکخراوەکەو چاودێرانی سیاسییەوە.

- **ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ بەرهەڵستی:**

**شورای میللی مقاومەت (٧٢)**

شورای میللی مقاومەت، شێوە بەرەیەکی پەرلەمان ئاساییە، دژی کۆماری ئیسلامی ئێرانی پێکهات، تێدەکۆشی بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی کۆماری دیموکراتی ئیسلامی.

مەسعود رەجەوی، سەرۆکی ئەم شورایە بوو، هەروەها لەبەڵگەنامەی شورای میللی مقاوەمەتدا هاتبوو:

شورا ئیتیلافێکی فراوانە، لەڕێکخراوو کەسایەتیە پێشکەوتوو شۆڕشگێرو نیشتمانیەکان پێکدێت، لە (٣٠/حوزەیرانی/١٩٨٢) لەلایەن مەسعود رەجەوی لەشاری تاران دامەزراوە.

لەئامانجەکانی شورا: شورای میللی مقاومەت بۆ سەرنگون کردنی ڕژێمی ئێران و دامەزراندنی دەوڵەتی موەقەت پێکهاتووە.

ژمارەی ئەندامانی شورا (٥٧٢) کەس بوو، نیوەی ئەندامانی شورا لەژنان پێکدێت، شورا، ژمارەیەك حزب و ڕێکخراوی سیاسی دەگرێتە خۆی، لەوانە: ڕێکخراوی

موجاهیدینی خەڵك، حزبی دیموكراتی كوردستانی ئێران، جەبهە دیموكراتی میللی ئێران، شورای یەكگرتووی چەپ، رێكخراوی مامۆستایانی زانكۆكانی ئێران، ئەنجومەنی تەوحیدی سوننەكان، رێكخراوی یەكێتی بۆ ئازادی كار، رێكخراوی ئیقامە، حزبی كاری ئێرانی، بزووتنەوەی زەحمەتكێشانی گەیلان و مازەندەران، یەكێتی كۆمونیستەكانی ئێران، رێكخراوی چریكەكانی گەل، كۆمەڵی بەرگری لەدیموكراسی و سەربەخۆیی (داد) هەروەها ژمارەیەكی گەورەی كەسایەتی تێدا ئەندام بوون، لەمانە: كازم باقرزادە، مەنوچەهر هەزار خانی، ناسرپاك دامەن، ئەسغەری ئەدیبی، سەروان حەمید زیرەكباش.

دیارە ئەو گروپ و كەسایەتیانە، بیروباوەڕو پیشەی جیاوازوجۆراو جۆریان هەیە، ئەندامانی شورا، پارێزەر، یاساناس، هونەرمەند، نووسەر، پزیشك، بازرگان و خەڵكی بازار، زاناو مامۆستا، سەرباز، وەرزشكار، سیاسەتمەدار، خەڵكی پسپۆڕو فەرماندەكانی سوپای رزگاری نیشتمانی، هەموو ئەوانە لەچوارچێوەی شورای میللی مقاومەت كۆببوونەوە.

هەروەها شورای میللی مقاومەت، خۆی بەنوێنەری هەموو مەزهەب و نەتەوەكانی كۆمەڵگەی ئێرانی دەزانێت.

**لەمادەی (۲) پەیرەوی شورا سەبارەت بەئامانجەكانی، هاتووە:**

ئەم شورایە تا پێكەوەنان و ئامادە بوونی مەجلیسی دامەزرێنەرو دانانی دەستوری نەتەوەیی، بەشێوەیەكی كاتی ئەركی یاسادانان و ئیدارەی ولات دەگرێتە ئەستۆ.

شورای میللی مقاومەت لە (۲۵) كۆمسیون پێكدێ، كاروباری پسپۆر لەبواری جیاجیادا بەڕێوەدەبەن، بەپێی بەڵگەنامەكەی شورا، ئەم كۆمسیۆنانە بناغەی دەوڵەتی كاتی لەسەردەمی راپەڕیندا دادەنێن.

٤) باوەڕهێنان بەوبیروباوەڕانەی بانگەشە بۆ ڕزگارکردنی ئێران دەکات لەئاژاوە.

ئەوەی جێگای سەرنجە ئەم ڕێکخراوە مۆرکێکی سەربازی هەڵگرتووە، هەروەك ناوەکەی ئاماژەی بۆ دەکات، بۆیە خاڵی چوارەم لەبنەماکانی، بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بۆ شتێکی دەست نیشان کراوناکات.

## • ڕێکخراوی یەکێتی لە پێناو ئازادی:

## اتحاد برای ازادی (٧٥)

سەرەتای دامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە سیاسیە وەك گردبوونەوەیەك بوو لەژێر ناوی – کۆمەڵەی یەکێتی لەپێناو ئازادی – (گروە اتحاد برای ازادی)، کە لەناو ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێران دەرکەوت، لەو سەروبەندەی حزبی ڕستاخیز ڕووی لەهەڵوەشاندنەوە کرد.

کۆمەڵە بەسەر کردایەتی – د. ئەحمەد بەنی ئەحمەد – (نوێنەری شاری تەورێز لەئەنجوومەنی نوێنەران) دامەزرا، ناوبراو ناسراوە بەهەڵوێستە نیشتمان پەروەرەکانی هەروەها بەرهەڵستی بۆ حکومەتەکەی (شەریف ئیمامی و حکومەتە سەربازیەکەی) ئەزهاری..

د. ئەحمەد بڕیاریدا لە(١١/ئازادی/١٩٧٩) کۆمەڵە بکات بەحزب، بۆ ئەم مەبەستە لەناوەڕاستی نیسانی (١٩٧٩)، ئەنجوومەنی دامەزرێنەری حزب یەکەم کۆبوونەوەی بەست و د. ئەحمەد وەك سکرتێری گشتی دیاریکرا، هەروەها ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندیش دیاریکران، کەلەم ناوانەی خوارەوە پێکهاتبوو.

ڕەحیم سەفاری ، د. تەوەکل ، خاڵانیان ، ئەبولحەسەن فرشار ، د. شەهرازی ، د. حوسێن زەکاء .

حزب حەفتە نامەیەکی دەردەکرد لەژێرناوی (عصر نوین) واتە سەردەمی نوێ، یەکەم ژمارەی لە (١٩/ئازاری/١٩٧٩) دەرچووە، دیارە دەرچوونی ئەم بڵاوکراوەیە پێش ئەوە بوو کە کۆمەڵە خۆیان وەك حزب رابگەیەنن.

**لەسەروتاری هەفتەنامەکەدا هاتبوو:**

دەنگی گەل، لەسەرەتا دەنگی شەهیدی سەربەرزی گەل بوو، ئەو گەلەی رژێمێکی روخاند کەتەمەنی بۆ (٢٥٠٠) ساڵ دەگەڕێتەوە، لەکۆتاییدا وتارەکە ئامانجەکانی رێکخراوەکە لەچەندخاڵێك کورت دەکاتەوە:

١. دروستکردنی سوپایەکی میللی بۆ روو بەروو بوونەوەی بەکرێگیراوان و بەرگری کردن لەنەتەوە.

٢. خۆماڵی کردنی پیشەسازییە گەورەکان و بانك و خزمەتگوزارییە پزیشکیەکان و هاوردەکردنی دەرمان.

- **حزبی کۆماری یەکێتی گەلانی ئێران:**

**جمهوری فدراتیو خلقهای ایران (٧٦)**

حزب لە رێککەوتی (١٩/ئازاری/١٩٧٩) دامەزراوە، سیاسەتە گشتیەکەی کورت دەکرێتەوە لەبەرگریکردن لەماف و بەرژەوەندییەکانی حکومەتە ناوخۆییە نیشتمانیەکان (ئەو حوکمە ئۆتۆنۆمیەی کەدەدرێتە گەلانی ئێران لەچوارچێوەی سەربەخۆیی و یەکگرتنی وڵات)

دەکرێ ئامانج و بنەماکانی حزب لەبواری سیاسەتی ناوخۆو دەرەوەو باری ئابووری لەم چەند خاڵە کورت بکەینەوە:

أ) **سیاسەتی ناوخۆ:**

١- دامەزراندنی کۆمارێکی فیدرالی لەسەر بنچینەی دروست بوونی چەند حکومەتێکی ئۆتۆنۆمی نیشتمانی لەناوچە جیاوازەکانی ئێران.

٢- ڕێزگرتن لەئازدییەکانی: نووسین، دەربڕین ، کۆبوونەوە، بیروباوەڕ، ڕێبازی سیاسی، ڕۆژنامەگەری، دامەزراندنی حزبەکان.

٣- بەرگریکردن لەمافەکانی هەموو نەتەوەکانی ئێران و ئازدییە دیموکراسییەکان.

٤- بەرگریکردن لەیەکسانی و مافەکانی نێوان ژن و پیاو.

**ب ) لەبواری سیاسەتی ئابوری:**

١- پەیرەو کردنی سیاسەتی دەرگا داخراوەکان.

٢- دیاریکردنی خاوەندارێتی مولك، خۆمالیکردنی زەوییەکان، بانکەکان، سەرمایە گەورەکان.

ج) لەبواری سیاسەتی دەرەکی:

پشتگیری کردن لەبنەماکانی بەیاننامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ، بەرگریکردن لەهەموو بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی بۆ ئەو گەلانەی خەبات دەکەن بۆ رزگار بوون لەئیستعمار، خەباتکردن دژی هەرجۆرە جیاوازییەکی رەگەزی.

## • حزبی نەتەوەیی دیموکراسی ئێرانی:

## حزب ناسيونال دمكرات ايران ( ٧٧ )

بەیاننامەی دامەزراندنی حزب لە (١١/ئازاری/١٩٧٩) دەرچووە بەسەرکردایەتی (عەلا ئەدین زێڕین)

لەپێشەکی بەیاننامەکەدا هاتبوو، کەهاندەریان بۆ دامەزراندنی حزب بریتی بوو لە: خۆشەویستی نیشتمان و ویست بۆ ئازادی، هەر لەبەیانەکەدا هاتبوو: بوونی حزبە سیاسیەکان پێویستیەکی دیموکراسیە، هەر سیستمێك پشتی تەنها بەیەك حزب بەست، یان لە حاڵەتی نەبوونی حزب، ئەوا ئەو سیستمە سیستمێکی دیکتاتۆری و زۆردارە.

**بنەماو بیرو باوەڕەکانی حزب:**

١- داکۆکی کردن لەسەر ئەوەی کە بوونی حزبەکان پێویستیەکی دیموکراسین.

٢- دیموکراسییەت بنچینەیە، بەڵام مەرجەکانی بوونیشی: ئازادی رادەربڕین، بیروباوەڕ، هەڵبژاردن، چاپەمەنی، ئازادی حزب و کۆبوونەوە.

٣- باوەڕی تەواو بەناسیۆنالستی ئێرانی، کارکردنیشی بەرێ و شوێنە نیشتمانیە ئێرانیەکان.

٤- رێزگرتنی تەواو بۆ ئاینی ئیسلام و رێبازی رەسمی، شیعەی دوانزە ئیمامی لە ئێران، پیادەکردنی یاساکانی ئیسلام، رەچاوکردنی بارودۆخی رۆژگارو سەردەم.

٥- رێزگرتن لەچالاکی ژنان لەهەموو بوارەکان لەوڵاتدا.

٦- دابەشکردنی سامانی وڵات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە.

٧- بایەخدان بەئابوری، لەپێشەوەش کشتوکاڵ.

٨- رێزگرتنی تەواو لەرێبازو بیروباوەڕی کەمایەتیەکان.

٩- باوەڕی بەهێز بەبوونی سوپایەکی بەهێزی میللی.

## • کۆمەڵەی ئێرانی سەردەمی سیاسی:

## گروه سیاسی ایران أمروز (٧٨)

یەك لەو حزبانەن کەلە ئێران چالاکیان هەبووە، ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنەکەی، لەو کەسانە پێکهاتوون:

د. سەعید فاتمی سەرۆکی کۆمەڵە

جەواد سادق، محەمەد روحی، عەلی رەزا شەهبازی، عەلی زیرین، عەلی زەندی، مەنوچەهر فەرزانە، عەلی قەلەم سیاە، غولام مەعلی گل ئاو.

د. سەعید فاتمی ، سەرۆکی کۆمەڵە لەکۆبوونەوەی ئەنجوومەنی کۆمەڵە لەرۆژی (١٩٧٩/٦/١٣) رایگەیاند: رێبازی حزبەکەی، رێبازی د. موسەدەق و سەید حوسێن فاتمی (شەهیدی ئازادی) دەبێت.

جێگای ئاماژە بۆ کردنە، د. سەعید فاتمی پێشتر سەرکردایەتی رێکخراوێکی سیاسی دیکەی دەکرد بەناوی (گردبوونەوەی سیاسی بۆ رۆژهەڵاتی هاوچەرخ) پێدەچێت رێکخراوەکە لەگەڵ ئەم کۆمەڵە تێکەڵ بوو بوون.

ئامانجەکانی کۆمەڵە (کەهەمان ئامانجی گردبوونەوەی سیاسی بۆ رۆژهەڵاتی هاوچەرخ) بوو:

١- رێبازی فەلسەفی کۆمەڵە، دیدێکی جیهانی خودا پەرستی هەلگرتووە.

٢- باوەرهێنان بەیەکێتی هێزە نیشتمانیەکان و هەوڵدان بۆ پێشکەوتن و دژایەتی ئیستعمارو کۆنەپەرستی.

٣- حزب باوەری بەوەیە کەبزووتنەوەی سیاسی سەردەم، دەبێ خێراترو چالاکتر کاریکات و پشت بەلاوان ببەستێت، هەوڵی بەدیهێنانی یەکێتی نیشتمانی بدات

بەمەبەستی دەستەبەرکردنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری و کولتوری و سەربازی، کەهەموویان ئامانجی شۆڕشی ئیسلامین.

٤- کۆمەڵە باوەڕی بەوە هەیە کەدەستورێکی بالآی نموونەیی بۆ ولآت بێتەدی، هەروەها ئەو دەستورە لەرێگای ئەنجوومەنێکی دامەزرێنەرەوە دابڕێژرێت، کەنوێنەری هەموو چین و توێژەکانی گەل بگرێتە خۆی، لەکەسانی شارەزاو یاساناس بن.

کۆمەڵە، رۆژنامەی (باختر امروز)ی – رۆژهەلآتی هاوچەرخ –ی دەردەکرد، و نووسەرەکەشی (د. سەعید فاتمی) بوو.

## • کۆمەڵەی بەشارەتی سیاسی:

## گروه سیاسی بشارت (٧٩)

رۆژی (٣٠/حوزەیران/١٩٧٩) ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی گروپی بەشارەتی سیاسی لە شاری تاران لەکۆبوونەوەیەك دامەزراندنی کۆمەڵەی ڕاگەیاند.

کۆمەڵە زیاتر لە(دە) رێکخراوو گروپی سیاسی و ژمارەیەك لەکەسانی سەربەخۆی گرتۆتە خۆی، لەئەندامە دیارەکانی: د. محیدین نەبەوی، د. غولام حوسێن سدیقی، د. محیدین ئەندامی لیژنەی بەڕێوەبردن، دوای دامەزراندنی کۆمەڵە رایگەیاند: بوونی ئەم رێکخراوەو فەلسەفەکەی، بریتیە لەپەیامێك بۆ رۆشنبیران و توێژەکانی دیکە، ئێمە باوەڕمان وایە کە رۆشنبیران ئەرکی گەورەیان لەسەر شانە.

دەربارەی ئامانجەکانی کۆمەڵە، ناوبراو رایگەیاند، ئامانجەکانی کۆمەڵە لەسێ خاڵ کورت دەکەمەوە: کەسێتی نەتەوە، سیستمی بەهامەعنەوی و یاساییەکان، بارودۆخی مرۆڤ.

**دەستوری کۆمەڵە ئاماژەی بۆ ئەم خاڵانەی خوارەوە کردووە:**

١- پشتگیری کردن لەبنەماکانی دیموکراسیەتی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری لەدەستوری کۆماری ئیسلامیدا، هەروەها راگەیاندنی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤ.

٢- ئامادەکردنی هەل و مەرجی لەبار بۆجێگیر بوون وبڵاوبوونەوەی ئازادی.

٣- دژایەتی گەندەڵی و دیاردەی (خوانەپەرستی)لەسیستمی ئیداریدا، هەروەها لەدامەزراوە جیاوازەکانی دەوڵەت.

٤- رەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی نەتەوە لەسیاسەتە دەرەکیەکان.

٥- رێزگرتن لەسەربەخۆیی نەتەوەکانی دیکە، سەرەڕای ئازادی و هەل و مەرجی ئاسایشیان.

٦- رەچاوکردنی بنەمای (سیاسەتی بێلایەن) و چاککردنی پەیوەندییەکانی نێوان نەتەوەکان.

کۆمەڵە هیچ چالاکیەکی بەرچاوی نەبووە دوای دامەزراندنی، هەروەها ناویشی لەلستی ئۆپۆزیسیون یان لایەنگرانی سیستمی کۆماری ئیسلامی دەرنەکەوتووە.

## • بزووتنەوەی بەرهەڵستی نیشتمانی ئێرانی:

## نهضت مقاومت ملی ایران (٨١)

لە (١٣/ئابی/١٩٧٩) دوای ئەوەی شاپور بەختیار ئێرانی بەجێ هێشت، لەشاری پاریس دەرکەوت و دەستی کرد بەچالاکی دژی رژێمی کۆماری ئیسلامی، سەرەتا دەستی کرد بەدەرکردنی چەند بڵاوکراوەیەك و داوای لەهێزە نیشتمانیەکانی ئێران دەکرد کە پشتگیری بکەن لەململانێی دژ بەرژێمی نوێ.

گرینگترین ئەو بڵاوکراوانە، نامیلکەیە کە لەژێر ناوی (بنەما سیاسییەکان و بەرنامەکانی جێ بەجێکردن)، نامیلکەکەش دروشمی (ئێران هەرگیز نامرێ)ی هەلگرتبوو.

لەو لایەنانەی کە پشتگیری خۆیان بۆ شاپور بەختیار دەربڕی، جەنەڕاڵ (بەهرام ئاریانا) سەرکردەی رێکخراوی (ئازادیخوازان)ی ئێرانی بوو.

بەرنامەکەی شاپور بەختیار، بریتی بوو لە:

١- پێشەکیەکی سیاسی.

٢- بنەماکانی رێبازی سیاسی و فەلسەفەی بزووتنەوەکە.

٣- ژیانی شاپور بەختیار.

٤- بەرنامەی حکومەتەکاتیەکەی شاپور بەختیار.

**گرینگترین ئەو بابەتانەی لەم نامیلکەیەدا هاتبوون:**

أ) بنەماکانی رێبازی سیاسی و فەلسەفەی بزووتنەوەکە، کە ئەم خاڵانەی تێداهاتبوو:

١- خۆشەویستی نیشتمانی: مەبەستیش پارێزگاری کردنە لەئێران بەخاك و گەلەوە بێ جیاوازی بەهۆی رەگەز یان نەتەوە.

٢- ئازادی: ئازادی لەبوارەکانی سیاسی، ئابوری، کۆمەڵایەتی، کولتوری، ئاینی، ئازادی کۆبوونەوەکان، ڕێزگرتن لەدەسەڵاتی یاسادانان، دەسەڵاتی دادوەری و جێبەجێ کردن، بەدیهێنانی بنەمای دەسەڵاتی گەل بۆ گەل.

٣- سۆسیالیزم: پەیرەوکردنی سۆسیالیزم، کارێکی پێویستە لەبەر ئەوەی یەک لەبنەماکانی دادپەروەری کۆمەڵایەتیە، بۆ ئەوەی داهاتی نەتەوەیی دادپەروەرانە دابەش بکرێت.

٤- بنەما سیاسییەکان و بەرنامەی جێبەجێ کردن، ئەم لایەنانە دەگرێتەوە:

أ- حوکمڕانی، مافێکە لەمافەکانی گەل، ئەندامانی نەتەوەیی ئێران یەکسانن، بێ جیاوازی لەڕووی ئاین، ڕێباز، نەتەوە.

ب- جیاکردنەوەی نێوان دەسەڵاتەکانی - یاسادانان، دادوەری، جێ بەجێ کردن.

ج- دەسەڵاتی یاسادانان لەدوو دامەزراوە پێکدێت:

١- ئەنجوومەنی شورای نیشتمانی.

٢- ئەنجوومەنی شورای هەرێمەکان.

د- لەدارشتن و ڕێکخستنی سیاسەتی ئابوری و کۆمەڵایەتی دەبێ ڕەچاوی ئەم بنەمایانەی خوارەوە بکرێت.

١. سەرچاوە سروشتیەکان، دەریا، لەوەڕگا، دارستان، کە هەموو مولکی گەلن.

٢. کرێ و مووچە لەسەر بنەمای یەکسانی لەکاردا بڕیاری لەسەردەدرێت، پێویستە لەکەمترین باردا پێداویستیەکانی گوزەرانی مرۆڤ دابین بکات.

٣. ڕێزگرتن لەخاوەندارێتی تایبەت.

٤. دەوڵەت دەبێ یارمەتی کشتیارو جوتیاران بدات بەمەبەستی زۆرکردنی بەرهەم.

٥. پیشەسازییە گەورەکان و پیشەسازی نەوت، موڵکی دەوڵەت و گەلن.

٦. هەموو بانکەکان و کاروباری دارای لەژێر چاودێری دەوڵەت دەبن.

٧. بازرگانی ناوخۆ ئازاد دەبێت، دەوڵەت بەرپرسە لەرێگرتن لەدەیاردەی هەڵاوسانی ئابوری.

٨. بازرگانی دەرەوە بەئاگاداری دەوڵەت دەبێت.

ب) بەرنامەی حکومەتە کاتیەکەی شاپور بەختیار.

لەژێر ئەم ناونیشانە ئاماژە بۆ ئەم خاڵانە کرابوو:

١- دامەزراندنی ئەنجوومەنێکی دامەزرێنەر لەسەر بنەمای دەستوری ساڵی (١٩٠٦).

٢- دیاریکردنی چارەنووسی رژێمی ئێستای ئێران، هەروەها بەرێوەبردنی وڵات .

٣- چەسپاندنی یاساو سیستم و ئاسایش لەوڵات، پارێزگاری کردنی سەربەخۆیی سیاسی و ئابوری وڵات.

٤- کۆتایی هێنان بەو دامەزراوانەی کەلەسەردەمی رژێمی ئیمام خومەینی دروستکراون. (ئەنجوومەنی شۆرش، دادگا ئیسلامیەکان، ئەنجوومەنی شورای ئیسلامی، سەرۆکایەتی کۆمار، ئەنجوومەنی شارەزایان و یاسای ویلایەتی فەقیە..هتد).

٥- هەلگرتنی جەوساندنەوەو دووبارە رێزلێگرتنی ئەو کەسانەو قەرەبووی زیانەکان و ئازادکردنی زیندانیە سیاسییەکان.

٦- ئازادی رۆژنامەگەری.

٧- کردنەوەی زانکۆو کۆلیژەکان، هەروەها ئەو دامەزراوە حکومیانەی کە سیستمی ئیسلامی دایانی خستوون.

٨- لێکۆڵینەوە لەتاوانەکانی رژێمی خومەینی و ئەو لادانە رەوشتی و مادییانە.

٩- گەڕانەوەی زاناو و هەڵاتووەکان بۆ وڵات (ئەندازیاران، پزیشکان، پیشەسازییەکان..)

١٠- بەدیهێنانی یەکسانی لەنێوان پیاوو ژن.

بزووتنەوەکە نامیلکەیەکی دەرکرد لەژێر ناوی (ئەنجوومەنی دامەزرێنەری بزووتنەوەی بەرهەڵستی نیشتمانی ئێرانی) باس لەبنەما هزرییەکان و بەرنامەی سیاسی بزووتنەوەکە دەکات.

سەرەتا نامیلکەکە باس لەحزب و کەسایەتیە سیاسییەکان دەکات ئەوانی لەسەر گۆڕەپانی سیاسی ئێرانی چالاکیان هەیە، هەڵەو کەموکورتی و پەیوەندییەکانیان رووندەکاتەوە، پاشان ئەو بنەمایانە رووندەکاتەوە کەبزووتنەوەکەی لەسەر بوونیاد نراوەو بریتین لە: سەربەخۆیی و ئازادی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی.

**بەرنامەکاتیەکەی بزووتنەوە ئەم ئامانجانەشی گرتبووە خۆی:**

١- روخاندنی رژێمی خومەینی.

٢- خولقاندنی ئەمن و سەقامگیری بۆ وڵات

٣- چاکسازی ئابوری.

٤- پێکهێنانی ئەنجوومەنێکی دامەزراوەیی وجێبەجێکردنی هەڵبژاردنێکی ئازاد.

## • حزبی دیموكراتی نیشتمانی:

## حزب دمكرات ملی (٨٢)

حـزب لەراگەیاندنێكیـدا لەرۆژنامـەی (كیهـان) ژمـارە (١٠٦٥٠) تـاران لـەرۆژی (٢٨/شوباتی/١٩٧٩) دامەزراندنی خۆی ڕاگەیاند، لەو بەیاننامەیەداهاتبوو.

ئـەم حزبـە سیاسـیە لەسـەر بنەمایـەك دامـەزراوە كـە نووسـینگەی خومـەینی ئایدیۆلۆجیایەكەی دارشتووە، لەگەڵ باوەڕهێنان بەبنەماكانی دیموكراسییەت و ئازادی تاكەكان، هەروەها بەرگریكردن لەتەواوی خاكی نیشتمانی وخەبات دژی هەموو جۆرە زوڵم و چەوساندنەوەیەك.

## • حزبی كۆماریخوازان:

## حزب جمهوریخواز(٨٣)

ئـەم حزبـە لەسەردەستی عەبدولحوسـێن بـەقائی كرمـانی دامـەزراوە، رۆژنامـەی (كیهـان) لـەژمارەی (١٠٦٥٨) لەرێكـەوتی (٢٠/ئەسـفەند/١٣٥٧) بەرامبـەر بـە (شـوباتی/١٩٧٩)، كـۆنگرەی رۆژنامـەوانی نـاوبراوی بڵاوكردۆتـەوەو وتوویـەتی: مەترسییەكی گەورە هەڕەشە لەوڵات دەكات، دەكرێ ئێران بەرەو لایـەنێك بـڕوات كـە پێویست نەبوو، ڕوو لەو ئاراستەیە بكات.

**هەروەها ناوبراو درێژەی بەوتەكانی داوەو وتوویەتی:**

"ئەگەر هەر وەك خومەینی ڕایگەیاند كە سەربەخۆیی و ئازادی و دادپـەروەری بـۆ خەڵك دابین دەكات، ئەوا ئێمەش پشتگیری دەكەین".

ناوبراو ناوی حزبەكەش بەحزبی كۆماریخوازان راگەیاند، ئەوەش ئەوە نیە كە ئەوان دژی ئاین بن، هەروەك خۆی دەری بڕیوە.

حزب رۆژنامەیەکی دەرکردووە بەناوی (جمهوریخواە)

## • کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ شۆڕشی ئێرانی:

## جمعیت ملی انقلاب ایرانی(٨٤)

کۆمەڵە دامەزراندنی خۆی لە سەرەتای (ئازاری/١٩٧٩) راگەیاندوە، دەکرێ بنەماکانی لەم خاڵانەی خوارەوە کورت بکەینەوە:

١- دابینکردنی ئازادییەکانی تاك و کۆمەڵ، بەپێی رێنماییەکانی ئیسلام و راگەیاندنی مافەکانی مرۆڤ و پارێزگاری کردنیان.

٢- چەسپاندنی سیستمی دیموکراسی پەرلەمانی، دەسەڵاتی گەل بۆ گەل بێت.

٣- ئازادی ژن و یەکسانی لەگەڵ پیاودا لەمافەکانی، سوود وەرگرتن لەهێزو تواناکانی ژن بۆ پەرەسەندن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە.

٤- داکۆکی کردن لەسەر ژیانی سەندیکایی دیموکراسی شۆڕشگێڕی.

## • گروپی نیشتمان پەروەران:

## گروه میهن پرستان (٨٥)

ئەم گروپە بڵاوکراوەیەکیان دەرکرد لەمانگی (کانونی دووەمی/١٩٧٩) ئەو بارودۆخەی ئێرانی پێیداتێپەڕ دەبیت بەراست نەزانی و جێگای رەخنەو ناڕەزاییان بوو.

هەروەها داوایان لەخەڵکی ئێران دەکرد کە پشتگیری بکەن لەپێناو پەیڕەوکردنی دەستور، کەبەرهەمی هەوڵ و تێکۆشانی باپیرانە، کاریش بکرێت بۆ رزگارکردنی ئێران

لەو کارەساتەی کەتێی کەوتووە، لەکۆتایی بڵاوکراوەکەیان، ئاماژەیان بۆ ئەم دروشمانە کردووە: بژی ئێرانی نەمر، بژی دەستوری ئێرانی، نەمان بۆ بەکرێگیراوانی بیانی.

دیارە مەبەست لەدەستوریش پارێزگاریکردنی سیستمی پاشایەتی بوو، ئەمەو لە رۆژی (٢٤/کانونی یەکەمی/١٩٧٩)، ئەم گروپە خۆپشاندانێکیان رێکخست کە داوای پەیڕەوکردنی دەستوریان دەکرد.

لەلایەکی دیکەوە، بەرەی نیشتمانی لەبڵاوکراوەیەکی (لەرۆژنامەی دیپلومات ژمارە (٨) تاران لە ١١/بهمن/١٣٥٧ هەتاوی بڵاوکراوەتەوە) ئەم گروپەی تاوانبارکردو بە لایەنگری رژێمی شای ئێرانیان ناسی، هەروەها بەیاننامەکەی بەرە ئاماژەشی بۆ ئەوە کرد کە ئەم گروپە پاشماوە حزبی (رستاخیز)ن.

- **حزبی ئازادیخوازن**
- **حزب ازادگان ( ٨٦ )**

حزبی ئازادیخوازن، لەرۆژی (١١/ئازاری/١٩٧٩) خۆی راگەیاندووە، لەبڵاوکراوەیەکی ئاماژەی بۆ ئەو بنەمایان کردووە کەباوەڕی پێیەتی و بریتین لە :

١- پەسندکردنی سیستمی کۆماری لەسەر بنچینەی دیموکراسی کۆمەڵایەتی.

٢- ئازادی دەربڕین و نووسین.

٣- بوونی سوپایەکی نیشتمانی یەکگرتوو.

٤- سەر بەخۆیی وڵات.

٥- رێزگرتن لە خاوەندارێتی تایبەت و کەمکردنەوەی جیاوازییە چینایەتیەکان.

**ئەندامانی دامەزرێنەری حزب بریتی بوون لە :**

د. سیروس ئیبراهیم زادە، د. عەلی قولی مەحمود بەختیاری، د. حەسەن بەهزادی، د. رەزا ئەسراری، ئەندازیار عەلی ئەکبەر حەلاج پور، د. زیائەدین سەدر زادە، د. جەلال مەقدس

- **رێکخراوی ئازادیخوازان :**

**سازمان ازادگان ( ٨٧ )**

ئەم رێکخراوە دژایەتی خۆی بۆ رژێمی ئیسلامی لەئێران بەرابەرایەتی ئایەتوڵلاخومەینی راگەیاند، سەرکردەی رێکخراوەکە جەنەڕال (بەهرام ئاریان) سوپاسالاری پێشووی ئێران بوو لەسەردەمی محەمەد رەزا شا.

رێکخراوەکە لەهێزێکی سیاسی ئۆپۆزیسیون لەهەندەران خۆی راگەیاند، لەسەرکردەکانی دیکەی رێکخراوەکە : جەنەڕال کوببە، ئەمیرال حەبیبوڵلا.

**لەچالاکیەکانی رێکخراوەکە :**

دەستگرتن بەسەر کەشتیەکی بچووکی ئێرانی لەجۆری (کومباتانت) کاتێ بەناو دەریا لەفەرەنساوە کەوتەڕێ بۆ ئێران لەرۆژی (١٣/ئابی/١٩٨١).

لەو بنەما سیاسیانەی رێکخراوەکە باوەڕی پێی هەبووە:

١- بەرگریکردن لەحوکمڕانی دەستوری (بەپێی دەستوری ساڵی ١٩٠٦) .

٢- ژیانی ئاشتیانە لەئێران.

ئەم رێکخراوە چووە پاڵ بزووتنەوەی ئۆپۆزیسیونی نیشتمانی ئێرانی (کەلەلایەن د. شاپور بەختیار دامەزرا) لەرێکەوتی (٥/ئابی/١٩٨١).

## • حزبی نیشتمان پەروەرانی ئێران:

### میهن دوستان ایران (٨٨)

لەراگەیاندنێك کە لەرۆژنامەی (اگلاعات) ژمارە (١٥٨٣٩)ی تاران، لەمانگی ارد یبهشت/١٣٥٨ی هەتاوی بڵاوکراوەتەوە، پوختەی بنەماکانی ئەم حزبەی ئاشکرا کردووە، کە بریتین لە :

١- لایەنگری کۆماری ئیسلامی لەئێران.

٢- پەیرەوکردنی دیموکراسیەت و ئازادی.

٣- چاودێری کولتورو تەندروستی.

٤- دابینکردنی خانوو کار بۆ هەمووان.

٥- خۆمالیکردنی بانك و پیشەسازییەکان.

٦- دروستکردنی سوپایەکی بەهێزی گەورە.

## • رێکخراوی شۆڕشگێری:

### سازمان انقلابی (٨٩)

هەواڵی دامەزراندنی ئەم رێکخراوە لەرۆژنامەی (أگلاعات) بەژمارە (١٥٨٧٦)ی تاران لە (٢١/خردادی/١٣٥٨)ی هەتاوی بڵاوکراوەتەوە.

ئامانجەکانی رێکخراوەکە هەروەك لەرۆژنامەکەدا هاتووە، لەم چەند خاڵەی خوارەوە کورت دەکرێتەوە:

١- پاڵپشتی کشانەوەی ئێران لەپەیمان - سنتو - (پەیمانی بەغدا)

٢- خۆمالیکردنی بانکەکان.

٣- هەڵوەشاندنەوەی هەموو ئەو پەیمانانەی کەئێران بەئیمپریالیزمی جیهانی دەبەستێتەوە.

٤- هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیمانە نادادوەرانەی کەلەگەڵ یەکێتی سوڤیەت بەستراون.

- **حزبی کرێکارانی نەتەوەیی سوسیالستی ئێرانی:**

**حزب سوسیالست ملی کارگران ایران – سومکا –** (٩٠)

حزب ساڵی (١٩٥٢) لەسەر دەستی (داودمنشی) دامەزراوە لەدەرەوەی ئێران، دامەزرێنەری حزب مامۆستای زانکۆ بووە لەشاری (میونیخ)ی ئەلمانی، لە سەرکردەکانی دیکەی ئەم حزبە (داریوش هایون).

وەك زانراویشە ئەم حزبە بەپاڵپشتی محەمەد رەزاشا دامەزراوەو هاوکاریش کراوە لەرووی داراییەوە.

سەرکردەی حزبەکە لەو کەسانە بوو، کە هەواداری بیروباوەرەکانی هیتلەر بووە، لەهەلس و کەوتەکانیشی لاسایی ئەوی کردۆتەوە.

حزب بەتوندی دژی حکومەتەکەی د. موسەدەق وەستاوە، پاڵپشتی لەجەنەڕاڵ زاهیدی و کودەتاکەی (١٩٥٣) کردووە، هەروەها هانی خەڵکی داوە بۆ پاڵپشتی کردنی کودەتاکەو جەنەڕاڵ زاهیدیش، بۆ ئەم مەبەستەش خۆپیشاندانی رێکخستووە.

حزب لەپڕ لەبەر چاو نەماوە، دەوترێت زۆرێك لەئەندامانی چوونەتە ریزی حزبی (اریا) بەسەرکردایەتی (حەسەن عەرەفە) کەگروپێك بوون هەڵگری بیروباوەڕی نازییەت.

## • حزبە سۆسیالست و مارکسیەکان:

## حزبی کۆمونیستی ئێران (٩١)

دەرکەوتنی بیروباوەڕو بزووتنەوە کۆمۆنیستیەکان لەئێران، لەراستیدا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیستەم و پێش شۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسی ساڵی (١٩١٧)، لەو ساڵانە ژمارەی گەورەی کرێکارانی ئێرانی لەشارەکانی روسیاو بەتایبەتیش لەشاری باکۆ لەدامەزراوە نەوتیەکان و شوێنی دیکەکاریان دەکرد، ئەوانە پەیوەندیان بەکرێکارانی روسی و جووڵانەوە سیاسییەکانی ئەو وڵاتە هەبووەو کاریگەر بوونە پێی، ئەو زانیاری و شارەزاییانەی خۆیانیش گەیاندۆتەوە ناو ئێران.

ساڵی (١٩٠٥) لەشاری باکو، کرێکارە ئێرانیەکان ڕێکخراوێکیان پێکهێناوە بەناوەی (هیمەت)، بەشێکی دیکەیان پەیوەندییان بەڕێکخراێکەوە هەبووە لەژێرناوی (شومونده‌فێری ڕۆژهەڵاتی سوور)، ساڵی (١٩١٦) حزبی (عدالت) یان دامەزراندووە کە هەلگری بیروباوەری سۆسیال دیموکرات بووە، ئەم حزبە دوو ڕۆژنامەی دەرکردووە بەناوی (حرمت)و (رەفیق).

هەر بەهۆی گۆڕانکارییەکان و بەپاڵپشتی کۆمونیستەکانی سوڤیەت هەردوو ڕێکخراوی (هیمت) و (حزبی عدالت) و چەند کەسانی دیکە، لەساڵی (١٩٢٠) لەبەندەری ئەنزل، کۆبوونەتەوەو بڕیاریاندا بەدامەزراندنی حزبی کۆمونیستی ئێرانی لەیەکەم کۆنگرە بەئامادەبوونی (٥١) ئەندام، کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراو حەیدەر خان عەمو ئوغلو، بوو بەیەکەم سکرتێری گشتی ئەو حزبە.

حزب هەر لەسەرەتاوە بەرەو ڕووی ململانێی ناوخۆ بۆتەوە، تارادەی ئەوەی کەدوو کۆمیتەی ناوەندی دروست بێت، بەڵام بەهاوکاری حزبی شیوعی سوڤیەتی لەساڵی (١٩٢٧) دووەم کۆنگرەی حزبی شیوعی ئێرانی سازدەکرێت و هەر دوو کۆمیتەکە یەکدەگرنەوە.

**لەئامانجەکانی حزب:**

أ- نەهێشتنی داگیرکاری ئیمپریالیزم لەسەرخاکی ئێران.

ب- مافی چارەی خۆنووسین بۆ گەلانی ئێران لەچوار چێوەی یەکێتی خاکی ئێران.

ج- دەستگرتن بەسەر هەموو موڵك و دامەزراوە بیانیەکان.

د- دەستگرتن بەسەر زەوی و زاری گەورە موڵکداران و دابەشکردنی بەسەر جوتیاران.

هـ- هاوپەیمانیەتی لەگەڵ یەکێتی سوڤیەت و بزووتنەوەی کرێکارای جیهانی.

**لەچالاکیەکانی حزب:**

أ- بەشداریکردن لەشۆڕشی جەماوەری ناوچەی گەیلان، (١٩٢٠ - ١٩٢١) و پێکهێنانی بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ پشتگیری کردنی ئەو شۆڕشە، حزبەکانی بەشدار بووش لەبەرە: حزبی شیوعی ، حزبی دارستان (بەسەرکردایەتی کوچك خان)، حزبی سوسیالست (گروپی ئیحسانوڵلاخان، رێکخراوی کرێکارانی کشتوکاڵی لادێی (بەسەرکردایەتی خالو قوربانی).

ب- کارکردن بۆ رووخاندنی حکومەتەکەی رەزاشا.

ج- ساڵی (١٩٢٦) حزب داوای لەیەکێتی سوڤیەت کردووە، بەبەکارهێنانی هێز پشتگیری خەباتی گەلانی ئێرانی بکات.

د- لە (١٩٢٧) هەردوو حزبی شیوعی ئێرانی و حزبی شیوعی تورکی، کۆنگرەیەکی هاوبەشیان بەست لەشاری ورمێ.

هـ- ساڵی (١٩٢٨)، حزبی شیوعی بەشداری کردووە لەشەشەم کۆنگرەی حزبە شیوعیەکان (کومنترن).

لەسەردەمی دەسەڵاتی ڕەزاشا، حزبی کۆمۆنیستی ئێران بەرەو ڕووی توونـدترین هەڵمەتی گرتن و تۆقاندن و چەوساندنەوە بۆتەوە، ژمارەیەکی زۆری ئەنـدام و کادیرو سەرکردەکانی زیندانی کراون بۆ ماوەی دوورودرێژ، یان کوژراون، بەتایبەتیش لەنێوان ساڵانی (١٩٢٩ – ١٩٣٧)، دیارە ئەو حالەتەش بووە هۆی لاوازکردنی.

## ململانێی و کێشە ناوخۆییەکانی حزب:

لەناو ڕێکخستنەکانی ئەم حزبە لەسەرەتای دامەزراندنیەوە کێشەو بیرورای جیـاواز دروست بووە لەسەر زۆربابەتی سیاسی و هزری، لەدوای یەکەم کۆنگرەی دامەزرانـدنی ساڵی (١٩٢٠) هەولێکی زۆردرا بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانە، بەڵام لەڕاسـتیدا، ڕەگ وریشەی هەرمابوو.

## دەکرێ ئاماژە بۆ دوو ئاراستەی جیاواز بکەین لەناو سەرکردایەتی حزبەکە:

١– ئاراستەیەك بەسەرکردایەتی (حەیـدەر عـەمو ئوغلـو) کـە زۆرینـەی کـۆنگرەی لەگەڵدا بوو، ئەو ئاراستـەیەك دەیویسـت لەگـەڵ بزووتنـەوەی نیشـتمانی ئێرانـی یـەك بگرێت و پەیوەندی بەشۆڕشی گەیلانەوە بکات و بەرەیەکی نیشتمانی پێك بهێنێت.

٢– ئاراستەی دووەم، ڕێبازێکی چەپی توندی گرتبووە بەر، بەبۆچوونی ئەم ڕێباز، دەبێ حزب کار بۆ شۆڕشی سوسیالستی بکات نەك شۆڕشی دیموکراسی.

ئەم ئاراسـتەیە لەبایـەخی بزووتنـەوەی ڕزگـاریخوازی نیشـتمانی کـەم دەکـردەوە، لە(١١/تشرینی یەکەمی/١٩٢١) کۆمیتەی ناوەندی حزب کۆبوونەوەیەکی فراوانی بەست بۆ لێکۆڵینەوە لەهۆیـەکانی سـەرنەکەوتنی شۆڕشـی گـەیلان، لەکۆبوونەوەکـە ڕەخنـە لەسیاسەتی سـکرتاریەتی حـزب گـیراوەو سوڵتان زادە لەسـکرتێری لادراوەو حەیـدرە عەمو ئۆغلو لەجێگای دانراوە.

## • حزبی تودەی ئێرانی: (٩٢)

دوای هەڵمەتێکی گەورەی گرتن و ئەشکەنجەو زیندانی و کوشتن لەلایەن دەسەڵاتەوە لە سەردەمی رەزاشا بەرامبەر بەئەندام و سەرکردەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی، بەتایبەتی لەساڵی (١٩٣٧)، چالاکیەکانی ئەو حزبە رووی لەوەستان و لاوازبوون کردو ئەوانی بۆیان کرا لەئەندامانی حزبەکە بەرەو هەندەران رۆیشتن.

د. تەقی ئارانی کەماوەیەك بوو لەئەلمانیا دەژیا، ساڵی (١٩٣٣) دەگەڕێتەوە بۆ ئێران، بەهاوکاری لایەنگرانی گۆڤاری (دونیا) دەردەکات، گۆڤارەکە ئاراستەیەکی هزری چەپی هەبوو.

دوای چوار ساڵ واتە لە (١٩٣٧) دەزگا ئەمنیەکانی رژێمەکەی ڕەزاشا، ئەو گروپەیان بۆ ئاشکرا دەبێت و دەسگیر دەکرێن، ئەوانە ژمارەیان (٥٣) کەس دەبوون، هەموویان بۆ ماوەی جیاواز لەلایەن دادگاوە زیندانی دەکرێن و د. تەقیش لەزیندان دوای ماوەیەك کۆچی دوایی دەکات.

ساڵی (١٩٤١) دوای دوورخستنەوەی ڕەزاشا لەدەسەڵات، تارادەیەك دەرفەت لەبەردەم کاری سیاسی کرایەوە، زیندانە سیاسییەکانیش ئازاد کران، لەوانە (٢٧) کەس لەگروپەکەی تەقی ئارانی، ئەوانە لەماڵی سلیمان میرزا ئەسکەندەری لە (٢٩/ئەیلولی/١٩٤١) کۆ بوونەوە، لەوانی بەشداری کربوونەوەیەکەیان کرد، ژمارەیەك رۆشنبیری مارکسی و کۆمۆنیست و سۆسیال دیموکرات و کەسانی ئازادیخوازی وەك: "میرزا سلیمان ئەسکەندەری، ئیرەج ئەسکەندەری، رەزا روستا، ئەردەشیر ئەوانیسیان، د. مورتەزا یەزدی، د. رادەمنیش، مەحمود بەهرامی، خەلیل مالکی"، لەو کۆبوونەوەیە بڕیاردرا لەسەر دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، بەڵام لە ژێر ناوی

(تودە) واتە جەماوەر، دانیشتوان باوەڕیان وابوو کە زاراوەی کۆمۆنیستی لەولاتانی دواکەوتوو، دژوارە قبوڵکردنی.

لە(ئەیلولی/١٩٤٢) حزب کۆنگرەی دامەزراندنی خۆی بەست، کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژارد لە (١٥) ئەندام، کەبریتی بوون لە:

سلێمان میرزا ئەسکەندەری، سکرتێری گشتی.

ئەندامان: د.محەمەد بەهرامی، د. مورتەزا یەزدی، ئیرەج ئەسکەندەری، نورەدین ئەلموتی، عەبدولحوسین نوشین، عەلی کەیاری، نوسرە تولڵا ئەعزازی، ئیبراهیم مەحزەری، رەزا روستا، د.فریدون کشاوەرزی، ئەردەشیر ئەوانیسیان، د. رەزا رادمینش، عەلی ئەمیر خیزی، زیان ئەلموتی.

## بنەما رێکخراوەییەکانی حزبی تودە:

حزبی تودە، وەك رێکخراوێکی (مارکسی – لینینی) لەسەر بنەمای ناوەندێتی دیموکراسی دامەزراوە، کۆنگرەی گشتی بەرزترین دەسەڵاتەو سێ ساڵ جارێك دەبەسترێت و نوێنەری هەموو ئۆرگان و رێکخراوەکان بەشداری تێدادەکەن، ئەرکی کۆنگرە لەسێ خاڵ کۆدەکرێتەوە:

١- دانانی بەرنامەی حزب.

٢- هەڵبژاردنی ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی و لیژنەی چاودێری.

٣- هەڵسەنگاندنی کاروچالاکیەکانی کۆمیتەی ناوەندی و ئۆرگانەکانی سەرەوە.

## هەیکەلی رێکخراوەیی حزبی تودە.

أ) ئەنجوومەنەکانی شارو ناوچەکان، ساڵی یەکجار کۆدەبنەوە.

ب) ئەنجوومەنی هەرێمەکان، دووساڵ جارێك کۆدەبنەوە.

ج) ڕێکخراوە جەماوەریەکانی حزب:

١- ڕێکخراوەکانی کرێکاران لە (١/ئایاری/١٩٤٣) دامەزراوە لەژێرناوی ئەنجوومەنی ناوەندی یەکێتی سەندیکاکانی ئێران.

٢- ڕێکخراوی تودەی سەربازی ساڵی(١٩٤٣) دامەزراوە، ئەو ئەفسەرانەی پەیوەندییان بەم ڕێکخراوە کردبوو، ژمارەیان دەگەیشتە نزیکەی (٦٠٠) ئەفسەر، دوای کودەتاکەی (١٩٥٣) زیاتر لە (٥٠٠) کەسیان لێ دەسگیرکراوە، لەئەندامە دیارەکانی: سەرهەنگ عیزەتوڵلا سیامك، سەرهەنگ محەمەد عەلی ئازەر، سەرگورد عەلی ئەکبەر ئەسکەندەری، بەڵام نووسەری کتێبی (تاریخ ایران المعاصر) دەنووسێ: کە دەستەی بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە بریتی بوون لە: عەقید ڕەزا ئازەر، نەقیب سەروان خەسرەو روزبە، نەقیب محەمەد باقر ئاکهی، مولازمی یەکەم رەسدی ئیعتماد، مولازمی یەکەم عەبدولحوسێن ئاکهی، مولازمی یەکەم هۆشەنگ تەعزائی، نەقیب یوسف مرتەزەوی.

٣- هەروەها حزب چەند ڕێکخراوێکی پیشەیی جەماوەری پێکهێنابوو، وەك: ڕێکخراوەکانی لاوان، ژنان، پیشەداران، نووسەران ...هتد.

**ئامانجە سەرەکیەکانی حزبی تودە:**

١- پارێزگاری لەسەر بەخۆیی و سەروەری خاکی ئێران.

٢- دامەزراندنی سیستمێکی دیموکراسی و دەستەبەرکردنی مافەکانی تاك.

٣- هەموارکردنی یاسای باج و ڕەچاوکردنی بەرژەوەندییەکانی گەل.

٤- بەربەرەکانی کردنی دیکتاتۆرییەت و زۆرداری.

٥- جێبەجێ کردنی چاککردنی کشتوکاڵ و باشترکردنی دۆخی جوتیاران.

٦- چاککردنی باری ڕۆشنبیری و تەندروستی وفێربوون کەدەبێ بەزۆرو خۆڕایی بێت.

٧- چاككردنی بارودۆخی ئابوری و بازرگانی و پیشەسازی و گواستنەوە.

٨- دەست گرتن بەسەر موڵك و سامانی شای ئێران.

ئەم حزبە سەرەتا وەك حزبێكی دیموكراتی لیبراڵ ریفۆرمیست، نەك شۆڕشگێری رادیكالی و كۆمۆنیست هاتە مەیدان و خۆی بەنوێنەری تەنها چینێكی كۆمەڵایەتی دانەدەنا، بەڵكو خۆی بەنوێنەری تێكڕای چین و توێژە ئازادیخوازو پێشكەوتووی ناو كۆمەڵگە دادەنا.

## بەرنامەی حزبی تودە بەرامبەر پرسی نەتەوایەتی لەئێران:

ساڵی (١٩٥١) حزبی تودە، ئەم خاڵانەی خستۆتە روو دەربارەی پرسە نەتەوایەتیەكان:

١- كۆتایی هێنان بەسیستمی پاشایەتی و دامەزراندنی سیستمێكی میللی دیموكراسی.

٢- دابەشكردنی زەوی بەسەرجوتیاراندا، بێ قەرەبوكردنەوەی خاوەنەكانیان.

٣- مافی چارەی خۆنووسین بۆ هەموو نەتەوەوكەمایەتیەكان.

## بەڵام لەساڵی (١٩٨٥) حزب بیروبۆ چوونەكانی خۆی لەم شێوەیە دیاریكردووە:

١- ئێران وڵاتێكی فرە نەتەوەیە، تێیداچەندین نەتەوەی جیاواز دەژین، هەریەكە خاوەن خاك و زمان و داب و نەریتی خۆیەتی، سەرەڕای بوونی چەند كەمەئاینیەك، لەم وڵاتەدا رەگ و ریشەی هاوبەش هەیە لەنێوان ئەو یەكە نەتەوانەی تێدا دەژین.

٢- حزبی تودە پشتگیری یەكسانیەكی تەواوی نێوان كەمە نەتەوایەتیەكان دەكات كەلەئێران دەژین، لەگەڵ یەككرتنێكی ئارەزوومەندانە لە یەك نیشتماندا، لەسەر بنەمای پارێزگاری كردن لەیەكێتی خاكی ئێران.

**ڕێڕەوی سیاسی حزبی تودە:**

١- حزب لەماوەی کاروچالاکیە سیاسی و ڕێکخراوییەکانیدا چەند ڕۆژنامەیەکی دەرکردووە، لەوانە: ڕەهبەر، مەردم، ڕزم، سیاسەت.

٢- ساڵی (١٩٤٣) بەشداری لەهەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کردو (٨) ئەندام سەرکەوتن و بوونەئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی ئێران.

٣- ساڵی (١٩٤٦) حزبی تودە لەگەڵ حزبی - ئێران - بەرەی حزبە ئازادەهاوپەیمانەکانیان پێکهێنا، چەند حزب و هێزێکی سیاسی دیکەش هاتنە ناو هاوپەیمانیەتیەکە، وەك: حزبی سوسیالست، حزبی جەنگەل گەیلان، فیرقەی دیموکراتی ئازەربیجانی لەتەورێز حزبی دیموکراتی کوردستان لەمەهاباد.

٤- سێ لەئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی (ئەسکەندەری، فرەیدون کشاوەرزی، مورتەزا یەزدی) بوونەو وەزیر لەحکومەتەکەی (قەوام ئەلسەلتەنە).

٥- لە(١٩٤٩) دوای هەوڵدانێك بۆ کوشتنی محەمەد ڕەزا شا، ژمارەی زیاتر لە(٢٠٠) ئەندامی حزبی تودە دەسگیرکران، هەرچەندە حزب ڕایگەیاند کە دژی ئەو هەولانەیە، حزب دواتر لەسەردەمی حکومەتەکەی د. موسەدەق گەڕایەوە چالاکی و هەڵوێستی ئۆپۆزیسیۆنی وەرگرت.

٦- دوای کودتا سەربازییەکەی ئابی (١٩٥٣) وشالاوی لەناوبردنی حزبی تودە لەلایەن دەسەلاتەوە، ژمارەیەکی زۆر کادیرو سەرکردەکانی حزب ڕوویان لەدەرەوەی ئێران کردو هەر لەو ماوەیەشدا ئیرەج ئیسکەندەری بوو بەسکرتێری گشتی حزب.

٧- لە (١٠/نیسانی/١٩٦٣) حزبی تودە و فیرقەی دیموکراتی ئازەربیجانی یەکیان گرت، بۆ ئەم مەبەستە کۆنگرەبەسترا، فیرقەی دیموکرات بووە ڕێکخراوی خۆجێی حزبی تودە لەناوچەی ئازەربیجان، بەڵام لەڕاستیدا هەر سەربەخۆبوو، کۆمیتەی

ناوەندی و ئەنجوومەنی جێ بەجێ کردنی هەبوو، هەر دووساڵ جارێکیش کۆنگرەی خۆی دەبەست، بەڵام چەند ئەندامێکی فیرقەی دیموکرات ئەندام بوون لەکۆمیتەی ناوەندی حزبی تودە.

٨- پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) چالاکیەکانی حزب لەناوئێران گەشایەوەو، د.نورەدین کیانوری بوو بەسکرتێری گشتی حزب.

٩- ساڵی ١٩٨٣، دوای ئاشکرا بوونی پەیوەندییەکانی نێوان حزبی تودەو یەکێتی سۆڤیەت کەلەلایەن دیپلۆماتی سۆڤیەتی (فلادیمیر کوریچکین) ئاشکرا کرا، ناوبراو ئەفسەری (K.G.B)بوو پەنای بردەولاتی بەریتانیا، بەو هۆیەوە دەسەلات لەئێران بریاری ڕێگرتنی لەچالاکیەکانی حزبی تودە دەرکرد هەروەها ژمارەیەکی گەورەی ئەندامانیشی دەسگیرکران و ڕەوانەی دادگا کران.

١٠- لەنێوان ساڵانی (١٩٧٥ – ١٩٧٨) حزب شێوازی کاری ڕێکخراوەیی لەسەر بنەمای (ناوەندێتی) بووە، لەو سەردەمە چەندین کۆمەڵەو گروپ و ڕێکخراوی جیاجیا لەناو ئێران کاریان دەکردو باوەڕیان بەڕێبازی مارکسی – لینینی هەبووە، ئەوانە ڕاستەو خۆ پەیوەندییان بەکەسی کیانوری هەبووە، ئەو گروپ و ڕێکخراوانە بڕیاریانداوە لەدوایدا کەلەناو ڕێکخستنەکان کار بکەن و ببنە بەشێك لەحزبی تودە، لەوانە: "گروپی ئەحمەد دانش، گروپی ارش، گروپی بەختیاری، گروپی ئەمینك، گروپی د. ئەمیر حوسێن ئاریان، گروپی سروان ئەحمەدی، گروپی سیامك، گروپی شەهبازی، گروپی عەبادان، گروپی عەبدوڵلا خوراسانی، گروپی کرمانشاە، گروپی نوید..چەندین گروپی دیکەش.

**ململانێ و جیابوونەوە ناوخۆییەکانی حزب:**

لەناو حزب چەندین ململانێ و دیاردەی جیابوونەوە روویداوە، دەکرێ بەکورتی ئاماژەیان بۆ بکەین:

١- ساڵی (١٩٥٩) گروپێکی بچووک جیابوونەتەوەو پەیوەندییان بەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران کردووە.

٢- بەهۆی پەیدابوونی دووئاراستەی سیاسی هزری لەناو حزب، یەکێکیان سەر بەیەکێتی سۆڤیەت و ئەوی دیکەیان سەربەچین، ئەودیاردەیە پەرەی سەندو لە ئازاری/١٩٦٥ گروپێکی دیکە لەحزب جیا بوونەوە کەسەر بەرەوتی ماوی بوون، لەناویاندا دوو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی تێدا بوون ئەوانیش: ئەحمەد قاسمی و حوسێن فروتن.

٣- ساڵی (١٩٦٦)، بەهۆی ململانێی ئایدیۆلۆجی، گروپێکی دیکە جیابوونەوە، ئەوانە لەدەرەوەی ئێران رێکخراوێکیان پێکهێنا لەژێر ناوی (رێکخراوی شۆڕشگێڕی حزبی توده) باوەڕیانش بەخەباتی چەکدرای هەبوو.

- **حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی: (٩٣)**

ئیبراهیم عەلیزادە، ئەندامی مەکتەبی سیاسی کۆمەڵەی زەحمەتکیشانی کوردستان و دواتر ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، لەچاوپێکەوتنێکی ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کۆمەڵە لەرۆژانی یەکەمی دامەزراندنیەوە، ئاسۆی پێکهێنانی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی لەبەر چاوبووە، پلانی بنچینەییشی بۆ ئەو بیرۆکەیە دارشتووە لەکۆنگرەی دووەمی کۆمەڵە (١٩٨٤)، هەر بۆ جێ بەجێکردنی ئەو ئامانجە کۆمیتەیەك پێکهات لە: عەبدوڵلای موهتەدی، د. جەعفەر شەفیعی، شوعەیب زەکریایی، جەواد مشکی، منسور حیکمەت، حەمید تەقوایی، خەسرەو داود.

بۆ چوون وابوو کە شۆڕشی کرێکاری لەئێران بێ حزبێکی پێشڕەو سەرناکەوێت.

ڕاگەیاندنی دامەزراندنی حزب:

لە(٢/ئابی/١٩٨٣) ڕاگەیاندنی فەرمی لەلایەن کۆنگرەی دامەزرێنەرەوە دەرچووە، ئەو کۆنگرەیە لەناوچەی ئالانی (سەردەشت) سازدراوە، ئەو ڕێکخراو و گروپانەی بەشداریان کردووە لەپێکهێنانی ئەم حزبە بریتی بوون لە:

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان، بەشێك لەڕێکخراوی پەیکار، باڵێکی ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی خەڵکی ئێران، ئیتحادی مبارزانی کۆمۆنیست، بەشێك لەڕێکخراوی رزمندگان ئازادی چینی، کارگەر.

ئەندامانی کۆنگرەی دامەزرێنەر (٣٦) کەس بوون، بەڵام (٥) کەسیان نەیانتوانی ئامادەبن، ناوەکانیش: مەنسور حیکمەت، ئیرەج ئازەرین، عەبدوڵلای موهتەدی، شوعەیب، زەکەریایی، موزەفە موحەمەدی، ناسر جاوید، خەسرەو داوەر، ڕەزا موقەدەم، حەبیبوڵلا فەرزاد، غولام کشاوەرز، ساعد وەتەندۆست، جەوادمشکی، کورەش مودەرسی، ئەبوبەکر سیامەك، حوسێن موراد بەگی، سدیقی کەمانگەر، ئیرەج فەرزاد، محەمەد هاشم ڕەزایی، ئیبراهیم عەلی زادە، جەعفەر شەفیعی، شەریف شاکری، خەسرەو ڕەشیدیان، عوسمان ڕەوشەن تودە، ڕەحمان حوسێن زادە، یەدوڵلا بیگلەری، فاروق بەگزادە بابەمیری، حەمیدتەقوایی، عومەر ئیلخانزادە، فەرهاد ئەردەلان، عەلی ئەسغەر نیکخواە کازم، ڕەحمان ئەرخەوانی، موحسێن ڕەحیمی، محەمەد شافعی، شەهرام، تاهیر خالیدی، عەبدڵلا دارایی.

یەکەم سکرتێر بۆ حزب ، عەبدڵلای موهتەدی هەڵبژێردرا.

## کۆنگرەکانی حزبی کۆمۆنیستی ئێران:

١- کۆنگرەی یەکەم ئابی/١٩٨٣

٢- کۆنگرەی دووەم/١٩٨٥

٣- کۆنگرەی سێیەم/١٩٨٧

٤- کۆنگرەی چوارەم/١٩٩٤

٥- کۆنگرەی پێنجەم/١٩٩٦

٦- کۆنگرەی شەشەم/١٩٩٨

ئەندامانی هەڵبژێردراوی کۆنگرە بۆ کۆمیتەی ناوەندی حزب: مەنسور حیکمەت، خوسرەو داوەر، عەبدڵلا موهتەدی، حەمید تەقوایی، حەبیب فەرزاد، محەمەد شافعی، رەزا موقەدەم، ئیرەج ئازەرین، عومەر ئیلخانیزدە، فاروقی بابامیری، جەواد مشکی، جەفعەر شەفیعی، شەعەیب زەکەریایی، حوسێن مورادبیکی، ئیبراهیم عەلیزادە.

ئەندامانی مەکتەبی سیاسی: مەنسور حیکمەت خوسرەوداوەر، عەبدوڵلای موهتەدی، حەمید تەقوایی، شوعەیب زەکەریایی، جەواد مشکی، ئیبراهیم عەلیزادە.

## خاڵە گرینگەکانی بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران:

بەرنامەی حزبی کۆمۆنیستی ئێران، بابەتی فراوان و جۆراو جۆری گرتۆتەخۆی، دەکرێ لەچەند خاڵێك بەکورتی ئاماژەیان بۆ بکەین:

١- بنچینە هزریی و کۆمەڵایەتیەکانی حزبی کۆمۆنیست.

٢- یەکسانی، ئازادی خۆشگوزەرانی.

٣- خەباتی چینایەتی، پرولیتارو بورژوازیەت.

٤- سەرمایەداری و سیستمی سەرمایەداری.

٥- کولتور، ئایدیۆلۆجیا، رەوشت.

٦- شۆڕش و چاکسازی.

٧- دەمەزراوەکانی دەسەڵاتی سیاسی.

٨- هەڵوەساندنەوەی سوپا.

٩- بەشداری کردنی جەماوەرو شوراکان.

١٠- یەکسانی نێوان پیاووژن، ڕێگرتن لەجیاوازی ڕەگەزی.

١١- چەوساندنەوەی نەتەوەیی و کێشەی کورد.

١٢- ئاین و نەتەوایەتی و ئەپنیهت.

١٣- چینی کرێکارو یاساکانی کاروخۆشگوزەرانی.

## بیروبۆ چوونی حزب، دەربارەی پرسی نەتەوایەتی لەئێراندا:

ئەم حزبە لەبەرنامە سیاسییەکەی خۆی، بەم شێوەیە باس لەپرسی نەتەوایەتی دەکات لەئێراندا: ئەو چەوساندنەوە نەتەوەییەی کەهەیە لەسەر بنچینەی جیاوازی نەتەوەیی و پشت گوێ خستنی مافەکان، یەك لەخەسلەتە سەرەکیەکانی سیستمی حوکمڕانی لەئێران پێکدێنێت، کە دەبێ کۆتایی پێ بێت.

## هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب:

١- پەیرەوی ناوخۆی حزب لە(٨) بەش و (٢٧) مادە پێکدێت، هەروەها بەشێکی تەواوکەریش هەیە کەلە (٢)بەش و چوار مادە دارێژراوە.

٢- بەپێی پەیرەوی ناوخۆ کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتەو دووساڵ جارێك دەبەسترێت.

٣- لەسنوری هەرێمی کوردستان، رێکخستنەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان، رێکخستنی فەرمی حزبن و قەوارەو ئۆرگانی تایبەتی خۆی هەیە.

٤- حزب لەسەر بنەمای ناوەندێتی دیموکراسی کارەکانی بەڕێوەدەبات.

٥- گۆڤاری (کۆمۆنیست) ئۆرگانی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی لە پایزی (١٩٧٠) یەکەم ژمارەی درەچووە.

**ململانێ و جیابوونەوەکانی خاوخۆی حزب:**

بارودۆخی ناوخۆی حزب لە ساڵانی (١٩٨٩) و رووی لە ناکۆکی و ململانێی سیاسی وهزری کرد، لەئاکامدا ژمارەیەکی زۆری کادیرو سەرکردەکانی جیابوونەوەی خۆیان راگەیاندو حزب ورێکخراوی دیکەیان پێکهێنا، بۆ نموونە ساڵی (١٩٩٠) مەنسوری حیکمت جیابۆوە و رەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری پێکهێنا، دوای ماوەیەك عەبدوڵلای موهتەدی و چەند سەرکردەیەکی دیکەی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانیان دامەزراندەوە.

- **حزبی کرێکارانی سوسیالستی ئێران:**

**حزب کارگران سوسیالست ایران (٩٤)**

حزبی کارگران سوسیالست، لەمانگی شوبات (١٩٧٩) کۆنگرەی دامەزراندنی سازداوە، لەشاری تاران، حزبێکی سیاسی کۆمۆنیستی و ئاراستەیەکی تروتسکی هەیە، سکرتێری حزب (هرمز رەحیمیان) بوو لەسەرەتا، پاشان بابك زهرائی، بەسکرتێر دیاری دەکرێت، بەخۆشی سەرپەرشتی گۆڤاری (کرێکاری سوسیالست)ی دەکرد، لەسەرکردەکانی دیکەی ئەم حزبە: "هۆشەنگ سەبهەری، جەواد سەدیق، پەروین نەجەفی"

ئەم حزبە لەیەکگرتنی  سێ گروپ پێکهاتووە، ئەوانیش، گروپی ئەوروپا، گروپی ستار، گروپی ئێران.

گروپی ئەوروپا، کۆمەڵە خوێندکارێکی ئێرانی بوون لەوڵاتانی ئەوروپاو ئەمریکا بۆ خوێندن هاتبوون، ئەوانەی لەشاری لەندەن بوون، رۆژنامەیەکی تیۆری سیاسییان دەردەکرد لەژێرناوی (کندوکاو) واتە شیکردنەوە.

**لەئامانجەکانی حزب:**

دژایەتیکردنی رژێمەکەی محەمەد رەزاشا.

پەیرەوکردنی رێبازێکی رادیکالیانەی سۆسیالستی.

خۆماڵیکردنی دام و دەزگاو دامەزراوە حکومیەکان.

بەدیهێنانی داد پەروەری کۆمەڵایەتی.

ئەم حزبە، بەپێچەوانەی رەوتە ستالینی و ماوییەکان و بنکەکانی رێبازی شەڕی پارتیزانی، ئەوانە تروتسکی رێباز بوون، پەیوەندی راستەو خۆیان لەگەڵ (نێو نەتەوەیی چوارەم – ئەمانەتی یەکگرتوو) بەستبوو، بەرنامەکانیان لە سەرئاستی سیاسی هەمان بەرنامە کاتیەکەی تروتسکی و هەر چوار کۆنگرەی یەکەمی نێو نەتەوەیی کۆمۆنیستەکان بوو.

کۆنگرەی یەکخستنی نێوان تروتسکیە ئێرانیەکان لەماوەی شۆڕشی گەلانی ئێرانی ساڵی (١٩٧٩)بەستراوە، ئەو کۆنگرەیە بوو بەهۆی یەکگرتنی نێوان لایەنگرانی نێو نەتەوەیی چوارەم – ئەمانەتی یەکگرتوو:

Fourth International Unitied Secretary

لەگەڵ لایەنگرانی حزبی کرێکارانی سۆسیالست لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا (Socialist Workers Part) دوای کۆنگرەش ناوی حزبی کرێکارانی سۆسیالستیان راگەیاند.

کاری سەرەکی ئەم حزبە، داکۆکی لەسەر پێکهێنانی رێکخراوێکی کرێکاری ئێرانی دەکرد.

پاش چەند مانگێك لە سەر پێکهێنانی ئەم حزبە، گروپێك لەناو حزبەکە پێکهات و داوای هاوکاریکردنی دەکرد لەگەڵ رژێمی کۆماری ئیسلامی بەرابەرایەتی ئایەتوڵلاخومەینی، ئەو هەنگاوە بووە هۆی ناکۆکی و ململانێ لەناوخودی حزبەکە، بۆیە ئەم گروپە لەحزبی کرێکارانی سوسیالست جیابوونەوەو سەربەخۆیی خۆیان راگەیاندو ناویان لەخۆیاننا (حزبی کرێکارانی شۆڕشگێڕ) کەدرێژەی بەخەبات نەداو دوای ماوەیەك بڕیاری خۆهەڵوەشاندنەوەیاندا.

حزبی کرێکارانی سۆسیالست لەنێوان سالآنی (١٩٧٩ — ١٩٨٣) چەند رۆژنامەیەکیان دەرکردووە لەژێر ناوی – کارگر (کرێکار) و – چ بایدکرد (چی بکرێت) – نقم کارگر (سیستمی کرێکار)و – کارگرسوسیالست (کرێکاری سوسیالست).

هەروەها حزب دمەزراوەیەکی دروست کرد لەژێر ناوی – گلیعە (پێشرەو) ، ئەو دامەزراوەیە ژمارەیەکی زۆری نووسینەکانی مارکسی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی.

هەر بەهۆی فشارو دەسگیرکردن و توندو تیژییەکانی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بۆسەر ئەندام و سەرکردەکانی ئەم حزبە، ژمارەیەکی زۆریان دەسگیرکران و خرانە زیندانەکان، ئەوانی کە زرگاریشیان بوو هەڵاتن بەرەو دەرەوەی ئێران ساڵی (١٩٨٣).

زۆربەی ئەوانی گەیشتنە ئەوروپا لەشاری پاریس کۆبوونەوەو بەردەوام بوون لەسەر چالاکی رێکخراوەیی خۆیان، بڵاوکراوەیەکیان دەرکرد لەژێرناوی (سوسیالیزم و انقلاب) کەناوەرۆکێکی سیاسی هزری هەڵگرتبوو، ئەم بڵاوکراوەیە تاساڵی (١٩٨٩) بەردەوام بوو لەدەرچوون.

## • حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی: (٩٥)

ساڵی (١٩٩٠) مەنسوری حیکمەت، ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی بریاری پێکهێنانی گروپێکی دا بەناوی (رەوتی کۆمۆنیست) و لەحزبەکەی جیا بووەوە، پاشان بریاریدا حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی پێك بهێنێ و لەتەموزی (١٩٩٤) یەکەم کۆنگرەی دامەزرێنەریان بەست، لەوسەرکردانەی بەشداریان لەدروست بوونی ئەم حزبە کرد، هەریەك لە: ئیرەج ئازەرین، کورش مودەرسی، رەزا موقەدەم.

### لەبەرنامەی ئەو حزبەدا هاتبوو:

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری خەبات دەکات لەپێناو سەرکەوتنی تەواو وهەمەلایەنەی شۆرشی کۆمەڵایەتی بۆ چینی کرێکاران دژی سیستمی سەرمایەداری، هەروەها جێبەجێ کردن و تەواو کردنی بەرنامە کۆمۆنیستی و رزگاریخوازییەکەی چینی کرێکاران.

حزب باوەری بەپەرەسەندنی ئابوری، زانستی، تەکنولۆجی و شارستانیەکان هەیە کەبەسەر کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا هاتووە، ئەو پەرەسەندن و گۆرانکاریانە مەرج و پێداویستیە مادییەکان بۆ بونیادنانی کۆمەڵگەی ئازادی دوور لە چەوساندنەوەی چینایەتی ئامادە کردووە.

واتە لەکۆمەڵگەی جیهانی سۆسیالستی: چینی کرێکار پابەند دەبێت بەدەسپێکردن و بەجێ بەجێکردنی بەرنامە کۆمۆنیستیەکەی لەگەڵ دەستگرتنی بەسەردەسەلات.

### پرسی نەتەوایەتی لەبەرنامەی حزب:

حزب خەبات دەکات لەپێناو نەهێشتنی هەر جۆرە چەوساندنەوەو جیاوازیەك کەلەسەر بنچینەی رەگەز دروست بوو بێت لەیاساکانی وڵاتدا، نەهێشتنێکی تەواو.

حزب بەپێناسەی نەتەوەیی یان رەگەزی نەتەوەیی، وەك ئارەزوویستێكی كۆنە پەرستانە تەماشا دەكات و روخێنەرەو بەپێچەوانەی رەسەنایەتی و یەكسانی نێوان مرۆڤ، لەم سەرچاوەیەوە، حزب دژی هەر جۆرە دابەشبوونێكی هاونیشتمانیانەی وڵاتە لەسەر بنچینەی نەتەوەیی.

**خەسلەتە جەوهەرییەكانی حزب: (٩٦)**

١- سۆسیالیزمی كرێكاری، بزووتنەوەیەكی كۆمەڵایەتی بابەتیە، دروستكراوی خودی خۆیەتی نەك بەرهەمی چالاكیەكانی ماركسیە كۆمۆنیستەكان، لەگەڵ رێرەوی مێژوودا دەركەوتووەو بەردەوامیشە.

٢- ئەنتەرناسیۆنال، نێونەتەوەیی، نەك تەنها لەرامان و شیكردنەوەكانی بۆ جیهان، بەڵكو رێبازو كاروكردەوە سیاسیەكانیش بنچینەی نێو نەتەوەییان هەیە.

٣- سۆسیالیزم ئامانجی كۆتاییە.

٤- رامان لەجیهان و رەخنەگرتنی ماركسیانە، بەرگری حزب لەماركس و ماركسیزم، بەوەی كەرەخنەگرتنێكی كۆمەڵایەتیە، یەك لەرووە دیارو جیاوازەكانی نەریتی ئەم حزبەیە، لەم قۆناغەدا زۆرن ئەوانەی رەنگە ویستی دوور كەوتنەوەی چەپەكانیان هەبێت و بیانەوێت لەگۆرەپانی سیاسەتدا بمێننەوە بەو ئامانجە سۆسیالیستیانەوە، بەڵام رەنگە لەهەمان كاتدا ئەوان وابیر بكەنەوە كەمەرجی زەروری بۆ ئەو كارەیان هەمواركردن و پێداچوونەوەی ماركسیزم بێت و چاو خشاندنەوەی بەسەردابكرێت، ئەم كارە لای حزب بێ ماناو بێ سوودە، حزب لەكاری رەخنەگرانەی ماركسی بۆ كۆمەڵگەی سەرمایەداری و بوارە جیاوازەكانی دوورناكەوێتەوە.

٥- دەربارەی رێبازی سۆسیالیزم و هۆیەكانی سەرنەكەوتنی كۆمونیزمی كرێكاری، لێكۆڵینەوە لە دیاردەیەو لەهۆیەكانی سەرنەكەوتنی زۆر لەتاقیكردنەوە كۆمۆنیستیە كرێكاریەكان ئەنجام دەدرێت.

٦- شۆڕش و ریفۆرم، تێگەیشتنی تایبەت بۆ ئەو پەیوەندییەی کەلەنێوان هەردوو حالەتی شۆڕش و ریفۆرمدا هەیە.

٧- حزب و چین، تێگەیشتن لەو پەیوەندییەی کەلەنێوان حزب و چینی کرێکاردا هەیە.

٨- بزووتنەوەی شوراکان، بەرگریکردن لەرێکخستنی شوراو چالاکیە کرێکارییەکان بەشێوەیەکی راستەوخۆ.

## بنەما رێکخراوەییەکانی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری: (٩٧)

١- حزب رێکخستنێکی شۆڕشگێری مارکسیە، پێکهاتووە لەپێناو رێکخستن و ئاراستە کردنی چینی کرێکار بۆ ئەنجامدانی شۆڕشی کۆمۆنیستی.

٢- حزب شوێنی یەکگرتن وچالاکی کرێکارە کۆمۆنیستەکان و هەموو تێکۆشەرانە لەپێناو شۆڕشی کۆمۆنیستی.

٣- ئەندامیەتی لەحزب رێگا لەهیچ مافێك لەمافەکانی ئازادی و مەدەنی تاك ناگرێت و مەرجی بەسەردا ناسەپێنێت.

٤- کادیر بەو ئەندامە دەوترێت کەلەرێگای هەڵبژاردن یان دانان ئەرکی رێکخستن و ئاراستەکردنی چالاکی حزبی پێ دەسپێردرێت، لەسنورێکی دیاریکراودا.

٥- حزب، رێکخراوێکە لەپێناو رێکخستن و ئاراستە کردنی خەباتێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو لەلایەن چینی کرێکارەوە.

٦- یەکەی بنچینەی لەپێکهاتەی حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری شانەی ئەندامانە.

٧- سەرەڕای رێکخستنی قوچەکی و ستوونی، حزب لەکاتی پێویستدا چەند ئەنجوومەن و رێکخراوێکی پسپۆڕی پێکدێنێت.

٨- حزب بۆ فراوان کردنی دەستڕۆیی خۆی لەناو ڕێکخراوە ناحزبیەکان، هەوڵدەدات ڕێکخراوی کرێکاری و ناکرێکاری دابمەزرێنێت.

٩- حزب دەبێ ڕۆڵی پێشەنگی بگێڕێت لەتێکرای کارو چالاکیە چینایەتیەکان و ڕێکخستنی ڕەوتی کۆمۆنیستی.

١٠- کۆنگرەی حزب بەرزترین دەسەلاتەو دووساڵ جارێك دەبەسترێت.

١١- هەموو ئەنجوومەنە حزبیەکان لەزنجیرەی هەیکەلی ڕێکخراوەیی، بەپێی هەڵبژاردن پێکدێت.

١٢- بنەمای بنچینەیی لەپلەبەندی هەیکەلی ڕێکخراوەیی، جێبەجێ کردنی بڕیارەکانی ئەنجوومەنەکانی سەرەوەیە لەلایەن ئەنجوومەنەکانی خوارەوە.

١٣- یەکێتی بیروباوەڕ بنەمایەکی بنچینەییە.

١٤- دیسپلینی حزبایەتی، مەرجێکی بنچینەییە بۆ بەردەوامی کارەکان.

١٥- زۆر لەهیچ ئەندامێك ناکرێت بەپێچەوانەی ویست وئارەزووەکانی بە هەرئەرکێك یان بەرپرسیارەتیەك هەستێت.

١٦- حزب دەست ناخاتە ناو کاروباری تایبەتی ئەندامانیەوە.

## بنەماو چوارچێوە گشتیەکانی سیاسەتی حزب (٩٨):

١- دامەزراندنی پێکهاتەیەکی سیاسی بونیادنراو بۆ دەستێوەردانی ڕاستەو خۆو بەردەوامی جەماوەر لەکاروباری حوکمڕانیدا.

٢- جێبەجێ کردنی مەرج و پێداویستیە ئابورییەکانی خۆشگوزەرانی گشتی.

٣- چەسپاندنی ماف و ئازادییە سیاسی و شارستانیە فراوانەکان.

٤- سەلماندنی ئەو یاساو هەنگاوانەی کەبەخێرایی و بەشێوەیەکی ریشەیی هەموو بیروباوەڕو داب و نەریت و رەفتارە کۆنەپەرستەکان دەسڕێتەوە، هەروەها توانای چەسپاندنی کولتورو بەهاو پەیوەندییە مرۆڤایەتیە ئازادەکانی هەبێت.

٥- بڕیاردان لەسەر یاساو ئەو ڕێنماییانەی کەولات دەکاتە مەڵبەندێك بۆ بەهێز کردن و پاراستنی شێوازەکانی خەباتی رزگاریخوازو پێوەرو بەها مرۆڤایەتیەکانی خەباتی کرێکاری وسۆسیالستی لەهەموو جیهاندا.

٦- حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری هەوڵدەدات دەست بەسەردەسەڵاتدا بگرێت لە رێگای شۆڕشێکی کرێکاری، بەڵام بەدوور خستنەوەی رۆڵی تاك لە سەرکردایەتی، دوور لەدروستکردنی هێمایەکی نوێی خەبات، هەروەك روویدا لەناو حزبە کۆمۆنیستەکان و چەندین قارەمانی پیرۆزیان دروست کرد، نموونەی ستالین و ماوتسی تۆنگ و کەسانی دیکەش لەسەرکردە کۆمۆنیستەکانی جیهان.

## ململانێ و کێشە ناوخۆییەکانی حزب:

حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی، لەماوەیەکی کەمدا بەرەو رووی چەندین کۆسپ و پرسی سیاسی و هزری ناوخۆیی بۆتەوە، کەرێگر بوون لەبەردەم پەرەسەندنی و لەتواناکانی خەباتی لاوازکردۆتەوە.

ئەو هیواو ئاواتەی لەبیری دامەزرێنەرەکەی (مەنسور حیکمەت) بوو نەهاتە دی، ئەم حزبە هەر لەپەراوێزی رووداوە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی ماوەتەوە، لەساڵانی دوایشدا بەرەو رووی چەندین ململانێ و جیابوونەوەو بەش بەش بۆتەوە، ژمارەیەکی زۆری سەرکردە نزیکەکانی لەمەنسور حیکمەت لێی دوورکەوتوونەتەوەو رێکخراوو گروپی دیکەیان پێکهێناوە.

**ناوی بەشێك لەسەرکردەکانی ئەم حزبە:**

١- دامەزرێنەران ، مەنسور حیکمەت، کوروش مودەرسی، ئیرەج ئاژەرین، رەزا موقەددەم.

٢- سکرتێری کۆمیتەی ناوەندی - حەمید تەقوایی

٣- سەرۆکی ئەنجوومەنی جێبەجێکردن - ئەسفەر کەریمی.

٤- سەرۆکی مەکتەبی سیاسی - بەهرام سروش

٥- سکرتێری کۆمیتەی رێکخراوەکان - شەهلا دانشفەر.

٦- سکرتێری رێکخستنەکانی دەرەوەی ئێران - فریبەرز بویا.

- **حزبی زەحمەتکێشانی ئێران:**

**حزب زحمەت کشان ملت ایران (٩٩)**

دوا بەدوای ئەو جیاوازیانەی کە هەر لەسەرەتای پێکهاتنی حکومەتی موسەدەق سەریان هەڵدا، دەستەیەك لەئەندامانی کۆنی (بەرەی نیشتمانی) لێی جیابوونەوە، هەندێکیان جۆرە رێکخراوێکیان پێکهێنا، عەبدولقەدیری ئازاد، فراکسیونی نیشتمانی پێکهێنا، موزەفەر بەقایی لەگەڵ هەریەك لەعیسا سپهبری، عەلی زەهری، حسین مەکی، حائری زادە، مهدی میر ئەشراق، حوسین فاتمی، ئەوانە رەوتێك بوون، دوو کۆمەڵەیان دامەزراند، کۆمەڵەی چاودێری لەئازادی هەڵبژاردن و رێکخراوی پاسەوانانی ئازادی (سازمان نگهبانانی ئازادی)

حزبی زەحمەتکێشان لەنیسانی (١٩٥١) لەکۆبوونەوەیەك لەناوچەی گەرەج لەیەك گرتنی دوو رەوت دامەزراوە:

١- رەوتی د. موزەفەر بەقایی - سەرکردەی حزب.

٢- رەوتی دووەم، خەلیل مالکی و لایەنگرانی ئەوانی ساڵی (١٩٤٧) لەحزبی توودە جیابوونەتەوە.

## ئامانجەکانی حزبی زەحمەتکێشان:

١- دامەزراندنی حکومەتێکی پاشایەتی دەستوری.

٢- نەهێشتنی ئیمتیازاتی چینەباڵاکان.

٣- هاندانی پیشەسازییە بچووکەکان.

٤- رێگرتن لەدەستێوەردانی ئیمپریالیزم لەکاروباری ئێران.

٥- کەمکردنەوەی ململانێیەکانی نێوان کرێکاران و کارگەکان.

## پێکهاتەی کۆمەڵایەتی حزب:

ریزەکانی ئەم رێکخراوە سیاسییە چەندین گروپ و توێژی کۆمەڵایەتی جیاوازو ناکۆکی گرتبووە خۆی، وەك: رۆشنبیرە مارکسیەکانی دژ بەستالینیزم، سوسیالستە دیموکراتخوازەکان و بازرگانانی ناو شار، هەروەهاکۆمەڵێکی گەورەی خوێندکارو ژنان.

دیارە ئەم پێکهاتە کۆمەڵایەتیە سەرچاوەی ململانێ بوەو ئاژاوەی ناوخۆیی لێ دروست بووە، بەقایی رۆژنامەی (ئەلشاهد)ی دەردەکرد، زمان حالی ناوەندی حزبەکەی بوو، بیرو بۆ چوون و ئایدیولۆجیای حزبی بڵاو دەکردەوە.

## ململانێی ناو خۆی حزبەکە:

باڵەکەی موزەفەر بەقایی لەناو حزب، دژی حکومەتەکەی د. موسەدەق وەستاو تارادەیەك لایەنگری دەسەڵاتی شابوو، سەرەڕای ململانێی توندی لەگەڵ حزبی توودە.

بەڵام باڵەکەی خەلیل مالکی لەناو حزب، پاڵپشتی د. موسەدەقی دەکرد، بۆیە بەهۆی ئەو ناکۆکیانەی نێوان هەردوو باڵەکە، ئەم حزبە ساڵی (١٩٥٢) بەسەر دوو بەشدا دابەش بوو.

باڵەکەی خەلیل مەلەکی ڕێکخراوێکی سەربەخۆیان پێکهێناو دواتر بەناوی (نیروی سوم) واتە هێزی سێیەم ناوبانگی دەکرد، ڕۆژنامەکیانیش هەر بەناوی (نیروی سووم) دەردەکرد، جگە لەوەش بلاوکراوەیەکی ماگانەی دەردەکرد بەناوی (علم و زندی) واتە زانست و ژیان.

بەڵام باڵەکەی موزەفەر بەقایی درێژەی بەچالاکیەکانیدا لەژێر ناوی حزبی زەحمەتکێشانی گەلی ئێران (ڕۆژنامەمەکەشی بەناوی ئەلشاهید) هەر دەردەچوو.

بەقایی و باڵەکەی لەناو پەرلەمان بەردەوام بوون لەچالاکیەکانیان بۆ روخاندنی حکومەتەکەی د. موسەدەق تاساڵی (١٩٥٣) بەکشانەوەی بەقایی لەکاری سیاسی، چالاکی حزبەکەشی کۆتایی پێ هات.

## پەیوەندییەکانی نێوان بەقایی و ئەمریکا:

بەپێی لێدوانەکانی (ئەحمەد مالکی) بەڕێوەبەری ڕۆژنامەی (ستارە) ئەستێرەو یەکێك لەدامەزرێنەرانی بەرەی نیشتمانی، بنچینەی دامەزراندنی حزبی زەحمەتکێشان دەگەرێتەو بۆ ئەو دیدارانەی کەلەنێوان ژمارەیەك لە ئەندامانی بەرەی نیشتمانی و سەفارەتی ئەمریکا لەتاراندا سازدەکران.

لەوبارەوە ئەحمەد مالکی دەڵێ: بەقایی لەپێناو خەبات لەدژی کۆمونیزمدا، کەوتۆتە گفتوگۆ لەگەڵ دەسەڵاتدارانی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەڕێگای سەفارەتەکەیان لە شاری تاران، بەمەبەستی پێکهێنانی حزبێك بۆ دژایەتیکردنی حزبی تودە.

بۆ راستی ئەم بۆ چوونەش، لەوماوەیەی کە د. موسەدەق سەرۆك وەزیران بوو، ململانێ و پێکدادان روویدا، لەنێوان لایەنگرانی هەردوو حزب (تودەو زەحمەتکێشان) لەشەقامەکانی تاران لەکاتێ خۆپشاندانەکان بەهەر بۆنەوەیەك بووبێت.

## • ڕێکخراوی چریکە فیدائیەکانی خەلکی ئێران:
## سازمان چریکهای فدائی خەلق ایران (١٠٠)

دوای کودەتـا سـەربازییەکەی ئـابی (١٩٥٣) بەسـەر حکومـەتی د. موسـەدەق، هەروەها شکستپێهێنانی ڕێبازی سیاسی حزبی تودە، ژمارەیەکی زۆر لەگەنجانی ئـەو حزبە بەهۆی نارەزایی لەڕێبازی سیاسی حزبەکەیان دوور کەوتنەوەو گەیشتبوونە ئـەو باوەرەی کەتەنها ڕێگا بۆ خەبات دژی ڕژێم و ئیمپریـالیزم ئـەوە خـەباتی چـەکدارییە، بەتایبەتی دوای سەرکەوتنەکانی شۆڕشی گەلانی کوباو چین و ڤیتنام.

سەرەتاکانی دروست بوونی ئەم ڕێکخراوە بەپێکهێنانی چەند ڕێکخستنێکی بچووک بچووک دەستی پێکردووەو بەم شێوەی خوارەوە:

١- لەکۆتایی ساڵی (١٩٦٥) و سەرەتاکانی ساڵی (١٩٦٦) گروپێـک لـەناو زانکۆی تاران پێکهاتووە لەلایەن چەند خوێندکارێك، لەوانە: بیژەن جـەزنی، عـەباس سورکی، عەلی ئەکبەر سەفایی محەمەد سەفاری ئاشتیانی، زرار زاهیدیان، حەمید ئەشرەف.

٢- لەساڵی (١٩٦٧)، ڕێکخستنێکی چەکدرای پێکهات، لەسـەرکردەکانی مەسعود ئەحمەد زادە، ئەمیر پـەروێز، مەجید ئەحمـەد زادە لەسـەرەتای سـاڵی (١٩٧١) ئـەم دووگروپە یەکیان گـرت، پـاش ئـەوەی چـەندکادیرێکی دیکـەیان لـەدەرەوە گەڕانـەوە کەلالەیـەن ڕێکخـراوە فەلەسـتینیەکان ڕاهێنانیـان لەسـەر بـەکارهێنانی چـەك بـۆ ئەنجامدرابوو، هەموو یەکیان گرت لەژێر ناوی (سـازمانی چـریکە فیدائیـەکانی خـەلقی ایران).

ئەو گروپانەی نـاو ڕێکخراوەکـە پـێش دروسـتکردنی سـازمانی چـریکە فیدائیـەکان بەژمارەیەکی گەورەی کاری سەربازی هەسـتاون دژ بـەدام و دەزگاکـانی ئێـران، دوای

ئەوەی برێك چەك و كەرەستەی سەربازیان پەیداكردووە، هەروەك لەخوارەوە بەكورتی باسیان دەكەین:

١- لە (١٤/كانونی دوومی/١٩٦٧) بەدەست پێشخەری (بیژەن جەزنی) ئاهەنگێكی جەماوەری گەورەیان رێكخستووە بەبۆنەی كۆچی دوایی پالەوانی زۆرانبازی ئێرانی (تەختی) دیارەچاوی دەزگای (ساواك)ی ئێرانی چاودێری ئەم چالاكیەی كردووە بۆیە دوای یەك مانگ جەژنی و عباسی سورکی و ناسر ئاقایان دەسگیر دەكات و بەهۆی ئەشكەنجدانی تووند، ئاقایان نهێنی رێكخستنەكەی خۆیان ئاشكرا دەكات و نزیكەی (٢٠)كەس لەئەندامانی دەسگیر دەكرێن و دوای دادگایی كردنیان هەموو زیندانی دەكرێن لەنێوان (٢ - ١٥)سالّ بۆ هەریەكەیان.

بەلاّم لەگەلّ ئەوەشدا رێكخراوەكە كۆتایی پێ نەهات و ئەوانی لەدەرەوەی زیندان مانەوە (عەلی ئەكبەر سەفایی، محەمەد سەفاری، غەفور حەسەن پورن ئەسكەندەر سادقی) رێكخراوەكەیان دورستكردەوەو ژمارەیەكی دیكەی گەنج پەیوەندی پێوەكردون.

٢- لەسالّی (١٩٧١) بریاردرا چەكدارانی رێكخراوەكە روو لەناوچەدارستانەكانی باكوری ئێران بكەن، كە پێشتر گروپێكی دیكەی لێ بووە، لەرۆژی (٩/شوباتی/١٩٧١) گروپێكی (١٣)كەسی پەلاماری بنكەی (ژاندامەری سیاكەل)یانداو لەوێ سەربازەكانیان چەككردو نۆ تفەنگیان دەسكەوت، بەلاّم رۆژی دوای رووداوەكە سوپای ئێران پاش گەمارۆدانی گروپەكە و دەسگیركردنیان، هەموویانی گوللە بارانكردن.

٣- لەچالاكیە چەكداریەكانی دیكەی ئەم گروپە:

أ) تیرۆركردنی سەرتیپ (زیافەرشید) سەر بەسوپای ئێران لە(٧/نیسانی/١٩٧١).

ب) تیرۆر كردنی نیك موتیع، كاربەدەست لەدەزگای ساواك لەسالّی (١٩٧٤) .

ج) تیرۆركردنی نەقیب نەوروزی لەسوپا، عەباس شەهریاری لە ساواك.

٤- له (١٩/نیسانی/١٩٧٥) دەسەڵات لەئێران بیژەن جەژنی و هەشت کەسی دیکە لەهاوڕێیانی، بڕیاری کوشتنی لەسەرجێ بەجێکردن.

ئەم ڕێکخراوە لەسەرەتای چالاکیەکانیەوە تاشوباتی (١٩٧٩) و بەپێی ئامارەکان قوربانیـەکی زۆری داوە لەبەربەرەکانیـەکانی لەگـەڵ ڕژێمـی شـا، بـەپێی ئامارەکـان ژمارەی (٢٢٣) ئەندامی لەپیاوو ژن، لەسێدارە دراون یان کوژراون.

- **ڕێکخراوی فیدایی خەلق، پاش شۆڕشی (١٩٧٩):**

دوابەدوای سەرکەوتنی شۆڕش، ئـەم ڕێکخراوە نووسینگەکانی لەزۆربەی شـارە ئێرانیەکان کردۆتەوە، لەیەکەم

هەڵبژدنی ئەنجوومەنی نوێنەرانیش (١٠٪) دەنگەکانی بەدەست هێناوە.


**ململانێ و ناکۆکیەکانی ناو ڕێکخراوەکە:**

ئەم ڕێکخراوە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران(١٩٧٩) بەدۆخێکی نالەباردا تێپەڕ دەبێت، ململانێیە ناوخۆییەکانی دەربارەی بابەتـە سیاسـی و ڕێکخراوەییـەکان پەرەدەستێنێت.

لەوماوەیەدا گفتوگۆ ناوخۆییەکان دەربارەی پرسـەکانی شـۆڕش و جـۆری سیسـتم بـوو، کـە بەهۆیـەوە دیاردەکـانی ململانـێ و جیابوونـەوە لەناویانـدا ڕوویـدا، دیـارە شـێوازەکانی خـەبات و هەڵوێسـت لەسیاسـەتەکانی حکومـەتی کۆمـاری ئیسـلامی لەبەرچاوترین ئەو پرسانە بوون، زۆربەی ئەنـدامانی ڕێکخراوەکە باوەڕیـان بەخـەباتی چەکداری نەمابوو، هاتبوونە سەر ئەو باوەرەی کەسیاسەتی حکومەتی ئیسلامی دژی ئیمپریالیزمە.

تێکـڕای ئـەو بابەتـە سیاسـی و هزرییانـە، شـیرازەی یـەکگرتوویی ڕێکخراوەکـەی هەڵوەشاندەوەو بەسەرچەند گروپێك دابەش بوو لەساڵی (١٩٨٠) بەدواوە، گروپەکانش بریتین: (لە نەخشەی جیابوونەوەکان)

## نەخشەی جیابوونەوەکان



**بیروباوەڕو ئاراستە هزری وسیاسیەکانی ڕێکخراوە:**

ئەم ڕێکخراوە بەنهێنی کاری دەکرد، ڕێبازی ئایدۆلۆجیان هزری مارکسی – لینینی بوو، بێ لایەن بوون لەململانێی نێوان یەکێتی سوڤیەت و چینی میللی.

دامەزرێنەرانی ئەم ڕێکخراوە گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە ڕێکخستنی جەماوەری بنکە فراوان سەرکەوتوونابێت بەهۆی تواناو چاوکراوەیی هێزە ئەمینەکانی ڕژێم، بۆیە ڕێکخستنێکی بچووك پشت بەستوو بەئەندامی خاوەن بیروباوەڕ لەگەڵ ڕێبازی خەباتی چەکداریان بەباشترین شێواز زانیوە.

بەپێی بیروبۆ چوونەکانی دامەزرێنەرانی ڕێکخراوەکە، ئامانجی سەرەکی لە خەباتی چەکداری تەنها زیان گەیاندن نیە بەرژێمی شای ئێران، بەڵکو کاریگەری سیاسیشی دەبێت و ڕێگای خەباتی شۆڕشگێری بۆ گەل و بۆ شۆڕگێران ڕووندەکاتەوەو تێیان دەگەینێت، کەتواناکانیان چەند گەورەیە لەڕووبەڕووبوونەوەی ڕژێم و توانای سەرکەوتن بەسەریدا.

**لەبەرنامەی ( ڕێکخراوی فیدائیان ) – ئەکپەریەت – دا هاتووە:**

بەرگریکردن لەئاشتی و ئازادی و دیموکراسی، مافەکانی مرۆڤ، عەدالەتی کۆمەڵایەتی، یەکسانی نێوان پیاووژن لەمافەکاندا، پارێزگاری لەژینگە، دابەشکردنی دیموکراسیانەی دەسەڵات، دەرفەتەکانی بۆدەسکەوتی مادی و زانستی یەکسان بن، دابینکردنی ئازادییەکان و مەرجەکانی ژیانێکی سەربەرزانەو مرۆڤانە بۆ هەموو دانشتوانی ئێران، پێگەیاندنی مەرجەکانی سەرمایەداری بەرەو سۆسیالیزم و دیموکراسیەت بەشێوەیەکی پلە بەپلە، دژایەتی هەموو جۆرە ناکۆکی و ململانێیەکی: چینایەتی، ڕەگەزی، نەتەوەیی و نەژادی.

**هەروەها بەرنامەکەی (ئەقلیەت) ئاماژە بۆ ئەم بابەتانە دەکات:**

١- کارکردن بۆ کۆتایی هێنان بەکۆماری ئیسلامی و دامەزراندنی دەولەتێکی کرێکاری کۆمونیستی.

٢- کارکردن بۆ لەناوبردنی سیستمی سەرمایەداری ودامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی کۆمۆنیستی.

٣- نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی و چەوساندنەوە.

٤- یەکسانی کۆمەلایەتی وئازادی بۆ هەموو ئەندامانی کۆمەڵگە.

## • ڕێکخراوی هێزی سێیەم:

## نیروی سوم (١٠١)

لەسەرەتای پەنجاکانی (سەدەی بیستەم) کۆمەڵێك لەئەندام و سەرکردەکانی حزبی تودە، ژمارەیان لەپەنجا کەس زیاتر دەبوو، بەسەرکردایەتی خەلیل مالیکی لە حزبی تودە جیابوونەوە، ئەوانە پەیوەندییان بەحزبی زەحمەتکێشانی ئێران کرد.

هۆیەکانی جیابوونەوەشیان لەحزبی تودە، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە تودەیان تاوانبار دەکرد بەپاشکۆیەتی بۆ حزبی شیوعی سوفیەتی و لادان لەبنەما بنچینیەکانی کاری حزب.

بەلام هەر دوابەدوای ڕووداوەکانی (٢١/تەموزی/١٩٥٢) لەئێران و دەست بەکاربوونی حکومەتەکەی (ئەحمەد قەوام)، ململانێ لەناو سەرکردەکانی حزبی زەحمەتکێشان سەری هەڵدا، ئەو ململانێیە ئەو حزبەی کرد بەدووبەشەوە، موزەفەر بەقایی سەرکردەی حزب و گروپێك لەلایەکەوە، خەلیل مالیکی و گروپێکی دیکە لەلایەکی دیکەوە.

موزەفەر بەقایی بەفەرمی سەرکردایەتی حزبی زەحمەتکێشانی گرتە دەست و درێژە بەچالاکیەکانی دا.

گروپەکەی خەلیل مالیکی لە سەر هەڵوێستی خۆیان مانەوە، دوای چوار مانگ بڕیاریاندا خۆیان وەك ڕێکخراوێکی سەربەخۆ بە ناوی – نیروی سوم – رابگەیینن.

ئەم ڕێکخراوە بە پێچەوانەی موزەفەر بەقایی و هەڵوێستەکانی، پشتگیری حکومەتەکەی د. موسەدەقی دەکرد، هەر وەك بە شداریيەك و بۆ بەهێز کردنی هەنگاوەکانی ئەو حکومەتە خەلیل مالیکی و هاوڕێکانی بەرنامەیەکی سێ خاڵیان خستەبەر دەم د. موسەدەق (سەرۆك وەزیران) کە لەم سێ خاڵە پێکهاتبوو:

١– دروستکردنی ڕێکخراوی چەکداری سیاسی لە ئەندامانی بەرەی نیشتمانی.

٢– پێکهێنانی ڕێکخراوێکی بەرەی فراوان.

٣– دانانی بەرنامەیەکی فراوان بۆ بەرە.

بەڵام کێشە ناوخویی و دەرەکیەکان کە بەرەو رووی د. موسەدەق و حکومەتەکەی بوونەوە دەرفەتی تەواوی پێنەدان کەلەو پێشنیازانە بکۆڵێتەوە، تا ئەو کاتەکەی کەحکومەتەکە رووخا.

هەر بەهۆی ئەو بارودۆخەوە، سەرکردەکانی ڕێکخراوی (نیروی سوم) دەسگیرکراون ودادگایی کران، هەموویان بۆ ماوەی جیاواز زیندانی کران، هەندێکیانیش روویان لەدەرەوەی وڵات کرد.

لەناو ڕێکخراوەکەش ململانێی توند روویداوە، دوو لەسەرکردەکانی (محەمەد عەلی خنجی، مەسعود حجازی)، سەرۆکی ڕێکخراوەکەیان تاوانبار دەکرد بەدزینی پارەو سامانی ڕێکخراوەکە و پەیوەندیکردن بەمحەمەد رەزاشاوە.

ئەوگروپە لەرێکخراوی (نیرۆی سوم) جیابوونەوەو رێکخراوێکی دیکەیان پێکهێنا بە ناوی (حزبی سۆسیالست).

ئەوەی تێبینی دەکرێ، کەرێکخراوی نیرۆی سوم، کاریگەری ئاشکرای هەبووە بەسەر ناوەندەکانی روناکبیرە چەپە ئێرانیەکان، هەر چەندە بنکەیەکی جەماوەری فراوانی نەبووە.

ئەم رێکخراوە رۆژنامەیەکی دەرکردووە بەناوی (نیرۆی سوم) هەروەها گۆڤارێکی هەبووە بەناوی (زانست و ژیان)، گۆڤارێکی دیکەشیان دەرکردووە بەناوی (ململانێی ژیان).

نیرۆی سوم، رووبەرووی نسکۆیەکی گەورە بۆتەوە بەمردنی نووسەری سوسیالستی (جەلال ئال ئەحمەد) و بێ سەروو شوێن بوونی خەلیل مالیکی.

**بەرنامەی نیرۆی سوم:**

خەلیل مالیکی سەرکردەی رێکخراوەکە خاوەن تیۆرییەکی تایبەتی خۆی بووە، کە خستویەتیە روو، ئەو ئاماژەی بۆ رەهەندە ناوخۆییەکانی ئێران کردووە، چ لەبارەی کارو هەلوێستەکانی حکومەت بوو بێت، یان بزووتنەوەی چەپ و حزبی تودە.

ئەو ئاماژەی بۆ رۆڵی زلهێزەکان کردووە لەسەردەمی قاجاریەکانەوە کە هەولیانداوە سوود لەئابوری و سامانی ئێران وەربگرن، سەرەرای شوێنە جواگرافیەکەی، باسی هەڵوێستەکانی روسیاو ئینگلیزی کردووە، دواتر رۆلی ئەلمانیا و هاوپەیمانیەتی یەکێتی سۆڤیەت و بەریتانیاو ئەمریکا لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانیەوە، لەبەرنامەی ئەم رێکخراوەدا، ئاماژە بۆ ئەم خاڵانەکراوە:

١- بیرورا دەربارەی کۆمۆنیستیەکی سەربەخۆ و سۆسیالیزمییەك لەگەڵ واقیعی ئێران گونجاو بێت.

٢- كاركردن بەهزری مارکسیەت بەشێوەیەکی واقیع بینانە.

٣- داکۆکی کردن لە سەرپێناسەی نەتەوەیی و بەرژەوەندیە نیشتمانیەکان.

٤- بێلایەنی لەنێوان سیاسەتی جیهانی و زل هێزەکان.

٥- بوونی بەرنامەیەکی رێك و پێك بۆ ئایندەی ئێران.

٦- سەربەخۆیی لەهەموو رووێکەوە.

٧- رێبازێکی واقیعیانە لەکارکردندا.

٨- دەرخستن و شیکردنەوەی لایەنە لاوازەکانی رۆشنبیران لەپەیوەندییان بەکۆمەڵگەی مرۆڤایەتی.

٩- هەڵسەنگاندنێکی واقیعیانە بۆ خەبات و تێکۆشانی سیاسی.

- **حزبی هەمراهان سوسیالست:**

## حزب همراهان (١٠٢)

حزبی همران، یان همراهان سوسیالست (لەگەڵ سوسیالست)، ساڵی (١٩٤٢) دامەزراوە، لەسەر دەستی گروپێکی بچووکی رۆشنبیرانی توندرەو، ئەوانی هاوکاری حزبی (تودە)ی ئێرانی بوون بەسەرکردایەتی مستەفا فاتیح.

لەسەرکردەکانی دیکەی ئەم حزبە: عەباسی تراقی، عەلی شەهیدزادە، دەرزی.

ئەم حزبە بڵاوکراوەیەکی دەرکردووە لەژێرناوی (ئەمروزو فردا) واتە ئەمڕۆ سبەی.

ئەم حزبە، وەك هەموو حزبەکانی دیکەی ئێران، بەرەو رووی ململانێی ناوخۆیی بۆتەوەو لەئەنجامدا بەسەردوو باڵدا دابەش بووە، ئەوانی لایەنگری حزبی تودە بوون، حزبێکیان دامەزراند بەناوی (سوسیالست) ئەوانی دیکەش، هەر لەسەرناوی حزبی هەمراهان مانەوە.

**لەئامانجەکانی حزبی هەمراهان:**

١- بەدیهێنانی یەکسانی سیاسی لەنێوان هەولاتیان.

٢- خۆمالیکردنی هۆکارەکانی بەرهەم هێنان، بەمەبەستی گەیشتن بەدروشمی: (بۆ هەریەکێ بەپێی کارەکەی):

## • ڕێکخراوی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست:

## اتحاد مبارزان کومونیست (امك) (١٠٣)

ئەم ڕێکخراوە مەڵبەندێکی ڕۆشنبیری بوو، کۆمەڵە بابەت و نووسینیان لەسەر مەسەلەکانی پەیوەست بەشۆڕش و بەکۆمەڵگای ئێرانی بڵاودەکردەوە، ئەوانە زیاتر خوێندکار بوون لەئێرانەوە بۆ وڵاتانی ئەوروپا بەمەبەستی خوێندن ڕۆیشتبوون و یەکیان گرتبوو.

ئەو ڕێکخراوە سەرەتا بەناوی (سەهەند) ناوی دەرکردو، گروپێکی بچووك بوون، بەڵام چالاکیە ڕۆشنبیری و سیاسییەکانیان بوونە هۆی ئەوەی مەڵبەندەکەیان گەورەو دەنگدانەوەی هەبێت.

دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانی بەسەر ڕژێمی شا (١٩٧٩) ئەوانە گەڕانەوە ئێران و خۆیان ڕێکخست لە ژێر ناوی (ئیتحادی مبارزان کمونیست)، لەسەر کردەکانیان: مەنسور حیکمەت، خەسرەو داوەر، حەمید تەقوایی، ڕەزا موقەدەم، ئیرەج ئازەرین، حەبیب فەرزاد.

ئەم ڕێکخراوە چەند بڵاوکراوەیەکی هەبووە، سەرەتا گۆڤاری (بسوی سوسیالیزم)ی درکردووە، واتە (دەنگی سوسیالیزم)، دواتر ڕۆژنامەیەك بەناوی (دژی بێکاری) ساڵی (١٩٨١)یش ڕۆژنامەی (کرێکاری کۆمۆنیستی) دەرکردووە ساڵی (١٩٨٠) مەنسور حیکمەت - بەرنامەی ڕێکخراوەکەی - نووسیووەتەوە کەبەکۆی دەنگی ئەندامان پەسندکراوە.

بەرنامەی ناوخۆی رێکخراوەکە لە (١٠) بەند پێکهاتووە، لەمادەی (١) ئامانج لەدامەزراندنی رێکخراوەکە روونکراوەتەوە، ئەم رێکخراوە جەختی لەسەر خەباتی چەپی سەرتاسەری و دامەزراندنی حزب کۆمۆنیستی ئێرانی کردۆتەوە.

لەمادەی (٢) بەرنامەکە هەیکەلی رێکخراوەیی رێکخستنەکانی دیاریکردووە ئیتیحادی مبارزان لەسەربنەمای ناوەندێتی دیموکراسی کاردەکات، رێکخراوەکانیش لە دووبەش پێك دێت: رێکخراوەکانی شوێنی کار، رێکخراوەکانی بەخش، رێکخراوی شار، پاش ئەنجوومەنی هەرێم دێت، کۆمیتەی ناوەندیش دەسلاتی بەرزترە، کۆنگرەش بالاترین دەسەلاتی ناو رێکخراوەکەیە.

**لەئامانجەکانی ئەم رێکخراوە:**

١- ئازادییە سیاسییەکان بێ مەرج.

٢- بەرگریکردن لەمافەکانی ژن و یەکسانی لەگەڵ پیاو لەهەموو بوارەکاندا.

٣- سەرنگومکردنی سیستی سەرمایەداری.

٤- پێکهێنانی ئەنجوومەنە کرێکاریەکان.

٥- کارکردن بۆ دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی.

دوای گەڕانەوەی ئەندامانی سەرکردایەتی رێکخراوەکە بۆ ئێران ودەست کردن بەکاری سیاسی و راگەیاندن، ئەم رێکخراوە بەرەو رووی فشارو سەرکوتکردن و زیندانی و کوشتن بۆتەوە، چەندین کادیری دیاریان لەلایەن دەسەلاتی کۆماری ئیسلامیەوە کوژراون، وەك: میهدی میرشاە زادە، جەواد قائیدی، مونیرە هاشمی، زەهرا دانشوەرفەزلی.

ساڵی (١٩٨٣) ئەم رێکخراوە لەگەڵ کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان و چەند لایەنێکی دیکە، یەکیان گرتووەو حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی دامەزراوە.

## • سازمانی وەحدەتی کۆمۆنیستی:

## وحدت كمونيست (١٠٤)

کۆمەڵە خوێندکارێکی ئێرانی لەویلایەتەیەککگرتوەکانی ئەمریکا، لەنێوان ساڵانی (١٩٧٦ – ١٩٧٧) بەیەکەوە چەند گروپێکیان پێکهێنا، لەژێرناوی: رێکخراوی شۆڕشگێرە کۆمۆنیستەکان، گروپی (بویا) هەروەها گروپی (یەکێتی ئازادی).

ئەم گروپانە سەرەتای چالاکیان بەکاری رۆشنبیری و ئایدیۆلۆجی هەستاون، هاوڕێ و لایەنگرانیان لەئەوروپاو ناو ئێران زۆر بووە.

ساڵی (١٩٧٧) بڕیار دەدەن رێکخراوێکی مارکسی – لینینی پێکبهێنن لەژێر ناوی (سازمانی وەحدەتی کۆمۆنیستی) بەکورتکراوی (سوك) ئاراستەی هزری و سیاسی ئەم رێکخراوە لەسەرەتا سەر بەڕێبازی هزری حزبی کۆمۆنیستی سوفیەتی بوو، پاشان روویان لەبیروبۆ چوونەکانی سەرکردەی چین (ماوتسی تونگ) کردووەو تیۆری جیهانی سێیەمیان پەیرەوکردووە.

ئەم رێکخراوە چەندبڵاوکراوەیەکیان دەرکردووە، لەوانە: کۆمۆنیستی کە (٢٨) ژمارەی لێدەرچووە لەلایەن سازمانی شۆڕشگێرە کۆمۆنیستەکان بڵاوکراوەتەوە، بابەتەکانی رەخنەبوون لەسیاسیەتەکانی محەمەد رەزای شای ئێران و ئیمپریالیزمی ئەمریکی و ئیمپریالیزمی کۆمۆنیستی (یەکێتی سوفیەت).

دواتر سازمانی وەحدەتی کۆمۆنیستی، گۆڤاری (راستی) دەرکرد لەدەرەوەی ئێرانی و (٢٥) ژمارەی لێدەرچووە، بابەتەکانی دەربارەی هزری شۆڕشگێری و دروشمەکانی دژ بەئیمپریالیزم بووە.

کادیرو سەرکردەکانی ئەم رێکخراوە، دوای شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) دەست دەکەن بەگەڕانەوە بۆ ئێران و بەکاری رێکخراوەیی هەڵدەستن، لەسەر کردەکانیان حەسەن ماسانی و خەسرەو کلانتری.

بیرو بۆچوونی ئەم ڕێکخراوە سەرەتا بەرامبەر بە شۆڕش و کۆماری ئیسلامی سیاسەتێکی لەبارو میانرەو بوو، بەڵام پیادەکردنی سیستمی ئیسلامیان لاقبول نەدەکرا، بۆیە کەوتنە رەخنەگرتن، لەلایەکی دیکەوە هەوڵیاندەدا لەشارەکانی ئێران ئەنجوومەن و ڕێکخراوەکانی خۆیان دروست بکەن و بیروباوەڕەکانیان بڵاوبکەوەنەوە، هەروەها کەوتنەکاری کۆکردنەوەی چەك و تەقەمەنی بەمەبەستی خۆئامادەکردن بۆ کاری شۆڕشگێری.

کاتێ سەرۆك کۆمار (ئەبولحەسەن بەنی سەدر) دوور خرایەوە، ئەوان خۆیان ئامادە دەکرد بۆکارێکی شۆڕشگێرانەو بەرنامەی خۆیان لەم بارەوە دارشتبوو.

بەرنامەکەیان دەستی پێکرد بەناردنی نزیکەی (٢٠٠) کەس لەئەندام و کادیرانیان بەچەکەوە بۆ ناو دارستانەکانی شاری (ئەمول) بەمەبەستی هێرشکردنە سەر شارەکەو دەست گرتن بەسەریدا.

ئەوان وایان چاوەڕوان دەکرد بەدەست گرتنیان بەسەر ئەو شارەو دروستکردنی بنکەیەکی شۆڕشگێری، ئیتر لەوێوە وردە وردە شارو ناوچەکانی دیکە ڕاپەرینیان تێدا روو دەدات و دەتوانن رژێمی ئیسلامی بگۆڕن.

لە (٢٥/کانونی دووەمی/١٩٨٢) دەستیان کرد بەجێبەجێکردنی پلانەکەیان هێرشیان کردە سەر شارەکە، بەڵام لەبەرامبەر هێزی رژێم خۆیان نەگرت و هەر لەماوەی یەك شەو رۆژدا، هێرشەکەیان شکستی هێناو ئەوانی مانەوە گەرانەو بۆ ناو دارستانەکانی و بەشێکیانیش لێ دەسگیرکرا.

## • حزبی کاری ئێران – توفان:

## حزبەکار – توفان (١٠٥)

ساڵی (١٩٦٥) بەهۆی ململانێیە ناو خۆییەکانی حزبی تودەی ئێرانی، گروپێك بەسەرکردایەتی (ئەحمەد قاسمی) لەو حزبە جیادەبنەوە، خۆیان رێکدەخەن لە رێکخراوێکدا و رۆژنامەیەك بەناوی (توفان) دەردەکەن، پاشان بەهۆی چەند کۆبوونەوەیەك بڕیاردەدەن ناوی حزبی کاری ئێرانی هەڵگرن، بەڵام هەر بەناوی (توفان) ناسراون.

ئەم حزبە هەڵگری ئایدیۆلوجیای (مارکس – لینینی)یەو سەر بەرەوتی (ئەنوەر خۆجای ئەلبانیا بووە، کەلایەنگری رێبازە سیاسیەکەی ستالین بوون.

چالاکوانانی ئەم حزبە زیاتر لەدەرەوەی ئێران و لەوڵاتی ئەلمانیا جێگیر ببوون، حزب ئەندام بووە لەکۆنفرانسی حزبەکانی نێو نەتەوەیی مارکسیە لینینیەکان.

لەکەسە دیارەکانی ئەم حزبە: ئەحمەد قاسمی، خەلیل، بەهمەن محەمەد رەزا، غولام حوسێن فروتن.

### لەدروشم و ئامانجەکانی حزب:

١–لەناوبردنی رژێمی سەرمایەداری کۆماری ئیسلامی ئێرانی.

٢–پشتیوانی کردنی داگیرکەرانی عێراق ، پشتگیرییە بۆ ئیستعمار.

٣– داوای دەرچوونی بێ مەرجی ئەمریکا دەکەین لەعێراق.

٤–بەربەرەکانی کردنی تیرورو ئیمپریالیزم بەتووندی.

٥–سەرکەوتن و ژیان بۆ مارکسیزم و لینینیزمە .

٦– دژایەتیکردنی تاوان و هەڵس و کەوتەکانی زایونیزم، لەفەلەستین.

٧- دامەزراوو ڕێکخراوەکانی سیستمی پاشایەتی داخوازیەکانی ئیمپریالیزمی ئەمریکی بەدی دێنن.

٨- تێکۆشان و چارەسەری ڕەنجبەران لەیەکگرتنی ڕێکخراوەکانیانە.

٩-پیرۆز بێت تێکۆشانی جەماوەر لەپێناو دابین کردنی سەرکردایەتی چینی کرێکار.

## • ڕێکخراوی شۆڕشگێری (حزبی توده)

## سازمان انقلابی (١٠٦)

ساڵی ١٩٦٤ بەهۆی تەوژمی چەپی جیهانی وگەشەکردنی هزری ماویزم، هەروەها بەهۆی ناڕەزایی وبێ ئومێدی لەسەرکردایەتی حزبی تودە، کۆمەڵە کادیرو ئەندامێکی ئەو حزبە، ئەوانی لەوڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا دەژیان، بڕیاری جیابوونەوەو دامەزراندنی ڕێکخراوێکی سیاسی نوێیاندا لەژێر ناوی (ڕیکخراوی شۆڕشگێری).

بۆ جێبەجێکردنی ئەم بەرنامەیە لەشوباتی (١٩٦٤) لەشاری میونیخ (لەلمانیا) چەند کادیرو ئەندامێکی پێشووی حزبی تودە، کۆنفرانسێکیان بەست، ئامادەبوان کۆنفرانسەکە بریتی بوون لە:

(حەسەن قازی) لەشاری پاریسەوە هاتبوون، (موحسین ڕەزوانی) لەشاری لەدەندەنەوە، (حەسەن زادە) لەشاری (ئاخن)ی ئەلمانیای ڕۆژئاوا، (حەمیدی مەدەنی) لەشاری (توینگن) لە ئەلمانیای ڕۆژئاوا، (ق . و) لەوڵاتی نەمسا، خەسرەو سەفایی لەئیتالیاوە، میهدی خانباباتارانی و کورش لاشایش لەمیونخەوە.

ئەوانی ئامادەی کۆنفراسەکەبوون، نوێنەری هەڵبژاردەی ڕێکخراوەکانی حزبی تودە بوون لەو شارانەی کەئاماژەیان بۆ کرا.

لەو کۆبوونەوەیە بڕیادرا بەدامەزراندنی (ڕێکخراوی شۆڕشگێری) حزبی تودەی ئێرانی، هەروەها:

١- خەباتکردن دژی حزبی تودە بۆ جیاکردنەوەی هاوڕێیانی دیکە.

٢- دەستکردن بەکاری شۆڕشگێری پارتیزانی لەئێران.

بەڵام شانەی ڕێکخراوەیی پێکنەهات، بەڵکو چەند گروپێکی (٧ - ٨) کەسی پێکهات، ئەوانەش بۆ کاری سەربازی ڕەوانەی وڵاتی چین بکرێن و دواتر بگەڕێنەوە بۆ ئێران.

دیارە لەم لەمبارەوە دەسکرا بەپەیوەندیکردن لەگەڵ بەرپرسانی وڵاتی چین کە هاتووچۆ هەبوو لەنێوان هەردوولاوز زەمینەسازی بۆ کرابوو.

دەسکرا بەناردنی گروپەکان بۆ وڵاتی چین، ئەویش لەڕێگای وڵاتی پاکستانەوە هەر گروپێك ماوەی (٤ - ٥)مانگ لەو وڵاتە دەمانەوە بۆ ڕاهێنان لەسەرکاری چەکداری و پاشای بەهەمان ڕێگا دەگەڕانەوە بۆ ئێران.

یەکەم گروپ پێکهاتبوو لە: بیژەن حیکمەت، عەتا حەسەن ئاقایی کەشکول، موحەمەد عەتری، بیژەن چهرازی، ڕەحیمی لاریجانی، عەلی سەعادەتی، خوسرەو محەمەد ڕەجائی.

یەکەم کۆنگرەی ئەم ڕێکخراوە ساڵی (١٩٦٥) لەشاری (تیرانا) پایتەختی وڵاتی ئەلبانیا بەستراوە، باسەکانی ناو کۆنگرە دەربارەی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەو شێوەی کارو چالاکیەکانی چۆن بێت، هەر لەکۆنگرەش دەستەیەك بۆ بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردرا کەلەم ناوانە پێکهاتبوون: موحسین ڕەزوانی، کورش لاشایی، بیژەن حیکمەت، بیژەن چەهرازی، هەروەها هەردوو (و . ق) و مەنوچەهر بوزەیش) وەك ڕاوێژکار دیاریکراون.

بەڵام حەمید گەوهەری لەکتێبەکەی (ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵ) نووسیویەتی:" ساڵی (١٩٦٨)، سێ ئەندامی حزبی تودە ئەحمەد قاسمی، غولام حوسێن فروتەن عەباس سەحاب، لەگەڵ هەریەك لە: کورووش لاشایی، موحسین ڕەزوانی، مەهدی خانبابا تارانی، سیروس نەهاوەندی، محەمەد جاسمی، بیژەن حیکمەت و ژمارەیەکی دیکەش لەشاری تیرانا (پایتەختی ئەلبانیا) ڕێکخراوی شۆڕشگێری حزبی تودەیان دامەزراند ئەم ڕێکخراوە لەڕێگەی چەند ئەندامێکیەوە پەیوەندی لەگەڵ حکومەتی کوبا ساز دابوو، ئەوان سەردانی ئەو وڵاتەیان کردبوو، هەر بەمەبەستی بەدەست هێنانی هاوکاری و ڕاهێنانی ئەندامانی لەسەر کاری سەربازی.

ڕێکخراوەکە، ژمارەیەك ئەندامانی خۆی ڕەوانەی ئێران کردەوە، هەوڵێکی زۆریشیاندا کەبەکاری پارتیزانی هەستن، یەك لەو چالاکیانەی پێوەی تاوانبارکران، هەوڵی کوشتنی محەمەد ڕەزاشا بوو.

## ململانێ و ناکۆکیەکی ناو ڕێکخراوەکە:

بەهۆی نەبوونی بەرنامەیەکی ڕوون و جیاوازی بیروبۆچوونەکانی ناو سەرکردەکانی هەروەها نەشارەزایی تەواو لەهەل و مەرجی کۆمەڵایەتی و گۆڕانکاریەکان لەناوچین و توێژانی کۆمەڵ، بەتایبەتیش جوتیاران، ئەوا ململانێی توند کەوتە ناو ڕیزەکانیان و کارگەیشتە سەر تومەتبارکردنی یەکتری و باڵباڵێن و جیابوونەوە.

ساڵی (١٩٦٧) لەکاتی بەستنی دووەم کۆبوونەوەی فراوانی ڕێکخراوەکە، لەناو کۆبوونەوە دووئاراستە سەریان هەڵدا:

ئاراستەیەك لەو باوەڕە بوون کە تەنها دەبێت خەریکی کاری هزری و تیۆری بن و ڕێکخستنەکانیان هۆشیاربکەنەوە، ڕابەری ئەم ئاراستەیەش مەحمود موقەدەم بوو، ئاراستەی دووەم، ڕێکخستنێکی دیکەیان پێکهێنا بەناو (ڕەوتی کادیر) کە هەلگری بیروباوەڕی پیشوی ڕێکخراوی شۆڕشگێری بوون.

## • ڕەوتی کادیر: (١٠٧)

لەکۆنفرانسی ساڵی (١٩٦٧)ی ڕێکخراوی شۆڕشێڕی حزبی تودە، کۆمەڵە کادیرێک بڕیاری جیابوونەوەی خۆیانداو لەژێرناوی (گرووپی کادیر) یان (ڕەوتی کادیر) خۆیان ڕێکخست، ئەوانی لەم کۆنفرانسەدا بەشداریان کرد بریتی بوون لە: پەرویز واعیززادە، سیاوەش پارسانژاد، خوسرەو سەفایی، عەلی سادقی، موحسین ڕەزوانی، عەتا حەسەن کەشکولی، موحەمەد جاسمی، م . ع، عەلی شەمس، ئیرەج کەشکولی، کوروش لاشایی، بیژەن حیکمەت، مەجید ڕەزبەخش، مەنوچەهر بوزەری، ئەسەدوڵلا تیۆرچی، مەحمود موقەدەم، عەلی کائیدی، گویا ف . ی، میهدی خانبابا تارانی.

دەستەی بەڕێوەبردنی ڕەوتی کادیر پێکهاتبوو لە:

مەنوچەهر بوزەری، مستەفا کائیدی چوار مەحالی، فەیروز فولادی، هـ . ق، میهدی خانبابا تارانی، بەهمەن نیرومەند، چ . پ، مەجید زەربەخش.

### هۆیەکانی ناکۆکی و جیابوونەوەی ڕەوتی کادیر:

١- پەیرەوکردنی پیلان لەجیاتی خەباتی ئایدیۆلۆجی.

٢- نارونی سنوری نێوان ئەندام و غەیرە ئەندام لەڕێکخراوەکەدا.

٣- هەڵپەرستی لەپەیوەندییە دەرەکیەکاندا.

٤- سەرکوتکردنی کادیر گەلێکی بەئەزمون.

٥- خۆ بەزڵ زانینی ڕێبەری ڕێکخراوی شۆڕشگێر.

**بنەما هزری و سیاسییەکانی رەوتی کادیر:**

بەباوەڕی ئەم رەوتە رێکخراوی شۆڕشگێری تووشی باوەڕهێنانی کوێرانە بووە بە تواناو هێزی سیاسی رێکخراوەکەو دەیەوێت وەکو پارتیزانەکان هەڵس و کەوت بکات، رەوتی کادیر کار دەکات بۆ بەشداریکردن لەخەباتی کونفیدراسیون و زیندوو راگرتنی بزووتنەوەی دیموکراتی خوێندکاران و لاوان، هەروەها سەربەخۆیی لە کاروباری بەڕێوەبردن و بڕیارو دارایی رێکخراوەکە.

ئەم رەوتە هەوڵیداوە پەیوەندی بەئەندامانی رێکخراوی شۆڕشگێر بکات لە ویلایەتەیکگرتووەکانی ئەمریکاو ناو ئێران، بەڵام لەکارەکانی سەرکەوتوونەبوو، رەوتی کادیر گۆڤارێکی بەناوی (نەبەرد) چاپ دەرکرد.

- **رێکخستنی کرێکارانی شۆڕشگێری ئێران:**

**سازمان کارگران انقلابی ایران (راکارگر) (١٠٨)**

ئەم رێکخستنە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) پێکهاتبوو، بەڵام بەفەرمی لە (١٩٨٠) دامەزراندنی خۆی راگەیاندووە، بەکورتی ناوەکەی بە (راکارگر) هاتووە.

**ئامانجەکانی لەم چەند خاڵە کورت دەکرێتەوە:**

١-دادوەری کۆمەڵایەتی.

٢-مافەکانی مرۆڤ

٣- بەرپاکردنی شۆڕشی لەئێران.

ئاراستەی ئایدیۆلۆجی و سیاسی ئەم رێکخراوە چەپی ناوەڕاستە.

ئەم رێکخراوە لەسەردەستی کۆمەڵە ئەندام و هەوادارانی رێکخراوی فیدائیان و موجاهیدە مارکسیەکان پێکهاتووە، کاتێ زۆربەی ئەندام و چالاکوانانی ئەو رەوتە

مارکسیانە لەخەباتی چەکداری و پارتیزانی دوورکەوتوونەتەوەو ڕێبازو شێوازی دیکەیان بۆخەبات هەڵبژاردووە، ئەویش بەڕێگای هۆشیار کردنەوەی گشتی و بزووتنەوەو چالاکی جەماوەری.

**لەکەسە دیارەکانی ئەو ڕێکخراوە:**

عەلی ڕەزا شوکوهی، کەلەساڵی (١٩٨٢) لەلایەن ڕژێمی کۆماری ئیسلامی لەسێدارە درا.

عەلی ڕەزاشا بود، کەلەمیانی لەسیدارەدانە گشتیەکانی زیندانە سیاسییەکانی ساڵی (١٩٨٨) لەسێدارە دراوە.

محەمەد ڕەزا شالگونی، ئێرانی بەجێهێشتووەو لەوڵاتی ئەلمانیا نیشتەجێ بووە، یەکەم بڵاوکراوەی ڕێکخراوەکە بەناوی (راهی کار جار) لەسەرەتای (١٩٧٩) دەرچووە.

راکارگار، ڕێبازی ئۆپۆزیسیونی گرتۆتەبەرو ڕەخنەی توندی ئاراستەی کۆماری ئیسلامی و سیستەمەکەی دەکات، بەهۆی چالاکیەکانی نزیکەی (٣٠٠) ئەندام و چالاکوانی خۆی لەدەستداوە لەساڵانی رابردوو.

هەر بە هۆی فشارو هەرە شەو مەترسی لەسەر ژیانی کادیرو ئەندامانی ڕێکخراوەکە ژمارەیەکی زۆریان ئێرانیان بەجێ هێشتووە.

- **ڕێکخراوی یەکگرتووی چەپ (ئێران): (١٠٩)**

پێشینەی ڕێکخراوی یەکگرتووی چەپ دەگەڕێتەوە بۆ هاوکاری ولێك نزیکبوونەوەی نێوان چەند چالاکوان و گروپێکی مارکسی و کۆمۆنیستی ئێرانی لەدەرەوەی وڵات.

وەك گروپەکانی کرێکاری و ڕێکخراوی یەکێتی کۆمۆنیستی و گروپی چەپی بچووك بچووکی دیکە، هەروەها چەند چالاکوانێکی ناو ڕێکخراوە چەپەکانی دەرەوەی ئێران، لەگەڵ چەند ڕووناکبیرێك لەناو ئێران.

ئەو گروپانە هەموویان دابڕابوون لەفۆرمە نەریتیەکەی ڕێکخراوەکانی چەپ و جۆرێك لەبزاڤی سوسیالزمی دیموکراسیان قبول کردبوو.

ئەندامانی ئەو سێ ڕێکخراوەی سەرەوە، لەسەردەمی چالاکی خوێندکارییەوە یەکتریان دەناسی، خاڵی هاوبەشیان دابڕان بوو لەچەپی نەریتی، ئەوانە لە ماوەی ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانی و لەمانگی ڕێبەندانی ساڵی (١٩٧٩) ڕێککەوتن لەسەر پێکهێنانی ڕێکخراوێکی هاوبەش کەجۆراوجۆری و بۆ چوونی هەر ڕەوتێك قبول بکەن، لەئاکامی گفتوگۆکانی نێوانیان بەیاننامەیەك بڵاوکرایەوە لەژێرناوی ڕێکخراوی یەکێتی چەپ.

ئەم ڕێکخراوە لەهەوڵی ئەوەدابوو کەلەگەڵ ڕێکخراوە چەپەکانی دیکەش بکەوێتە دیالۆگ بۆ پێکهێنانی بەرەیەکی دیموکراسی میللی فراوان، ئەوان گۆڤارێکیان دەرکرد بەناوی (گۆڤاری یەکگرتووی چەپ) لەمانگی (ئایاری/١٩٨٠).

## ململانێ و ناکۆکیەکانی ناوڕێکخراوەکە:

بەتێپەڕ بوونی کات، بەهۆی گۆڕانکاریەکان لەبارو دۆخی وڵات وجیاوازی بیروبۆچوونەکان، بەتایبەتیش کاتێ ڕەوتی رادیکالیزمی لەوڵات رووی لەتوند بوون کرد، لەناو بەرەی یەکگرتووی چەپ چەندین بیروباوەڕی جیاواز سەری هەڵدا، لەئاکامدا چەند ڕەوتێك دروست بوون و لەیەکتر جیابوونەوە، وەك بزووتنەوەی سەربەخۆیی کرێکاران، رەوتی یەکێتی کۆمۆنیست.

دیارە ئەم کارە بوویەهۆی کۆتایی هاتن بەڕێکخراوی یەکگرتوی چەپ.

## • ڕێکخراوی ( پەیکار )

### سازمان پیکار — در ئزادی گبقه کارگر :

### ڕێکخراوی خەبات لە پێناو ئازادی چینی کرێکار( ١١٠ )

وشەی (پەیکار) لەزمانی فارسیدا بەدوو مانادێت (جەنگ و سەرەتیر)، ئەم ڕێکخراوە گروپێکی مارکسی بوون لەبزووتنەوەی موجاهیدینی خەلکی ئێران جیابوونەتەوە سالی (١٩٧٥)، ئەویش لەئەنجامی گۆڕینی ڕێبازی هزرییان و باوەڕهێنانیان بەتیۆری مارکسیزم، وەك ئایدیۆلۆجیایەك بۆ خەبات لەجیاتی ڕێبازی ئیسلامی کەڕێکخراوی موجاهیدینی خەلك پەیڕەوی دەکرد.

بالەسەرەکیەکەی ڕێکخراوەکە (موجاهیدین) بەرابەرایەتی مەسعود رەجەوەی هەر لەسەرهەمان ڕێبازی هزری و سیاسی خۆی بەردەوام بوو.

ئەم ڕێکخراوە لە (٧/تشرینی یەکەمی/١٩٧٨) ناوی پەیکاری بۆ خۆی هەلبژارد، دیارە هەلبژاردنی ئەم ناوەش بەکاریگەری ناوی ڕێکخراوەکەی (سانتاپترسبورگ) بوو، لەپێناو ئازادی چینی کرێکار، ئەوڕێکخراوەی کەلەروسیا لەسەردەستی لینین سالی (١٨٩٥) دامەزرا.

لەسەر کردەکانی (پەیکار)، هەریەك لەموجتەبی تالقانی (کوڕی ئایەتوللا تالقانی، ئەندامی دیاری ناوبزووتنەوەی موجاهیدینی خەلك)، حوسین روحانی (کەخۆی کاندید کرد بۆ ئەنجومەنی شورای ئیسلامی لەسەر شاری تاران) روحانی رەخنەی توندی لە خومەینی گرتووەو بەوەی ناساندکە (دواکەوتوویەکی شار ستانیە، وەك ئەوەی لەسەدەکانی ناوەڕاست بژێت).

حوسین روحانی دواتر لەلایەن دەسەلاتەوە دەسگیر دەکرێت و لەزیندان ماوەتەوە تاسالی (١٩٨٢)، دواتر دەری بری کەلەبیرو باوەرەکانی خۆی پەشیمان بۆتەوە،

بزووتنەوەی پەیکار رۆڵی کاریگەری هەبووە لەگۆڕەبانی سیاسی ساڵانی هەشتاکان، زۆرترین کارە چەکداریەکانی باکوری ئێران ئەم رێکخراوە پێی هەستاوە، پەیکار بەرپرسیشە لەوکارەی کەلەناو باڵیۆزخانەی ئێران روویدا ساڵی (١٩٨٢) لەشاری جنیفی سویسری.

بەپێی ئامارەکان ئەم رێکخراوە لەنێوان ساڵانی (١٩٧٩ – ٢٠٠٢) ژمارەی (٥٥٨) کەس لەئەندامانی شەهیدبوونە، بەهۆی ئەو چالاکیانەوە.

دواتر ئەم رێکخراوە پێگەو کاریگەری خۆی لەدەستداوەو بەشێکی زۆری ئەندامانی دەگەڕێنەوە ناو رێکخراوی موجاهیدینی خەڵك، یاخود تێکەڵاوی گروپی دیکەی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی بوونە.

- **رێکخروی ئیتحادی فیدائیان کۆمۆنیست:**

**سازمان اتحاد فدائیان کمونیست (١١١)**

سازمانی ئیتحادی فیدائیان، رێکخراوێکی کۆمۆنیستیە، دوای ململانێ و جیابوونەوەکانی ناوی رێکخراوی چریکەی های فیدائیانی خەلقی ئێران، پێکهاتووە، لەچەند گروپ و چالاکوانێکی ئاراستەمارکسی، لەساڵی (١٩٧٩)، خۆی راگەیاندووەو خۆی بەدرێژە پێدانی رێکخراوی چریکە های فیدائی دەزانێت و خەباتی سیاسی و جەماوەری هەیە.

**لەئامانجەکانی ئەم رێکخراوە:**

- رێکخراوی ئیتحادی فیدائیانی کومۆنیست وەك بەشێك لەبزووتنەوەی کرێکاری ئێران، پەرەی بەشێوەی رێکخراوەیی و رەوتی خۆیداوە، خەبات دەکات بەرەو ئاسۆیەکی پیرۆزو هەولدەدات بەئامانجی دامەزراندنی کۆمەڵگەی سوسیالستی و کۆمۆنیستی بکات.

• لەگۆڕەپانی چالاکی و خەباتدا، ئەوەی فێری بووە سۆسیالیزمی زانستیەو پەیرەوی دەکات لەبوارەکانی خەباتی ئایدیۆلۆجی و چینایەتی و کرێکارانی پێ هۆشیاردەکاتەوەو ڕێکیان دەخات.

## شێوازی کاری ڕێکخراوەیی سازمانەکرا:

ئەساسنامەی ڕێکخراوەکە لە (٥) بەش و (٨٥) مادە پێکهاتووە، لەو بوارە ئاماژە بۆ ئەم باسانە دەکات:

١- بەشی یەکەم/ مێژووی دامەزراندنی ڕێکخراوەکەو ئارمی دەخاتە ڕوو.

ئارمی ڕێکخراوەکە بریتیە لەئەستێرەیەکی سوری گەورەو بەگوڵ دەوردراوە، لەسەر ئەستێرەکەشی داس و چەکوچێك هەیە، کە ئاماژەیە بۆ چینی کرێکارو جوتیار.

٢- بەشی دووەم/ پرەنسیپەکانی ڕێکخراوەکە ڕووندەکاتەوە، ئەو ڕێکخراوە لەسەر بنەمای ناوەندێتی دیموکراسی کاردەکات.

٣- بەشی سێیەم/ باس لەئەندامیەتی بوون لەڕێکخراوەکە دەکات، مەرجەکانی مافەکانی، ئەرکەکانی سەرشانی، سزاو لێپرسینەوەکان لەگەڵ ئەندامان.

٤- بەشی چوارەم/ ئاماژە بۆ ئۆرگانەکانی ڕێکخراوەکە دەکات، ئۆرگانەکانی خوارەوە لەسەر بنەمای جوگرافی و شوێنی کار دادەمەزرێن، ڕێکخراوەکە دوو ئۆرگانی سەرکردایەتی هەیە، شورای ناوەندی و کۆمۆسیونی ناوەندی، کە هەردووکیان لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێن، هەریەکە ئەرك و بەرپرساریەتی تایبەتی هەیە، کۆنگرەی ڕێکخراوەکەش باڵاترین دەسەڵاتە.

٥- بەشی پێنجەم/ باس لەکۆنگرە بەستن دەکات، ماوەکانی، دەسەڵاتەکانی .

**حزب و ڕێکخراوو ڕەوتەکانی چەپ لەئێران لەماوەی سەدەی بیستەمدا : ( ١١٢ )**

١. حزبی ئیجتمایون عامیون ئێران.

٢. حزبی دیموکراتی ئێرانی.

٣. حزبی عەدالەتی ئێرانی.

٤. حزبی شیوعی ئێرانی.

٥. حزبی کۆماری شۆڕشگێری ئێرانی.

٦. گروپی د. ئارانی (٥٣) کەس.

٧. حزبی تودەی ئێرانی.

٨. حزبی زەحمەتکێشانی گەلی ئێرانی

٩. هێزی سێیەم.

١٠. کۆمەڵەی سوسیالستە ئێرانیەکان لەئەوروپا.

١١. گروپی مارکسی – کروژوکها.

١٢. ڕێکخراوی شۆڕشگێری حزبی تودە.

١٣. یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست.

١٤. ڕەوتی کادیر.

١٥. ڕێکخراوی (مارکسی – لینینی) توفان.

١٦. حزبی زەحمەتکێشانی ئێران.

١٧. ڕێکخراوی (پەیکار).

١٨. ڕێکخراوی چریکەهای فیدائیانی خەلقی ئێران.

١٩. ڕێکخراوی فیدائیان – ئەکپهریەت.

٢٠. ڕێکخراوی فیدائیان – ئەقلیەت.

٢١. ڕێکخراوی چریکەهای فیدائیانی خەلقی ئێران (پەیڕەوی بەرنامە).

٢٢. ڕێکخراوی چریکەهای فیدائیانی خەلقی ئێران.

٢٣. ڕێکخراوی چریکەهای فیدائیانی خەلق ئێران (گروپی ئەشرەف دەهقانی).

٢٤. ڕێکخراوی کرێکارانی شۆڕشی ئێرانی (ڕاکارگر)

٢٥. یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست (سمند)

٢٦. یەکێتی کۆمۆنیستەکانی ئێران.

٢٧. ڕێکخراوی شۆڕشگێرانی کۆمۆنسیت (م. ل).

٢٨. گروپی ئیتحادی کۆمۆنیستی.

٢٩. بەرەی دیموکراتی میللەتی ئێران.

٣٠. بزووتنەوەی دیموکراتی.

٣١. شۆڕشگێرە زەحمەتکێشەکانی گەیلان و مازەندەران.

٣٢. ڕێکخراوی یەکێتی چەپ.

٣٣. ڕێکخراوی تێکۆشەران بۆ دامەزراندنی بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاران.

٣٤. ئەنجوومەنی یەکگرتووی چەپ بۆ دیموکراسییەت و سەربەخۆیی.

٣٥. حزبی دیموکراتی گەلی ئێران.

٣٦. ئەنجوومەنی کاتی سوسیالستەکانی چەپی ئێران.

٣٧. ڕێکخراوی سوسیالستەکانی ئێران.

٣٨. حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی.

٣٩. تیپی دیموکراسی ئازەربیجانی ئێرانی.

٤٠. ڕێکخراوی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان.

## • حزب و ڕێکخراوە ئاینیەکان

### ڕێکخراوی فیدائیانی ئیسلام: (١١٣)

ئەم ڕێکخراوە ساڵی (١٩٤٥) دامەزراوە لەسەر دەستی گەنجێکی توندڕەو بەناوی (موجتەب میرلوجی) ناسراوبە (نواب سەفەوی)و بەهاوکاری کۆمەڵە کەسانێکی دیکە لەبازرگان و خوێندکارانی ئاینی شاری تاران، دەوترێت ئایەتوڵڵا کاشانی هاوکاریان بووە، هەروەها دەکرێ بوترێ کە ئەم ڕێکخراوە یەکەم ڕێکخراوی ئاینی ئایدیۆلۆجی بوو لەئێران.

### ڕێکخراوە لەدوو باڵ پێکهاتبوو:

١) باڵی فیدائیەکان، کەباڵە سەربازییەکەی ڕێکخراوەکەبوو، بەکاری کوشتن و چەکداری هەستاوە دژی دامەزراوەو کاربەدەستانی ڕژێم.

٢) ئیسلامیە موجاهیدەکان، ئەم باڵەیان بەئاشکراکاری دەکردو لەلایەن (شەمس قەنات ئابادی) بەڕێوە دەچوو.

لەسەرکردەکانی ڕێکخراوەکە: موجتەب نواب سەفەوی، سەید محەمەد واحیدی، خەلیل تەهما سپی، ژولقەدەر، حوسێن ئیمامی.

### ئامانجەکانی ڕێکخراوەکە:

١. دامەزراندنی سیستمێکی پیوکراسی کەشەریعەتی ئیسلام پیادە بکات لەهەموو بوارەکانی ژیان.

٢. دژایەتی یاسا عەلمانیەکانی حکومەتەکەی شای ئێران.

٣. دژایەتی بەرژەوەندییەکانی ئیستعمارو دژایەتیکردنی هزری مارکسی.

نواب سەفەوی، سەرکردەی ڕێکخراوەکە، ساڵی (١٩٥٠) کتێبێکی بڵاوکردەوە بە ناوی (بەیانی فیدائیانی ئیسلام)، ئەو بەئاشکرا دەڵێت:

" ئێران بەهۆی حکومەتە تاوانبارەکەی، هەژاری و نەخۆشی و نەزانینی تێدا بڵاوبۆتەوە، دەبینین چۆن ڕۆڵەکانی ئەم گەلە هاواردەکەن و دەپاڕێنەوە بەڵام حکومەتە ستەمکارەکەو پیاوە دزەکانی خۆیان کڕ کردووە (کەمەبەستی دەسەڵاتە) لەئاست ئەو هەموو هاوارانە، ئەی خۆفرۆشان، ئێران دەوڵەتێکی ئیسلامیە ئێوە دزو داگیرکەرن.

**ئەم ڕێکخراوە چەند چالاکیەکی ئەنجام داوە، دەکرێ ئاماژە بۆ بەشێکیان بکەین:**

١. کوشتنی ڕووناکبیری بەناو بانگی ئێرانی (ئەحمەد کسرەوی) بەهۆی ڕەخنەگرتنی لەدامەزراوە ئاینیەکانی شیعەی ئێران.

٢. کوشتنی وەزیری حکومەت (عەبدولحوسین هەژیر) لە ٤/تشرینی دووەمی/١٩٤٩.

٣. کوشتنی سەرۆك وەزیرانی ئێران (جەنەڕاڵ رزم ئارا) لە (٧/ئازاری/١٩٥٠)

٤. تەقەکردن لەسەرۆك وەزیران (حەسەن عەلی مەنسور)و بریندارکردنی، ئەمەو سەرەڕای چەندین کاری چەکداری دیکە.

بەهۆی ئەوڕوداوانە، حکومەتی ئێران هەڵمەتێکی دسگیرکردنی دەست پێکرد سەرەتا سەرۆکی ڕێکخراوەکە دەسگیرکراو ماوەی (بیست) مانگ لەزیندا دەبێت، پاشان بەهۆی گۆرانکاری سیاسی لەوڵاتدا ئازاد دەکرێت.

ساڵی (١٩٥٥) ژمارەیەکی دیکەی کادیرو سەرکردەکانی ڕێکخراوەکە دەسگیردەکرێن، لەناویاندا، نواب سەفەوی، محەمەد واحیدی، عەبدە خودایی، خەلیل تەهما سپی، هەموویان بڕیاری کوشتنیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

رێکخراوەکە لەو سەرو بەندەدا بەرەو رووی کێشەو قەیرانی ناو خۆیی دەبێتەوە، چەند رووداوێکی ململانێ و جیابوونەوە لەناو رێکخستنەکانی روودەدات وەك:

١. سالّی (١٩٤٨) شەمس قنات ئابادی لە رێکخراوەکە جیادەبێتەوەو کۆمەڵەی موجاهیدین دادەمەزرێنێت.

٢. سالّی (١٩٥٢) محەمەدی واحیدی ریزی رێکخراوەکە بەجێدەهێڵێت.

بەم رووداوانە و ئەو هەل و مەرجەی، دروست بوو، رێکخراوەکە بەرەو رووی لاوازی دەبێت و چالاکیەکانی کپ دەبنەوە.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) رێکخراوەکە چالاکیەکانی دەست پێدەکاتەوە، رۆژنامەیەك دەردەکات بەناوی (مەنشور برادەری) بەمانای بلاوکراوەی برایەتی (لەژمارەیەکیدا مێژووی (٢٥/ئایاری/١٩٧٩) ئاماژە بۆ چەند بڕیارێکی سەرکردایەتی رێکخراوەکە دەکات:

أ- فیدائیانی ئیسلام دەست بەچالاکی دەکەن بەپێی دەستورو شەرعی پیرۆزی ئیسلام و ناوەرۆکی قورئان و دەستوری ئیمامە پیرۆزەکان.

ب- فیدائیانی ئیسلام کار بە رێنمایی و بڕیارەکانی خومەینی دەکەن.

ج- فیدائیانی ئیسلام بۆ پارێزگاری کۆماری ئیسلامی کاردەکەن.

د- فیدائیانی ئیسلام پاسەوانی شۆڕشن و (یأمرون بالمعروف وینهون عن المنکر)

هـ- فیدائیانی ئیسلام هەوڵدەدەن لەئایندە ببنە چەکی دەستی کۆماری ئیسلامی.

هەروەها دەسەلاّتدارانی کۆماری ئیسلامی، بڕیاریاندا کە سادق خەلخالی سەرۆکی فیدائیانی ئیسلام، بەسەرۆکی دادگای شۆڕش ئێرانی دابنرێت ئەم رێکخراوە، دواتر وەك کۆمەلەیەك بەهەمان ناو (فیدائیانی ئیسلام) خۆرێکخستۆتەوەو سکرتێری گشتی کۆمەڵەکەش (محەمەد مەهدی عەبدخودابیە)

## • کۆمەڵەی مامۆستایانی حەوزەی عیلمی قوم:

## جامعەمدرسین حوزه علمیه قم (١١٤)

کۆمەڵەی مامۆستایانی حەوزەی عیلمی لەشاری قوم، زۆرترین رێکخراوەکانی پیاوانی ئایینیە لەدسەلات و کاریگەرە لەبارو دۆخی سیاسی وڵات، مێژووی ئەم دامەزراوەیە بۆ ساڵانێکی دووری پێش شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) دەگەڕێتەوە، بەبیروبۆ چوونی چەند مێژوو نووسێك، چالاکیە سیاسییەکانی کۆمەڵە بۆ شەستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە.

دوای کۆچی دوایی ئایەتوڵلا بروگەردی (ئازاری ١٩٦١) و پاشان کۆچی دوایی ئایەتوڵلا کاشانی (ئازاری ١٩٦٢)، پیاوانی کۆمەڵە، ئایەتوڵلا خومەینیان وەك مەرجەع بۆ شیعەکانی جیهان دیاریکرد، دیارە ناوبراو ڕێبازی سیاسی زۆر جیاواز بوو لەوانی پێش خۆی.

لێرەدا دەکرێ بڵێین کە مێژووی کۆمەڵە بەسێ قۆناغدا تێپەڕ بووە:

١- یەکەمیان، بەدەست پێکردنی چالاکی و تێکۆشانی ئایەتوڵلاخومەینی دژ بە رژێمەکەی شای ئێران، تا دوور خستنەوەی بۆ دەرەوەی ئێران.

٢- دووەمیان، ماوەی لەدوور خستنەوەی ئایەتوڵلا خومەینیەوە تاروخاندنی رژێمەکەی حەمەڕەزا شا لەساڵی (١٩٧٩).

٣- سێیەمیشیان، ماوەی دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانە (١٩٧٩)، لەو ئامانجانەی کەزانایانی کۆمەڵە لەساڵانی شەستەکانی خستوویانەتە روو:

أ) چاکسازی لەبەرنامەکانی خوێندنی حەوزەی عیلمی.

ب) توێژینەوەو خوێندنی زانستە ئیسلامیەکان.

ج) بڵاوکردنەوەی رۆشنبیری ئیسلامی لەناوەو دەرەوەی ئێران.

د) هەوڵدان بۆ جێبەجێ كردنی یاساو بڕیارە سیاسی وكۆمەڵایەتی و دادوەری و ڕۆشنبیرییە ئیسلامیەكان.

ﻫ) شەركردن لەگەڵ زۆرداران و بەرگری لەئیسلام ولەقورئان و لەچەوساوەكان.

## كارو چالاكیەكانی كۆمەڵەدوای سەركەوتنی شۆڕش لە (١٩٧٩):

١- لەئەستۆ گرتنی ئەركی بەرپرسیاریەتی لەدەسەلاتدا، بەشداریكردن لە: ئەنجومەنی شورای ئیسلامی، ئەنجومەنی پاراستنی دەستور، ئەنجوومەنی شارەزایانی دەسەلاتی دادوەری، ئەنجوومەنی دیاریكردنی بەرژەوەندییەكانی سیستم، لیژنەی شۆڕشی ڕۆشنبیری.

٢- راڤەكردنی كێشەكان و ئامادەكردنی ئەو توێژینەوانەی كە پێویست دەبن لەبوارەكانی ئابوری، دادوەری، كولتوری، سیاسی، كۆمەڵایەتی.

٣- چاكسازی و پلاندانان بۆ بوارە زانستە ئاینیەكان.

٤- خوێندن و فێركردنی زانست و زانیاریە ئیسلامیەكان و نووسینی كتێب.

٥- هاوكاری لەدابین كردن و پێگەیاندنی دادوەران.

٦- كار بۆ بڵاوكردنەوەی ئاینی ئیسلامی لەناوەوەو دەرەوەی ئێران.

٧- ئامادەكردنی مامۆستایان بۆ خوێندن و فێركردنی زانستە ئیسلامیەكان لەزانكۆكاندا.

٨- ئامادەكردنی ئەوانی بانگەشە بۆ ئاینی ئیسلامی دەكەن لەدەرەوەو ناوخۆی ئێران.

٩- پشتگیریكردنی رژێمی ئیسلامی دژ بەهەر پیلانێك.

١٠- بەشداریكردن لەكۆڕو كۆبوونەوەكان.

**رۆڵی کۆمەڵە لەکاری سیاسیدا:**

أ) بەشداریکردنی کارا لەدارشتنی دەستوری کۆماری ئیسلامی ئێرانی .

ب) پشتگیریکردن لەچەند کاندیدێك بۆ سەرۆکایەتی کۆمار.

ت) دەرکردنی بەیانێك دژی (رێکخراوی موجاهیدینی) شۆڕشی ئیسلام و دان نەنان بەشەرعیەتی رێکخراوەکە.

پ) بەشداریکردنی لەهەوڵەکانی چاکسازی لەئێراندا.

ج) دژایەتیکردنی توندی هەوڵەکانی ئەنجوومەنی شورای شەشەم، بۆ نەهێشتنی هەموو جۆرە جیاوازییەك بەرامبەر بەژنان.

## • رێکخراوی مونتەلیفەی ئیسلامی:

## هیئتهای مؤتلفه اسلامی (١١٥)

ئەم رێکخستنە لەڕاستیدا لەگەڵ هەوڵەکانی خومەینی دژ بە رژێمەکەی حەمە رەزاشا ساڵی (١٩٦٣) دەستی پێکردووە، کاتێ ژمارەیەك لەبەرهەڵستکارانی شا لە (٥/حوزەیرانی/١٩٦٣) لەماڵی خومەینی کۆبوونەوە، ئەوانە کۆمیتەیەکی ناوەندییان پێکهێنا.

ئەندامانی ئەم رێکخراوە لەسەر شێوەی شانەی بچووك بچووك خۆیان رێکخستنبوو، بۆ ئەوەی دەزگا ئەمنیەکانی رژێم بەئاسانی نەیان دۆزنەوە، هەر بۆشاردنەوەی خۆشیان لەناو چەندین کۆمەڵەی ئاینی و کۆمەلایەتی تێکەڵ ببوون.

**لەکەسایەتیەکانی ئەم رێکخراوە:**

محەمەد عەلی ڕەجائی، محەمەد حوسێن بەهەشتی، ئایەتوڵڵا مورتەزا موتەهەری، ئەسەدوڵڵا لاجوردی، حەبیبوڵڵا عەسکەر ئەولادی، سەفار هەرندی، مەهدی عێراقی، ئەسدوڵڵا بادامیان مجیان، سەعید موحەمەدی، محەمەد جەواد لاریجانی، عەبدوڵڵا

جاسبی، نیازی ڕەفیق دوست، میرسەلیم، فاتیمە ڕەهبەر هەروەها چەند ڕێکخراوێکی ئاینی سەرەکی کۆن دەگرێتەخۆی، وەك: کۆمەڵەی بازاری ئیسلامی، ئەنجومەنەکانی پرسە، فیدائی ئیسلام.

ئەم ڕێکخراوە، لەسێ ئەنجومەن پێکهاتووە، کەراستەوخۆ پەیوەندییان بە خومەینی هەبووە، ئەوانیش:

١- ئەنجوومەنی مزگەوتی ئەمین ئەلدەولە، لەسەر کردەکانی: حاجی مەهدی عێراقی، حەبیبوڵلا عەسکەر ئەولادی، هاشم ئەمینی و مستەفا حائیری.

٢- کۆمەڵەی ئەسفەهان، لەئەندامە سەرەکیەکانی، ئەسەدوڵلا بادامجیان، مەهدی بەهاداران، عیزەتوڵلا خەلیلی.

٣- ئەنجوومەنی مزگەوتی شێخ عەلی، لەئەندامە دیارەکانی: ئەسەدوڵلا لاجوردی، حاجی سادق ئەمانی، عەبدوڵلا مودەرسی.

**هەیکەلی ڕێکخراوەیی مونتەلیفەی ئیسلامی:**

لە (١٠/کانوونی دووەمی/١٩٦٢) هەرسێ ئەنجوومەنەکە کۆبوونەتەوەو لیژنەیەکی پەیوەندیکردنیان پێکهێناوە لە (مورتەزا موتەهەری، محەمەد حوسێن بەهەشتی، محیدین ئەنواری، ئەحمەد مەولانی، عەلی گولزادە غەفوری) بەمەبەستی ڕێکخستنی پەیوەندییەکان لەگەڵ ئایەتوڵلا خومەینی، هەروەها محەمەد جەواد باهنەر بەسەرۆکی ئەنجوومەنی ڕاگەیاندن و عەلی ئەکبەر ڕەفسەنجانی بە وتەبێژی ڕێکخراوەکە دیاریکران.

پەیڕەوی ناوخۆی ڕێکخراوەکە، هەیکەلی ڕێکخراوەیی کۆمەڵەکەی بەم شێوەی خوارەوەی دیاریکردبوو:

یەکەم// ڕێکخستنی ناوەندی کە لە(١٢) ئەندام پێکهاتبوو، دەسەڵاتەکانیشی دیاری کرد لەچەند خاڵێکدا.

دووەم// ڕێکخستنی دارایی، لەنوێنەرانی ڕێکخستنی ناوەندی و ئەنجوومەنەکانی خوارووتر پێکهاتبوو.

سێیەم// ڕێکخستنی روحانیەکان، ئەرکی لایەنی رۆحی و ئاراستەکردنی ئاینی دەگرێتە خۆی.

چوارەم// راگەیاندن و پەیوەندییەکان، لەنوێنەرانی ڕێکخستنی ناوەندو ئەنجوومەنەکانی دیکە پێکدێت، ئەرکیشی دەرکردنی بڵاوکراوەو گەیاندنیەتی بەلایەنگران.

یەکەی بنچینەییش، بۆ پێکهێنانی ئەو ڕێکخراوە، حەوزەی عیلمی بوو.

## چالاکیەکانی ڕێکخراوەکە :

لێرەدا بەکورتی ئاژماژە بۆ چەند چالاکیەکانی ڕێکخراوەکە دەکەین بەکورتی :

١. خستنەڕووی یاسای هەرێمەکان لەئێران لەتشرینی یەکەمی(١٩٦٢)، هەروەها دژایەتی دانپیانانی حکومەت بەهەموو ئاینە بچووکەکان، وەك ڕێبازی شیعەی دوانزەئیمامی و نارەزایی بەرامبەر پێدانی مافی دەنگدان بەژنان.

٢. دامەزراندنی چەندین ناوەندی ڕۆشنبیری لەشارەکانی ئێران و بەستنی کۆڕو کۆبوونەوەی فراوان.

٣. نارەزایی بەرامبەر بەرنامەکەی محەمەد رەزاشا کەبەناوی (شۆڕشی سپی)، راگەیەندراو دژی راپرسی بەرامبەر ئەو بەرنامەیە.

٤. دەسگیرکردنی خومەینی لەلایەن دەسەڵاتەوە، بەهۆی تاوانبارکردنی بەهاندانی توندوتیژی، لەرۆژی (٤/تشرینی دووەمی/١٩٦٤)و دوورخستنەوەی بۆ وڵاتی تورکیا.

٥. ڕێكخراوەكە وەك كاردانەوە بەرامبەر دوور خستنەوەی خومەینی بڕیاریدا بەكوشتنی سەرۆك وەزیرانی ئێرانی (حەسەن عەلی مەنسور) و بڕیارەكە جێبەجێ كرا لە ڕۆژی (٩/تشرینی دووەمی/١٩٦٤).

٦. دەسگیركردنی ژمارەیەكی زۆر لەئەندامانی ڕێكخراوەكە لەلایەن حكومەتەوە بەهۆی تاوانی كوشتنی سەرۆك وەزیران و زیندانی كردنی بەشێكیان و لەسێدارەدانی هەندێكیان.

٧. ئەم ڕێكخراوە چالاكیەكانی ڕووی لەلاوازی كرد لەنێوان سالانی (١٩٧٠ — ١٩٧٥)، پاشان لەگەل سازمانی موجاهیدینی خەلق هاوكاری یەكتر بوونە، دوای سەركەوتنی شۆڕش (١٩٧٩) ئەندامانی ئەم ڕێكخراوە تێكەل بەحزبی جمهوری ئیسلامی بوون.

٨. سالی (١٩٨٨) كۆمەلە لەدووبارە ڕێكخستنەكانی خۆی دروست كردۆتەوە، دیارە دوای هەلوەشاندنەوەی حزبی كۆماری ئیسلامی بووە.

## • حزبی گەلانی ئیسلامی:

## حزب ملل اسلامی (١١٦)

سەرەتاكانی دامەزراندنی ئەم حزبە بۆ سالانی (١٩٦١ — ١٩٦٣) دەگەڕێتەوە، لەو سەردەمە نزیكەی (٥٠)كەس لەگەنجان كۆدەبنەوەو چالاكی سیاسیان دەست پێدەكەن.

دامەزرێنەری حزبەكە (محەمەد كازم بەجنوری) بوو، لەشاری نەجەف دەست پێدەگات و پاشان لە (١٩٦٢) دەگەڕێتەوە تاران و پەیوەندی بەكۆمەلە خوێندكارێكی زانستە ئاینیەكانی شاری (قوم) دەكات و لەڕیزی حزبەكەی ڕێكیان دەخات، ئەوانیش بریتین لە: محەمەد جواد حوجەتی كرمانی، حەسەن عەزیزی، مستەفا تەباتەبایی، محەمەد مەحمود مەولەوی، مەهدی شەهبازی، هاشم ئایەتوللا زادی ئەسفەهانی،

ئەمانە وەك یەكەم كۆمیتەی ناوەندی حزب كاریان دەست پێكرد، یەكەم كۆبوونەوەشیان لە (٣٠/ئازادی/١٩٦٢) بەستووە، حزب رۆژنامەیەكی دەردەكرد بەناوی (خەلق).

**خالەگرینگەكانی بەرنامەی حزب:**

١- بەندەكانی (١ - ٤):

حزب بەپێی یاساكانی ئیسلام كاردەكات، بنچینەی ئەو یاسایانەش قورئان و سوننەتی پێغەمبەرو ئیجماعە.

٢- بەندەكانی (٥ - ١٨) سیاسەتی ناوخۆ:

پەرلەمانی سیستمی ئیسلامی لەدوو ئەنجوومەن پێكدێت، ئەنجوومەنی میللی، راستەوخۆ ئەندامەكانی لەلایەن گەلەوە هەڵدەبژێر درێت، ئەنجوومەنی پیران، ولاتی ئیسلام بەسەر چەند ویلایەتێك دابەش دەكرێت و هەر ویلایەتێك سەرۆك كۆماری خۆی دەبێت.

٣- بەندەكانی (١٩ - ٣٧)، سیاسەتی دەرەكی :

لەسەر بنەماكانی ئاشتی و دۆستایەتی لەگەڵ هەموو گەلانی جیهان دادەمەزرێت.

٤- بەندەكانی (٣٨ - ٥٠)، سیاسەتی ئابوری:

پاراستنی موڵكداری تاك، رێگرتن لەچەوساندنەوە، پشتگیری لەجوتیاران، بانكەكان نیشتمانی دەبن، بازرگانی دەرەكی لەژێر چاودێری حكومەت دەبێت.

٥- بەندەكان (٥٣ - ٥٧)، سیاسەتی دادوەری:

ئەنجوومەنی شورا لەگەورە دادوەرەكان پێكدێت، بەپێی شەرعی ئیسلامی، كاردەكەن.

٦- بەندەكانی (٥٨ - ٦٥)، سیاسەتی رۆشنبیری:

خوێندن بێ بەرامبەر بۆ هەموو كەسێك دەبێت.

## قۆناغەکانی کاری حزبایەتی :

حزب بەشێوەیەکی نهێنی کارەکانی ئەنجام دەداو بڕیاریدابوو کە خەباتی چەکداری بکات دژی رژێمی شا، بۆ خۆئامادەکردن بەو ڕێبازە، سێ قۆناغی ئامادە کردنی دارشتبوو:

یەکەم// قۆناغی فێر بوون، بۆ کادیرو ئەندامان، لەم قۆناغەدا داکۆکی لەسەر ئەم لایەنانە دەکرێت.

أ) بنەماکانی دیسپلینی هزری و سیاسی حزب.

ب) راڤەکردنی رووداوە ناخۆیی و دەرەکیەکان بۆ ئەندامان.

ت) ڕێنمایی پەیوەندار بەکاری نهێنی و شەری پارتیزانی.

دووەم// قۆناغی خۆ ئامادەکردن:

سێیەم// قۆناغی دەرکەوتن لەکاری شۆڕگێری

## هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب:

## لەخەسلەتەکانی ئەم هەیکەلە ڕێکخراوەییە :


١- سەرکردەی حزب دەسەڵاتێکی فراوانی تاکرەوانەی دەبێت بەسەر هەموو کاروبارەکانی حزب.

٢- لەکاتی دوورکەوتنەوەی سەرۆك، یاریدەدەری یەکەم جێگای دەگرێتەوە.

٣- هیچ ئەندامێك هەموو ئەندامانی دیکەی حزب نەدەناسی، بگرە تاناوی سەرۆکی حزب تەنها لای ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی زانرابوو.

٤- هەرچەدامێك ناوی نهێنی خۆی دەبێت.

٥- زۆربەی ئەندامانی حزب تەمەنیان لەدەوروبەری بیست ساڵ دەبوو.




## کۆتایی هاتن بە ژیانی حزب:

لەمانگی تشرینی یەکەم (١٩٦٥) بەرێکەوت ئەندامێکی حزب دەسگیر دەکرێت وبرێك بڵاوکراوەی هەڵگرتووە، پۆلیس ماڵەکەی دەپشکنن، ژمارەیەك بەڵگەنامەو بڵاوکراوەی دیکەی حزبەکەیان دەست دەکەوێت، ئەم کارە دەبێتە هۆی ئاشکرابوونی بەشێکی گەورەی رێکخستنەکانی حزب و ژمارەی بیست کەس زیاتر دەسگیردەکرێن

بەسەرۆکی حزبەکەوە، هەموویان دەدرێنە دادگاو بڕیاری زیندانی کردنیان لەسەر دەردەچێ، سەرۆکی حزبەکەش بڕیاری لەسێدارەدانی لەسەر دەردەچێ، بەڵام پاشان دەگۆڕدرێت بۆ زیندانی هەتا هەتایی.

### • حزبوڵلا: (١١٧)

بەشێك لەئەندامانی حزبی (ملل اسلامی) ئەوانی ئاشکرانە بوون و رزگاریان بوو لەدەسگیرگرتن ساڵی (١٩٦٥)، ئەوانە دوای ماوەیەك ولەکۆتاییەکانی ساڵی (١٩٦٩) کۆدەبنەوەو بڕیاردەدەن کە دەسبکەنەوە بەکاری حزبی، بۆ ئەم مەبەستە رێکخراوێکی سیاسی پێکدەهێنن لەژێر ناوی (حزبوڵلا) کەهەمان رێبازی هزری و سیاسی حزبی (ملل اسلامی) پەیڕەودەکات، ئەویش خەباتی سیاسی و چەکدارییە دژ رژێمی محەمەد رەزاشای ئێران.

لەو کەسانەی کەسەر کردایەتی ئەم رێکخستنەیان کردووە (عەباس ئاغا زەمانی، جەواد مەنسوری، ئەحمەد مەنسوری، ئەحمەد ئەحمەد، محەمەد موفیدی، عەلی رەزا).

ئەمانەپاش زنجیرەیەك کۆبوونەوە پەیڕەوی ناوخۆی حزبەکەیان دارشتووە، کەلەسەر هەمان رێبازی حزبی ملل اسلامی دەبێت، هەروەها لقەکانی حزب دادەمەزرێنن لەچەند شارو ناوچەیەکی ئێران، پاشان مزگەوتی (شێخ عەلی) لەشاری تاران دەکەنە بنکەی کۆبوونەوەو چالاکیەکان، ژمارەیەکی زۆری گەنج دەهاتنە مزگەوتەکەو بەبەرنامەی ئاینی و سیاسی رادەهێنران و ئامادەکران بۆ کاری سیاسی و چەکداری.

بەڵام لەنیسانی (١٩٧١) هەڵمەتێکی دەسگیرکردن لەلایەن دەسەڵاتەوە بەرامبەر ئەو حزبەدەستی پێکرد، ژمارەیەکی زۆری سەرکردەو کادیرانی زیندانی کران لەناویاندا سکرتێری گشتی (سەعید محەمەد فاتح) و ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی (ئەحمەد ئەحمەد) ئەوانی دەسگیریش نەکران خۆیان شاردەوە.

## • پشتیوانانی حزبوڵلا:(١١٨)

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩)، ئەم ڕێکخراوە دامەزراوە بەمەبەستی پشتگیریکردنی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی و بەربەرەکانی کردنی لایەنە لیبرال و ڕێکخراوەچەپەکان، ئەم حزبە بەفەرمی لە (١٩٨٨) دامەزراندنی ڕاگەیاندراوە، ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە زیاتر لەگەنجە توندڕەوە شۆڕشگێڕەکان پێکهاتبوون، ئەوان بەرەورووی هەر هێزێك دەبوونەوە کەململانێی کۆماری ئیسلامی بکردایە، بەتایبەتی ڕێکخراوی موجاهدینی خەلقی ئێران کەململانێیەکی توندی خوێناوی کەوتە نێوان هەر دوولایان.

### بنەما هزری و سیاسیەکانی حزبوڵلا:

١- ڕاڤەیەکی چینایەتی بۆ مێژووی ئیسلام، بەتایبەتی مێژووی شیعە، بەمەبەستی پشتگیریکردن لەهەژارو دەستکورتان.

٢- کەش و هەوای ڕووناکبیری نێو دەوڵەتی دوای جەنگی دووەمی جیهانی، لەژێر کاریگەری خەباتی دژی ئیمپریالیزمی جیهانی وسیستمی چینایەتی دەسەڵاتی کۆمۆنیستەکان، باڵی حزبەڵلا لەلایەنە سەرەکیەکانیدا(وەکو ڕادیکالیزم لەبیرو ڕادا، خەباتی چینایەتی، خەبات دژی چەوساندنەوە، نوێخوازی لەبیری ئاینیدا) ئەو بۆچوونانەی لە د. عەلی شەریعەتی وەرگیرابوون.

### ئاراستە سیاسییەکانی حزبوڵلا:

أ) حزبوڵلا لەبەرامبەر باڵی لیبراڵدا دروست بووە، تائێستاش ئەو خەسڵەتەی پاراستووە.

ب) حزبوڵلا هەڵوێستێکی دژە ئیستعماری و ئیمپریالستی هەیە.

ج) لەسیاسەتی ناوخۆدا، ئاڵا هەڵگری ڕێبازی توندڕەوی و شۆڕشگێرییە.

د) لەبواری ئابوریدا، جەخت لەسەر ڕۆڵی کەرتی دەوڵەت (گشتی) دەکاتەوە.

## راگەیاندنی حزبوڵلا:

ئەم ڕێکخراوە بڵاوکراوەیەکی مانگانەیان هەیە بەناوی (یالپارات الحسین) هەروەها بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی دیکەشی دەرکردووە بەناوی (شلمجە) بەڕیوەبەرەکەی (مەسعود دەنمکی) بوو.

هەروەها حزبوڵلا پشتگیرییان لەرۆژنامەکانی (صبح، کیهان، جمهوری ئیسلامی) بۆ کراوە.

لەوکەسایەتیانەی کە پشتگیرییان لێکردوون: "ئایەتوڵلا ئەحمەدی جەننەتی، حوجەتولئسلام محەمەد رەی شەهری"

### • کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێڕی تاران: (١١٨)

### جامعە روحانیت مبارزتهران

بەپێی سەرچاوەکان ئەم ڕێکخستنە سەرەتاکانی پێکهاتنی بۆ ساڵانی (١٩٦٨ – ١٩٦٩) دەگەڕێتەوە، بەڵام بەشێوە کۆتاییەکەی لەنێوان ساڵانی (١٩٧٨ – ١٩٧٩) دامەزراوە، ڕێکخراوەکە لەلایەن کۆمەڵە زانایەکی ئاینی، ئەوانی لایەنگری ڕێبازی خومەینی بوون دامەزراوەو لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش بەشێوەیەکی رەسمی خۆیان راگەیاندووە.

کۆمەڵە باڵی راستی رەوتە ئیسلامیەکانی ئێرانە، لەو کەسایەتیانەی رۆڵیان هەبووە لەدامەزراندنی : هاشمی رەفسەنجانی، مەهدی کەروبی، ناتیق نوری، هادی غەفاری، مورتەزا موتەهەری، سەید محەمەد حوسین بەهەشتی، محەمەد جەواد باهنەر، محەمەد مفتح، سەید عەبدولکەریم موسەوی ئەردەبیلی.

ساڵی (١٩٨٠) ڕێکخراوەکە پەیڕەوی ناوخۆی دارشت و ساڵی (١٩٨١) کۆنگرەی بەست و ئەندامانی ئەنجوومەنی ناوەندی هەڵبژارد.

**لەچالاکیەکانی کۆمەڵە:**

پلان و نەخشەکێشانی خۆپیشاندانەکان، وتارخوێندنەوە لەمزگەوتەکان، بڵاوکردنەوەی بەیاننامەکان، رێکخستن و ئاراستەکردنی ئەندامان و چالاکوانان لەدژی رژێمی شای ئێران.

**لەئامانجەکانی کۆمەڵە:**

بەپێی دەستوری کۆمەڵە، ئامانجەکانی لەم خالانە پێکدێن:

١- رێکخستنی پیاوانی ئاینی شیعە، بەرزراگرتنی پێگەی مەرجەعییەتی شیعە.

٢- پتەوکردنی بنەماکانی شۆڕشی ئیسلامی، بەرگریکردن لەدەستکەوتەکانی پشتگیریکردن و بەهێزکردنی سیستمی کۆماری ئیسلامی.

٣- پاڵپشتی هەمەلایەنە بۆ بیروباوەڕی سیاسی و کولتورییەکانی ئایەتوڵلاخومەینی هەروەها بۆبنەمای ویلایەتی فەقیە.

٤- پەرەپێدانی خەسلەت و بەها رەوشتیەکانی کۆمەڵگەی ئیسلامی.

٥- ئاراستەکردنی چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، هەروەها گروپەسیاسی و کۆمەڵایەتیەکان لەمیانەی دەرخستنی ئەرکە شەرعیەکان.

٦- چاودێریکردنی بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی، رەخنەی ئیجابی لەسیستم وەك ئامۆژگاریکردنی ئیمامە موسلمانەکان.

٧- پەیوەندیکردن لەگەڵ پیاوانی ئاینی لەناو هەموو رێبازە ئیسلامیەکان، هەروەها هاوکاریکردنی هەموو ناوەندە ئیسلامیەکان بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئامانجەکان.

٨- پەیوەندی و کار لەیەککردنی ئەرێنی و بونیاد نەرانە لەگەڵ ئاینە ئاسمانیەکان لەجیهانداو کەمکردنەوەی ململانێ و ناخۆشیەکان و بەدیهێنانی ئاشتی.

### رۆلی کۆمەڵە لە پرۆسەی سیاسی:

بەدرێژایی تەمەنی کۆماری ئیسلامی ئەم رێکخراوە رۆڵی کاریگەریان هەبووە لەبونیادنانی ژیانی سیاسی لەئێران، ئەندامانی کۆمەڵە لەهەموو پلەو پێگەکانی دەوڵەت بوونیان هەبووە، هەروەك لەئەنجومەنی شورای ئیسلامی زۆرینەی کورسیەکانیان بەدەست هێناوە لەهەر هەشت خوله‌که، تەنها هەردوو خولی سێیەم و شەشەم نەبێت هەندێ لەئەندامانی کۆمەڵە رۆڵیان لەشورای (پاسەوانان) هەبووە، سەرەرای زۆربەی مزگەوتە گرینگەکانی تاران و شارە گەورەکان.

### هەڵوێستی کۆمەڵە لەئاست چەند بابەتێکی گرینگی ئێران:

١- دیدی کۆمەڵە بۆ بابەتی (ویلایەتی فەقیە) ئەوەیە کەئەو بابەتە ناوەرۆکی سیستم و کۆڵەکەی شۆرش پێکدێنێت، سیستمی ئیسلامی لەو لایەنەوە شەرعییەتی خۆی وەردەگرێت، هەر لەو چوار چێوەیەدا تێروانینی کۆمەڵە بۆ سیستم ئەوەیە، کەسیستمی ئیسلامی لەسەر بنچینەی هاوبەندی ئاینی و سیاسەت دادەمەزرێت.

٢- دەربارەی بواری ئابووری ، کۆمەڵە بایەخ بەئابوری تایبەت و ئازاد دەدات، لەگەڵ بەشداریکردنی خەڵك لەکاروچالاکیە ئابوریەکان، کۆمەڵە باوەڕی وایەکە دەبێ رۆڵی حکومەت لەبواری ئابوری کەم بکرێتەوە.

### گروپە وابەستەکانی کۆمەڵە:

١- کۆمەڵەی هاوپەیمانی ئیسلامی کەعەسکەر ئەولادی و بادامچیان لەکەسە دیارەکانن.

٢- کۆمەڵەی ئەندازیارانی ئیسلامی، کەمورتەزا نەیەوی، باهونەر، غەفوری فەرد لەکەسە دیارەکانن.

٣- کۆمەڵەی زەینەب بەسەرکردایەتی مەریەمی بەهروزی.

٤- ئەنجومەنی پزیشکانی ئیسلامی.

٥- کۆمەڵەی کارگەرانی ئیسلامی.

٦- ئەجوومەنە ئیسلامیەکانی ئەسناف بازاری تاران.

٧- کۆمەڵەی ئیسلامی زانکۆکان.

٨- کۆمەڵەی خوێندکارانی ئیسلامی.

٩- کۆمەڵەی رۆشنبیرانی ئیسلامی.

١٠- کۆمەڵەی واعیزەکانی تاران.

١١- مەڵبەندی ئیسلامی خاوەن بروانامەکانی نیمچەکیشوەری هیند.

## • حزبی جمهوری ئیسلامی: (١٢٠)

حزبی جمهوری ئیسلامی، نموونەی حزبێکی سیاسی ئاینی نەریتگەرییە، بیرۆکەی دامەزراندنی بۆ ئایەتوڵلاخومەینی دەگەڕێتەوە.

حزب لەدوای (٤)مانگ لەپاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) دامەزراوە، ئەگەر چی لەهەندێ سەرچاوە ئاماژە بۆ یەکەم بەیاننامەی دامەزراندنی دەکات لەبەرواری (١٨/شوباتی/١٩٧٩) واتە پاش یەك هەفتە لەروخاندنی رژێمەکەی محەمەد رەزاشا، لەو کەسانەی رۆڵیان هەبووە لەدامەزراندنی: "محەمەد حوسێن بەهەشتی، عەلی خامنەئی، عەلی ئەکبەرهاشمی رەفسەنجانی محەمەد جەواد باهنەر، عەبدولکەریم موسەوی ئەردەبیلی.

پاش دامەمەزراندنی حزب و کردنەوەی دەرگا بۆ ئەندامیەتی، ژمارەیەکی یەکجار زۆری خەڵك پەیوەندییان پێوەی کردووە، بەپێی گوتنی سەرکردەکانی تەنها لەرۆژی یەکەمی دامەزراندنی زیاتر لە(٨٠) هەزار کەس پەیوەندییان پێوەی کردووە.

## پێناسەی حزب:

بریتیە لە چەند ڕێکخراوێکی سیاسی خاوەن ئایدیۆلۆجیایەك، پێکهاتووە بۆ ئاراستکردنی هێزە ئیسلامیە تێکۆشەرەکان، بەمەبەستی گەیشتن بەئامانجە بالآ ئیسلامیەکان، باوەڕی بەبنەمای (ویلایەتی فەقیە) هەیەو پابەندە بە دەستوری کۆماری ئیسلامی.

## هەیکەلی ڕێکخراوەیی حزب:

حزبی جمهوری ئیسلامی یەکەم کۆنگرەی لەساڵی (١٩٨٠) بەستووە، ناوەندی حزب شاری تارانە، بەڵام چەندین لقی لەشارەکانی دیکەی ئێران کردۆتەوە، هەروەها لەدەرەوەی ئێران.

بەپێی بەندی (١١) سیستمی حزب، ئەنجوومەنی شورای ناوەندی بەرزترین دەسەڵاتی حزبە، هەر لەئۆرگانە ناوەندییەکانی: لیژنەی شورای ئایدیۆلۆجی، لیژنەی شورای فەتوا، لیژنەی شورای دادگەری، ئەنجوومەنی جێبەجێکردن.

لیژنەی شورای ناوەندی ساڵی (١٩٨٣)، ئەندامەکانی بریتی بوون لە: عەلی خامنەئی، هاشمی ڕەفسەنجانی، محەمەد عەلی موەحدی، عەلی ئەکبەر ناتیق نوری، محەمەد ڕەزا بەهەشتی، محەمەد ڕەزا باهنەر، مەسیح موهاجری، واعیز تەبسی، عەبدوڵلا جاسبی.

ڕۆژنامەی سەرەکی حزب، ڕۆژنامەی (جمهوری ئیسلامی) بوو، لەگەڵ گۆڤارێك بەناوی (العروه الوپقی) کەمانگی جارێك دەردەچوو.

ئەم حزبە هەڵگری تیۆری ناردنە دەرەوەی شۆڕشی بوو، حزب لەبەرنامەی بنچینەی خۆیدا، خۆی بەحزبی موسلمانان زانیوە لەهەموو جیهاندا نەك تەنها ئێران، حزب

لەبەرنامەکەیدا باس لەشۆڕشی ئیسلامی جیهانی و بنەمای ئاراستەکردنی شۆڕشی کردووە، بۆیە حزب شۆڕشی ئێرانی، بەرزگارکەری موسلمانان و مرۆڤایەتی داناوە.

بەکورتی دەکرێ بنەماکانی دامەزراندنی ئەم حزبە لەسێ خاڵ کورت بکەینەوە:

١- ئیسلام ئاینێکی جیهانیە.

٢- ئاراستەکردنی شۆڕش بەرەو دەرەوەی ئێران.

٣- بنەمای ویلایەتی فەقیە.

## ئامانجەکانی حزب:

١- بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری سیاسی و ئیسلامی بۆ گەلی ئێران، خێرا کردن لە بونیادنانی حالەتی شۆڕشگێری لەهەموو بوارەکاندا.

٢- پاککردنەوەی وڵات لەئاسەواری دیکتاتورییەت و ئیستعمار.

٣- پتەوکردنی بواری ئازادییە بنچینەییەکان، وەك ئازادی دەربڕین و کۆبوونەوە.

٤- گۆڕینی سیستمی کارگێڕی گەندەل بەسیستمێکی کارگێری نوێ پشت بەستووە بە راستگۆیی و باوەڕو لێهاتوویی.

٥- زاڵبوون بەسەر هەژاری و نەبوونی لەرێگای بایەخدان بەکارکردن، هەروەها دژایەتی هەر جۆرە چەوساندنەوەیەك و دانانی سیستمێکی ئابووری نوێ.

٦- گۆڕینی سیستمی فێربوون کە لەدەرەوە وەرگیراوە بەسیسمێکی ئیسلامی ڕەسەن.

٧- بونیادنانی سوپایەکی خاوەن بیروباوەڕی سەربەخۆ.

٨- رێکخستنی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەت لەسەربنەمای.

أ) رێزگرتنی تەواو بۆ سەربەخۆیی سەربازی و سیاسی و ئابوری کولتوری ئێران.

ب) رێزگرتن لە سەربەخۆیی ئازادی دەولەتەکانی دیکە.

ج) پەرەپێدانی پەیوەندی برایانە لەگەڵ هەموو جیهان.

د) یارمەتیدانی هەژاران لەجیهاندا.

٩- لەبواری هزری و سیاسییەوە، تێکۆشان بۆ:

أ) بەردەوام شۆڕش و ڕێگرتن لەڕوودانی (دوگما) وشکە باوەری.

ب) پابەندبوون بەڕێکخستنی بەردەوام لەگەڵ هێزە ئیسلامیە خەباتگێرەکان.

ج) دوورکەوتنەوە لەهەر جۆرە پاشکۆیەتیەك بۆ هەر لایەنێك، یان هەر هێزێکی سیاسی.

د) سوود وەرگرتن لەهەموو شێوازەکانی خەباتی بونیادنەرانە کەلەگەڵ پێوەرەکانی ئیسلام دەگونجێن.

## ڕووداوە سیاسییەگرینگەکانی لەمێژووی حزب:

١- لە (٢٨/حوزەیرانی/١٩٨١) تەقینەوەیەکی گەورە روویدا لەبارەگای سەرەکی حزب لەشاری تاران، لەکاتی بەستنی کۆبوونەوەی سەرکردایەتی حزبەکە، ئەو تەقینەوەیە کە (ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی) پێ تاوانبارکرا، بوو بەهۆی کوشتنی (٧٣) بەپرسی باڵای حزبەکە لەناویاندا محەمەد بەهەشتی سەرەرای بریندار بوونی ژمارەیەکی گەورەش.

٢- لەسەر داواکاری هەردوو ئایەتوڵلا خامنەئی و ئایەتوڵلا رەفسەجانی و لەسەر بڕیاری ئایەتوڵلا خومەینی، ئەم حزبە لەساڵی (١٩٨٧) هەلوەشایەوەو کۆتایی بەکارو ڕێکخراوەکانی هێنا.

## • حزبی کۆماری گەلی موسلمان:
## حزب جمهوری خلق مسلمان (١٢١)

ئەم حزبە ساڵی (١٩٧٩) لەلایەن لایەنگرانی (ئایەتوڵڵا محەمەد شەریعەتمەداری) دامەزراوە کەرکابەری ئاینی سەرەکی خومەینی بوو، لەسەرەتاکانی شۆڕشی (١٩٧٩) هەرچەندە ئەم حزبە پشتگیری کۆماری ئیسلامی کردووە، بەلام دژی چەسپاندنی بنەمای (ویلایەتی فەقیە) بووە، شەریعەتمداری جەختی لەسەر فرەیی و بیروڕای جیاواز کردۆتەوە.

بنکەی سەرەکی ئەم حزبە شاری تەورێز بوو لەناوچەی ئازەربیجان، لەنێوان لایەنگرانی ئەم حزبەو لایەنگرانی حزب و ڕێکخراوەکانی پەیڕەوی ئایەتوڵڵاخومەینی ململانێی توندڕوویداوە، لەوانەی بەشداری دامەزراندنی ئەم حزبەیان کردووە: سەید سەدرەدین بیلالی، سەید هادی خەسرەو شاهی، ڕەزاگول سەرخی، سەید غولام.

### بیروبۆچوونەکانی ئەم حزبە:

١- هەڵوێستی ئۆپۆزیسیونی بەرامبەر بەحکومەتی ئیسلامی وەرگرتووە.

٢- نارەزایی لەئاست راپرسی ساڵی (١٩٨٠) دەربارەی سیستمی کۆماری ئیسلامی.

٣- لایەنگری مافی خود موختاری هەرێمەکان، ئەو ناوچانەی کەفارس نین.

٤- بەشداری نەکردن لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەزایانی ساڵی (١٩٨٠).

### ئامانجەکانی حزب:

١- زیندووکردنەوەی مافە بنچینەییەکانی گەل.

٢- بڵاوکردنەوەی بنەماکانی ئیسلام لەسەر ڕووی زەوی.

٣- لەناوبردنی پاشماوەی ڕژێمی دیکتاتۆری.

٤- گۆڕینی سیستمی ئابوری سەرمایەداری بۆ سیستمی ئیسلامی.

٥- گـۆڕینی سیســتمی خوێنــدن و هــەر جـۆرە دیاردەیـەکی پەیوەسـت بەرۆشنبیرییەوە.

٦- دامەزراندنی سوپایەکی موجاهیدو سەربەخۆو بەباوەڕ.

٧- دابین کردنی هەمووتواناکانی بۆ باشکردنی سیستمی ناوکۆمەڵ.

٨- لەسیاسەتی دەرەکی ڕێزی ئاڵ و گۆڕ بیروڕا هەبێت و پارێزگاری سـەربەخۆیی ئێران.

## کۆتایی هێنانی بەژیانی حزب:

سـاڵی (١٩٨٠) بـەبڕیارێکی دەسـەڵات حـزب ڕێگـای کـارکردنی رەسمـی لـێگیرا، ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداریش خرایـە ژێرچاودێری و تاوانبـاریش کـرا بەهـەوڵی کوشـتنی ئایەتوڵڵا خومەینی، حزبەکەشی هەڵوەشایەوە.

بۆیە پلەو نازناوەکانی لێوەرگیرایەوەو ساڵی (١٩٨٦) کۆچی دوایی کرد.

## • ڕێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی: (١٢٢)

## سازمان مجاهدین انقلاب اسلامی

ساڵی (١٩٨٠) دامەزراوە لەتێکەڵکردنی (٧) ڕێکخراوی بچووک، کەبریتی بوون لە:

گروپی (امت واحده) ساڵی (١٩٧٧) لەلایەن بەهزاد نەبەوی دامەزراوە.

گروپی (توحیدی بدر) لەسەردەستی حوسین فیدایی دامەزراوە.

گروپی (توحیدی صف) محەمەد بروگەردی و سەلمان سەفەوی و ئەکبەر بـەراتی و حوسین سلاقی دایانمەزراندووە.

گرووپی (فلاح) لەلایەن محەمەد مونتەزری، حەسەن مونتەزەری، مورتەزاویری، دامەزراوە.

گرووپی (خلق) لەسەر دەستی مستەفا تاج ئازاد، دامەزراوە.

گرووپی (منصورون) لەلایەن غولام موحسین سفاتی، موحسین رەزایی، محەمەد باقر ژو ئەلقەدەر، دامەزراوە.

گرووپی (موحیدین)، لەسەر دەستی حوسێن علم ئەلهودا دامەزراوە.

هەموو ئەو گرووپانە لەسەر رێبازی خومەینی کاریان کردووە، لەساڵانی کۆتایی رژێمەکەی محەمەد رەزاشاوە دەستیان بەخەباتی چەکداری کردووە.

ساڵی (١٩٨٢) ململانێ و ناکۆکی کەوتۆتە ناو ریزەکانی رێکخراوەکە، دە کەسیان دەستیان کێشاوەتەوە، رێکخراوەکە دابەش بوو بەسەر سێ گروپ بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ ئایەتوڵلاکاشانی، ئەو سێ گروپەش سێ ئاراستەی سیاسیان بەرجەستەکردووە کەبریتی بوون لە : باڵی راسترەو، رابەرەکەی بەهزاد نەبەوی بوو، باڵی میانڕەو، رابەرەکەی مستەفا تاج زادە بوو، باڵی چەپیش بەسەرکردایەتی محەمەد سەلامەتی و فەیزوڵا عەرەب بوون.

دواتر لەساڵی (١٩٨٦) بەتەواوی رێکخراوەکە بریاری هەڵوەشاندنەوەی درا، پاش دەست لەکارکێشانەوەی ئایەتوڵلاکاشانی.

بەڵام ئەم رێکخراوە ساڵی (١٩٩١) دووبارە باڵەکانی یەکیان گرتەوەو چالاکیان دەستی پێکردەوە، لە (٢/تشرینی یەکەم/١٩٩١) مۆڵەتی فەرمی لەوەزارەتی ناوخۆی وەرگرت.

سەرکردەکانی :

محەمەد سەلامەتی ، سکرتێری گشتی

بەهزاد نەبەوی، حوسێن سادقی، محەمەد سەلامەتی، موحسێن ئارمین، هاشم ئاغاگری، عەرەب سەرخسی، مستەفا تاج زادە، ئەندامانی ئەنجومەنی ناوەندی.

ئایدیۆلوجیای ڕێکخراوەکە لەچەند خاڵێك کورت دەکرێتەوە:

نەتەوە خوازی، هەڵگری ئامانجەکان، کردەوە خوازی، چاکسازین باڵادەستی خەڵکی ئایندار.

**ئۆرگانەکانی:**

١- کۆنگرە، باڵاترین دەسەڵاتی ڕێکخراوەکەیە.

٢- شورای ناوەندی (لە ١.٥ ئەندام پێکدێت)

٣- ئەنجوومەنی جێ بەجێکردن.

٤- کومیتە، بەش، بنکە، یەکەی بچووك.

ئەم ڕێکخراوە بڵاوکراوەیەکی دەرکرد بەناوی (عصرما) واتە سەردەممان، دوای سەرکەوتنی محەمەد خاتمی لەهەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆمار، ئەم ڕێکخراوە بووە بەشێك لەبەرەی (٢ خوردادی چاکسازی)، بەشداریشی کرد لە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شورای ( ١٩٩٦) و سەرکەوتنیان بەدەست هێنا.

## • نووسینگەی بەهێزکردنی یەکگرتن:(٧٣)

## پەیام دانشجو

یەکێتی ئەنجوومەنە ئیسلامیە خوێندکاریەکان و خوێندکارانی زانکۆکان و مەڵبەندەکانی خوێندنی باڵا، لەساڵی (١٩٨٣) دامەزراوە.

ئەندامانی رێکخراوەکە لەناو زانکۆکانی ئێراندا بڵاوەیان لێکردووە، لەو زانکۆیانەش: زانکۆی زانست و پیشەسازی، زانکۆ خواجە نەسرەدینی توسی، زانکۆی شەهید بەهەشتی و چەندین زانکۆو کۆلیجی دیکەش.

یەکەم کۆنگرەی رێکخراوەکە ساڵی (١٩٨٥) بەستراوە، سەرۆکی رێکخراوەکە (حیشمە تولڵا تەها برزەدی) بوو، ناوبراو لەسەردەمی حکومەتەکەی هاشمی رەفسەنجانی بڵاوکراوەیەکی هەفتانەی دەردەکرد بەناوی (دانشجو) واتە خوێندکاری زانکۆ.

### لەدامەزرێنەرانی رێکخراوەکە:

حیشمە تولڵا تەها برزەدی، محەمەد مەسعود سەلامەتی، سەید جەواد ئیمامی، عەلی سەرفراز.

دەستەی بەڕێوەبردنی رێکخراوەکە پێکهاتبوو لە:

حیشمەتولڵا تەها برزەدی، محەمەد مەسعود سەلامەتی، جەواد ئیمامی، پەروێز سەفەری، محەمەد میر ئیبراهیمی.

پەیرەوی ناوخۆی رێکخراوەکە، جەخت لەسەرکاری سیاسی دەکات بۆ ئەندامانی، لەبەر ئەوەی خۆی بەرێکخراوێکی سیاسی دەزانی و بەپێی یاسای حزبەکان مۆڵەتی کارکردنی وەرگرتووە.

**لەبەرنامەی ڕێکخراوەکە ئەم ئامانجانە، باسیان هاتووە:**

١- هەوڵ و کۆششی هەمەلایەنەو بەشێوەیەکی بنچینەیی بۆ بڵاوکردنەوەی شۆڕشی ئیسلامی وبەهێزکردنی سیستمی کۆماری ئیسلامی.

٢- کۆشیشی بەردەوام بۆ پەرە پێدانی شۆڕشی ڕۆشنبیری لەسەرئاستی کۆمەڵگە.

٣- بەشداریکردن و تێکۆشانی بەردەوام بەرەو یەکێتی و پێکهاتنی نەتەوەی موسلمان لەژێر چاودێری تەواوی (وەلی ئەلفەقیە).

٤- دورستکردن و بڵاوکردنەوەی بارودۆخی لەبار بۆکاری هزری و سیاسی و ڕۆشنبیری و پەروەردەکردنی دەروونی ئەندامانی لەسەر ئاستی زانکۆو کۆمەڵگە.

٥- تێکۆشان بەمەبەستی یەکێتی حەوزەو زانکۆ و دۆزینەوەی لەبار بۆ هاوکاری فیکری نێوانیان.

٦- کارکردن بەرەو بەجێگەیاندنی پەیامی هاوبەشی ڕاگەیاندنی شۆڕشی ئیسلامی.

٧- درێژە پێدانی هەماهەنگی و بەهێزکردنی پێکهاتەکانی خوێندکارانی ئیسلامی و ڕێکخراوە ئیسلامیەکان و خوێندکارانی دیکە.

٨- کارکردن بۆ بەردەوام بوونی سەرتاسەری خوێندکارانی ئیسلامی لەجیهان لەڕێگەی بەشداری دەربارەی چالاکیەکانی خوێندکاران لەدەرەوەی ئێران.

ئەم ڕێکخراوە خوێندکارییە، هەڵوێستی لەئاست ڕژێمی ئێرانی لەسەردەمی محەمەد خاتەمی توندبوو، هەڵوێستەکانی لەئاست ڕەوتی کۆنەپارێزی ئێرانی توندتر بووە، چەندین خۆپیشاندانی ڕێکخستووە.

لەرامبەر ئەم ڕێکخراوە، ڕێکخروێکی دیکەی خوێندکاران دامەزراوە بەناوی (بەسیج دانشجوئی) کەلەلایەن حکومەت و ڕەوتی کۆنەپەرێز پاڵپشت کراوە بۆ دژایەتیکردنی خوێندکارانی موسلمان، بڵاوکراوەیەکیشیان بە ناوی (پیام دانشجو) دەرکردووە.

## • ئەنجوومەنی روحانیە خەباتگێرەکان: (١٢٤)

## مجمع روحانیون مبارز

کۆمەڵە لەسەرەتای ساڵی (١٩٨٨) دامەزراوە، دوای جیابوونەوەی لە (جامعە روحانیت مبارز تهران) بەپێی سەرچاوەیەك سێ کەسی سەرەکی لەوانی جیابوونەتەوە هەریەك لە: مەهدی کەروبی سەید مەحمود دوعائی، جەلال خومەینی بوون، لەئەندامانی ئەنجوومەنی ناوەند.

رێکخراوەکە چەند کەسایەتیەکی ئاینی دیکە دەگرێتە خۆی، وەك: محەمەد خاتمی، عەلی ئەکبەر موحتەشمی، محەمەد موسەوی خوئی، عەبدولواحد موسەوی لاری، ئەسەدوڵلابەبات، رەحیمیان رەحمانی، ئیمام جەماراتی، هۆی جیابوونەوەکەش، بۆ جیاوازی بیرورا دەگەرێتەوە دەربارەی زۆر کێشەی سیاسی و ئابوری پەیوەست بەسیاسەت و بەرژەوەندی ئێران.

ئەم رەوتە خۆیان رێکخست و بەباڵی چەپی ناو بزووتنەوەی ئاینی لەئێران ئەژمار دەکرێن، ئەوانە دوای دوو ساڵی زیاتر دەستیان بەسەر دەسەڵاتداگرت، دوای کۆچی دوایی خومەینی (١٩٨٩) کۆمەڵە روویان لەلاوازی کرد و وردە وردە لەدەسەڵات دوور خرانەوە، بەسەر نەکەوتنیانیش لەهەڵبژاردنی پەرلەمان (خولی چوارەم)، ئەوانە بەتەواوی کەوتنە دەرەوەی چالاکی لەگۆرپانی سیاسیدا.

### بنەماهزری و سیاسییەکانی کۆمەڵە:

ئەندامانی کۆمەڵە باوەریان وایە کەپێویستە کاریەدەستوری ئیسلامی بکرێت، مافە ئازادی و یاساییەکان دەستەبەربکرێن، هەروەها رێگابدرێت بەدامەزراندنی حزبە سیاسییەکان، هەڵگری بیروباوەری جیاواز.

هەندێك لەسەركردەكانی ئەم رەوتە خۆیان بەچەپی ئیسلامی دەزانن و نزیكن لەهزری لیبرال، ئەگەرچی راستیەكەی ئەوە دەردەخات كەخۆیانیش ئیسلامی توندو رادیكالن.

ئەم رەوتە باوەڕی وایە، كە پێویستە حكومەت دەستی چالاكی لەكاروباری ئابوری هەبێت، بۆیە دژی سیاسەتەكانی حكومەت بوون لەسەردەمی هاشمی رەفسەنجانی دەربارەی ئابوری ولات و كەمكردنەوەی پالپشتی حكومەت بۆ كەل وپەل و كالاكان.

لەبواری سیاسەتی دەرەكی، ئەم رەوتە سیاسەتێكی توندەوی رادیكالیان هەبووە بە پێچەوانەی رێبازی سیاسی ناوخۆیان، كەمیانرەو بوونە، بەبۆچوونی ئەوان، سیستمی جیهانی سیستمێكی ئیستعمارییەو ئەمریكا بەدوژمنی سەرەكی ئێران دەزانن، رۆژنامەی كۆمەڵە لەژێر ناوی (سەلام) دەردەچوو.

### گروپەنزیكەكانی ئەم رەوتە:

١- رێكخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی ئێران. (بەهزاد نەبەوی و محەمەد سەلامەتی)

٢- یەكێتی ئەنجوومەنە ئیسلامیەكان، خوێندكارانی سەرانسەری (مەكتەبی یەكگرتن)

٣- ئەنجوومەنی ئیسلامی مامۆستایان.

٤- ئەنجوومەنی ئیسلامی مامۆستایانی زانكۆكان لەئێران.

٥- ئەنجوومەنی ئیسلامی كۆمەڵەی پزیشكانی ئێرانی.

٦- ئەنجوومەنی ئیسلامی ئەندازیارانی ئێرانی.

## • کۆمەڵەی کادیرانی بونیادنانی ئێران:
## گروهی ازکار گزاران سەزندگی (١٢٥)

ئەك حزبە لەسەردەستی غولام حوسێن گرباسجی ساڵی (١٩٩٥) دامەزراوە، بە پاڵپشتی سەرکۆمار هاشمی رەفسەنجانی، بەڵام پێشینەی دامەزراندنی بۆ ساڵی (١٩٨٩) دەگەڕێتەوە، ئەوانی بەشداریان کردووە لەدامەزراندنی هەریەك لە: غولام حوسێن گرباسجی، محەمەد هاشمی، موحسین نوربەخش، عەتا ئەڵلا موها جرانی، رەزا ئامران لەهی، مستەفا هاشمی، محەمەد عەلی نەجەفی، فائیزە هاشمی، عەلی هاشمی، حوسێن مرعشی.

**سکرتێری گشتی حزب، غولام حوسێن گرباسجی:**

**وتەبێژی حزب، حوسێن مەرعشی.**

**سەرۆکی شورای ناوەند، ئیسحاق جیهانگیری.**

ئەندامانی شورای ناوەند: غولام حوسێن گرباسجی، محەمەد عەلی نەجەفی، حوسێن مرعشی، فائیزە هاشمی، رەزا ئەمرولاهی، مستەفا هاشمی، عەلی هاشمی، موحسین هاشمی، ئیسحاق جیهانگیر، غولام رەزا فروزەش، رەزا مەلیك زادە، محەمەد عەتر، سەید حوسێن هاشمی، ئیسماعیل جەبار زادە، عەبدولناسر هیمەتی، فاتیمە رەمەزان زادە، یەدڵلا تاهیر نەژاد، عەلی محەمەد نجازی، پەروانە مافی محەمەد قوچانی سەعید لیلاز.

رۆنازمەکانی حزب: کارگزاران، رۆژنامە، لەگەڵ هەفتەنامەی (سەدا)، حزب رێکخراوێکی لاوانی هەیە.

**بەرنامەی حزب:**

ئەم حزبە ئاراستەیەکی میانرەوەی پراکماتیکی هەیە، باوەری وایە کە حکومەت دەبێ لەلایەن کەسانی شارەزاو تەکنوکرات بەڕێوە بچێت، ئەم ئاراستەیە زۆربەی کەسە شۆڕشگێرەکان، دەگرێتە خۆی ئەوانی دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەبوارە جیاوازەکانی حکومەت کاریان کردووە.

بەرنامەی ئابوری حزب، بریتیە لەکارکردن لەپێناو گەشەکردنی ولات بەڕێگای پلان و بوونی نەخشەی ئاوەدانی و خۆشگوزەرانی، بەرنامەکەی حزب داوای کردووە، رۆلی حکومەت لەئابوری ولاتدا سنووردار بێت، پشتگیری کەرتی باج بکرێت، هەروەها پشت ببە سترێت بەبەرهەمە نا نەوتیەکان و کارکردن بۆ کەمکردنەوەی پشت بەستن بەنەوت.

لەبواری پەیوەندییە دەرەکیەکان، سیاسەتی کراوەیی بەکاربهێنرێت و پەیوەندی لەگەڵ ولاتی عەرەبی سعودی و چەند ولاتێکی عەرەبی و ئەورووپی دروست بکرێت.

- **کۆمەڵەی بەرگری لەبەهاکانی شۆڕشی ئیسلامی:**

**جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی ( ١٢٦ )**

ئەم رێکخراوە لە (٥/حوزەیرانی/١٩٩٥) بەرەسمی دەستی بەچالاکی کردووە، یەکەم بەیاننامەی لە (١٣/شوباتی/١٩٩٦) بلاوکردۆتەوە .

سکرتێری گشتی – محەمەد محەمەدی ری شەهری.

جێگری سکرتێری گشتی – روحوللا حوسینیان.

سکرتێری ئابوری – محەمەد شەریعەتمەداری.

سکرتێری کاروباری سیاسی – ئەحمەد یورنەجاتی.

ئەندامانی ئەنجومەنی دامەزرێنەر: سەید عەلی ئەکبەر ئەبو تورابی، عەلی رازینی، محەمەد سادقی عەرەب نیا، موحسین سولتانی شیرازی، سەید عەلی قازی عەسکر، سەید عەلی غەیوری نەجەف ئابادی.

دەربارەی هۆیەکانی دامەزراندنی کۆمەڵ، سکرتێری گشتی دەڵێت: "ئێمە بەر لەهەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو بۆ شاییە سیاسییەی لەکۆمەڵگەدا هەبووە، دەبێ بەشێوەیەکی کاریگەرپچینە مەیدان، لەدوای هەڵبژاردنی خولی پێنجەمی پەرلەمان، ئاماری هەڵبژاردنەکان بەتەواوی بۆ شایی و جودی یەك رەوتی سیاسی نیشاندا کە لەلایەن زۆربەی خەڵکەوە پەسندبێ، ئەم مەسەلەیەش لێکۆڵینەوەکانی کرد بەمەبەسەلەیەکی بێ چەندو چوون، لەبەر ئەوە لەدوای هەڵبژاردن گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە پێویستە رێکخراوەکەی ئێمە بەردەوام بێ"

**بیروباوەرە سیاسییەکانی کۆمەڵە:**

١- وەلی ئەلفەقیە، لەلایەن خوداوە دانراوەو لەلایەن گەلیشەوە قبولکراوە،

٢- بڕیارەکانی وەلی ئەلفەقیە لەسەرووی یاسای بنچینەییە.

٣- فرەیی لەناو سیستم جێگای پەسند کردنە.

٤- تاك و حزبەکان لەچوار چێوەی سیستمی ویلایەتی فەقیەو بەپێی بنەماکانی سیستم، بیروڕای خۆیان دەردەبڕن.

٥- کارکردن بەپێی بنەمای یەك فیکرو فەرامۆش نەکردنی بەهاکانی.

٦- ئەو حزبانەی بنەماکانی سیستمی ئیسلامیان قبول نیە، دەبێ لەوە واز بێنن.

**هەندێ بیروبۆچوونی کۆمەڵە لەڕووی ئابورییەوە.**

١- رازی نەبوون بەپاوانکردنی کاروباری ئابوری لەدەستی دەوڵەت.

٢- رازی نەبوون بە سیاسەتی هەموارکردنی ئابوری .

٣- رەخنەگرتن لەبەرزبوونەوەی نرخەکان.

٤- سوود وەرگرتنی بێ مەرج لەسەرچاوە دەرەکیەکان.

٥- دادوەری کۆمەڵایەتی .

**بیرو بۆ چوونەکانی کۆمەڵە لەبواری رۆشنبیرییەوە:**

١- پشتگیری لە لێپرسینەوەو چاودێری لە بەرهەمە فەرهەنگیەکان پێش ئەوەی بڵاودەبنەوە.

٢- یەکەمایەتی بدرێت بەبابەتی رۆشنبیری.

٣- رێگەنەدان بەوبابەتە رۆشنبیریانەی مەترسین بەسەرشۆڕشی ئیسلامی.

٤- پشتگیری چاودێری کردنی پیاوانی ئاینی لەچالاکیە رۆشنبیرییەکان.

ئەم رێخراوە هەفتانە نامەیەکی بەناوی (ارزیش ها) بڵاودەکردەوە، بەڕێوەبەرو بەرپرسی (محەمەد محەمەدی ری شەهدی) بوو.

کۆمەڵە چەندین رەخنەی ئاراستەی حزب و باڵە سیاسیەکانی دیکەی هەبووە، وەك: "جیاکردنەوەی ئاین لە سیاسەت، رەخنە لەهەردوو کۆمەڵەی روحانیەی خەباتگێرو خەباتگێرەکان، گەندەلی و هەڵپەرستی، رەخنە لەسیاسەتی ئابوری.

کۆمەڵە رێکەوتی (١٣/تشرینی یەکەمی/١٩٩٨)، چالاکیەکانی هەڵپەساردووە.

### • کۆمەڵەی خۆبەختکەرانی شۆڕشی ئیسلامی:

### ( جمعیت ایپار گران انقلاب اسلامی ) ( ١٢٧ )

کۆمەڵە لەسەردەستی چەندکەسێك دامەزراوە ساڵی (١٩٩٧) کەبەشداری شۆڕشیان کردبوو، کۆمەڵە ساڵی (١٩٩٩) بەڕەسمی ڕێگای کارکردنی پێدراوە.

ئەندامانی ئەنجوومەنی دامەزرێنەر، بریتی بوون لە: "حوسێن فیدایی، عەلی ئەکبەر ئەبو تورابی، عەلی دارایی، موجتەبی شاکری، داود دانشی جەعفەری، عەلی یوسف پور، عەبدولحوسێن روح ئەمینی، ئەحمەد عەلی موقیمی، هادی ئیمانی، ئەسغەر سەبوری.

ئەم گروپە، سەرەتا لەساڵانی (١٩٩٢ – ١٩٩٣) دەستیان بەچالاکی رۆشنبیری کردووە.

### خەسلەت و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵە:

أ) ڕێزگرتن لەگروپە سیاسییەکانی دیکە، سەربەخۆیی لەکاتی هەڵبژاردنەکان، نەبەستنی هاوپەیمانیەتی لەگەڵ گروپ و لایەنەکانی دیکە، لستی سەربەخۆیی لەهەڵبژاردن.

ب) نزیکبوونەوەو سازان لەگەڵ گروپە سیاسیەکانی ناوڕژێم، بەدوور لەبیرو بۆچوونی (جەپ یان راست).

ج) داهێنانی هزری و ئاراستەکردنی سیاسی.

### بیروباوەڕەکانی کۆمەڵە:

١– باوەڕبوون و پابەند بوون بەبنەمای ویلایەتی فەقیە، دەسەڵاتی حکومەتی ئاینی.

٢– باوەڕهێنان و پابەند بوون بەکۆماری ئیسلامی.

٣- پابەندبوون بەکردار بەدەستورو سەروەری یاسا.

٤- پێویستە بەهائیسلامیەکان سەروەربن لەپەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی ناوکۆمەڵگە.

٥- پێویستە حکومەت هەردوو خەسلەتی ئیسلامی میللی هەڵگرتبێ.

٦- باوەڕهێنان و ملکەچی بەبیروباوەڕو بەهاکانی ئایەتوڵلا خومەینی.

٧- یەکگرتن و سۆز لەنێوان گروپە سیاسیەکان.

٨- بەربەرەکانیکردنی ڕەگەزپەرستی و خۆبەزلزانین و زایۆنیزم.

٩- داکۆکی لەسەر سیاسەتی دەرەکی و جێبەجێکردنی بەپێی بنەماکانی سەربەخۆیی و بەرژەوەندییە ئەمنی و نەتەوەییەکان.

١٠- پەرەسەندنی برایەتی نێوان هێزە شۆڕشگێڕەکان و بڵاوکردنەوەی کولتوری خۆ بەختکردن لەپێناو خوداو (الامر بالمعروف والنهی عن المنکر).

١١- باوەڕهێنان بەخۆشگوزەرانی تاك و پاراستنی ڕێزو حورمەتی.

١٢- باوەڕبوون بەدادپەروەری ئیسلامی و جێبەجێ کردنی.

١٣- پاڵپشتی چەوساوەکان وپاڵپشتی بزووتنەوەکانی ڕزگاریخوازی نیشتمانی.

١٤- پارێزگاری پێگەو پایەی حەوزەی عیلمی.

**ئامانجەکانی کۆمەڵە:**

١- جێگیرکردنی ئیسلام وبڵاوبوونەوەی

٢- دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی ئیسلامی نموونەیی لەبەر ڕۆشنایی بیروباوەڕەکانی ئایەتوڵلا خومەینی.

٣- پارێزگاریکردنی بەها باڵاکان و دەسکەوتەکانی شۆڕشی ئیسلامی.

٤- پەرەپێدانی کولتوری (الامر بالمعروف والنهی عن المنکر)

**(مرامنامه جبهت مشارکت) ئەم بابەتانە وەك ئامانج باسیان هاتووە:**

دیـنـداریو مەعنەوییـەت، دادپـەروەری و سـرینەوەی نابەرابـەری، تێکۆشـان بـۆ چاکەکاری، رێزلـەمرۆڤ و مـاف ئازادییـە یاسـاییەکان، سـەربەخۆیی وڵات، سـەروەری یاسـاو ئاسایشـی نەتـەوەیی، یـەکێتی ئیسـلامی و سـازدانی میللـی، گەشـەپێدان وپەرەسەندنی هەمەلایەنە، بەشداری سیاسی، پێگەی جیهانی ئێران.

هـەروەها لەپـەیڕەوی نـاوخۆی (اساسـنامه جبهـت مشـارکت) کەلەچـوار بـەش و (٣٦)مـاده دارێـژراوە، هەیکـەلی رێکخراوەیـی حزبەکـە بـەم شـێوەیە دیـاری دەکـات: ئۆرگانەکانی ئەم حزبـە بـەم شـێوەیە پێکهـاتووە لەسـەرەوە بـۆ خـوارەوە: کـۆنگرە، مەکتـەبی سیاسـی (سـکرتێر + ١٠ ئەنـدام)، شـورای ناوەنـدی (٣٠) ئەنـدام، حـەوزە، ئەنجومەنەکانی بەڕێوەبردن، سکرتێری گشتی، کۆمیتە، پۆل، ئەنجوومـەنی دادوەری، ناوچە، لق.

دیـارە ئـەم بەرەیـە رۆڵێکـی گـەورەیی گێـڕاوە لەئەنجوومـەنی شـورای ئێرانـی (پەرلەمان) ئەویش لـەڕێگای چـەندین (پـڕۆژە یاسـا)کە جێگـای ململانـێ و گفتوگـۆی توندبوو.

برەو پێدان بەهاوبەشی سیاسی و باڵا دەستی خەڵك لەبەڕێوەبردنی کاروباری وڵات، توووند راگرتنی و پەرەپێدانی پەیوەندییەکانی نێوان گەلانی ناوچەکە لەسەر بنچینەی بەرژەوەندییەکانی هەموولایەك.

چاك کردنی کاروباری وڵات و فرەیی رۆشنبیری و رەخنەگرتن لەلایەن خەڵکەوە.

زۆربوونی هاوکاری میللی و پەرەپێدان وبەهێز کردنی دامەزراوە مەدەنیەکانی ناوکۆمەڵگە.

پەرەسەندنی رۆشنبیری و پەروەردەکردنی کارگێڕی و سیاسی و کۆمەڵایەتی .

- **رەوتە سیاسییە ئیسلامیەکان لەئێران ( پۆلێنکردن ): (١٣٠)**

دەربارەی باڵ و ئاراستە سیاسییەکان لەسیستمی کۆماری ئیسلامیدا، چەند بیرو بۆچوونێکی جیاواز هەیە، چ لە ناوخۆی کۆماری ئیسلامیدا یان لەدەرەوەی، بەمەبەستی پۆلینکردنیان، دەکرێ بەکورتی ئاماژەیان بۆ بکەین:

١- رێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی لەئێران، باڵە سیاسیە ئیسلامیەکان دابەش دەکاتە سەر چەند ئاراستەیەك، وەك: باڵی راستی کۆن، باڵی راستی مۆدێرن، باڵی چەپ، باڵی چەپی نوێ.

٢- عەباسی عەبدی لەرۆژنامەی (سەلام) باڵە ئیسلامییەکان دابەش دەکاتە سەر: "باڵی ڕاستی کۆن، باڵی ڕاستی مۆدێرن، باڵی ڕاستی توووندرەو، باڵی چەپی ئیسلامی"

٣- د. سەعید بەرزین، مامۆستای زانستە سیاسییەکان، ئەو باڵ و ئاراستە سیاسییانە بەم شێوەیەی خوارەوە پۆلین دەکات: ئاراستەی ڕاستی ئیسلامی، ئاراستەی ناوەندی، ئاراستەی چەپی ئیسلامی، ئاراستەی حزبوڵلا.

٤- نووسەری کتێبی (ایران، الپورە الخفیە)، بیرو بۆچوونێکی تایبەتی هەیە، ئەو بەم شێوە ئاراستەکان دەخاتەروو:

أ) ئاراستەی راستی توندرەو، ئەو گروپانە دەگرێتەوە کەبیروباوەڕەکانی (نەواب سەفەوی) یان پەیرەو کردووە.

ب) ئاراستەی ڕاستی نەریتگەری، کە لەقوڵایی هێزی شیعە عەلمانیەکان چەسپاوە، ئەم ئاراستەیە پێی باشتربوو، توێژی زانائاینیەکان دووربن لەدەسەڵات، ئەگەر چی ئاینیان پێ باشترە.

پێش شۆڕشی (١٩٧٩) ئەم رەوتە ئامادەیی جیاکردنەوەی ئاینی لەدەسەڵات تێدابوو، هەروەها بەرهەڵستی کردنی هەر چەمکێکی ویلایەتی فەقیە، بەڵام دوایی سەرکەوتنی شۆرشی ئیسلامی و زاڵبوونی دەسەڵاتی زانا ئاینیەکان بەسەر دەوڵەتدا، تێروانینی ئەم رەوتە پەرەی سەندو گۆڕانی بەسەرداهات، تارادەی ئەوەی کە ئەم ئاراستە ئاینییەوا دەبینێ کە ئاین لەبارە نەریتگەرییە ئاساییەکەی، دەبێتە ئایدیۆلۆجیا یان شێوازی ژیانی بنچینەیی و شەرعی سیستم لەوڵاتدا.

ج) ئاراستەی راستی پراگماتیکی، ئەم رەوتە بەهاندان و پشتیوانی ئایەتوڵڵا هاشمی رەفسەنجانی هاتۆتەدی.

د) ئاراستەی چەپی ئیسلام، ئاراستەییکە، تێروانینێکی مارکسی دیموکراسیانەی هەیە بۆ کۆمەڵگە، کاریگەرە بەرێبازو بیروباوەڕەکانی عەلی شەریعەتی.

بەکورتی ناکرێ بڵێین لەئێران سیستمێکی پیوکراسی توتالیتاری هەیە، لە هەمان کاتدا ئێمە دوورین لەسیستمی فرەحزبیش، ئەو ئاراستانەی ئامارەیان بۆکراوە، سەرەڕای ئەو حزب و قەوارە سیاسیانەی پێکهاتوون، هەموو لەچوارچێوەی یەک ئایدیۆلۆژیا کاردەکەن، حزبی سیاسی جەماوەریش نین.

## خشتەی وەسفی باڵەکان (١٣١)

| باڵ | ناوی ڕەسمی | پێگەی ڕێکخراوەیی | ئۆرگانی ڕەسمی و نارەسمی | هەندێ لە کەسایەتییەکان | سیاسەتی ناوخۆ | سیاسەتی دەرەکی | بەرنامەی ئابوری | پێگەی کۆمەڵایەتی | بەشداری لەئەنجومەنی شورای (٤) و (٥) |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| میانڕەو | بەرژەوەند خواز ڕاستی نوێ | کارگێرانی بونیاد نەران | اطلاعات همشهری | غولام حوسێن عەبدوللا نوری حەسەن ڕوحانی عەتا ئوڵلا موهاجیرانی | ڕیفۆرمخواز | میانڕەو | ئازادی ئابوری جەخت لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت | چینی ناوەڕاست و بیروکرات | ٢٠ — ١٠٠ کورسی |
| ڕاست | پارێزگار ڕاستی نەریتخواز | ڕوحانیەت مبارز هیئاتی موتلفە ڕێکخراوەکانی هاوبیر | رسالت | ناتق نوری محەمەد جواد مورتەزا نەبەوی | پارێزگار نەریتخواز | پارێزگار | ئازادی ئابوری جەخت لەسەر ڕۆڵی کەرتی تایبەت | چینی ناوەڕاستی تەقلیدی و بازار | ١٥٠ — ١٣٠ کورسی |
| چەپ | چەپی نەریتخواز | موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی ڕوحانیومبارز | سلام عصرما | حوجەتو لئیسلام خوئەینی، عباس عبدی، بەهزد نبوی | ڕیفۆرمخواز | توندڕەو | جەخت لەسەر ڕۆڵی دەوڵەت | چینی ناوەڕاست خوار ناوەڕاست | ١٥ کورسی |
| حزبوڵلا | توندڕەو شۆڕشگێر چەپی نوێ | لایەنگرانی حزبوللا کۆمەڵەی دفاع از ارزشها | صبح، کیهان جمهودی اسلامی | ئایەتوڵلا جەننەتی، محەمەد ڕەیشە هری | پارێزگار | توندڕەو شۆڕشگێر | ڕۆڵی دەوڵەت | چینی ناوەڕاست چینەکانی خوارەوە | ١٥ کورسی |
| نەتەوەیی | لیبراڵ نەتەوەییەکان | بزووتنەوەی ئازادی | ایران فردا | ئیبراهیم یەزدی عیزەتوڵلا سەحابی | چاکسازی کردنی دەستور | ڕیفۆرمخواز | / | چینی ناوەڕاست بیروکرات کەرتی تایبەت | / |

## حزب و رێکخراوە سیاسییەکانی، نەتەوە غەیرە فارسەکان:

### أ. هەرێمی کوردستان:

- **حزبی تەرەقی و تەهزیبی ئەخلاقی کوردستانی: (١٣٢)**

ساڵی (١٩٠٧) لەژێرناوی ئەنجوومەنی (سەداقەت) ئەنجوومەنێك لەشاری سنە دامەزراوە بەسەرۆکایەتی (شێخ محەمەد مەردۆخی) ئیمامی مزگەوتی گەورەی سنە.

لایەنگرانی زیاتر پێکهاتبوون لە چین و توێژەکانی ناو بازاڕ، بازرگانان، کاسب کار، پیشەسازی و پیاوانی ئاینی.

دوای ئەوەی ژمارەی ئەندامانی زۆر بوو، لە (٣/کانوونی یەکەمی/١٩٠٩) بڕیادرا ئەنجوومەن بکرێت بەحزب، بەناوی حزبی تەرەقی و تەهزیبی ئەخلاقی کوردستانی.

دەستەی سەرکردایەتی حزبەکە بریتی بوو لە:

محەمەد مەردۆخی ، سەرۆك.

محەمەد باقر حەبیبی ، سکرتێر

میرزا ئیسماعیل ئیفتیخار، ژمێریار

حاجی حەسەن سنندج، خەزنەدار

ئەشرەف نیزامی کانگەر، بەرێوەبەری چالاکیەکان.

**ئامانجەکانی حزب هەروەك لەبەیانی دامەزراندنی حزبەکە هاتووە:**

١- بڵاوکردنەوەی هزری دیموکراسی و هۆشیاری سیاسی لەکوردستان.

٢- بانگەشە بۆ دەستورو یەکگرتنی خاکی ئێران.

٣- کارکردن بۆ پێشخستنی نیشتمانی لەبواری سیاسی و ئابوری و کۆمەلایەتیەوە.

٤- سەپاندنی ئاسایش و یاسا لەوڵاتدا.

هەرچەندە ئەم حزبە بەرەو رووی بەرهەڵستی و فەتوای ناحەزان بۆ تەوەو بەکافریان ناساندووە، بەڵام هەر بەردەوام بووە لەچالاکیەکانی، هەوڵ و تێکۆشانی حزبیش تایبەت نەبووە بەناوچەی کوردستان، بەڵام سنووری کرودستانیشی نەبەزاندووە.

ئەم حزبە لایەنگری حکومەتی ناوەندی ئێرانی کردووە، سەرۆکی حزب لەیاداشتەکانی باسی ئەوە دەکات کەچالاکی حزب هۆکاربوو بۆ گەڕانەوەی دەسەلاتی حکومەتی ناوەندی بۆ شارەکە.

## • جمعیا استخلاصا کوردستان:

لەساڵی (١٩١٢) دامەزراوە، سەرۆکی کۆمەڵە عەبدوڵلای کوڕی عەبدولقادری کوڕی شێخ عوبەیدوڵلای (١٣٣) نەهری بوو، لەو کەسانەی هاوکاری کۆمەڵەیان کرد، سەید تەهای نەهری، ئیسماعیل ئاغای شکاك.

دەربارەی کۆمەڵە، مێژوو نووس (باسیل نیکتین) دەڵێ:"لەکۆتایی ساڵی (١٩١٧) لەنووسینگەکەم لەشاری ورمێ، پێشوازیم لەنێردراوێکی کۆمەڵەی رزگاری کوردستان کرد، نامەیەکی سەید تەهای پێبوو، هەروەها دەڵێ: ئەم کۆمەڵەیە داوای لەکونسولییەتی (روسیا) کرد دیدارێك لەنێوان ئەوان و سوپای روسیا رێك بخات لەپێناو رێککەوتنێك لەسەرکارکردنی هاوبەش لەدژی دەوڵەتی عوسمانی بەمەبەستی رزگارکردنی کوردستان، کۆمەڵە هەلگری بیروباوەڕێکی نەتەوەیی بووە، خەباتی دەکرد بۆ رزگاری کوردستان و باوەڕیشی بەخەباتی چەکداری هەبووە".

## • جەمعیەتی جهاندانی (جیهانزانی): (١٣٤)

کۆمەڵە،ساڵی (١٩١٣) دامەزراوە، لەلایەن کۆمەڵە سیاسەتمەدارو رۆشنبیرێك بەسەرکردایەتی عەبدولرەزاق بەدرخان، لەشاری خۆی، ئیسماعیل ئاغای شکاك (سمکۆ) کەسێکی کارا بووە لەناو کۆمەڵە، هەروەها ژمارەیەك سەرۆك عەشیرەت و کەسایەتیەکانی دیکە هاتوونەتە ریزی کۆمەڵە، لەوانە سەید تەهای نەهری، سەعید بەگ (سەرۆك عەشیرەتی کورجیکان) هەروەها شوکر ئاغای تراقی و کۆمەڵە، بەرواڵەت واخۆی پیشاندەدا کەکۆمەڵەیەکی رۆشنبیرییە، تەنانەت ناوەکەشی هەرئاماژە بۆ ئەو بوارە دەکات، بەڵام لەبنچینەدا رێکخراوێکی سیاسی بوو.

**یەکەم// ئامانجە رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵە:**

١- کردنەوەی قوتابخانەی گشتی و کشتوکاڵی و هونەری.

٢- درەکردنی رۆژنامەو گۆڤاری کوردی و دانانی چاپخانە.

٣- دانانی پیتەکانی ئەلفابای نوێ.

٤- ناردنی لاوانی کورد بۆ روسیا بەمەبەستی خوێندن.

٥- زانین و خوێندنی شارستانێتی ئەوروپی و کەلك وەرگرتن لێی.

٦- کردنەوەی چاپخانەیەك بۆ کۆمەڵە.

**دووەم// ئامانجەسیاسییەکان:**

١- هەوڵدان بۆ ئەوەی خەباتی گەلی کورد بەرێبازێکی راستدا بڕوات و لە چوارچێوەیەکی یەکگرتوودا کۆبێتەوە.

٢- کۆمەڵە تێدەکۆشا بۆ سەرکردایەتیکردنی خەباتی کورد.

٣- هەوڵدان بۆ کوردو کوردستانێکی سەربەخۆو یەکگرتوو.

عەبدولرەزاق بەدرخان گەلێ جار هەوڵیداوە یارمەتی لەروسەکان دژی قاجاری و دەوڵەتی عوسمانی وەربگرێت، ئەو دوولایەنە ناچاریان کردووە کەپەنا بۆ شاری بەتلیس بەرێت و لەوێوەش رووی لەشاری پاریس (فەرەنسا) کردووە.

## • حزبی جوانی کورد – لاوانی کورده:

**لەبەڵگەنامەیەکی بەریتانیدا هاتووە: (١٣٥)**

لـەناو جوڵانـەوە سیاسـییەکەی (سمکـۆی شـکاك) لەسـەرەتای (١٩٢٠) ڕێکخستنێکی سیاسی دەرکەوتووە، لەو هەل و مەرجەدا، شاندێك بەناوی (حزبی لاوانی کورد) کە سەید تەها و سمکۆی شکاك نوێنەرایەتیان کردووە، گفتوگۆیان لەگەڵ شەریف پاشا کردووە، شاندەکەی لاوانی کورد، داوایان لەشەریف پاشا کردووە کەکاریکات لە پێناو دانپیانان بەمافەکانی نەتەوەی کوردو دامەزراندنی دەوڵەتی کوردستان و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی کوردستان.

دیارە ئامانجی ئەم حزبە هەر ئەوەندە نەبووە کە دەوڵەتێکی کوردی لەو بەشەی کوردستان (ڕۆژهەڵات) دابمەزرێت، بەڵکو بەشەکانی دیکەی کوردستانیش بگرێتەوە.

لەیاداشتێکدا کە لەلایەن وەزارەتی هیندستانەوە لە(کانونی دووەمی/١٩٢٠) دراوە بەوەفدی بەریتانیا لەپاریس سەبارەت بەهەڵوێست و سیاسەتی ئایندەی لەکوردستان، یاداشتەکە باسی چاوپێکەوتنی جەنەرال شەریف پاشا دەکات لەگەڵ وەفدی حزبی لاوانی کورد لەهەفتەی دووەمی (کانوونی/١٩٢٠) لەوڵاتی سویسرا، لەوێدا ئەندامانی ئەو حزبە خۆیان بەنوێنەری سەید تەهاو سمکۆی شکاك و چەند سەرکردەیەکی دیکەی کوردەکان ناساندووە، لەبڕگەی دووەمی یاداشتەکەش داخوازیەکانی حزبی لاوانی کوردی بەم جۆرە خستۆتەڕوو:

١- دان پێ نان بەبوونی نەتەوەی کورد.

٢- بوونی پارێزگارییەك بۆ دەوڵەتە نوێیەکەی کوردستان.

٣- بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد سیاسەتێکی نەگۆڕی دەبێت.

بەپێی ئەو ئامانجانەی خراوەتەروو، دەردەکەوێت کەئەو حزبە، حزبێکی نەتەوەییەوە هەوڵی بۆ سەربەخۆیی سەرجەم بەشەکانی کوردستان داوەو رۆڵی گەورەی لەبزووتنەوەکەی سمکۆی شکاك گێراوەو دژی دەسەڵاتی ئێران بووە.

- **جەمعیەتی خەیری کوردی: ( ١٣٦ )**

بەپێی بەلگەنامەیەکی بەریتانی کۆمەڵەیەکی سیاسی نهێنی لەشاری سابلاخ (مەهاباد) ساڵی (١٩٢٧) دامەزراوە، ئامانجی کۆمەڵە سەربەخۆیی کورد بوو لەچنگ دەسەڵاتی ئێرانی.

هەربەپێی هەمان بەلگەنامە ژمارەیەکی زۆر لەزانایانی ئاینی و سەرۆك هۆزەکان بوونەتە ئەندامی کۆمەڵە، لەوانە (کوێخارەحیم کوری شێخ بورهان، حاجی باباشێخ، قەرەنی ئاغای مامش، عەزیز ئاغای دیار بەکری...)

هەروەها کۆمەڵە لقی لەچەند شارێکی کوردستانی رۆژهەڵات و شاری تارانیش کردۆتەوە.

کۆمەڵە هەوڵیداوە هەماهەنگی لەگەڵ جوڵانەوەی رزگاریخوازی ئەرمەنیدا بکات، بەڵام ئەرمەنیەکان پێیان باش بوو یارمەتی کوردی کوردستانی باکور (ترکیا) بدەن لەبەرئەوەی تورکیا بەدوژمنی سەرەکی خۆیان دەزانن.

- **جەمعیەتی کوردی: ( ١٣٧ )**

ساڵی (١٩٢٧) لەشاری سابلاخ دامەزراوە، کۆمەڵەیەکی سیاسی کوردی نهێنی بوو، کۆمەڵە لقی خۆی لەچەند شارو شاروچکەیەك کردۆتەوە، پێدەچێت ئەم کۆمەڵە لەژێرکاریگەری شۆڕشی سوسیالستی (بەلشەفی) ساڵی (١٩١٧) لەروسیا دامەزرابێت، ئەویش بەمەبەستی هاندانی کوردەکان بۆ سەربەخۆیی، هەروەها دەردەکەوێت کەکۆمەڵە هیچ هیوایەکی بەهاوکاری دەرەکی نەبووە، بەتایبەتی لە لایەن بەریتانیا.

## • حزبی ئازادی کوردستان ( پاك ): ( ١٣٨ )

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان، دامەزراندنی ئەم پارتە بیروڕای جیاوازی لەسەرە، عەبدولستار تاهیر شەریف دامەزراندنی پارتی ئازادی بۆ ساڵی (١٩٣٩) دەگەڕێنێتەوە، سەرچاوەی دیکەش بۆ ساڵی (١٩٣٨) دەیگەڕێنێتەوە، هەژار موکریانی لەبیرەوەریەکانیدا خۆی بەشایەتحاڵی دامەزراندنی ئەم پارتە لەقەڵەم دەدا، بەجۆرێك کە باس لەمێژووی دامەزراندنی دەکات، بۆدوای هاتنی لەشکری سوری سۆڤییەتی دەگەڕێنێتەوە، واتە دەوروبەری ساڵی (١٩٤١).

د. کەمال مەزهەر ئەحمەدیش تەمەنی ئەم حزبە لەنێوان ساڵانی (١٩٣٩ — ١٩٤١) مەزەندە دەکات.

حزبی ئازادی لەلایەن کەسایەتی رۆشنبیری کوردستانی رۆژهەڵات (عەزیز زەندی) سەرکردایەتی کراوە.

ئەم پارتە لەشاری مەهاباد دامەزراوە، بەرنامەکەی لە (٢٨) مادە پێکهاتبوو بەزمانەکانی کورد، ئەرمەنی، ئاشوری، بڵاوکراوەتەوە، هەربەپێی سەرچاوە مێژووییەکان پارتی ئازادی چەند ناوێکی جیاوازی هەڵگرتووە، لەوانە:

کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کورد، کۆمەڵەی ئازادیخوازانی کوردستان، حزبی ئازادیخوازانی کوردستان، حزبی ئازادیخوازانی کورد.

بەپێی هەندێ لێکدانەوە رەنگە ئەم حزبە لە کۆتایی ساڵ (١٩٤٣) کۆتایی بەچالاکیەکانی هاتبێت.

## • ئامانجەکانی حزب:

١— رێککەوتن و یەکێتی گشتی بێ جیاوازی کوردو ئەمەرن و تورك و ئاشوری، ئەوانی لەتەواوی کوردستان پێشتر نیشتەجێ بوون.

٢- گەشەپێدانی پەیوەندییەکانی (مادی و مەعنەوی) برایانی کوردستان بێ جیاوازی زمان وجل و بەرگ و ئاین و گێرانەوەی سنورەکانی کوردستان و لورستانی کۆن بۆ باری یەکەم جار (پێش جەنگی یەکەمی جیهانی)

- **کۆمەڵە ژیانەوەی کورد (ژ- ك) : (١٣٩)**

بەورد بوونەوە لەبەڵگە نامەکان دەربارەی (ژ.ك) دەردەکەوێت کەکۆمەڵە لەسەر پاشماوەکانی کۆمەڵەی ئازایخوازانی کوردستان لە (١٦/ئابی/١٩٤٢) دامەزراوە.

دەربارەی چۆنیەتی دامەزراندنی و ساڵەکەی، بەم جۆرە باسی لێوە دەکرێت:

لەکاتێکدا بەشی باشوری کوردستانی ئێران لەلایەن لەشکری ئەمریکاو بەریتانیاوە داگیرکرابوو، لەبەشی باکوریداو لەشاری ورمێ لەشکری سوری سوڤییەتی جێگیر ببوو، بەڵام ناوچەی مەهاباد لەو هەل و مەرجەدا دوور بوو، بەم شێوەیە دۆخێکی تایبەت لەناوچەی مەهاباد خولقابوو، دەرفەت رەخسا بۆ دروست بوونی رێکخراوێکی ناسیونالستی سیاسی بەناوی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد.

دەستەی دامەزراندنی کۆمەڵە (١١) کەس بوونە، ئەو (١١) کەسەش بریتی بوون لە: حوسێن فروهەر، عەبدولرەحمان زەبیحی، عەبدولرەحمان ئیمامی، عبدولقادری مەدەرسی، نەجمەدین تەوحیدی، محەمەدی نانەوازادە، عەلی مەحمود، محەمەدی ئەسحابی، عەبدولرحمان کیانی، سدیقی حەیدەری، قاسمی قادری، ئەگەرچی چەند سەرچاوەیەك ناوی هەریەك لە: عەبدوڵڵای داودی، ئەحمەدی عیلمی، عزیز زەندی، هەروەها ناوی میرحاج ئەحمەد وەك نوێنەری حزبی هیوا لەکوردستانی باشوردا دێنن.

کۆمەڵە لەچین و توێژە جیاوازەکانی شاری مەهاباد پێکهاتبوو، کەتێکڕاوردە بورژوا بوون، لەسەر بنەمایەکی نەتەوەیی و بەنهێنی دەستیان بە کاروتێکۆشان

کرد، کۆمەڵە کۆبوونەوەی دووەمی بەست لەمانگی نیسانی (١٩٤٣)، کە نزیکەی (١٠٠) ئەندام بەشداری تێدا کرد، ئەم کۆبوونەوەیە بەکۆبوونەوەی دامەزراندن ئاماژەی بۆ دەکرێت، لەکۆبوونەوەی دووەمدا بڕیاردرا:

١- هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی کە لە(١٤) ئەندام پێکهاتبوو.

٢- حوسێن فروهەر بەرپرسی کۆمیتەی ناوەندی.

٣- پێکهێنانی چەند لیژنەیەك، وەك: لیژنەی راوێژکاران، چاپکردن، بڵاوکردنەوە، دارایی.

٤- دەرکردنی گۆڤارێك بەناوی نیشتمانی.

٥- پەیوەندیکردن بەهێزەکانی یەکێتی سوڤیەت بۆ پشتگیریان.

دوای ماوەیەك کۆمەڵە چەند لقێکی لەشارەکانی (بۆکان – نەغەدە – سەقز – کرمنشا) کردۆتەوە.

## پەیوەندیکردنی قازی محەمەد بۆ کۆمەڵە:

دوای ماوەیەك، قازی محەمەد پەیوەندی بەکۆمەڵەوە کردووە، دەستەی سەرکردایەتی کۆمەڵەوا بەباش دەزانن کەناوبراو ببێتە سەرۆکی کۆمەڵە لەبەر ئەوەی کەسایەتیەکی ناسراوبوو، کۆمەڵەش پێویستی بەسەرکردیەکی ناسراو بوو بۆ رابەرایەتی کردنی.

## پرۆگرامی کۆمەڵە جەختی لەسەر ئەم خاڵانەی خوارەوە کردۆتەوە:

١- رێگای ئاشتیانە بگرێتە بەر، بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی کورد.

٢- پێشخستنی فەرهەنگی کوردی.

٣- رێزێکی تایبەت بۆ ئاینی ئیسلام.

٤- بوون بەئەندام لەکۆمەڵە، چەند مەرجێکی هەبوو:

أ- بەرەچەڵەك كرودبێت

ب- كۆشش بكات بۆ خود موختاری كورد.

ج- سوێند بەقورئان بخوات كە خیانەت نەكات.

د- هیچ نهێنیەك نەدركێنێت.

ه- هەموو كچ و كوڕێكی كورد بەخوشك و برای خۆی بزانێت.

و- بیٚ ئاگاداری كۆمەڵە پەیوەندی بە هیچ ڕێكخراوێك نەكات.

## ئامانجەكانی كۆمەڵە:

هەروەك لەگۆڤاری نیشتمانی ژمارە (٩) هاتووە، دەكرێت ئەم خاڵانەی خوارەوە وەك ئامانجەكانی كۆمەڵە بخەینە روو:

١- كۆمەڵە دژی هەموو دوژمنایەتی خۆ بەخۆو دووبەرەكی و بێگانە پەرستیە، كە دەبێتە ڕێگر لەبەردەم پێشكەوتنی كورد.

٢- كۆمەڵە بەهەموو توانای خۆی تێدەكۆشێت بۆ ئەوەی كورد لەژێر دەستی داگیركەر رزگار بكات.

٣- یەكخستنەوەی هەموو بەشەكانی كوردستان و ئازادكردنی نەتەوەی كورد.

٤- خزمەتكردن و هەوڵدان بۆ گەشەكردنی كۆمەڵی مرۆڤایەتی و شارستانیەتی جیهان.

٥- تەماشا كردنی هەموو تیرەو هۆزە كوردیەكان بەچاوی برایەتی و یەكسانی.

٦- كۆمەڵەی (ژ.ك) لەسەر چوار كۆڵەكەی: ئیسلامیەتی، كوردایەتی، مەدەنیەت، ئاشتیخوازی دامەزراوە.

## چالاكیە سیاسیەكانی كۆمەڵە (ژ.ك):

١- پەیوەندیكردن لەگەڵ رووناكبیرانی بەشەكانی دیكەی كوردستان.

٢- پەیوەندی لەگەڵ شۆڕشی كورد لەباشوری كوردستان.

٣- لەهەردوو شاری سلێمانی و هەولێر لقی کردبۆوە.

٤- پەیوەندی لەگەڵ لقی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق.

٥- پەیوەندی لەگەڵ حزبی رزگاری کوردستان.

٦- پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی خۆ یبوون.

٧- پەیوەندی لەگەڵ نوێنەرانی هەردوو حکومەتی بەریتانیاو سوڤیەت، بەمەبەستی بەدەستهێنانی پشتگیری بۆ کورد.

٨- ساڵی (١٩٤٥) کۆمەڵە یاداشتێکی داوەتە (ئاغای فەهمی) نوێنەری حکومەتی تاران لەشاری مەهاباد، ناوەڕۆکەکەی ئەم خاڵانەی گرتبووە خۆی:

أ- ئامانجە دواییەکانی کۆمەڵە خود موختارییە.

ب- ئەگەر کورد بڕیاری چارەنووسی خۆیدا، ئەوسا ئێران وەك هاوسێ مامەڵەی لەگەڵ دەکرێت.

## • حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران: (١٤٠)

بەهۆی گۆڕانکاریەکان چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی ئێران و کوردستانی ڕۆژهەڵات بێت، یان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و لەسەرو بەندی جەنگی دووەمی جیهانیدا، ئەو هەل و مەرجە هانی قازی محەمەدو سەرکردایەتی کۆمەڵەی (ژ - ك)یدا، کەبیر لە دامەزراندنی رێکخراوێکی حزبی نوێ و گونجاو بکەنەوە، حزبێك لەلایەکەوە لەئاستی داخوازییەکانی خەڵکی کوردستان بێت و لەلایەکی دیکەوە هاوکاری دەرەکی هەبێت، بەتایبەتی لەگەڵ هێزە سیاسییەکانی ئازەری و گەلانی ناوخۆی ئێرانی و بتوانێت ئەرکەکانی ئەو قۆناغە لەئەستۆ بگرێت، بۆیە بڕیاردرا کەکۆمەڵەی (ژ - ك) بگۆڕن و بکرێتە حزبێکی سیاسی.

بۆ ئەو مەبەستەو لەسەر داوای قازی محەمەد و بەئامادەبوونی نزیکەی (٤٠٠) ئەندامی (ژ – ك ) کۆبوونەوەیەك لەمەڵبەندی پەیوەندییە رۆشنبیرییەکانی (کوردی – سۆڤیەتی) بەسترا، دوای گفتوگۆ بڕیاردرا بەدامەزراندنی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، دوای ئەوەی راگەیەندراوی دامەزراندنی حزب ئاشکرا کرا، لەرۆژانی (٢٥ – ٢٨/تشرینی یەکەمی/١٩٤٥) کۆنگرەی یەکەمی حزب سازکرا، لەو کۆنگرەیەچەندین بڕیار وەرگیرا:

١- دانانی بەرنامەی خزب کەلە (٢٢) بەند پێکهاتبوو.

٢- هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی حزب، کە لەم ناوانە پێکهاتبوو:

قازی محەمەد – سەرۆك

ئەندامان: حاجی بایەشێخ، مەناف کەریمی، سەید محەمەد ئەیوبیان، عەبدولرەحمان ئیلخانی زادە، محەمەد ئەمین مەعینی، ئیسماعیل ئیلخانی زادە، ئەحمەد ئیلاهی، خەلیل خوسرەوی، کەریم ئەحمەدین ، حاجی مستەفا داودی، مەحمود وەلی زادە، محەمەد رەسول دڵشاد، محمەد ئەمین شەرەفی، عەبدولرەحمان زەبیحی.

بەرنامەی حزب، ئەم خاڵانەی خوارەوەی وەك ئامانج خستۆتەڕوو:

١) گەلی کورد لەکوردستانی ئێران کاروباری کارگێڕی و نەتەوەیی خۆی بەڕێوەببات.

٢) زمانی خوێندن بەزمانی زگماکی بێت.

٣) هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی یاسادانان بەپێی دەستور.

٤) فەرمانبەرو کار بەدەستانی دەوڵەت لەخەڵکی ناوچەکەبن.

٥) رێکخستنی پەیوەندییەکانی نێوان خەڵکی لادێی و موڵکدار بەپێی یاسا.

٦) تێکۆشانی حزب لەگەڵ نەتەوەی ئازەرەو کەمایەتیەکانی دیکە کەلەناوچەکەدا دەژین بەشێوەیەکی برایانە.

٧) بەرەوپێش بردنی بارودۆخی کشتوکاڵی و بازرگانی و فەرهەنگی و تەندروستی ناوچەکە.

٨) ئازادی تەواو بۆ گەلانی ئێران.

حزب رۆژنامەیەکی دەرکرد بەناوی – کوردستان – وەك ئۆرگانی ناوەندی.

## هەیکەلی رێکخراوەیی:

حزب لەسەر بنەمای ناوەندیتی دیموکراسی دامەزرابوو، ئۆرگانەکانیش بەم شێوەیەی خوارەوە پێکهاتبوو:

١– کۆنگرە بەرزترین دەسەڵاتەو دووساڵ جارێك دەبەسترێت.

٢– کۆنفرانس، لەکاتی پێویستدا، سازدەکرێت.

٣– کۆمیتەی ناوەندی، لەلایەن کۆنگرەوە هەڵدەبژێردرێت.

٤– مەکتەبی سیاسی

٥– رێکخراوەکانی خوارەوە: شاند، رێکخراو، کۆمیتە.

## کۆنگرەکانی حزب:

١– کۆنگرەی یەکەم: ساڵی (١٩٤٥)، کۆنگرەی دامەزراندن لەشاری مەهاباد.

٢– کۆنگرەی دووەم: لەتشرینی دووەمی (١٩٦٤) بەستراوە لەناوچەی سەردەشت، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوی کۆنگرەبریتی بوون لە:

ئەحمەد تەوفیق، سلیمان مەعینی، مەلا سەید رەشید سەقزی، مەلا رەحیم ویردی، ئەمیر قازی، غەنی بلوریان، عزیز یوسفی مەولەوی، حەبیب وەرزێر، ستار

مامدی، باپیرشکاک، هەژاری شاعیر، سەدیق ئەنجیری، کامل هاشمی، رەحیم جوانمرد قازی.

هەروەها چەند ئەندامێك دیاریکران وەك لیژنەی چاودێری بۆ حزب، هەر بەهۆی پەرەسەندنی خەباتی چەکداری و بزووتنەوەی چەپی جیهانی، لەکۆنگرە بریار لەسەر پێکێنانی کۆمیتەی شۆرشگێری دەدرێت بەمەبەستی بەرپاکردنی خەباتی چەکداری دژی رژێمی حمەرەزاشای ئێران، ئەو کۆمیتەیە پێکهاتبوو لە هەریەك: سلیمان مەعینی، سمایل شەریف زادە، محەمەد ئەمین سیراجی، مەلا ئەحمەدی شەلماش، باپیر شکاك، عەولا مەعینی.

٣- کۆنگرەی سێیەم: لە (٢٢/ئەیلولی/١٩٧٣) لەناشاری بەغداد بەستراوە، ئەندامانی کۆمیتەی ناوەندی کەلە کۆنگرە هەڵبژێردراون: د. عەبدولرحمان قاسملو، کەریم حسامی، محەمەد ئەمین سیراجی، عەبدوڵلا حەسەن زادە، هێمن شاعیر، محمەد موهتەدی، ئەمیر قازی، د.سولتان وەتەمیش، هاشم کەریمی، رەسول پیشنیاز، عەنی بلوریان عەزیز یوسفی، د. حەسەن شتوی.

٤- کۆنگرەی چوارەم ساڵی ١٩٨٠ لەشاری مەهاباد.

٥- کۆنگرەی پێنجەم ساڵی ١٩٨٢ ناوچەی رەبەت.

٦- کۆنگرەی شەشەم ساڵی ١٩٨٤ گوندی گەلاڵەی ناوچەی شینکایەتی.

٧- کۆنگرەی حەوتەم تشرینی دووەمی ١٩٨٦ گوندی کانی میوە.

٨- کۆنگرەی هەشتەم کانوونی دووەمی ١٩٨٨ لەشاری سلیمانی.

## کێشەو ململانێی ناوخۆی حزبی دیموکرات:

لەماوەی زیاتر لە (٦٠) ساڵی رابردوو، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (٥) جار دووچاری ململانێی ناوخۆیی و کەرت بوون بووە.

ساڵی (١٩٦٧) ئەم حزبە دەبێتە دوو باڵ، باڵێکی بەسەرکردایەتی سکرتێری گشتی (ئەحمەد تەوفیق) کەلەباشوری کوردستان لەلایەن سەرکرایەتی شۆڕشەوە پشتگیری دەکرا، باڵەکەی دیکەش بەباڵی چەپ ناسرابوو، کۆمیتەیەکی سەربەخۆ پێکدێنن لە (عبدوڵلا سلیمان، محەمەد ئەمین سیراجی، عەبدولرەحمان قاسملو).

لە (١٥/حوزەیرانی/١٩٨٠) جارێکی دیکە (٧) کەس لەئەندامانی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی لەبەیاننامەیەك بەناوی – پەیرەوکارانی کۆنگرەی چوارەم – جیابوونەوەی خۆیان راگەیاند.

ئەو حەوت کەسەش بریتی بوون لە: غەنی بلوریان، رەحیم سەیفی قازی، فەوزییە قازی، محەمەد ئەمین شیخولئیسلام، هێمنی شاعیر، نەوید موعینی، ئەحمەد عزیزی، فاروق کەیخسرەوی).

دوای دوو مانگ لەکۆنگرەی هەشتەمی (حدکا)، (١٥) کەس لەئەندامانی پێشوی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و ژمارەیەك کادیری پێشکەوتوو، جیادەبنەوەو حزبێکی دیکەدادەمەزرێنن بەناوی (حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ)، ئەو (١٥) کەسەش بریتی بوون لە: (حەسەن رەستگار، حوسین مەدەنی، فەتاح کاویان، نەبی قادری، جەلیل گادانی، سەدیق بابایی، رەحیم محەمەد زادە، عوسمان رەحیمی، ئەبوبکر زادە، عەلی کاشف پور، عیسمەت عەبدی، شاپور فەیروزی، ئیرەج قادری، کەمال کەریمی، شاپور شەجاعی فەرد، ئەمانەلە (١٩٩٦) دەیەم کۆنگرەیان سازداوە.

## • یەکێتی خوێندکارانی کورد لەزانستگاکانی ئێران: (١٤١)

سالّی (١٩٥٩) دوای چەند کۆبوونەوەیەک، بژاردەیەک لەخوێندکارانی کورد بڕیاریاندا (یەکێتی خوێندکارانی کورد لەزانستگای تاران) دابمەزرێنن، هەرلەهەمان سالّدا دەستەیەکی بەڕێوەبەریان هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبەردنی کاروباری ڕێکخراوەکە:

ئامانج لەدامەزراندنی ئەم ڕێکخراوە بریتی بووەلە:

١- خوێندکارانی کورد ڕێکبخەن بۆ ئەوەی دواتر بەرەو چالاکی سیاسییان ئاراستەبکەن.

٢- دەیانویست لەناو زانکۆکانی ئێراندا، خوێندکارانی غەیری کورد لەچالاکی خوێندکارانی کورد ئاگادار بێت.

ئەم ڕێکخراوە هەولّی وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمیدا، بەلاّم دەسەلاّت رازی نەبوو بەو داوایە، سالّی (١٩٦٠) خوێندارانی کورد لەزانکۆکانی تەوریز و ئەسفەهان وەرگیرابوون، بۆیە خوێندکارانی کورد، ناوی ڕێکخراوەکەیان گۆڕی، بۆ: یەکێتی خوێندکارانی کورد لەزانکۆکانی ئێران.

### پەیوەندی و چالاّکیەکانی ڕێکخراوەکە:

١- لەڕووی سیاسیەوە یەکێتی خوێندکارانی کورد، پەیوەندی باشی هەبووە لەگەڵ ڕەوتی چەپ لەئێران، ئەوان دانیان بەبوونی ڕێکخراوی خوێنکارانی کورد ناوە، هاوکاری دوولایەنە لەنێوانیاندا هەبوو.

٢- ڕەوتی میللی و نەتەوەیی لەئێران هەڵوێستیان باش نەبوو بەرامبەر خوێندکارانی کورد، ئەوان ئەم ڕێکخراوە یان بەجودا خوازی دادەنا.

٣- یەکێتی خوێندکارانی کورد پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لەئەورووپا هەبووە، بلاّوکراوەکانی کۆمەڵە دەگەیشتە دەستیان.

٤- لەسالآنی شەستەکان پەیوەندی یەکێتی خوێندکارانی کورد لەئێران لەگەڵ حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران دروست بووە، بەشێك لەئەندامانی دەستەی بەڕێوەبردنی یەکێتی بوونە کۆمیتەی حزبی دیموکرات لەتاران.

## • کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کورد: (١٤٢)

ساڵی (١٩٦٤)، بەهۆی فشاری دەزگا ئەمنیەکانی حکومەتی ئێران، ژمارەیەك خوێندکار دەسگیرکران و ژمارەیەکی دیکەش روویان لەکوردستانی باشور (عێراق) کرد، لەوێ لەگەڵ بەشێك لە کادیرانی حزبی دیموکراتی کردوستان و گروپێك لەو گەنجانەی کەلەحزبی تودەی مارکسی جیاببوونەوە، رێکخراوێکیان پێکهێنا بوو لەژێر ناوی (رێکخراوی شۆڕشگێڕی)، ئەو چەند لایەنە یەکیان گرت و ناویان لەخۆیاننا (کۆمیتەی شۆڕشگێڕی).

کۆمیتە بەرنامەیەکی دارشت بۆخەباتی شۆڕشگێڕی لەکوردستانی رۆژهەلات، هەر بەگەڕانەوەشیان پەیوەندییان بەیەکێتی خوێندکارانی کورد دامەزراند.

دەستیان کرد بەخەباتی چەکداری شۆڕشگێڕی و بیروباوەڕی (مارکسی - لینینی) یان بەسەردا زاڵبوو.

بەلام لەئاکامی بەرەنگاری لەگەڵ هێزەکانی رژێمی ئێرانی و نابەرابەری ئەو بەرەنگارییە، زۆربەی پێشمەرگەکانیان کوژران، خەباتی چەکداریش رووی لەنوشوستی کرد.

### • کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران: (١٤٣)

لەکۆتایی شەستەکان و سەرەتای حەفتاکانی سەدەی بیستەم، هزری مارکسی و چەپی شۆڕشگێڕ لەسەرانسەری جیهان رووی لەگەشە کردن و برەودان بوو، ژمارەیەك خوێندکاری کورد لەزانکۆکانی تاران و تەوریز لەژێر کاریگەری ئەو بزووتنەوە هزرییەو بزووتنەوە خۆجێییەکانی وەك کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حزبی دیموکرات و کاریگەری بۆ چوونەکانی کۆمیتەی شۆڕشگێڕی حزبی تودە، ئەو خوێندکارانە بەرەو هزری چەپ و شۆڕشگێڕانە راکێشران، بەلام تێکەڵاوی ئەو رێکخراوانەش نەبوون، لەناویاندا هەڵگری بیری ماوتسی تونگیان تێدابوو، هەموویان رەخنەیان لەرژێمی شاری ئێران دەگرت، وەك سیستمێکی دەرەبەگایەتی کۆنەپەرستانە هەڵیان سەنگاند.

سەرەتا ژمارەیەکی کەمی ئەو خوێندکارانە، وەك رێکخراوێکی مارکسی سەربەخۆ لە (٢٧/تشرینی دووەم/١٩٦٩) خۆیان رێکخستووە، ئەوانە بریتی بوون لە: فود مستەفا سولتانی، سدیقی کەمانگەر، محەمەد حوسێنی کەریمی، عەبدوڵلای موهتەدی، ساعیدی وەتەن دۆست (مامۆستا ئیبراهیم)، شوعەیبی زەکەریایی، بەلام سەرچاوەکان ئاماژە بۆ چەند ناوێکی دیکەش دەکەن.

نوسەران دەربارەی مێژووی دامەزراندنی رێکخراوەکە بیروڕای جیاواز هەیە لەنێوانیان، دیارە بەهۆی هەل و مەرجی ئەو سەردەمەو لەژێر فشاری دەزگا ئەمینەکانی رژێم و بۆ خۆپاراستن، تەشکیلاتی ئەم رێکخراوە لەسەر شێوەی هێشوویی و پەیوەندی تەنیا کەسی پێکهاتبێت، ئۆرگانەکانی وەك پێویست دروست نەکرابێت.

ئیبراهیم عەلیزادە، دەڵێت، ئەو کەسانەی کەدەتوانین وەکو دامەزرێنەرانی سەرەتایی کۆمەڵە ناویان بنێین، بریتین لە: فواد مستەفا سولتانی، محەمەد حوسێن کەریمی، عەبدوڵلای موهتەدی، موسلیح شەیخول ئیسلامی، سدیقی کەمانگەر، ساعد وەتەندۆست، ئیرەج فەرزاد، شوعەیب زەکەریایی، فاتح شیخۆل ئیسلامی، یەدێ بیگلەری، حوسێن موراد بەیگی.

## کۆنگرەی دامەزراندنی کۆمەڵە:

لەپایزی (١٩٧٨) لەشاری سنە لەماڵی ساعد وەتەن دۆست بەستراوە، بەئامادە بوونی: فوئاد مستەفا سولتانی، محەمەد حوسێن کەریمی، عبدوڵلای موهتەدی، ئیبراهیم عەلیزادە، عومەر ئیلخانی زادە، تەیب روحوڵلایی، ساعد وەتەندۆست، حوسێن مورادبەگی، موحسین رەحیمی، ئیرەج فەرزاد (سەعید یەزدان) هەندێ سەرچاوە، ناوی ئێرەج فەرزاد دێنن و ناوی سەعید یەزدان ناهێنن.

هەر دوابەدوای ئەم کۆبوونەوەیە بەماوەیەکی کەم کۆبوونەوەی دووەم ساز دەکرێت لەشاری (نەغەدە) لەماڵی عومەر ئیلخانی زادە، بەئامادەبوونی هەمان ئەوکەسانەو بەزیاد بوونی شوعەیب زەکەریایی کەلەزیندان ئازاد دەکرێت.

لەو کۆبوونەوەیە، کۆمیتەیەکی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت لەپێنج کەس، ئەوانیش، فوئاد مستەفا سولتانی، موحسین رەحیمی، ساعد وەتەندۆست، عەبدوڵلای موهتەدی، ئیبراهیم عەلیزادە.

## هەر لەو کۆبوونەوانە باس لەسەر ئەم بابەتانە کراوە:

١- بەشداریکردن لەبزووتنەوەی شۆڕشگێرانی ئێران و کوردستان.

٢- پێداگرتن لەسەر خەباتی چینایەتی و دیموکراسی و ئازادی.

ئەم رێکخستنە لەمانگی شوباتی (١٩٧٩) ناوی خۆی بە (کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان) یەکلاکردۆتەوە.

**ئایدیۆلۆجیای کۆمەڵە:**

عەبدوڵلای موهتەدی دەڵێت: ئێمە کۆمەڵێکی مارکسی بووین، باوەڕمان بە تیۆری مارسکی – لینینی، هەیە، ئێمە سەربەشورەوی و ئەو دیدگاو ئەو سیستمە فیکرییە نەبووین، ماوەیەك لەنووسینەکانی ماوتسی تونگ، کا ڕێگەری بەسەرماندا هەبووە، بەڵام خۆمان بەچەپێکی سەربەخۆ زانیوە.

**بنەما هزرییەکانی کۆمەڵە:**

١– جیاکردنەوەی ئایین لەدەوڵەت.

٢– ئازادی ژنان و یەکسانیان لەهەموو مافەکانی.

٣– ئازادی بێ بەربەست بۆ بیروباوەڕو دەربڕین و نووسین.

٤– ئازادی ڕێکخستنی سیاسی، رۆشنبیری، پیشەیی.

٥– دابینکردنی دیموکراسییەت و پرەنسیپی هەڵبژاردن.

٦– نەهێشتنی ستەمی نەتەوەیی لەسەر گەلانی دانشتوی ئێران – گونجاوترین شێوەی بەڕێوەبردنی حکومەت لەئێران بنەمای سیستمی فیدرالییەتە.

٧– دەربارەی کێشەی نەتەوایەتی، کۆمەڵە بەرنامەی خودموختاری دارشتبوو.

٨– بۆ کۆتایی هاتن بە پاشماوەی دەرەبەگایەتی کۆمەڵە دروشمی زەوی هی ئەو کەسەیە کە کاری لەسەردەکات.

**هەیکەلی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە: ئۆرگانەکانی کۆمەڵە لەسەرەوە بۆ خوارەوە بەم جۆرە پێکهاتووە:**

١– کۆنگرە، بەرزترین دەسەڵاتەو دووساڵ جارێك دەبەسترێت.

٢– کۆنفرانس لەکاتی پێویست.

٣– کۆمیتەی ناوەندی، لەلایەن کۆنگرەو هەڵدەبژێردرێت.

٤– مەکتەبی سیاسی.

٥– ناوەندی پشکنین و چاودێری.

٦- كۆميتەی، ئۆرگانی سەرەكی رێكخستنەكانە لەناوچەو شوێنی كاردا.

## كۆنگرەكانی كۆمەڵە:

١- یەكەم كۆنگرە، كۆنگرەی دامەزراندن بوو لەكۆتایی ساڵی (١٩٧٨) بەستراوە.

٢- دووەم كۆنگرە ساڵی ١٩٨١ لەگوندی خانەقای زەمیل، نێوان بۆكان وسەقز.

٣- سێیەم كۆنگرە ساڵی ١٩٨٢ لەگوندێكی نزیك شاری سەردەشت.

٤- چوارەم كۆنگرە ساڵی ١٩٨٤ لەگوندی گەلاڵە، كوردستانی باشور.

٥- پێنجەم كۆنگرە ساڵی ١٩٨٦ لەگوندی مالومە كوردستانی باشور.

٦- شەشەم كۆنگرە ساڵی ١٩٨٨ لەگوندی بۆتی - نزیك شاری راینە.

٧- حەوتەم كۆنگرە ساڵی ١٩٩٢ لەگوندی زرگوێز، نزیك سلیمانی.

٨- هەشتەم كۆنگرە ساڵی ١٩٩٥ كوردستانی باشور

٩- نۆیەم كۆنگرە ساڵی ٢٠٠٠ لەگوندی زرگوێز ، نزیك سلیمان.

كۆمەڵە لەهاوینی (١٩٨٣) لەگەڵ رێكخرای (ئیتیحادی مبارزانی كۆمۆنیست) و چەند رێكخراوو گروپێكی ماركسی و چەپ، یەكیان گرت و حزبی كۆمۆنیستی ئێرانیان پێكهێناو عەبدوڵلای موهتەدیی دەبێتە سكرتێری ئەو حزبە.

## هەڵسەنگاندن بۆ تێكۆشانی كۆمەڵە:

بەبۆچوونی چەند نووسەرێك، دەكرێ مێژووی خەباتی سیاسی كۆمەڵە بە سەرسێ قۆناغدا دابەش بكرێت:

١- قۆناغی یەكەم: لەكۆنگرەی دامەزراندنەوە (١٩٧٨) دەست پێ دەكات، تاكۆنگرەی دووەم(١٩٨١)، ئەم قۆناغە قۆناغی زێڕین بووە لەمێژووی كۆمەڵە تێیدا

ناوی خۆی و خەباتی سیاسی ئاشکرادەکاتا، کۆمەڵەوەک هێزێکی چەپی شۆڕشگێڕ ڕۆڵی گێراوە.

٢- قۆناغی دووەم: لەبەستنی کۆنگرەی دووەمی (١٩٨١) تاکۆتاییەکانی ساڵی (١٩٨٣)، لەتایبەتمەندییەکانی ئەم قۆناغە، بوونی ڕەوتی چەپی شۆڕشگێر وابەستە بەهزری سۆسیالستی، لەگەڵ ڕەوتی نەتەوەیی و لانەدان لەسەرمەسەلەی نەتەوەیی کوردو توندبوونی ململانێی فیکری و هەنگاونان بۆ پەراوێزخستنی پرسی نەتەوەیی، ئەویش لەژێر کاریگەری گۆڕانە سیاسی و کۆمەڵایەتیەکانی ناوخۆی ئێران بەگشتی و کوردستانیش بەتایبەتی.

٣- قۆناغی سێیەم: ساڵانی (١٩٨٤ – ١٩٨٩) دەگرێتەوە، تێیدا کۆمەڵە بەتەواوی لەڕووی خەباتی سەرانسەری و کاری ڕێکخراوەیی و ئایدیۆلۆژییەوە ڕووبەڕووی گۆڕانکاری ریشەیی دەبێتەوە، ئەم قۆناغە دوو ئاکامی گرینگی لێدەکەوێتەوە:

أ) ململانێی فیکری و ئایدیۆلۆژی نێوان دوو ڕەوت، ڕەوتی چەپ و سوسیالست، ڕەوتی وابەستە بەبیری نەتەوەیی و خەباتی کوردایەتی، سەرەنجام لەکۆتایی (١٩٨٩) جیابوونەوە ڕوو دەدات لەحزبی کۆمۆنیستی ئێرانی.

ب) بەهۆی پێداگری لەسەر خەباتی چینایەتی و ڕەتکردنەوەی باڵی ناسیۆنالیزمی کوردی، شەڕی ناوخۆیی نێوان کۆمەڵەو حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕوودەدات.

- **ئیبراهیمی عەلیزادە دەڵێ:**

کۆمەڵە ڕێبازێك، هێڵێکی فیکری، ستراتیژی و بەرنامەیەك بووە، بەرنامەی دایك کەلەسەرەتاوە کۆمەڵەی لەسەر دامەزراوە تائێستاش وەکو خۆی ماوەو ئێمە نوێنەرایەتی دەکەین، هەڵبەت بەپێی سەردەم گۆڕانکاری تێداروویداوە، هەموو

ئەوانەی لەکۆمەڵەجیابوونەتەوە جۆرێك پێداچوونەوەو جۆرێك گۆڕینی ڕێبازو سیاسەتیان لەکۆمەڵە کردووە، بەڵام تەنیا دوو جیابوونەوە بنەڕەتی بوون، یەکەم جیا بوونەوەی ڕەوتی کۆمۆنیزمی کرێکاری، دووەم کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان، جیابوونەوەکانیش لەسەر بیروباوەرو ستراتیژییەت بوو.

کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سکرتێری گشتی، عومەر ئیلخانیزادە، کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، سکرتێری گشتی عەبدوڵلای موهتەدیە.

- **حزبی شۆڕشگێری کوردستان:( ١٤٤ )**

ئەم حزبە لە (٣٠/نیسانی/١٩٩١) دامەزراوە بەناوی (یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، لەسەرکردەکانی حزب: سمکۆ یەزدان پەنا (سکرتێری حزب) و سەعید یەزدان پەنا.

**بەنامەی سیاسی حزب:**

١- هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بەرەی کوردستانی، لەناميلكەيەكی بڵاوکراوەی حزب هاتووە: بەرەی کوردستانی زەرورەتێکی هەست پێکراوەو پێکهێنانی بەرە بەیەکێك لەپێش مەرجەکانی سەرکەوتنی بزووتنەوەی رزگاریخوازی گەلەکەمان لەرۆژهەڵاتی کوردستان دادەنێین.

٢- یەکسانی نێوان پیاووژن.

٣- کارکردن بۆ هەڵوەشانەوەی جوگرافیای سیاسی ئێران، هەوڵی دامەزراندنی دەوڵەتێکی دیموکراسی سەربەخۆ لەرۆژهەڵاتی کوردستان.

٤- سەرجەم داهاتەکانی کوردستان لەسەر بنەمای دیموکراتیزەکردنی ئابوری بۆ هەموو خەڵکی کوردستان دەبێت و بۆ گەشەی کۆمەڵایەتی بێت.

٥- لەهەرسێ بواری پەروەردە، ئابوری، سیاسی کەسانی تەکنوکرات رۆڵیان هەبێت.

٦- کارکردن بۆ گەشەی ناسیونالیزمی سیاسی و هەریەشێکی کوردستان دەوڵەتی سەربەخۆی هەبێت.

٧- پیادەکردنی هەموو شێوازەکانی خەبات بۆ گەیشتن بەو مافانەی کەلێمان زەوت کراون.

٨- ئاساییە کورد پەیوەندی لەگەڵ دەوڵەتی ئیسرائیل هەبێت.

## • رێکخراوی (مەکتەبی قورئان): (١٤٥)

ئەحمەدی موفتی زادە چالاکی خۆی لەکۆتایی پەنجاکانی سەدەی بیستەم دەسپێکردووە، سەرەتا لەسالآنی (١٩٥٩ - ١٩٦٠) لەدەرکردنی رۆژنامەی کوردستان لەشاری تاران رۆڵی سەرەکی هەبووە، لەو سەردەمە وتاری ئاینی و نەتەوەیی تێدا بلاوکردۆتەوە، ساڵی (١٩٧١) گەراوەتەوە شاری (سنە) و لەوێ مەکتەبی قورئانی دامەزراندووە.

ساڵی (١٩٧٨) لەسەردەستی موفتی زادە، رێکخراوی (مەکتەبی قورئان) وەك گروپێکی ئیسلامی (رێبازی سوننە) لەکوردستانی رۆژهەلآت دامەزرا.

پاش ماوەیەك لەراگەیاندنی (کەشاری سنە بنکەی سەرەکی بوو) لەشارەکانی مەریوان، سەقز، لقی کردۆتەوەو بەشێوەیەکی نهێنی کاری کردووە، ئەم رێکخراوە لەشاری (سنە)و پاش روخانی رژێمی شا لەئێران، توانیویەتی (١١)کەس لەئەندامانی خۆی بخزێنێتە ناو ئەنجومەنی شورای شارەکە، ئەگەر چی بەهۆی لاوازی پێگەی لەشارەکانی دیکە، رێکخراوەکە ئەو کارەی بۆ جێبەجێ نەکرا.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩)و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، لەکاتێکدا کە هێزە سیاسیە کوردییەکان لەکوردستانی رۆژهەلات لەهەوڵ و خەبات بوون بۆ گەیشتن بەمافە رەواکانی خۆیان و پێکهێنانی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی، ئەوا مەکتەبی قورئانیش وەك هێزێکی سیاسی ئیسلامی دەستی کرد بەچالاکی سیاسی و گەیشتن بەئامانجە ئاینی و حزبییەکانی خۆی، هەروەها بەبەتی خودموختاری ئاینی هێنایە ئاراوە.

سوور بوونی مەکتەبی قورئان لەسەر بەرنامەکانی و زالکردنی یاساو رێسا ئیسلامیەکان لەکوردستان، بوون بەهۆی سەرهەڵدانی ململانێ و ناکۆکی لەگەڵ حزبە کوردییەکانی دیکە ئەم رێکخراوە لەلایەن دەسەلاتدارانی کۆماری ئیسلامی (بۆ ماوەیەك) پاڵپشتی دەکران و بەڵێنیان پێدابوون، ئەوەش دوای چەندین دانیشتن لەگەڵ بەرپرسان و تادەگاتە کەسی ئایەتوڵلا خومەینی.

وادیارە ئەحمەدی موفتی زادە رەزامەندی دەسەلاتدارانی وەرگرتبێ بۆ دامەزراندنی هەرێمێکی خود موختاری لەکوردستان، کۆمەڵەی مەکتەبی قورئان گەیشتبوونە ئەو باوەڕەی کە دەتوانن لەکوردستان و بەپشتیوانی حکومەتی ناوەندی دەسەلاتێکی خود موختاری بونیاد بنێن، ئەم رێبازەی مەکتەبی قورئان نارەزایی هێزە سیاسییەکانی کوردستان و جەماوەری خولقاند، بۆیە بوو بەهۆی شەڕو تێکهەڵچوون و پەلاماردانی بارەگاکانی مەکتەبی قورئان، کەلەئەنجامدا خۆیان رانەگرت و هەڵهاتن بەرەو شاری کرمانشا لەمانگی (تشرینی دووەمی/١٩٧٩) ئەو شارە لەژێر دەسەلاتی رژێمدا بوو، رێکخراوەکە ئەوەی چاوەڕوانی دەکرد لەلایەن دەسەلاتدارانی رژێم، هێچیان بۆ نەکرا.

ئەحمەد موفتی زادە ماوەی سێ ساڵ لەشاری کرمانشا مایەوە، لەوێ هەوڵیدا بەرەیەکی یەکگرتوو بۆ هێزە ئیسلامیەکانی (رێبازی سوننە) پێك بهێنێ، دیارە

دوای چەندین چاوپێکەوتن و کۆبوونەوە، رێبەرانی رێبازی سوننە لەکۆبوونەوەی رۆژانی (١٢-١٣/ئازاری/١٩٨١) بڕیاریاندا لەسەر دروست بوونی شورای ناوەندی ئەهلی سوننە (شەمس).

دوای ساڵێك لە (١٤-١٥/تەموزی/١٩٨٢) لەماڵی ئەحمەدی موفتی زادە، دووەم کۆبوونەوەی ئەم دەستەیە سازدرا، لەکۆتایی کۆبوونەوەکە بەیاننامەیەك دەرچوو تێیدا رەخنەی توند لەسیاسەتی رژێمی ئیسلامی ئێرانی گیرا.

دوابەدوای کۆبوونەوەکە دەزگا ئەمنیەکان هەڵمەتێکی دەسگیر کردنیان دەست پێکرد دژ بەلایەنگرانی رێبازەکەی ئەحمەدی موفتی زادەو رەوانەی زیندان کران.

لەمانگی (ئایاری/١٩٨٢) خودی ئەحمەدی موفتی زادە دەسگیر دەکرێت، موفتی زادە بۆ ماوەی (٥) ساڵ بڕیاری زیندانی درا، بەڵام ماوەی (١٠) ساڵ لەزیندان مایەوەو لە (١٣/ئایاری/١٩٩٢) ئازاد دەکرێت و هەر لەشاری تاران بەدەست بەسەری دەمێنێتەوە تا لە (٢٠/تشرینی دووەمی/١٩٩٣) بەهۆی نەخۆشیەوە کۆچی دوایی دەکات.

**هەیکەلی رێکخراوەیی مەکتەبی قورئان:**

بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە لەلایەن رێبەرەوە دانرابوو شێوەی پێکهاتەی مەکتەب، بەم جۆرەی خوارەوە دەبێت:

١- شورای مومدیرییەت، بۆ سەرپەرشتی و رێبەرێکردنی کاروباری مەکتەب.

٢- ئەنجوومەنی (فەتواو دادگا) بۆ بەڕێوەبەردنی دادگای شەرعی کوردستان.

**بنەماو ئامانجەکان:**

مەکتەبی قورئان بەمەبەستی زیندووکردنەوەو تازەکردنەوەی ژیانی ئاین دامەزراوە، هەوڵ بۆ پێرەوکردنی شەریعەتی ئیسلام دەدات، موفتی زادە لەو باوەڕەدا بوو کەلەدوای خەلیفەکانی راشیدین و نەمانی شورای (اولی الامر) ئاینی

ئیسلام بەو جۆرەی کە پێویستە پیادەناکرێت، بۆیە پێویستە موسلمانان بەگەڕانەوە بۆلای بنەماکانی ئاین داوایان لێبکرێت و ڕێگای راست بگرنەبەر.

**ئەحمەدی موفتی زادە بۆ بەڕێوەبەردنی بانگەشە بۆ ئیسلام سێ قۆناغی داناوە:**

١- قۆناغی (ئینزار) : لەسەرەتای بزووتنەوەکە، ڕێبەری شۆڕشگێر لەوماوەیەدا تەنیاو غەریبە.

٢- قۆناغی راوێژکردن: لەکاتی بزووتنەوەو چالاکی و بەرەوپێش چووندا، سوود لە شارەزایی و لێهاتووی کەسانی پەیرەوکار وەردەگیرێت.

٣- قۆناغی شورا : دوای نەمانی رێبەر، لیژنەی هەڵبژێردراو سەرپەرشتی کارەکان دەکات.

**بارودۆخی دوای ئەحمەدی موفتی زادە:**

دوای مردنی ئەحمەدی موفتی زادە، ناکۆکی و ململانێ لەناو سەرکردەکانی ئەم رێکخراوە سەری هەڵداوە ساڵی (١٩٩٧) جیابوونەوەی گروپێک بەسەرکردایەتی (حەسەنی ئەمینی) روویدا، ئەوان وەك کۆمەڵێکی نوێ و بەناوی مەکتەبی قورئان جیابوونەوەو دەست بەکاربوون.

لەلایەکی دیکەوە، شورای مودیرییەتی (مەکتەبی قورئان) درێژەی بەکارەکان داوەو لەنێوان هەردوو لاش ململانێی راگەیاندن روویداوە.

بەگشتی ئەم رێکخراوە دوای کۆچی دوایی رابەرەکەی (ئەحمەدی موفتی زادە) و دوای ئەوەی ژمارەیەك لەکادیرو چالاکوانانی زیندانی کران، رووی لەلاوازی کرد، چالاکیەکانیان تەنها لەناو مزگەوتەکان و کۆڕە تایبەتیەکان بەدی دەکرێت.

## • کۆمەڵەی ئیخوان ئەلموسلمین: (١٤٦)

ئـەم رەوتـە لەسـاڵی (١٩٧٦) گەیشـتۆتە کوردسـتانی رۆژهـەڵات، سەرچـاوە هزرییـەکانی کۆمەڵـەی ئیخـوان ئەلموسـلمین بـەهۆی چـەند مامۆسـتاو گـەنجێکی موسلمانی کوردستانی رۆژهەڵات کەلەکوردستانی باشوردا دەژیان گواسـتراوەتەوەو لەوێ گەشەیان پێداوەو بڵاوکراوەتەوە.

ئەوانە لەسەروبەندی شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) خۆیـان لەئەحمـەد مـوفتی زادە نزیك کردۆتەوەو بـەڵێنی هاوکاریـان پـێ داوە لـەکارو بـاری مەکتـەبی قورئـان لەمـەریوان و لـەپاوە، رۆڵـی چـالاکیان هـەبووە، دواتـر لەمەکتـەبی قورئـان دوور کەوتوونەتەوە، وەکو ئیخوان چالاکی خۆیان درێژە پێداوە.

ئەو رەوتە پەیوەندی راستـەو خـۆی لەگـەڵ ئیخوانـەکانی کوردسـتانی باشـوردا هەبووە، دواتر کە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان دامەزرا(١٩٩٤) پەیوەندییەکـەی لەگەڵ یەکگرتوو بەردەوام بوو.

رەوتـی ئیخـوان موسـلمین لەکوردسـتانی رۆهـەڵات وەکـو لایەنـە حزبـی و سیاسییەکانی دیکە روو بەڕووی سەرکوتکردن بوونەتەوە.

یـەکێك لەسـەرکردەکانی ئـەم کۆمەڵـە لـەکۆتایی هەشـتاکاندا بـەناوی (ناسـر سوبحانی) (١٩٥١ – ١٩٩٠) لەشاری پاوەی پارێزگای کرمانشا ئیعدام کراوە.

ناسر سوبحانی مامۆستایەکی ئاینی بەتوانا و چالاك بـوو، مـەیلێکی توونـدرەوی هەبووە، خوازیاری دەسپێکردنی جیهاد بوو لەدژی رژێمی کۆماری ئیسلامی، بـەڵام دوای کوشتنی ئەم ئاراستەیە کزبوو.

بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوەی ئیخوان موسلمین نەیتوانیوە لەرۆژهەڵات پەرە بسێنێ و زۆرتر وەکو کۆڕی روناکبیرانی ئیسلامی خۆی دەنوێنی، تاوەك گروپێکـی بنکە فراوان.

## ڕێبازی هزری کۆمەڵ:

١- پەیامی ئیسلام پەیامێکی جیهانە:

٢- ئیسلام تەنها ڕێگای کامەرانی مرۆڤە.

٣- باوەڕهێنان بەفرەیی بیروراو فرەیی حزبایەتی لەسەر بنچینەی ئازادی بیرکردنەوەو رادەربڕین لەئیسلام.

٤- باوەڕهێنان بەبنەمای شورا و پابەند بوون بەبیرورای کۆمەڵ.

٥- باوەڕهێنان بەیەکگرتوویی نەتەوەی ئیسلام و ڕەچاوکردنی مافی کەمایەتیەکان.

٦- باوەڕهێنانی بەمیانرەوی لەهزرو کارداودژایەتی توندوتیژی.

٧- باوەڕهێنان بەپێویستی کاری بەکۆمەڵ و داکۆکی لەسەر بنەمای (الامر بالمعروف و النهی عن المنکر).

٨- ئیسلام مافەکانی مرۆڤ دەستەبەر دەکات.

## ئامانجەکانی کۆمەڵ:

١- کارکردن لەپێناو پەرەپێدانی سیاسی و رۆشنبیری ئابوری.

٢- کارکردن لەپێناو سەقامگیری و جەخت لەسەر رەوایەتی لەکۆمەڵگە.

٣- کارکردن لەپێناو چەسپاندنی پەیوەندییە دیموکراسیەکان لەگەڵ هەموو لایەك.

٤- بایەخدان بەمزگەوت و قوتابخانە ئاینیەکان و دامەزراوە رۆشنبیرییەکان.

٥- کارکردن لەپێناو پارێزگاری لەمافەکانی مرۆڤ لەروی هزری و رۆشنبیری و کۆمەلایەتی و سیاسییەوە.

## • سازمانی خەباتی نەتەوەیی و ئیسلامی کوردستانی ئێران: (١٤٧)

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩)، کۆمەڵێك زانای ئاینی و روناکبیری خاوەن رابردوو لەخەبات و تێکۆشاندا لەدەوری یەکتر کۆبوونەوەو نەخشەی دامەزراندنی رێکخراوێکی سیاسییان دارشت.

ئەم رێکخراوە لە (٢٧/ئابی/١٩٨٠) دامەزرا بەرابەرایەتی شێخ عیزەدینی حوسینی، هۆکاری دامەزراندنی ئەم رێکخراوە بۆ دوو خاڵ دەگەڕێتەوە:

١- رێکخراوی خەبات پێی وایە مافی ئاینی و مەزهەب لەلایەن پارت و رێکخراوەکانی دیکە پێشیل کراوە.

٢- بۆ نەهێشتنی ئەو بۆ چوون و بەهانەیەی کەکۆماری ئیسلامی، بزووتنەوەی کوردی بەبزووتنەوەیەکی دژی ئاین و بەکافر بوون لەقەلەمداوە.

ئایدیۆلۆجیای ئەم گروپە ئاوێتەیەکی نەتەوەیی ئیسلامیە، لەرووی بۆ چوونی ئیسلامیشەوە، ئاراستەیەکی میانرەوەوپێناچی زۆر لەئسولیەت نزیك بێتەوە.

### ئامانجەگشتیەکانی رێکخراو:

١- خەبات بەهەموو توانایەوە بۆ لابردنی گشت جۆرە ستەمێك، بەتایبەتیش ستەمی نەتەوایەتی وستەمی مەزهەبی .

٢- بڕیاردانی ئازادانە لەسەرچارەنووسی سیاسی گەل لەکوردستانی رۆهەڵات.

٣- راگەیاندن و پەرەپێدان وبڵاوکردنەوەی فەرهەنگی ئیسلامی.

٤- پایەخدان و رێزگرتن لەئاین.

٥- رێگرتن لەهەرپیروبۆچوون و هەڵس و کەوتێك دژ بەفەرهەنگی ئیسلامی.

٦- باوەڕی قوڵ بەمافە نەتەوایەتیەکانی خەڵکی کوردستان.

٧- پشتیوانی لەخەباتی نەتەوەیی کورد لەبەشەکانی دیکەی کوردستان.

٨- باوەڕی تەواو بەمافی هەموو نەتەوەکانی ناو سنوری ئێران.

٩- باوەڕی قولّ بەچارەسەرکردنی ئاشتیانەی کێشەو گرفتەکان، لەوانەش پرسی نەتەوایەتی کورد.

**هەیکەلی ڕێکخراوەیی سازمانەکە:**

ئەم ڕێکخراوە لەکاری حزبیدا باوەڕی بەم بنەمایانە هەیە:

١- بنەمای هەڵبژاردن بۆ هەموو ئۆرگانەکان.

٢- ملکەچی کەمایەتی بۆ زۆرینە.

٣- ڕێگرتن لەکاری تاکڕەوانەو بڕیاردانی بەکۆمەڵ.

**ئۆرگانەکانی ڕێکخراوی خەبات، پێکهاتوون لە:**

کۆنگرە، کۆنفرانس، کۆمیتەی ناوەندی، مەکتەبی سیاسی، ئۆرگانە خۆجییەکانی ڕێکخراووشانە.

ئەم ڕێکخراوە بڵاوکراوەی (تێکۆشانی) دەرکردووە لەساڵی (١٩٨٥)وە، هەروەها وێستگەیەکی رادیۆشیان دامەزراندوە.

یەکەم کۆنگرەی سازمانی خەبات لە (١٩٨٠) لەقەڵای بلەکی بەسترا، لەو کۆنگرەیە بەرنامەو پەیڕەوی ناوخۆو هەڵبژاردنی سکرتێرو ئەندامانی سەرکردایەتی ئەنجامدرا.

هەر لەسەرەتای دامەزراندنی ڕێکخراوەکە تاکۆنگرەی سێیەم لە (٢٠٠٤) شێخ جەلال حوسینی سکرتێربووە.

کۆنگرەی دووەمی ڕێکخراوەکە لە (٦/ئازاری/١٩٨٦) لەناوچەی ڕانیە سازدرا، دوای دامەزراندنی ڕێکخراوەکە، دەستکرابەکاری ڕێکخستن و ژمارەیەك لەخەڵکی کوردستان لەدەوری کۆبوونەوە، لەناوچەکانی (بانە، سەردەشت، دۆڵی مەهاباد، سەقز، بۆکان، سنە، مەریوان، کامیاران) چالاکی هەبووە، خەباتی سیاسی هێزی پێشمەرگەیان چالاکی و شەری پارتیزانی ئەنجامداوە.

**ململانێ و جیابوونەوە:**

دیارە لە ئەنجامی چەند هۆکارێك وەك: دەستگرتن بەسەر شارەکانی کوردستان لەلایەن سوپای رژێمە، هەروەها پاشەکشەکردنی هێزەکانی ڕێکخراوەکە بەرەو ناوچەکانی کوردستانی باشور، سەرەڕای چەند پرسێکی پەیوەست بەپەیرەوی ناو خۆو دیسپلینی ڕێکخراوەیی و بیروبۆچوونی کەسێتی لەناو ڕێکخراوەکە، وردە وردە ململانێیەکان توند بوونەتەوە.

ناکۆکیەکان زیاتر لەنێوان دووباڵ دەرکەوت، ئەوانیش باڵی (شێخ جەلال) سکرتێری ڕێکخراوەکەو باڵی(مەلاخدری سارتکی) ئەندامی سەرکردایەتی، تا لەرۆژی (٢٤/ئایاری/١٩٨٩) لەبەیانێکدا باڵی مەلا خدر جیابوونەوەی خۆیان ڕاگەیاندو لەژێر ناوی (ڕێکخراوی خەباتی شۆڕشگێڕانی نەتەوەیی و ئیسلامی کوردستانی ئێران) خۆیان ڕاگەیاند، لەگەڵ ئەوەشدا هێزەکانی هەردوولا هەر لەباشوری کوردستان مانەوەو دوورکەوتنەوە لەخەباتی چەکداری.

## • سوپای رزگاری : ( ١٤٨ )

لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، سوپای رزگاری وەك هێزێکی چەکدارو بزووتنەوەیەکی سیاسی دامەزراوە، لەسەردەستی (شێخ مادح) نەقشبەندی و (شێخ ئەسعد) نەقشبەندی لەناوچەی هەورامانی سەرسنوری عێراق و ئێران.

ئەم سوپایە لەکۆمەڵە خەڵکێکی هەژارو دەروێشی تەریقەتی نەقشبەندی دامەزراوە زیاتر مۆرکێکی ئاینی –ڕێبازی نەقشبەندی پێوەدیار بوو لەڕووی فیکرییەوە خاوەنی بنەمای فیکری – سیاسی ئەو تۆ نەبووە.

دەربارەی کاری سیاسییان، بانگەشەی دژایەتی کردنی کۆماری ئیسلامی هەلگرتبوو، یارمەتی مادییانیش لەعێراق وەردەگرت، بەو هۆیەوە خەڵکێك لەدەوریان کۆببۆوە.

لەسەرەتای دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی، پەیوەندییەك لەنێوان ئەم رێکخراوەو حکومەتی ئێران روویدا، تارادەی ئەوەی وەك نوێنەری کوردیش تەماشابکرێن، بەڵام دواتر ئەو پەیوەندییە نەماو رێکخراوەکە پشت گوێ خرا.

لەلایەن عەلمانیەکانی کوردستانی رۆژهەلات، بەتایبەتی کۆمەڵەی زەحمەتکێشان کەوتنە دژایەتی کردنیان و رەوتەکەیان بەرەوتێکی کۆنەپەرست و ناحەزی خۆیان دەزانی، ئەگەرچی حزبی دیموکراتی کوردستانیش هەمان بیرورای هەبوو.

بۆیە کۆمەڵە لەهەل و مەرجێکی لەبارو بەپێی پلانێکی دارێژراو لەسەرەتای سالی (١٩٨٠) پەلاماری بارەگاکانی ئەم رێکخراوەیدا، بەشی زۆری چەکدارەکانی چەك کرد، ئەوانی دیکەش بلاوەیان لێکرد.

## • بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی ئێران : ( ١٤٩ )

مەلا عەبدولقادری تەوحیدی لەگەڵ چەند کەسێك لەهاوڕێیانی لەساڵی (١٩٨١) بەدواوە بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانیان دامەزراندووە لەناوچەی جوانرۆ پاوە.

بەڵام دوای ئەوەی چەند کەسێك لەو بزووتنەوە بەدەستی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی دەکوژرێن، بزووتنەوە لاواز دەبێت و مەلا عەبدولقادر خۆی بەتەنها دەمێنێتەوە.

## • سازمانی موەحدینی ئیسلامی ئێران : ( ١٥٠ )

ئەم ڕێکخراوە لەسەردەستی ژمارەیەك لاو لەناوچەی پیرانشار دامەزراوە کاربۆڕوخاندنی ڕژێمی ئیسلامی ئێران دەکات، ئەم ڕێکخراوە خۆی بەڕێکخراوێکی ئیسلامی سەرانسەری دەزانێ.

ساڵی (١٩٩٢) نهێنیەکانی ئەو ڕێکخراوە لەلای دەزگا ئەمنیەکانی کۆماری ئیسلامی ئاشکرادەبن، بۆیە بەشێکیان هەڵاتن و چوونە شاری ڕانیە لەکوردستانی باشور، سەرەڕای ڕوودانی چەندین ململانێ ناوخۆیی لەناویاندا.

## ب. هەرێمی ئازەربیجان:

- **تیپی ئازەربیجانی دیموکرات، (حزبی ئازەربیجانی دیموکرات): (١٥١)**

ساڵی (١٩١٧) کۆنگرەی لقی حزبی دیموکراتی ئێرانی لەناوچەی ئازەربیجان، بڕیاریدا کە لقی حزبەکە ببێتە ڕێکخراوێکی سەربەخۆ لەژێرناوی (تیپی ئازەربیجانی دیموکراسی) و شێخ محەمەد خیابانی وەك سەرۆکی تیپەکە هەڵبژێردرا.

یەك لەئامانجەکانی ئەم ڕێکخراوە، خەباتکردن بوو بۆرزگار بوون لەداگیرکاری عوسمانیەکان، دواتر لەشکری عوسمانی ناوچاکەی داگیرکردو ڕێگای لەهەرکارێکی سیاسی گرت، شێخ محەمەد خیابانیش دەسگیرکرا.

دوای جەنگی یەکەمی جیهانی، لەگەڵ کشانەوەی هێزەبیانیەکان لەناوچەکەدا، بزووتنەوەی نیشتمانی بوژانەوەیەکی بەخۆیەوە بینی، تیپی ئازەربیجانی دیموکراسی دووبارە دەستی بەخۆڕێکخستنەوەکرد، لەنیسانی (١٩٢٠) ئەو حزبە دەستی بەسەر هەموو دام و دەزگا حکومیەکان گرت و دەسەڵاتی تەواوی بەڕێوەدەبرد.

بەڵام بەهۆی هەوڵ و بەرنامەکانی حکومەتی ناوەندی لەتاران، ئەم ڕاپەڕینەی لە ئازەربیجان روویدا، بەنوشستی هێناو بۆ ماوەی زیاتر لە (٢٠) ساڵ هەرجولانەوەیەکی ساسی لەو ناچەیە کپ کرایەوە.

لەگەڵ بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی و لەکۆتاییەکاندا، دەرفەت لەبەردەم بزووتنەوەی نیشتمانی ئازەربیجان پەیدابوو بۆ بەهێزبوون گەشانەوە، ساڵی (١٩٤٥) جەعفەر پیشەوەری حزبی دیموکراتی ئازەربیجانی پێکهێنا، داواشی کرد لەحزبی تودەی ئێرانی کەهاوکاری بکات، حزبی توده خاوەن ڕێکخستن وجەماوەری گەورە بوو لەناوچەکە بەڵام باوەڕی بەخەباتی چەکداری نەبووە، دوای چەند

دانیشتن و کۆبوونەوەیەک لەنێوان سەرکردەکانی هەردوولا بڕیاردرا ڕێکخستنەکانی حزبی تودەش بچێتە پاڵ حزبی دیموکراتی ئازەربیجان.

بەپێی بەڵگەنامەکان، دامەزراندنی حزبی دیموکراتی ئازەربیجان لەسەر بڕیاری خودی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت بووەو، بەپێی بڕیاری مەکتەبی سیاسی ئەو حزبە لەڕۆژی (٦/٧/١٩٤٥)، هەروەها لکان و تێکەڵکردنی ڕێکخستنەکانی حزب تودە لەناوحزبی دیموکرات.

## ئامانجەکانی حزبی دیموکرات، بەوپێیەی بەڵگەنامەکانی ئاماژەیان بۆ دەکات:

١- پاراستنی سەقامگیری ئێران و بەدیهێنانی ئازادی و دابینکردنی ئازادییە نیشتمانیەکان، هەروەها خود موختاری بۆ گەلی ئازەربیجان.

٢- هەڵبژاردنی لیژنە میللیەکان (ئەنجوومەن) بۆ راپەڕاندنی کاروبارەکان.

٣- خوێندن لەهەرێمی ئازەربیجان بەزمانی ئازەری بێت، لەهەرسێ ساڵی یەکەمی قۆناغی سەرەتایی.

٤- گەشەپێدانی بوارەکانی پیشەسازی و بازرگانی.

٥- ئاوەدانکردنەوەی شارەکانی ئازەریجان.

٦- دەربارەی کێشەی زەوی و زار:

أ) چارەسەرکردنی کێشەی زەوی بەرازیکردنی جوتیاران و دڵنیاکردنی مولکداران لەسەر ئایندەیان.

ب) دابەشکردنی زەوی بەسەر هەموو جوتیاران.

ت) دەستگرتن بەسەر زەوی و زاری ئەو خاوەن مولکانەی ناگەڕێنەوە ناوچەی ئازەربیجان.

پ) هەڵوەشاندنەوەی هەرجۆرە باج و دەستکەوتێکی تایبەت بەموڵکداران بەسەر جوتیاراندا، چالاکیەسیاسیەکانی حزبی دیموکراتی ئازەربیجان:

١- لە (١٩/تشرینی یەکەمی/١٩٤٥) یەکەم کۆنگرەی حزب بەسترا، لەکۆنگرە ئەندامانی کۆمیتەی ناوەند هەڵبژێردراو، جەعفەرپیشەوەری بەسەرۆك دیاریکرا.

٢- لە(مانگی تشرینی دووەمی/١٩٤٥) کۆنگرەیەکی جەماوەری سازکرا، تێیدا بڕیاردرا لەسەر دامەزراندنی هەرێمێکی خود موختاری بۆ ناوچەی ئازەربیجان، هەروەها خوێندن لەقۆناغی سەرەتایی بەزمانی نەتەوەیی بێت.

٣- دەسکرا بەرێکخستنی هێزی چەکدارو دەست گرتن بەسەر شارەکانی ناوچەکە، دواتر بڕیاردرا لەسەر پێکهێنانی حکومەتێکی میللی کەهەردوو وەزارەتی بەرگری و دەرەوەی تێدا بوو.

٤- لە(مانگی کانوونی دەووەمی/١٩٤٦) بڕیاردرا هەموو تیپەچەکدراەکان لەهێزێکی نیشتمانی یەکبخرێن.

حزب رۆژنامەیەکی دەرکرد بەناوی رۆژنامەی (ئازەربیجان) هەر بەپێی زانیاریەکان، ژمارەی ئەندامانی حزبەکە گەیشتە زیاتر لە (٧٠) هەزار ئەندام، کەلەهەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵی دەگرتەخۆی.

سەرەڕای ئەو هەنگاوانە، حزبی دیموکرات کەوتە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ناوەندی لەتاران کە (قەوام ئەلسەڵتەنە) سەرۆکی بوو، حزبی دیموکرات لەرێگای سەرۆکەکەی جەعفەر پیشەوەری بەرنامەیەکی خستەروو کەچەند خاڵێکی گرینگی دەگرتەخۆی دەربارەی ئایندەی ناوچەکەو پەیوەندی نێوان هەردوولا، پاش گفتوگۆ کردن هەر دوولا لەمانگی تەموزی (١٩٤٦) گەیشتنە رێککەوتن.

بەڵام بەهۆی گۆڕانکارییە دەرەکی و نێو دەوڵەتیەکان و کشانەوەی هێزەکانی یەکێتی سۆڤیەت هەرلەو ساڵەدا، لەشکری ئێران ناوچەکەی داگیر کردەوەو کۆتایی بەحکومەتی ئازەربیجان و رۆڵی پارتی دیموکراتی ئازەربیجان هێنا.

- **حزبی موجاهیدینی ئازەبیجان: (١٥٢)**

رێکخراوێکی سیاسییە رۆڵێکی گەورەی هەبوو لە شۆڕشی دەستوری ساڵی (١٩٠٦) لەئێران، هەروەها لەساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی.

ئەندامانی ئەم حزبە هاوکاری لەشکری تورك بوون کاتێ هێرشیان کردۆتە سەرناوچەکانی رۆژئاوای ئێران، هەروەها پڕوپاگەندەی گەورەیان دەکرد دژی دەسەڵاتی ناوەند لەتاران و دژی هاوپەیمانانیش.

- **بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی ئازەری (جاماح) : (١٥٣)**

ناوە تەواوەکەی (Conubi Azarbaycan milli Azadilq Harakat) رێکخراوێکی ئازەری سیاسییە داوای جیابوونەوەی ئازەربایجانی ئێران دەکات و یەکگرتنەوەی لەگەڵ کۆماری ئازەربیجان.

ئەم رێکخراوە لەساڵی (١٩٩١) لەسەردەستی (پیرۆز دیلنجی) دامەزراوە لەشاری باکۆ، پایتەختی کۆماری ئازەربیجان، لەناو ئێران چالاکیەکانی قەدەغە بووە، سنووری چالاکیەکانی ناوچەکانی هەمەدان، قەزوین، کەرەج دەگرێتەوە:

**لەسەرکردەکانی ئەم رێکخراوە:**

پیرۆز دیلنجی، مەحمود عەلی چەهرگا، جەواد ئیسماعیل، ح بابایی، اسلان خالدی، بولود قەرەیاپان، باریش جەلال ئوغلو، بابك ئازەرئوغلو، ئەم رێکخراوە لەساڵی (١٩٩١ – ١٩٩٩) لەلایەن پیرۆز دیلنجی سەرکردایەتی کراوە، پاشان

لەکۆنگرەی ڕێکخراوەکە ساڵی (١٩٩٩) مەحمود عەلی چەهرگا بەسەر کردەی ڕێکخراوەکە دانراوە، دوای سێ ساڵ بەهۆی ململانێ و ناکۆکی ناوخۆیی دووبارە دیلنجی بەسەرکردەی ڕێکخراوەکە هەڵبژێردراوەتەوە.

هەر پاشان بەشێکیان لێ جیابۆ تەوەو لەژێر ناوی (جنبش بیداری ملی اژربایجان جنوبی) ڕێکخراوێکی سەربەخۆیان پێکهێناوە.

ئاڵای ڕێکخراوەکە بریتیە لەسێ لاکێشەی ڕەنگ: سەوز + شین (سەرەوە) سور (ناوەڕاست) شین + سەوز (لەخوارەوە) هەروەها مانگ و ئەستێرەیەکی سپی لەسەر لاکێشە سوورەکە بووە.

## ج. ناوچەی عەرەبستان ( خوزستان ):

### • حزبی ئەلسەعادە: ( ١٥٤ )

ئەم حزبە سالّی (١٩٤٦) دامەزراوە بەسەرکردایەتی (حەداد) ناوێك، ئامانجەکانی لەم خالآنەی خوارەوە کورت دەکرێتەوە.

١- بلاّوکردنەوەی هۆشیاری نەتەوەیی لەنێوان گەنجانی عەرەبستان.

٢- یەکخستنی عەرەبەکان بۆ بەرگریکردن دژی داگیرکاری فارسەکان.

٣- داواکردنی مافە نەتەوەییەکانی عەرەب و سەربەخۆیی تەواو.

٤- بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری و کۆمەلاّیەتی جەماوەری عەرەب.

ئەم حزبە رێکخستنەکانی گەشەی کردوو لەچەندین شارو شارۆچەکەی هەرێمی عەرەبەستان بلاّوبۆتەوە، بەلاّم بەهۆی ململانێی توندی لەگەلّ حزبی تودەی کۆمۆنیستی بەرەو رووی لاوازی بۆ تەوە.

### • کۆمەڵەی بەرگری لەعەرەبستان: ( ١٥٥ )

کۆمەلّە لەسالّی (١٩٤٦) دامەزراوە لەلایەن کۆمەلّە گەنجێکی ناوچەی عەرەبستان، ئامانجی ئاگادار کردنەوەی جیهان بووە، لەچەوساندنەوەو داگیرکردنی لەلایەن دەولّەتی ئێرانی.

دامەزرێنەرانی کۆمەلّە بەناوی چەند سەرکردەیەکی کۆنی عەرەب، ناوی خۆیان ناوە، هەروەك لەخوارەوە دەردەکەوێت:

سەرۆکی کۆمەلّە : سەعدی کوڕی ئەبی وەقاس

جێگری سەرۆك : موسەنای کوردی حاریسە

نهێنی گر : ئەلموهەلەب کوڕی ئەبی سەقرە

ئەندامان : خالیدی کوڕی وەلید، موغەیرەی کوڕی زەرارە، نوعمانی کوڕی مەقون

## • بەرەی رزگاری عەرەبستان:

**ئەم بەرەیە ساڵی (١٩٥٦) دامەزراوە، لەبنەماکانی: (١٥٦)**

١) رزگارکردنی عەرەبستان بەهۆی شۆڕشێکی هەمەلایەنەوە.

٢) هیچ رێکخستنێکی سیاسی یان شۆڕشگێری عەرەبی، بەبێ بەشداریکردنی جەماوەر سەرکەوتوو نابێت.

٣) قوڵکردنەوەو چەسپاندنی ئامانجەکانی رێکخراوەکە لەدڵ و دەروونی گەل.

٤) زاڵبوون بەسەر ئەو کەم و کورتیانەی دەبنە کۆسپ لەبەردەم ویست و ئارەزووەکانی گەل.

**هەیکەلی رێکخراوەیی بەرە بەم شێوەی خوارەوە داڕێژراوە:**

١- سەرکردایەتی: بریتیە لەلیژنەی نەتەوەیی باڵا، لەلایەن ئەمینداری گشتی رابەرایەتی دەکرێت، ئەرکی ئەم لیژنەیە بەرپرسیاریەتیە لەهەموو چالاکیەك.

٢- بنکە (رێکخراوەکانی خوارەوە) لەدوو باڵ پێکدێت.

أ) باڵی مەدەنی، چەند کەرت و توێژێکی جیاوازی جەماوەر دەگرێتە خۆی، ئەرکی سەرشانی، هۆشیار کردنەوەی توێژو چینەکانی گەلی عەرەبستان دەبێت.

ب) باڵی سەربازی، ئەرکی خەباتی چەکدارییە دژی بوونی سەربازی ئێرانی لە ناوچەی عەرەبستان.

**بەرە چەند چالاکیەکی سیاسی و عەسکەری ئەنجامداوە، بەکورتی:**

**یەکەم// چالاکی سیاسی،** لەسەر ئاستی ناوخۆیی و عەرەبی و جیهانیەوە بە چەند چالاکیەك هەستاوە:

**أ) لەسەر ئاستی ناوخۆیی:**

بەرەوداکۆکی لەبەیەکگەیشتنی هێزەنیشتمانیەکان دەکات، ئەوانی دژی رژێمی حکومەتی ئێران کاردەکەن، لەم بارەوە چەند خاڵێکی خستۆتە ڕوو:

١- کارکردن بۆ ریسواکردنی سیاسەتە شۆڤێنیەکەی شا لەئێران و لەناوچەی کەنداوی عەرەبی، هەروەها ئاشکرا کردنی پیلانەکانی ئیستعمار.

٢- هاوکاری نێوان هێزە ئێرانیەنیشتمانیەکان، ئەوانی باوەریان بەمافی نەتەوایەتی گەلی عەرەبستان هەیە.

٣- دژایەتیکردنی گیانی رەگەز پەرستی بەهەموو شێوەکانی، لەگەڵ بڵاوکردنەوەی رۆحی هۆشیاری وبرایەتی و لێبوردەیی لەنێوان نەتەوە جیاوازەکان.

**ب) لەسەر ئاستی عەربی:**

١- بەرەچەند پەیوەندییەکی بەبزووتنەوەکانی رزگاریخوازی عەرەب کردووە.

٢- چەندین نامەو یاداشتی ناردووە بۆ کۆنگرەکانی لوتکەی عەرەبی و کۆنگرە میللیەکان.

**ج) لەسەرئاستی جیهانی:**

بەرە هەوڵێکی زۆریداوە لەسەر ئاستی جیهانی بۆ روونکردنەوەی کێشەی گەلی عەرەب لەعەرەبستان، تا ئەو رادەیەی کە (جون بییر) سکرتێری لیژنەی پاڵپشتی شۆڕشی کەنداوی عەرەبی لەفەرەنسا بڵاوکراوەیەکی راگەیاند و بڵاویکردەوەو باسی لەکێشەو خەباتی عەرەبستان کرد.

**دووەم// چالاکی سەربازی:**

بەرە چەند کارێکی سەربازی هەستاوە دژی بنکەکانی سوپای ئێران.

**گۆڕانکارییەکانی ناوبەرە:**

چالاکیەکانی بەرە، جێگای سەرنج و بایەخ پێدانی دەزگا ئەمنیەکان بوو، بۆیە هەوڵێکی زۆردرا تاشوێنی کۆبوونەوەو کەسەکانی بۆ ئاشکرابوو، لەرۆژی (٢٥/تشرینی دووەمی/١٩٦٣) لەکاتی کۆبوونەوەی لیژنەی بالای بەر لەشاری عەبادان، دەزگا ئەمنیەکان توانیان ئامادە بوانی کۆبوونەوەکە دەسگیربکەن و پاشان رەوانەی دادگاکران و بڕیاری لەسێدارەدانیان لەسەر جێبەجیّ کرا، کەسەکانیش بریتی بوون لە: محیدین حمیدان ئال تاسر، شێخ عیسا مزخور ناسری، دحراب شمیل ناسری، ئەم کارە بووە هۆی کۆتای هاتن بەبەرەو چالاکیەکانی.

بەلام لە (١٩٦٤) دووبارە بەرە دامەزرایەوە لەژێر ناوی (بەرەی نیشتمانی بۆ رزگاری عەرەبستان).

- **بەرەی نەتەوەیی بۆ زرگاری عەرەبستان و کەنداوی عەرەبی: (١٥٧)**

سالی (١٩٦٠) دامەزراوە لەناوچەی (بسیتین و خەفاجیە) دواتر رێکخستنەکانی گەیشتۆتە شارەکانی موحەمەرە عەبادان، ئەهواز، حویزە، (هەندیّ سەرچاوە سالی دامەزراندنی بە ١٩٦٨ دادەنێن)

**لەبەرنامەکەیدا هاتووە:**

عەرەبستان بەشێکە لەعێراق کەئەویش بەشێکە لەنیشتمانی عەرەبی، بەرە سالی (١٩٦١) داوای هاوکاری لەحکومەتی عێراق کردووە بەلام هیچی بەدەست نەگەیشتووە.

دواتر بەرە ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ : سوپای میللی عەرەبستان، کە بەچەند کارێکی چەکداری هەستاوە لەسەر سنوورەکانی نێوان ئێران و ئەفغانستان.

## • بەرەی میللی بۆ رزگاری ئەهواز:

بەرە ساڵی (١٩٦٨) دامەزراوە، خۆی بەم جۆرە دەناسێنێ. (١٥٨)

خەباتی بەرە بەشێکە لەخەباتی گەلانی ئێران، هەوڵی روخاندنی رژێمی شا دەدات و هەوڵی دامەزراندنی، سیستمێکی دیموکراسی دەدات، بەرە پشتگیری هەموو بزووتنەوەیەکی رزگاری خوازی نەتەوە چەوساوەکان لەئێران دەکات.

بەرە باوەڕی بەخەباتی چەکداری هەیە بۆ رزگاری ئەهواز، بۆیە لەساڵی دامەزراندنیەوە تاساڵی (١٩٧٥) بەزیاتر لە (١٥٠) چالاکی سەربازی هەستاوە، دەربارەی ئەو چالاکیەنەش ئاگاداری بڵاوکردۆتەوە.

بەرە بەرپرسیاری خۆی لەلێدانی کێلگە نەوتیەکان و ئێزگەی تەلەفزیونی بسیتین راگەیاندووە، هەروەها سووتاندنی بەندەری موحەمەرەو روخاندنی بنکەی پۆلیس، سەرەڕای زۆر چالاکی دیکەش دژ بەدام و دەزگاکانی دەوڵەت لەئێران.

بەرە ساڵی (١٩٧١) رۆژنامەیەکی لەژێرناوی (ئەهوان) دەرکردووە، پاشان رۆژنامەکە گۆڕا بوو بە گۆڤارو بەهەمان ناو.

## • بزووتنەوەی شۆڕشگێری دیموکراتی بۆ رزگاری عەرەبستان: (١٥٩)

بزووتنەوە لەناوچەی عەرەبستان لەساڵی (١٩٧٣) وە دەرکەوتووە، گۆڤارێکی بەناوی (کارون) دەردەکرد کەلەشاری (تەرابلوس)ی پایتەختی لیبیا چاپکراوە .

ئامانجەکانی بزووتنەوە، کورت دەکرێنەوە لە: رزگارکردنی هەرێمی عەرەبستان لەدەستی رژێمی ئێرانی.

بەپێی بۆ چوونی بزووتنەوەکە، هەرێمی عەرەبستان بریتیە لەو زەویانە کە دەست پێدەکات لەبەندەر عەباسەوە – لەناوچەی بلوجستان بەدرێژایی

کەناراوەکانی رۆژهەلاتی کەنداو، تادەگاتە شاخەکانی کوردستانی ئێران (پشتکۆ) کەنزیکەی (٢٥٠) هەزار کم٢ دەبێت و ژمارەی دانیشتوانیش بە (٢.٥) ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت.

## • رێکخراوی سیاسی گەلی عەرەبی خوزستان: (١٦٠)

رێکخراوێکی سیاسییە لەسەردەمی رژێمەکەی محەمەد رەزاشا دامەزراوە، لە بلاوکراوەیەکی رێکخراوەکەدا هاتبوو:

ئەم رێکخراوە سیاسییەی گەلی عەرەبی خوزستانی لەلایەن رژێمی پەهلەوی دژایەتی دەکرا، رێکخراو دامەزراوەیەکی مێژوویییە بەستراوەتەوە بەگەلی عەرەب، ئەوانی دژی شەرعی ئیسلامی دەوەستن، ئەوانە ناتوانن گەلێك لەخاکەکەی دووربخەنەوە.

لەئامانجەکەی رێکخراوەکە:

بەرگریکردن لەمافەکانی گەلی عەرەب لەناوچەی عەرەبستان، بەرگریکردن لەبوون و لەخاکی عەرەب.

## • بەرەی ئەحوازی دیموکراسی (جاد): (١٦١)

سەرەتاکانی دامەزراندنی ئەم رێکخراوە بۆ (١٩٨٦) دەگەرێتەوە، پاشان لەساڵی (١٩٩٠) لایەنەکان یەکیان گرت و بەرەسمی دامەزراندنی بەرە راگەیەندرا.

ئەمینداری گشتی بەرە، (مەحمود ئەحمەد ئەمین)ە، لەسەرکردەکانی دیکەیان: عەبدوڵلاعنایەت، مەهدی فەرحان، عەلی کازم، ئامنە هانی، تاریق جاسم.

تا ئێستا چەند کەسێکیان لەلایەن دەسەڵاتەوە لەسێدارە دراون.

- **بەرەی دیموکراسی شۆڕشگێر بۆ ڕزگاری عەرەبستان: (١٦٢)**

بەرە ساڵی (١٩٧٩) لەگەڵ ڕاپەڕینەکانی گەلانی ئێرانی دژی ڕژێمی محەمەد ڕەزاشا، دامەزراوە، ئەندامانی بەرە بەشداریان لە ڕووداوەکانی ئەو شۆڕشە کردووە شان بەشان هێزو لایەنە سیاسیەکانی دیکەی ناوئێران.

ئەندامانی بەرە زیاتر بریتی بوون لەکۆمەڵە گەنجێك باوەڕیان بەخەباتی چەکداری هەبووە، ئامانجیان بەدیهێنانی (ئۆتۆنۆمی)بوو بۆناوچەی عەرەبستان لەئێران.

بەڵام لەگەڵ سەرکەوتنی شۆڕش و پشتگوێ خستنی داواکاریەکانیان، بەرە کەوتە دژایەتیکردنی ڕژێمی کۆماری ئیسلامی.

گرینگترین چالاکی کە پێی هەستان، پەلاماردانی بالیۆزخانەی ئێران بوو لەشاری (لەندەن)، لەناوبالیوزخانەکە (٢٦) فەرمانبەری تێدابوو، ئەندامانی بەرەداوای ئازادکردنی (٩١) زیندانی عەرەبیان دەکرد کەلەئێران لەزینداندابوون، بەرە هەڕەشەی کوشتنی فەرمانبەرانی بالیۆزخانەکەی ئێرانیان دەکرد، ئەگەر داواکەیان جێبەجێ نەکرێت، بەیانێکیشیان بڵاوکردەوە داوایان لەوڵاتانی عەرەبی کرد پشتگیرییان بکەن.

دوای شکست هێنانی گفتوگۆکانی نێوان ئەندامانی بەرەو حکومەتی بەریتانیا، لەلایەن سەرۆك حکومەتی بەریتانیا(مارگرێت تاتشەر) بڕیاری کۆتایی هێنانی بەو کارەکرد بەبەکارهێنانی هێز.

هێزی ئاسمانی تایبەتی بەریتانی پەلاماری چەکداری بەرەیدا لەبالیۆزخانەی بەریتانیاو سەرۆکی دەستەی چەکداری بەرە (محەمەد عەلی عون)و هەموو چەکدارانی دیکەی دەستەکە کوژران و بالیۆزنخاکەی ڕزگارکرا.

بەم ئەنجامەبەرە وازی لەکاری چەکداری هێنا.

- **ڕێکخراوی سیاسی بۆ گەلی عەرەبی موسلمان: (١٦٣)**

حزبێکی سیاسی ئیسلامیە، بەرگری لەمافەکانی عـەرەب و بەرژەوەندییـەکانیان دەکات لەئێران، بنەما سیاسییەکانی ئەم حزبە، لەچەند خاڵێك کورت دەکرێتەوە:

١- بزووتنەوەیەکی سیاسی ئیسلامیە.

٢- باوەڕی بەنەتەوەی عەرەب هەیە لەسێبەری شۆڕشی ئیسلامیدا.

٣- هەوڵدەدات بۆ بەدیهێنانی دەسەڵاتی (ئۆتۆنۆمی) بۆناوچەی عەرەبستان.

٤- باوەڕی وایە کەگەلی عەرەب لەئێران بەشێکە لەگەلانی ئێران.

- **بەرەی عەرەبی بۆ رزگاری ئەحواز: (١٦٤)**

بەرەلەرۆژی (٢٢/ئەیلولی/١٩٨١) دامەزراوە لەکۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی لەرۆژی (٥/تشرینی یەکـەمی/١٩٨١) بلاوکرایـەوە، سەرچاوەی دیکـە ئامـاژە بـۆ (نیسـانی /١٩٨٠) دەکەن.

لەسەرکردەکانی بەرە: فاخر مەجید زرەکانی، جێگری ئەمینداری گشتی

فەیسەل عەبدولکەریم – ئەمینداری گشتی

مەحمود حوسێن مشاری – نهێنی راگری بەرە.

شەرهان تەرفی – ئەندامی سەرکردایەتی

بەرە ژمارەیەکی گەورەی هێزو ڕێکخراوی سیاسی گرتۆتە خۆی، لەوانە :

١- ڕێکخراوی سیاسی بۆ گەلی عەرەبی ئەحوزا.

٢- بزووتنەوەی جەماوەری عەرەبی بۆ زرگاری ئەحواز.

٣- بەرەی سیاسی عەرەبی لە ئەحواز.

٤- حزبی پێشڕەوی عەرەبی ئەحواز.

٥- بزووتنەوەی فیدائیانی عەرەبی ئەحواز.

٦- بزووتنەوەی موجاهیدینی عەرەب لە ئەحواز.

٧- یەکێتی خێل و تیرە عەرەبەکانی ئەحواز.

٨- کۆمەڵە سیاسەتمەدارێکی ئەحواز.

**بەرنامەی سیاسی بەرە:**

لەپیشەکی بەرنامەکە باسی هەوڵەکانی رژێمی پەهلەوی وکۆماری ئیسلامی دەکات بەرامبەر بەخەڵکی ناوچەکە، دوای ئەوەی کورتە باسێکی مێژوویی وجوگرافی ناوچەی عرەبستان دەخاتە روو ، باشان دەڵێت:

"شۆڕشی رزگاری لەهەرێمی ئەحواز بەشێکە لەشۆڕشی عەرەب، رێبازی خەباتی چەکداری پەیرەو دەکات بۆ جێبەجێ کردنی ئامانجێکی نەتەوەیی، کەئەویش دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی نەتەوەیی عەرەبی پێشکەوتنخوازە لەسەرخاکی عەرەبدا.

خەباتی گەلی عەرەب لەئەحواز یەکدەگرێتەوە لەگەڵ بزووتنەوەی رزگاریخوازی جیهانی، هەروەها لەگەڵ هێزە شۆڕشگێرە پێشکەوتخوازە نەتەوەییەکان".

أ) **ئامانجە گشتیەکانی بەرە:**

١- خەباتکردن لەگەڵ هەموو هێزە شۆڕشگێرو بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی پێشکەوتوو لەجیهاندا، دژی ئیمریالیزمی جیهانی و زایونیزم و داگیرکاری فارسی و دواکەوتنی سیاسی و ئابوری و کولتوری.

٢- تێکۆشان لەپێناو دامەزراندنی کۆمەڵگەیەکی عەرەبی پێشکەوتنخواز لەهەرێمی ئەحواز، بەرێبازی خەباتی چەکدرای.

٣- کارکردن بەهەموو شێوەیەکی راستی و دڵسۆزی بۆ قوڵکردنەوەی پەیوەندییەکانی دۆستایەتی و کاری شۆڕشگێری هاویەش لەنێوان گەلی عەرەبی ئەحوازو هەموو گەلانی ئێرانی لەسەربنجینەی یەکێتی تێکۆشان دژی دەسەڵاتداری رەگەزپەرستی و داگیرکاری فارسی.

٤- دامەزراندنی ئاشتیەکی راستەقینە لەنێوان گەلانی جیهان.

٥- باوەڕهێنان بەماف چارەی خۆنووسین بۆ هەموو گەلانی جیهان، خەباتی بەرە دژی کاری رەگەزپەرستی، تەواوکارییە بۆخەباتی گەلی عەرەبی فەلەستینی دژی زایونیزم، شۆڕشی ئەحواز بەشێکە لەشۆڕشی عەرەب.

٦- بەرە باوەڕی بەڕێبازی، سیاس (بێلایەن) هەیە، خۆی لەناو ئەو بەرەیە دادەنێ.

٧- بەرەی عەرەبی، باوەڕی بەیەکێتی عەرەبە، خەباتی بۆ دەکات بۆ دامەزراندنی کۆمەڵگەی عەرەبی دیموکراسی یەکگرتوو.

**ب) بەرنامەی کاری بەرە لەم قۆناغە:**

١- فراوانکردنی رێکخستنی سیاسی لەنێوان رۆڵەکانی گەلی عەرەبی ئەحواز، چڕکردنەوەی چالاکی رۆشنبیری لەبواری رێکخستن و سازدانی جەماوەر.

٢- پێکهێنانی هێزێکی سەربازی لەلاوانی ئەحواز، بۆ ئەوەی ببێتە ناوکەی سوپایەکی یاسایی، راهێنانی سەربازی پێ بکرێت، بۆ ئەوەی بەبەرکی سەرشانی خۆی هەستێت.

٣- پێکهێنانی چەند لیژنەیەك بەناوی: لیژنەکانی پاڵپشتی گەلی عەرەبی ئەحواز، کەبەم ئەرکانە هەستێت:

أ. کۆکردنەوەی یارمەتی دارایی لەوڵاتانی عەرەبی و دۆست.

ب. شیکردنەوەی ئامانجەکانی بەرەو بنەماکانی.

ج. هەوڵدان لەولاتانی عەرەبی بۆ دەرگاکردنەوە لەبەردەم لاوان بۆ خوێندن.

د. داواکردن لەولاّتانی عەرەبی، کەبابەتی (ئەحواز) لەبەرنامەی خوێندندابێت.

ه. دەرکردنی گۆڤارو رۆژنامە بەناوی بەرە.

- **بەرەی دیموکراسی میللی ئەحوزا: (١٦٥)**

بەرە لەسەردەستی کۆمەڵە رۆشنبیرو گەنجێکی عەرەبی ناوچەی عەرەبستان لە (٢٠/کانوونی دووەمی/١٩٩٠) دامەزراوە.

ئامانج لەدامەزراندنی بەرە، کۆکردنەوەی خەڵکی ناوچەی عەرەبستانە، لەپێناو کارێکی بەرەیی نیشتمانی جەماوەری فراوان، کەهەموو هێزە تێکۆشەرەکان بگرێتە خۆی بەرەو مافی چارەی خۆ نووسین و رزگاری.

بەرە دەرگای کراوەیە لەبەردەم هەموو چین و توێژو هێزە نیشتمانی و نەتەوەیی و شۆڕشگێرەکان لەگەڵ جیاوازی بیروباوەرو ئایدیۆلۆجیاکانیان.

**ئامانجەکانی بەرە:**

بەرە لەبەرنامەی سیاسی خۆیدا جەخت لەسەر ئەم خاڵانە دەکات:

١- مافی چارەی خۆ نووسین بۆ گەلی عەرەبی ئەحواز.

٢- دادوەری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوری و رۆشنبیری، هەروەها دەستەبەر کردنی مافە بنچینەییەکانی تاك و کۆمەڵە پیشەییەکان.

٣- لەو بنەما بنچینەییانەی کەبەرە باوەڕی پێیەتی، دیموکراسییەتە، ئەویش بۆ دەستەبەرکردنی مافی هەموو لایەك بۆ بوونیادنانی کۆمەڵگەیەکی دیموکراسی و پێشکەوتوو.

٤- رێبازی رۆشنبیرکردنی جەماوەری، بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی و رۆشنبیری جەماوەرو ناساندنی کێشەی ئەهوازو رەهەندە سیاسی و کۆمەلایەتی و مێژوویەکانی.

٥- ژن: پێویستی بەشداریکردنی ژن وەك رەگەزێکی بنچینەیی کارا لەبواری خەبات.

دروشمەکانی بەرە: **تێکۆشانی شۆڕشگێرانە رێبازمانە، گەل هێزمانە.**

**بنەماکانی بەرە:**

١- پابەندوون بەرێککەوتن و پەیمانە نێودەوڵەتیەکان و ئەوانی لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەرچووەو ئامانجی رێزگرتنە لەمافەکانی مرۆڤ.

٢- بەرە دژە ئەوەیە ژیان لە هەر مرۆڤێك بسەندرێتەوە، هەر چەندێ بێت تاوانەکەی، بۆیە دژی کاری لەسێدارەدانە.

**پەیوەندییەکانی بەرە:**

بەرە هەوڵدەدات پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەم لایەنانە سازبکات:

١- لەگەڵ خەڵکی ناوچەی ئەحواز لەچین و توێژەکانی کۆمەڵ.

٢- لەگەڵ نەتەوەی عەرەب لەسەر بنچینەی ئەوەی ئەحواز بەشێکە لەنەتەوەی عەرەب.

٣- لەگەڵ هێزو حزبە سیاسییەکانی ناو ئێران لەپێناو پشتگیریکردنی بەرە.

٤- لەگەڵ نەتەوەکانی ناو ئێران، لەپێناو کاری هاوبەش.

**لەسەرکردەکانی بەرە:**

أ) عەلی ئەبوخلود ئەحوازی.

ب) مەنسور ئەبو شاکر ئەحوازی.

## د. هەرێمی بلوجستان:

### • بزووتنەوەی نەتەوەیی بلوجستان:

### بلوجستان راجی رزمبش (١٦٦)

لەگەڵ راپەرینی گەلانی ئێران (١٩٧٩) دژ بەرژێمی شا، هەوڵەکان بۆ دامەزراندنی ئەم رێکخراوە دەستی پێکردووە،ساڵی (١٩٨٤) ژمارەیەك لە رۆشنبیرو کەسانی سیاسەتمەدار کۆبوونەتەوەو بریاری دامەزراندنی ئەم رێکخراوەیان داوە، ساڵی (١٩٩١) یەکەم کۆنفرانسی دامەزراندنی سازکراوە.

ناوی رێکخراوەکە لەدووەم کۆنگرە لەجیاتی (بلوج، راجی رزمبش)، بریاردراوە ناوی (بلوجستان راجی رزمبش) بەکار بهێنرێت.

لەبەرنامەی بزووتنەوە ئاماژە بۆ ئەم بابەتانە کراوە.

١- جەخت کردن لەسەر سیستمی فیدرالی لەئێران.

٢- ئەرکەکانی حکومەتی فدرالی: بریتی دەبێت لە:

أ) سیاسەتی دەرەکی.

ب) سیاسەتی ئابوری گشتی وڵات

ج) سیاسەتی دارایی وڵات

د) کاروباری بەرگری

٣- حکومەتی فیدرالی لەبلوجستان بەپێی هەل و مەرجی مێژوویی و فەرهەنگی ناوچەی بلوجستان دەگرێتەوە.

٤- ئەنجومەنەکانی حکومەتی هەرێمی بلوجستانی فیدرال، بریتی دەبێت لە: ئەنجوومەنی نیشتمانی بلوجستان، بەهۆی هەڵبژاردنەوە دیاری دەکرێت.

حکومەتی ناوخۆی هەرێم، هەموو کاروباری ئابوری، کۆمەڵایەتی، سیاسی، رۆشنبیری دەگرێتە دەست.

پێڕەوی ناوخۆی بزووتنەوە، ئاماژە بۆهەیکەلی رێکخراوەیی بزووتنەوەکە دەکات، کەبرتیە لە:

١- کۆنگرە، بەرزترین دەسەلات و دووساڵ جارێك دەبەسترێت.

٢- کۆنفرانس.

٣- کۆمیتەی ناوەندی

٤- ئۆرگانە خۆجێیەکان.

بزووتنەوە ئەندامە لە (کۆنگرەی نەتەوەکانی ئێرانی فیدرال).

## • سوپای رزگاری بلوجستان: (١٦٧)

ئەم رێکخراوە چەکدارییە لەساڵی (١٩٦٤) لەشاری دیمەشق لەسەر دەستی (جومعە خان ماری) دامەزراوە، لەسەر کردەکانی رێکخراوەکە: موشیر محەمەد ماری، دوکتور، ئەڵلا نەزەر بلوج.

رێکخراوەکە چەندین چالاکی سەربازی ئەنجامداوە لەناوچە شاخاوییەکانی هەرێمی بلوجستان لەهەردوو دیوی سنوری ئێران و پاکستان، بەزنجیرەکارێکی چەکداری هەستاوەو پەلاماری دام و دەزگا حکومیەکانی داوە.

ساڵی (١٩٧٠) رێکخراوەکە بەرەو رووی شکستی بۆتەوە بەهۆی دەسگیرکردنی ژمارەیەکی زۆری ئەندام و چالاکوانانی لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی ئێران.

بەو هۆیەوە بۆماوەیەکی دوورودرێژ چالاکیەکانی وەستاوە، بەلام دواتر خۆی رێکخسۆتەوە.

چەندین رێکخراوی سیاسی دیکە دروست بووە، بەلآم بەزۆری رێکخراوی بچووکن‌و سەرکردەکانیان لەدەرەوەی ئێران هەلآتوون، چالآکیەکانیشیان تەنها لەسەر تۆرە کۆمەلآیەتیەکان ئاماژەی بۆدەکرێت، لەوانە:

١- بزووتنەوەی رزگاری گەلی بلوج (سازمان جنبش ملی) سالّی (١٩٧٩) راگەیاندراوە، بەسەرکردایەتی (رەحیم زەردکوهن).

٢- سازمانی بەرهەلّستی بلوجستان (مبارزین بلوشستان) سالّی (١٩٨٠).

٣- بزووتنەوەی رزگاری بلوجستان، سالّی (١٩٨٠) بەسەرکردایەتی عەبدی خان دامەزراوە.

٤- یەکێتی زەحمەتکێشانی بلوجستان لەسالّی (١٩٧٩) دامەزراوە.

٥- بزووتنەوەی گەلی بلوجستان ئێران، سالّی (١٩٨٠) دامەزراوە.

٦- سازمانی تێکۆشەرانی بلوج، سالّی (١٩٧٩) دامەزراوە.

٧- سازمانی دیموکراتی گەلی بلوج، سالّی (١٩٧٩) دامەزراوە.

## ژ. ناوچەی تورکمان صحرا:

### • کانون (مەکۆ)ی فەرهەنگی و سیاسی خەڵکی تورکمان: (١٦٨)

ئەم رێکخراوە ساڵی (١٩٧٨)، واتە لەسەرو بەندی شۆڕشی گەلانی ئێرانی دامەزراوە، لەلایەن کۆمەڵە روناکبیرێکی تورکمان، ئەوانە زیاتر لەژێرکاریگەری رەوتی چەپ بوونە، باوەڕیان وابوو، کەبەو بیروباوەڕەیان دەتوانرێت قۆناغی رزگاریخوازی نەتەوەیی تێپەڕیکەن.

کانون سەرەتا بەسەربەخۆیی کاری دەکرد، هەروەها بەسازمانی هاوتەریبی — ستادی مشترك شوراهای روستایی — لەقەلەمدەدا.

کانون و ستاد لەسەرو بەندی شۆڕشی گەلانی ئێران، توانیان لەناوچەی تورکمان سەحرا بۆ ماوەیەکی کەم، شێوە حکومەتێکی خود موختاری شورایی، پێکەوە بنێن، بەڵام دواتر کەوتەژێرکاریگەری راستەوخۆی سازمانی فیداییانی خەلکەوەو سەربەخۆیی خۆی لەدەستدا.

لەرووی رێکخستن و ستراتیژییەوە رابەری سپێردراوی فیداییانە، بۆیە خەباتەکەی لەرێڕەوی نەتەوەیی دەرچوو بووە هۆی چەواشەکردنی نەوەیەك و قۆناغێك.

چالاکوانانی کانون لەئەوروپا خۆیان گرتەوە، دوای ئەو هەموو ساڵەی کاروچالاکی، خەریك بوون بەهەڵەکانی خۆیان بچنەوە، ئێستا بریتین لە گروپێکی سەربەخۆی رزگاریخواز، لەبواری کاروچالاکی سیاسیدا بەمیراتی رێکخستنی رابردووی خۆیاندا دەچنەوە.

- **سازمانی بەرگریکردن لەمافەنەتەوەییەکانی گەلی تورکمان: سازمان دفاع ازحقوق ملی خلق ترکمن.** (١٦٩)

ئەم رێکخراوە هەرلەکاتی دامەزراندنیەوە نەیتوانیەوە بەچڕی لەناوخۆی تورکمان سەحرا کاربکات، بۆیە بەناچاری لەدەرەوەی وڵات درێژە بەخەباتی خۆی دەدات، لەئەورووپاو ئەمەریکا چالاکوانانی ریزەکانی رێکخراوەکەیان رێکخستۆتەوە هەوڵدەدەن بەرەبەرە ئەم خەباتە بگوێزرێتەوە بۆ ناوچەی تورکمان سەحرا لەئێران.

هەروەها هەوڵدەدات کەڵك لەئاسیای ناوەراست و کۆماری تورکمانستان وەربگرێت بۆ رێکخستنی تورکمانەکانی ناوچەی تورکمان سەحرای ئێران.

ئەم رێکخراوە هەوڵیدا لەگەڵ چەند رێکخراوێکی دیکە، شێوە بەرەیەك پێك بهێنن.

- **بزاڤی میللی – دیموکراتی تورکمان (تورکمەنلیك):** (١٧٠)

بەتورکمانی بەم بزاڤە دەوترێت: (Turkman mili-demokratick haraket) کەکورتکراوەکەی وشەی (تورکمەنلیك)ە، ئەم رێکخراوە رەوتێکی توندرەوی نەتەوەپەرستە، داوای مافی چارەی خۆنووسین دەکات، بەتوندی دژی بیروبۆچوونە – راسیزمی و شۆڤینیزمی – فارسە، بەگروپێکی رادیکال دەناسرێت، لەگەڵ شۆرشی گەلانی ئێران (١٩٧٩ – ١٩٨٠) سەری هەڵداوە.

هەورەها باوەری بەهاوپەیمانی گەلانی بندەستی ئێران هەیەو پەیتا پەیتا داوای هاوکاری و هاوپەیمانیان لێدەکات.

لەلایەکی دیکەوە بەم دواییە، هەوڵیدا لەگەڵ دوو گروپی تورکمانی دیکە، نیمچە بەرەیەك پێکەوەبنێن.

بزاڤی میللی – دیموکراتی تورکمانی بەیەکێك لەچالاکترین گروپەکانی تورکمان لەقەلەم دەدرێت.

## ر. چالاکی سیاسی بەختیاریەکان:

### • کۆمەڵەی بەختیاریەکان:

### جامعه بختیاریها (١٧١)

ئەو ڕێکخراوە ناوی لەبڵاوکراوەیەك لەلایەن دەستەی دامەزرێنەرەوە لەشاری ئەهواز ڕاگەیاندرا، بەڵام بێ ئەوەی ناوی هیچ کەسێك ئاشکرابکرێت، لەسەرەتای بەیاننامەکەدا، ئاماژە بۆ بەشداری بەختیاریەکان دەکات لەرووداوەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٨ – ١٩٧٩).

**پاشان بەیاننامەکە باس لە بنەماکانی ڕێکخراوەکە دەکات:**

١) پاڵپشتی و لایەنگری مافە دیموکراسیەکانی گەلانی ئێران و گەلی بەختیاری، هەوڵدان بۆ بەدەست هێنانی ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمان و خۆماڵیکردنی زەوی و زار، هەروەها یەکگرتنی نیشتمانی.

٢) بەگری کردن لەمافەکانی گەلی بەختیاری بۆ بەدەست هێنانی سەربەخۆیی لە بەڕێوەبردنی کاروباری خۆجێی.

٣) زانینی پێداویستیەکان، هەڵسەنگاندنی تواناکانی ناوچەکە، هاوکاری کردن لەگەڵ حکومەت بۆنەهێشتنی کەم و کورتیەکان.

٤) پەرەپێدانی هۆشیاری سیاسی و کەولتوری و کۆمەڵایەتی بۆ گەلی بەختیاری.

٥) بەرهەڵستی کردنی ڕەگ و ریشەی بەکرێگیراو و دوژمنانی شۆڕش، لەناوچەی بەختیاری.

٦) بەرگریکردن لەهەموو مافەکانی تاك و کۆمەڵ بۆ گەلی بەختیاری.

٧) بوونی پەیوەستی لەنێوان هەموو چین و توێژی بەختیاریەکان بەمەبەستی هاوکاریکردن لەپێناو بەدیهێنانی ئامانجەکان و هەوڵدان بۆ دامەزراندنی (ئەنجوومەنی شواری بەرزی بەختیاری لەئێران).

٨) تێکۆشان لەپێناو پارێزگاریکردن لەئازادی بیروڕا دەربڕین و کۆبوونەوەو دامەزراندنی حزبەکان.

٩) تێکۆشانی بەردەوام دژی ئیمپریالزم و کۆنەپەرستی ناوخۆ لەگۆشە نیگای بونیادنانی ئێرانێکی ئازاد و سەربەخۆ، ئەویش بەبەشداریکردنی هەموو هێزە نیشتمانی و شۆڕشگێرەکان.

**بەیاننامەکە بەم چەند ڕستەیە کۆتایی دێت:**

کۆمەڵگەی بەختیارییەکان لەئەهواز، ئومێدی وایە کەنەتەوەی ئێرانی تێکۆشەر، ئەوە لەبیرنەکەن کەبەختیاریەکان نیشتمان پەروەری ڕەسەنن، واتەماشا نەکرێن کەبەکرێگیراو دژ بەگەلن و پەیوەستن بەبنەماڵەی شای ئێرانەوە.

ئێمە لێرەدا رایدەگەیەنین، کەشان بەشانی لایەنە نیشتمانیەکانی دیکەی وەك: تورك، کورد، عەرەب، لور هەموو لایەنەکانی دیکە ئامادەی خەباتین لەپێناو ئازادیو یەکگرتوویی نیشتمانی، داوا لەحکومەتی کاتی و حکومەتەکانی دیکە دەکەین، لەهۆیەکانی دواکەوتنی ناوچەی بەختیاریەکانی بکۆڵنەوە لەهەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و تەندروستی و کولتوری و ئاوەدانکردنەوە، بەکاری سیاسی هەستێت بۆ چارەسەرکردنی پێویستەیکانی گەل.

- **حزبی ئەلنەجمەی – بەختیاری:** (١٧٢)

ئەم حزبە لەباشوری ئێران ساڵی (١٩٢١) دەرکەوتووە، بەریتانیەکان هەوڵیانداوە خۆیان لێی نزیك بکەنەوە بەمەبەستی پاڵپشتی کردنی و هاندانی بۆ دژایەتی کردنی رژێمی ئێرانی.

- **بزاڤی رزگاری لورستان: ( ١٧٣ )**

**جنبش رەهای بخش لرستان**

ئەم رێکخراوە سیاسییەلەیەکگرتنی (١١) گروپی بچووك و نهێنی دروست بووە، داوای سەرەخۆیی و جیابوونەوەی لورستان دەکات، ئەم رێکخراوە گوتارێکی توندی هەیە بەرامبەر بەشۆفینزمی فارس، لەگوتارە سیاسییەکەیدا خوازیاری مقاوەمەی چەکدارییە، بەڵام هیچ کارتێکی سەربازی لێ نەبینراوە.

- **بەرەی رزگاری لورستان : ( ١٧٤ )**

**جبهەی رەهای بخش لرستان**

ئەم رێکخراوە، سیاسەتێکی میانرەوی هەیە، لەرووی ستراتیجەوە بۆ چوونی میانرەوە، داوا دەکات پرسی نەتەوەیی لوڕ لەچوار چێوەی ئێرانێکی فیدراڵدا چارە سەربکرێت، گوتاری سیاسی رێکخراوەکە دیموکراسی ترە، شێوازی خەباتی نهێنی پەیڕەو دەکات و هەتائێستا چالاکیەکی نافەرمی مەدەنی و کاری چەکداری لێ نەبینراوە.

أ ) **بزووتنەوەکانی رەوتی ( سوننە ) لەئێران: ( ١٧٥ )**

بزووتنەوەو حزبە سیاسییە هاوچەرخەکانی خەڵکی سوننە لەئێران، کاریگەری بزووتنەوەو حزبە ئیسلامیەکانی وڵاتانی عەرەبی و ئیسلامی دراوسێیان بەسەرەوەیە، هەروەها کاریگەری ئەو رێبازو بابەتە هزری و عەقائیدیانەی بڵاون لەو ڵاتانە، نموونەش بزووتنەوەی سەلەفی و بزووتنەوەی تەبلیغ و دەعوە و کۆمەڵی ئیخوان موسلمین و بزووتنەوە سوفیەکانی دیکە.

ئەو کتێب و نووسینانەی کەبەکار دەهێنرێن لەناو پەیڕەوکارانی ئەو رێبازو رەوتە هزرییانە، هەمان ئەو کتێبە ئاینیانەن کەبەکار هێنراون لەوڵاتە ئیسلامیەکان،

چونکە زۆرینەی زاناو مەلاکانی سوننەی ئێران، دەرچووی خوێندنگاو زانکۆئیسلامیەکانی شاری مەدینەو وڵاتی پاکستان و زانکۆی ئەزهەری میسرن، خوێندکارەکانیش هەمان کتێب و بابەتەکانی ئەوان دەخوێنن کەبەدەستیان دەگات.

هەرچەندە حکومەتی ئێران رێگا بەخەڵکی سوننەی وڵاتەکەی خۆی نادات کە بزووتنەوەو حزبی سیاسی و رەوتی هزری یاخود کۆبوونەوە سیاسییەکان لەسەر بنچینەی رێبازی سوننە یان تائیفی پێبکبێت، بەڵام سەرەڕای ئەو هەوڵانەش، ئەوا پیاوانی ئاینی و پەیرەوکارانی رێبازی سوننە هەستاون بەدامەزراندنی بزووتنەوەی رۆشنبیری و کۆڕبەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ بەرگریکردن لەبیروباوەڕەکانیان.

لەو چالاکیە سیاسییانەی دوای دامەزراندی کۆماری ئیسلامی روویدا، دەکرێ ئاماژە بۆ پێکهێنانی ئەنجوومەنی شورای سوننە بکەین.

لەبەهاری (١٩٨١) بەهەوڵ و تێکۆشانی ئەحمەدی موفتی زادە و مولاناعەبدولعەزیز ژمارەیەکی گەورەی زاناو تەریقەتدارانی سوننە لەشاری تاران کۆبوونەوەو بڕیاری دامەزراندنی (شورای ناوەندی سوننە) یاندا کەبەکورتکراوی پێی دەوترا (شمس).

**بنەماکانی دامەزراندنی ئەم ئەنجوومەنە لە (١٦)خاڵ پێکهاتبوو:**

١- هەوڵدان بۆ زیندوو کردنەوەو یەکێتی نەتەوەی ئیسلام.

٢- هەوڵدان لەپێناو یەکێتی و یەکخستنی هێزو تواناکانی خەڵکی سوننە لە ئێران.

٣- پێکهێنانی ئەنجوومەنی شورای لاوەکی پەیوەست بەئەنجوومەنی شورای ناوەند لەناوچەکانی سوننەنشین.

٤- هەلگرتنی هەرجۆرە چەوساندنەوەو زۆرداریيەك بەسەرخەڵکی سوننەی ئێران بەتايبەتيش هەلگرتنی مادەی (١٢) لەدەستوری ئيسلامی لەئێران.

٥- دروستكردنی مزگەوت و ناوەندە ئاينيەكان لەشارەكانی سوننە لەئێران بۆ بەڕێوەبردنی بۆنە ئاينيەكان.

٦- دامەزراندن و بەهێزكردنی قوتابخانە ئاينيەكانی سوننە لەئێران.

٧- بوونی كۆمەڵەی جۆراو جۆر لەكەسانی باوەڕدراو هۆشياروهەلگری بەرپرسياريەتی.

٨- دياريكردنی چەند كەسانێك بۆ نووسينی رێنماييە ئاينيەكان بۆ قوتابخانە رەسميەكانی سوننە لەئێران.

٩- دەركردنی گۆڤارێك.

١٠- رێگرتن لەهەر سوكايەتی و دەست درێژييەك بەسەر گەورەپياوانی ئيسلام.

١١- تەرخانكردنی چەند سەعاتێك لەراديۆو تەلەفزيۆنی حكومی بۆ بەرنامەی ئاينی خەڵكی سوننە.

١٢- دامەزراندنی مەلا و مزگەوت و دادوەرانی ياسا لەناوچەكانی سوننە.

١٣- رێكخستنی سەرمايەی خەڵكی سوننەو بەكارهێنانی بۆ بەرهەمهێنان.

١٤- دوزينەوەی پەيوەستيەك لەنێوان خەڵكی سوننەی ئێران و سوننەی جيهان.

١٥- ناردنی خەڵكی و خوێندكار بۆ ناوەندە ئيسلاميە جيهانيەكان بۆ خوێندن.

١٦- وەرگرتنی بڕيارەكانی شورا لەژێر چاودێری هەردوو ئەحمەدی موفتی زادو مەولانا عەبدولعەزيز بێت.

- **بزووتنەوەكانی سوننە لەئێران:**

نەخشەی بزووتنەوە ئيسلاميەكانی خەڵكی سوننەی ئێران، دابەش دەبێت بەپێی هەمەجۆری نەتەوەيی و ناوچەيی ئەو وڵاتە، ديارە هەمە جۆری و فرە رەگەزی،

ڕۆڵێکی گەورەی گێڕاوە لەجۆراوجۆری بزووتنەوە سیاسییەکان و فرە جۆری میتۆدی و هزری و سیاسی، بەم شێوەی خوارەوە:

### أ- بزووتنەوەکانی سوننەی کورد:

گروپی دەعوەوچاکسازی، بەسەرکردایەتی ئەحمەد موفتی زادەو ناسر سەحابی ساڵی (١٩٧٩)، ڕێکخراوی خەبات، بەسەرکردایەتی (خزر عەباسی) ساڵی (١٩٨٠) دامەزراوە.

گروپی (ئەلموەحدون)ی ئازادیخواز، بەسەرکردایەتی موسا عومران، ساڵی (١٩٢٢) دامەزراوە، ئەو ڕەوتانە هەڵگری هزری، سۆفیزم، سەلەفییەت، ئیخوان و لموسلمینن.

### ب- بزووتنەوەکانی بلوجستان:

ئەمانە لەناوچەکانی خۆرهەڵاتی ئێران، بەتایبەتیش لەهەرێمی (سیستان و بلوجستان) دەژین، بزووتنەوەکانی بلوج لەو ناوچەیەدا لەنێوان دوو ڕەوتی سەرەکیدان، ئەوانیش: ڕەوتی سەفەلەفی و گروپی تەبلیغ و دەعوە، چالاکی بزووتنەوەی ئیسلامی لەبلوجستان بۆ سەردەمێکی کۆن دەگەڕێتەوە.

زانایانی ئاینی لەو ناچەیەدا ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕاوە لەدژایەتیکردنی ڕژێمی شای ئێران، لەنێوان ئەو زانایانەش: مەولای عەبدولعەزیز مەلا زادە، کەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی، لەلایەن دەسەڵاتەوە دەسگیر دەکرێت لەگەڵ (٤٠٠) زانای ئاینی و ڕۆشبیری سوننەی دیکە، بەتاوانی دامەزراندنی ئەنجوومەنی شورای ناوەندی ئیسلامی (شمس)، دوای ئازاد بوونیشی، مەولانا بزووتنەوەی موحەمەدی سەلەفی دامەزراند.

هەروەها لەزانا ئاینیەکانی دیکەش، مەولای عەبدولعەزیز کازمی، شێخ مەولای حەبیبولا حوسێن، شێخ مەولای عەبدولستار، مەولای عەبدولمەلیك مەلازادە.

ئەوانە هەموویان لەلایەن دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیەوە زیندانی کراون و هەندێکیان لەسێدراه دروان.

لەناوچەی بلوجستان چەند رێکخراوێکی ئیسلامی سوننە هەیە لەوانە:

١- حزبی فورقان ساڵی (١٩٩٦) دامەزراوە لەسەردەستی شێخ جەلیل قەنبەر.

٢- بزووتنەوەی جیهادی ئیسلامی بەسەرکردایەتی سەلاحەدین بلوجی ساڵی (١٩١٣).

## ج- تورکمانی سوننە:

لەناوچەی (تورکمان سەحرا) لەباکوری رۆژهەڵاتی ئێران، زۆربەی دانشتوانی ئەو ناوچەیە تورکمانی سوننەن.

لەو رەوتانەی لەناوچەکەدا بوونیان هەیە، رەوتی سوفیگەری لەسەر رێبازی گەیلانی، چالاکی ئیسلامی سیاسی لەو ناچەیە زیاتر خۆی لەرۆڵی ئەو قوتابخانە ئاینیانە دەبینێتەوە کە شێخ و زاناکان رابەرایەتی دەکەن.

## د- بزووتنەوەی سوننە لەناوچەی ئەهواز:

لەو ناوچەیە رێبازی سەلەفی و گروپی دەعوەو تبلیغ بڵاون، کاری ئەوانە بەهۆی شێخ و پیاوەکانی بەڕێوەدەچێت، لەرێگەی قوتابخانە ئاینیەکانەوە.

## پەراوێزەکانی بەشی دووەم

١- ایران في سنوات الحرب العالمية الاولى - فوزي خلف شويل - مركز دراسات الخليج العربي - جامعة البصرة - (١٩٨٥) ص٢٠

٢- دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر - د. كمال مظهر أحمد - بغداد ١٩٨٥ ص١٠٣

٣- ايران - الاحزاب واالشخصيات السياسية (١٨٩٠ - ٢٠١٣) شاكر كسرائي - رياض الريس للكتب والنشر ص٢٦٤

٤- تاريخ ايران السياسي بين ثورتين (١٩٠٩ - ١٩٧٩) - د. آمال السبكي - سلسلة عالم المعرفة - الكويت - ١٩٩٩ ص٢٤

٥- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- الاحزاب السياسية في العالم الثالث - د. اسامة الغزالي حرب - سلسلة عالم المعرفة - الكويت.
- موقع مركز دراسات الجزيرة - و يكبيديا - الموسوعة الحرة.
- التيارات السياسية في ايران - فاطمة الصمادي - المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات، ط١/٢٠١٢ بيروت، ص١٣.

٦- سەرچاوەکانی :

- بحث - السياسة والسياسيون في ايران - فاطمة الصمادي - مركز دراسات الجزيرة.
- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية - سەرچاوەی پێشو - ص١٤

٧- سەرچاوەکانی :

- تاريخ ايران السياسي بين ثورتين - سەرچاوەی پێشو - ص٢٧

- ایران بین القومیة الفارسیة والثورة الاسلامیة – د. علي محافظة – المؤسسة العربیة للدراسات والنشر – ط١/٢٠١٣ – ص١٢٦

٨– لەکتێبی – الاحزاب والمنظمات السیاسیه (١٩٦٣ – ١٩٧٤) ، نووسینی د. احمد شاکر العلاق، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (کۆمەڵەی نیشتمانی ئێرانی) لەسەر دەستی مەلیك ئەلمتوەکلین – لە نیسانی (١٩٠٤) دامەزراوە بەهاوکاری جەمالەدین ئەلواعیز.

٩– الاغتیالات السیاسیة في ایران – د. احمد عبدالقادر الشاذلي – ص١٥ – ٣٠

١٠– تەماشای ئەم سەچاوانە بکە:

- موسوعة تاریخ ایران السیاسي، د. حسن الجاف – جزء ٣ ص٣٥١
- رضا شا بهلوي – د. فرح صابر ص٧٢
- دراسات في تاریخ ایران الحدیث والمعاصر – د. کمال مظهر احمد . ص٢٠٢

١١– من تاریخ الحرکة الثوریة في ایران – فاضل ملا محمود – السلیمانیة ط٢/٢٠١١ ص ٥٢

١٢– سەرچاوەکان:

- من تاریخ الحرکة الثوریة في ایران – سەرچاوەی پێشوو. ص٤٣
- ایران من الداخل – فهمي هویدي – مرکز الاهرام للنشر والترجمة ط٤/١٩٩١ ص٧١

١٣– بحث – الاطر التنظیمیة للمعارضة السیاسیة في ایران، في عهد محمد علي شا (١٩٠٧ – ١٩٠٩) د. فلیح حسن علي، صباح کریم ریاح، الجزیرة ، نت – ویکبیدیا.

١٤– ئێران و تورکیا – د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، د. خلیل عەلی موراد، وەرگێرانی بەهادین جەلال مستەفا، دەزگای چاپ و پەخشی رۆژهەلات، هەولێر/٢٠١١، ل١٥١

١٥–تاريخ ايران السياسي بين ثورتين – امال السبكي – سەرچاوەی پێشوو. ص٥٤

١٦–من تاريخ الحركة الثورية في ايران – فاضل ملا محمود – سەرچاوەی پێشوو. ص٥٣

١٧–احزاب سياسي ايران – جلد اول – ملك الشعراء بەهار – چاپ ٩ تاران/١٣٩٢ ل٢١

١٨–من تاريخ الحركة الثورية في ايران – فاضل ملا محمود د. سەرچاوەی پێشوو. ص٥١

١٩–دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر – سەرچاوەی پێشوو. ص٢٠١

٢٠– الجبهة الوطنية، لقمان خيالي، ٢٠١١ ص٢٩

٢١–من تاريخ الحركة الثورية في ايران – سەرچاوەی پێشوو. ص٥١

٢٢–الحياة السياسية في كوردستان (١٩٠٨ – ١٩٢٧) علي تتر ص١٤٢.

٢٣–عرب ايران – عبدالنبي القيم – ترجمة كاظم الجابري – دار ملا للنشروالتوزيع مصر، ط١/٢٠١٣ ص٤٧.

٢٤–الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – د. محمد وصفي ص١٧

- رۆژنامەی رستاخیز – ژمارە (١٠٣٩) لە ٢٤/مەهر/١٣٥٧ تاران ل١٦

٢٥–الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو. ص١٣

- ايران بين القومية الفارسية والثورة الايرانية. د. علي محافظة ص٣٨

٢٦– من تاريخ الحركة الثورية في ايران – سەرچاوەی پێشوو. ص٥٦

- دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر – سەرچاوەی پێشوو. ص٢٧٢

٢٧– ايران الاحزاب و الشخصيات السياسية – شاكر كسرائي ص٤٨

• الاحـزاب والمنظمـات السياسـية في ايـران (١٩٦٣ – ١٩٧٩) د. احمـد شـاكر العلاق الرافد للمطبوعات ط١–٢٠١٥، بغداد. ص٢٢

٢٨– الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو. ص١٦

٢٩–الجبهة الوطنية – سەرچاوەی پێشوو. ص٣٤

• الاحـزاب والمنظمـات السياسـية – د. احمـد شـاكر – سـەرچاوەی پێشـوو. ص١٨

٣٠–الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو. ص١٦

٣١–دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر – – سەرچاوەی پێشوو. ص١٢٥

٣٢–دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر – – سەرچاوەی پێشوو. ص١٦٨

٣٣– الجبهة الوطنية – سەرچاوەی پێشوو.ص٣٥

٣٤–دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر – سەرچاوەی پێشوو. ص١٦٨

٣٥–ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٣٩

٣٦– تاريخ ايران السياسي بين الثورتين – سەرچاوەی پێشووص١٢٥

٣٧– الجبهة الوطنية – سەرچاوەی پێشوو.ص٢٩

٣٨– رضا شا بهلوي – د. فرح صابر– سەرچاوەی پێشوو.ص١٢٥

٣٩–ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص١٢٥

٤٠– الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١٩

٤١–الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٢٠

٤٢–الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٢١

٤٣–گۆڤاری مێژوو – ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠١٠ محمد عبدالله کاکە سور – هـەولێر ل١٣٧

• الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٤٢

* الجبهة الوطنية – سەرچاوەی پێشوو. ص٧٥
* الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ٢٤٢

٤٤–محمد رضا شا بهلوي – د. فرح صابر– سەرچاوەی پێشوو.ص٤٧

* الجبهة الوطنية – سەرضاوةى ثيَشوو. ص ٦٠
* التحولات السياسية في ايران + الدين والحداثة و دروهما في تشكيل الهوية الوطنية – موسى النجفي وموسى فقيه حقاني – ترجمة قيس آل قيس – مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي – ط١/٢٠١٣ – بيروت ص٢٤٠.

٤٥–ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٤٩

* محمد رضا شا بهلوي – د. فرح صابر– سەرچاوەی پێشوو.ص٤١

٤٦–الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٥٧

* ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٦٨
* الجبهة الوطنية – سەرچاوەی پێشوو. ص٧٩

٤٧– التاريخ الايرانى المعاصر (ايران في العصر البهلوي) غلام رضا نجاتى، ترجمة عبدالرحيم الحمراني، مؤسسة دار الكتب الاسلامي ط١/٢٠٠٨ ص١١٢

٤٨– الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٤٦

* الجبهة الوطنية – سەرچاوەی پێشوو. ص٨٢
* التاريخ الايرانى المعاصر (ايران في العصر البهلوي) غلام رضا نجاتى، ترجمة عبدالرحيم الحمراني، مؤسسة دار الكتب الاسلامي ط١/٢٠٠٨ ص١٧٧

٤٩–الجبهة الوطنية – سەرچاوەی پێشوو. ص٧٦

٥٠– الاحزاب والتجمعات السياس ية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٤٣

* ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٥١
* سایتی /٢٠١٧/٢/٧ www.ar.m.wikipeddia.org

٥١–الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٤٥

٥٢–الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٣٤٢

- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٥١

٥٣–الجزيرة – نت – ويكيڤيديا – المسوعوعة الحرة ٨/شباط/٢٠١٧

٥٤– •الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٣١٨

- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٥٢
- موسوعة تاريخ ايران السياسي – سەرچاوەی پێشوو ص٢٥٤

٥٥– الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٣٥٨

٥٦– • الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٣٥

- ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٦٤
- الجبهة الوطنية – سەرچاوی پێشو ص٣٥
- الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٣٥٨

٥٧– الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٥٩

٥٨– • الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٣٨٨

- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٥٩
- ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٦٥

٥٩–• الجبهة الوطنية – سةرضاوى ثيَشو ص١١٨

- ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٥٩
- موسوعة السياسية – عبدالوهاب الكيالي – دار العربية للموسوعات – ج٢ – بيروت ص٤٦
- التاريخ الايراني المعاصر – تاريخ ايران في العصر البهلوي – سەرچاوەی پێشوو ص١٦٨

- الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران – سەرچاوەی ثێشوو ص٣٦٧

٦٠–الجبهة الوطنية – سەرچاوی پێشو ص٢٣٩

٦١–الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٢٦٦

٦٢– الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٣٦

٦٣– الجبهة الوطنية – سەرچاوی پێشو ص٢٧

٦٤–التاريخ الايراني المعاصر – تاريخ ايران في العصر البهلوي – سەرچاوەی پێشوو ص٤٢١

٦٥– الجبهة الوطنية – سەرچاوی پێشو ص٢١٩

٦٦– • التاريخ الايراني المعاصر – تاريخ ايران في العصر البهلوي – سەرچاوەی پێشوو ص٣٤٦

- الجبهة الوطنية – سەرچاوی پێشو ص٢٢٧

٦٧– الجبهة الوطنية – سەرچاوی پێشو ص٨٣

٦٨– الجبهة الوطنية – سەرچاوی پێشو ص١٧٥

٦٩– التاريخ الايراني المعاصر – تاريخ ايران في العصر البهلوي – سەرچاوەی پێشوو ص١٢٦

٧٠–تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٢٨٧
- التاريخ الايران المعاصر – تاريخ ايران في العصر البهلوي – سەرچاوەی پێشوو ص١٨٤
- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٣٨
- موسوعة الحركات الاسلامية في الوطن العربي وتركيا وايران – د. احمد الموصلي – مركز دراسات الوحدة العربية – ط٢/٢٠٠٥ بيروت. ص٢٣٩

٧١-تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٩٥
- التاريخ الايراني المعاصر – تاريخ ايران في العصر البهلوي – سەرچاوەی پێشوو ص٣٦١
- گۆڤاری دۆسێی ئێران – (١٢ – ١١) تشرینی دووەمی/٢٠٠٨ سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان – سلێمانی، بابەتی ئازاد مەحمود، ل٦١
- ايران صعود وهبوط – وليد محمد عبدالناصر – دار المستقبل العربي – القاهرة/١٩٩٣ – ص١٣٩
- رۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا، حامید گەوهەری – بەرگی یەکەم – هەولێر/٢٠١١ ل٣٤٣
- ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص١٢٠
- سایتی – الحوار المتقدم.

٧٢- گۆڤاری دۆسێی ئێران – ژمارە (١١ – ١٢) تشرینی دووەم / ٢٠٠٨، ل٦١

٧٣- ايران صعود وهبوط – سەرچاوەی پێشوو ص١٣٧

٧٤- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١٠٥

٧٥- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٩١

٧٦- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١٢

٧٧- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٩٤

٧٨- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٩٥

٧٩- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٩٧

٨٠-الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٩٨

٨١-• الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٩٩

• موقــــع مليــــون – و يكيبيـــــديا – الموســــوعه الحــــره
melliun.ort
• بڵاوکراوەیەك بەناوی – (٣٨) ساڵ بەسەر حکومەتەکەی د. شاپور بەختیار
• سایتی www.kar-online.com
٨٢- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١٠٤
٨٣- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١٠٤
٨٤- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١٠٦
٨٥- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١٠٩
٨٦- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١١٠
٨٧- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١١١
٨٨- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١٠٣
٨٩- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١٠٦
٩٠- ويكيبديا – الموسوعه الحره ص١٠٦
٩١-• سایتی http//chawoshanmihanbloge.com
تاريخ احزاب در ايران – عبدالحسين ئێگاهي انتشار مجدد – چاوشان نوزايي كبير
• من تاريخ الحركه البوريه فى ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٥٨
• تطور الحركة الوطنية في ايران (١٨٩٠ – ١٩٥٣) – حربي محمد – منشورات الثورة – بغداد ط١/١٩٧٢ ص٣١
٩٢-• التاريخ الايران المعاصر – ايران في العصر البهلوي – سەرچاوەی پێشوو ص١٠٦
• الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١١٤

- هەڵوێستی توده لەحاست کێشەی نەتەوایەتی کورد — یاسین سەردەشتی — ل٩-١٢
- ایران — الاحزاب والشخصيات السياسية — سەرچاوەی پێشوو ص٨٣
- سایتی — الحوار المتمدن

٩٣-• خەبات بەرەو سەرکەوتن — بەهمەنی سەعیدی — لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵە ڕێکخراوی کوردستان — حزبی کۆمۆنیستی ئێران — بەرگی یەکەم — چاپی٣/٢٠١٢ ل١٤٦ — ١٥٠ بەرگی دووەم ل١٧٧.

- اساسنامەی حزب کۆمۆنیست ایران — ٢٠٠٦
- برنامەی حزب کۆمۆنیست ایران — ٢٠٠
- ڕۆژهەڵاتی کوردستان — د. هۆشمەند عەلی مەحمود — چاپی / هەولێر — ل٢٥٨

٩٤- سایتی www.hks-Iran-org/hks/index-html

- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران — سەرچاوەی پێشوو ص١٠٧

٩٥-سایتی htt//www.piraq-net

سایتی — الحوار المتمدن — ویکبیدیا

٩٦- ڕۆژنامەی — ئینتەر ناسیونال — ژمارە/٢/حوزەیرانی ١٩٩٢ — حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی.

٩٧- کۆڕ بەندێکی حزبی لەهەر دوو ژمارەی (٤٨ — ٤٩) ڕۆژنامەی کۆمۆنیست ساڵی (١٩٨٩) ئۆرگانی ناوەندی حزبی کۆمۆنیست ایران، بڵاوکراوەتەوە.

٩٨- مجلة كلية التربية الاساسية، جامعة بابل — د. فرقال فيصل جدعان — العدد/اذار /٢٠١٣ ص٤٦٧.

٩٩-تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- الجبهة الوطنية – سەرچاوی پێشو ص٧٧
- ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٤٩
- محمد رضا بهلوي سەرچاوەی پێشوو ص١٤

سایتی ١١/سفند/١٣٩٥ htt//tarikh Iran -ir/fa

١٠٠– تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١٧٦
- التاريخ الايران المعاصر – ايران في العصر البهلوي – سەرچاوەی پێشوو ص٣٥٠
- سایتی www.fadaian-minority.org
- ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەدەساڵدا – حامید گەوهەری – سەرچاوەی پێشو – بەرگی یەکەم ل٤٤٦
- بەرنامەی، سازمانی فیدائیان خلق – اکپربت

١٠١– سایتی https//fa.m.Wikipedia.org

- الجبهة الوطنية – سەرچاوی پێشو ص١٩٠
- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشوو ص٣١
- ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٥١

١٠٢– ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٤٥

١٠٣– تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە :

- ڕۆژهەڵاتی کوردستان – د. هۆشمەند عەلی – سەرچاوەی پێشوو ص٢٥٣
- اساسنامە – ئیتیحادی مبارزان کومینست

- حەمید تـەقوایی – سـیره مختصـره لحیـاه منصـور حکمـت. ویکبیـدیا ١٦/تەموز/٢٠٠٢

١٠٤– تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- مرکز وثائق الثورة الاسلامیة – علي کورد – مـن و ثـائق اتحـاد الشـیوعیون الایرانیون – في واقعة امول . http//www.teror. victiws.com
- رونانینێك لەناوەوە بۆ بزووتنـەوەی چـەپی ئێـران – هەڤپـەیڤین لەگـەڵ – میهدی خابناباتارانی حەمید شەوکەوت – وەرگێرانی شۆڕش گوڵکـار – وەزارەتـی رۆشنبیری و لاوان – هەولێر ساڵی ٢٠١٣ – ل٤٨١.

١٠٥– روانینێك لەناوەوە بۆ بزووتنەوەی چـەپی ئێرانـی – سەرچـاوەی پێشـوو ل٤٨١

- سایت http//www.fa-m.wikipedia.org

١٠٦– • روانینێك لەناوەوە بۆ بزووتنەوەی چەپی ئێرانی – سەرچاوەی پێشـوو ل١٢٤

- رۆژهەڵاتی کوردستان لە دە ساڵدا، سەرچاوەی پێشوو ل٢٢٦
- سایتی – ویکبیدیا – الموسوعه الحره.

١٠٧– روانینێك لەناوەوە بۆ بزووتنەوەی چـەپی ئێرانـی – سەرچـاوەی پێشـوو ل١٦٧

١٠٨– • ویکبیدیا – الموسوعه الحره

- بمناسبت سومین سالگرد – انتشار نشریه را کـارگر در ایـران کمیتـه خـارج ازکشور لە ١٠/کانوونی یەکەمی/١٩٨٢

١٠٩– روانینێك لەناوەوە بۆ بزووتنەوەی چـەپی ئێرانـی – سەرچـاوەی پێشـوو ل٤٤٦

١١٠- • ویکبیدیا - الموسوعة الحرة - ٢٠/ئابی /٢٠١٦

• ارشیو اسناد - سازمان بیکارد راه ازاد طبقة کارگر.

١١١- • اساسنامة اتحاد فیدائیان کمونیست - ئەرشیف

• ویکیبیدیا الموسوعه الحره .

١١٢- www.iranianoralhistory-delfars

١١٣- • تەماشاي ئەم سەرضاوانة بكة:

• ایران من داخل - فهمی هویدی - سەچاوەی پێشوو ص٢٣

• موسوعه الحرکات الاسلامیه فی الوگن العربی- سەرچاوەی پێشوو ص٣٥٧

• الجبهة الوطنية - سةرضاوةى ثيَشوو ص٨٠

• الاحزاب والتجمعات السياسية في ایران - سەرچاوەی پێشوو ص٥٧

١١٤- • التيارات السياسية في ایران - فاطمة الصمادي - سەرچاوەی پێشوو ص٩٦

• تاريخ ایران السیاسي المعاصر - ایران في العصر البهلوي - سەرچاوەی پێشوو ص١٥

١١٥- التيارات السياسية في ایران - فاطمة الصمادي - سەرچاوەی پێشوو ص٩٦

• الجبهة الوطنية - سةرضاوةى ثيَشوو ص٢٤٢

• الاحزاب والمنظمات السياسية في ایران - سەرچاوەی پێشوو ص٦٠

١١٦- الاحزاب والمنظمات السياسية في ایران - سەرچاوەی پێشوو ص٣٥

١١٧- الاحزاب والمنظمات السياسية في ایران - سەرچاوەی پێشوو ص٥٧

١١٨- ئەم سەرچاوانەی خوارەوە:

- باڵە سیاسییەکان لەئێرانی ئەمڕۆدا – حوجەت مورتەجا – وەرگێڕانی محمد کەریم دەزگای سەردەم، سلێمانی / ٢٠٠١ ل٦٥.
- ایران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٨٢
- مستقبل النظام السياسي في جمهورية ايران الاسلامية – حمد جاسم الخزرجي – منشورات زين الحقوقية والادبية – بيروت ٢٠١٣ ص١٥٥.

١١٩– سەرچاوەکان:

- باڵەسیاسیەکان لەئێرانی ئەمڕۆدا – سەرچاوەی پێشوو ل٤١
- التيارات السياسية في ايران –سەرچاوەی پێشوو ص٩٠
- ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٨٣
- مستقبل السياسي في جمهورية ايران الاسلامية – سەرچاوەی پێشوو ١٥٦

١٢٠– سەرچاوەکان:

- ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٧١
- الموسوعة الحركات الاسلامية في الوطن العربي – سەرچاوەی پێشوو ص٢٦٣
- ايران دراسة عن الثورة والدولة – د. وليد عبدالناصر – دار الشرق – ط/١٩٩٧/١ص٧٣
- گۆڤاری ئێرانناسی – ژمارە (٢) ٢٠١٣ – بابەتی نووسەر علی حاجی زەلمی.
- الحركات الاسلامية في مصر وايران – د.رفعت سيد احمد – درا سينا للنشر – القاهرة ، ط/١٩٨٩ ص١٧٨

١٢١– • ايران – الاحزاب والشخصيات السياسيه – سەرچاوەی پێشوو ص١١٢

- الموسوعة الحركات الاسلامية في الوطن العربي – سەرچاوەی پێشوو ص٢٦٩
- سایتی www.dezfuli, wordpress.com

١٢٢- • ایران – الاحزاب والشخصیات السیاسیه – سەرچاوەی پێشوو ص٩٤

- باڵە سیاسیەکان لەئێرانی ئەمڕۆدا – سەرچاوەی پێشوو ل٤٧
- ویکبیدیا الموسوعة الحرة

١٢٣- سەرچاوەکان:

- اساسنامەو مرامنامه – کۆمەڵەی پەیامی دانشجو.
- ایران – الاحزاب والشخصیات السیاسیة – سەرچاوەی پێشوو ص٩٧
- باڵە سیاسیەکان لەئێرانی ئەمڕۆدا – سەرچاوەی پێشوو ل٦١

١٢٤- سەرچاوەکان:

- باڵە سیاسیەکان لەئێرانی ئەمڕۆدا – سەرچاوەی پێشوو ل٤٧
- ایران – الاحزاب والشخصیات السیاسیة – سەرچاوەی پێشوو ص٩٩
- مستقبل النظام السیاسي في جمهوریة ایران الاسلامیة – سەرچاوەی پێشوو ص١٥٧

١٢٥- سەرچاوەکان:

- ایران – الاحزاب والشخصیات السیاسیة – سەرچاوەی پێشوو ص١١١
- باڵە سیاسیەکان لەئێرانی ئەمڕۆدا – سەرچاوەی پێشوو ل٦٥
- مستقبل النظام السیاسي في جمهوریة ایران الاسلامیة – سەرچاوەی پێشوو ص١٤٦
- ویکیبیدیا – الموسوعة الحرة.

١٢٦- سەرچاوەکان:

- باڵە سیاسیەکان لەئێرانی ئەمڕۆدا – سەرچاوەی پێشوو ل٥٠
- سایتەکانی www.resekhoon.net

www.pajoohe-ir

www.fa.m.wikipedia.org

١٢٧–سایتی : www.fa.m.wikipedia.org

- التيارات السياسيه فى ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١١٠

١٢٨–سەرچاوەکان:

- التيارات السياسيه فى ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١٨٢
- ايران – الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٨٩
- سایتی /١٨٩www.norooz news-ir/page
- مرامنامه – جبهت مشاركت اسلامى ايران.
- اساسنامه جبهت مشاركت اسلامى ايران.

١٢٩–مرامنای حزب همستگی، سایتی ٤٧٩٠٢٢www.yjc-ir /fa.news.

- www.fa.m.wikipedia.org

١٣٠– • باڵە سیاسیەکان لەئێرانی ئەمڕۆدا – سەرچاوەی پێشوو ل٣٤

- باڵە سیاسیەکان لەئێرانی ئەمڕۆدا – سەرچاوەی پێشوو ل٦٤
- ايران – الثورة الخفية – يتيزى كوظيل – دار الفارابي – بيروت ط١/٢٠٠٨ ص١٤٦

١٣١–باڵە سیاسیەکان لەئێرانی ئەمڕۆدا – سەرچاوەی پێشوو ل١٠٣

١٣٢– • الحياه السياسيه فى كوردستان – على تتر – سەرچاوەی پێشو ص١٣٥

- بیری نەتەوەیی لەپیرەوپرۆگرامەکانی جەمعیەت و حزبە کوردییەکان (١٩١٩ – ١٩٤٥) عەبدولخالید سابیر کەریم – سلێمانی – ٢٠١٣ ل٨٠
- بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠ – ١٩٤٦) موجتەبا بورزوویی – وەرگێڕان نازناز محەمەد، یوسف خزر، سۆران عەلیبور، دەزگاموکریان – هەولێر – ٢٠٠٥ ل١٤١

١٣٣-بیری نەتەوەیی لەپەیڕەو پرۆگرامەکانی جەمعیەت - سەرچاوەی پێشو ل٨٠

١٣٤- • بیری نەتەوەیی لەپەیڕەو پرۆگرامەکانی جەمعیەت - سەرچاوەی پێشو ل٩٠

• گۆڤاری کۆلێژی ئاداب، زنکۆی جیهان - ژمارە (١٠١) بابەتی مامۆستا جاوان حوسێن.

• سایتی - گاردینیا - مجله پقافیه عامه - رستم مەحمود لە ٦/تشرینی یەکەمی /٢٠١٦

١٣٥- • بیری نەتەوەیی لەپەیرەوپرۆگرامەکانی جەمعیەت و - سەرچاوەی پێشو ل١٦٩

• الحیاة السیاسیة في کوردستان - علي تتر - سەرچاوەی پێشو ص٢٣٠

١٣٦-بیری نەتەوەیی لەپەیرەوپرۆگرامەکانی جەمعیەت و - سەرچاوەی پێشو ل١٧٢

١٣٧- • بیری نەتەوەیی لەپەیرەوپرۆگرامەکانی جەمعیەت و - سەرچاوەی پێشو ل٢٣٠

• الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیة في نصف قرن (١٩٠٨ - ١٩٥٨) عبدالستار طاهر شریف - السلیمانیة /٢٠٠٧ ل٣٠٨

١٣٨- • الجمعیات والمنظمات والاحزاب الکردیه- سەرچاوەی پێشو ل٣١٠

• خەباتی رزگاریخوازی کوردو ئازەر لەئێران، د. کەمال مەزهەر ئەحمەد - وەرگێڕانی ئازاد عوبێد سالح - پاچی یەکەم - هەولێر - ٢٠٠٤ ل٤٦

• بیری نەتەوەیی لەپەیڕەو پرۆگرامەکانی جەمعیەت و - سەرچاوەی پێشو ل٢٣٢

- گۆڤاری رۆشنبیری نویَ – ژماره – ١٢٢ – حوزەیرانی/١٩٨٩ بغداد ل٣١

١٣٩– سەرچاوەکانی:

- خۆیبوون – هیوا – ژ.ك / هیوا سەید عەزیز – سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان – سلێمانی/٢٠٠٦ ل٦٨
- حکومەتی کوردستان – نەوشیروان مستەفا ئەمین– سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان – چاپی دووەم – سلێمانی/٢٠٠٦ ل٦٤
- کورد لەسەدەی (١٩–٢٠) گەیس کۆجیرا – وەرگێڕانی محمد کەریم عارف – ل٢٦٢
- ٥٠ سالّ خەبات، جەلیل گادانی – دەزگای موکریان – چاپی٢ هەولێر /٢٠٠٨ ل١٨

١٤٠– تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- رۆژهەلاتی کوردستان لەدەسالّدا – حامید گەوهەری – سەرچاوەی پێشوو ل٧٩ ل٢٣٤
- ٥٠ سالّ خەبات، جەلیل گادانی – دەزگای موکریان – چاپی٢ هەولێر /٢٠٠٨ ل٢٤٥
- راستی رووداوەکان – جەلیل گادانی ل٢٤٥
- ئۆپۆزیسیون و ئاوارەیی – مامەند رۆژە– دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی – سلێمانی/٢٠٠٨ ل٢٧١
- بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو ویستی – سەربەخۆیی – کریس کۆجیرا – وەرگێران ، حەسەن رەستگار چاپی یەکەم/٢٠١٣ / هەولێر – ل٢٣٦

• جولانـەوەی رزگـاریی نیشـتمانی کوردسـتان – د. عـەزیز شـەمزینی – وەگێرانـی فەریـد ئەسەسـەرد، سـەنتەری لێکۆلینـەوەی سـتراتیجی کوردسـتان – سلێمانی چاپی١/٢٠٠٦ ل٣٢٦

• بەرنامـەو پـەیرەوی نـاوخۆی – حزبـی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران – (حدکا).

١٤١– ئۆپۆزیسیۆن و ئاوارەیی – سەرچاوەی پێشو ل١٠٠

١٤٢– ئۆپۆزیسیۆن و ئاوارەیی – سەرچاوەی پێشو ل١٠٦

١٤٣– • خەبات بـەرەو سـەرکەوتن – بەهمـەنی سـەعیدی – لـەبڵاوکراوەکانی کۆمەلـە رێکخـراوی کوردسـتان حزبـی کۆمۆنیسـتی ئێـران – بـەرگی یەکەم/بـەرگی دووەم – چاپی سێیەم/٢٠١٢

• ٥ ساڵ لەگەڵ عەبدوڵلای موهتەدی – چاپی یەکەم – ٢٠١٠ لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی شۆرشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران. ل٤١ – ٤٢ – ٦٢

• رۆژهەلاتی کوردستان – د.هۆشمەند عـەلی – سەرچـاوەی پێشـو ل٢٦٤ – ٢٦٥

• رۆژهەلاتی کوردستان لەدە ساڵدا – حامید گەوهەری – سەرچاوەی پێشوو ل٢٦٥

• هەفتەنامەی رووداو – ژمارە (٣٠١) لە ١٠/ئازاری/٢٠١٤ هەولێر

١٤٤– گۆڤاری کەوانە (ژمارە – ١١) حوزەیرانی ٢٠١٢ سـلێمانی، چـاوپێکەوتن لەگەڵ سمکۆیەزدان پەنا. ل١٤١.

١٤٥– گۆڤاری دۆستی ئێران ژمارە (٦) مایسی/٢٠٠٧ سـلێمانی – مامەنـدرۆژە ل٥٣

- گۆڤاری دۆستێی ئێران ژماره (١٢-١١) تشرینی دووەمی/٢٠٠٨ سلێمانی - سیتام
- الاحزاب والتجمعات السياسيه فى ايران - سەرچاوەی پێشو . ص١١

١٤٦- • سایتی www.ar.m.wikipedia.org

- ئۆپۆزیسیون وئاوارەیی - مامەند رۆژە - سەرچاوەی پێشو ل١٤٥
- موقع السكينه www.alssakina.com

١٤٧- • ئۆپۆزیسیون و ئاوارەیی - مامەندرۆژە - سەرچاوەی پێشو ل١٩٦

- رۆژهەلاتی کوردستان - د. هۆشمەند عەلی - سەرچاوەی پێشو ل٢٦٦
- بەرنامەو پەیرەوی ناخۆی سازمانی خەباتی نەتەوەیی و ئیسلامی کوردستان

١٤٨- • رۆژهەلاتی کوردستان - د. هۆشمەند عەلی - سەرچاوەی پێشو ل٢٨٠

- گۆڤاری دۆستێی ئێران ژماره (٧) مانگی ئەیلول/٢٠٠٧ بابەتی عەلی بەهرامی

١٤٩- گۆڤاری دۆستێی ئێران ژماره (٧) مانگی ئەیلول/٢٠٠٧ هەمان سەرچاوەی پێشو

١٥٠- گۆڤاری دۆستێی ئێران - هەمان سەرچاوەی پێشو

١٥١- • من تاريخ الحركه البوريه فى ايران - سەرچاوەی پێشو ص٦٨

- خەباتی رزگاریخوازی کورد و ئازەر لەئێران - سەرچاوەی پێشو ل٩٢
- بەرزبوونەوەوکەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەربایجان - جەمیل حەسەنلی - وەرگێرای حامید گەوهەری - چاپی یەکەم/٢٠١١ هەولێر - ل٦٣

• پەیوەندیەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەسهێنانی هەردوولا لەساڵی ١٩٤٦دا، د. ئافراسیاو هەورامی – چاپ و پەخشی سەردەم – چاپی/١ – ٢٠٠٨ سلێمانی ل٩٥

١٥٢– دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر ، كمال مظهر احمد سەرچاوەی پێشوو ص٢١١

١٥٣– سایتی محمد علی عرفان www.AL.ain.com

www.fam.wikipedia.org

١٥٤– الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشو ص٦٥

١٥٥– الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشو ص٦٦

١٥٦– • الاحزاب والتجمعات السياسيه ڤی ايران – سەرچاوەی پێشو ص٦٧

• تاريخ عربستان والوضع الراهن في ايران – وزارة الاعلام والعراقية – بغداد – ١٩٧١ ص١٣

• سایتی محمد علی عرفات www.alain.com

١٥٧– • الاحزاب والتجمعات السياسيه ڤی ايران – سەرچاوەی پێشو ص٦٧

• اهل السنة في ايران – مجموعة باحثين – مركز المسبار للدراسات والبحوث ط٢٠١٣/٢ ص٤٨

• سایتی محمد علی عرفات www.alain.com

١٥٨– • الاحزاب والتجمعات السياسيه ڤی ايران – سەرچاوەی پێشو ص٧٠

• اهل السنه ڤی ايران – سەرچاوەی پێشو ص٩٨

• سایتی محمد علی عرفات www.alain.com

١٥٩– • الاحزاب والتجمعات السياسيه ڤی ايران – سەرچاوەی پێشو ص١١٥

• مجلة – كارون – العدد(٣) السنة الرابعة – لە ١/ئابي/١٩٧٧ ص٩

١٦٠- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشو ص١١٦
١٦١- سایتی له ٢٥/ایلول /٢٠١١ www.alahwaz arabi.com
١٦٢- سایتی www.ar.wikipedia.org
١٦٣- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشو ص١١٥
١٦٤- • الاحزاب والتجمعات السياسيه فى ايران – سەرچاوەی پێشو ص١١٧
• مجله الاحواز – العدد/٥ فى ٣٠/تشرين الپانى /١٩٨١ ص٤١
• سایتی www.ar.wikipedia.org
• سایتی www.alahwaz arabi.com
١٦٥- سایتی www.marefa.org
١٦٦- • گۆڤاری دۆستێی ئێران – ژماره(١٤) لەحوزەیرانی ٢٠٠٩، لاپەڕە/٨١
• بەرنامەو اساسنامه – بلوجستان راجی رزمبش.
١٦٧- سایتی www.marefa.org
١٦٨- گۆڤاری دۆستێی ئێران – ژماره(١٤) لەحوزەیرانی ٢٠٠٩، مامەند رۆژە/٨
١٦٩- گۆڤاری دۆستێی ئێران – سەرچاوەی پێشو
١٧٠- • گۆڤاری دۆستێی ئێران – سەرچاوەی پێشو
• اهل السنه فى ايران – سەرچاوەی پێشو ص٢١٠
١٧١- الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران – سەرچاوەی پێشو ص١١٩
١٧٢- دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر – سەرچاوەی پێشو ص١٤٢
١٧٣- گۆڤاری دۆستێی ئێران – ژماره(١٣) لەئازاری/ ٢٠٠٩، مامەند رۆژە
١٧٤- گۆڤاری دۆستێی ئێران – ژماره(١٣) لەئازاری/ ٢٠٠٩، مامەند رۆژە
١٧٥- • اهل السنه فى ايران – سەرچاوەی پێشو ص١١٩ – ٥٨
• أحوال اهل السنه فى ايران – عبدالله محمد الغريب – ص٣٤
• موقع البينه www.albainah.net

# بەشی سێیەم

# هەل و مەرجی کۆمەڵگەی مەدەنی لەئێران

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەبنچینەیەکی سەرەکی دادەنرێن لەخەباتی جەماوەریدا بۆ هێنانەکایەی کۆمەڵگەیەکی شارستانی و دیموکراسیانەو خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن.

ئەو ڕێکخراوانە ڕۆڵی دووەم دەبینن دوای ڕۆڵی حکومەت لەئاراستەکردنی جەماوەرو هێنانەدیی ئەرکەکانی کۆمەڵگەو دابینکردنی ژیانێکی دیموکراسیانەو بەشداریکردن لە بوونیادنانەوەی تاك و کۆمەڵگەو ڕزگارکردنیان لەچنگ دواکەوتوویی و نەزانی و ترس.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لەڕووی پێکهاتەوە لەگشت لایەنەکانی ژیانی سیاسی و ئابوریی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و لەسەرجەم چین و توێژەکۆمەڵایەتیە تەمەن جیاوازەکان پێکدێنن.

ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی دەبێ تەواو سەربەخۆبن و کاریگەری و دەسەڵاتی حکومەت و حزبە سیاسیەکانیان بەسەرەوە نەبێت.

لەوڵاتێکی وەك ئێران، ناکرێ باس لەبەشدارییەکی جەماوەری سیاسی چالاك و کارابکەین بەدوور لەچالاکی و بزاڤی ڕاستی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، شان بەشان هێزو لایەنە بەشداربووەکانی ناو سیستمی سیاسی بەشێوەیەکی ڕەسمی. لەو وڵاتەو تائێستا، بەپێی ئەو مەرجانەو وەك پێویست ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی پێك نەهاتووە، دیارە ئەو حاڵەتەش هۆکاری خۆی هەیە، کەبەدرێژایی تەمەنی سیستمە سیاسییەکانی زەمینەی لەبار نەرەخساوە، بۆدروست بوونی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی سەربەخۆو ئازاد لەچین و توێژە جیاوازەکانی کۆمەڵ.

لەسەردەمی رژێمی پاشایەتی پەهلەوی، ئەو دەسەڵاتە هەرگیز ڕێگای نەداوە ئازادانە چین و توێژە کۆمەڵایەتییەکان، حزب و کۆمەڵەو رێکخراوی ئازاد دامەزرێنن بۆ بەشداریکردن لەسیاسەت و لەکاروباری کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیری وڵات.

ئەگەر چی بەدرێژایی تەمەنی ئەو رژێمە، ژمارەیەکی زۆری کۆمەڵەو رێکخراوی جیاواز دامەزراوەو چالاکیان هەبووە، بەڵام لە ژێر چاودێری دەسەڵات و ئاراستەکردنی بنەماڵەو حکومەت و حزبە سیاسییەکانی ناو دەسەڵات بوونە.

دوای سەرکەوتن شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩)، دەکرێ خەسڵەت و تایبەتمەندیەکانی ئەو باسە لەدوو لەخاڵ کورت بکەینەوە:

١- بوونی ژمارەیەکی زۆری رێکخراوو دامەزراوەی مەدەنی کەلەلایەن دەسەڵات و پیاوانی ئاینیەوە دامەزراون یان ئاراستە دەکرێن، وەك دامەزراوەی (ونبووەکانی)و دامەزراوەی (ئەلشەهید) و بەدەیان رێکخراوو کۆمەڵەی پیشەیی و رۆشنبیری و ئابوری و کۆمەڵایەتی، کە هەموویان لە چوار چێوەی ئایدیۆلۆجیای سیستم و دەسەڵاتدارە ئاینیەکان کار دەکەن و بەرنامە دادەرێژن.

٢- دەستوری ئیسلامی ئێرانی، رێگای داوەبەدامەزراندنی حزب و رێکخراوەکان، بەڵام بەمەرجێ لەگەڵ ئایدیۆلۆجیا رەسمی دەوڵەت ناکۆك نەبێت، بۆیە تەنها بوارێکی زۆر تەسك ماوەتەوە، کاری تێدا بکرێت.(١)

## یەکەم/ بزووتنەوەی کرێکاری لەئێران: (٢)

بەتێکەڵ بوونی ئێران لەگەڵ بازاڕی دەرەکی و وەبەرهێنان لەبوارەکانی دارایی و پیشەسازی نیشتمانی، یەکەم توێژی چینی کرێکاری پێکهات، ئەو چینە وردە وردە پێگەیشت و ڕووی لەوە کرد ببێتە هێزێکی کۆمەڵایەتی، بەڵام بەهەنگاوی سست.

کرێکاران لەماوەی ڕووداوەکانی شۆڕش دەستوری (١٩٠٥ – ١٩٠٦) کارو چالاکیانەکانیان دەرکەوت لەشارەکاندا کە مەڵبەندی سەرەکی ئەوان بوو، دروشمەکانی ئەو شۆڕشە لە داواکردنی دەستورو دوور خستنەوەی دەستێوەردانی بیانی لەکاروباری ئێران، کاریگەری بەسەر هۆشیاری کرێکارانەوە هەبووە، هەرلەماوەی ململانێیەکانی سەردەمی ئەو شۆڕشەو خۆپیشاندان و مانگرتنەکان لەپایتەخت و شارەکانی دیکەی ئێراندا، کرێکاران جۆرە ڕێکخستنێك لەناویاندا دروست بوو، سەرەتاکانی دامەزراندنی سەندیکاکانش دەرکەتن، دیارە ئەم دیاردەیەش پەرەسەندنێکی چۆنایەتی بوو لەگەشەکردنی هۆشیاری لای کرێکاران.

ئەو کرێکارانەی لەناوچەکانی قەوقاس دەگەڕانەوە، ڕۆڵێکی بەرچاویان دەگێڕا لەو ڕووداوانە، ئەوەش بەهۆی پەیوەندی ی تێکەلبوونیانەوە بوو بەکاروکرێکارە پیشەسازییەکانی ڕوسیاو ناوچەکانی ئازەربیجان، هەروەها کاریگەری بیروباوەرە شۆڕشگێڕییەکان بەسەریاندا کە لەو ناچانەدا بڵاوبوونەوە.

سەندیکای کرێکاران لەئێران ساڵی (١٩٠٦) دەستی بەدامەزراندن کردووە، سەرەتا سەندیکای کرێکاری چاپخانەکان و گواستنەوەو پۆست و تەلەفۆن دامەزراوە لەشاری تاران، ساڵی دواتر سەندیکای کرێکارانی مافور لەشاری کرمان دامەزراوە، ئەو سەندیکایانە لەماوەی شۆڕشی دەستوری (١٩٠٦) دروشمی

سالّی (١٩٢٠) لەژێر چاودێری حزبی كۆمۆنیستی ئێرانی، ئەنجوومەنی ناوەندی سەندیكاكانی كرێكارانی ئێران دامەزراوە، كەزیاتر لە (٩) سەندیكای گرتۆتە خۆی و ژمارەی كرێكارانی ناو ئەو سەندیكایانە زیاتر لە (٢٠) هەزار كرێكار بوون، بەلاّم سەرەڕای ئەو گۆڕانكاریانەش ئەوا چینی كرێكار تادوای جەنگی یەكەمی جیهانی هەر بەلاوازی و ژمارەی كەم (بەشێوەیەكی رێژەیی) ماوەتەوە، لەڕووی رێكخستنەوەش لاوازی و كەم ئەزموونی پێوە دیاربووە، ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ كردنە، زۆر بوونی ژمارەی كرێكاران بەو رادەیەش لەئەنجامی زۆربوونی ژمارەی دانیشتوانی شارەكانەوە نەبووە، بەڵكو پەیوەست بوو بەو كۆچكردنەی لەگوندو ناوچەكانی دەرەوە بەرەو شارەكان دەكرا.

سالاّنی سی و چلەكانی سەدەی بیستەم، پیشەسازییەكانی ئێران پەرەسەندنێكی گەورەیان بە خۆوە دیوە، وەبەر هێنانەكانی كەرتی حكومەت رووی لەزۆر بوون دەكرد، ژمارەی كۆمپانیا پیشەسازییەكان بەرز بوونەوە، بەم كارانەش ژمارەی كرێكاران رووی لە زۆر بوون كرد، سالاّنی پێش جەنگی دووەمی جیهانی دەسكرا بەدامەزراندنی پیشەسازییە قورسەكان، وەك پیشەسازی ئاسن و كانەكانو سوود وەرگرتن لەسامانە سروشتیەكان، ژمارەیەكی گەورەی شارەزایانی ئەلمانیاش هاتبوونە ئێران.

دوای دامەزراندنی حزبی توودە لەسالّی (١٩٤١)، ئەنجوومەنی مەركەزی سەندیكای كرێكارانی ئێران دروست بوو لە (١/ئایاری/١٩٤٣)، ئەمینداری گشتی ئەو ئەنجوومەنە– رەزا رۆسا – بوو، لەسالّی (١٩٤٥) ئەنجوومەنی مەركەزی سەندیكای كرێكاران پەیوەندی لەگەلّ یەكێتی كرێكارانی دیموكراتی جیهانی سازكرد.

ئەنجوومەنی مەركزی لە (٤٥) ئەندام پێكهاتبوو، بەم جۆرەش دابەشببوون: "٢١ ئەندام لیژنەی كار، ٩ ئەندام ئەنجوومەنی سكرتارییەت.

بزووتنەوەی کرێکاری ئێران لەناوچە نەوتیەکان گەشەی کرد، لەیەکی ئایاری (١٩٤٥) نزیکەی (٨٠) هەزار کرێکاری کۆمپانیای نەوت رژانە سەر شەقامەکان، لەسێی ئایاری هەمان ساڵدا یەکەمین مانگرتنی گەورەی کرێکارانی کۆمپانیای نەوتی (ئەنگلو – ئێرانی) لەکرمانشا دەستی پێکرد.

لەساڵی (١٩٤٦) رەوتی مانگرتنەکانی عەبادان و ئاغا جاری و ناوچەکانی دیکەی عەرەبستانی گرتەوە، لە (١١/ئایاری/١٩٤٦) نزیکەی (دە) هەزار کرێکاری نەوت مانگرتنیان راگەیاند، لە (١٤/تەموزی) هەمان ساڵدا مانگرتنی گشتی لەدام و دەزگاکانی کۆمپانیای نەوتی ئەنگلو – ئێرانی دەستی پێکرد، ئەو مانگرتنە زۆر پەرەی سەندو پێکدادان لەگەڵ دەسەلات روویدا، بەهۆیەوە نزیکەی (٤٧) کەس کوژراو (١٧٣) کەس بریندار بوون.

ساڵی (١٩٤٧) ئەنجوومەنی مەرکەزی کرێکاران هەڵوەشایەوە کەلەلایەن حزبی تودەوە سەرپەرشتی دەکرا، دوو رێکخراوی دیکەی کرێکاران دروست بوون، ئەوانیش: یەکێتی فیدراڵی کرێکاران و سەندیکای کرێکارانی نەوت، لەناوچەی عەبادانیش دوو رێکخراوی کرێکاری بەپاڵپشتی حکومەت پەیدابوو، ئەوانیش، یەکێتی کرێکارانی عەرەبستان و یەکێتی کرێکارانی نەوت بوون.

لەو سەروبەندەدا، ململانێ لەگەڵ رێکخراوەکانی دیکەی کرێکاران سەری هەڵدا، هەر بەهۆی خۆماڵیکردنی نەوت لە(ئایاری/١٩٥١) لەسەردەمی حکومەتەکەی د. موسەدەق، هەل رەخسا لەبەردەم چالاکی کرێکاران بۆ زیاتر گەشەکردن و خۆرێکخستن.

بەلام ئەنجامی کودەتا سەربازییەکەی (١٩٥٣) بەسەر حکومەتەکەی د. موسەدەق و لەگەڵ ئەو هەل و مەرجەی لەئێران هاتە پێشەوە، ئەوا چالاکی سەندیکاکانی کرێکاران رووی لەئیفلیجی و نەمان کرد.

## بزووتنەوەی کرێکاری دوای شۆڕشی (١٩٧٩):

لەگەڵ ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانی دژ بەرژێمی پەهلەوی لە (١٩٧٨) بەدواوە، کرێکاران لەو ڕاپەڕینە شۆڕشگێڕییە بەشدارییەکی کارایان گێڕاوە، لەمانگرتن و خۆپیشاندانەکانی ناو کارگەو یەکە پیشەسازییە نەوتیەکان.

دیارە ئەو جوولانەوانەش لەلایەن کرێکارانەوە کاریگەری زۆری بەسەر ڕژێم هەبووە بەهۆی ڕاگرتنی بەرهەمهێنانی نەوت و فرۆشتنی (بەتایەتی).

دوای سەرکەوتنی شۆڕش (١٩٧٩) بزووتنەوەیەکی کرێکاری فراوان لەسەرانسەری ئێران سەری هەڵدا بۆ بەرگریکردن لەمافەکانی خۆیان و پێکهێنانی سەندیکاو ئەنجومەنی شورا هەڵبژێردراوەکان لەناو هەر یەکەیەکی بەرهەم هێناندا.

لەو سەردەمە کەژمارەی دانشتوانی ئێران دەگەیشتە(٤٢) ملیۆن کەس، ژمارەی کرێکاران و زەحمەتکێشانی ئەو وڵاتە (٣.٥) ملیۆن کەس مەزەندە دەکرا، کەئەوەش هێزێکە ئەگەر ڕێك بخرێت و ئاراستە بکرێت ڕۆڵی کاریگەری دەبێت لەسەر ئاراستە کردنی ڕووداوەکانی.

بەڵام بەچەسپاندنی سیستمی کۆماری ئیسلامی لەئێران، ئەوا هەموو چالاکیەکی کرێکارای و سەندیکای ڕێگای لێگیرا، فۆرمێکی نوێی ڕێکخستنی کرێکاری و سەندیکایی دامەزرا، کەبریتی بوو لە پێکهێنانی ئەنجومەنەکانی کرێکارانی ئیسلامی و بەستنەوەیان بەناوەندی ڕێکخستنی نیشتمانی — ماڵی کرێکاران.

دیارە ئەو فۆرمە نوێیە و پێکهاتەکانی لەچوار چێوەی ئایدیۆلۆجیای ئیسلامی و لەژێر چاودێری و ئاراستە کردنی ناوەندەکانی دەسەڵات کاردەکەن.

هەر لەسەروبەندی ئەو ململانێیە توندەی نێوان لایەنە سیاسییەکان لەئێران (لە تایبەتی بەرەی حزبی جمهوری ئیسلامی لەلایەکەوە، لەگەڵ ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێرانی لەلایەکی دیکەوە) ئەوا بەپاڵپشتی دەسەڵات وردە وردە هەموو ئەو کرێکارانەی پەیوەندییان بەڕێکخراوی موجاهیدین و لایەنە چەپەکانەوە هەبووە، دوور دەخرانەوە لەناو ڕێکخراوەکانی کرێکاران.

لەم قۆناغە، دەکرێ هەندێ لەتایبەتمەندییەکانی بزووتنەوەی کرێکاری لەچەند خاڵێك کورت بکەینەوە:

١- زۆر بوونی بەکار هێنانی هێز لەلایەن دەسەڵاتەوە بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەکانی نێوان کرێکاران و خاوەن کار.

٢- لەدوای ساڵی (١٩٨٢) کرێکاران چەندین جۆری خەباتیان پەیڕەوکردووە دژ بەدرێژکردنەوەی کاتەکانی کارکردن بۆ (٩) سەعات لەڕۆژێکدا.

٣- لەخەسلەتەکانی ئەم قۆناغە پەنابردن بۆ خەباتی چەکداری لێرەو لەوێ.

٤- دژایەتی کردنی کەمکردنەوەی ڕۆژانەو کرێی کرێکاران.

٥- ڕازی نەبوون بەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنەکانی کرێکارانی ئیسلامی.

## دووەم/ بزووتنەوەی ژنان لەئێران:

بزووتنەوەی ژنانی ئێرانی، بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتیە، ژنانی ئێرانی پێی هەڵدەستن لەپێناو مافەکانیان(٣)، بزووتنەوەی ژنانی ئێرانی بزووتنەوەیەکی فرە ئایدیۆلۆجیایە، هەروەك چۆن پرسەکەش لەتێکرادا چەند ئاراستەیەکی سیاسی لە پشتەوە بووە، بەو پێیە ئەو ئاراستە سیاسییانە بنچینەی کێشەکانی ژنن و ڕێگای چارە سەریشیانە.

ژنان لەئێران بەردەوام بەشدارییان لەبزووتنەوە سیاسییەکان کردووە، سەرەڕای هەڵوێست و ڕووداوە مێژووییە گرینگەکانیان، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا دوورماونەتەوە لەدەسکەوتە سیاسییەکان بەکردار، هەروەها لەپلەو پایە گرینگەکانیش، هەوڵەکانی ژن لەئێران لەپێناو یەکسانیدا بەردەوام کۆسپی یاسایی و کولتوری هاتۆتە بەردەمی، پیاوانی ئاینیش لەئێران ڕۆڵیان لەپشتی ئەو ڕووداوانە هەبووە.

- **بزووتنەوەی ژنان لەسەروبەندی شۆڕشی دەستوری:**

شۆڕشی دەستوری لەئێران لەنێوان ساڵانی (١٩٠٥ – ١٩١١) ڕوویداوە، دەکرێ ئەو ماوەیە بەسەرەتای هۆشیاری ژن بەمافەکانیان (سیاسی بەتایبەت) دانبرێت، لەو سەردەمە بۆ یەکەم جار چەند گۆڤارێکی تایبەت بەژنان دەرچووە، هەروەها چەند ڕێکخراوو کۆمەڵەیەك دامەزراوە، بەڵام زانیاریەکان دەربارەیان کەمە.

لەوسەردەمە ژنانی ئێرانی زانیارییان دەربارەی بارودۆخی ژنانی جیهان و دەرفەتەکانی خوێندن و خۆپێگەیاندن و بواری کارکردنیان پەیداکردبوو، ئەو زانیاریانە هاندەرێك بوون بۆ ژنانی ئێرانی کەبزووتنەوەکەیان گەشە بکات.

**کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی ژنان لەو سەردەمە:**

١- کۆمەڵەی ئازادی ژن - ساڵی (١٩٠٦) بەشێوەیەکی نهێنی دامەزراوە.

٢- کۆمەڵەی ژنانی نیشتمان پەروەری ئێران، ساڵی (١٩١٨) دامەزراوە.

٣- کۆمەڵـەی نیشـتمانی ژنـان، سـاڵی (١٩٢٢) دامـەزراوە، لەسەردەسـتی (موحتەرەم ئەسکەندەری (کچی شامحەمەد عەلی قاجاری)، دواتر ناوبراو دەسگیر کراوەو ماڵەکەش سووتێنراوە.

٤- کۆمەڵەی شۆڕشگێری ژنان، لەلایەن (زندوخت شیرازی) دامەزراوە.

ئەوەی شایانی باسە، ژنـە بەشداربووەکانی لـەو کۆمەڵانـە، بـەزۆری لەکـەس و کاری سەرکردەکانی شۆڕشی دەستوری بوون.

**ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ژنان لەو سەردەمە:**

١- دانش - زانین - ساڵی (١٩١٠) دەرچوو، گۆڤارێکی هەفتانەیە.

٢- شکۆفە - گول - ساڵی (١٩١٣) لەلایەن مریەم مزین ئەلسادات دەرچووە.

٣- زبان زنان - دەنگی ژنان (١٩١٩) لەشاری ئەسفەهان دەرچووە.

٤- عالم نسوان - جیهانی ژن - (١٩٢٠) لەلایەن کچانی خوێنـدنگای ئـەمریکی لەشاری تاران دەرچووە.

٥- نامە بانوان - پەیامی ژن - (١٩٢١) لەلایەن شاناز ئازادەوە دەرچووە.

٦- جیهان زنان - جیهانی ژنان - لەشاری مەشهەهد لەلایـەن- فـەخر ئافـاق پارساوە دەرچووە.

٧- نسـوان وگـن خـاه - ژنـانی نیشـتمان پـەروەر - سـاڵی (١٩٢٢) لەلایـەن موحتەرەم ئەسکەندری دەرچووە.

٨- دختران ئێران - کچانی ئێران - ساڵی (١٩٣١) لەشاری شیراز دەرچووە.

- **بزووتنەوەی ژنان لەسەردەمی رەزاشا:**

دەکرێ دەسکەوتەکانی ژن لەسەردەمی حوکمڕانی رەزاشا لەم چەند خاڵە کورت بکەینەوە:

أ) ساڵی (١٩٢٨) هەنگاونان بەرەو فێربوون و خوێند لەقوتابخانەکان دەرگای بۆ کرایەوە.

ب) ناردنی خوێندکاری ئافرەت بۆ دەرەوە بەپشتگیری حکومەت.

ت) ساڵی (١٩٣٥) زانکۆی تاران دەرگای خوێندنی بۆ ئافرەت کرایەوە.

پ) ساڵی (١٩٤٤) بڕیاری خوێندن بەزۆر دەرچوو کە کچانیشی دەگرتەوە.

ج) ساڵی (١٩٤٤) دووەم کۆنگرەی ژنانی رۆژهەڵات لەشاری تاران بەسترا بەبەشداری کردنی ژنان لەوڵاتانی: میسر، هیند، عێراق، لوبنان.

ح) ساڵی (١٩٣٦) بڕیاری رەزاشا دەرچوو قەدەغە کردنی سەرپۆش بۆ ژنان.

**رێکخراوەکانی ژنانی لەوسەردەمە:**

١- کۆمەڵەی ژنانی شارستانی لە (٨/حوزەیرانی/١٩٢٦) دامەزراوە، کاری بەرزکردنەوەی ئاستی رۆشنبیری ژنان و دژایەتی سەرپۆش لەسەرکردن و داب و نەریتە کۆمەڵایەتیە کۆنەکان بووە.

٢- مەڵبەندی ژنان، لە (١٣/نیسانی/١٩٣٥) دامەزراوە، بەسەرپەشتی شەمس پەهلەوی.

- **بزووتنەوەی ژنان لەسەردەمی محەمەد رەزاشا:**

دەسکەوتەکانی ژن لەسەردەمی محەمەد رەزاشا هەنگاوی گەورەتری هاویشت دەکرێ ئاماژەیان بۆ بکەین بەکورتی:

١- لەکۆتایی شەستەکان ژنان لەبوارەکانی: کاری دیپلۆماسی، تەندروستی، فێربوون، کارو پلەوپایەیان هەبووە.

- فەراهەم کردنی بارودۆخی لەبار بۆ تەواو کردن و پێگەیاندنی کەسێتی ژن و زیندوکردنەوەی مافە مادی و مەعنەوییەکانی.
- پشتگیریکردنی دایکان و پارێزگاریکردنیان بەتایبەتیش لەقۆناغی دووگیانی و شیردان هەروەها چاودێریکردنی ئەو منداڵانەی کەبەخێوکەریان نیە.
- دامەزراندنی دادگای پاش بەمەبەستی پاراستنی قەوارەی خێزان و بەردەوامی.
- دابینکردنی سەرچاوەیەکی تایبەتی ژیان بۆ بێوەژن و پەککەوتەو ئەوانی کەسی بەخێو کەریان نیە.
- رێگە پێدان بەدایکە چاکەکان کەسەرپەرشتی منداڵەکانیان بکەن لەکاتی نەمانی بەرپرسی شەرعی بۆ بەخێوکردنیان.

بەشێوەیەکی گشتی لەسەرنجدانی بابەتەکانی ناو دەستورو یاساکانی دیکەی کۆماری ئیسلامی، دەردەکەوێت کەمافە کۆمەڵایەتیەکانی ژن دابین کراوە، بەتایبەتیش لەبوارەکانی بەخێوکردنی منداڵ و دادگا تایبەتیەکان بەخێزان و ماف فێربوون و کارکردن.

بەڵام کەمترو تەماوی ئاماژە بۆ مافە ئابوری و سیاسییەکان کراوە، بەتایبەتی گەیشتن بەپێگە باڵاکانی دەوڵەت، وەك سەرۆك کۆماری کەژنی لێ بێبەش کراوە، هەروەها لەهەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان)، ئەوەی لێرەدا دەرکەوێت بەدرێژایی ساڵانی هەشتکان ئەندامانی ژن لەو ئەنجوومەنە ژمارەیان زۆر لەرادەی پێویست کەمتربووە، ئەم حاڵەتە لەسەردەمی هاشمی رەفسەنجانی، گۆرانی بەخۆوە بینیوە، ژمارەی ئەندامانی ژن لەئەنجوومەشورا لە (٤) ئەندامەوە بۆ (١٣) ئەندام بەرزبۆتەوە.

دەبێ ئەوەش لەبیرنەکەین کەهەندێ دەسکەوتی تایبەتی ژنان کەلەسەردەمی شا هاتبووەدی، لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی هەڵوەشاوەتەوە، ڕێگری لەوەکراوە ژن جل و بەرگێ لەبەربکات ئەندامانی لەشی بەدەرەوە بێت، سەرپۆش بەستن کراوە بەزۆر، توندو تیژی بەرامبەر بەژنان لەزیندانی کردن و لەسێدارەدان بەر چاو بووە.

## ڕۆڵی کۆمەڵەو ڕێکخراوی ژنان لەو سەردەمە :

لەم ڕۆژگارەدا نزیکەی (٥٠٠) کۆمەڵەو ڕێکخراوی ناحکومی پەیوەندار بەکێشەی ژن لەئێراندا هەیە، بەپێی لێکۆڵینەوەکانیش ئەو ژمارە زۆرەی کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی ژنان، هۆیەکەی بۆ گەشەکردنی بزاڤی ژنان لەجیهاندا دەگەڕێتەوە، کەلەگەڵ سەرەتاکانی سالانی نەوەتەوە دەستی پێکردووە، بەڵام ڕەنگە ئەوەتاکە هۆکار نەبێت، بەڵکو کرانەوەی سیستم بەرامبەر بەژن و بەڕۆڵ و مافەکانی لەسەردەمی دەسەلاتی (هاشمی رەفسەنجانی) و پێدانی ماف پێکهێنانی ڕێکخراوەنا حکومیەکان، هۆکارێکی دیکە بووبێت.

بوونی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە بەدەرفەتێك دەزانرێت بۆ ئەوەی ژنان بوون و ڕۆڵی خۆیان بسەلمێنن و کارتێکردنیان لەبارودۆخەکە هەبێت بەشێوەیەکی گشتی، بە تایبەتیش کاتێ یاسارێگای بەدامەزراندنیانی داوە، بەڵام بەمەرجێك کەلەسنوری بنەماو کۆڵەکەکانی سیستمی ئیسلامی دەرنەچن و دژ نەبن.

ئەگەرچی زۆری ژمارەکەو گەشەکردنی بزاڤەکە هۆکاری دەرەکی ڕۆڵی هەبووە بەسەریدا، بەڵام ناکرێت ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە بەدرێژەپێدانی بزووتنەوەی ژنانی جیهانی دابنرێت بەوردی، لەبەر ئەوەی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە، بگرە تا ئەوانی بەرهەڵستی سیستمی ئیسلامیش دەکەن، دژی بنەماکانی سیستم نین لەئێراندا، بەڵکو لەچوار چێوەی ئەو سیستمەو بەپێی یاساکانی کاردەکەن و داوای یەکسانی

ڕەهای نێوان ژن و پیاو ناکەن، بۆیە ئەو ڕێکخراوانە جیاواز دەبن لەو ڕێکخستنە جیهانییەی داوای یەکسانی ڕەها دەکەن لەنێوان پیاو ژندا.

شان بەشانی ئەو جۆرە کۆمەڵەو ڕێکخراوانە کۆمەڵێکی دیکەش دەرکەوتوون، وەك گروپ و لایەنی پیشەگەری، ڕۆڵیان هاوشێوەی سەندیکاکانی کرێکارانە، ئەوانە لەلایەن ژنانەوە، هەندێکیان سەرپەرشتی دەکرێن.

لەڕووی مێژووییەوە، ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە لەسەردەمی حوکمڕانی پەهلەویدا لە ئێران بەشێکیان هەبوون و پشتگیریش کراون، مەبەستی ڕژێم لەوکارەی بۆ ئەوەی بتوانێت بیروباوەڕو ئایدیۆلۆجیای خۆی بگەیەنێتە ناوکۆمەڵان و کاریگەری هەبێت بەسەر ڕەفتارو هەڵس و کەوتیان.

لێرەدا دەکرێ ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە پۆلێن بکەین بۆ دووبەش، بەپشت بەستن بەچالاکیەکانیان:

**کۆمەڵەی یەکەم:**

ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانەی کاردەکەن بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشانەی بەرەو ڕووی ژن دەبنەوە.

**کۆمەڵەی دووەم:**

کار دەکەن بۆ گۆڕینی ئەو شێوازە ڕۆشنبیری و یاسایی وکۆمەڵایەتیەی کەژنان تێیدا دەژین، لەناو ئەم کۆمەڵەش چەند ڕێکخراوێکی کاریگەر هەیە کە لەبواری سیاسیدا ڕۆڵێکی ناڕاستەوخۆیان هەیە، لەوانە:

١- کۆمەڵەی هاوکاری ژنانی ئێرانی، دامەزرێنەرەکەی فاتیمە هاشمی ڕەفسەنجانیە.

٢- دامەزراوەی ئیسلامی ژنان، دامەزرێنەکەی هاوسەرەکەی ئایەتوڵلا تالقانیە.

٣- کۆمەڵەی ژنانی کۆماری ئیسلامی ئێرانی، دامەزرێنەرەکەی زەهرای خومەینیە.

٤- رێکخراوی شۆڕش ئیسلامی، لەساڵی (١٩٦٦) وە دامەزراوە، پێشترناوی رێکخراوی ژنانی ئێرانی بوو.

٥- کۆمەڵەی - کۆمەڵگەی زەینەب - دامەزرێنەرەکەی - مریەم بەهروزی بوو ئەندامی ئەنجوومەنی شورای ئێرانی.

بەشێوەیەکی گشتی بزووتنەوەی ژنانی ئێرانی بەسەردووبەشدا دابەش بووە، دوای سەرکەوتنی شۆڕش (١٩٧٩) و چەسپاندنی سیستمی ئیسلامی، بەشێك لەژنان باوەڕیان وابوو کە ئیسلام بووە هۆی پەراوێز خستنی رۆڵی ژن، لەکاتێکدا بەشەکەی دیکە باوەڕیان وایە کە دینامیکییەتی شەریعەتی ئیسلامی یارمەتی پێکهێنانی هۆشیاری ژنانی داوە، تایبەت بەمافەکانی خۆیان.

چالاکوانانی فیمینزم جیاوازی هەیە لەنێوانیان، جیاوازییەکەش گەورەیە لەنێوان هەردوولایەنی عەلمانی و ئیسلامی.

## سێیەم/ بزووتنەوەی خوێندکاران و لاوان: (٤)

خوێندکاران و لاوان هێزێکی گەورەن لەئێران، بەهۆی بەرزبوونەوەی ڕێژەکەیان لەناو دانیشتوان، ئەوان کاریگەرییان لەسەر ژیانی سیاسی ئەو وڵاتە هەیە، بەپێی زانیاریەکان لەکۆمەڵگەی ئێرانی ئەوانەی تەمەنیان لە (٢٥) ساڵ کەمترە ڕێژەکەیان دەگاتە (٦٥٪)ی دانشتوان، ئەو ڕێژەیە دەگاتە (٧٥٪) بۆ تەمەنی (٣٥) ساڵ.

خوێندکاران لەسییەکانی سەدەی بیستەم دژایەتی ڕژێمی ڕەزا شایان کردووە، کاتێ گروپێکی گەورەی خوێندکاران چوونە ئەلمانیا بەنیازی خوێندن لەوی ڕێکخراوێکی بەرهەلستکاریان پێکهێنا.

یەکەم بزووتنەوەی خوێندکاری لەناو ئێران بۆ ساڵی (١٩٥٣) دەگەڕێتەوە، کاتێ خوێندکارانی زانکۆی تاران دژی حکومەتەکەی جەنەڕاڵ – فەزللولا زاهیدی – خۆپیشاندانیان ڕێکخست، دوای کودەتاکەی جەنەڕاڵ بەسەر حکومەتەکەی د. موسەدەق.

خۆپیشاندان و چالاکیەکانی خوێندکاران بەدرێژایی ساڵان، تا شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) ماوە ماوە درێژەی هەبووە.

هەندێ توێژەر وادەبینن کەشۆڕشی (١٩٧٩)، خوێندکاران دەستیان پێکردووەو پیاوانی ئاینی سەرکردایەتیان گرتۆتە دەست، هەر لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئەو بزووتنەوەیە لەئێران بووە بەشێك لەپێکاتەی سیاسی بۆ سیستمی نوێ، ڕۆڵی خوێندکارانیش لەزانکۆکاندا ڕووی لەبەرزبووەوەدابوو.

ئەو کێشانەی بەرەو ڕووی لاوان دەبێتەوە لەئێران و کاریگەریشی بەسەرسیستمی سیاسی:

١– کرانەوە بەسەر جیهانی دەرەکی و کاریگەری هاتنەژوورەی ئامێرو کەرەستەکانی پەیوەندیکردنی نوێ، ئەو دیاردە وەك گۆڕاوێك لەبوارەکانی ژیانی گشتی سیاسی و کۆمەڵایەتی.

٢- بەرزبوونەوەی ڕێژەی بێکاری لەنێوان لاوان، ڕێژەی بێکاری بە (٣.٥) ملیۆن کەس مەزەندە دەکرێت، ئەو دیاردەیە یەك لەو قەیرانانەیە کەئاسان نیە چارە سەری و بەرەرووی کۆمەڵگەی ئێرانی بۆ تەوە، دیارەکێشەکە تەنها ئابوری نیە بەڵکو کێشەیەکی کۆمەڵایەتی ئاڵۆزیشە، کەدەرئەنجامەکەی چەندین کێشەی دیکەیە لە ناوچین و توێژە هەژارەکان.

٣- هەژاری وەك نەخۆشییەکی کۆمەڵایەتی، بەرپرسە لەچەندین دیاردەو نەخۆشی دیکەی کۆمەڵایەتی، وەك بێکاری و خۆ کۆشتن وبڵاوبوونەوەی تاوان، چەند سەرچاوەیەك ڕێژەی هەژاری بە (١٠ – ١٥) ملیۆن کەس مەزەندە دەکات.

٤- خوگرتن بەمادە بێهۆشکەرەکان، یەك لەکێشە بەرچاوو ئاڵۆزەکانە کە بەرەو رووی کۆمەڵی لاوان بۆتەوە لەئێران.

٥- لاوازی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەو سیاسەتەی لەئێران پەیرەو کراوە، کۆسپ دروست دەکات لەبەردەم گەشەکردن و پەرەسەندنی دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

## ئەو هۆکارانەی پاڵپشتن بۆ بەهێزبوونی لاوان لەئێران:

١- پشتگیری و لایەنگری هەندێ کەسایەتی کۆمەڵایەتی و سیاسی بۆ لاوان (لەوانە محەمەد خاتمی).

٢- لاوانی ئێرانی ڕۆڵی بەرچاویان هەیە لەپەرەسەندن و گۆڕانکارییە سیاسیەکان و سەرکردایەتی کردنیان بۆ دەیان چالاکی سیاسی لەسەر چەندین ئاستی جیاواز.

٣- ڕێکخستنی بزووتنەوەی خوێندکاران و فراوانبوونی چالاکیەکان (نموونەی: نووسینگەی بەڕێوەبردنی یەکگرتوویی – ڕێکخراوی خوێندکاران – یەکێتی مامۆستایان – کۆمەڵەی ئەندازیاران...هتد).

٤- ویستی لاوانی ئێرانی بەکرانەوە بەرەو رۆژئاوا، دووبارە رێکخستنەوەی پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ئەمریکا(لە راپرسییەك لەلایەن هەندێ چالاکوانی سیاسی بەڕێوەچوو، دەرکەوت (٧٥٪) لاوان لەشاری تاران دەیانەوێت پەیوەندییەکانی ئێران لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، دروست بێتەوە.

٥- لاوان رۆڵی کاریگەریان هەیە لەهەڵبژاردنەکان، ئەگەر هەڵبژاردنی سەرۆك کۆماربێت، یان ئەنجوومەنی شورا.

٦- دەستێوەردانی نێودەوڵەتی، بەرزبوونەوەی رێژەی لاوان لەناو کۆمەڵگە رەنگە کێشە بۆ رژێمی ئێرانی دروست بکات، دەکرێ لەلایەن هێزی دەرەکیەوە سوودیان لێوەربگیرێت و بەکاربهێنرێن بۆ ئامانجی سیاسی.

## سیاسەتی حکومەتی ئێران بەرامبەر لاوان:

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) و چەسپاندنی سیاسی ئیسلامی لەئێران، حکومەت سیاسەتێکی تایبەتی بەرامبەر بەخوێندکاران و لاوان پەیرەوکرد، ئەو سیاسەتەش لەمیانەی ئەم کارانەوە بووە:

١- دووبارە رێکخستنەوەی کاروباری خوێندکاران لەسەر بنچینەیەکی نوێ کەلەگەڵ هەل و مەرجی سیستمی نوێ بگونجێت.

٢- بەشێك لەزانکۆکان داخران لەنێوان (١٩٨٠ - ١٩٨٣)، هەروەها بەرنامەی خوێندن دەسکاری کرا، لەجیاتی ئەو بەرنامەیە، بەرنامەی ئیسلامی نوێ دانرا.

٣- دەسەڵاتی نوێ لەئێران بەردەوام مەترسی لەبیروباوەڕی چەپ هەبووەو هەوڵیداوە دامەزراوەکانی فێربوون بەدووربگرێت لەو ڕەوتە.

٤- دامەزراندنی (نووسینگەی رێکخستنی یەکگرتن) بەمەبەستی کۆکردنەوەی رێکخراوو یەکێتیەکانی خوێندکاران، مامۆستایان، ئەندازیاران، لەرێگای ئەو نووسینگەیەوە، هەوڵدەدرێت سیاستمی رێکخراوەکانی سەربەسیستم یەکبخرێن.

٥- بزووتنەوەی خوێندکاران بەهۆی فشارو هەوڵەکانیەوە، دەسەڵاتی ناچار کرد کە یاسایەك لە (٥/ئابی/١٩٩٩) دەربکات، ئەو یاسایە چەند دەسکەوتێکی تێدابوو وەك: ئاشکراکردنی هۆیەکانی قبول نەکردنی کاندیدەکانی هەڵبژاردن، ئەو کاندیدانە مافی سکاڵا کردنیان هەبێت لەدادگا، هەروەها رێگرتن لەوەی کارمەندو هێزەکانی ئاسایش بچنەناو زانکۆکان.

توێژی خوێندکاران و لاوان بەردەوام، لەبارێکی گوزەرانی خراپ و ژیانێکی ئابوری و سیاسی برکێشە ژیاون، بۆیە ئەوان بەردەوام بەشداری هەرچالاکیەکی سیاسی و کۆمەڵایەتیان کردووە بەهیوای نەمانی ئەو کێشەو بارودۆخە نالەبارەی تێیدا ژیاون.

بزووتنەوەی خوێندکاری سەرەڕای لاوازی و کەم ئەزمونی بەشێك لە ئەندام و چالاکوانەکانی، بەڵام بەکاریگەرترین بزووتنەوەدادەنرێت لەئایندەی سیستمی سیاسی ئێرانی، هەروەها ژمارەیەکی زۆری ئەندام و سەرکردەکانی حزب و هێزەسیاسییەکان بەدرێژایی یەك سەدە لەخوێندکاری زانکۆکان پێکهاتبوون.

ئەو بزووتنەوەیە وەك هەر هێزێکی سیاسی گەورە، لەسەر ئایندەی هەر سیستمێکی سیاسی و فێرە سیاسییەکان رۆڵی کاریگەری دەبێت، بۆیە لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی هەردوو ئاراستەی سیاسی لەئێران: ریفۆرمخوازان و کۆنەپارێزان، هەولدەدەن بەلای خۆیدا رایان بکێشن.

## چوارەم/ ڕۆژنامەگەری لەئێران: (٥)

ڕۆژنامەی ئێرانی ڕۆڵی گرینگی گێڕاوە لەبزووتنەوەی شۆڕشگێری ئێران، دەکرێ هەست بەو ڕۆڵە بکرێت هەر لەسەرەتای شۆڕشی دەستورییەوە (١٩٠٥ – ١٩١١) کە بەشداری لەهاندانی خۆپیشاندان و مانگرتنەکان دەکرد.

لەگرینگترین تایبەتمەندی و خەسلەتەکانی ڕۆژنامەگەری ئێرانی و دیارترین دیاردەکانی پێشکەوتن لەسەردەمی محەمەد علی شای قاجاری، کاریگەرییەتی لەگەڵ ڕووداوەکان و هەست پێکردنی وردییەتی بەویست و خواستەکانی جەماوەر، ئەو جەماوەرەی پەرۆشی ئازادی و دیموکراسی و دەستوربوو.

محەمەد عەلی شا درکی بەمەترسی ڕۆژنامەگەری و ڕۆڵە کاریگەرییەکەی لە کۆمەڵگەکردبوو، بۆیە بەردەوام لەهەوڵی ئەوەدابوو کۆسپ لەبەردەم پەیدابوونی نوێ دابنێ و ڕێگربێت لە بەردەم پەرەسەندنی ڕۆژنامە کۆنەکانی دیکە.

لەو سەردەمە ڕۆژنامەو بڵاوکراوە نهێنییەکان لەئێران ڕۆڵێکی قوڵتری هەبووەتا ڕۆژنامە ئاشکراکان، ئەو ڕۆژنامانە بەتووندی هێرشیان دەکردە سەر شا و بنەماڵەکەی.

لەگەڵ پەرەسەندی جولانەوەی دیموکراسی و سەرکەوتنی (مەشروتیەت) بەراگەیاندنی دەستور، ڕۆژنامەکان روویان لەزۆربوون دەکرد، ژمارەیان لە (٦) ڕۆژنامەوە گەیشتە نزیکەی سەد ڕۆژنامە لەئێران، دیارە ئەو ڕۆژنامانە دەرفەتێکی گەورەبوون بۆ سیاسەتمەداران و ڕۆشنبیران کەبیرو بۆچوونە سیاسی و ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیەکانی خۆیان بڵاوبکەنەوە، نموونەی ئەو ڕۆژنامانەی کە بەئاشکرا دەردەچوون: تەرەقی، بیداری، وەتەن ئومێد، ئیتیحاد، ئازاد، موجاهید، نیدا ئەلوەتەن، حقوق، مساوات، سورئیسرائیل، ئەسفەهان، ئازەربیجان.

- **بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری لەسەردەمی حوکمڕانی پەهلەویدا:**

ساڵانی حوکمڕانی بنەماڵەی پەهلەوی، کاری ڕۆژنامەگەری زۆر سەخت و پڕکێشەبوو، بەهۆی توندوتیژی دەسەڵات و چاودێری دەزگا ئەمنیەکان، هەروەها ئەو یاسایانەی دەربارەی کاری ڕۆژنامەگەری کاری پێدەکرا، سەرەڕای ڕاگەیاندنی باری نائاسایی هەندێ جار لەوڵاتدا.

لەو سەردەمە بەتایبەتی لەسەردەمی ڕەزاشا پەهلەوی، جگە لەو ڕۆژنامانەی لایەنگری دەسەڵات و شای دەکرد ڕێگایان نەدەدرا بڵاوبکرێنەوە، کاری ڕۆژنامەگەری لەبەردەم ئۆپۆزیسیۆن دژواربوو، ڕۆژنامەوان بەرەو ڕووی ستەم و توندو تیژی دەبووەوە.

بەلادانی ڕەزاشاو هاتنی محەمەدی کوڕی و لەگەرمەی جەنگی دووەمی جیهانی گۆڕانێك لەهەل و مەرجی ڕۆژنامەگەری پەیدابوو، دیارە محەمەد ڕەزاشا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێ کە حوکمرانیەکەی دیموکراتیە، دەرەفەتێکی بەحزبەکاندا بۆکاری سیاسی و ڕێگا بەژمارەیەك ڕۆژنامەش درا بەدەرچوون، ساڵی (١٩٤٤) کاتێ باکوری ئێران لەلایەن لەشکری سوڤیەتی داگیرکرابوو، حزبی توده لەلوتکەی چالاکیدابوو، سەرەڕای حزبی دیموکراتی ئازەربیجان کەلەلایەن لەشکری سوڤیەتەوە پشتگیری دەکرا، لەوماوەیەدا هەوڵدرا بەرەیەك پێکبێت لەژێر ناوی (بەرەی نیشتمانی دژی ئیستعمار و کۆنەپەرستان) بەهاندانی حزبی توده، لە لایەکی دیکەوە جەعفەر پیشەوەری کە سایەتی دیاری ئازەربیجان وەك نوێنەری هەڵبژێردراوی ناوچەکە لەلایەن ئەنجوومەنی شورای ئێرانەوە قبول نەکرا، لەو ماوەیەدا ڕۆژنامەگەری لەئێران گەشەی گەورەی بەخۆیەوە بینی، بەتایبەتی لەتاران و ناوچەی ئازەربیجانی ئێران، زیاتر لە (٦٠) ڕۆژنامەی ئازاد دەردەچوون و بڵادەکرانەوە،

لەوانـە، رۆژنامـەکانی: ئـازاد، ئـازەر، باختـەر، داد، دەماوەنـد، رەهبـەر، ستارە، سەدای ئێران، فرمان، محیگ.

هەروەها دەکرێ ئاماژە بۆ سـەردەمی حکومەتەکـەی د. موسـەدەق بکـەین لـە ماوەی نێوان (١٩٥١ – ١٩٥٣) کە رۆژنامەی ئازاد و ئۆپۆزیسیۆن تێیدا گەشانەوە لەوانەش: داد، کشوەر، أقدام، ستارە.

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێ، لەسەردەمی حوکمڕانی بنەماڵەی پەهلەوی ئـاماژە بۆ دووجۆر رۆژنامە بکەین، جگەلەوانەی ناومان هێنا.

رۆژنامەی حزبەسیاسییەکان بەشی زۆریان بـەنهێنی دەرچـوون، وەك رۆژنامـەی مـردم (حزبـی تـودە)، نـیروی سـوم، نـبرد زنـدگی (حزبـی زەحمەتکێشـان)، ئەلشـاهید(حزبی سوسیالسـت)، اباداتـا (حزبـی بـان ئێـران)، ناسیونالسـت (حزبـی نەتەوەیی ئێران)، ملیوّن (حزبـی نیشـتمان پـەروەران)، راە مـردم (حزبـی مـردم)، ایران نوینی (حزبی ایران نوین)، رستا خیز (حزبی رستاخین).

کۆمەڵەی دووەم لەرۆژنامەکان ئەوانی حکومەت بڵاوی دەکردنەوە، یان پاڵپشتی دەکرد، وەك رۆژنامەکانی: پارس، سروش (ساڵی ١٩٤٢)، مهرایـز (١٩٤٨)، قهرمـان اتفاق (١٩٤٩)، زبان فارس، مرد فارس، کارگر(١٩٥٠)، ایـران پـیرۆز (١٩٥١)، پیـام مردم (١٩٦٧) جلوەهای اندیشە (١٩٦٩).

## کاری رۆژنامەگەری لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی:

لەسـەرەتاکانی شۆرشـی گـەلانی ئێرانـی (١٩٧٩) ژمارەیـەکی زۆری رۆژنامـەی رەوتـە چـەپ و هێزەکـانی ئۆپۆزیسـیۆن دەردەچـوون، نزیکـەی (٢٥) رۆژنامــەو گۆڤاردەبوون، کەدەکرێ بەم شێوەیە دابەش بکرێت.

حزبی تودە: (٧) رۆژنامە، مردم، ئیتحاد مردم، دهقان، جهان زنان، دنیا.

حزبی کۆمۆنیست (باڵی چین)، رۆژنامەی رەنجبار.

رێکخستنە سۆسیالستەکان، رۆژنامەی کارگر.

سازمانی فیدایی خەڵکی ئێران، سێ رۆژنامە.

رێکخراوە ئیسلامیەکان، دوو رۆژنامە.

پاش سەرکەوتنی شۆڕش (١٩٧٩) و چەسپاندنی سیستمی ئیسلامی لەئێران، گۆڕانێکی گرینگ لەبواری رۆژنامەگەریدا روویدا، بەپێی دەستووری ئیسلامی دەرکردنی رۆژنامە ئازادە ، بەمەرجێك دژی بنەماکانی سیستمی ئیسلامی و بەرژەوەندییە گشتیەکان نەبێت، (مادەی – ٢٤ – دەستوری کۆماری ئیسلامی).

یەکەم یاسای چاپەمەنیەکان لەئێران دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەتەموزی (١٩٧٩) دەرچووە، بەمەبەستی رێگرتن لەوبێ سەروبەریەی کە لەوڵاتدا سەری هەڵداوە لەم بارەوە، ئەو یاسایە چەند مەرجێکی تێدابوو بۆ ئەو کەسانەی کەلەبواری راگەیاندن کاردەکەن، لەو مەرجانەش، دەبێ رۆژنامەچی رەگەزنامەی هاوڵاتی ئێرانی هەلگرتبێت، لەلایەن دادگاوە تاوانبار نەکرابێت، لەرووی پیشییەوە لیهاتوو بێت.

**دیاردەو پێشهاتەکانی:**

پێش یەك مانگ لەسەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) و کۆتایی هاتن بەرژێمی پەهلەوی، شاپور بەختیار (کاتێ سەرۆك وەزیران بوو) بڕیاریدا چاودێری لەسەر راگەیاندن هەڵبگرێت، لەوماوەیەدا کاتێ خومەینی گەڕایەوە بۆ ئێران لەلایەن رۆژنامەکانی ئێران پێشوازی گەورەی لێکرا، بەڵام هەر دوای شەش مانگ.خۆپیشاندەران هەستان بەسووتاندنی بارەگای رۆژنامەی (ئایندگان) و

پاشانیش هێرشیان بردە سەگۆڤاری (ئومێدئێران) بەهۆی وێنەیەکی شاپور بەختیار.

لەتەموزی (١٩٧٩) شەڕێکی خوێناوی روویدا لەنێوان چەکدارانی (حزبولّلا و فیدائیانی ئیمام) لەلایەکەوە لەگەڵ خوێندکاران و ژنان رۆشنبیران ئەوانی بەرگرییان لەرۆژنامەگەری سەربەخۆدەکرد.

هەر پاش یەك رۆژ لەو رووداوانە، بەبڕیارێکی وەزارەتی راگەیاندن (٥٤) رۆژنامەو گۆڤار لە دەرچوون راگیران.

پاشان ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش بەپێی یاسایەکی نوێی رۆژنامەگەری، چەندین کۆت و وبەندی بەسەر هۆیەکانی راگەیاندن سەپاند، حکومەتەکاتیەکەی (مەهدی بازرگان) لەم بارەوە هیچی بۆنەکرا، ساڵی (١٩٨١) ژمارەی ئەو رۆژنامەو گۆڤارانەی لەئێران دەردەچوون دەگەیشتە (١٧٥) بابەت.

لەماوەی نێوان (١٩٧٩ – ١٩٨٤) ژمارەی (٤٤) رۆژنامەگەری ئێرانی لەسێدارە دراون، سەرەڕای سەدان رۆشنبیر کە زیندانی دەکران بەتاوانی سیاسییەوە، ئەو زانیاریانەی لەرێگای رێکخراوەکانی مافی مرۆڤەوە بڵاوکراونەتەوە، ئەوە دەردەخات کەلەکۆتایی (١٩٨٨) ژمارەی ئەو رۆژانەمەو گۆڤارانەی لەئێران دەردەچوون لە(١٢١) جۆر تێپەڕی نەدەکرد، هەروەك دەریش دەکەوێت ساڵانی جەنگی (عێران – ئێران) فشارو رێگری لەسەردەرچوون رۆژنامە زۆربوون.

پاش جەنگ و لەسەردەمی حوکمڕانی سەرۆك کۆمار (هاشمی رەفسەنجانی) ١٩٨٩ – ١٩٩٧، کاتێکدا خاتمی سەرپەرشتی هۆیەکانی راگەیاندنی دەکرد، ژمارەی رۆژنامەو گۆڤارەکان رووی لەزۆر بوون کرد، سەرەتای (١٩٨٩) ئەو هەموار کردنەی بەسەر دەستوری ئێراندا کرا، مادەیەکی دەستوری زیادکرا دەقەکە ئاماژە بۆ

ئازادی رادەربڕین وبڵاوکردنەوەی بیروباوەڕەکان دەکات، بەمەرجێك کەدژی بنەماکانی ئیسلام و بەرژەوەندییەکانی وڵات نەبێت، لەوساڵەدا رەوتی رادیکاڵی ئیسلامی لەئێران رووی لەپاشەکشە بوو، کرانەوەیەکی رۆشنبیری و راگەیاندو هونەری رووی لە گەشەکردن بوو، ژمارەیەکی زۆری رۆژنامەو گۆڤاری رۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسی دەردەچوون، لەگەڵ چەند گۆڤارێکی کاریکاتێری سیاسی تەنزئامێز، لەلایەکی دیکەوە چەندین گۆڤارو رۆژنامەی دژ بە ئایدیۆلوجیای ئاینی ئیسلامی دەرکەوتن، لەوانە گۆڤاری (جیهانی وشە)، هەروەها چەند رۆژنامەیەك لەلایەن باڵ و رەوتە ئیسلامیەکانی ناو سیستمی سیاسی ئێرانی وەك رۆژنامەی (سەلام)، جیهانی ئیسلام، کە زمانحالی رەوتی رایکالی ئیسلامی بوون، رۆژنامەی — رسالە —ی ئێواران و (کۆماری ئیسلامی) زمانحالی کۆنەپارێزان بوون، بەڵام رەوتی میانرەو، رۆژنامەکانی (تەهران تایمز)و (کەیهان) و (ئیتیعلاعات) یان دەردەکرد.

لەکۆتایی نەوەدەکانی سەدەی بیستەم، رۆژنامەی (جامیعە) بەشێوەیەکی جیواز لەرۆژنامە رەسمیەکانی ئەو سەردەمە دەرچوو، ئەم رۆژنامەیە وەرچەرخانێك بوو لەمێژووی رۆژنامەگەری ئێرانی، ئەو رۆژنامەیە سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەست هێنا، نەك تەنها لەرووی بڵاوبوونەوەو دابەشبووندا، بەڵکو لەکۆکردنەوەی بەرچاوترین نووسەرو رۆژنامەوانەکان، بەڵام زۆری پێ نەچوو، رێگای دەرچوونی لێگیرا، دوای چوارژمارەی، رۆژنامەکانی باڵی ریفۆرم و ئەو گۆڤارانەی هەڵگری وتاری لیبرالی و چاکسازی بوون، کەوتنەپێش زۆربەی رۆژنامەی دەوڵەتانی ناوچەکە لەرووی چالاکی و رێگاپێدان بەدەرچوون لەساڵانی یەکەمی خاتمی.

بەڵام ئەو بارودۆخە لەئێران گۆڕانی بەسەرداهات پاش تاوانبارکردنی ئەو گۆڤارو رۆژنامانە بەوەی بوونەتە بنکەیەك بۆ دوژمنانی ئێران، بۆیە بەبڕیارێك (١٨) رۆژنامەو (٩٠) گۆڤار لەدەرچوون راگیران، لەکۆتاییەکانی ساڵی (٢٠٠٠) تەنها (٨٠)

رۆژنامـەو گۆڤـار لـەئێران دەردەچـوون دەكـرێ بلـێین رۆژنامەگـەری لـەئێران لەسەردەمی كۆماری ئیسلامی بەدوو قۆناغ تێپەڕبووە:

یەكەمیان: دوای سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی دێت راستەوخۆ ئەو قۆناغە درێژەی كێشاو تاكۆتایی جەنگی (٨) ساڵەی نێوان عێراق و ئێران .

لـەو ماوەیـەدا چـەندین دامـەزراوەی چـاودێری هـەبووە بەسـەر بابەتـەكانی راگەیاندنەوە، لـەم بـارەوە نـاوی پێـنج دامـەزراوە هەیـە كـەكاریان پاككردنـەوەی بابەتەكانی راگەیاندنە پێش ئـەوەی بگاتـە هـاولاتی، ژمارەیـەكی زۆری رۆژنامـەش داخران بەبیانووی پاراستنی ئەمن و ئاسایشی وڵات.

**دوومیان :**

ئـەم قۆناغـە بـەكۆتایی هـاتنی جـەنگ دەسـت پێـدەكات، لـەو ماوەیـەدا چـەند گۆڕانێك روویدا، وەك هەڵوەشاندنەوەی ئەنجوومەنی راگەیاندنی جەنگ و زۆر بوونی بەرنامە كۆمەڵایەتیەكان.

## كۆتـایی بـاس:

سەرەڕای ئەو بوارانەی بەدوورو درێژی خرانەبەر باس و شیكردنەوە، دەربارەی بزووتنـەوەی كرێكـاری و چـالاكی رێكخراوەیـی لاوان و خوێنـدكاران و بزووتنـەوەی ژنان و بزاڤی رۆژنامەگەری، لەئێران سەدان كۆمەڵەو رێكخراوی میللی، كۆمەڵایەتی، رۆشنبیری، زانستی، ئابوری، كەلەپوری، یاسایی، هونەری، وەرزشی، پیشەیی، لـە پایتەخت و شارەكاندا دامەزران.(٦)

ئـەو كۆمەڵـەو رێكخـراوو سـەندیكاو یەكێتیانـە، چـین و توێـژەجیاوازەكانی نـاو كۆمەڵگە، لەهەموو نەتـەوەكان و لەهـەموو پیشـەكان، فەرمانبـەران، مامۆسـتایان، ئەندازیاران، پزیشكان، كرێكاران، پارێزەران، خوێندكاران، هونەرەمەنـدو نووسـەرو

ئـەدیبان، کشـتیارو جوتیـارو پیشـەکارانی نـاو شـار، بەلێنـدەرو سـەرمایەداران، جەنگاوەرانی دێرین لـەژنان و پیـاوان دەگرتـە خۆیـان، ئـەرك و چالاکیەکانی ئـەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانـە جۆراو جۆرو فـروانن، بوارەکـانی هاوکـاریکردنی ئەنـدامانیان لەرووی مادی و مەعنەوی، ڕۆشنبیری و گەشەکردنی هزری و زانستی، هاندان بـووە بۆ بەشداریکردن لـە کـاری سیاسـی و هەڵبـژاردن، بـەرگریکردن لـەژنان و منـدالآن، ڕەخنەگرتن لەکاری دامەزراوە حکومیەکان، بەرگری لەمافەکانی مرۆڤ...هتد.

لێرەدا پێویست دەکات لەخەسلەت و پێگەی ئـەو کۆمەڵـەو ڕێکخراوانـە بـدوێین، ئایا بەڕاستی ڕۆڵی خۆیان وەك کۆمەلگەی مەدەنی ئـازاد هەڵدەسـوڕێنن، ئایـا ئـەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە مەرجەکانی: سـەربەخۆیی لەدەسـتێوەرنەدانی کاربەدەسـتانی دەوڵـەت، سـەربەخۆیی دارایـی، سـەربەخۆیی ڕێکخسـتنی و ئـەرك بەجێگەیانـدن، ئازادی لەبڕیارو هەڵوێست وەرگرتنیان تێدا بەدی دەکرێت؟

لەسەردەمی محەمەد ڕەزا شا بوونی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە، هەنگاوی زۆرتـری هاویشـتووەو رووی لەپەرەسـەندن و گەشـەکردن کـردووە لـەڕووی چـەندایەتی و چۆنایەتیەوە بەبەراورد لەگەڵ سەردەمی ڕەزاشا.

بەلآم لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی ئەوا گۆڕانێکی گەورەتری بەخۆوە بینیـوە، ژمارەکانیـان زۆر زۆرتـر بـووە، چ لـەتاران و لەشـارەکان، ئـەرك وچـالآکی و پەیوەندییەکانیان فراوانترو جیاواز بووە قەبارەی بەشداربووانی زۆرتر بووە.

بەلآم ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە لەهەموو قۆناغەکانی حوکمرانی وگۆڕانی سیاسـی لەئێران، خەسڵەتێکی هاوبەشیان هـەلگرتووە ئـەویش پاشکۆیەتیە بۆ سیسـتم و دەسەلآت، چاودێری و ئاراستەکردنیان لەلایـەن کاربەدەسـتانی دەولـەت و پیـاوانی ئاینیـەوە بـووە، لەچـوار چێوەی سیاسـەتە گشـتیەکەی دەولـەت دەرنەچـوونەتە دەرەوە، ئەوەش هەل و مەرجی راستی ئەو کۆمەڵەو ڕێکخراوانە بووە.

## پەراوێزەکانی بەشی سێیەم

١- بۆ زیاتر زانیاری تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- مرکز التنویر للدراسات الانسانیه www.altanwer.neb
- دەربارەی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراتیەت – جۆرج مەنسور، وەرگێرانی لەعەرەبیەوە دلێر ابراهیم چاپی١/٢٠٠٩ هەولێر، لـ٩١.
- دیموکراسی لەو لاتانی فرەنەتەوەدا – ناوەندی لێکۆلینەوە ستراتیجی – حدکا – ساڵی٢٠١١لـ١٠٠

٢- گۆڤاری مێژوو – ژمارە (١٥) ساڵی (٢٠١٠) هەولێر بابەتی عەبدوڵلاکاکە سور.

- رضا شابهلوي – د. فرح صابر – مرکز کردستان للدراسات الاستراتیجیة – سلیمانیة – ص٣٠
- احوال العمال في ایران – منصور رشیدین – جامعة البصرة (١٩٨٩) ترجمة جولیانا داودیون ص١٩
- سایت www.ahewar.org
- سایت محمد الحنفی http://www.safileaks.com

٣- تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- المشارکة السیاسیة للمرأة الایرانیة – عزة جلال هاشم – مرکز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتیجیة ابو ظبي – ط١/٢٠٠٧ ص٦٥ ص١٧٩.
- مستقبل النظام السیاسي في جمهوریة ایران الاسلامیة، حمد جاسم محمد الخزرجي – منشورات زین الحقوقیة – بیروت/٢٠١٣.
- القوى الداخلیة في المجتمع الایراني – القوى السیاسیة – منال الداین – المعهد المصري للدراسات السیاسیة والاستراتیجیة – ٢٠١٥ ص٣٩.

- ایران من الداخل – منال محمد احمد القاهرة ط١ل٢٠٠٩ – ص١٣٤
- سایتی www.arm.wikipedia.org

٤– تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- مستقبل النظام السیاسي في جمهوریة ایران الاسلامیة – سەرضاوەی ثێشو ص١٧٧
- ایران من الداخل – منال محمد – سەرچاوەی پێشو ص١٣١.
- القوی الداخلیة في المجتمع الایراني – منال الدایني – سەرضاوەی ثێشوو ٣٨.
- سایت حمد جاسم محمد www.Fcdrs.com

٥– سەرچاوەکانی:

- ایران من الداخل – منال محمد – سەرضاوەی ثێشو ص١٣٧
- ایران من الداخل – فهمي هویدي – سەرضاوەی ثێشو ص١٨٥
- موسوعه تاریخ ایران السیاسي – د. حسن جاف – سەرچاوەی پێشو ج٤
- ایران الاحزاب و الشخصیات السیاسیة – سەرضاوەی ثێشوو – ص٣٣

٦– سایت www.fa.m.wikipedia.org

الاطر التنظیمیة للمعارضة السیاسیة في ایران علی عهد محمد علي شا. د.خلیج حسن علي، صالح کریم

www.uokufa.edu.iq , www.birih librih librarg.org

# بەشی چوارەم

# کەسایەتیەکان

**• ئەبولحەسەن بەنی سەدر:**

لەشاری هەمەدان لە ٢٣/ئازاری/١٩٣٢ (هەندێ سەرچاوە ساڵی ١٩٣٣) لەدایك بووە، ساڵی (١٩٦٢) لەگەڵ خاتو(١) (عەزرا حوسینی) هاوسەرگیری پێکهێناوە، دووکچ و یەك کوڕیان هەیە.

لەزانکۆی تاران، بڕوانامەی لیسانسی لەزانستە کۆمەڵایەتیەکان وەرگرتووە، پاشان لیسانسی لەماف و ئابوری و وەرگرتووە، درێژەی بەخوێندن داوە، بڕوانامەی لەئابوری و زانستە سیاسیەکان ساڵی (١٩٦٢) لەزانکۆی سوربۆن لەشاری پاریس وەرگرتووە.

لەزانکۆی تاران کاتێ خوێندکاربووە، چالاکی سیاسی دەست پێکردووە، سەرۆکی یەکێتی قوتابیان بووە، ئەندامی دامەزرێنەری یەکێتی خوێندکارانی ئێرانی لەجیهاندا، لەفەرەنسا رۆژنامەیەکی بەزمانی فارسی دەرکردووە بەناوەی (ایران ازاد) و هەڵوێستی دژایەتی سیستمی محەمەد رەزاشا بووە.

کاتێ خومەینی لەکانوونی دووەمی/١٩٧٨ گەیشتە پاریس ماوەیەك لەماڵی بەنی سەدر ماوەتەوە، لەکاتی گەڕانەوەی خومەینی بۆ تاران لەشوباتی/١٩٧٩ هەر لەگەڵی بووە.

دوای گەڕانەوەی بەنی سەدر بۆ ئێران چەند پلەو پایەکی حکومی بەرزی وەرگرتووە ئەندامی ئەنجوومەنی شارەزایان بوو، لە (٢٥/کانوونی دووەمی/١٩٨٠) خۆی بۆ سەرۆکایەتی کۆمار کاندید کرد، لە (٤/شوباتی/١٩٨٠) دەبێتە سەرۆك کۆماری ئێران.

بەڵام پاش (٦) مانگ لەدەسەڵات، بارودۆخی سیاسی ئەبولحەسەن تێکدەچێت و دژایەتی زۆری بۆ پەیدا دەبێت، دواتر لیژنەیەکی سێ کەسی بڕیاریداکە

ئەبولحەسەن لەدەستور لایداوە، فشاری زۆری کەوتەسەر لەهەموو لایەکەوە، لەحوزەیرانی (١٩٨١) خۆی دەشارێتەوە، پاشان بەفڕۆکەیەکی سەربازی ئێرانی لەگەڵ مەسعود رەجەوی دەگاتە شاری پاریس، لەرۆژی (٢٣/حوزەیرانی/١٩٨١) بەبڕیارێکی خومەینی بەنی سەدر لەسەرۆکایەتی لادرا، تائێستا لەوڵاتی فەرەنسا دەژیت.

## • ئەحمەد بەنی ئەحمەد: (٢)

ناوبراو پیشەی پزیشك بوو، لەشاری تەورێز، بووە ئەندامی ئەنجوومەنی شورا، دوای هەڵوەشاندنەوەی (حزبی رستاخین)، و دارمانی ژیانی پەرلەمانی ساڵی (١٩٧٨) حزبی – سوسیالستی دیموکراتی – دامەزراند، پاشان ناوی حزبەکەی گۆڕی بۆ حزبی (یەکێتی لەپێناو ئازادی)، هەفتەنامەیەکی بەناوی (عصر نوێن) – سەردەمی نوێ دەرکرد، کەخۆی سەرپەرشتی بەڕێوەبردنی دەکرد.

د. ئەحمەد، لەناو ئەنجوومەنی شورای ئێرانی، هەڵوێستەکانی دژی حزبی رستاخیزو نارەزایی لەکارو هەڵس و کەوتەکانی حکومەتەکەی – شەریف ئیمامی و جەنەراڵ ئەزهاری دەربڕی.

لەرۆژی (٤/تشرینی دووەمی/١٩٧٨) دەستی لەکارکێشایەوە لەئەندامیەتی ئەنجوومەنی شورا، وەك نارەزاییەك بەرامبەر بوونی (سالار جاف) لەناو پەرلەمان، دیارە بەهۆی فشاری ئەحمەدو هاورێکانی، سالار جاف دەسگیرکراو رەوانەی دادگا کراوە.

• ئەشرەف پەهلەوی: (٣)

کچی رەزا شای پەهلەوییە، لە (٢٦/تشرینی یەکەمی/١٩١٩) لەدایك بووە، دایکی (تاج ئەلملوك) بەیەك سك هەردوو ئەشرەف و محەمەدی بووە.

ئەشرەف لەسەرەتای ژیانی هاوسەری سیاسەتمەدار (عەلی قەوام) بوو لەسەربڕیاری باوکی.

(عەلی قەوام) یەك لەگەورە ئەریستوکراتەکانی ئێران بوو، ساڵی (١٩٤٢) لەیەك جیا دەبنەوە، ئەشەرەف دواتر شووبە (ئەحمەد شەفیق)ی میسری دەکات و لەویش جیادەبێتەوە، بۆ جاری سێیەم شووبە هونەرمەندێکی ئێرانی دەکات، بەناوی (مەهدی بوشەهدی) لەشاری پاریس.

ئەشەرەف چالاکی گەورەی هەبووە لەبواری سیاسەت و لەپشتی پەردەوە هاوکاری محەمەدی برای کردووە، پەیوەندی لەگەڵ دەزگا هەواڵگرییەکانی ئەمریکاو بەریتانیا بەستووەو جێی دەستی دیارە لەروخاندنی حکومەتەکەی د.موسەدەق (١٩٥٣) سەرپەرشتی رێکخراوی (شێرو هەتاوی سووری) ئێرانی کردووە، سەردانی شاری مۆسکۆی کردووەو چاوی بەستالین کەوتووە، پەیوەندی لەگەڵ ژمارەیەکی گەورەی سیاسەتمەداری ئەوروپاو ئەمەریکا هەبووە.

ساڵی (١٩٧٨) ئێرانی بەجێ هێشت و لەئەمەریکا دەژیا.(*)

- **ئەمیر ئەسەدوڵلا عەلەم: (٤)**

ساڵی (١٩١٩) لەناوچەی خوراسان لەدایك بووە، لەبنەماڵەیەکی ئەریستوکرات ژیاوە، خوێندنی لەشارەکەی خۆی تەواو کردووەو لەشاری کەرەج لەکۆلیجی کشتوکاڵی وەردەگیرێت، پاشان لەزانکۆی ئۆکسفۆرد لە ئینگلتەرا خوێندنی تەواو کردووە.

ژیانی لەکاوباری حکومەتدا:

لەوەزارەتی پیشەسازی بۆ یەکەم جار دامەزراوە، ساڵی (١٩٤٤) دەبێتە پشکنەر لەوەزارەتی ناوخۆ، دادوەر لەهەرێمی بلوجستان ساڵی (١٩٤٩) وەزیری کار، ساڵی (١٩٥١) دەبێتە بەڕێوەبەری موڵك وسامانی بنەماڵەی محەمەد رەزاشا.

لە (١٩/تەموزی/١٩٦٢ – ١٩٦٤) دەبێتە سەرۆك وەزیرانی ئێران، پاشان سەرۆکی زانکۆی شیراز تا ساڵی (١٩٦٦) دووبارە لەکۆشکی شا دەبێتە وەزیرو بۆ ماوەی (٥) ساڵ لەو پلەیە دەمێنێتەوە، بەهۆی نەخۆشی دەچێتە دەرەوەی ئێران لە (٢٥/ئازاری/١٩٧٨) کۆچی دوایی دەکات.

ژیانی حزبایەتی لە (١٩٥٧) حزبی گەل (حزبی مردم) دادەمەزرێنێت بەئاگاداری محەمەد رەزاشا .

## • ئەمیر عەباس هوەیدا : (٥)

لە (١٨/شوباتی/١٩١٩) (هەندێ سەرچاوە ١٩١٨) لەبنەماڵەیەکی مام ناوەندی لەدایك بووە، باوکی لەبواری دیبلوماسی کاری کردووە، کاتێ ئەمیر باوکی مرد ئەو تەمەنی (٩) ساڵ دەبوو.

ئەمێر خوێندنی باڵای لەچەند وڵاتێك تەواو کردووە، ئامادەیی – لیسیەفرانسیە – لە شاری بەیروت، زانکۆی (لیبر)ی بەڕازیل کە ماستەری لەزانستە سیاسییەکان وەرگرتووە، دکتۆرا لەمێژوو لەزانکۆی سوربۆن لەپاریس.

لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی لەفەرەنسا ماوەتەوە تا (١٩٤٢) کەبەهۆی جەنگەوە لەو وڵاتە نەیتوانیوە دەربازبێت، پاش گەڕانەوەی بۆ ئێران لەسوپا وەك ئەفسەرکاری کردووە تاکۆتایی جەنگ، ماوەیەك لەوەزارەتی دەرەوەی ئێران فەرمانبەربووە، ئەمیربەچەندین زمانی، عەرەبی، فەرەنسی ، ئینگلیزی، ئەلمانی قسەی کردووە.

کۆمەڵە دۆستێکی بەرچاوی هەبووە لەفەرەنسا، وەك جان پول سارتەر، سیمون دی بوفوار، جورج بیدو، ئیف مونتان، جولیت جریکو.

ساڵی (١٩٥٩) دەبێتە سەرپەرشتیاری کاروباری کۆمپانیای نیشتمانی نەوتی ئێران، لەگەڵ (حەسەن عەلی مەنسور) حزبی – کانون مترقی – دادەمەزرێنن – پاشان ناوەکەی گۆڕابوو بەحزبی (ئێرانی نوێ) ساڵی (١٩٦٤).

ساڵی (١٩٦٤ – ١٩٦٥) دەبێتە وەزیری دارایی، دوای کوشتنی سەرۆك وەزیران (حەسەن عەلی)، د. ئەمیر دەبێتە سەرۆك وەزیران لەنێوان (١٩٦٥ – ١٩٧٧)، ئەمیر عەباس لەسەربڕیاری محەمەد ڕەزاشا دەبێتە سکرتێری حزبی (ڕستاخین) لەنێوان

(٣/ئازاری/١٩٧٥ — ٢٨/تشرینی یەکەمی/١٩٧٨)، دواتر وەك وەزیری کۆشکی شا دادەنرێت تا (٩/ئەیلولی/١٩٧٨) کەدەستی لەکار کێشایەوە.

ئەمیر عەباس لەسەردەمی حکومەتی ئەزهاری لە (٨/تشرینی دووەمی/١٩٧٨) دەسگیر دەکرێت و لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی لەئێران لە (٧/نیسانی/١٩٧٩) پاش دادگایەکی کورت بڕیاری کوشتنی لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

## • ئیبراهیم یەزدی: (٦)

لەدایك بووی ساڵی (١٩٣١)ی شاری قەزوینە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەتاران تەواو کردووە، پاشان لەزانکۆی تاران بابەتی دەرمانسازی خوێندووە.

چالاکی سیاسی لەقۆناغی زانکۆوە دەستی پێکردووە، بەشداریکردووە، لەدامەزراندنی ڕێکخراوی خوێندکارانی ئیسلامی لەئەمەریکا، ساڵی (١٩٥٣) پەیوەندی بەبزووتنەوەی بەرهەڵستی کردووە بە سەرکرایەتی مەحمود تالقانی و بازرگان، ساڵی (١٩٥٥) چاپخانەی بزووتنەوە لەلایەن دەسەڵاتەوە ئاشکرا دەبێت، ئیبراهیم لەترسی گرتنی خۆی دەشارێتەوە، یەزدی پەیوەندی بەبزووتنەوەی ئازادی ئێران دەکات کاتی دامەزراندنی، پاشان لەسەر پێشنیازی خۆی ڕوو لەویلایەتەیەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات، لەوی ساڵی (١٩٦٠) لەگەڵ هەریەك لە (سادق قوتب زادە، مستەفا شەمیران، ڕێکخراوی قوتابیە ئێرانیەکان دادەمەزرێنن.

یەزدی لەماوەی مانەوەی لەووڵاتە پەیوەندی توند لەگەڵ چەند دامەزراوەو کەسایەتێك پێکدەهێنێ وساڵی (١٩٧٢) وەك نوێنەری خومەینی کاردەکات.

یەزدی هەر لەئەمریکا لەیەکێك لەنەخۆشخانەکانی وەك پزیشك دادەمەزرێت، ناوبانگی یەزدی زیاتر دەردەکەوێت، کاتێ پەیوەندی بەخومەینی دەگات، لەفەرەنسا و لەگەڵیشی دەگەڕێتەوە بۆ تاران و دەبێتە یەك لەکەسەنزیکەکانی.

لەحکومەتەکاتیەکەی مەهدی بازرگان (١٩٧٩) دەبێتە یاریدەدەری سەرۆك وەزیران، پاشان وەزیری دەرەوە، دوای دەست لەکارکێشانەوەی بازرگان لەسەرۆکی حکومەت، یەزدیش هەمان بڕیاردەدات.

یەزدی لەسەردەمی حکومەتی کۆماری ئیسلامی هەڵوێستی ئۆپۆزیسیونی وەرگرتووەو چەند جارێك زیندانی دەکرێت بەهۆی هەڵوێست و بیروڕاکانی.

## • ئیبراهیم عەلیزادە: (٧)

ساڵی (١٩٥٠) لەدێی غەوس ئابادی نێوان بۆکان و مەهاباد لەدایك بووە، خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەشاری مەهاباد تەواو کردووە، ماستەری لەئەندازەی کارەبا لەزانکۆی تەورێز وەرگرتووە، دووجار هاوسەر گیری کردووە، هیچ منداڵێکی نیە، ماوەی ساڵێك لەپەیمانگای شاری مەهاباد وانەی وتووەتەوە، لەشوێنی جۆراو جۆری ئێران کاری کرێکاری کردووە.

ژیانی سیاسی لەکاتی خوێندنی زانکۆدا دەست پێدەکات و پەیوەندی بە بزووتنەوەی خوێندکارانەوە دەکات.

ساڵی (١٩٦٨) لەزانکۆی تەورێز چالاکی سیاسی دەست پێدەکات، بەشداری لە دامەزراندنی کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان کردووە ساڵی (١٩٦٩)، لەیەکەم کۆنگرەی کۆمەڵە ساڵی (١٩٧٨) لەشاری (سنە) بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردراوە.

سکرتێری ڕێکخراوی کوردستانی — حزبی کۆمۆنیستی ئێرانە (کۆمەڵە).

### • (ئایەتوڵلا) ئەحمەد جەننەتی : (٨)

ساڵی (١٩٢٦) یان (١٩٢٧) لەشاری ئەسفەهان لەدایك بووە، خوێندنی لەهەردوو شاری ئەسفەهان و قوم تەواو کردووە، بۆ ماوەی (١٤)ساڵ زیاتر مامۆستابووەو وانەی وتووەتەوە.

جەننەتی یەك لەکەسایەتیە گەورەکانی کۆماری ئیسلامی ئێرانیە، سەرپەرشتی هەموو هەڵبژاردنەکان دەکات، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی (١٩٧٩) لەئێران جەننەتی چەندین پلەوپایەی دەسەڵاتی وەرگرتووە.

قازی دادگای شۆڕش، ئیمام رۆژی هەینی لەشاری تاران، ئەندامی قوتابخانەی حەقانی، سەرپەرشتی دامەزراوەی راگەیاندنی ئیسلامی، ئەندامی ئەنجوومەنی شارەزایان، ئەندامی ئەنجوومەنی دەزگای دیاریکردنی بەرژەوەندی سیستم، ئەندامی ئەنجووەمەنی باڵای شۆڕشی ئیسلامی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پاراستنی دەستور (١٩٩٢).

لەسەردەمی رژێمەکەی محەمەد رەزاشا هەردەم رۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی بینیوە، چەندین خۆپیشاندانی رێکخستووە، چەند جار تووشی لێپرسینەوەو زیندانی و دوورخستنەوە بووە.

دوو کوڕی لەهاوسەرەکەی (فاتیمە)، بەناوی عەلی و محەمەد هەیە.

## • ئەحمەد موفتی زادە: (٩)

ئەحمەد موفتی زادە ساڵی (١٩٣٤) لەشاری (سنە) لەدایك بووە، لەسەرەتای ساڵانی (١٩٦٠) پەیوەندی بەرێکخستنەکانی حزبی دیموکرات کوردستانی ئێران هەبووەو بەهۆیەوە زیندانی کراوە، ساڵی (١٩٧٠) دەگەڕێتەوە شاری سنە، لەوێ ڕێکخراوی – مەکتەبی قورئان – دامەزراندووە لەوە بەدواوە دەبێتە پێشڕەوی ڕۆحی خەڵکی سنە لەئێران، ساڵانی شۆڕی گەلانی ئێران (١٩٧٧ – ١٩٧٩) چالاکانە بەشداری خۆپیشاندان و هاندانی خەڵکی کردووە بۆ دژایەتی ڕژێم.

دوای ساڵی (١٩٧٩) زیاتر بڕەوی بەبۆچوونە ئیسلامیەکانی خۆی داوە، داکۆکی لەمافی خەڵکی سوننە مەزهەبی کردووە لەئێران، ئەنجوومەنێکی دامەزراندووە تایبەت بەو کارەی بەردەوام بووە لەچالاکی سیاسی و ئاینی.

لەکۆتایی ساڵی (١٩٨٢) دا لەلایەن دەسەڵات دەسگیر دەکرێت و بۆ ماوەی (١٠) ساڵ زیندانی دەکرێت، تا لە(١٩٩٢) ئازادکرا بەڵام هەر لەتاران ماوەتەوە لەژێر چاودێری و لەساڵی (١٩٩٣) بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایی کردووە.

موفتی زادە وێڕای کاری سیاسی، چەندین کتێبی ئاینی و ئەدەبی و نەتەوەیی و بابەتی فیقهی ئیسلامی نووسیوە.

## • ئیسماعیل ئاغا شکاك: (١٠)

سمایل ئاغا کوڕی محەمەد ئاغای شکاك لەگوندی (چارمەی) خۆرئاوای دەریاچەی ورمێ ساڵی (١٨٩٥) لەدایك بووە، سمکۆ لە سەرەتای ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی سەرکردایەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردی رۆژهەڵاتی گرتەدەست، ناوبراو دوای جەنگی یەکەمی جیهانی لەلایەن لەشکری روس دەسگیردەکرێت، دواتر ئازادی دەکەن، ساڵی (١٩١٩) ڕاپەڕینی چەکداری لەشاری (سەلماس) ڕاگەیاند و چەند ناوچەیەکی خستە ژێر دەسەڵاتی خۆی، ساڵی (١٩٢١) هێرشی کردە سەر شاری مەهاباد و لەشکری ئێرانی شکاند، پاشان لەژێر فشاری لەشکری ئێران بەرەو کوردستانی تورکیا گەڕایەوە.

ساڵی (١٩٢٣) لەکاتی فەرمانڕەوایی شێخ مەحمود سەردانی شاری سلێمانی کردووە، دواتر گەڕاوەتەوە ئێران، ساڵی (١٩٢٦) جارێکی دیکە ڕاپەڕینی چەکداری بەرپاکردووە، ئەمجارەش لەشکرەکەی دەشکێت و روو لەتورکیا دەکات و لەوێ ماوەیەك دەسگیردەکرێت پاشان ئازادی دەکەن و دەگەڕێتەوە ئێران.

سمکۆ لەماوەی کاری سیاسیدا چەند جارێك ڕۆژنامەی دەرکردووە، لەوانە ڕۆژنامەی (ڕۆژی کوردو شەوی عەجەم) کەدواتر ناوی گۆڕا بە - ڕۆژی کورد - لەشاری ورمێ، هەروەها ڕۆژنامەیەکی لەشاری مەهابادیش دەرکردوە.

لەهەڵە گەورەکانی سمکۆ، - کوشتنی مار شیمون - سەرکردەی ئاسوریەکان، ئەوانی لەتورکیاوە هەڵاتبوون و پەنایان بۆ ئێران هێنا لەترسی لە شکری تورك.

سمکۆ لەساڵی (١٩٣٠) بەپیلانێکی کاربەدەستانی ئێران لەشاری شنۆ دەکوژرێت.

## • ئەحمەد قەوام ئەلسەلتەنە: (١١)

ئەحمەد كوڕی ئیبراهیم، نازناوی (قەوام السلگنه) پێدراوە، ساڵی (١٨٧٦) لە ناوچەی گەیلان لەبنەماڵەیەكی ئەریستوكراتی خاوەن مولك و سامان، لەدایك بووە. پاش خوێندنی لەسەردەستی مامۆستایانی تایبەت، رەوانەی فەرەنسا دەكرێت بۆ تەواوكردنی خوێندن، چەندین پلەوپایەی فەرمی هەبووە تادەگاتە وەزیری جەنگ لە (١٩١١)، ماوەی پێنج جار دەبێتە سەرۆك وەزیرانی ئێران لەساڵانی (١٩٢١، ١٩٢٢، ١٩٤٢، ١٩٤٥، ١٩٥٣) رۆڵی گەورەی هەبووە لەكشانەوەی لەشكری سۆڤیەت لەناوچەكانی باكوری ئێران و كۆتایی هێنان بەهەردوو حكومەتی ئازەربایجان و كوردستان ساڵی (١٩٤٦) — ساڵی (١٩٥٥) لەشاری تاران كۆچی دوایی دەكات.

## • (ئایەتوڵلا) ئەبولقاسم كاشانی: (١٢)

رابەرێكی ئاینی سیاسییە، یەك لەسەركردەكانی بزووتنەوەی نیشتمانی بوو لەساڵانی پەنجاكان.

ساڵی (١٨٨٢) لەدایك بووە، لەشاری نەجەف خوێندنی تەواو كردووە، دژی ئینگلیز، بەشداری لەیەكەم جەنگی جیهانی كردووە، لەئێران بڕیاری كوشتنی بۆ دەرچووەو بەڵام لەساڵی (١٩٢١) هەڵاتووە بۆ عێراق، لەعێراق ماوەیەك زیندانی كراوە بەتاوانی پەیوەندیكردن بەئەلمانیا، پشتگیری خەباتی فەلەستینیەكانی كردووە، لەو سەردەمەی رێكخراوی فیدائیاتی ئیسلام سەرۆك وەزیرانی ئێران تیرۆر دەكەن، كاشانی تاوانباركرا بەوەی لەپشتی ئەو كارە بێت، دوای هەوڵی كوشتنی محەمەد رەزا شا، كاشانی دەسگیر دەكرێت و بۆ لوبنان دووردەخرێتەوە بەتاوانی هەڕەشەی بەسەر ئاسایشی وڵات، لەپەرلەمانی ئێرانی (ئەنجوومەنی شورا) خولی (١٤) بە نێونەر هەڵدەبژێردرێت.

ساڵی (١٩٥٠) دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و دەبێتە ئەندام پەرلەمان و پشتگیری حکومەتەکەی د.موسەدەق دەکات، بەڵام پاشتر نێوانیان تێکدەچێت بە هۆی باوەڕی کاشانی بەپێدانی ڕۆڵ بەپیاوانی ئاینی.

لەساڵی (١٩٦٣) کۆچی دوایی دەکات.

## • (خاتو) ئەعزەم تالقانی: (١٣)

خاتو ئەعزەم، کچی ئایەتوڵڵا (مەحمود تالقانی)یە، ساڵی (١٩٤٣) لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەتاران و شەمیران تەواو کردووە، بووە بەمامۆستا لەقوتابخانەکانی شەمیران.

ساڵی (١٩٧٢) قوتابخانەیەکی تایبەتی دامەزراندووەو ناوی لێناوە (گروهی) واتە گردبوونەوە، مافی دامەزراندنی قوتابخانەکە بەناوی هەرسێ کچی تالقانی (ئەعزەم، تیبە، تاهیرە) بووە، بەڵام دوای ساڵێك هەرسێکیان بۆ شاری (نەجەف ئاباد) دوور خراونەتەوە.

خاتو ئەعزەم بەهۆی نەخۆشی کورەکەی بۆ دەرەوەی ئێران دەچێت، بەڵام بە گەڕانەوەی دەسگیردەکرێت و بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی بۆدەردەچێت، پاشان ماوەی زیندانیەکەی بۆ (٥) ساڵ کەم دەکرێتەوەو لە (١٩٧٨) ئازاد دەبێت، یەك لە کارەکانی ئەعزەم دامەزراندنی — کۆمەڵەی ژنانی شۆڕشگێڕی ئیسلامییە.

ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلقی ئێران، ساڵی (١٩٧٩) خاتوو ئەعزەم کاندید دەکات بۆ ئەنجوومەنی شارەزایان بەڵام لەهەڵبژاردن سەرکەوتوونا بێت.

## • تەیمور بەختیار: (١٤)

تـەیمور بـەختیار فـەتح عـەلی خـان بـەختیاری، لەبنەماڵەیـەکی دەرەبـەگ و سەرکردەیەکی هۆزی بەختیارییە، ساڵی (١٩١٣) لەشاری ئەسفەهان لـەدایك بـووە، خوێندنی ئامادەیی لەشاری تاران تەواو کردووە، دەچێتە لوبنـان بۆخوێنـدنی بـاڵا، لەوی باش فێری هەردوو زمانی عەرەبی و فەرەنسی دەبێت و دەبێتە هاوڕێی چەند کەسایەتیەك لەوانە: ئەمیر عەباس هوەیدا، شارل ئەلحلو (سەرۆکی پێشوتر کۆماری لوبنـان)، دواتـر روو لەفەرەنسـا دەکـات لەکۆلیـژی (سـان سـیر)ی سـەربازی وەردەگیرێـت، لەماوەیـەدا بـەهۆی خوێنـدن و راهێنـانی سـەربازی و گەشـتکردن، کەسایەتی و بیروباوەڕەکانی گۆرانی بەسەردا دێت.

سـاڵی (١٩٣٥) دەگەڕێتـەوە ئێـران، بەپلـەی ئەفسـەری پلـە دوو لەسـوپا دادەمەزرێت، لەناو سوپای ئێران زۆر شوێن و پلەوپایەی دەگۆڕێ و بەرزدەبێتـەوە تادەگاتـە پلـەی عەمیدو پاشـان لیـوا، نـاوبراو ویستێکی بـەرزی دەبێـت بـۆ خـۆ پێشخستن و بەرز بوونەوەو دەوڵەمەندبوون، بەدڵسۆزی خزمەتی بنەماڵەی محەمەد رەزاشا دەکات، گوێڕایەڵی داواکـانی شـا دەبێـت، هاوکـاری کودەتـا سـەربازیەکەی (١٩٥٣) بۆسەر حکومەتەکەی د. موسەدەق دەکات، ساڵی (١٩٥٤) بـە فەرمانـدەی سەربازی ناوچەی تاران و راوێژکاری شا دادەنرێت.

لەڕووی پەیوەندی بەژنانەوە، پیاوێکی داوێن پیس و چـاولەدەربووە، سـێ جـار هاوسەرگیری کردووە، لەجاری دووەم و سێیەمدا ژنـی بەهاوسـەرەکەی بەتەلاقـدان داوە، ساڵی (١٩٥٧) کـاتی دەزگـای هـەواڵگری سـاواك دروسـت دەبێـت، جەنـەڕاڵ تەیمور دەبێتە یەکەم سەرۆکی ئەو دەزگایە، لەکارەکانی زۆر توند دەبێت بەرامبەر بـەحزبی تـودەو ئۆپۆزیسـیون، ژمارەیـەکی زۆری سـەرکردەو ئەنـدامانی دەسـگیر

دەكات و ئەشكەنجە دەدرێن و دكوژرێن، چەند زیندانێكی تایبەت لەژێر دەسەڵاتیدا بووە، ساڵی (١٩٦٤) بەبڕیارێكی شا خانەنشین دەكرێت، لەبەر ئەوەی بەگومان دەبێت لێی، دواتر روو لەئەوروپا دەكات وپاشان دەگەڕێتەوە لوبنان، لەوی دەس بەكاری دژایەتی شاو حكومەتی ئێران دەكات، دوای نارازی بوونی حكومەتی تاران لەكردەوەكانی، لوبنان بەجێ دەهێڵێت و روو لەعێراق دەكات، لەبەغدا حكومەت زۆر پشتگیری دەكەن و داوای لێدەكەن دژایەتی ئێران بكات، هێزێكی چەكداری عەشایەری پێكدەهێنێ، بەڵام بەپیلانێكی دەزگای ساواك لە ساڵی (١٩٧٠) لەنزیك سنوری هەردوو ولات تەقەی لێدەكرێت و دواتر لە نەخۆشخانەی دەمرێت.

- **بەهرام ئاریانا: (١٥)**

لەدایك بووی ساڵی (١٩٣٨)ە، بەكۆنترین جەنەڕاڵی سوپای ئێران دانراوە، لەسەردەمی شا، سوپاسالاری پێشووی سوپای ئێرانە لەسەردەمی محەمەد رەزاشا، ناوبراو هەوڵیدا كودەتایەكی سەربازی دژی حكومەتەكەی (د.موسەدەق) ئەنجامبدا ساڵی (١٩٥٢)، بەڵام سەركەوتوونەبوو، بۆیە بۆ وڵاتی فەرەنسا دوورخرایەوە، دوای رووخاندنی حكومەتەكەی موسەدەق دەگەڕێتەوە ئێران وپلەی سەربازی بەرزكرایەوە تاگەیشتە سوپاسالار، پاشان خانەنشین دەكرێ و لەفەرەنسا نیشتەجێ دەبێت.

دوای سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی و دامەزراندنی سیستمی ئیسلامی، ناوبراو رێكخراوی ئازادیخوازان (ازادگان) دادەمەزرێنێت، لەمانگی تەموزی/١٩٨١ هەوڵیداوە لەڕێگای توركیاوە بگەڕێتەوە ئێران و كار بۆ ڕووخاندنی رژێمی ئیسلامی بكات بەڵام سەركەوتوو نەبوو.

ڕێکخراوی ئازادیخوازان لەڕۆژی (١٣/ئابی/١٩٨١) هەستا بەفڕاندنی کەشتیەکی ئێرانی لەکاتی بەڕێکەوتنی لەباشوری ئەسپانیاوە بەرەو ئێران لەدەریای ناوەڕاستدا.

ڕێکخراوی ئازادیخوازان خۆی بەدوژمنی سیستمی نوێی ئێران دادەنا، باوەڕی بەسیستمی دەوڵەتێکی عەلمانی دەستوری هەبووە، هەروەها رایگەیاند کە پەیوەندییەکی توندی لەگەڵ د. شاپور بەختیارو ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق هەبوو، بەڵام ئەبولوحەسەن بەنی سەدریان بەتاوانبار زانیوە.

## • بەهزاد نەبەوی: (١٦)

ساڵی (١٩٤٢) لەشاری تاران لەدایك بووە، سیاسەتمەدارێکی رادیکالی ئێرانیە، یەك دیارترین سەرکردەکانی ڕێکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامیە، هەڵگری بڕوانامەی (ماجستێر)ە لەبابەتی ئەلکترۆنێك لەلایەن زانکۆی بلی تەکنیك،

ساڵی (١٩٦٨) بەهاوکاری سێ کەسی دیکە لەوانە (مستەفا شوعاعیان) بەرەی دیموکراتی میلیان دامەزراندووە، کەڕێکخراوێکی چەکداری نهێنی بوو، پاشان دەسگیر دەکرێ و بۆ ماوەی (٢٠) مانگ لەزیندانی تەنیایی دەمێنێتەوە، ساڵی (١٩٧٣) دادگا بڕیاری زیندانی هەتاهەتایی لەسەردەرکرد، بەڵام ئەو بڕیارە گۆڕا بۆ ماوەی دەساڵ زیندانی.

لەسەردەمی کۆماری ئیسلامی چەندین پلەو پایەی وەرگرتووە، یاریدەدەری سەرۆك وەزیران، وەزیری پیشەسازی، سەرۆکی دامەزراوەی لێکۆڵینەوە ستراتیجییەکانی سەربەسەرۆکایەتی کۆمار.

## • بیژەن جەزنی: (١٧)

بیژەن حوسێن جەزنی، ساڵی (١٩٣٧) لەشاری تاران لەدایك بووە، ناوبراو لەبنەماڵەیەك بوو کە هەموویان بەکاری سیاسی هەستاون، حوسێنی باوکی و دایکیشی بەهۆی پەیوەندییان بەحزبی تودە لەناوەڕاستی چلەکانەوە تاساڵی (١٩٦٧) پەناهەندەبوون لەیەکێتی سۆڤیەت.

بۆیە بیژەن لای باپیری ماوەتەوە، ئەو هەر لەتەمەنی منداڵیەوە، ساڵی (١٩٤٨) پەیوەندی بەڕێکخراوی لاوانی حزبی تودەوە کردووە، هەر بەهۆی تەمەن بچووکی و لەبەر ئەوەی لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە لەژێر چاودێری نەبووە، ئەرکی پۆستەو گەیاندنی چاپەمەنی ڕێکخراوەکەی پێ سپێردراوە.

بیژەن کاری سیاسی بەشێوەیەکی چالاك لەنێوان (١٩٥١ – ١٩٥٢) لەڕێکخراوێکی قوتابیانی حزبی تودە لەشاری تاران دەس پێدەکات، تاساڵی (١٩٥٣)، سێ جار دەسگیردەکرێت هەر جارەی لەبەردەم لێکۆلینەوە هەلگری ناوێك دەبێت، دواجار بۆ ماوەی شەش مانگ زیندانی دەکرێت، هەر بەهۆی کاری سیاسییەوە لەخوێندن دوور دەکەوێتەوە تاساڵی (١٩٥٩) کەلەقوتابخانەیەکی هونەری وەردەگیرێت و بڕوانامەی دبلوم بەدەست دێنێت، دواتر لە (١٩٦٠) لەکۆلیجی ئاداب و زانستە مرۆڤایەتیەکانی زانکۆی تاران وەردەگیرێت، هەر لەساڵی (١٩٦٠) لەگەڵ هاوڕێی خەباتی (میهن قورەیش) هاوسەرگیری سازدەکەن، بیژەن بەهۆی ڕەخنەو نارەزایی لەسیاسەتەکەی حزبی تودە، پەیوەندی بەڕێکخستنەکانی (دووەم بەرەی نیشتمانی) دەکات ساڵی (١٩٦١)، چالاکی لەناو خوێندکاران و لاوان ئەو بەرەیە دەست پێدەکات، سەرپەرشتی دەرکردنی بڵاوکراوەی تایبەتی ڕێکخراوەکە دەکات.

سالّی (١٩٦٥) بیژەن لەگەڵ چەند هاورێیەکی دیکەی ڕێکخراوەکەی دەسگیردەکرێت و بۆ ماوەی نۆ مانگ زیندانی دەکرێ، دوای ئازادبوونی دووبارە درێژە بەخوێندنی زانکۆ دەدات و بڕوانامەی دکتورا لەفەلسەفە وەردەگرێت لەزانکۆی تاران.

لەو ماوەیەدا بەهۆی کاریگەری خەباتی چەکداری وڵاتانی دەرەوەو ناڕەزایی لە حزبی تودە، چەندین گروپ و ڕێکخراوی بچووك دروست دەبێت، کە هەر یەکە ڕێبازی سەربەخۆی هەیە، گروپەکەی بیژەن لەگەڵ گروپێکی دیکە بەناوی (رازم ئەڤاران) یەك دەگرن، کەباوەڕیان بەخەباتی چەکداری هەیە دژی ڕژێم، دیارە ئەو ماوەیە سەرەتای دروست بوونی ڕێکخراوی چریکە های فیدائی خەلقی ئێران بوو.

سالّی (١٩٦٨) بیژەن و هاوڕێکانی پاش ئامادەکاری بڕیار دەدەن دەست بەخەباتی چەکداری بکەن دژی ڕژێمی شا، بەڵام بەهۆی سیخوڕێکی ڕژێم لەناو ڕێکخستنەکانیان هەرزوو بیژەن و ژمارەیەك لەهاوڕێیانی دەسگیر دەکرێن، پاش ئەشکەنجەو لێکۆلینەوە، دادگا بڕیاری زیندانی (١٥) سالّی بۆ بیژەن دەرکرد.

ئەو لەناو زیندان چالاکی سیاسی هەر بەردەوام دەبێت، لەگەڵ هاوڕێیانی لە دەرەوەش پەیوەندی نەپساوەو بەهۆی هاوسەرەکەی بەردەوام بەبیروڕای خۆی و نووسینەکانی ئاگاداریان دەکاتەوە، دەسەڵات چەند جارێك شوێنی بیژەن لەناو بەندیخانەکان دەگۆڕێت، بۆ ئەوەی ڕێگا لەچالاکیەکانی و پەیوەندی بەدەرەوە لێ بگرێت، بەڵام ئەو کارە بێ سوود دەبێت و خەباتی چەکداری هاوڕێیانی لەدەرەوە درێژە دەکێشێت، بۆیە ڕژێمی شا بڕیار دەدات بەکۆتایی هێنان بەژیانی بیژەن و لە(١٩/نیسانی/١٩٧٥) لەگەڵ (٨) کەسی دیکەی زیندانی گوللەباران دەکرێن.

بیژەن بەروشنبیرێکی گەورەی چەپی ئێران دادەنرێت و برێکی زۆری نووسین هەیە.

- **( خاتوو ) تاهیرە سەفار زادە: ( ١٨ )**

تاهیرە لەشاری سیرجان (پارێزگای کرمان) ساڵی (١٩٦٣) لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەشارەکەی خۆی تەواو کردووە، لەزانکۆی شیراز بڕوانامەی ماستەری وەرگرتووە لەزمانی ئینگلیزی، لەوڵاتی ئەمەریکا لەزانکۆی (ئێوا) درێژەی بەخوێندنی داوە.

ساڵی (١٩٦٧) بووە بەئەندامی کۆمەڵەی نووسەرانی جیهانی، لەئەمریکا دەستی بەنووسین کردووە دەربارەی ئێران، کاتێ گەڕاوەتە ئێران، دەسەڵات ڕێگای پێ نەداوە لەزانکۆ کاربکات، بۆیە رووی لەنووسین کردووە، ژمارەیەکی زۆری بابەتی نووسین هەیە، لەتۆژینەوە، وەرگێران، چیرۆك.

لە (٣/ئابی/١٩٧٩) بەشداری هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەزایانی کردووە بەڵام سەرکەوتوونە بوو.

ساڵی (١٩٩٢) وەزارەتی رۆشنبیری لەئێران، نازناوی مامۆستای نموونەیی پێ بەخشیوە، قورئانی وەرگێڕاوەتە سەر زمانی فارسی و ئینگلیزی.

## • تەقی ئارانی: (١٩)

تەقی مەکی نەژاد ئارانی، ساڵی (١٩٠٣ یان ١٩٠٤) لەشاری تەوریز لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەتاران تەواو کردووە، بۆ خوێندنی باڵا رووی وڵاتی ئەلمانیا کردووە، بڕوانامەی دکتۆرای لەفیزیا لەوی وەرگرتووە، دوای ساڵێك گەڕاوەتەوە ئێران، لەوماوەی لەئەلمانیا بوو ئایدیۆلوجیای مارکسی و سوسیالستی کاریگەری تێکردووە.

ئارانی لەناوەڕاستی جەنگی یەکەمی جیهانی لەگەڵ چەند گەنجێکی دیکە گۆڤارێك دەردەکەن بەناوی (کاوە)، دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران گۆڤارێکی دەرکردووە بەناوی (دونیا)، تێیدا بیروباوەڕەکانی خۆی بڵاوکردۆتەوە دژی سیستمی کۆنە پەرستانەی رەزاشا بووە.

ساڵی (١٩٣٦) لەگەڵ (٥٣) کەس لەچالاکوانانی مارکسی لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانی ئێران دەسگیر دەکرێن، لەساڵی (١٩٤٠) ئارانی لەناو زیندان کۆچی دوایی دەکات، گومان دەکرێت دەستی دەسەڵاتی تێدا هەبوو بێت.

ئارانی چالاکوانێکی سیاسی کۆمۆنیستی و رۆشنبیرێکی بەتوانابووە لەنووسیندا، تێکڕای رۆشنبیرە مارکسیەکان و سەرکردەکانی حزبی تودە بەسەر چاوەی ئیلهام و پێشەنگی خۆیان دەزانن، وەك مامۆستاو رێبەرێکی مەزنیان ناسیوە.

## • جەعفەر پیشەوەری: (٢٠)

ناوی راستی (جەواد زادە خەلخالی) لەدایك بووی ساڵی (١٨٩٢ یان ١٨٩٣)ی شاری تەورێزە، ساڵی (١٩٠٥) رووی لەروسیا کردووە و لەشاری باکۆ کاری کردووە، ساڵی (١٩٢٠) بەشداری کردووە لەدامەزراندنی یەکەم رێکخراوی کۆمۆنیستی، رۆڵێکی کاریگەری هەبووە لەراپەڕینی ناوچەی گەیلان و دامەزراندنی کۆماری گەیلان لەنێوان (١٩٢٠ – ١٩٢١) دوای لەناوبردنی کۆمارەکە لەلایەن هێزەکانی ئێران، پیشەوەری بەرەو وڵاتی سوڤیەت هەڵاتووەو لەوماوەیە دەسگیر دەکرێت و نزیکەی دەساڵ، زیندانی دەکرێت، پاش رزگار بوونی لەزیندان و لادانی رەزاشا لەدەسەڵات، پیشەوەری بەشداری دەکات لەدامەزراندنی حزبی تودە، رۆژنامەی (ئەژیر) دەردەکات و بەشداری دەکات لەهەڵبژاردنەکانی (١٩٤٣) بۆ ئەنجومەنی شورا، وەك نوێنەر لەسەر شاری تەورێز، بەڵام لەلایەن ئەندامانی ئەنجوومەنەوە قبول ناکرێت.

لەباکۆ، پارتی دیموکراتی ئازەربیجان دادەمەزرێنێت لەکاتی دامەزراندنی حکومەتی ئازەربیجان رۆڵی کاریگەری دەبێت، سەرۆکی وەفدی ئازەریەکان دەبێت لەگەڵ حکومەتی ئێران.

ساڵی (١٩٤٦) بەهۆی هێرشی سوپای ئێران بۆ سەر ئازەربیجان (دیارە دوای کشانەوەی لەشکری سوڤیەت دەبێت) حکومەتی ئازەربیجان دەڕوخێت، ئەوەندەی بۆیان دەکرێ روو لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی حکومەتی سوڤیت دەکەن.

جەعفەر پیشەوەری ماوەیەك لەناوچەی قەفقاسی روسی دەمێنێتەوە، ساڵی (١٩٤٧) بەهۆی رووداوی هاتووچۆ کۆچی دوایی دەکات، گومان لەوەدا هەیە کە مردنەکەی دەستی هەوالگری سوڤیەتی تێدا بێت.

### • حەسەن روحانی: (٢١)

لەدایك بووی ساڵی (١٩٤٨) لەشاری سوخەی سەربەپارێزگای کمنان لەباکوری ئێران، خوێندنی ئامادەیی لەشارەکەی خۆی تەواو کردووە، بۆ خوێندنی ئاینی چووەتە شاری قوم، پاشان لەکۆلیجی یاسا لەتاران وەرگیراوە، بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرای لەیاسا وەرگرتووە لەزانکۆی (کلدونیا کلاسکو).

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) چەندین پلەو پایەی پێ سپێردراوە:

١- نوێنەری ئیمام خومەینی لەوەزارەتی بەرگری، لەو ماوەیەدا بەشداری کاریگەری هەبووە لەدارشتنی ئایدیۆلۆجیای ناو سوپا، هەروەها دامەزراندنی سوپای پاسداران.

٢- لەدامەزراندنی رێکخراوی - زانایانی ئاینی تێکۆشەر - (جامعە روحانیت مبارز) بەشداری کردووەو ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی بووە.

٣- ئەندامی ئەنجوومەنی شورا بووە لەسەر پارێزگای سمنان.

٤- یارمەتیدەری رەفسەنجانی بوو، کاتێ سەرکردەی هێزە چەکدارەکان بوو.

٥- سەرکردایەتی بەرگری ئاسمانی بەدەست بووە لە (١٩٨٥) تاکۆتایی جەنگی عێراق - ئێران لەساڵی (١٩٨٨).

٦- روحانی بۆ ماوەی (١٦) ساڵ سکرتێری ئەنجوومەنی ئاسایشی ئێران بوو.

٧- بەرپرسی گفتوگۆکانی نێوان ئێران و رۆژ ئاوا بوو دەربارەی چەکی ئەتۆمی.

٨- ئەندامی ئەنجوومەنی بەرژەوەندی نیزام بوو.

٩- راوێژکاری رابەری شۆڕشی ئیسلامی بوو لەئێران.

ژمارەیەکی گەورە نووسین هەیە لەکتێب وبابەتی دیکەی بڵاوکراوە.

**• حەسەن نەزیە : (٢٢)**

حەسەن کوڕی محەمەد عەلی نەزیە، ساڵی (١٩٢١) لەشاری تەورێز لەدایک بووە، لەزانکۆی تاران بڕوانامەی لیسانسی وەرگرتووە لەبابەتی ماف، ئەندامی یەکەم بەرەی نیشتمانی بوو، (لەتەموزی/١٩٦٠) حەسەن لەکۆبوونەوەیەکی فراوان رایگەیەند کەبەرەی نیشتمانی دووەم دەستی بەچالاکی دەکاتەوە، بەڵام کاتێ ئەم جارەش کەبەرە سەرکەوتوونەبوو، حەسەن لەئایاری (١٩٦١) لەگەڵ مەهدی بازرگان و مەحمود تالقانی بەشداری لەدامەزراندنی بزووتنەوەی ئازادی ئێران دەکات، کاتێ سێیەم بەرەی نیشتمانی بەسەرکردایەتی کەریم سنجابی پێکهات، حەسەن ئەندامی ئەنجوومەنی جێ بەجێکردنی ئەو بەرەیە بوو.

لەماوەی ڕووداوەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٨ – ١٩٧٩) حەسەن بەسەرۆکی کۆمەڵەی ماف پەروەرانی ئێران دانرا، هەروەها سەرۆکی لیژنەی ئێرانی بوو بۆ بەرگری لە ئازادی و مافی مرۆڤ لەئێران، حەسەن لەسەردەمی حکومەتی بازرگانی (١٩٧٩) بە بەڕێوەبەری کۆمپانیای نەوتی نیشتمانی ئێرانی دانرا، لەو پێگەیە مایەوە تا ئەیلولی (١٩٧٩)، پاشان دوور خرایەوەو ڕەوانەی دادگا کرا، دواتر حەسەن ئێرانی بەجێهێشت و چووە فەرەنسا وەك ئۆپۆزیسیۆنی بەرامبەر سیستمی ئیسلامی لەئێران.

## • حەیدەر عەمو ئۆغلی: (٢٣)

حەیدەر کوڕی عەلی ئەکبەر، لەدایك بووی ناوچەی ئازەربیجانی شاری (ورمێیـە) (یـان سـلماس) لەسـاڵی(١٨٨٠)، خوێندنـەکانی هـەر لەوشـارە تـەواو کـردووە، لەگورجستان پەیمانگای تەکنیکی تەواو کـردووە و بڕوانامـەی دبلـوم وەردەگرێـت، لەساڵی (١٩٠٧) لەکاتی ڕووداوەکانی شۆڕشی روسی لەشاری باکۆ جێگیر دەبێـت، حەیـدەر هـەر لەتەمـەنی (١٨) سـاڵیەوە ئاشـنایەتی لەگـەڵ بیروبـاوەڕی مارکسـی پەیداکردووە.

ژیـانی سیاسـی حەیـدەر بەپەیوەنـدیکردن بـەحزبی سۆسیالسـتی دیمـوکراتی رووسی دەستی پێکردووە، دواتر لەگەڵ برایەکی لەخۆی گەورەترو کەسێکی دیکـە بەناوی (نەریم نەریمانوف) حزبـی سوسیالسـتی دیمـوکراتی ئێرانیـان دامەزرانـدووە لەشـاری بـاکۆ، دوای ماوەیـەك دەگەڕێتـەوە ئێـران و کارگەیـەکی کارەبا لەشـاری مەشهەد دادەمەزرێنێت بەڵام سەرکەوتوونەبوو، لەشاری مەشهەد حزبی دیمـوکراتی دادەمەزرێنێت و رۆژنامەیەك دەردەکات بەناوی (نەوبـەهار) پاشـان رووی لەشـاری تـاران کـردووە، بەشـداری کـردووە لەدامەزرانـدنی (ئەنجومـەنی شۆڕشـگێڕ) کەبەچەندین کاری تیرۆریستی هەستاوە.

حەیدەر لەدووەم خولی ئەنجوومەنی شورای ئێرانی (١٩٠٩) دەبێتە ئەندام پاشتر لەدامەزرانـدنی حزبـی کۆمۆنیسـتی ئێرانـی بەسـکرتێر دادەنرێـت، سـاڵی (١٩٢١) لەناوچەی گەیلان دەکوژرێت.

## • د. حوسێن فاتیمی: (٢٤)

حوسێن عەلی محەمەد ساڵی (١٩١٧) لەشاری ئەسفەهان لەدایك بووە، ساڵی (١٩٤١) لەتاران(٢٤) رۆژنامەی (باختەر)ی دەرکردووە، ساڵی (١٩٤٤) بەمەبەستی خوێندن بەرەو ئەوروپا دەچێت، بڕوانامەی دبلۆم لەراگەیاندن وەردەگرێت.

دەگەڕێتەوە تاران و رۆژنامەی (باختەر ئەمروز)ی دەرکردووە کە تا ساڵی (١٩٥٣) بەردەوام دەبێت، فاتیمی لەسەر لاپەڕەکانی رۆژنامەکەی هێرشی توند دەکات سەر رەزاشاو رژێمەکەی، رۆژنامەکە بەهۆی بابەتی نووسینەکانی سەرنجی خوێندەواران رادەکێشێ.

لەنیسانی (١٩٥١) فاتیمی دەبێتە وتەبێژی رەسمی حکومەتەکەی د.موسەدەق، پەیوەندییەکی توند لەنێوانیادا دروست دەبێت، فاتیمی وەك پێشەواو رابەر تەماشای موسەدەق دەکات، لەشوباتی (١٩٥٢) لەکاتی وتار خوێندنەوە تووشی هەوڵێکی کوشتن دەبێت.

لەنێوان (١٩٥٢ — ١٩٥٣) فاتیمی بەوەزیری دەرەوەی ئێران لەحکومەتەکەی موسەدەق دیاریدەکرێت، هەر بەهۆی نەبوونی پەیوەندی لەنێوان موسەدەق و شا، فاتیمی بەو رۆڵە هەڵدەسێت، لەیەك چاوپێکەوتنەکانی لەگەڵ محەمەد رەزاشا داوای لێدەکات بەشێوەیەکی دیموکراسیانە رەفتار بکات، دیارە ئەو هەڵوێستە زۆر نارەزایی شای بەرامبەر فاتیمی خوڵقاندو چاوەڕێی دەرفەت دەبێت بۆ تۆڵە کردنەوە.

لەئابی (١٩٥٣) لەکاتی روودانی کودەتا سەربازییەکەی سەر حکومەتەکەی موسەدەق، فاتیمی خۆی لەبەر چاو ون دەکات، لەمانگی تشرینی دووەمی (١٩٥٤)

بڕیاری دەسگیرکردنی بۆ دەردەچێت، کاتێ لەباڵەخانەی پارێزگا دێتە دەرەوە لەلایەن چەند پیاوکوژێك پەلامار دەدرێت و بەخەستی بریندار دەبێت.

پاشان ڕەوانەی دادگا دەکرێت، دادگابیەکەی زۆر بەپەلە ئەنجام دەدرێت، بڕیاری کوشتنی بۆ دەردەچێت و لە(١٠/تشرینی دووەمی/١٩٥٤) بڕیارەکە جێ بەجێ دەکرێت.

فاتیمی کەتەمەنی (٣٧) ساڵ دەبێت، ئەو لەساڵی (١٩٥١) هاوسەرگیری سازدابوو، منداڵێکی دووساڵانەی هەبوو، لەلایەن خودی د. موسەدەق بەخێو دەکرێت.

### • (سەید) حەسەن ئەرسەنجانی: (٢٥)

حەسەن محەمەد حوسێن ئەرسەنجانی، ساڵی (١٩٢٢) لەشاری تاران لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەتاران تەواو کردووە، هەر لەزانکۆی تاران لەکۆلیژی ماف وەردەگیری، ساڵی (١٩٥٤) بڕوانامەی دکتورا لەیاسادا وەردەگرێت.

ئەرسەنجانی کەسێکی بەتوانا بوو لەبواری نووسین و وتار خوێندنەوەو گفتوگۆدا، هەر لەسەرەتای گەنجیەوە لەڕۆژنامەکان نوسین و بابەتی جۆراوجۆری بڵاوکردۆتەوە سەرەتا لەڕۆژنامەی (تجدد ایران) لەژێر ناوی (شێخ حەسەن محەلانی) و (داریا) بابەتی بڵاوکردۆتەوە، ساڵی (١٩٤٥) ڕۆژنامەیەکی بەناوی (داریا) دەرکردووە.

ئەرسەنجانی کاری سیاسی لەپەیوەندیکردن بەحزبی (میهن)ەوە دەست پێدەکات، ساڵی (١٩٤١) پەیوەندی بەحزبی (بیکار) دەکات، ساڵی (١٩٤٥) بەهاوکاری بەهاری شاعیرو ئەحمەد سپهەری مێژوو نووس، حزبی (ئازادی)یان دامەزراندووە، ئەگەر چی ئەم حزبە هیچ ڕۆڵێکی نەبووە.

لەساڵانی پەنجاکان بەدواوە پەیوەندی بەحزبی (دیموکرات) دەکات کە ئەحمەد قەوام ئەلسەلتەنە دایمەزراندبوو.

لەکاروفەرمانی حکومەت، ئەرسەنجانی ساڵی (١٩٤٠) وەك فەرمانبەر لەبانکی کشتوکاڵی کاردەکات، خۆی لەئەحمەد قەوام نزیك دەکاتەوەو ساڵی (١٩٤٧) بەهاکاری ئەو بەئەندامی ئەنجوومەنی شورا هەڵدەبژێردرێت، کاتێ ئەحمەد قەوام دەبێتە سەرۆك وەزیران لەتەموزی (١٩٥٢) ئەرسەنجانی دەبێتە یاریدەدەری سەرۆك و وەزیرانی ئێران (عەلی رەزم ئارا)، ساڵی (١٩٦١ – ١٩٦٢) بەوەزیری کشتوکال لەحکومەتەکەی عەلی ئەمینی و دواتر لەوەزارەتەکەی ئەسەدوڵلا عەلەم (١٩٦٢ – ١٩٦٤)، ساڵی (١٩٦٤ – ١٩٦٥) بەباڵیۆزی ئێران لەئیتالیا دادەنرێت.

ئەرسەنجانی لەکارەکانی گرینگی زۆر بەلایەنی کشتوکال و کاروباری جوتیاران داوە، بەبیروباوەڕی خۆی گۆڕینی رژێمی پاشایەتی زۆرداری لە چاکسازی کشتوکاڵیەوە دەست پێدەکات.

ئەوکاتی فەرمانبەر بوو لەبانکی کشتوکالی خەریکی رێکخستنی کۆمەڵەی هەرەوەزی بووە بۆ جوتیاران، لەتەمەنی (١٩) ساڵیدا بەڕێوەبەری پرۆژەی کۆمەڵە هەرەوەزییەکانی جوتیاران بوو کەلەلایەن بانکە کشتوکاڵیەکان پاڵپشتی کراوە، ساڵی ئازادی کۆمەڵەی (ئازادی) دامەزراندووە، لەساڵی (١٩٥١) پرۆژەی دابەشکردنی زەوی بەسەر جوتیاران دەخاتە روو، هەولیش دەدات لەناوچەی مەراغەی ئازەربیجان جێ بەجێ بکات دیارە ئەو کارەی لەلایەن دەرەبەگ و خودی شا دژایەتی کراوە، ئەرسەنجانی دواتر بەهۆی راپۆرتەکانی (ساواك) دەسگیر دەکرێت و بەنۆکەری بەریتانیا لەقەلەم دەدرێت، پاشان واز لە کاروباری حکومەت دەهێنێ و لەتەمەنی (٤٧) ساڵیدا لە (١٩٦٩) کۆچی دوایی دەکات و چەند کتێبێکی لەپاش جێ ماوە.

## • (ئایەتوڵلا) خومەینی: (٢٦)

روحـوڵڵا مسـتەفا کـوڕی ئەحمـەدی موسـەوی سـاڵی (١٩٠٢) لەشارۆچـکەی خومەینی لەدایك بووە، لەتەمەنی(٩) مـانگی بـاوکی کـوژراوەو دایکـی و پورەکـانی بەخێویان کردووە، بـاوکی یـەك لـە زانـا ئاینیـەکانی شیعەبوو، بەمەبەسـتی تـەواو کردنی خوێندنی چووەتە شاری ئاراك لەحەوزەکـەی حـائیری سـاڵی (١٩٢١) دواتـر بەرەو شاری (قوم) ڕۆیشتووە.

ساڵی (١٩٢٧) قۆناغی باڵای خوێندنی تەواو کردووە، بوارەکانی فیقـە و ئوسـول و فەلسـەفەی خوێنـدووە، دەبێتـە مامۆسـتاو ژمارەیـەکی گـەورەی خوێنـدکاری دەبێت، ساڵی (١٩٢٨) هاوسەرگیری کردووەو سێ کچ و دوو کوڕی بووە.

کاروچالاکیە سیاسییەکانی خومەینی لە (١٩٤٤) وەدەست پێدەکات، ئـەو بـیرو باوەڕەکانی خۆی لەکتێبێك بڵاوکردۆتـەوە، دژایـەتی خومـەینی بـۆ ڕژێمەکـەی شـا بواری ئابوری گرتبۆوە، هەوڵیداوە زەحمەتکێش و چەوساوەکان بجووڵێنێ.

هـەروەها دژی دەسـتیۆەردانی بێگانـە بـووە لـەکاروباری نـاوخۆی ئێـران، بیروباوەڕەکـانی خومـەینی کـورت دەکرێتـەوە لەسـەر: بـاوەڕبوون بـە حاکمیـەتی خودا، جیهاد، یەکگرتن، هەروەها راڤـەکردنی ئـاین لەمیانـەی سیاسـەت و جیهـادو دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسلامی.

لەحوزەیرانی (١٩٦٣) خومەینی دەسگیردەکرێت لەلایـەن دەسـەڵاتەوە، دیـارە ئەوکارە ناڕەزاییەکی توندی جەماوەری بـەدوای خۆیـدا هێنـا لـەئێران، لەنیسـانی (١٩٦٤) ئازاد دەکرێت، بەڵام لەتشرینی دووەمـی (١٩٦٤) جـارێکی دیکـە دەسـگیر دەکرێت و بۆ وڵاتی تورکیا دوور دەخرێتەوە پاش ساڵێك لە (١٩٦٥) بۆ عێراق دوور دەخرێتەوەو لەشاری (نەجەف) نیشتەجێ دەبێت، لەو ماوەیەی کەلەعێراق دەبێت، ئەو لەپەیوەندی و ئاراستە کردنی بزووتنـەوەی ئیسـلامی لـەئێران بـەردەوام بـوو، خومەینی بەبلیمەتێکی شۆڕشگێرانەی ڕێکخراوەیی دەناسرێت، کە وێنەی کەم بووە

لە شۆڕشە هاوچەرخەکانی جیهان، توانیویەتی رژێمێکی بەهێزی وەك محمەد رەزاشا بڕوخێنێ و دواتریش خۆی ببێتە رابەری نەتەوەو (وەلی فەقیە).

هەر بەهۆی رێککەوتنی نێوان عێراق و ئێران لەناوەڕاستی حەفتاکان، خومەینی رووی لەوڵاتی فەرەنسا کرد، لەدەوروبەری شاری پاریس نیشتەجێ بوو، لەوێش درێژەی بەچالاکیەسیاسییەکانی خۆیدا، دوای ئەوەی محەمەد رەزا لەسەرەتای (١٩٧٩) ئێرانی بەجێهێشت، خومەینی لەشوباتی (١٩٧٩) دەگەڕێتەوە تاران و لە (١/نیسانی/١٩٧٩) بڕیاری کۆتایی هاتن بەرژێمی پاشایی دێت و کۆماری ئیسلامی دادەمەزرێت، خومەینی لە (٥/حوزەیرانی/١٩٨٩) کۆچی دوایی دەکات.

## • خەلیل ملکی: (٢٧)

ساڵی (١٩٠٢) لەشاری تەورێزی لەدایك بووە، خەلیل لەتەمەنی منداڵی توندو تیژی و هەڵچوونەکانی شۆڕشی دەستوری بەرچاو کەوتووە، هێشتا قوتابی سەرەتایی بوو کەباوکی لەدەستداوە، دایکی دووبارە شوی کردووەو خانەوادەکەی بەرەو (ئاراك) کۆچیان کردووە.

خەلیل لەتاران لەخوێندنگای تەکنیکی ئەلمانی خوێندن تەواو دەکات، دواتر لەسەردەمی رەزاشا روو لەئەلمانیا دەکات بۆ خوێندنی باڵا، لەوی لەگەڵ (تەقی ئارانی) یەکتریان ناسیوە، دوای گەڕانەوەی بۆ تاران بەمامۆستا لەپەمانگا دادەمزرێت.

ساڵی (١٩٣٧) دەسگیر دەکرێت، دوای نەمانی رەزاشا لەدەسەڵات، ئازاد دەکرێت، لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی بەشداریکردووە لەدامەزراندنی حزبی توودە ساڵی (١٩٤١).

بیروباوەڕی خەلیل دژی ئەو هەوڵانە بوو جیابوونەوەی ناوچەی ئازەربیجان یان هەر ناوچەیەکی دیکە لەئێران، هەمان بۆ چوونی حزبی تودە بوو، لەناو حزبی

توده، خـەلیل لەگـەڵ گروپێکـی دیکـە بـەریفۆرمخوازان ناویـان دەرکردبـوو، سـاڵی (١٩٤٧) لەحزبی تودەجیا دەبنەوە.

خەلیل لەرۆژنامەکانی (دنیا) و (شاهید) نووسینەکانی خـۆی بـڵاو دەکـردەوە، بیروڕای تایبەتی هـەبوو دەربـارەی پەیوەندییـەکانی نێـوان حزبـی تـودەو یـەکێتی سۆڤیەت.

خەلیل دوای جیابوونەوەی لـەتودە، بـەهاوکاری بـەقایی حزبـی زەحمەتکێشـان دادەمەزرێنن، کەبووە ئەندام لەبەرەی نیشتمانی، دوای ڕوودانی دووبـەرەکی لـەناو حزبی زەحمەتکێشان، خەلیل ملکی و چەند هاوڕێیەکی (نیرۆی سوم) هێزی سێیەم پێکـدەهێنن، سـاڵی (١٩٦٥) خـەلیل بەشـداری دەکـات لەدامەزرانـدنی بـەرەی نیشتمانی سێیەم، هەر بەهۆی نەخۆشییەوە ساڵی (١٩٧٠) کۆچی دوایی دەکات.

لەدوای خۆی بەرهەمێکی گەورەی نووسین بەجێهێشتووە.

## • (شێخ) خەزعەل: (٢٨)

خەزعەل کوڕی جابر کوڕی مرداو، بەمیری موحەمەرە بـەناوبانگ بـوو، لەشـاری (ئەبونەلخەسـیب)ی سـەربەرپارێزگای بەسـرە سـاڵی (١٨٦١) دایـک بـووە، دوای کوشتنی مەزعەلی بـرای لـە (١٨٩٧) بـووە بـەمیری موحەمـەرە، لـەماوەی جـەنگی یەکـەمی جیهـانی هەوڵیـداوە ببێتـە شـای عێـراق، بـەڵام بەریتانیـەکان پێـی ڕازی نەبوون.

پەیوەندییەکانی خەزعەل بەحکومەتی تـاران لاواز بـوو، ئـەو پەیوەندییـە تـەنها بریتـی بـوو لـەو باجـەی سـاڵانە لێـی وەردەگـیرا، هـەموو کـارو بارەکـانی نـاوخۆی میرنشینەکەی بەخۆی بەڕێوەی دەبـرد، لەهـەوڵی ئـەوەدابوو دەوڵـەتێکی عـەرەبی سەر بەخۆ لەناوچەکە دابمەزرێنێت، بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندییـەکی باشـی لەگـەڵ

حکومـەتی بـەریتانیا دروسـت کردبـوو، سـاڵی (١٩٠٨) کـاتێ نـەوت لەناوچـەکە دۆزرایەوە، کۆمپانیاکانی بەریتانیا پشـکی (٥١٪) ئـەو نەوتـەیان بەدەست کـەوت، دیارە ئەوکارە پەیوەندییەکانی نێوان شێخ خەزعەل و بەریتانیای توندتر کرد.

لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ — ١٩١٨) زیاتر پشتگیری بـەریتانیای کرد، لەبەرامبەر پەیوەندییەکانی بەتارانەوە کە رووی لەلاوازی کرد، ئـەو پارەیـەی کەوەك باج بۆ تارانی دەنارد ئەویشی راگرت، بـەڵام دوای سـاڵی (١٩٢١) وەپێگـەی شێخ رووی لەلاوازی کرد بەهۆی دەرکەوتنی رەزاشا و بەدەست گرتنـی دەسـەڵات دواتر، شا هەوڵیدا ناوچەکە بخاتەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتەکەی بۆ ئەم مەبەستە لەشکری نـاردە ناوچـەکە، بـەڵام بـەرەو رووی شـەڕو پێکـدادان هـات، کـاتێ بـۆی دەرکەوت ئەم کارە بەشەڕ ئاسان نیەو کۆتایی نایێت، پەنای بردە بەر سیاسـەت و گفتوگۆ، پەیوەندییەکانی نێوان هەردوولا ئاسایی بـووەوە، شـا پیلانـی هـەبوو بـۆ دەسگیرکردنی شێخ خەزعەل، بۆیە لەبۆنەیەکدا کەشێخ لەسەر کەشتیەکی بچووك لـەناو کەنـداو دادەبێـت، هێزەکـانی ئێـران دەوری دەگـرن و دەسـگیری دەکـەن و رەوانــەی تــاران دەکرێــت، لــەتاران تاســاڵی (١٩٣٦) دەمێنێتــەوەو لە(٢٥/ئایاری/١٩٣٦) کۆچی دوایی دەکات.

- **داریوش فروهەر: (٢٩)**

ساڵی (١٩٢٩) لەشاری ئەسفەهان لەدایك بووە، باوكی ئەفسەرێكی سوپای ئێران بوو، خوێندنی لەورمێ و تاران تەواو كردووە، چالاكی سیاسی لە(١٩٤٢) وەدەست پێكردووە لایەنگری رێبازەكەی د. موسەدەق بوو، كەسایەتی موسەدەق كاریگەری بەسەریدا هەبووە، بیروباوەڕی نەتەوەیی توندرەوی هەڵگرتووە.

ساڵی (١٩٤٤) بەشداری خۆپیشاندانی قوتابیانی كردووە بۆ پشتگیری موسەدەق، ساڵی (١٩٤٩) كاتێ خوێندكار بوو لەزانكۆی تاران بەهۆی چالاكی سیاسی دەسگیر دەكرێت، بەشداری كردووە لەدامەزراندنی حزبی ( جەنگی ئێران) بەهاوكاری هەریەك لە موحسین پزیشكپور، د. محەمەد رەزا عاملی تارانی، ئەم حزبە بەهۆی هەڵوێستی لەشای ئێران دووبەرەكی دەكەوێتە ناوی، داریویش لەگەڵ موحسین پزیشكپور حزبی (بان ئیرانست) دادەمەزرێنن، حزبەكە ئاراستەیەكی ئایدیۆلۆژی راسترەوی گرتبووەبەر.

داریوش ساڵی (١٩٥٣) پشتگیری د. موسەدەق دەكات دەربارەی پرسی خۆماڵیكردنی نەوت، بەشداری كردووە لەدامەزراندنی دووەم بەرەی نیشتمانی ساڵی (١٩٦٠) و سێیەم بەرەی نیشتمانی ساڵی (١٩٦٥).

لەئاست دەست هەڵگرتنی حكومەتی تاران لەبەحرەین، داریۆش ئەو كارەی بە خیانەت لەقەلەم داوەو دژی وەستاوە.

ناوبراو لەحكومەتەكەی مەهدی بازرگان لەشوباتی (١٩٧٩) دەبێت بەوەزیر، ئەو پێشتر پەیوەندی بە خومەینی هەبووە كاتێ لەپاریس دەبێت.

داریوش لە (١/ئازاری/١٩٩٩) لەناو شاری تاران لەگەڵ هاوسەرەكەی تیرۆر دەكرێن، پەنجەی تاوانیش بۆدامەزراوە ئەمنیەكانی حكومەت درێژ دەكرێت.

## • رەزا شای پەهلەوی: (٣٠)

رەزا کوڕی عەباس قولی خان، ئەفسەر لەسوپای قاجاری،عەباس باوکی رەزا (٧) جار هاو سەرگیری کردووە، (٣٢) کوڕو کچی هەبووە.

رەزا لەگوندی ئالشت (پارێزگای مازەندەران) لە (١٦/ئازاری/١٨٧٨) لە دایك بووە، دایکی بەڕەچەڵەك قەفقاسییە، رەزا تەمەنی (٨) مانگ بوو باوکی کۆچی دوایی دەکات، دایکی بەهاوکاری خاڵەکانی بەخێوی دەکەن.

کاتێ رەزا تەمەنی دەگاتە (١٦)ساڵ دەبێت بەسەرباز لەتیپی (قەوزاق) و پلەبەپلە سەردەکەوێت تا لەساڵی (١٩٢٠) دەگاتە پلە جەنەڕاڵ، دووجار هاوسەر گیری سازداوە.

ڕەزا شا لەماوەی خزمەتکردنی لەسوپادا ئەفسەرێکی بەتوانا و لێهاتوو بوو لەشەڕەکانی تاران، ساڵانی (١٩٠٨ و ١٩١١) بەشداری کردووە، ناوبراو بەکەسێکی کەللەڕەق و زۆر دارو کاریگەر بەڕۆژئاوا ناسرابوو، هەولیداوە لەسەر شێوەی مستەفا کەمال ئێران بگۆڕێت و بیکاتە دەوڵەتێکی کۆماری، بەلام دژایەتی زۆرکرا لەوبارەوە.

لەدوای جەنگی یەکەمی جیهانی، رەزاخان دەبێتە کەسێکی بەدەسەلات و رۆڵی کاریگەری دەبێت لەکاروباری ئێران، لە (٢١/شوباتی/١٩٢١) دەبێتە فەرماندەی سوپا، پاشان سەرۆك وەزیران، لەو ماوەیەدا دەسەلاتی ڕاستی لەئێران بە دەستی ئەوەوە دەبێت و ئەحمەد شای قاجاریش ناچار دەکات کە ئێران بەجێ بهێڵێ، لە (١٣/کانوونی یەکەمی/١٩٢٥)، پەرلەمان (ئەنجوومەنی شورا)ی ئێران بەناچاری رازی دەبن لەسەردانانی رەزاخان بەشای ئێران و نازناوی پەهلەوی هەڵدەگرێت بۆ

خۆی، رەزاشا ساڵی(١٩٣٤) بڕیار دەدات ناوی وڵات لە فارسەوە بگۆڕێت بۆ (ئێران)، کە بەمانای وڵاتی ئارییەکان دێت.

لە (٢٥/ئابی/١٩٤١) لەشکری روسیاو بەریتانیا هەریەکە بەشێك لەخاکی ئێران داگیردەکەن، رەزاشا ناچار دەکەن دەست لەدەسەڵات هەڵبگرێت و محەمەدی کوڕی ببێتە شای ئێران لەشوێنی، رەزا شا بەرەو ئەفریقیای باشور کۆچ دەکات و لەوێ لە (٢٥/حوزەیرانی/١٩٤٤) کۆچی دوایی دەکات و لە (٣/ئایاری/١٩٥٠) تەرمەکەی دەگەڕێتەوە ئێران.

چلێسی و چاوبرسێتی رەزاشا لەوانی پێشتری لەبنەماڵەی قاجاری خراپتربوو، کاتێ رەزاشا دەستی لەدەسەڵات هەڵگرتووە، ئەو موڵك و زەوییانەی کەلە سەری تاپۆکرابوو یان دەستی بەسەریاندا سەپاندبوو لەدوو هەزار گوند زیاتر بوو.

- **زەهرا رەهنورد: (٣١)**

لەدایك بووی ساڵی (١٩٤٥)ی شاری بروگەردە، باوکی سادقی کازمی ئەفسەری سوپای ئێران بوو، دایکیشی (ئیحترام ئەلسادات) کچی نەواب سەفەری سەرکردەی رێکخراوی فیدائیانی ئیسلام بوو.

کولیجی هونەرە جوانەکانی زانکۆی تاران تەواو کردووە، بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە لەبواری پەروەردەو فێربوون، بەکاری هونەری، رۆژنامەگەری، نووسین لەرۆژنامەکان هەستاوە.

چەندین پێشانگای هونەری لەشاری تاران لەبواری نیگارکێشی کردۆتەوە، رووی لەنووسین کردووە بڕێکی زۆری وتارو نووسین بڵاوکردۆتەوە.

لەبواری سیاسیەت بەناوی (زەینەب بروگەردی) لەساڵی (١٩٧٣) وەکاری کردووە، لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشی (١٩٧٩) لەلایەن رێکخراوی موجاهیدینی

خەلق کاندید دەکرێت بۆ ئەنجوومەنی شارەزایان بەڵام سەرکەوتوونابێت، چەندین پلەو پایەی رەسمی و کاری حکومەتی لەئەستۆگرتووە، هاوسەرگیری لەگەڵ میرحوسێن موسەوی سازکردووە، باوەڕی بەبیروبۆچوونەکانی بیرمەندی ئێرانی عەلی شەریعەتی هەیە.

## • زیائەدین تەباتەبائی: (٣٢)

زیائەدین تەباتەبائی محەمەدی، لەبنەماڵەیەکی ئاینی لەشاری یەزد ساڵی (١٨٨٨) لەدایك بووە، بڕوانامەی پزیشکی لەزانکۆی تەوریز وەرگرتووە، لەبواری رۆژنامەگەری کاری کردووە، بەشداری لەشۆڕشی دەستوری کردووە، لەنێوان (١٩١١ – ١٩١٢) لە شاری پاریس خوێندوویەتی، دوای شەڕی یەکەمی جیهانی پەیوەندی توندی دورست کردووە لەگەڵ بەریتانیەکان، ساڵی (١٩٢٠) لەبواری دیبلوماسی بۆ ئێران کاری کردووە، دوای رووداوەکانی شاری تاران لە (١٩٢١) پۆستی سەرۆك وەزیرانی وەرگرتووە، لەوماوەیە هەوڵیداوە بەچەند کارێکی چاکسازی هەستێت لەبواری ئابوری، کە نارەزایەتی دەرەبەگەکانی لێ پەیدابووە، تەباتەبایی دوای نزیکەی سێ مانگ لەدەسەڵات دوور خراوەتەوە، بەهۆی ناکۆکی لەگەڵ رەزاخان، پاشان بەرەو دەرەوەی ئێران چووە، سەرەتا لەعێراق ماوەتەوە، دواتر بەریتانیا رێگای بۆ خۆش کردووەو رووی لەفەلەستین کردووە.

دوای لادانی رەزاشا، ساڵی (١٩٤٣) گەڕاوەتەوە ئێران، دەستی بەکاری سیاسی کردووەو حزبی (ئیرادەی میللەتی) دامەزراندووە، لەخولی (١٤) ئەنجومەنی شورا (١٩٤٤ – ١٩٤٦) بووە بەئەندام، دوای دوو ساڵ، خۆی لەکاری سیاسەت دوور خستۆتەوە، گۆڕان بەسەر بیروراکانی هاتووە، جەختی لەسەر پەیوەندی بەهێزی کردووە لەگەڵ یەکێتی سوڤیەت و وڵاتانی ئەورووپای رۆژهەڵات، ساڵی (١٩٦٩) کۆچی دوایی کردووە.

### • سادق خەلخالی: (٣٣)

محەمەد سادق سادقی، ناسراو بەخەلخالی ساڵی (١٩٢٦) لەشاری خەلخالی دایك بووە، خوێندنی لەحەوزەی عیلمی شاری قوم و پاشان لەشاری نەجەف لەسەر دەستی خومەینی تەواو کردووە، چەند جارێك زیندانی کراوەو بۆ شوێنی دوور دوور خراوەتەوە بەهۆی پەیوەندی بەبزووتنەوەکەی ئیمام خومەینی.

خەلخالی یەك لەو کەسانە بوو کە زۆر نزیکی خومەینی بوو، ناوبانگی دەرکرد کاتێ بووە سەرۆکی دادگای شۆڕش و ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بەکوشتدا.

ناوبراو سەرۆکی رێکخراوی (فیدائیاتی ئیسلام) بوو تا (٢٥/ئایاری/١٩٧٩)، چەند جارێك بۆ ئەنجومەنی شورای ئێران هەلبژێردراوە، بووە بەئەندامی ئەنجومەنی شارەزایان و سەرۆکی لیژنەی نەهێشتنی مادە هۆشبەرەکان.

ساڵی (٢٠٠٤) کۆچی دوایی کردووە بەهۆی نەخۆشییەوە.

### • سادق شەرەفکندی: (٣٤)

ساڵی (١٩٣٧) لەگوندی (شەرەف کندی) سەربەشاروچکەی بۆکان لەدایك بووە، برای هەژاری شاعیرە، خوێندنی سەرەتایی لەبوکان تەواو کردووە، پاشان لەگەڵ خێزانەکەی رووبان لەشاری مەهاباد کردووە، ئامادەیی لەتەورێز تەواو کردووە، لەزانکۆی تاران، بڕوانامەی زانکۆی بەدەست هێناوە، ساڵی (١٩٧٠) بڕوانامەی لیسانسی وەرگرتووە، ساڵی (١٩٧٦) لەفەرەنسا بڕوانامەی دکتورای وەرگرتووە لەبابەتی کیمیا، ماوەیەك لەشارەکانی مەهاباد و تەورێز مامۆستابووە، دواتر لە زانکۆی تاران وەك مامۆستا دادەمەزرێت.

ژیانی سیاسی لە (١٩٧٣) دەست پێدەکات و پەیوەندی بەحزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەکات لەرێگەی د. قاسملو لەشاری پاریس، لەکۆنگرەی چوارەم بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت و دەبێتە بەرپرسی حزب لەشاری

تاران، ساڵی (١٩٨٦) دوای شەهید بوونی د. عەبدولرەحمان قاسملو، شەرەف کندی دەبێتە سکرتێری حزب، لە (١٧/ئەیلول/١٩٩٢) لەشاری بەرلین لەگەڵ سێ هاوڕێی دیکەی شەهید دەکرێن، هاوسەرگیری سازداوەو سێ منداڵی هەیە.

- **د. سادق قوتب زادە: (٣٥)**

ساڵی (١٩٣٧) لەشاری تاران لەدایك بووە، پاش خوێندنی قۆناغەکانی سەرەتایی و ئامادەیی و روو لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات بۆ خوێندن، لەزانکۆی جورج تاون وەردەگیرێت.

قوتب زادە، چالاکی سیاسی دەست پێدەکات کاتێ خوێندکاری ئامادەیی دەبێت، لەوماوەیەدا پەیوەندی بەبزووتنەوەی ئیسلامی دەکات، کاتێ لەئەمریکا دەخوێنێت لەگەڵ هەریەك لە د. ئیبراهیم یەزدی و د. مستەفا شەمیران دۆستایەتی لەنێوانیان پەیدا دەبێت، هەرسێکیان هەوڵێکی زۆر دەدەن بۆ دامەزراندنی رێکخراوی قوتابیانی ئێرانی لەئەمریکا.

سادق قوتب زادە ناوبانگی دەرکرد کاتێ پەیوەندی بەخومەینیەوە کرد لەپاریس، ساڵی (١٩٧٨) بووەیەك لەکۆڵەکەکانی خومەینی لەکاری سیاسیداو لەگەڵیشی گەڕایەوە تاران لەشوباتی (١٩٧٩)، کاتێ مەهدی بازرگان حکومەتەکاتیەکەی پێکهێنا لە (١٣/شوباتی/١٩٧٩)، سادق قوتب زادە بووە بەڕێوەبەری دامەزراوەی ئێزگەو تەلەفزیون، دواتر بەوەزیری دەرەوەی ئێران، لەوپێگەیە ماوەتەوە تا ئەیلولی (١٩٨٠) کەناچار کرا دەست لەکار بکێشێتەوە.

لەرۆژی (٣/تشرینی دووەم/١٩٨٠) دەسگیردەکرێت و ماوەی یەك هەفتە لەزیندان دەمینێتەوە، دواتر ئازاد دەکرێت، دیارە هۆکاری لادانەکەی لەوەزارەتی دەرەوە، لایەنگری قوتب زادە بوو بۆ ئەبولحەسەن بەنی سەدر بووە.

### • سەعید موحسین: ( ٣٦ )

ساڵی (١٩٣٩) لەشاری زنجان لەخێزانێکی گوزەران ناوەند لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تەواو کردووە لەشاری تاران، پاشان لەکۆلیژی تەکنولوژی بەشی ئەندازەی خانووبەرەو وەردەگیری و ساڵی (١٩٦٣) بڕوانامە وەردەگرێت، ئەو ساڵە هاوکات بوو لەگەڵ چالاکیەکانی بەرەی نیشتمانی و بزووتنەوەی ئازادی ئێران، سەعید لەماوەیەدا بەهۆی پەیوەندی سیاسی بەو ڕێکخروانە دووجار زیندانی کراوە، هەر بەهۆی بێ دەرامەتی دەستی کردووە بەکرێکاری و کاسبی بۆ بژێوی خۆی.

لەخەسلەت و تایبەتمەندییەکانی سەعید وریایی و سوود وەرگرتنی بووە لەئەزموون و ڕووداوەکانی ژیان بەبیرکردنەوەی خۆی گەیشتۆتە چەند دەرئەنجامێك، ئەو دوای تەواو کردنی خوێندنی ماوەیەك بووە بەسەرباز، لەژیانی سەربازیشی کەسێکی وریاوڕێك و پێك بووە، گرینگی داوە بەزانیاری سەربازی و ڕاهێنان.

سەعید پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ حەنیف نەژادو چەند کەسێکی دیکە پەیدا کردووە، بەیەکەوە گەیشتوونەتە ئەو بڕیارەی کەدامەزراندنی ڕێکخراوێکی شۆڕشگێر کارێکی پێویستە، کەلەڕووی تیۆری و پراکتیکەوە جیاواز بێت لەڕێکخراوە سیاسییەکانی دیکە، دیارە ئەو ڕێکخراوەش، سازمانی موجاهیدینی خەلق بوو.

سەعید بەهۆی چالاکی سیاسی لەگەڵ چەند هاوڕییەکی لەئەیلولی (١٩٧١) دەسگیر دەکرێت، دوای چەند مانگێك لەزیندانی و ئەشکەنجە، لەگەڵ دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی موجاهیدینی خەلق لە (٢٥/ئایاری/١٩٧٢) بڕیاری لەسێدارەدانیان لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

## • ستارخان: (٣٧)

ستارخان کوڕی حاجی حەسەن قەرەداغی: لەساڵی (١٨٦٦)ی شاری رزقانی ناوچەی ئازەربایجان لەدایك بووە، لە(١٧/تشرینی دووەمی/١٩١٤) لەتەمەنی (٤٨) ساڵی کۆچی دوایی کردووە.

سەرەتای تەمەنی بەکاسب کاری و ولاّغ فرۆشتن ژیاوە، پاشان رووی لەکاری سیاسی و خەباتی چەکداری کردووە.

ستارخان لەسەردەمی شۆڕشی دەستوری لەناوچەی ئازەربایجان لەناو ریزەکانی جەماوەر، وەك کەسێکی بەتواناو لێهاتوو دەرکەوت، بەشداری خەباتی جەماوەری کرد دژی ستەم و زۆرداری محەمەد عەلی شای قاجاری، بەهۆی ئازایەتی و هەڵوێستەکانی جەماوەر نازناوی (سەرداری میللەت)یان پێ بەخشی، لەو سەردەمە بە(گاریبالدی ئێران) ناوی دەرکرد، بەهاوکاری باقرخانی هاورێی ، لەتشرینی یەکەمی (١٩٠٨) توانیان دەست بەسەر شاری تەورێز بگرن، کۆگاکانی چەکیان دەسکەوت و چەکیان بەسەر خەڵك دابەشکرد، کاروباری شاریان رێکخست، چەندین ئەنجومەنیان پێکهێنا بۆ سەرپەرشتی دامەزراوەکانی حکومەت، زەوی دەرەبەگەکانیان دابەشکرد بەسەر جوتیاران.

حکومەتی تاران بەپشتیوانی هێزەکانی بەریتانیا و روسیا توانیان دەست بەسەر شارەکە بگرنەوە.

## • سليمان ئەسكەندەری : ( ٣٨ )

سليمان ميرزا موحسين ئەسكەندەری ساڵی (١٨٦٦) لەشاری تاران لەدايك بووە، خوێندنی لەتاران تەواو كردووە، لەناو دام و دەزگاكانی حكومەت چەندين پلەو پايەی جياواز وەردەگرێت تادەگاتە وەزيری.

لەئەنجوومەنی ئادەميەت (ماوەی شۆڕشی دەستوری) ئەندام بووە، دواتر كۆمەڵەی مافی دامەزراندووە، لەسەر لاپەڕەی رۆژنامەی (حقوق) بيروباوەڕەكانی خۆی بڵاوكردۆتەوە، چەند جارێك بۆ ئەنجومەنی شورا (پەرلەمان) بەنوێنەری شارەكانی ئێران هەڵبژێردراوە، خولی دووەم و سێيەم و چوارەم.

ساڵی (١٩١٥) دژی هێرشی روسيا بۆ سەر ئێران كۆميتەيەك لەئێران پێكدێت بەسەر كردايەتی ئەسكەندەری، ساڵی (١٩١٧) بۆ دووەم جار دەسگيردەكرێت و بۆ هيندستان دوور دەخرێتەوە، دوای كودەتاكەی (١٩٢١) بەنهێنی دەگەڕێتەوە، هەر لەوساڵەدا لەگەڵ سەيد محەمەد سادق تەباتەبائی حزبی سوسيالست دادەمەزرێنن، لەو دەوروبەرە سليمان لەلايەن دەوڵەتی سوڤيەتی وەك سەركردەيەكی چەپ ناسراوە، سەردانی وڵاتی فەرەنسا دەكات و چاوی بەچەند كەسايەتيەك دەكەوێت.

پاشان لەكاری رەسمی خانە نشين دەكرێ، دوای لادانی رەزاشا لەدەسەڵات سليمان لەگەڵ چەند هاوڕێيەكی حزبی تودە دادەمەزرێنن و دەبێتە يەك لە سەركردەكانی، ساڵی (١٩٤٣) لەشاری تاران كۆچی دوايی دەكات.

### • سمکۆ یەزدان پەنا: (٣٩)

سکرتێری یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، ساڵی (١٩٧٠) لەگوندێکی ناوچەی (فەیزوڵلابەگی) لەدایك بووە، ساڵی (١٩٨٦) بووە بەپێشمەرگە، ساڵی (١٩٩١) لەسەر پێش نیازی براکەی بووە بەئەندامی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، یەکەم کۆمیتەکانی حزبیان لەهۆلەنداو ئەلمانیا بونیادناوە، لەناوحزبدا بەرپرسیارییەتی جۆراوجۆری لەئەستۆ گرتووە.

ساڵی (١٩٩٧) بەنوێنەرایەتی یەکێتی شۆڕشگێرانی کوردستان، لەکۆنگرەی نەتەوەییدا کەلەشاری (بروکسل) بەسترا، بووە بەئەندامی هەیئەتی ئیجرائی کۆنگرە.

### • شاپور بەختیار: (٤٠)

ساڵی (١٩١٥ – یان – ١٩١٦) لەپارێزگای جهارمحال لەدایك بووە، خوێندنی باڵای لە وڵاتی فەرەنسا تەواو کردووە، ماوەی دوو ساڵ خزمەتی سەربازی لەسوپای فەرەنسا بەجێگەیاندووە لەماوەی جەنگی دووەمی جیهانی، بەخزمایەتی دەگاتەوە دووەم هاوسەری محەمەد رەزاشا – سورەیا ئەسفەندیاری – لەسەردەمی حکومەتەکەی د. موسەدەق ساڵی (١٩٥٣) بەوەزیر دیارکراوە، لەسەرکردەکانی حزبی ئێران و دامەزراندنی بەرەی نیشتمانی بۆ سێیەم جار لەساڵی (١٩٧٨) بەشداری کردووە.

لەگەرمەی ڕووداوەکانی شۆڕشی گەلانی ئێران (١٩٧٩) و لەسەر داوای شای ئێران ، سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران بوو، بەڵام نەیتوانی درێژە بەکارەکانی بدات و بەنهێنی ئێرانی بەجێهێشت و بەرەو فەرەنسا رۆیشت، لەفەرەنسا رابەرایەتی

بەرەی بەرھەڵستکاری ئێران —ی کردووەکە دژی کۆماری ئیسلامی بوو، لە (٣/ئابی/١٩٩١) لەشاری پاریس لەلایەن چەند کەسێکەوە دەکوژرێت کە دزگای هەواڵگری ئێرانی پێ تاوانبار کرا.

• **شیرین عبادی: (٤١)**

شیرین محەمەد عەلی عیبادی، پارێزەرو دادوەر، چالاکوان لەبواری مافی مرۆڤ لە(٢١/حوزەیران/١٩٤٧) لەشاری هەمەدان لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی تا زانکۆ لەتاران تەواو کردووە، ساڵی (١٩٦٥) لەکۆلیژی ماف وەرگیراوە.

ساڵی (١٩٧١) بڕوانامەی ماستەری لەیاسا وەرگرتووە، بەسەرۆکی بەشی (٢٤) وەك دادوەر دامەزراوە، دیارە ئەوە یەکەم ژن بووە لەسەردەمی شا بگاتە ئەو پلەیە.

شیرین لەتەمەنی (٢٨) ساڵی لەگەڵ ئەندازیار جەواد توسلیان هاوسەرگیرییان سازداوە، ڕۆڵێکی گەورەی گێراوە لەچاکسازی یاساکانی خێزانی لەئێران بەتایبەتی ئەوەندەی پەیوەندی بەتەلاق و میرات هەیە.

ساڵی (١٩٩٢) دەستی بەکاری پارێزەری کردووە، ساڵی (١٩٩٩) لەزنجیرەیەك لێکۆلینەوەی کوشتن بەرامبەر نووسەرو بیرمەندانی ئێرانی کۆڵیوەتەوە.

بەهۆی کاروچالاکیەکانی لەلایەن ڕێکخراوی (هیومان رایتس ووتش) بۆمافەکانی مرۆڤ چەندین جار پاداشت کراوە، ژمارەیەکی زۆری خەلات وەرگرتووە، وەك خەڵاتی نوبل بۆ ئاشتی و لەچەندین دامەزراوەی دیکەی جیهانی.

ژمارەیەکی گەورەی کتێب و نووسین هەیە، یادەوەریەکانی خۆی لەژێر ناوی — ئێران بەئاگا دێتەوە — بڵاوکردۆتەوە، بڕی (١٨) بڕوانامەی دکتورای ڕێزلێنانی وەرگرتووە لەزانکۆکانی جیهان، ئێستا لەوڵاتی فەرەنسا دەژیت.

## • عەبدوڵلا ڕەمەزان زادە: (٤٢)

ساڵی (١٩٦١) لەشاری (بیجاری) ناوچەی کوردستانی (ئێران) لەدایك بووە، بەڕەگەز کوردە، ساڵی (١٩٧٠) لەگەڵ خێزانی روویان لەشاری تاران کردووە، لەزانکۆی (ئیمام سادق) خوێندوویەتی و بڕوانامەی ماستەری وەرگرتووە، هەروەها لەزانکۆی (لفون)ی بەلجیکی بڕوانامەی دکتورای لەبابەتی زانستە سیاسییەکان وەرگرتووە، ماوەیەك مامۆستابووە لەزانکۆی تاران.

چالاکی سیاسی پێش شۆڕشی گەلانی ئێرانی دەست پێکردووە، یەك لەپاسەوانەکانی ئیمام خومەینی بووە، دوای گەڕانەوەی ئیمام خومەینی بۆ ئێران، عەبدوڵلابە ئەندامی لیژنەکانی شۆڕش دانراوە، چەند جارێك هەڕەشەی کوشتنی لێکراوە.

ئەمینداری گشتی بەرەی ریفۆرم و ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی بەرەبوو، لە سەردەمی سەرۆك کۆمار (محەمەد خاتمی) بەپارێزگاری کوردستان دانرابوو، دواتر ئەمیندای گشتی ئەنجومەنی وەزیران پێدراوە.

## • عەبدوڵلای موهتەدی: (٤٣)

عەبدوڵلای کوڕی حاجی رەحمانی موهتەدی، لەدایك بووی ساڵی (١٩٤٩)ی شاری بۆ کان (کوردستانی رۆژهەلات)، باوکی یەکێك بوو لەوەزیرەکانی حکومەتی کۆماری مەهاباد ساڵی (١٩٦٤)، پاش روخاندنی کۆماری مەهاباد ئەم بنەماڵەیە کۆچ دەکەن، بەرەو شاری تاران، عەبدوڵلا لەزانکۆی تاران خوێندن تەواو دەکات لەسەرەتاکانی قۆناغی خوێندندا دەست بەکاری سیاسی دەکات، ساڵی (١٩٦٩) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی (کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران) دادەمەزرێنن ساڵی (١٩٧٠) بۆ ماوەی سێ ساڵ موهتەدی زیندانی دەکرێت، ساڵی

(١٩٧٩) موهتەدی یەکێك بووە لەوەفدی کورد بۆ وتووێژ لەگەڵ کۆماری ئیسلامی ئێران.

ساڵی (٢٠٠٠) لەپرۆژەی ساغکردنەوەو بوژاندنەوەی کۆمەڵە بۆ هێنانە دەرەوەی لەناو حزبی کۆمۆنیست، موهتەدی رۆڵی سەرەکی دەگێرێت، هەروەك چۆن رۆڵی بەرچاوی هەبووە، لەیەکگرتنی رێکخراوی شۆرشگێری زەحمەتکێشان لەگەڵ گروپەمارکسیەکان و دامەزراندنی حزبی کۆمۆنیستی ئێران لەکۆتایی (١٩٨٣)، خۆشی بەیەکەم سکرتێری ئەو حزبە دانراوە.

### • عەبدولرەحمان قاسملو: (٤٤)

عەبدولرەحمان کوری محەمەد ئاغا، پیاوێکی موڵکداری حاڵ خۆش، ساڵی (١٩٣٠) لە گوندی (قاسملو) نزیك شاری ورمێ لەدایك دەبێت، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەورمێ تەواو کردووە، قۆناغی ئامادەیی لەتاران ساڵی (١٩٤٨) تەواو دەکات، بەمەبەستی خوێندنی باڵا روو لەفەرەنسا دەکات، لەگەڵ ئەحمەدی برای کەپێشتر لەوێ دەبێت لەزانکۆی سۆربۆن لەبواری ئابوری وەردەگیرێ، بەهۆی پەیوەندی سیاسی و فشاری حکومەتی ئێران، ناچار دەبێت فەرەنسا بەجێ بهێڵێ و دەچێتە شاری براگ، لەوێ بروانامەی بەکالوریوس لەئابوری سیاسی وەردەگرێت، ساڵی (١٩٥٢) دەگەرێتەوە ئێران، بەلام بەهۆی تێکچوونی بارودۆخی سیاسی لەسەردەمی حکومەتی موسەدەق دەگەرێتەوە شاری براگ، دەست بەخوێندن دەکاتەوە بۆ وەرگرتنی بروانامەی دکتورا، ساڵی (١٩٧٠) وەك مامۆستا لەزانکۆی سانت لویس دەرس دەڵێتەوە، ساڵی (١٩٥٢) قاسملو ژیانی هاوسەرگیری پێکدێنێ.

ژیانی سیاسی قاسملو، لەتەمەنی لاویدا ساڵی (١٩٤٥) پەیوەندی بەرێکخراوی لاوانی کوردستان دەکات لەشاری ورمێ، ساڵی (١٩٤٧) لەتاران پەیوەندی بە حزبی

تودە دەکات، ساڵی (١٩٤٩) لەپێکهێنانی کۆمەڵـەی خوێنـدکارانی کـورد لەئـەورووپا بەشداری دەکات، سـاڵی (١٩٥٣) لەمـەهاباد پەیوەنـدی بەڕێکخسـتنەکانی (حـدکا) دەکات بەنهێنی، ساڵی (١٩٥٥) بەشداری کۆنفرانسی حدکا دەکـات، سـاڵی (١٩٦٠) قاسملو دەبێتە رابەری باڵی چەپی حدکا، ساڵی (١٩٧٣) دەبێتە سکرتێری (حدکا) حزبی دیمـوکراتی کوردسـتانی ئێـران، لـە (١٢/تـەموزی/١٩٨٩) لەشـاری (ڤیـەننا) شەهید دەکرێت گومـان هەیـە دەسـتی هـەواڵگری ئێـران بێـت، قـاسملو ژمارەیـەك نووسین و کتێبی هەیە، (١٢) زمـانی زانیـوە، کـوردی، فارسـی، عـەرەبی، تـورکی، ئینگلیزی، فەرەنسی، چیکی، ئەلمانی، سلوڤاکی، پۆلۆنی، ئاشوری.

- **( مەولای ) عەبدولعەزیز زادە: ( ٤٥ )**

عەبدولعەزیز زادە، لەئازاری ساڵی(١٩١٦) لەویلایەتی بلوجسـتان لـەدایك بـووە، لەبنەماڵەیـەکی ناسـراو بەئاینـداری و زانسـت، یـەك لـەزانا ناسـراوەکانی سـوننەی ئێرانە، ساڵی (١٩٨٠) بەئەندامی ئەنجوومەنی شارەزایانی دەستور دیـاریکرا، سـاڵی (١٩٧٦) لەگەڵ چەند زانایەکی ئاینی ناوچەی بلوج، (حزبی یـەکێتی موسـلمانان)ی دامەزراندو بەسەرکردایەتی خۆی، ئەو حزبە چەندین لقی لە شـارەکاندا کردۆتـەوەو بەچەندین چالاکی هەستاوە بۆ هاندانی خەڵکی بۆ بەشداریکردنی لەڕاپرسی گشتیو هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان) و سەرۆکی کۆماری ئێران، هـەروەها چەند بڵاوکراوەی هەبووە دەربارەی بەرگریکردن لە مافە مەدەنیەکان و هەڵبژاردنی نوێنەر بۆ ئەنجوومەنی شارەزایانی دەستور.

ناوبراو لەگەڵ ئەحمەد موفتی زادە بەشداریکردووە لەدامەزرانـدنی ئەنجوومـەنی شورای خەڵکی سوننە (شەمس)، زۆر بەتوندیش دژی مـادەی (١٢) دەسـتور بـووە کەدەقەکەی، ڕێبازی (١٢) ئیمامی شیعەی کردووە بەڕێبازی ئاینی رەسمی وڵات.

مەولای عەبدلعەزیز ساڵی (١٩٨٨) کۆچی دوایی کردووە.

## • عەلی ئەکبەر موحتەشمی: (٤٦)

لەدایك بووی ساڵی(١٩٤٦) شاری تارانە، زانایەکی ئاینی و سیاسەتمەدارێکی ناسراوە، ئەندامی کۆمەڵەی زانا ئاینیە تێکۆشەرەکان بوو، بەیەك لەسەرکردە ئاینیەکانی بەرەی چەپی رادیکال دادەنرێت، یان ئۆپۆزیسیونی ناودامەزراوەی دەسەلات.

لەبیروباوەڕەکانی موحتەشمی، سەرەڕای توندرەوی، چارەسەرکردنی کێشە کۆمەلایەتی و سیاسییەکان لەڕێگەی کەمکردنەوەی رۆڵی پیاوانی ئاینی و زۆر کردنی رۆڵی تەکنۆکرات و ریفۆرمەکان.

موحتەشمی بەدامەزرێنەری حزبوڵلای لوبنانی دادەنرێت، چەند جارێك بۆ ئەنجوومەنی شورای ئێرانی هەڵبژێردراوە، پێش شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) هاوڕێی خومەینی بووە لەشاری نەجەف و لەپاریس، پاش سەرکەوتنی شۆڕش بووە وەزیری ناوخۆو دواتریش باڵیوزی ئێران لەسوریاو پەیوەندی باشی بە سوریاو حزبوڵلا هەبووە، بەئەمینداری گشتی کۆنگرەی پاڵپشتی گەلی فەلەستین دانراوە، دواتر لەو پلەیەشی لادرا.

## • عەلی ئەکبەر رەفسەنجانی: (٤٧)

عەلی ئەکبەر هاشمی رەفسەنجانی، ساڵی (١٩٣٤) لەگوندی (بەهرەمان)ی سەر بەشاری رەفسەنجانی پارێزگای کرمان لەناوبنەماڵەیەکی دەولەمەند لەدایك بووە.

لەتەمەنی پێنج ساڵیەوە دەخرێتە بەرخوێندن و لەتەمەنی (١٤) ساڵیدا دەچێتە حەوزەی عیلمی قوم بۆ درێژە پێدانی خوێندن.

پەیوەندییەکانی لەگەڵ خومەینی بۆ ساڵی (١٩٥٠) دەگەڕێتەوە، کەسێکی نزیك بووە لێی، ساڵی (١٩٦٠) دەستی بەچالاکی سیاسی کردووە: لەنێوان ساڵانی (١٩٥٩ – ١٩٧٠) رەفسەنجامی (٧) جار دەسگیردەکرێت، سەرەتای ساڵی (١٩٧٠) بۆماوەیەکی کەم پەیوەندی بەرێکخراوی موجاهیدینی خەلق هەبووە، ناوبراو دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش، یەکێك بوو لەو (٢٨) کەسەی کۆمەڵەی مەلایانی خەباتگێریان دامەزراند، لەدامەزرێنەرانی حزبی جمهوری ئیسلامی بووە، ئەندامی ئەنجوومەن و سەرۆکی شورای ئێران بوو، دوای لادانی بەنی سەدر لەسەرۆکایەتی کۆمار، رەفسەنجانی ئەندامی لیژنە سێ کەسیەکە بووە(رەفسەنجانی، رەجایی، بەهشتی) کەئەرکی سەرۆك کۆماریان پێ سپێردرابوو.

لەدوو خولی هەڵبژاردن بۆ سەرۆکی کۆمار ساڵی (١٩٨٩) و (١٩٩٧) سەردەکەوێت، دواتر دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی بەرژەوەندی سیستم.

## • (سەید) عەلی خامنەئی: (٤٨)

ئایەتوڵلا سەید عەلی خامنەئی، لە (١٥/تەموزی/١٩٣٩) لەشاری مشهەد لەدایك بووە، خوێندنی لەسەردەستی باوکی و مامۆستایانی حەوزەی عیلمی درێژە پێداوە.

ساڵی (١٩٦٢) کاتێ خامنەئی لەشاری قوم دەبێت، پەیوەندی و چالاکی سیاسی دەست پێدەکات، ساڵی (١٩٥٩) لەلایەن خومەینیەوە رادەسپێردرێت کەنامەیەك بگەیێنێتە زانایانی خوراسان دەربارەی بارودۆخی سیاسی ئێران، لەساڵی (١٩٦٣) بەدواوە چەند جارێك شارەکانی ئێرانی بەسەر کردۆتەوە، وەك (کرمان، زاهیدان) لەو شارانەو لەمزگەتەکانی وتاری توندی دژ بەرژێمی شاو هەڵس و کەوتەکانی خوێندۆتەوە.

لەو ماوەیەدا تاساڵی (١٩٧٨) چەند جارێك دەگیرێت و دەخرێتە زیندان.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی (١٩٧٩)، بەچەندکارێك هەستاوە:

١- بەشداریکردنی لەدامەزراندنی حزبی جمهوری ئیسلامی (١٩٧٩) بووە سکرتێری حزب.

٢- جێگری وەزیری بەرگری و سەرپەرشتیاری پاسەوانانی شۆڕش.

٣- ئیمامی رۆژی هەینی بۆ خوێندنەوەی وتار لەشاری تاران.

٤- ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش.

٥- لەتشرینی یەکەمی/١٩٨١ ولەساڵی (١٩٨٥) بۆ دووەم جار بەسەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت.

٦- لە (٤/حوزەیرانی/١٩٨٩) دوایی کۆچی دوایی ئیمام خومەینی، خامنەئی لەلایەن ئەنجوومەنی شارەزیان بەرابەری باڵای کۆماری ئیسلامی دیاری دەکرێت.

## • عیزەدین حوسێن: (٤٩)

شێخ عیزەدین حوسێنی سالّی (١٩٢١) لەدایك بووە، لەماوەی دەسەلاّتداری محەمەد رەزاشا، پێش نوێژو وتارخوێنی رۆژی هەینی مزگەوتی گەورەی شاری مەهاباد بووە، هەستی بەهێزی کوردایەتی هەبووەو ئەندامی کۆمەڵەی (ژ.ك) بووە.

بەهۆی ئەو پێگە کۆمەلاّیەتیە – ئاینیەی کە هەیبوو، خەڵکێکی زۆری لەدەوری خۆی کۆکردەوە، هەم لەرۆژانی خۆپیشاندانەکانی شاری مەهاباد، هەروەها لەدوای سەرکەوتنی شۆڕش و هەوڵەکانی گەلی کورد بۆ بەدەست هێنانی مافەکانی لەچوار چێوەی رژێمی نوێدا رۆڵی هەبووە، دژایەتی خۆی بۆ خومەینی و سیستمی حوکمڕانی ویلایەتی فەقیە دەبڕیوەو لەبەرامبەریدا وەستاوە، بەیەکێك لەهاوکارانی (کۆمەڵە) ناسراوە.

شێخ عیزەدین پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی گەلی کوردی وەرگرت، ماوەیەکیش لەو دانوستانانەی کەلەگەڵ کۆمارەی ئیسلامی کرا، نوێنەری کوردەکانی ئێران بوو، شێخ لە (١٩٨٠) بەناچاری رووی لەوڵاتی سوید کردو لەوێ نیشتەجێ بووە، شێخ باوەڕی بەجودا کردنەوەی دەوڵەت لەئاین هەبووە، بۆیە رەخنەی لە رێبازی ویلایەتی فەقیە و مەرجەعی ئەعلای خومەینی گرت، بەرای حوسێنی دەبێ مەلا تەنها بەکاروباری ئاینیەوە خەریك بێت، شێخ لەشوباتی/٢٠١١ کۆچی دوایی کردووەو تەرمەکەی لەگۆڕستانی سەیوانی شاری سلێمانی نێژراوە.

## • عەتا ئەللا موهاجرانی: (٥٠)

ساڵی (١٩٥٤) لەشاری ئەراك لەدایكبووە، خوێندنی زانكۆی تەواو كردووە، بڕوانامەی بەكالۆریوس و ماستەرو دكتۆرای لەبواری مێژوو وەرگرتووە.

ساڵی (١٩٨٠) لەیەكەم خولی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان) سەردەكەوێت و دەبێتە ئەندامی ئەنجوومەن، لەنێوان (١٩٨٥ – ١٩٨٩) دەبێتە یاریدەدەری سەرۆك وەزیران، ساڵی (١٩٩٧) دەبێتە وەزیری رۆشنبیری وسەرۆكی كۆرپەندی نێوان شارستانیەكان.

لەلایەن باڵی كۆنەپارێزی ناودەسەڵات دژایەتی كراوەو بەوە تاوانبار كراوە كەسێكی لیبرالە، بەڵام لەلایەن ئەنجوومەنی شوراپشتگیری دەكرێت، لەو سەردەمەی كەوەزیری رۆشنبیری دەبێت، رێگا دەدات بەدەرچوونی ژمارەیەكی گەورەی رۆژنامەو چاپەمەنی.

لەچەند رۆژنامەیەكی ئێرانی نووسینی بڵاوكردۆتەوە، ناوبراو چەندین كتێبی هەیە، لەوانە: رەخنە لەكتێبی (ئایاتی شەیتانی) كەنووسەرەكی سەلمان روشدیە، موهاجرانی بەكەسێكی لادەرنادەنرێت لەرژێمی ئیسلامی ئێرانی، ئێستا لەشاری (لەندەن) دەژێت، نامەیەكی بڵاوكردۆتەوە، داوای دوور خستنەوەی مەحمود ئەحمەدی نەژاد دەكات لە سەرۆكایەتی كۆمار.

## • عەلی شەریعەتی :

ساڵی (١٩٣٣) لەدێیەکی باکوری خوراسان لەدایك بووە، باوکی کەپیاوێکی ئاینی بووە، زۆر کاریگەری لەسەر عەلی هەبووە.

سەرەتای ژیانی دوای تەواو کردنی خوێندنی ئامادەیی وەك مامۆستا کاری کردووە، بڕوانامەی ماستەری لەزمانەکان وەرگرتووە لەزانکۆی مەشهەد، ساڵی (١٩٦٠) ڕووی لەوڵاتی فەرەنسا کردووەو بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووە، لەو ماوەیدا پەیوەندی لەگەڵ بەرەی ڕزگاریخوازی جەزائیر هەبووە پێش سەربەخۆیی، چاوی بە گەورە ڕۆشنبیرانی فەرەنسا کەوتووە، وەك سارتەر، فرانزفانون، کتێبی (ستەمەیدەکانی سەر زەوی) وەرگێڕاوە، پەیوەندی بەبزووتنەوەی ئازادی ئێران و یەکێتی خوێندکارانی ئێران کردووە، لەڕۆژنامەی (ئێران ئازاد) کاری کردووە، کەزمانحالی بەرەی نیشتمانی سێیەم بوو.

ساڵی (١٩٦٧) لەقوتابخانەی (حوسینی) ئاینی لەشاری تاران وانەی گوتووە، ساڵی (١٩٧٢) لەلایەن دەزگای ساواکی هەواڵگری دەسگیر دەکرێت، پاشان ساڵی (١٩٧٥) دەخرێتە ژێر چاودێری ناو ساڵی (١٩٧٧) ئێران بەجێ دێلێ و ڕوو لەشاری (لەندەن) دەکات، پاش ماوەیەك لەو شارە کۆچی دوایی دەکات.

شەریعەتی بەیەك لەڕۆشنبیرانی گەورەی سەردەمی شۆڕشی گەلانی ئێران دادەنرێت ناوبراو بەردەوام ڕەخنەی لەپیاوانی ئاینی شیعە گرتووە، بەهۆی بیروباوەڕی پێشکەوتنخوازی، چەند جارێك دەسگیرکراوە.

شەریعەتی جەختی لەسەر بیرۆکەی چاکسازی و چۆنیەتی بونیادانی دەوڵەتی ئیسلامی کردۆتەوە، هەروەك جەختی لەسەر بونیادنانی کۆمەڵگە کردۆتەوە لەڕووی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتیەوە، جەختیشی لەسەرڕۆڵی تاك کردۆتەوە.

شەریعەتی دوای خۆی نزیکەی (٤٠) کتێبی بەجێ هێشتووە، هەروەها نزیکەی سەد بابەتی وەك وتارو وانە بێژی و نووسین لەبوارەکانی ئەدەب و فەلسەفەو سیاسەت بەجێ هێشتووەو بۆ سەر چەندین زمانی دیکە وەرگێراون.

## • عەلەوی بزورگ: (٥٢)

سەید موجتەبی بزورگ عەلەوی، ناسراو بەبزورگ عەلەوی، لەدایك بووی سالّی (١٩٠٤) شاری تاران، لەسالّی (١٩٩٥) لەشاری بەرلین کۆچی دوایی کردووە.

نووسەرو مامۆستای زمان و ئەدەبیاتی فارسی، کەسایەتیەکی گەورەی ئەدەبی فارسیە، خوێندنی لەئەلمانیا تەواو کردووە، لەسێیەکانی سەدەی بیستەم گەڕاوەتەوە ئێران، بەشداری کردووە لەنووسینەکانی گۆڤاری (دونیا) بەهۆی پەیوەندی بەگروپەکەی تەقی ئارانی دەسگیر دەکرێت، تاسالّی (١٩٤١) ئازاد دەبێ دوای لادانی رەزاشا لەدەسەلاّت، دواتر بەشداری کردووە لەدامەزراندنی حزبی تودەی ئێران.

کاتێ لەزیندان بوو، یادەوەرییەکانی خۆی نووسیوە لەژێر ناوی (پەنجاو سێ)، کاریگەر بووە بەبیروباوەڕەکانی (کافکا، فرۆید، همنگوای مارکس).

ژمارەیەکی گەورەی نووسین و کتێبی چاپکراوی هەیە.

### • فوئاد مستەفا سولتانی: (٥٣)

ساڵی (١٩٤٨) لەدێی (ئالمان)ەی ناوچەی مەریون لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتای و ئامادەیی لەمەریوان و خوێندنی زانکۆی لەتاران تەواو کردووە، لەساڵانی خوێندنی زانکۆدا تێکەڵاوی کاری سیاسی بووەو کەوتۆتە ژێر کاریگەری بیروباوەڕی چەپ.

ساڵی (١٩٦٩) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی ڕێکخستنێکی نهێنیان دامەزراندو بوون بەڕێکخراوی لەکۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران، ناوبراو یەکەمین سکرتێری ئەم ڕێکخراوەبوو.

سولتانی ساڵی (١٩٧٩) یەکێتی جوتیارانی لەمەریوان دامەزراندووە، ڕۆڵی گێراوە لەڕووداوو گۆڕانکارییەکانی کوردستان، پاشان لەشەڕەکانی بەرامبەر بەهێزەکانی کۆماری ئیسلامی لە (٣١/تەموزی/١٩٧٩) شەهید دەکرێت.

### • فەزلوڵلا زاهیدی: (٥٤)

زاهیدی گەورە ئەفسەرێکی سوپای ئێران و نزیك لە ڕەزاشا، ناسرابوو بەوەی هاوکاری نازییەکانی دەکردو مەیلی بەلایاندا هەبوو، بۆیە لەئەیلولی (١٩٤١) لەلایەن هێزی بەریتانیا لەئێران دەسگیردەکرێت، لەفەلەستین دەخرێتە زیندان تاکۆتایی جەنگی دووەمی جیهانی.

کاتی دەگەڕێتەوە ئێران بەیاریدەدەری (نورمان شورانزکوف) دامەزرا، کە شارەزایەکی ئەمریکی بوو، ئێران پشتی پێی بەستبوو، بۆ ڕێکخستنەوەی هێزەکانی جەندرمەو ڕێگرتن لەچالاکیەکانی حزبی توودە.

پاش ئازادبوون و گەڕانەوەی زاهیدی بۆ ئێران، هەڵوێستی گۆڕاو بووە لایەنگری دەوڵەتانی ڕۆژئاوا، بەتایبەتیش ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.

له (١٩/شابى/١٩٥٣) زاهيدى سەركردايەتى كودەتايەكى سەربازى كرد، دژى حكومەتەكەى د.موسەدەق، بەو بۆنەيەوە محەمەد رەزاشا خەلاتى كردو بەسەرۆك وەزيران ئێرانى دياريكردو بڕى (٦٠٠) هەزار دولاريشى پێى بەخشى، دواتر دوورخرايەوە بۆ ولاتى سويسرا، دواى ئەوەى گومانى خستە سەر.

## • قازى محەمەد: (٥٥)

میرزا عەلى قازى دوو كوڕى هەبووە، میرزا محەمەدى هومارى قازى (قازى محەمەد) و ئەبولقاسمى سەدرى قازى.

قازى محەمەد سەربەبنەماڵەيەكى ناسراوى ناوچەى موكريانە، لەدايك بووى يەك لەم سالآنەيە (١٨٩٣ ، ١٩٠٠، ١٩٠١) لەشارى مەهاباد، لەسەردەستى باوكى میرزا عەلى، زانستە ئاينيەكانى خوێندووە، قازى هەر لەمنداڵييەوە حەزى لەئەدەب كردووە، هۆنراوەكانى حاجى قادرى كۆيى كارى تێكردووە، پاش ئەوەى بەباشى فێرى زمانى فارسى و عەرەبى بوو، بايەخێكى زۆرى بەئەدەبى رۆهەلاتداوە، دواتر فێرى زمانەكانى توركى و روسى و ئينگليزى بووە، خەريكى زانستەكانى مێژوو جوگرافيا و بيركارى بووە.

ماوەيەك بەڕێوەبەرى بەڕێوەبەرايەتى پەروەردەوفێركردن بووە لەمەهاباد، هەروەها ماوەيەكيش قازى شارەكە بووە.

بەشداريكردووە لەهێزى بەرگريكردن لەشارى مەهاباد دژى هێزەكانى عوسمانى ساڵى (١٩١٥)، لەئەنسكلوپيدياى گەورەى سوڤيەتى هاتووە، قازى محەمەد پەيوەندى بەو شانە بەلشەويكيانەوە هەبووە لەساڵەكانى شەڕى يەكەمى جيهانى لەناوچەكە، كاتى هاتنى لەشكرى سوڤيەتى.

پەيوەندى لەگەڵ ڕاپەڕينى ئارارات بەسەر كردايەتى ئيحسان پاشا هەبووە، بووە بە ئەندامى كۆمەڵە (ژ.ك) ساڵى (١٩٤٢)، پاشان سەرۆكى كۆمەڵە.

ساڵی (١٩٤٥) پارتی دیموکراتی کوردستان دادەمەزرێنیّ و لەکۆنگرەی یەکەمدا دەبێتە سەرۆکی پارتەکە، لە (١٦/کانونی دووەمی /١٩٤٥) ئاڵای کوردستان بەرزدەکاتەوەو بەسەرۆکی کۆماری کوردستان تارۆژی (١٥/کانوونی یەکەمی/١٩٤٦) دەمێنێتەوە.

لەرۆژی (٢١/ئازاری/١٩٤٧) لەگۆڕەپانی چوارچرا لەگەڵ هەڤاڵانی لەسێدارە درا.

## • کەریم سنجابی: (٥٦)

لەدایك بووی ساڵی (١٩٠٤ یان ١٩٠٦)ی شاری کرمانشایە، سەربە عەشیرەتی سنجابیە کەکوردن، باوکی سەرۆکی ئەو خێلە بوو، ناوبراو لەتەمەنی بیست ساڵیدا لەفەرەنسا بابەتی مافی خوێندووە، دوای گەڕانەوەی لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی حزبی ئێرانی دامەزراندووە، لەوانە: ئەڵلا یارسالح.

بەشداری لە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی سەردەمی حکومەتەکانی: موحسین سەدر (١٦/حوزەیران/١٩٤٥ – ٢٨/تشرینی یەکەمی/١٩٤٥) و حکومەتەکەی قەوام ئەلسەلتەنە لەنێوان (٢٨/کانوونی یەکەمی/١٩٤٥ – ٩/تشرینی دوەمی/١٩٤٧) کردووە، لەناو پەرلەمانیش گروپێکی کەمایەتی پێکهێناوە، هەروەها لەسەردەمی سەرۆك وەزیران (حەکیم ئەلمەلیك) – (١٩٤٧ – ١٩٤٨) و سەرۆکی وەزیران حوسێن عەلی مەنسور (ئازاری/١٩٥٠ – حوزەیرانی/١٩٥٠).

لەوماوەیەدا سنجابی لەگەڵ د. موسەدەق یەکتریان ناسیوەو لەیەکەم حکومەتی د. موسەدەق بووە بەوەزیری مەعاریف.

پاش کودەتاکەی (١٩/ئابی/١٩٥٣) بەسەر حکومەتەکەی موسەدەق، سنجابیش دەسگیر دەکرێت، دوای ئازادکردنی بەکاری مامۆستایی هەڵدەستێت.

لەسەرەتای (١٩٧٨) سنجابی دەبێتە سەرۆکی دووەم بەرەی نیشتمانی، هەرچەندە ناوبراو بەمیانڕەوی ناسرابوو، بەڵام لەلایەن حکومەتەکەی ئەزهاری لەرۆژی (١٠/تشرینی دووەمی/١٩٧٨) دەسگیردەکرێت، لەگەڵ روخانی رژێمەکەی محەمەد رەزاشا، سنجابی لەحکومەتەکاتیەکەی بازرگان، دەبێتە وەزیری دەرەوەی ئێران لە (١٣/شوباتی/١٩٧٩)، بەڵام دوای دوو مانگ دەستی لەکارکێشایەوە، سنجابی لەپێگەی سکرتێری گشتی بەرەی نیشتمانیش دەستی لەکارکێشایەوە، پاشان، ئەنجومەنی سەرکردایەتی بەرە، ئەنجوومەنێکی پێکهێنا بۆ بەڕێوەبردنی بەرە لەم کەسانە: کەریم سنجابی، د. غولام حوسینی، ئەدبی برومەند، د. جەلال موسەوی، ئەسغەر پارسا ، وتەبێژی بەرە).

دوای ئەوەی بەرەی رادیکاڵی ئیسلامیەکان دەستی گرت بەسەر کاروباری حکومەت، سنجابی ئێرانی بەجێهێشت و رووی لەپاریس کرد، پاشان لەوێشەوە بەرەو ویلایەتەیە یەکگرتووەکانی ئەمریکا رۆیشت وساڵی (١٩٩٥) لەو وڵاتە کۆچی دوایی کرد.

## • (میرزا) کوچك خان: (٥٧)

میرزا یونس، ناسراو بە (کوچك خان) ساڵی (١٨٧٨ – یان – ١٨٨٠) لەشاری رەشتی ئێرانی لەدایك بووە، لەبنەماڵەیەکی ئایندار پەروەردەکراوە، خوێندنی لە قوتابخانەی (حاجی حەسەن) لەشاری رەشت و قوتابخانەی (مەحمودییە)ی شاری تاران تەواو کردووە، پلەی مەلایەتی بەرزبۆتەوەو پێش نوێژی کردووە، لەوتارەکانی هەوڵیداوە خەڵکی هوشیار بکاتەوەو دژی دەستێوەردانی دەولەتانی بیانی بووە لەکاروباری ناوخۆی ئێران، کاریگەربووە بەبیروباوەڕەکانی (جەمالەدین ئەفغانی)، زۆر بەگەرمی پشتگیری شۆڕشی دەستوری کردووە لەئێران، کۆمەڵەی (یەکێتی

ئیسلام)ی دامەزراندووە، پاشان وازی لەکاری مەلایەتی هێناوەو چەکی هەلگرتووە دژی رژێمی شا (ئەحمەد) قاجاری لە ناوچە دارستانیەکانی گەیلان خەباتی کردووەو خەلکێکی زۆری لەدەورکۆبۆتەوە، سالّی (١٩١٧) دەستی بەسەر شاری رەشت گرتووە، دوای جەنگی دووەمی جیهانی پەیوەندی بەدەولّەتی عوسمانی کردووە، سالّی (١٩٢١) لە شەڕەکانیدا دژی حکومەتی تاران تووشی شکست دەبێت و لەشکرەکەی پەرش و بلاّو دەبێتەوە، بەتەنیا لەناوچە شاخاوییەکانی (ئەلبرز) دەمێنێتەوەو لەناوبەفر دەمرێ و وشك دەبێتەوە، یەك لەهاورێکانی سەری لەلەشی دەکاتەوەو دەیبات بۆ رەزاخان بەمەبەستی وەرگرتنی پاداشت.

## • مەهدی بازرگان: (٥٨)

لەسالّی (١٩٠٥، یان ١٩٠٧ ، یاخود ١٩٠٨) لەدایك بووە، بازرگان لەئازەربایجانی رۆژئاوا سەرەتای خوێندنی لەئێران دەستی پێکردووە، پاشان رووی لەپاریس کردووە سالّی (١٩٣٥) بڕوانامەی دکتۆرای وەرگرتووەو گەڕاوەتەوە ئێران، ماوەیەك فەرمانبەر بووە ئەرکی سەربازی بەجێگەیاندووە، بووە بەمامۆستا لەکۆلیجی ئەندازیاری لەزانکۆی تاران، سالّی (١٩٥٢) بوو بەسەرۆکی لیژنەی خۆمالیکردنی نەوت لەسەردەمی حکومەتەکەی د.موسەدەق.

دوای روخاندنی حکومەتەکەی د.موسەدەق سالّی (١٩٥٣)، لەگەلّ مەحمود تالقانی و ئایەتوڵلا سەحابی بزووتنەوەی رزگاری ئێرانی دامەزراندووە، زۆری پێ نەچوو لەلایەن دەسەلاّتەوە دەسگیر دەکرێت، سالّی (١٩٦٠) بازرگان (بزووتنەوەی ئازادی ئێران)ی دامەزراندووە بەهاوکاری مەحمود تالقانی و پارێزەر حەسەن نەزیەو د. یەدوڵلا سەحابی و ئەندازیار مەنسور عەتابی.

هەربەهاوكاری ئایەتوڵلا مورتەزا موتەهەری، كۆمەڵـەی ئیسلامی بۆمامۆستایان دادەمەزرێنن و بەشداریشی كردووە لەدامەزراندنی كۆمەڵەی مافـەكانی مـرۆڤ سـاڵی (١٩٧١) لـــە (٥/حـــوزەیرانی/١٩٦٣) دەســـگیر دەكرێـــت لەگـــەڵ دەســـتەیەك لەسـەركردەكانی بزووتنـەوەی ئـازادی ئێـران بـۆ مـاوەی دەسـاڵ بڕیـاری زینـدانی لەسەردەردەچێت بەڵام دوای (٥) ساڵ لەزیندان ئازاد دەكرێت.

بازرگان یەكەم سەرۆك وەزیـران بـوو دوای سـەركەوتنی شـۆڕش (١٩٧٩) بـەڵام دوای نۆ مانگ دەستی لەكاركێشاوەیەوەو ڕۆڵی ئۆپۆزیسیۆنی وەرگـرت و دژی ئـەو شەپۆڵە كوشتن و بڕینە وەستا كەلەوڵاتـدا بڵاوبۆتـەوە، ئـەو هەڵوێسـتەی بازرگـان دژایەتی زۆری بۆ خولقانـد، بۆیـە ڕووی لـەدەرەوەی ئێـران كـرد، لـە (٢٠/كـانوونی یەكەمی/١٩٩٥) لەشاری جنیف كۆچی دوایی دەكات.

## • مەنوچەهر ئیقبال: (٥٩)

لەدایك بووی ساڵی (١٩٠٩)ی شاری مەشهەدە، خوێندنی سـەرەتایی و ئامـادەیی لـەئێران تـەواو كـردووە، سـاڵی (١٩٢٦) ڕووی لەفەرەنسـا كـردووە بـۆ خوێنـدن و بڕوانامەی دكتورای لەپزیشكی وەرگرتـووە، سـاڵی (١٩٣٥) لـەدەزگای تەندروسـتی شاری مەشهد دامەزراوە، پاشان بۆ نەخۆشخانەی ڕەزاشا لەتاران گواسـتراوەتەوە، لێرەدا پەیوەندییەكانی لەگەڵ كۆشكی شادەستی پێكردووە.

ساڵی (١٩٤٣) بۆ ماوەی (٧) ساڵ وەك وەزیری تەندروسـتی كاردەكـات، سـاڵی (١٩٥٣) بەفەرمانڕەوای گشـتی ویلایـەتی ئازەربایجـان دادەنرێـت، پاشـان لەسـاڵی (١٩٥٥) بەئەندامی ئەنجوومەنی پیران دیاری دەكرێت، دواتر وەزیری كۆشكی شا لە حوزەیرانی (١٩٥٦).

لەسەرەتای (١٩٥٧) د. ئیقبال حزبی (ملیۆن) دادەمەزرێنێت بەپشتیوانی خودی محەمەد رەزاشا، یارمەتی دارایش لەحکومەت وەردەگرێت، لە(٤/نیسانی/١٩٥٧) دەبێتە سەرۆك وەزیران و ماوەی (٤١) مانگ لەدەسەڵات دەمێنێ، ئەو ماوەیە بەسەردەمی زێرینی حزبی (ملیۆن) بەنەمانی د. ئیقبال لەسەرۆکایەتی حکومەت ساڵی (١٩٦٠)، حزبەکەشی کۆتایی بەژیانی دێت.

دوای ئەوە د. ئیقبال چەندین پلەو پایەی دیکەی لەناو دەوڵەت لە ئەستۆگرتووە، پاشان روو لە دەرەوەی ئێران دەکات و لەزانکۆکانی فەرەنسا و ئەفریقیای باشور تا ساڵی (١٩٧٣) کاری کردووە لە (١٩٧٧) کۆچی دوایی دەکات.

- **مەحمود جەعفەریان: (٦٠)**

مەحمود محەمەد جەعفەریان، ساڵی (١٩٢٨) لەشاری تاران لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەوشارە تەواو کردووە، لەپەیمانگای هونەرەجوانەکان (فنون) وەردەگیرێ، پاشان لەناو سوپا ماوەیەك لەچەندین شوێن کاری بەجێگەیاندوە، دیارە لەو ماوەیە پەیوەندی بەرێکخستنەکانی حزبی تودەوە دەکات، هەڵوێستی سیاسی دژی رژێمی شابوو، دەسگیر دەکرێت و لەزینداندا هاوکاری (ساواك) دەکات، سکرتێری حزبی تودە، نورەدین کیانوری لەبیرەوەرییەکانی خۆی نووسیویەتی، لەناو زیندان چەند ئەفسەرێك هاوکاری ساواکیان کردووە، یەك لەوانە مەحمود جەعفەریان بووە.

پاش ئازاد کردنی لەپلەوپایەی ناو حکومەت سەردەکەوێت و دەبێتە کەسێکی دڵسۆز بۆ رژێمەکەی شا.

جەعفەریان بەبەڕێوەبەری دامەزراوەی دەنگوباسی پارسی ئێرانی دادەنرێت، هەروەها یاریدەدەری بەڕێوەبەری گشتی دامەزراوەی ئێزگەو تەلەفزیۆنی ئێرانی

بووە، لە (١٠/ئەیلولی/١٩٧٨) دەستی لەکارکێشاوەتەوە، لە (١٢/تـەموزی/١٩٧٨) بەسکرتێری گشتی حزبی (رستاخیز) دادەنرێت لەجێگای د. محەمـەد رەزا عـاملی، بەڵام جەعفەریانیش لە (٢٧/ئابی/١٩٧٨) دەست لەکادەکێشێتەوە پاشان دەسگیر دەکرێـت و دەخرێتـە زینـدان، لـە (١٢/ئـازاری/١٩٧٩) لەسـەر بڕیـاری دەسـەڵاتی کۆماری ئیسلامیەوە لەسێدارە دەدرێت.

- **مەسعود رەجەوی: (٦١)**

ساڵی (١٩٤٨) لەشـاری (تـەبس)ی هـەرێمی خوراسـان لـەدایك بـووە، خوێنـدنی سەرەتایی و ئامادەیی لەشاری مەشهد خوێندووە کۆلیجی یاسای لـەزانکۆی تـاران تـەواوکردووە، سـاڵی (١٩٦٧) لەتەمـەنی (١٩) سـاڵیدا پەیوەنـدی بـەرێکخراوی موجاهیـدینی خـەلق دەکـات، لەگـەڵ محەمـەد حـەنیف (لەدامەزرێنـەرەکانی رێکخراوەکـە) دەبنـە هـاوڕێ، لـە (ئـەیلولی/١٩٧١) دەسـگیر دەکرێـت و بڕیـاری لەسێدارەدانی لەگـەڵ سـەرکردەکانی رێکخراوەکـە بـۆ دەردەچێت، بـەڵام بـەهۆی هەوڵی براکەی (کاظم) و فشاری رێکخراوە نیودەوڵەتیەکان، بڕیاری لەسێدارەدانی دەگۆڕێت بۆ زیندانی هەتا هەتایی.

مەسـعود لـەناو زینـدان سـاڵی (١٩٧٥) بـەهۆی هەوڵـەکانی دەتوانێـت دووبـارە رێکخراوەکە زیندوو بکاتەوەو رێکی بخات، لە(٢٠/کانونی دووەمی/١٩٧٩) لەزیندانی ئـازاد دەکرێـت، سـەرکردایەتی رێکخراوەکـە لەئەسـتۆ دەگرێـت و هێـزی چـەکدار پێکـدێنێت هـەر بـەهۆی نـاکۆکی لەگـەڵ رەوتـی ئیسـلامی وسـەپاندنی سیسـتمی

ئیسلامی، ململانێی توونـد لـەنێوان دەسـەڵات وڕێکخراوەکـە سـەری هەڵـدا، سـاڵی (١٩٨١) ڕێکخراوەکـە بڕیـاری خـەباتی چـەکداری دەدا دژی دەسـەڵاتی ئیسـلامی، مەسعود ناچار دەبێت ئێران بەجێ بهێڵێت و لەگەڵ (بەنی سەدر)ی سـەرۆك كۆمـار بەفڕۆکە دەگەنە فەرەنسا.

لەفەرەنساوە روو لـەعێراق دەکـات (لـەماوەی جـەنگی نێـوان عێـراق و ئێـران) لەلایەن حکومەتی عێراق هاوکاری دەکرێت و هێزێکی چەکدار پێکدێنێت.

لە (٢/تشرینی یەکەمی/١٩٨١) رەجەوی رایگەیاند کەخۆی بەسەرۆکی حکومەتی کاتی دەزانی لەدەرەوەی ولات، (بەنی سەدر)یش بەسـەرۆکی کۆمـار، هـەردووکیان بەرنامەی حکومەتەکەیان بەم شێوەیە راگەیاند.

١- یەکسانی سیاسی و کۆمەلایەتی بۆ هەموو ئێرانیەکان.

٢- پێدانی دەسەڵاتی ئۆتۆنۆمی بەنەتەوە بچووکەکان، بەتایبەتیش کورد.

٣- چاکسازی کشتوکاڵی.

٤- نەهێشتنی پاسەوانانی شۆڕش و دادگاکانی.

دوای روخـانی رژێمەکـەی (سـەدام حوسـێن) لـەعێراق، رێگـای کـاری چـەکداری لـەهێزی رێکخـراوی موجاهیـدین دەگیرێـت، رەجـەوی دەسـت لەسـەرۆکایەتی رێکخراوەکە هەڵدەگرێت و مریەمی هاوسەری دەبێتە سەرکردە، بەلام چارەنووسی مەسعود رەجەوی تائێسـتا دیارنیـە، دەنگۆیـەك هـەبوو دەربـارەی مردنـی، بـەلام روون و ئاشکرا نەبوو.

## • (حاجی) مەهدی عێراقی: (٦٢)

ساڵی (١٩٣٠) لەشاری تاران لەدایك بووە، دوای قۆناغی خوێندنی سەرەتایی هاوکاری باوکی بووە لەناوبازار، لەگەڵ ئەوەشدا درێژەی بەخوێندن داوە تاگەیشتۆتە قۆناغی ئامادەیی، هەر لەوماوەیەدا ئاشنای کاری سیاسی بووەو پەیوەندی بەڕێکخراوی (فیدائیانی ئیسلام) کردووە ساڵی (١٩٤٥)، بووە بەهاوڕێی سەرکردەی ڕێکخراوەکە (نەواب سەفەوی) کە دواتر بەئەندامی شورای ناوەندی دانراوە.

مەهدی، دوای دەسگیرکردنی سەرکردەکانی ئەو ڕێکخراوە، بەهۆی تاوانبار کردنیان بەکوشتنی سەرۆك وەزیران (حسین عەلی) ئەو هەوڵیداوە پاشماوەی ڕێکخستنەکان کۆبکاتەوەو ڕێکیان بخات.

ساڵی (١٩٥٢) بەشداری کردووە لەهەولی دەستگرتن بەسەر زیندانێکی ناوشاری تاران، وەك نارەزاییەك بەرامبەر زیندانی کردنی هاوڕێکانیان.

هەروەها بەشداری کردووە لەهەوڵی سەرنەکەوتووی تیرۆرکردنی محەمەد رەزا شاو تیرۆر کردنی سەرۆك وەزیران (رزم ئارا)، دواتر دەسگیردەکرێت و ماوەیەك لەزیندان لەژێر ئەشکەنجەدا دەبێت، یەك لەدامەزرێنەرانی کۆمەڵەی (موئتەلیفە)ی ئیسلامی بووە، لە (١٩٧٩) لەناو حزبی جمهوری ئیسلامی پلەیەکی بەرزی دەبێت، لە (٢٦/ئابی/١٩٧٩) لەلایەن ڕێکخراوی (فەرقان) تیرۆر دەکرێت.

- **مەعسومەی ئبتیکار: (٦٣)**

سـاڵی (١٩٦٠) لـەدایك بـووە، مـاوەی (٦) سـاڵی سـەرەتایی ژیـانی لەناوچـەی فیلادافیـا (ویلایەتەیـەکگرتووەکانی ئـەمریکا) بەسـەربردووە، پاشـان گەڕاوەتـەوە ئێران، بڕوانامەی بەکالۆریۆس لەبابـەتی زانست لـەزانکۆی بەهەشـتی وەرگرتـووە، هەروەها بڕوانامەی ماستەرو دکتۆرای لەزانکۆی (تربیە مـدرس) وەرگرتـووە سـاڵی (١٩٩٥).

ناوبراو، سـاڵی (١٩٧٩)لـەکاتی قـەیرانی بارمتـەکان لەباڵیۆزخانـەی ئـەمریکا لـە تاران، وتەبێژی قوتابیان بووە.

وەك رۆژنامە نووس، لەرۆژنامـەی (کـەیهان) بـەزمانی ئینگلیـزی کـاری کـردووە لـەنێوان سـاڵانی (١٩٨١-١٩٨٣)، بەشـداریکردووە لەدامەزرانـدنی پـەیمانگای لێکۆڵینـەوەکان بـەکاروباری ژنـان سـاڵی (١٩٩١)، بـووە بەسـەرۆکی نووسـینگەی رێکخستنی رێکخراوە نا حکومیـەکانی تایبـەت بـەژنان و جێگـری سـەرۆکی لیژنـەی نیشتمانی بۆ کۆنگرەی چوارەمی جیهانی تایبەت بـەژن لەشـاری بکـین (پایتـەختی چین) ساڵی (١٩٨٥).

جێگـری سـەرۆك کۆمـار بـوو (سـەردەمی محەمـەد خـاتەمی) سـاڵی (١٩٩٧) بـۆ کاروباری ژینگە.

## • مەهدی کەروبی: (٦٤)

ساڵی (١٩٣٧) لەگوندێکی سەربەشاری (ئەلیکودرەز)ی ناوچەی لورستان لەدایک بووە، سەرەتای خوێندنی لەسەر دەستی باوکی دەست پێدەکات، لە تەمەنی (١٣) ساڵیدا لەگەڵ خێزانەکەی دەگوازنەوە شاری (ئەلیکودرەز)، لەوێ خوێندنی سەرەتایی تەواو دەکات و روو لەشاری (قوم) دەکات بۆ خوێندنی ئاینی، لەگەڵ ئەوەشدا لەقوتابخانەی ئامادەیی درێژە بەخوێندن دەدات.

چالاکی سیاسی لە (١٩٦٢) لەگەڵ ئیمام خومەینی دەست پێدەکات، ساڵی (١٩٦٦) دەسگیر دەکرێت و دوور دەخرێتەوە بۆ شاری (کنبد کاوس) لەسەر سنوری تورکمانستان، لەنێوان ساڵانی (١٩٧٣ – ١٩٧٩) چەند جارێك دەسگیر دەکرێت و تووشی لێکۆڵینەوە دەبێت.

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) کەروبی بەئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕشی ئیسلامی و بەرپرسی دامەزراوەی نیشتەجێ بوون دادەنرێ، پاشان، سەرۆکی دامەزراوەی شەهیدو ئەندامی ئەنجوومەنی شورا لەنێوان (١٩٨٠ – ١٩٨٤)، لەنێوان (١٩٨٩ – ١٩٩٢) دەبێتە سەرۆکی پەرلەمان و لەساڵی (١٩٨٩) بەئەندامی لیژنەی پێداچوونەوەی دەستور دادەنرێت.

کەروبی لەگەڵ رەوتی ریفۆرم ئەژمار دەکرێت، هەرچەندە رەخنەشیان لێدەگرێت.

## • مەهدی ئازەر: (٦٥)

ساڵی (١٩٠٢) لەشاری مەشهد لەدایك بووە، کۆلیجی پزیشکی لەتاران تەواو کردووە، بۆ خوێندنی باڵا چووەتە فەرەنسا لەساڵی (١٩٣٣)، پاشان گەڕاوەتەوە تاران، چەند ساڵێك وەك پزیشك کاریکردووە.

پاش روخانی رژێمەکەی رەزاشا، مەهدی دەستی بەکاری سیاسی کردووە لەچلەکانی سەدەی بیستەم و بەشداریکردووە لەدامەزراندنی حزبی (میهن) لەگەڵ کەریم سنجابی، لەحکومەتەکەی د. موسەدەق بەوەزیری پەروەردەو خوێند دانراوە، لەتەموزی (١٩٥٢)، ماوەك زیندانی دەکرێت، بەشداریکردووە لەدامەزراندنی دووەم بەرەی نیشتمانی، هەر ئەویش د. موسەدەقی ئاگادار دەکردووەو نامەی بۆ دەنارد دەربارەی چالاکیەکانی دووەم بەرەی نیشتمانی.

ماوەیەك بەکاری پزیشکی ژیانی بەسەربردووە، دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) لەرۆژنامەی (پیام جبهه ملی) کاری کردووە، (لەئایاری/١٩٩٤) کۆچی دوایی کردووە.

## • مەنسور حیکمەت: (٦٦)

ناوی راستی (ژوبین رازانی)یە ساڵی (١٩٥١) لەشاری تاران لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەوشارە تەواو کردووە، بۆ خوێندنی زانکۆ دەچێتە شاری شیرازو پاشان روو لەلەندن دەکات، لەوێ کتێبەکانی (سەرمایە)و کتێبەکانی دیکەی کارل مارکس دەخوێنێتەوە.

لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەئەوروپا رێکخراوێك بەناوی (سەهەندییەکان) پێکدەهێنن، کەرێکخراوێکی مارکسی بوو، سەرەتای ساڵی (١٩٨٢) دەگەڕێتەوە

ئێران و لەگەڵ کۆمەڵەی شۆڕشگێری زەحمەتکێشانی کوردستان تێکەڵ دەبن و حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی دادەمەزرێنن.

پاش ماوەیەك بەهۆی ململانێی فیکری وسیاسی لێك جیادەبنەوە، مەنسور حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی دادەمەزرێنێت ساڵی (١٩٩٠).

مەنسور کەسێکی رۆشنبیرو نووسەرێکی بەتواناو و سیاسەتمەدارێکی بەتوانابووە برێکی زۆر نووسین هەیە لەبوارەکانی رێکخراوەیی (سیاسی) فیکری، کاروباری چینایەتی و کۆمەڵایەتی، نووسینەکانی لەیەك بەرگدا کۆکراونەتەوە.

لە(تەموزی/٢٠٠٢) کۆچی دوایی دەکات.

- **مەسعود ئەحمەد زادە: (٦٧)**

ساڵی (١٩٦٤) لەشاری مەشهەد لەبنەماڵەیەکی تێکۆشەر لەدایك بووە، خانەوادەکەی پەیوەندییان بەبەرەی نیشتمانی و هاوکاری حکومەتەکەی د. موسەدەق بووە دژی رژێمەکەی پەهلەوی.

مەسعود قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووەو پاشان لەزانکۆی تاران بڕوانامەی لیسانسی لەبیرکاری وەرگرتووە.

لەماوەی خوێندنی لەقۆناغی ئامادەیی و زانکۆ دەبێتە هاورێی ئەمیر پەرویز پویان، هەر لەو ماوەیەدا پەیوەندی بەکۆمەڵەی زانستی خوێندکارانی موسلمان دەکات.

مەسعود دوای تەواو کردنی خوێندنی زانکۆ، لەگەڵ ئەمیری هاورێی دەگەنە ئەو باوەڕەی کەتەنها بوونی رێکخراوێکی نهێنی رێبازی خەباتی چەکداری پەیرەوبکات دژی بنەماڵەی پەهلەوی دەتوانێت ئامانجەکانی گەڵ بەدی بێنێت.

هـەردووکیان سـاڵی (١٩٦٧) بـەهاوکاری مەجیـد ئەحمـەد زادە بڕیـار دەدەن بەپێکهێنانی ڕێکخراوێکی سیاسی، ئەوان وەکو گورپێك دەست دەکەن بەچالاکی و فراوانکردنی پەیوەندییەکانیان و خۆئامادە کردن بۆ قۆناغی خەباتی چەکداری.

یەکـەم چـالاکیان سـاڵی (١٩٧١) دەسـت پێدەکـەن بەهێرشـکردنە سـەبنکەی سەربازی (سیاکەل) و لەچالاکیەکەیان سەرکەوتوو دەبن، بەڵام دوای چـەند ڕۆژێـك هێزێکی ڕژێم هەموو ئەندامانی ئەوگروپە دەسگیردەکات، و دەدرێنـە دادگـا کـە لـە (١١/ئەسفند/١٣٥٠) هەتاوی بڕیاری کوشتنیان بەسەردا جێبەجێ دەکرێت.

ئـەوانی لەگـەڵ مەسـعود دەبـن هەریـەك لـە: عەباسـی مفتـاحی، ئەسـەدوڵلای مفتاحی، مەجید ئەحمەد زادە، حەمید تەوەکولی، غولام ڕەزا گەلەوی.

مەسعود دوو نووسینی لەپاش بەجێ ماوە بەناوی:

١- انقلاب در انقلاب، ڕژی دوبره، نووسینی خۆی.

٢- انگلس، فریدریش، منشأ خانواده، مالکیت خصوصی و دەولت، وەرگێران.

- **مەریەم ڕەجەوی: (٦٨)**

مەریەم قەجەر عەزدانلو، لەدایك بووی ساڵی (١٩٥٣)ی شاری تاران، لەخێزانێکی چینی ناوەڕاست، دوای تەواو کردنی خوێنـدنی سـەرەتایی و ئامـادەیی، لـەزانکۆی تەکتولۆجی بەشی ئەندازیاری خوێندنی باڵای تەواو کـردووە، زمانـەکانی فارسـی و فەرەنسی باش دەزانێ.

ژیانی سیاسی لەسەردەمێ کەخوێنـدکاری ئامـادەیی بـووە دەسـتی پێکـردووە، پەیوەندی بەڕێکخراوی قوتابیانی موجاهیدینی خەلق کردووە، سەرکردایەتی بزاڤـی خوێندکارانی کردووە لە دژایـەتیکردنی ڕژێمی پەهلـەوی، لـەو سـەردەمە خوشـکی

گەورەی (نەرجس) لەلایەن رژێمەوە لەسێدارەداوە بەهۆی چالاکی سیاسی، دواتر لەسەردەمێ کۆماری ئیسلامی خوشکی بچووکیشی (مەعسومە) و هاوسەرەکەی لەسێدارە دراون.

مەریەم رۆڵێکی سەرەکی هەبووە لەچالاکیەکانی خوێندکارانی ئامادەیی و زانکۆکان و رێکخستنی خۆپیشاندانەکان دژی رژێمی شاو پاشانیش لەبەرهەڵستی کردنی سیستمی ئیسلامی لەزۆربەی ناوچەکانی شاری تاران تاساڵی (١٩٨١).

لەلایەن رێکخراوی موجاهدین کاندید کراوە بۆ ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان) و سەرکەوتنیشی بەدەست هێنا لەحوزیرانی (١٩٨١) بەڵام لەلایەن پیاوانی ئاینی دەستەڵاتدار، رێگای پێ نەدرا بەشداری ئەنجوومەن بکات.

چەند جارێك هێرش کراوەتە سەرنووسینگەکەی لەناوشاری تاران، تا ساڵی (١٩٨٢) دەرباز بووی خۆی گەیاندە فەرەنسا، لەوی بەشداری لەچالاکیەکانی ئەنجوومەنی بەرهەڵستی ئێران کرد دژ بەسیستمی کۆماری ئیسلامی.

ماوەیەك لەبەرێوەبەری نووسینگەی مەسعود رەجەوی بووە، پاشان پلەی بەرزبۆتەوە ئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بەرهەڵستی ئێرانی لە ساڵی (١٩٨٥)، پاشان چوار ساڵ بووە بە ئەمینداری گشتی رێکخراوی موجاهیدینی خەلق لەجێگای مەسعود رەجەوی، لە (٢٨/ئابی/١٩٩٣) لەلایەن ئەنجوومەنی باڵای بەرهەڵستی ئێرانی وەك سەرۆك کۆماری ئێران دیاریکراوە ناوبراو دووجار هاوسەرگیری کردووە، یەکەمیان لەگەڵ (مەهدی ئەبریشجی) دووەمجاریش لەگەڵ مەسعود رەجەوی.

## • محەمەد خاتەمی: (٦٩)

لەدایك بووی ساڵی (١٩٤٣)ی شاری (ئەردگان)ی ناوچەی یەزدی ئێرانە، لەبنەماڵەیەكی ئاینی پەروەردەكراوە، باوكی ئایەتوڵلاخاتەمی لەگەورەپیاوانی ئاینی شارەكەبوو، دوای چەند ساڵێك خوێندن رووی لەشاری قوم كرد بۆ تەواو كردنی خوێندنی ئاینی، پاشان ساڵی (١٩٦٥) گەیشتە ئەسفەهان بۆ خوێندنی فەلسەفە، بەشداری وانەكانی شێخ مورتەزا موتەهەری كردووە دەربارەی فەلسەفەی هیگل وماركس، لەنێوان ساڵانی (١٩٦٩ - ١٩٧١) وەك ئەفەسەرێك لەسوپای ئێران كاری كردووە، كاتی لەئەسفەهان دەبێت پەیوەندی بەرێكخراوی یەكێتی قوتابیان دەبێت، دواتر لەدامەزراندنی (كۆمەڵەی زانایانی ئاینی تێكۆشەر) بەشداری دەكات، دۆستایەتی لەگەڵ ئەحمەد خومەینی پەیدادەكات.

پێش شۆرشی گەلانی ئێرانی روو لەئەلمانیا دەكات، لەو وڵاتە بووە بەئیمام و سەرۆكی مەلبەندی ئیسلامی لەشاری هامبورگ، دوای سەركەوتنی شۆرش (١٩٧٩) دەگەرێتەوە ئێران، ساڵی(١٩٨٠) بەئەندامی ئەنجوومەنی شورا هەڵدەبژێردرێت، لەتشرینی دووەمی (١٩٨٠)، سەرپەرشتی دامەزراوەی رۆژنامەی (كەیهان) دەكات، لە (١٩٨٢) بەوەزیری رۆشنبیری دادەنرێت، بەلام بەهۆی ئاراستەی لیبرال و ئازادیخوازییەكەی لەوەزارەت دوور دەخرێتەوە، ناوبراو زمانەكانی فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی باش دەزانێت، ژمارەیەكی زۆری نووسین و كتێب هەیە، لەماوەی جەنگی عێراق - ئێران، ماوەیەك لەسەركردایەتی باڵای هێزە چەكدارەكان دەبێتە سەرۆكی ناوەندی راگەیاندن، رەخنەی زۆری لێدەگیرێت، لەبەر ئەوەی دەرگای بۆرۆشنبیری رۆژئاوایی كردۆتەوە، لە (١٩٩٧) بەسەرۆك كۆمارهەڵدەبژێردرێت.

## • د. محەمەد باهری: (٧٠)

لەدایك بووی ساڵی (١٩١٨)ی شاری شیرازە، ساڵی (١٩٣٧) کۆلیجی مافی تەواو کردووە لە زانکۆی تاران، لەو رۆژگارە گروپێکی رۆشنبیری پێکهێناوە بەهاوکاری (رەسول پەروێزی، فرەیدون تەوەکول، ئیبراهیم گولستان)، کاریگەری هزری مارکسی بەسەرەوە بووە، لەدوای لادانی رەزا شا لەدەسەڵات، ماوەی پەیوەندی بەحزبی تودە کردووە، ساڵی (١٩٤٦) رووی لەفەرەنسا کردووە بۆ خوێندن و ماوەیەی حەوت ساڵ لەپاریس دەمێنێتەوە، بروانامەی دکتۆرای لەماف وەرگرتووەو ساڵی (١٩٥٣) دەگەڕێتەوە ئێران، یەکەم کاری بەشداریکردنی بووە لەدامەزراندنی حزبی (مردم) بەسەرکردایەتی ئەسەدوڵلا عەلەم، کەباهری وەك سکرتێری حزبەکە کاری کردووە، دوای (٢٢) ساڵ کاتێ محەمەد رەزاشا بڕیاری دامەزراندنی حزبی (رستاخیز)دا حزبی مەردەمیش خۆی هەڵوەشاندنەوەو تێکەڵی حزبی رستاخیز، دەبێت، د. باهری دەبێتە یەك لەسەرکردەکانی ئەو حزبەو لە (٨/ئابی/١٩٧٧) دەبێتە سکرتێری حزب، باهری لەسەردەمی حکومەتەکەی جەعفەر شەریف ئیمامی بەوەزیری داد دادەنرێت، پاشان دەستی لەکار دەکێشێتەوەو روو لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەکات.

- **محەمەد جەواد باهنەر: (٧١)**

(حوجە تولئیسلام) محەمەد جەواد باهنەر لەشاری کرمان ساڵی (١٩٣٣) یان (١٩٣٤) لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەوشارە تەواو کردووە، پاشان رووی لەشاری قوم کردووە بۆ خوێندن، لەنێوان (١٩٥٣ – ١٩٦١) خوێندکاری ئیمام خومەینی دەبێت، لەزانکۆی تاران بڕوانامەی دکتورای لەشەریعەت وەرگرتووە.

گۆڤارێکی بەناوی (مەکتەب تشیع) دەرکردووە دەستی کردووە بەو تنەوەی بابەتی ئاینی و نووسینی کتێب بۆ قوتابخانەکان.

باهنەر کاتێ خوێندکار دەبێت پەیوەندی بەکاری سیاسییەوە دەبێت و بە هۆی چالاکیەکانی ساڵی (١٩٥٨) دەسگیر دەکرێت، ساڵی (١٩٦٢) پەیوەندی بەبزووتنەوەی ئیسلامی دەکات کە خومەینی رابەرایەتی دەکرد، لەنێوان ساڵانی (١٩٦٣ – ١٩٧١) شەش جار دەسگیر دەکرێت و رێگای وانەوتنەوەی لێدەگیرێت.

ساڵانی شۆڕشی گەلانی ئێرانی چالاکیەکانی پەرەی سەندووەو بەشداری خۆپیشاندانی شارەکان دەکات، ساڵی (١٩٧٩) بەشداری لەدامەزراندنی حزبی جمهوری ئیسلامی دەکات و بەبڕیاری خومەینی بەئەندامی ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش دیاری دەکرێت، چەندین ئەرك و فەرمانی لەحکومەت بەدەستەوە بووە.

لە (٢٩/حوزەیران/١٩٨١) دەبێتە ئەمینداری گشتی حزبی جمهوری ئیسلامی، لە (٢٥/ئابی/١٩٨١) بەسەرۆك وەزیران دیاری دەکرێت، بەڵام دوای (٢٠) رۆژ بەهۆی تەقینەوەکەی بارەگای ئەنجوومەنی وەزیران لە (٣٠/ئابی/١٩٨١) کۆچی دوایی دەکات.

## • محەمەد ڕەزاشا پەهلەوی: (٧٢)

لەرۆژی (٢٦/تشرینی یەکەمی/١٩١٩) لەدایك بووە، باوکی ئەفەسەرێکی پلە بەرزی سوپای ئێران بوو، محەمەد ژیانی منداڵ ژیانێکی کۆمەڵایەتی ئاسایی بوو، لە(کانوونی یەکەمی/١٩٢٥) باوکی دەبێتە شای ئێران، بۆیە فەرمانێکی شایانە دەرچوو بەدیاریکردنی محەمەد وەك (جێ نشین)، بۆ ئامادەکردنیشی مامۆستای تایبەتی لەفەرەنساوە بۆ ئامادەکرا.

کاتێ تەمەنی دەگاتە (١٢) ساڵ ڕەوانەی سویسرا دەکرێت، لەوێ لەقوتابخانەی (لاروزە)ی شاری (باڵ)، ماوەی (٥) پێنج ساڵ خوێندوویەتی، ساڵی (١٩٣٦) دەگەڕێتەوە ئێران و لەکۆلیجی سەربازی دانراوە، دوای دوو ساڵ پلەی مولازمی دووەمی پێدراوە.

لە (٢٥/ئابی/١٩٤١) هێزەکانی بەریتانیاو روسیا، هەریەکە بەشێکیان لەخاکی ئێران داگیرکرد، ڕەزاشا ناچار کرا دەست بەرداری دەسەڵاتەکانی بێت بۆ محەمەدی کوڕی، بەپێی ڕێ و ڕەسمی تایبەتی لە (٢٦/ئەیلولی/١٩٤١) بەشای ئێران بانگ کرا، بەم شێوەیە لەگەڵ سیاسەتی نێو دەوڵەتی خۆی گونجاند، دوای جەنگ بەهۆی لێهاتوویی سیاسەتمەدار (ئەحمەد قەوام)ی سەرۆك وەزیران هێزە بیانیەکان ئێرانیان بەجێهێشت.

ساڵی (١٩٥٣) بەهۆی ڕووداوەکان و بوونی د. موسەدەق بەسەرۆك وەزیران شا ناچار بوو ئێران بەجێ بهێڵێت، بەڵام دوای کودەتاکەی سەر حکومەتەکەی موسەدەق، شا گەڕایەوە ئێران.

محەمەد رەزا شا کە تەمەنی گەیشتە (٤٤) ساڵ لە (٢٦/تشرینی یەکەمی/١٩٥٣) تـاجی شـایانەی لەئاهـەنگێکی گـەورەی قەسـری (گولسـتان) خسـتە سـەرخۆی، دەسەلاتەکانی درێژەی کێشا تا (١٥/کانوونی دووەمی/١٩٧٩) کاتێ ناچار کرا ئێران بەجێ بهێلێت، لەگەڵ خێزانەکەی لە تارانیش رژێمی پاشایەتی کۆتـایی پـێ هێنـرا لەلایـەن دەسـەلاتداری نـوێ و ئێـران بـووە کۆمـارێکی ئیسـلامی، لـە (٢٦/تەموزی/١٩٨٠) شا بەهۆی نەخۆشی کۆچی دوایـی کـردو تەرمەکـەی لەشاری قاهیرە نێژرا، محەمەد رەزا شا سێ جار هاوسـەرگیری بەسـتبوو لەگـەڵ: فەوزییـە شازادەی میسر، سورەیا کەهاولاتیەکی ئێرانـی بـوو، جـاری سـێیەمی لەگـەڵ کچـە خوێندکارێکی ئێرانی بەناوی (فەرەح) لە (٢٤/کـانونی یەکـەمی/١٩٥٩)، سـێ کـچ و دوو کوڕی هەبووە.

لەخەسلەتەکانی محەمەد رەزا شا، ئەوانی لێـی نزیـك بـوون وایـان بـاس دەکـرد کەئەم پیاوە حەزی دەکرد بەگەورەپیاوی مێژووی ئێران بناسـرێت و بـەرزترین شـا بووە لەناو شاکانی ئێران، هەروەها کە سێکی رارا و جێگیر نـەبووە لەبیرکردنـەوە، بـەردەوام گرینگـی زۆری بەسیاسـەتی دەرەکـی و نێـو دەوڵـەتی دەدا، ترسـی لـە هەڵچوون و نـارەزایی جـەماوەری هـەبووە، پارەیـەکی زۆری لەئاهـەنگ و سـەردان خەرج دەکرد.

## • سید مەهدی پیراستە: (٧٣)

سەید مەهدی پیراستە کوڕی حاجی موعتەمد، ساڵی (١٩١٩) لەدایك بووە، دوای خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەزانکۆی تاران بەشی ماف دەخوێنێت، پاشان پلەبەپلە لەدام و دەزگاکانی حکومەت کاری کردووەو سەردەکەوێت تا گەیشتۆتە سەرۆکی دادگای ئیستینئاف لەتاران، هەر لەو ماوەیەدا سەرپەرشتی ڕۆژنامەی (مردایران) دەکات، لەخولی (١٦) ئەنجوومەنی شورا بووە بە ئەندام، لەو سەردەمە لەناو ئەنجوومەنی شورا لەو کەسانە بوو کەلەو کۆبوونەوەی ڕۆژی (١٩/ئازاری/١٩٥١) دژی حکومەتەکەی د. موسەدەق دەنگی داوە.

پاشان گەڕاوەتەوە فەرەنسا لەوێ خوێندویەتی و بڕوانامەی دکتۆرای لەماف وەرگرتووە، لەتاران چەند ئەرکێکی ڕەسمی پێدراوە، جێگری وەزیری، پارێزگاری خوزستان، پارێزگاری فارس، وەزیری ناوخۆ لەوەزارەتەکەی ئەسەدوڵلا عەلەم.

لەسەردەمی حکومەتەکەی عەبدولسەلام عارف لەعێراق بەباڵیۆزی ئێران دیاری دەکرێت لەکاتی وەرگرتنی نامەکەی لەگەڵ سەرۆك کۆمار کێشەیەك دروست دەکات.

لە (٥/حوزەیرانی/١٩٦٣) کاتی وەزیری ناوخۆ دەبێت، خۆپیشاندانە گەورەکانی تاران ڕوویدا کەبەهۆیەوە ئایەتوڵلاخومەینی بۆ تورکیا دوور دەخرێتەوە.

پیراستە ئەندامێکی ئەولیژنەیە بوو کە پێکهات بۆ لێکۆڵینەوە لەکێشەکەی خومەینی لەگەڵ (ئەسەدو ڵلا عەلەم سەرۆك وەزیران و (حەسەن باکرەوان) سەرۆکی دەزگای (ساواك)ی هەواڵگری.

لەساڵی (١٩٧٨)، پیراستە حزبێکی نوێی پێکهێنا بەناوی – کۆمەڵەی پاسەوانانی دەستور – کەسەر بەڕژێمەکەی شابوو، پیراستە دژی ئەو بانگەوازە

وەستا بۆ گۆڕینی رژێمی پاشایەتی بۆ کۆماری، ئەندامانی حزبەکەی دەستیان بەخۆ پیشاندان کرد، چاپەمەنیان بڵاودەکردەوە، دەسەڵاتی نوێی ئیسلامیان تاوانبار دەکرد هەر لەسەرەتای راگەیاندنی سیستمی کۆماری ئیسلامی، بەڵام سەرکەوتوو نەبوون و کپ کرانەوە.

پیراستە لەمانگی شوباتی/١٩٧٩ ئێرانی بەجێهێشت و رووی لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کرد.

### • محەمەد درەخششی: (٧٤)

ساڵی (١٩١٥) لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی و زانکۆی لەشاری تاران تەواو کردووە(٧٤)، بووە بەمامۆستا ساڵی (١٩٣٩)، دواتر بەئەندامی پەرلەمان (ئەنجوومەنی شورا) هەڵبژێردراوە، ساڵی (١٩٤٥) درەخشش، کۆمەڵەی مامۆستایانی زانکۆی – دامەزراند، خۆی بووە بە سەرۆکی کۆمەڵەکە، رۆڵی گەورەی هەبووە لەبەرزکردنەوەی مووچەی مامۆستایان ساڵی (١٩٤٩)، گۆڤارێکی بەناوی (مهرگان) دەکردووە.

کۆمەڵەی مامۆستایای زانکۆ، پەیوەندی بەچەند لایەنێکی سیاسییەوە هەبووە، هەروەها گۆڤارەکەشی (مهرگان) هاوکاربوو لەگەڵ حزبی تودە، ئەویش لە کۆتایی چلەکان، بەتایبەتی لەگەڵ گروپەکەی (خەلیل مەلکی).

کۆمەڵە لەبیروڕای سیاسی گۆڕان رویدا، پشتگیری د. موسەدەقی کرد دژی کۆمۆنیستەکان، کاتێ ململانێ کەوتە نێوانیان ساڵی (١٩٥٢)، بەڵام وەك دەردەکەوێت خودی درەخشش پشگیری شاورژێمەکەی کردووە ئەویش دوای روخاندنی حکومەتەکەی د.موسەدەق لە (١٩٥٣).

درەخشش لە خولی (١٨)ی ئەنجوومەنی شورا بووە بەئەندام، لەناو پەرلەمان وەك بەرەی ئۆپۆزیسیون دژی حکومەتەکەی جەنەڕال زاهیدی دەجولایەوە، لەچەند وتارێکی لایەنگری بەرەی نیشتمانی کردووە دژی پەیمانی نێوان ئێران و کۆمپانیاکانی نەوتی نێو دەوڵەتی (کونسورتیوم).

ساڵی (١٩٦١ – ١٩٦٢) بەوەزیری پەروەردەدانراوە لەحکومەتەکەی عەلی ئەمینی، لەساڵی (١٩٦٢) بەدواوە وازی لەسیاسەت هێناوەو بەرەو دەرەوەی ئێران لەئەمریکا جێگیربووە، پاشان لە (٢٠٠٥) کۆچی دوایی کردووە.

## • محەمەد رەزای ملی تارانی: (٧٥)

لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٧)ی شاری تارانە، قۆناغەکانی خوێندنی لەوێ تەواو کردووە، لەزانکۆی تاران بەشی زانست بڕوانامەی زانکۆی بەدەست هێناوە، پلەی زانستی پرۆفیسۆر بووەو لەزانکۆدا وانەی وتووەتەوە.

ژیانی سیاسی تارانی لەساڵی (١٩٤٦) وە دەست پێدەکات، کاتێ بەشداری کردووە لەدامەزراندنی حزبی (جەنگ ئێران) بەهاوکاری موحسین پزیشکپورو داریوش فروهەرو چەند کەسانێکی دیکە، ئەم حزبە ئاراستەیەکی ناسیۆنالستی هەبووە.

دواتر د. تارانی و بەهاوکاری موحسین پزیشکپور حزبی – پان ئێرانیست –ی دامەزراند، تارانی بەدامەزرێنەرو تیۆرزانی حزب دادەنرێت، ئەو حزبە هەمان ڕێبازی ئایدیۆلۆجی حزبی (جەنگ ئێران)ی هەبووە.

حزبی (پان ئێرانیست) ساڵی (١٩٧٥) تێکەڵی حزبی (رستاخیز) دەبێت و د. محەمەد تارانی دەبێتە سکرتێری گشتی حزب، بەڵام ناوبراو لە (١٢/تەموز/١٩٧٨) دەست لەکار دەکێشێتەوە لەکاتی ڕووداوەکانی ڕاپەڕینە گەورە گەلالی دژ بەڕژێمی شا.

بەرزکردنـەوەی هۆشـیاری سیاسـی و کۆمەڵایـەتی لـەناو ڕووناکبیران دەگێـڕا، بیروباوەڕەکانی تاڕادەیەك لەبۆچوونی سۆسیالستەدیموکراسەکان نزیك بوو.

خیابانی کاتێ جەنگی یەکەمی جیهانی هەڵگیرسا لەناوچەی داغستان بەکارو پیشـەوە خـەریك بـوو، ئـەو دوای ماوەیـەك گەڕایـەوە ئێـران، لـەڕۆژی (٩/نیسان/١٩١٧)ڕۆژنامەی (تجدد)ی دەرکرد، دەست پێشخەری کرد لەدامەزراندنی پارتی دیموکراتی ئازەربایجان.

لـە (٩/نیسـانی/١٩٢٠) لەکۆبوونەوەیـەکی جـەماوەری ڕایگەیانـد، کەناوچـەی ئازەربایجـان پەیوەنـدی خـۆی بەدەسـەڵاتی ناوەنـدی دژ بەدیموکراسییەت بـڕی، ڕاپەڕینی ناوچەکە سـەری هەڵدا، خیابـانی ڕابەرایـەتی موجاهیـدینی ئازەربایجانی دەکرد، دوای چەند ڕۆژێك خەشەیەکی چاکسازی بۆ کاروباری ناوچە ڕاگەیاند.

حکومەتی تاران بۆ لەناو بردنـی ڕاپەڕینەکـە، فەرمانڕەوایـەکی نـوێی دیـاریکرد، هێزێکی قەوزاقشـی ڕەوانـە کـرد، لـە (١٢/ئـەیلولی/١٩٢٠) هێرشـی لەشـکری تـاران دەسـتی پێکـرد/ مـاوەی دوو ڕۆژ شـەڕ لـەنێوان هـەردوولا درێـژەی کێشـا لـە (١٤/ئەیلولی/١٩٢٠) خیابانی لەگەرمەی شەڕدا دەکوژرێت و ڕاپەڕینەکـەش کۆتـایی پێ دێت.

دوور دەکەوێتەوە بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا جارێکی دیکە دەسگیر دەکرێت لە (٢٦/حوزەیرانی/١٩٤٠) و تالادانی ڕەزاشا لە (٢١/ئەیلولی/١٩٤١) ئازاد دەکرێت.

پاش ئازاد بوونی، موسەدەق دەگەڕێتەوە ناو سیاسەت، ساڵی (١٩٤٤) لەخولی (١٤) پەرلەمان دەبێتەوە ئەندام وەك نوێنەری شاری تاران، دەکەوێتەوە خەبات دژی بنەماڵەی پەهلەوی.

ساڵی (١٩٤٩) لەخولی (١٦)ی هەڵبژاردنی پەرلەمان، وەزیری کۆشکی شا (حوسێن هەجر) دەستی لەکاروباری هەڵبژاردنەکە وەردابوو، ئەم کارەش پاڵی بەموسەدەق نا کە لەگەڵ ژمارەیەکی دیکەی خەڵکی کەنزیکەی (١٨٠) کەس دەبوون، لەڕۆژی (١٤/تشرینی یەکەمی/١٩٤٩) برژێنە ناو کۆشکی محەمەد ڕەزاشاو مانگرتنیان ڕاگەیاند، داواشیان کرد چاویان بەشا بکەوێت، بەڵام ڕێگای چاو پێکەوتنیان پێ نەدرا، مانگرتووەکان یاداشتێکیان ڕەوانەی شا کرد دژی ئەو دەستێوەردانەی وەزیری کوشك پێی هەستاوە، هەر لە (٤/تشرینی دووەمی ئەو ساڵە، وەزیری کۆشك (حوسێن هەجر) تیرۆر دەکرێت و بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی ئەنجامەکانی هەڵبژاردن دەردەچێت و ڕۆژی (١٢/کانونی دووەمی/١٩٥٠) هەڵبژاردن، دووبارە کرایەوە، ئەم ڕووداوانەش سەرکەوتن بوو بۆ خودی موسەدەق.

لە (١٥/ئازاری/١٩٥٠) پرۆژەی خۆماڵیکردنی نەوت لەلایەن موسەدەق خرایە بەردەم پەرلەمان و ڕەزامەندی لەسەر درا، لەلایەکی دیکەوە هەوڵەکانی شا بۆ پێکهێنانی وەزارەت سەرکەوتوونەبوو، شا ناچار بوو موسەدەق ڕاسپێرێت بۆ پێکهێنانی وەزارەت کە لەڕۆژی (٦/ئایاری/١٩٥١) پێکهات و بڕیاری خۆماڵیکردنی نەوتی دەکرد.

لەسەروبەندی هەڵبژاردنی ساڵی (١٩٥٢) پەرلەمان، شا قەوام ئەلسەلتەنەی ڕاسپارد کە وەزارەت پێك بهێنێ، بەڵام بۆی جێبەجێ نەکرا، بۆیە جارێکی دیکە موسەدەق گەڕایەوە سەر دەسەڵات، ئێران بە هۆی خۆماڵیکردنی نەوتیش بەرەو

رووی قەیرانێکی ئابوری وسیاسی ببۆوە لەبەر دژایەتیکردنی تووندی کۆمپانیاکانی و نارەزایەتی بەریتانیاو ئەمریکا، لەو هەلْ و مەرجەدا دەزگای هەوالگری ئەمریکا دەستی خستە ناو کاروبارەکانی ئێران و پلانی کودەتایەکی سەربازی هاتە پێشەوە، کەلایەن جەنەرال زاهیدی ئەنجامدراو موسەدەق لەدەسەلأت دوور خرایەوەو محەمەد رەزاشا گەرایەوە ئێران، موسەدەق بۆ ماوەی سێ سالْ زیندانی کرا، دواتر لەشاری (ئەحمەد ئاباد) لەژێرچاودێری مایەوە لەماڵەکەی خۆی، رۆژی (٥/ئازاری/١٩٦٧) کۆچی دوایی کرد.

## • محەمەد حوسین بەهەشتی: (٧٨)

ئایەتوڵلا سەید محەمەد بەهەشتی، ساڵی (١٩٢٨) لەشاری ئەسفەهان لەدایك بووە، باوکی لەپیاوانی(٧٨) ئاینی بوو، خوێندنی لەشاری قوم تەواو کردووە، بروانامەی دکتورای لەزانستە ئاینیەکان وەرگرتووە، ماوەیەك لەزانکۆی تاران مامۆستای فیقهی ئیسلامی بووە، ساڵی (١٩٦٠) لەشاری قوم قوتابخانەیەکی ئاینی کردۆتەوە.

چەند زەمانێك دەزانێ، وەك: عەرەبی، ئەلمانی، فەرەنسی، ئینگلیزی.

ژیانی سیاسی لەشاری قوم دەست پێدەکات، پەیوەندی لەگەلْ کۆمەڵەی (مۆتەلیفەی ئیسلامی) هەبووە، دوای دەسگیرکردنی چەند سەرکردەیەکی ئەو کۆمەڵە، بەهەشتی روو ئەئەلمانیا دەکات ساڵی (١٩٦٥) لەو ولآتەتێکەڵی ژیانی رۆژئاوایی دەبێت، هاورێیەتی لەگەلْ ژمارەیەك کەسایەتی پەیدا دەکات، وەك (جۆرج پۆل) وەکیلی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا و هنری کیسنجەر) و (ئەلیکسەندەر هیگ).

ساڵی (١٩٧٠) دەگەڕێتەوە ئێران لەگەڵ هەریەك لەئایە توڵلا مەهدەوی کنی، ئایەتوڵلا موسەوی ئەردەبیلی بەیەکەوە کۆمەڵەی زانایانی ئاینی تێکۆشەران (جامعە روحانیت مبارز) دادەمەزرێنن، لەدەوروبەری (١٩٧٧) بەهەشتی بنەما هزرییەکانی حزبی جمهوری ئیسلامی دارشت کە دواتر لە (١٨/شوباتی/١٩٧٩) دامەزراندنی راگەیەنرا.

بەهەشتی لە(٢٠/ئابی/١٩٧٩) دەبێتە سەرۆکی ئەنجوومەنی شارەزایان، یەکێك بوو لەوانەی دادگای شۆڕشیان دامەزراند، ئەو لەپشتی زۆر کاری گرینگەوە بووە، وەك لادانی ئەبولحەسەن بەنی سەدر لەسەرۆکایەتی کۆمار، لە (٢٩/حوزەیرانی/١٩٨١) لەبارەگانی حزبی جمهوری ئیسلامی بەهۆی تەقینەوەیەك لەگەڵ (٧٤) کەس دیکە دەکوژرێت.

## • محەمەد عەلی جەعفری: (٧٩)

لیوا، محەمەد عەلی جەعفەری، سەرکردەی سوپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامی، ساڵی (١٩٥٧) لەشاری یەزد لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی لەشارەکەی خۆی تەواو کردووە، ساڵی (١٩٧٧) لەزانکۆی تاران بەشی ئەندازیاری وەردەگیرێت، چالاکی سیاسی دەست پێدەکات بەبەشداریکردن لەنارەزاییەکانی دژ بەرژێمی شا لەشاری تاران، ماوەیەك زیندانی دەکرێت، لەناو هێزی (بەسیج) بەشداری جەنگی عێراق – ئێران دەکات، دوای جەنگ دەگەڕێتەوە بۆ خوێندنی لەزانکۆو ساڵی (١٩٩٢) بڕوانامەی بەکالۆریوس وەردەگرێت، ناوبراو بۆ ماوەی (١٣) ساڵی سەرکردایەتی هێزەکانی پیادەی پاسەوانانی شۆڕشی کردووە، دواتر بەسەرکردەی هێزی پاسەوانانی شۆڕش دادەنرێت.

## • محەمەد عەتریا نفر: (٨٠)

ساڵی (١٩٥٤) لەشاری ئەسفەهان لەدایك بووە، لەزانكۆی – شەریفی پیشەسازی لەئەندازەی نەوت خوێندوویەتی، رۆژنامەنووس و سیاسەتمەدار، ئەندامی ئەنجومەنی ناوەندی كۆمەڵەی – كەوادر ئەلبینا – بووە، سەرۆكی كاتی ئەنجومەنی شارەوانی تاران و سەرنووسەری رۆژنامەی – همشهری – یاریدەدەری سیاسی وەزیری ناوخۆ – لەرۆژنامەكانی – شەرق – و هەفتەنامەی – شهروندامروز – كاری كردووە.

لەسەردەمی رژێمەكەی محەمەد رەزاشا دوو جار زیندانی كراوە، بەهۆی پەیوەندی بەرێكخراوی – موجاهیدینی خەلقی ئێرانی.

ناڕەزایی توندی دەربارەی ئەنجامەكانی هەڵبژاردنی سەرۆك كۆمار لە خولی دەیەم دەربڕیوە، بۆیە دەسگیر دەكرێت و رەوانەی دادگا دەكرێت پاشان ئازاد دەبێت.

## • محەمەد تەقی بەهار (مەلیكی شاعیران): (٨١)

محەمەد تەقی بەهار، كوڕی حاجی میرزا كەریم، لەدایكبووی (٩/كانونی یەكەمی/١٨٨٦) لەشاری مەشهەد، خوێندنی لەسەردەستی باوكی و لەزۆری مەلاكان دەستپێكردووە، زانستە عەرەبی و فارسیەكانی خوێندووە، لەتەمەنی (٧) ساڵیدا شاهنامەی فارسی خوێندۆتەوە.

یەك لەگەورەترین ئەو شاعیرانە دادەنرێت كەبەزمانی فارسی شیعری نووسیوە، خاوەن بیرێكی بەرزو نووسەرێكی بەتواناو رۆژنامە نووسێكی لێهاتوو بووە.

نیو سەدە زیاتر لەبواری ئەدەب و شیعر بەرهەمی هەبووە، لێرە دەكرێ ئاماژە بۆ كاریگەری ناوبراو لەسەر شیعری فارسی هاوچەرخ لەم خاڵانە كورت بكەینەوە.

١) بەکارهێنانی زمانی فارسی بڵاوبۆوە لەو شەوزاراوەو دەربڕینەکان.

٢) بەکارهێنانی زمانی شاعیر و ئەدەبیاتی فارسی کۆن لە شیعرەکانی.

٣) پابەندنەبوون بەسنورێکی تەسك بۆ بابەتەکانی شیعری کۆن، ئەو شیعری کردۆتە ئامرازێکی بەسوود بۆ روونکردنەوەی مەبەستەجیاوازەکانی و بابەتە نوێیەکانی.

٤) دارشتنی شێوازێکی نوێ لەشیعرنووسین، ئەویش لەمیانەی شارەزایی فراوانی بەزمانی فارسی.

بەهاری شاعیر لەتەمەنی بیست ساڵیەوە خەریکی کاری سیاسی بووە، ئەولە سەردەمی شورشی دەستورییەوە (١٩٠٥ — ١٩١١) بەگەرمی پشتگیری ئەو رەوتەی کردووە، ساڵی (١٩٠٩) لەناوچەی خوراسان پەیوەندی بەلقی حزبی دیموکرات کردووە، لەهەمان ساڵدا، رۆژنامەی — نەوبەهار —ی دەرکردووە لەشاری مەشهەد، هەرلەو ماوەیەدا دەسگیردەکرێت و بۆ تاران دوور دەخرێتەوە، پاش ماوەیەك دەگەرێتەوە شارەکەی و بەردەوام دەبێت لەدەرکردنی رۆژنامەکەی، لەخولی دووەمی ئەنجومەنی شورا (پەرلەمان) و چەندین خولی دیکەش بەنوێنەر هەڵبژێردراوە، ساڵی (١٩١٧) گۆڤاری (دانشگە)ی دەرکردوە کە بابەتەکانی زانستی و ئەدەبی بوون، بەشداری لەدەرکردنی چەند رۆژنامەیەکی دیکەکردووە، وەك — رۆژنامەی ئێران — .

کاتێ رەزاخان سەرۆك وەزیران دەبێت دژایەتی سیاسەتەکەی کردووە، ساڵی (١٩٢٩) بۆماوەی ساڵێك زیندانی دەکرێت، ساڵی (١٩٤٦) دەبێتە ئەندامێکی سەرکردایەتی حزبی دیموکراتی ئێرانی بەسەرکردایەتی (ئەحمد قەوام ئەلسەلتەنە).

ساڵی (١٩٥١) لەماڵەکەیخۆی کۆچی دوایی کردووە.

- **محەمەد کازم شەریعەتمداری:**

ئایەتوڵلا محمد کازم شەریعەتمەداری، لەگەورەپیاوانی ئاینی ئێرانە، دەربارەی ساڵی لەدایك بوونی جیاوازی هەیە لەنێوان سێ مێژوودا (١٩٠٥ ، ١٩٠٦، ١٨٩٩) لەشاری تەورێزی ناوچەی ئازەربایجان.

خوێندنی لەشارەکانی تەورێزو مەشهەدو قوم تەواو کردووە، شەریعەتمداری لەبیروباوەڕەکانی کەسێکی میانڕەو بووە، هەڵگری بیروباوەڕی لیبراڵ و کەسێکی رۆشنبیرو خاوەن کەسایەتیەکی بەهێز ماوەتەوە.

پاش سەرکەتنی شۆڕش گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) ناوبراو لەپشتی دامەزراندنی حزبی جمهوری گەلی موسڵمانی ئێران بوو، کە لەگرینگترین ئامانجەکانی دامەزراندنی کۆمارێکی فیدراڵی بووە لەئێران، ئەو حزبە وەك رکابەرێك بوو بۆ حزبی جمهوری ئیسلامی کە بەپشتیوانی ئیمام خومەینی دامەزرا، بۆیە شەریعەتمەداری بەرەو رووی فشارێکی زۆر بۆتەوە، ناچار بوو لەسیاسەت دوور بکەوێتەوە خرایە ژێر چاودێری و نازناوی ئایەتوڵلای لێ وەرگیرایەوە، لە ساڵی (١٩٨٧) کۆچی دوایی کردووە، هەندێ سەرچاوە ئاماژە بۆ ساڵی (١٩٨٦) دەکەن.

لەدەسکەوتەکانی :

١- دامەزراندنی گۆڤاری - مەکتەبی ئەلئیسلام - ساڵی ١٩٥٨.

٢- دامەزراندنی - دامەزراوەی (دار ئەلتەبلیغ ئەلئیسلام) ساڵی ١٩٦٤.

### • محەمەد عەلی رەجائی: (٨٣)

ساڵی (١٩٣٣) لەشاری قەزوین لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شارەکەی خۆی تەواو کردووە، لەتەمەنی(١٤) ساڵیدا دەچێتە تاران بۆ کاسبی، لەتەمەنی (١٧) ساڵیدا پەیوەندی بەهێزی ئاسمانی دەکات، لەهەمان کاتدا لەسەر خوێندنی ئامادەیی بەردەوام دەبێت، پاشان دەبێتە مامۆستاو لەپەیمانگای باڵای مامۆستایانیش وەردەگیرێت و ساڵی (١٩٦٠) دەردەچێت، درێژە بەخوێندنی دەدات تابڕوانامەی ماستەر وەردەگرێت.

چالاکی سیاسی بۆ ساڵی (١٩٦٣) دەگەڕێتەوە بەهۆی ناسینی بۆ تالقانی پەیوەندی بەبزووتنەوەی ئازادی ئێران دەکات، ماوەیەك زیندانی دەکرێت، ساڵی (١٩٧٨) رەجائی دەبێتە ئەندام لەکۆمەڵەی مامۆستایانی ئیسلام، دواتر وەك وەزیری پەروەردە لەحکومەتەکەی (مەهدی بازرگان) دادەنرێت، لەو پێگەیە رەجائی پاکسازی فراوان لەناو دامەزراوەکانی پەروەردە دەکات، ئەوانی ئۆپۆزیسیۆن بوون دووریان دەخاتەوە.

لە (٣/ئابی/١٩٧٩) لەهەڵبژاردنی ئەنجوومەنی شارەزایان سەردەکەوێت، لەماوەیەدا پەیوەندی بەرێکخراوی موجاهیدینی خەلق دەبێت، ساڵی (١٩٨٠) دەبێتە ئەندام پەرلەمان لەسەر شاری تاران، پەیوەندی بەحزبی جمهوری ئیسلامی دەکات، دوای لادانی بەنی سەدر لەسەرۆك کۆماری، ڕەجائی بەسەرۆك کۆمار هەڵدەبژێردرێت لە (٢٥/تەموزی/١٩٨١) بەڵام زۆر لەدەسەڵات نەمایەوە، بەهۆی ئەو تەقینەوەی کە لەنووسینگەی سەرۆك وەزیران روویدا لە (٣٠/ئابی/١٩٨١) لەکاتی کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی بەرگری باڵا، رەجائی سەرۆك کۆمارو باهنەری سەرۆك حکومەت و ژمارەیەکی گەورە بەرپرسی تێدا کوژران.

## • د. مستەفا ئەلموتی: (٨٤)

لەدایك بووی ساڵی (١٩٢٨)ی شاری تارانە، قۆناغەکانی خوێندنی تەواو کردووەو پاشان لەزانکۆی تاران، بڕوانامەی لیسانسی لەماف وەرگرتووە، درێژەی بەخوێندن داوە لەزانکۆو بڕوانامەی – دکتۆرا –ی لەبواری ئابوری وەرگرتووە.

ژیانی کۆمەڵایەتی بەبەڕێوەبەری ڕۆژنامەی – داد – دەست پێکردووە لە نێوان ساڵانی (١٩٤١ – ١٩٥٤)، پاشان وەك شارەزایەکی ئابوری لەبانگی – گەشەپێدان کاردەکات.

سەرەتای ژیانی سیاسی پەیوەندی بەبەرەی نیشتمانی ئێران دەکات، دواتر پاش کودەتاکەی (١٩٥٣) لە د.موسەدەق جیادەبێتەوە، ساڵی (١٩٥٧) حزبی (ملیون) دامەزرا د. مستەفا چووە ریزی ئەو حزبە لەو حکومەتە بووە جێگری سەرۆك وەزیران، لەو پلەیە مایەوە تا حکومەتەکەی ئیقبال لەئابی (١٩٦٠) دەستی لەکارکێشاوە.

د. ئەلموتی (گۆڤاری) صبح امروز – ی دامەزراندو بووە سەرپەرشتیاری، ناوبراو درێژەی بەچالاکیەکانی داوە لەبواری ڕۆژنامەگەری، دواتر پەیوەندی بەحزبی – ئێران نوین – کردووەو گۆڤاری – صبح امروز – یش بووە بەزمانحالی حزبەکە.

پاشتر ئەلموتی بووە بەئەندامی ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان) لەخولەکانی: (٢١–٢٢–٢٣)، لەو ڕۆژگارەشدا سەرۆکی فراکسیۆنی حزبی – ایران نوین – دەبێت لەناو پەرلەمان.

ساڵی (١٩٧٥) کاتێ حزبی (ایران نوین) تێکەڵی حزبی – رستاخیز – دەبێت، د. ئەلموتی لەگەڵ ئەو تێکەڵبوونە بووە تاساڵی (١٩٧٨)، لە(٦/ئابی/١٩٧٨)

بەجێگری سەرۆکی ئەنجوومەنی شورا هەڵدەبژێردرێت لەسەردەمی حکومەتەکەی شەریف ئیمامی.

دوای سەرکەوتنی شۆڕش (١٩٧٩) لەئێران، ئەلموتی ئێران بەجێدەهێڵێت و روو لەشاری (لەندەن) دەکات.

### • مستەفا شەمیران: (٨٥)

ساڵی (١٩٣٢) لەشاری قوم لەدایك بووە، دوای یەك ساڵ خێزانەکەی بەرەو شاری تاران کۆچیان کردووە، لەو شارە خوێندنی سەرەتایی تەواو کردووە، پاشان لە ئامادەیی تەکنیکی وەرگیراوە، لەزانکۆی تاران لەکۆلیجی تەکنولۆجیا – کارەبا ساڵی (١٩٥٣) وەرگیراوە، بەهۆی پێشکەوتنی لەخوێندن رەوانەی ئەمەریکا کراوە، بڕوانامەی دکتورای لەزانکۆی کالیفۆرنیا (فیزیا – ئەندازەی کارەبا) وزانکۆی تکساس (ئەلیکترۆنیات و فیزیای ئەندامێتی) و وەرگرتووە، زمانەکانی، فارسی، عەرەبی، ئینگلیزی، فەرەنسی، ئەلمانی زانیوە.

لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، لەگەڵ هەردوو هاوڕێی – ئیبراهیم یەزدی و سادق قوتب زادە – یەکێتی قوتابیانی ئێرانیان دامەزراندووە، هەر لەتەمەنی گەنجیەوە بەشداری لەکۆڕو کۆبوونەوەکانی ئایەتوڵلا مەحمودتالقانی کردووە، لەچەند چالاکیەکی دژی رژێمی شا بەشداری کردووە.

لەساڵانی حەفتاکاندا لەباشوری لوبنان بەشداری کردووە لەدامەزراندنی بزووتنەوەی (امل)ی شیعی، دوای سەرکەوتنی شۆڕش لەئێران (١٩٧٩) بەیاریدەدەری سەرۆك وەزیران دادەنرێت بۆ کاروباری شۆڕش، دواتر ئەرکی رێکخستنی دەزگای ئاسایشی پێ دەسپێردرێت بۆ کاروباری شۆڕش، دواتر ئەرکی رێکخستنی دەزگای ئاسایش پێ دەسپێردرێت و پاشان بەپلەی وەزیری بەرگری

دادەنرێت لەحکومەتەکەی مەهدی بازرگان، تارۆژی (١٥/تشرینی دووەمی/١٩٧٩) کەدەستی لەکارکێشایەوە.

پاشان بەنوێنەری ئایەتوڵلاخومەینی لەئەنجوومەنی باڵای بەرگری و سەرکردەی هێزەکانی میلیشیا کاردەکات، لەرۆژی (٢١/حوزەیرانی/١٩٨١) لەناوچەی سوسنگرد (خفاجیە) لەشەڕی نێوان عێراق و ئێران دەکوژرێت.

- **موجتەبی نەواب سەفەوی: (٨٦)**

موجتەبی کوڕی جەوادی میر لوحی، ناسراو بە نەواب سەفەوی، کە وەك بنەماڵە دەگەڕێتەوە سەرسەفەوییەکان، لەدایك بووی (١٩٢٤) شاری تارانە، خوێندنی سەرەتایی لەشاری (قوم) دەست پێکردووە، لەخوێندن بەردەوام دەبێت تاساڵی (١٩٤٢)، پاشان بۆ ئەوەی گوزەرانی خۆی پەیدابکات رووی لەشاری عەبادان دەکات و لەوێ لەکۆمپانیای نەوت وەك کرێکار دادەمەزرێت، بەڵام بە هۆی دژایەتیکردنی بۆ بەریتانیاکان، لەوێ بڕیاری دەسگیرکردنی بۆدەردەچێت و ئەویش بەرەو شاری (نەجەف) لەعێراق هەڵدێت، لەوشارە دەمێنێتەوەو دەس بەخوێندن دەکات تاساڵی (١٩٤٤) دواتر دەگەڕێتەوە ئێران، کەلەگەڵ چەند هاوڕێیەکی وەك (عەبدولحوسێن واحیدی، حەسەن ئیمامی) وکۆمەڵە گەنجێکی دیکە بڕیاری دامەزراندنی رێکخراوێك دەدەن بەناوی (فیدائیانی ئیسلام) ئەم رێکخراوە شێوازی کارکردنی پەنابردن بوو بۆ تیرۆر کردنی ئەو کەسانەی بەرپرسن لەناو حکومەت یان کەسانێ کەلە رووی بیروباوەڕ ناکۆك بن لەگەڵ بنەماکانی ئیسلام .

**لەو کارانەی ڕێکخراوەکە ئەنجامی داوە:**

١- تیرۆرکردنی (ئەحمەد کسرەوی) ڕۆشنبیرو مێژوو نووسی ئێرانی لە (١٩٤٦).

٢- تیرۆرکردنی (عەبدولحوسین هەجیر) سەرۆك وەزیران - لە (١٩٤٨).

٣- تیرۆرکردنی جەنەڕال ڕزم ئارا، سەرۆك وەزیران لە (١٩٥١).

٤- هەوڵی تیرۆر کردنی (حوسین عەلاو - سەرۆك وەزیران لە (١٩٥٥).

بەهۆی ئەوکارانەوە، نەواب سەفەوی چەند جارێك دەسگیر دەکرێت بەلام ئازاد دەبێت، بەلام دواجار لەساڵی (١٩٥٦) لەگەڵ چەند کەسانێکی دیکە لەسەر کردەکانی ڕێکخراوەکە، نەواب دەسگیر دەکرێت و پاش دادگای بڕیاری لەسێدارەدانی لەسەر جێبەجێ دەکرێت لە کانوونی ساڵی (١٩٥٦).

نەواب سەفەوی ساڵی (١٩٤٧) هاوسەرگیر سازکردووەو سێ کچی لە دوای خۆی بەجێ ماوە، بابەتێکی نووسینشی بەناوی - کۆمەڵگەو حکومەتی ئیسلامی - بڵاوکردۆتەوە.

نەواب پیاوێکی ئازاو لێهاتوو بوو، باوەڕی توندی بەڕێبازەکەی خۆی هەبووە، لەوتارە خوێندنەوەو دەربڕینی بیروباوەڕەکانی بەتوانا بوو.

## • موحسین پزیشکپور: (٨٧)

ساڵی (١٩٢٧) لەشاری تاران لەدایك بووە، خوێندنی لەوێ تەواو کردووە، ماوەیەك بەکاری دادوەری خەریك بووە، ئەندامی ئەنجوومەنی شورای ئێرانی بوو.

ژیانی سیاسی دەست پێدەکات بەبەشداریکردنی لەدامەزراندنی حزبی (جەنگی ئێران) بەهاوکاری پارێزەر داریوش فروهەرو د. محەمەد رەزا عاملی تارانی، لەسەرو بەندی جەنگی دووەمی جیهانی.

ئەو حزبە بوو بەدوو بەشەوە بەهۆی هەڵوێست لەشای ئێران (محەمەد رەزا شا و رژێمەکەی).

موحسین لەگەڵ . رەزا، حزبێکی نوێیان دامەزراند لەژێر ناوی – پان ئێرانیست – ئەم حزبە هەڵگری بیروباوەڕی ناسیونالستی توند بووە، دڵسۆزبووە بۆ خودی شای ئێران، حزب ساڵی (١٩٧٥) تێکەڵی حزبی (رستاخیز) دەبێت کە محەمەد رەزاشا دایمەزراند.

دەربارەی بیروباوەڕەکانی موحسین، هەڵگری ئامانجی ئێرانی گەورەبوو، دژی بەعەرەبکردنی ناوچەکانی کەنداوو دژی سەربەخۆیی وڵاتی بەحرەین بوو، ئەو ئەوناوچانەی بەبەشێك لەخاکی ئێران زانیوە.

مانگی حوزەیرانی (١٩٧٨) پزیشکپور لەحزبی – رستاخیز – کشاوەتەوە حزبە کۆنەکەی (بان ئێرانیست)ی زیندوو کردۆتەوە.

ساڵی (١٩٧٩) لەلایەن دادگای شۆڕشی ئیسلامی کەسادق خەلخالی سەرۆکی بووە، بڕیاری کوشتنی بۆ دەردەکەن، بەڵام پزیشکپور بەرەو وڵاتی فەرەنسا دەچێت و لەوێ نیشتەجێ دەبێت، لەتەمەنی (٨٣) ساڵی کۆچی دوایی دەکات.

## • میهدی خابتایا تەهرانی: (٨٨)

ساڵی (١٩٣٥) لەشاری تاران لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنیشی لەوێ تەواوکردووە، لەقۆناغی خوێندنی ئامادەییەوە پەیوەندی سیاسی دەست پێدەکات، سەرەتا پەیوەندی بەڕێکخراوی لاوانی حزبی تودەوە دەکات، دواتر دەبێتە ئەندامی ئەو حزبە، پاش کودەتاکەی (١٩٥٣) بەسەر حکومەتەکەی د. موسەدەق زیندانی دەکرێت، دوای چوار مانگ ئەشکەنجە ئازاد دەکرێت، ساڵی (١٩٥٦) بەمەبەستی درێژەدان بەخوێندنی روو لەوڵاتی ئەلمانیا دەکات، لەزانکۆی میونیخ وەردەگیرێت، هاوکات بەردەوام دەبێت لەچالاکی سیاسی.

لەئەلمانیا بەشداری دەکات لەدامەزراندنی (کۆنفیدراسیونی خوێندکارانی ئێرانی) کە تاشۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) بەردەوام بووە لەچالاکیەکانی.

هەر بەهۆی ئەوچالاکیە سیاسییەی لەلایەن پۆلیسی نهێنی ئەلمانیا دەسگیر دەکرێت و ماوەیەك لەبەندیخانەی شاری (میونیخ) بەند دەکرێت، پاش ئازاد بوونی کاری سیاسی بەنهێنی بەڕێوە دەبات و لەحزبی تودەش جیادەبێتەوە، بەهاوکاری چەند هاوڕێیەکی ڕێکخراوی شۆڕشگێری حزبی تودەی ئێران دادەمەزرێنن.

ساڵی (١٩٦٤) روو لەوڵاتی چین دەکات و لەرادیۆی پەکین بەشی فارسی کاردەکات، دوای چوار ساڵ لە (١٩٦٨) دەگەڕێتەوە ئەلمانیاو بەکاری بڵاوکردنەوەی هزری مارکسی خەریك دەبێت بەهۆی گۆڤارێکی تایبەت.

پێش سەرکەتنی شۆڕشی ئێران (١٩٧٩) لەگەڵ چەندهاوڕێیەکی دەگەڕێتەوە ئێران بەشداری دەکات لەپێکهێنانی بەرەی دیموکراسی میللی و ڕێکخراوی یەکگرتووی چەپ و شورای یەکگرتووی چەپ بۆ سەر بەخۆیی و دیموکراسی،

پاشان بەهۆی تێکچووی بارودۆخی سیاسی لەئێران، میهدی روو لەدەرەوەی وڵات دەکاتەوە.

میهدی نوێنەری شورای یەکگرتووی چەپ بوو لەشورای میللی بەرخودان و ماوەی دەساڵ زیاتر ئەرکی نوێنەرایەتی شواری میللی بەرخۆدانی لەئەستۆدا بووە لەوڵاتانی ئەلمانیا و نەمسا، دواتر لێی کشاوەتەوە.

- **(شێخ) ناسری سوبحانی: (٨٩)**

ناسر لەساڵی (١٩٥١) لەگوندی دوریسان – سەربەشارۆچکەی پاوەی پارێزگای کرماشان لەدایك بووە، دوای تەواو کردنی خوێندنی سەرەتای و ناوەندی رووی لەخوێندنی ئاینی کردووە، لەسەردەستی ژمارەیەك لەزانا گەورەکانی ئێران، بڕوانامەی ئایینی وەرگرتووە.

سوبحانی کاریگەری زۆری هەردوو سەرکردەی (ئیخوان موسلمین) حەسن بەنا و ئەبوعەلای مەودودی بەسەرەوە بووە.

کاتێ شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) سەرکەوت، سوبحانی سەردانی سەرکردەکانی شۆڕشی کردووە بۆ چەندین جار، لەئەنجوومەنی شورای سوننە (شەمس) دەبێت بەئەندام، لەگەڵ ئەحمەدی موفتی زادە بەشداری ژمارەیەکی زۆر چالاکیە ئاینیەکانی کردووە، چەند جارێك بەرەو وڵاتانی تر سەردانی کردووە بەشداری کردووە لەکۆنگرەی دامەزراندنی رێکخراوی یەکگرتوویی ئیسلامی کورد بەسەرکردایەتی د. عەلی قەرەداغی.

لەحوزەیرانی (١٩٨٩) لەشاری سنە دەسگیر دەکرێت و لەزیندان دەمێنێتەوە تا لەرۆژی (١٩/ئازاری/١٩٩٠) لەسێدارە دەدرێت.

ناوبراو پێگەیەکی گەورەی هەبووە لەناو رەوتی سوننە و بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی ئێران، ژمارەیەکی گەورەی کتێب و نووسین هەیە بەزمانی کوردی و عەرەبی.

### • نورەدین کیانوری: (٩٠)

نوردەین کوڕی حاجی مەهدی کیانوری، ساڵی (١٩١٥) لەدایك بووە، دوای تەواو کردنی خوێندنی لەئامادەیی تەکنیکی روو لەئەلمانیا دەکات و لەوێ بڕوانامەی دکتۆرای لەئەندازیاری وەرگرتووە، ساڵی (١٩٤٠) دەگەڕێتەوە ئێران.

ساڵی (١٩٤٢) پەیوەندی بەحزبی تودەوە دەکات، پێشتر ئەندامی رێکخراوی لاوانی ئەو حزبە بووە، لەدووەمین کۆنگرەی حزب بەئەندامی کۆمیتەی ناوەندی هەڵدەبژێردرێت لەساڵی (١٩٤٨)، ساڵی (١٩٧٨) دوای ئیرەج ئەسکەندەری بەسکرتێری حزب هەڵدەبژێردرێت، ناوبراو لەسەردەمی رژێمەکەی محەمەد رەزاشاوە ساڵی (١٩٥٥) ئێران بەجێ دەهێڵێت و ساڵی (١٩٧٩) دەگەڕێتەوە.

پاش سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) خۆی کاندید دەکات بۆ ئەنجومەنی دامەزرێنەر، ساڵی (١٩٨٣) کاتی ویستی خۆی بۆ ئەنجومەنی شارەزایان کاندید بکات رێگای پێ نەدرا.

کیا نوری سەرەتای رژێمی ئیسلامی لەئێران، پشتگیری خۆی بۆ رژێمەکە دەربڕی، بەڵام دواتر کەوتە رەخنەگرتن لێی، لەشوباتی (١٩٨٤) دەسگیر دەکرێت و تاوانباریش دەکرێت بەسیخوری بۆ یەکێتی سوڤیەت، پاش ئازاد کردنی ئێران بەجێ دەهێڵێت و لەئەلمانیا نیشتەجێ دەبێت، ساڵی (١٩٩٩) کۆچی دوایی دەکات.

### • د. یەدوڵلا سەحابی: (٩١)

ساڵی (١٩٠٤) لەشاری تاران لەدایك بووەو ساڵی (٢٠٠٢) هەر لەتاران كۆچی دوایی كردووە، خوێندنی سەرەتایی و ئامادەیی تەكنیكی لەتاران تەواو كردووە، پاشان لەپەیمانگای ناوەندی مامۆستایان وەرگیراوە، بڕوانامەی ئەندازیاری جیولۆجی وەرگرتووە.

چالاكیە سیاسیەكانی:

١- بەشداریكردن لەدامەزراندنی بزووتنەوەی ئازادی ئێران.
٢- ئەندامی شورای ناوەندی بەرەی نیشتمانی.
٣- ئەندامی ئەنجوومەنی شۆڕش (دوای سەركەوتنی شۆڕش ١٩٧٩).

لەسەردەمی رژێمەكەی محەمەد رەزاشا زیندانی دەكرێت، پاش ئازاد بوونی هەر بەكاری سیاسی هەڵدەسێت بەشێوەیەكی نهێنی، تاسەركەوتنی شۆڕش، لەحكومەتەكەی مەهدی بازرگانی بەوەزیری پەروەردەو فێركردن دادەنرێت.

### • شەمسەدین قنات ئابادی: (٩٢)

ناوی تەواوی (شەمسەدین كوڕی سەید محەمەد حوسێن) لەدایك بووی شاری تاران گەڕەكی (قەنات ئاباد)ی ساڵی (١٩١٤).

خوێندنی سەرەتای و ئامادەیی تەكنیكی تەواو كردووە، ماوەیەك لەشاری قوم خوێندنی ئاینی خوێندووە، پاشان رووی لەشاری (نەجەف) كردووە لەعێراق بۆ درێژە پێدان بەخوێندنی ئاینی.

ناوبراو ساڵی (١٩٤٨) لەكاتی خۆپیشاندانەكانی دژ بە حكومەتەكەی (عەبدولحوسێن هەجیر) ناوی دەركەوت و سەرنجی ئابەتوڵلا كاشانی راكێشا و لەخۆی نزیك كردەوە.

بۆماوەیەك پەیوەندی بەڕێكخراوی (فیدائیان ئیسلام) كردووە، بەڵام دوایی دوور كەوتۆتـــەوەو كۆمەڵـــەی (موســـلمانە موجاهیـــدەكان)ی دامەزرانـــدووەو خـــۆی بەپەیڕەوكاری ئایەتوڵلا كاشانی دادەنا.

ساڵی (١٩٥٠) چووە پـاڵ بـەر هەڵستكارانی (جەنـەراڵ رزم ئـارا) پـاش ئـەوەی موسەدەق دەبێتە سەرۆكی حكومەت (١٩٥١) شەمس لەنێزگە كاردەكات و بەو تارە وروژێنـەرەكانی دەربـارەی خۆمـاڵیكردنی نـەوت سـەرنجی خـەڵكی بـۆ لای خـۆی رادەكێشێت، بەڵام دواتر لەساڵی (١٩٥٢) هەڵوێستی گۆڕاو كەوتە رەخنەگرتن لە د. موسەدەق، پاش كودەتا سەربازییەكەی جەنـەڕال زاهیـدی (١٩٥٣) شـەمس خـۆی لەزاهیدی نزیك كردەوە، گۆڕانێكی گەورەش بەسەركەسێتی روویدا، ریش و سمیلی خۆی تاشی و جل و بەرگی مەلایانەی فڕێ داو، جل و بـەرگی (پـانتۆل و چاكەت و قەرەویت)ی لەبەركرد، ماوەیـەكیش لـەگۆڤاری ئاشـتی كـاری كردووە و دەچووە بەندەری (ئەنزلی) بۆسەر دەریا، شەمس بـووە خـاوەن پـارەو سامانێكی گـەورە، بەڵام هەر لەگەڵ سەركەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێرانی (١٩٧٩) خۆی بزر كردوو هـیچ دەنگوباسێكی نەما، تا لەساڵی (١٩٨٨) كۆچی دوایی دەكات.

- **عەلی ئەكبەر دە هخودا: (٩٣)**

ساڵی (١٨٧٩) لەشاری تاران لەدایك بووە، باوكی (خان باباخان) بەیەك لەگەورە موڵكدارانی شاری قەزوین دەژمێردرا، عەلی لەتەمەنی دەساڵیدا باوكی كۆچی دوایـی كردووە، بەو هۆیەوە ئەو خێزانـە هـەموو مولـك و سـامانیان لەدەستداو بەهـەژاری ژیان.

بـۆ مـاوەی دوازدە سـاڵ عـەلی لەسەردەسـتی زانـای ئـاینی (غـولام حوسـێن) بروگەردی فێری خوێندن بووە، پاشان لەقوتابخانەیەكی شاری تـاران فێـری زمـانی فەرەنسی دەبێت و لەباڵیۆزخانەی وڵاتەكەی لەسویسرا دەبێتە فەرمانبەر.

لەسەرەتای شۆڕشی دەستوری (١٩٠٥ – ١٩١١) عەلی دەگەڕێتەوە ئێران و دەچێتە پاڵ ئەو لایەنانەی بانگەشەی دەستور دەکەن، هەرلەو ماوەیەدا رۆژنامەیەکی دەرکردووە بەناوی (صور ئیسرافیل) کەداوای ئازادی و دەستوری دەکرد، ئەو رۆژنامەیەکاریگەری زۆری هەبووە لەناو خەڵك و بەسەر رۆشنبیرو سیاسەتمەداران، بۆیە دەسەڵات بڕیار دەدات بەدوور خستنەوەی عەلی بۆ وڵاتی فەرەنسا ساڵی (١٩٠٨)، لەئەورووپا پەیوەندی بەکۆمەڵەیەکی شۆڕشگێری ئێرانی دەکات و دووبارە رۆژنامەی (صورئیسرافیل) بڵاودەکاتەوە، دوای ماوەیەك روو لەشاری ئەستەمبول دەکات، لەوێ خەڵکێکی زۆری ئێرانی لەدەوری کۆدەبنەوە، کۆمەڵەیەك پێکدەهێنن بەناوی (لیژنەی) سەعادەت عەلی ئەکبەریش دەبێتە سەرۆکی کۆمەڵەکە و رۆژنامەیەکیش دەردەکات بەناوی (سروش)، دوای ئەوەی شۆڕشگێران لەئێران دەست بەسەر شاری تاران دەگرن (١٩٠٩ – ١٩١١) شا محەمەد عەلیش دوور دەخرێتەوە، عەلی ئەکبەر دەگەڕێتەوە بۆ ئێران و خۆی بۆ ئەنجوومەنی شورا کاندید دەکات.

لەماوەی جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ – ١٩١٨) عەلی لەسیاسەت دوور دەکەوێتەوەو خەریکی کاری زانستی و رۆشنبیری دەبێت و بەراگری کۆلیجی ماف و زانستە سیاسیەکانی دادەنرێت.

ناوبراو لە (٢٦/شوباتی/١٩٥٦) کۆچی دوایی دەکات، لەبەرهەمەکانی – کتێبی بەناوبانگ (مەعجم دهخدا) لەچوار بەرگدا، بڵاو دەکرێتەوە.

## • سەفەر قارەمان: (٩٤)

ساڵی (١٩٢١) لەخێزانێکی جوتیاری هەژارو لەگوندێکی نزیك شاری ورمێ لەدایك بووە، ئەو بەبەرچاوی خۆیەوە ستەم و زۆرداری ئاغاو دەرەبەگەکانی ناوچەکەی بینیوە کە جۆن هەڵس و کەوت لەگەڵ جوتیاران دەکەن.

دوای روخاندنی دەسەڵاتی رەزاشا، سەفەر لەتەمەنی گەنجیدا دەبێت، بۆپەیدا کردنی نانی ژیان بەرەو ئەفریقیا کۆچ دەکات، پاشان دەگەڕێتەوە بۆ شاری باکۆی ئازەربایجان، دوای گەڕانەوەی بۆ ئێران، دەبێتە کەسێکی هۆشیارو پڕ ئەزموون، بیرلەرزگاری ئەو خەڵکە دەکاتەوە لەو جەورو زۆرداریيەی کە تێیدادەژین، ئەو لەگەڵ هاوڕێیەکی بەناوی (داداش) چەند گروپێکی چەکداری پێکدەهێنن بۆ روو بەروو بوونەوەی ستەمی ئاغاو دەسەلاتدارەکانی ناوچەکە، دیارە قۆناغی دوای جەنگی دووەمی جیهانی قۆناغێکی لەبار دەبێت بۆ کاری شۆڕشگێری، لەو سەردەمە حزبی دیموکراتی ئازەربایجانی دادەمەرزێت، دوای ئەویش حکومەتی ئازەربایجانی میللی، ئەو رووداوانە وەرچەرخانێك دورست دەکات و هەلێکی باشی بۆ سەفەر هێنایە پیشەوە، سەفەر دەبێتە ئەندامی حزبی دیموکراتی ئازەربایجان، ئەو بەهۆی ئەو گروپە چەکداریانە پێکی هێناون سەربازانی حکومەتی ناوەندی لەچەندین شوێن و بنکەی سەربازی چەك دەکات، هەروەها پەلاماری دەرەبەگ و سەرکردەکانی خێل و هۆزەکان دەدات ئەوانی جوتیارو هەژاران دەچەوسێنەوە، زۆربەی کاتەکانی خۆی لەناوجوتیاران بەسەر دەبات، بەڵام ئەو بارودۆخە گۆڕانی بەسەر داهات، حکومەتی ئازەربایجان بەهۆی هێرشی لەشکری ئێران روخا، ژمارەیەکی زۆر سەرکردەو ئەندامانی حزبی دیموکارت دەسگیر کران لەساڵی (١٩٤٦)، ئەوی توانی خۆی رزگاربکات پەنای بۆ ناوچە شاخاوییەکانی برد، سەفەریش زستانێکی سەختی لەو ناوچە شاخاویی و دارستان و بەفراویە بەسەربرد، پاشان خۆی گەیاندە هێزی بارزانیەکان بەسەرکردایەتی مەلا مستەفا

بارزانی، ماوەیەك لەگەڵ ئەوان مایەوە، دواتر رووی لە ناوەڕاستی عێراق کرد، ساڵی (١٩٤٨) دەسگیر دەکرێت و لەبەندیخانەی هەولێر زیندانی دەکرێت، دواتر ئازاد دەبێت، ساڵی (١٩٤٩) جارێکی دیکە لەعێراق دەسگیردەکرێت و تەسلیمی حکومەتی ئێران دەکرێتەوە، لەدادگایەکی سەربازی ئێرانی بڕیاری کوشتنی لەسەردەردەچێت، لەو ماوەیەدا لەتاران حکومەت دەگۆڕێت و د. موسەدەق دەبێتە سەرۆك وەزیران لەساڵی (١٩٥١)، بۆیە پرسەکەی رەوانەی دادگایەکی مەدەنی دەکرێت بەڵام ئەو کێشەیە درێژە دەکێشێت و ساڵی (١٩٥٣) پاش کودەتاکەی جەنەڕاڵ زاهیدی جارێکی دیکە، دادگایەکەی سەفەر دەگوازرێتەوە بۆ دادگایەکی سەربازی ئێرانی و لەکۆتاییدا بڕیاری زیندانی هەتا هەتایی بۆدەردەچێت.

پاش چەندین جێگۆڕکی، سەفەر لەزیندانی (قەڵای بەرازجان) جێگیر دەبێت ساڵی (١٩٦٢) هاوسەرەکەی لەگەڵ منداڵەکانی کەماوەیەکی زۆر دەبێت چاویان پێی نەکەوتووە، تارادەیەك منداڵەکانی بەباشی باوکیان ناناسنەوە، هەولدەدات بچێتە زیندان و چاوی پێی بکەوێت، بەڵام پێش ئەوەی (رێگای پێ بدرێت) سەردانی سەفەربکات ئەو ژنە کۆچی دوایی دەکات، ساڵی (١٩٦٧) کچی سەفەر کەشووی کردبوو منداڵیکشی دەبێت لەگەڵ هاوسەرەکەی سەردانی سەفەر دەکەن لەزیندان لەبارێکدا کە پێشتر کەسیان یەکتریان نەدیوە.

پاش (١١) ساڵ لەزیندانی لەقەڵای بەراز جان، سەفەر دەگوازرێتەوە بۆ یەك لەزیندانەکانی شاری تاران، لەو ماوەیەدا دەزگای هەواڵگری ساواك هەوڵێکی زۆر لەگەڵ سەفەر دەدات کەلەسەر نامەیەکدا پەشیمانی خۆی لەوکارانەی ئەنجامی داوە واژوو بکات، بەڵام ئەو رازی نابێت.

ساڵی (١٩٧٧) لیژنەیەکی خاچی سووری نیودەوڵەتی سەردانی زیندانەکانی ئێران دەکەن، بەڵام پێشتر، سەفەر بەناوی نەخۆشیەوە دەگوازرێتەوە بۆ نەخۆشخانەیەکی دەروونی، ساڵی (١٩٧٨)کاتێ بڕیار دەدرێت زیندانەکان ئازاد

بکرێت، سەفەریش لەزیندان دێتە دەرەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی کەس ناناسێت لەدوای ئەو هەموو بەسەر هات و ماوە دوورو درێژە زیندانیە، دەچێتە ماڵی یەك لەزیندانیەکانی هاورێی زیندانی.

سەفەر تا ئەو ساڵە کەنزیکەی (٣٢) ساڵ زیندانی دەکرێت خاوەنی هیچ پارەوسامانێك نەبووە، کەئازادیش دەکرێت داوای هیچ ناکات، ساڵی (٢٠٠٢) بەهۆی نەخۆشی شێرپەنجە کۆچی دوایی دەکات.

- **جەواد سەعید: (٩٥)**

ساڵی (١٩٢٢) لەشاری ساری لەدایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لەوشارە تەواو کردووە، لەزانکۆی تاران کۆلیجی پزیشکی وەردەگیرێ، بەرەو فەرەنسا دەچێت بۆ تەواوکردنی خوێندنی و بڕوانامەی دکتورا وەردەگرێت، ساڵی (١٩٥٠) دەگەڕێتەوە ئێران، لەکاروفەرمانەکانی حکومەت لەبواری تەندروستی وپزیشکی چەندین پلەو پایە وەردەگرێت.

چالاکی سیاسی ساڵی (١٩٦٣) دەست پێدەکات، لەهەردوو خولی (٢١-٢٤) ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان) دەبێت بەئەندام، پەیوەندی بەحزبی (ایران نوین) دەکات و رۆڵی بەرچاوی تێدا دەبێت، ساڵی (١٩٧٥) پاش تێکەڵبوونی حزبی (ایران نوین) لەناو حزبی رستاخیز، جەواد دەبێتە ئەندامی سەرکردایەتی حزب رستاخیز، پاشان بەسەرۆکی ئەنجوومەنی شورا (پەرلەمان) دیاری دەکرێت.

ساڵی (١٩٧٩) کاتی محەمەد رەزا شا ئێرانی بەجێ دەهێڵێت، جەواد لە سەرۆکایەتی پەرلەمان دەس لەکار دەکێشێتەوە، بەڵام دەسگیر دەکرێت و لەزیندان دەمینێتەوە لەسەردەمی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی پاش دادگایی کردنی بڕیاری لەسێدارەکانی لەسەر جێبەجێ دەکرێت.

**• سەید حەسەن مودەڕیس: (٩٦)**

سالّی (١٨٧٠) سەید حەسەن ئیسماعیل وەجدی تەباتەبائی (ناسراو بەمودەڕیس) گوندی (سەرای کچو)ی سەربە ئەردستان لەدایك دەبێت، باوکی و باپیرەی دوو وتار خوێن و پێش نوێژی بەناوبانگ بوون، سەید لەگەڵ باپیرەی روو لەناوچەی باشوری ئەسفەهان دەکات و لەوێ جێگیر دەبن، لەتەمەنی (١٦) ساڵیدا دەچێتە شاری ئەسفەهان دەکات ولەوێ جێگیر دەبن، لەتەمەنی (١٦) ساڵیدا دەچێتە شاری ئەسفەهان بۆ تەواو کردنی خوێندنی، لەوێ (١٣) ساڵ دەمێنێتەوە، پاشان دەچێتە شاری نەجەف بۆ خوێندنی، پاشان دەگەڕێتەوە شاری تاران، لەسەرداوای ئەنجوومەنی شوراو زانایانی ئاینی سەرپەرشتی و چاودێری بڕیارەکانی ئەنجومەن دەکات لەڕووی شەرعیەوە وەك کەسێکی شارەزا، تا ئەو ساڵەی رەزاشا (١٩٢٥) دەسەلآت دەگرێتە دەست و دەبێتە شای ئێران.

ئایەتوڵلا سەید حەسەن مودەڕیس لەنێوان ئەو زانا ئاینیە گەورانە دەبێت کە بەدرێژایی تەمەنی لەتێکۆشانی دژی ئیستعمارو زۆرداری کۆڵی نەداوە، بەکەسێکی لێهاتوو دادەنرا لەبواری کاروباری ئاینی و سیاسی لەلایەن مەرجعیەتی ئاینیەوە لەشاری نەجەف، پاشان بەئەندامی ئەنجوومەنی شورای ئێران وەك نوێنەر لەسەر شاری تاران هەڵدەبژێردرێت، هەر لەسەروبەندی جەنگی یەکەمی جیهانی و زۆر بوونی فشاری دەوڵەتە بیانیەکان لەسەر ئێران، سەید حەسەن لەگەڵ گروپێکی نیشتمانی پەروەر، شاری تاران بەجێ دەهێڵن و روو لەشاری کرماشان دەکەن و لەوێ حکومەتێکی سەر بەخۆی کاتیان پێکهێنا بەسەرۆکایەتی (نیزام ئەلسەلتەنە) سالّی (١٩١٦)، سەید حەسەن لەو حکومەتە بەوەزیری داد دیاریی دەکرێت لەخولی چوارەمی ئەنجوومەنی شورای ئێرانی سەید حەسەن سەرۆکایەتی زۆرینەی ناو ئەنجوومەن دەکات و دژی پەیمانی روسیا — بەریتانیا (١٩١٩)و حکومەتەکەی (وپوق الدوله) دەوەستن.

پاڵپشتی بزووتنەوە جەماوەریەکانی وەك (بزووتنەوەی جەنگل) بەسەرکردایەتی میرزا کوچك خان و راپەرینەکەی شاری تەوریز بەسەر کردایەتی شێخ محەمەد خیابانی دەکات.

سەید حەسەن دژی هەوڵەکانی رەزاخان وەستا کە سیستمی ئێرانی لەپاشایەتیەوە بگۆڕێت بۆ کۆماری، هەر لەوماوەیەدا بەرەو رووی هەولێکی کوشتن بووەوە بەلام رزگاری بوو، ساڵی (١٩٢٨) بەپێی بەرنامەکەی رەزاشا (سەید حەسەن) سەرنەکەوت لەهەڵبژاردن بۆ ئەندامیەتی ئەنجوومەنی شورا، دواتر لە (٨/تشرینی یەکەم/١٩٢٨) لەسەر بریاری رەزاشا، هێزێکی پۆلیس سەید حەسەن و خێزانەکەی دەسگیردەکەن پاش سووکایەتیەکی زۆر بەهەموویان، سەید حەسەن دەخرێتە زیندان لەناوچەی خوراسان و هەموو چاوپێکەوتنێکی لێ قەدەغە دەکرێت، لەزیندان دەمێنێتەوە تاساڵی (١٩٣٧)، لەو ماوەیەدا دەگوازرێتەوە زیندانێکی دیکە، لەوێ ژەهر دەخرێتە ناوخواردنەکەی و بەهۆیەوە دەمرێت لەتەمەنی (٧٣) ساڵیدا.

سەید حەسەن پیاوێکی نیشتمان پەروەری تێکۆشەر بوو، لەوتار خوێندنەوە زۆر بەتوانابوو، ژمارەیەکی زۆری کتێب و نووسینی لەدوای خۆی بەجێ هێشتووە.

## • پەراوێزەکانی بەشی چوارەم

١. دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة – د. محمد وصفي ابو مغلي – ١٩٨٣ – جامعة البصرة مركز دراسات الخليج العربي، ص٢٥.

- موسوعة الحركات الاسلامية في الوطن العربي وايران وتركيا – د. احمد الموصلي، مركز دراسات الوحدة العربية ص١٦٩.
- الجبهة الوطنية (لقمان خيالي)/٢٠١١ – منشورات مؤسسة والا للنشر والا علام. ص١٢٠.
- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية (١٨٩٠ – ٢٠١٣) شاكر كسرائي – ط١/٢٠١٤ – ص١٥٠.
- سایتی www.ar.m.wikipedia.org

٢. دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة – سەرچاوەی پێشو ص٢٩.

٣. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة – سەرچاوەی پێشو ص٢٧.
- بیرەوەریەکانی ئەشرەف پەهلەوی (ئەشرەف پەهلەوی) وەرگێرانی، بەرهەم ناو دەشتی چاپی یەکەم/٢٠١٣.
- سایتی www.ar.m.wikipedia.org
- ناوبراو لەساڵی (٢٠١٦) کۆچی دوایی کردووە لەناوچەی مونت کارلوی فەرەنسی.

٤. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- موسوعة السياسة – عبدالوهاب الكيالي – الجزء الرابع – ط٥/٢٠٠٩ بيروت ص١١٧.
- موسوعة تاريخ ايران السياسي – د. حسن كريم الجاف / جزء /٤ ص٢٥٣.

• دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة – سەرچاوەی پێشوو ص١٢٣

٥. سەرچاوەکان:

• موسوعة السياسة – عبدالوهاب الكيالي – الجزء السابع – ط٥/٢٠٠٩ بيروت ص٢٠٠.

• دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة – سەرچاوەی پێشوو ص١٢٣

• سایتی www.ar.m.wikipedia.org

٦. سەرچاوەکان:

• سایتی www.ar.m.wikipedia.org

• سایتی httpll.gokol.net

• دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة – سەرچاوەی پێشوو ص١٢٦

٧. گۆڤاری – کوردستان دیپلوماتیك – ژمارە (٦–٧) کانوونی یەکەمی/٢٠١٤ دەزگای ئایدیا – سلیمانی ل١٢٢.

• خەبات بەرەو سەرکەوتن – بەهمەن سەعیدی بەرگی یەکەم چاپی٣/٢٠١٢ ل٢٢، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵە:

٨. سەرچاوەکان :

• سایتی www.ar.m.wikipedia.org

• ايران الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص١٦٩

٩. سەرچاوەکان:

• پۆپۆزیسیۆن و ئاوارەیی – مامەندرۆژە، سلێمانی/٢٠٠٨ ل١٩٢

• گۆڤاری دۆسی ئێران – ژمارە (٦) مایسی ٢٠٠٧/ سەنتەری ستراتیجی کوردستان سلێمانی/ل٥٣.

• سایتی www.ar.m.wikipedia.org

١٠. فەرهەنگی مێژووی کورد، مایکل گەنتەر – وەرگێرانی مام کاك، ل١٥٦.

- خەباتی رزگاریخوازی کورد و ئازەر لەئێران/د.کەمال مەزهەر ئەحمەد- وەرگێرانی لەعەرەبیەوە ئازاد عوبید صالح - دەزگای ئاراس - هەولێر چ۱/۲۰۰٤ ل۲۹
- گولبژێرێك لەناودارانی کورد - شۆرش ئەحمەد گەرمیانی - چاپی ۲۰۱۳/۱ ل۱۰۳.

١١. سایتی www.fa.m.wikipedia.org

- سایتی: المركز الديمقراگی العربی للدراسات الاستراتيجيه والسياسيه والاقتصاديه احمد شاكر العلاق.

١٢. سەرچاوەکان:

- التاريخ الايراني المعاصر - ايران في العصر البهلوي - غلام رضا، ترجمة، عبدالرحيم العمراني - دار الكتاب الاسلامي - ط۱/۲۰۰۸ ، ص۸۲.
- الجبهة الوطنية - سەرچاوەی ئیشو. ص٥١
- محمد رضا شا بهلوي - الدكتاتورية والتحديث - د. فرح صابر - مركز كوردستان للدراسات و الاستراتيجية - سليمانية ص٤٥
- ئێران وترکیا - د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد - د. خەلیل عەلی موراد . وەرگێرانی لەعەرەبیەوە، بەهادین جەلال مستەفا - چاپی/۲، دەزگای چاپی رۆژهەلات ل۲٥١.
- موسوعة الحركات الاسلامية في الوطن العربي، سەرچاوەی پێشو. بیروت ص۳۷۰.

١٣. سایتی www.fa.m.wikipedia.org

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة - سەرچاوەی پێشوو ص۸۳

١٤. موسوعة الشخصيات الايرانية المعاصرة في العهدين القاجاري والبهلوي (۱۷۹٦ - ۱۹۷۹) د. خضير البديري - شركة العارف للمطبوعات - بيروت ط۲۰۱٥/۱ ص۳۹٤

١٥. دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص۸

١٦. سايت www.fa.w.wikipedia.org

- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشو ص٣١٥.

١٧. موسوعة الشخصيات الايرانية في العهدين سەرچاوەی پێشوو ص٤٤٠

١٨. سايت www.persian-man.org

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٨٣

١٩. سايت www.asrarnameh.com

- الجبهة الوطنية – سەرچاوەی پێشوو ص٣٦
- گۆڤاری (ئێرانناسی) ژمارەی (٢) زستانی (٢٠١٣) بابەتی ئیسماعیل دیكۆتی.
- مواضع آية الله (قصة ايران والثورة) محمد حسنين هيكل – دار الشروق ط٢٠٠٢/٦ ص٨

٢٠. موسوعه الشخصيات الايرانيه فى العهدين سەرچاوەی پێشوو ص٤٥٨

- پەیوەندییەكانی كوردستان و ئازەربایجان و هەرەسهێنانی هەردوولا لەساڵی ١٩٤٦دا، (لەبەڵگەوسەرچاوەكاندا) د. ئافراسیاو هەورامی چاپی١/٢٠٠٨ سلێمانی ل٩٦.
- ئێران و توركیا ، سەرچاوەی پێشوو ل٢٤٩

٢١. سایتی www.ar.wilkipedia.org

- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية، سەرچاوەی پێشوو ص٢١٨

٢٢. دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص١١٨

- سایتی www.fa.wikipedia.org

٢٣. سەرچاوەكانی:

- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية، سەرچاوەی پێشوو ص٣٢
- الاغتيالات السياسية في ايران د. احمد عبدالقادر الشاذلي – العربي للنشر والتوزيع. القاهرة ط١/١٩٩٧ ص٣٠.
- سایتی www.fa.wikipedia.org

٢٤. موسوعة الشخصيات الايرانية في العهدين، سەرچاوەی پێشوو ص٥٧٠

٢٥. موسوعة الشخصيات الايرانية في العهدين، سەرچاوەی پێشوو ص٣٧٦

٢٦. سەرچاوەکانی:

- ايران بين التاج والعمامة – احمد مهابة ط١٩٨٩/١ دار الحرية ص٢٨٦
- مصاحف وسيوف (ايران من الشاهنشاهية الى الخاتمية) رياض نجيب الريس ط٢٠٠٠/١ ص١٦٦
- موسوعة الحركات الاسلامية في الوطن العربي، ... سەرچاوەی پێشوو ص٢٨٥
- مواضع آية الله، سەرضاوةى ثيَشوو ص١٧٨

٢٧. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:

- سایتی www.perianiran - www.bbc.com٢٠
- الجبهة الوطنية – سەرضاوةى ثيَشوو ص٧٨
- گۆڤاری مێژوو، ژمارە (١٥) ساڵی ٢٠١٠ هەولێر ل١٤٠

٢٨. سەرچاوەکانی :

- سایتی www.ar.m-wikipedia.org
- موسوعة تاريخ ايران السياسي جزء/٤ سەرچاوەی پێشوو ص١٠٤ – ١٠٥
- موسوعة السياسية، عبدالوهاب الكيالي جزء/٢ سەرچاوەی پێشوو ص٦١٥

٢٩. سەرچاوەکانی :

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٩٣
- الجبهة الوطنية – سەرضاوةى ثيَشوو ص٧٩
- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية، سەرچاوەی پێشوو ص٥١

٣٠. سەرچاوەکانی:

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشو – ص٧٠
- سایتی www.ar.m-wikipedia.org
- مواضع آية الله، سەرچاوەی پێشوو ص٤٧
- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٤٠

- موسوعة السياسية، عبدالوهاب الكيالي جزء/٢ سەرچاوەی پێشوو ص٨٢٠

٣١. سایتی www.fa.wikipedia.org

- دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٧٠

٣٢. سەرچاوەکانی:

- ئێران و تورکیا – سەرچاوەی پێشوو ل١٥٥
- دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر – د. كمال مظهر احمد – بغداد – ١٩٨٥ ص١٤
- سایتی www.fa.wikipedia.org

٣٣. سەرچاوەکانی:

- دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٥٦
- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية، سەرچاوەی پێشوو ص١٨٩
- جريدة الانباء الكويت، العدد/١٢٢٥ في ٢٧/ايار/١٩٧٩

٣٤. ڕۆژهەڵاتی کوردستان – د. هۆشمەند عەلی مەحمود چاپی/٢٠١٢ – هەولێر ل٤٩

- سایتی لە ٢٢/شوباتی/٢٠١٧ www.r-enks-net

٣٥. سەرچاوەکان:

- دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٩٨
- الجبهة الوطنية – سەرضاوةى ثيشوو ص٢٢١
- مجلة – المجالس الكويتية – العدد/٢٤٢ في ٢٧/١٠/١٩٧٩ ص ١٢٨–١٢٩

٣٦. التاريخ الايراني المعاصر – ايران في العصر البهلوي – سەرچاوەی پێشوو ص٣٦٣

- سایتی: ٩/حوزیران/٢٠١٤ www.mogahedin.org

٣٧. سایتی www.fa-m.wikipedia.org

- رجال اذربايجان در عصر مشروطيت – مهدي مجتهدي – ض١/١٩٩٨ تەورێزل١٥٢

٣٨. الجبهة الوطنية – سەرچاوەی پێشوو ص٣٥
- سایتی www.arashamifikizi – mihanbloh.com

٣٩. گۆڤاری کوردستان دیپلوماتیك، ژمارە (٦،٧) لەکانونی یەکەمی/٢٠١٤ ل١٨٢

٤٠. سەرچاوەکانی:
- سایتی www.ar-m.wikipedia
- الجبهة الوطنية – سەرچاوەی پێشوو ص١٧٥
- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٢٨

٤١. سایتی www.ar-m.wikipedia
- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية، سەرچاوەی پێشوو ص٢٥٨

٤٢. سایتی www.fa-m.wikipedia
- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية، سەرچاوەی پێشوو ص٢٢٩

٤٣. سەرچاوەکانی:
- گۆڤاری کوردستان دیپلوماتیك، ژمارە (٦،٧) لەکانونی یەکەمی/٢٠١٤ سلێمانی ل٩١
- (٥) لەگەڵ عبدڵلای موهتەدی – بەهمەن سەعیدی – چاپی ١/٢٠١٠ لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان – ئێران.
- رۆژهەڵاتی کوردستان – د. هۆشمەند عەلی – سەرچاوەی پێشوو ل٢٥١

٤٤. تەماشای ئەم سەرچاوانە بکە:
- رۆژهەڵاتی کوردستان – د. هۆشمەند عەلی – سەرچاوەی پێشوو ل٤٥
- عەبدولرەحمان قاسملو – د. هۆشمەند عەلی مەحمود – چاپی١/٢٠٠٧ – هەولێر ل
- گولبژێرێك لەناو دارانی کورد – سەرچاوەی پێشوو. ل١٠٨
- فەرهەنگی مێژووی کورد – سەرچاوەی پێشوو ل١٨٥

٤٥. أهل السنة في ايران – مجموعة باحثين – مركز المسبار للدراسات والبحوث الامارات العربية المتحدة – ط١/٢٠١٢ ص١٧٠

٤٦. ايران الاحزاب والشخصيات السياسية، سەرچاوەی پێشوو ص٢٨٩

- موسوعة الحركات الاسلامية في الوطن العربي – سەرچاوەی پێشوو ص٣٨١

٤٧. سەرچاوەكانی:

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٦٨
- گۆڤاری ئايديا – ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٢ – دەزگای ئايديا – سلێمانی ل٦٣
- موسوعة السياسية(ملحق)، عبدالوهاب الكيالي ط١/٢٠٠٤ بيروت ص٤١٣

٤٨. **سەرچاوەكان:**

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٥٥
- موسوعة الحركات الاسلامية في الوطن العربي – سەرچاوەی پێشوو ص٢٨٠
- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية، سەرچاوەی پێشوو ص١٨١

٤٩. رۆژهەڵاتی كوردستان – د. هۆشمەند عەلی – سەرچاوەی پێشوو ل٤٨

- فەرهەنگی مێژووی كورد – سەرچاوەی پێشوو ل١٨٩

٥٠. ايران الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٣٠٦

٥١. تەماشای ئەم سەرچاوانە بكە:

- تاريخ ايران السياسي بين الثورتين (١٩٠٦ – ١٩٧٩) د. آمال السبكي، عالم المعرفة سلسلة (٢٥٠) الكويت – ١٩٩٩ – ص٢١٢
- موسوعة الشخصيات الايرانية – سەرچاوەی پێشوو ص٥٤٠
- ايران دراسة عن الثورة والدولة – د. وليد عبدالناصر – دار الشروق ط١/١٩٩٧ القاهرة – ص١٢

٥٢. سايتی www.fa-m.wikipedia

- تاريخ ايران الحديث – اروند ابراهيميان – ترجمة مجدي صبحي – سلسلة عالم المعرفة (٤٠٩) ٢٠١٤ – الكويت ص٢٧٥.

٥٣. رۆژهەڵاتی كوردستان – د. هۆشمەند عەلی – سەرچاوەی پێشوو ل٤٨.

٥٤. دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٧١

- ئێران و تورکیا – سەرچاوەی پێشوو ل٢٥٣

٥٥. حکومەتی کوردستان (کورد لەگەمەی سۆڤیەتی دا) نەوشیروان مستەفا ئەمین، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان، سلیمانی (٢٠٠٦) چاپی دووەم ل٧٩.

- گۆڤاری ئێرانناسی – ژمارە (٢) ٢٠١٣ سەرچاوەی پێشوو ل٥١
- رۆژمێری هاوسەر، هۆشیار قەفتان، چاپخانەی فورات بەغداد/٢٠٠٤.

٥٦. سایتی www.fa-m.wikipedia.org

- دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٧٥

٥٧. الجبهة الوطنیة – سەرچاوەی پێشوو ص٢٢

- ایران من الداخل – فهمي هویدي – مرکز الاهرام للنشر والترجمة – ط١٩٩١/٤ القاهرة ص٧١
- سایتی www.fa-m.wikipedia.org

٥٨. سەرچاوەکان:

- دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٢٥
- ایران الاحزاب والشخصیات السیاسیة – سەرچاوەی پێشوو ص١٥٠
- سایتی www.ar.m.wikipedia.org

٥٩. دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص١٦

- موسوعة تاریخ ایران السیاسي – سەرچاوەی پێشوو ص٢٥٣

٦٠. سایتی www.fa-m.wikipedia.org

- سایتی www.dowran.ir.show.php

٦١. سەرچاوەکانی:

- سایتی www.ar.m.wikipedia.org
- ایران الاحزاب والشخصیات السیاسیة – سەرچاوەی پێشوو ص٢٠٦
- دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٦٦

- جريدة الثورة – بغداد – العدد (٤١٥٥) في ٢/تشرين اول /١٩٨١.

٦٢. سايتى www.arabic.tebyan.net

٦٣. ايران الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص١٣٢

- سايتى www.ar.wikipedia.org

٦٤. ايران الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٢٧٦

٦٥. الجبهة الوطنية – سەرضاوةى ثيَشوو ص٢٧٣

٦٦. ڕۆژهەلاتى كوردستان – د. هۆشمەند عەلی – سەرچاوەی پێشوو ل٢٥٨

- سايتى ٢٤/حوزيران/٢٠١٦ www.ma-h-ekwat.com

٦٧. سايتى www.fa-m.wikipedia.org

٦٨. سايتى www.fa-m.wikipedia.org

- سايتى www.ashraf.news.com

٦٩. ايران الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص١٧٦

- موسوعة الحركات الاسلامية في الوطن العربي سەرچاوەی پێشوو ص٢٧٩
- سايتى www.ar.wikipedia.org

٧٠. سايتى www.fa-m.wikipedia.org

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٢٧

٧١. ايران الاحزاب والشخصيات السياسيه – سەرچاوەی پێشوو ص٢٦

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٢٧

٧٢. سايتى www.ar.wikipedia.org

- بحث – السلالة البهلوية – محبوبة دووكى الموسوعة الحرة – سايت الجزيرة.

نت

- موسوعة السياسية، عبدالوهاب الكيالي جزء الاول سەرچاوەی پێشوو

ص٥٨٠

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٤٤

٧٣. سايتى www.mandegar.tarikhema.org

• دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٤٩

٧٤. دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٦٢

• سایتی www.fa-m.wikipedia.org

٧٥. دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٨٧

• سایت www.fa-m.wikipedia.org

٧٦. خەباتی رزگاریخوازی کوردو ئازەر لەئێران – سەرچاوەی پێشوو ل٨٣

• دراسات في تاریخ ایران الحدیث والمعاصر – سەرچاوەی پێشوو ٢١٤

• موسوعة الشخصیات الایرانیة – سەرضاوةیثێشوو ص١٠٦

٧٧. سایتەکانی: www.ar.wikipedia.org

www.net/pdf.php

• دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص١٠٧

• موسوعة السیاسیة، عبدالوهاب الکیالي جزء الاول سەرچاوەی پێشوو ص١٩٧

٧٨. تەماشای ئەم سەرچانە بکە:

• دلیل الشخصیات الایرانیة المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٣٣

• الجبهة الوطنیة – سەرضاوةی ثێشوو ص٢٨٨

• موسوعة الحرکات الاسلامیة في الوطن العربي سەرچاوەی پێشوو ص١٧٧

• ایران الاحزاب والشخصیات السیاسیة – سەرچاوەی پێشوو ص١٦٠

٧٩. ایران الاحزاب والشخصیات السیاسیة – سەرچاوەی پێشوو ص١٦٥

٨٠. ایران الاحزاب والشخصیات السیاسیة – سەرچاوەی پێشوو ص٢٦٤

• سایت www.fa-m.wikipedia.org

٨١. موسوعة الشخصیات الایرانیة، سەرچاوەی پێشوو ص٦٦٥

• سایتی www.albabtainprile.org

٨٢. سایتی www.ax.m.wihipedia.org

• موسوعه الحرکات الاسلامیه فی الوطن العربی سەرچاوەی پێشوو ص٣٢١

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٧٧

٨٣. دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٦٤

- جريدة السياسية الكويتية – العدد/٤٧٣٤ في ١/ايلول/١٩٨١
- موسوعة السياسية، عبدالوهاب الكيالي جزء الثاني – سەرچاوەی پێشوو ص٨١٢
- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٢٠٥

٨٤. دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص١٨

- سايت www.fa-m.wikipedia.org

٨٥. سایتەکانی: www.sawtukonline.com
www.ar.wikipedia.org

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٥٣
- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٢٤٦

٨٦. سەرچاوەکانی:

- موسوعة الشخصيات الايرانية – سەرچاوەی پێشوو ل٥٥٣
- ايران الاحزاب والشخصيات السياسية – سەرچاوەی پێشوو ص٥٧
- موسوعة الحركات الاسلامية في الوطن العربي سەرچاوەی پێشوو ص٣٣٠

٨٧. دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٣٦

- سایتی www.fa-m.wikipedia.org

٨٨. روانینێك لەناوەوە بۆ بزووتنەوەی چەپی ئێران – حەمید شەوکەوت وەرگێرانی شۆڕش گولکار، چاپی وەزراەتی رۆشنبیری هەولێر – ٢٠١٣ ل١١

٨٩. اهل السنه فى ايران – سەرچاوەی پێشوو ص١٦٩

- سایتی www.clxb.m.wikipedia.org

٩٠. سەرچاوەکانی:

- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص١٠٢

- موسوعة السياسية، عبدالوهاب الكيالي جزء الخامس – سەرچاوەی پێشوو ص٣٢٢
- سایتی www.fa-m.wikipedia.org

٩١. دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة، سەرچاوەی پێشوو ص٧٤

- سایتی www.fa-m.wikipedia.org

٩٢. موسوعة الشخصيات الايرانية، سەرچاوەی پێشوو ص٦٠٢

- سایتی www.fa-m.wikipedia.org

٩٣. موسوعة الشخصيات الايرانية – سەرچاوەی پێشوو ص٤٩٧

٩٤. موسوعة الشخصيات الايرانية – سەرچاوەی پێشوو ص٦٥٠

٩٥. موسوعة الشخصيات الايرانية – سەرچاوەی پێشوو ص٤٥٢

٩٦. موسوعة الشخصيات الايرانية – سەرچاوەی پێشوو ص٦٤٩

## سەرچاوەكان

### يەكەم : كتێبە عەرەبييەكان

١- تاريخ ايران السياسي المعاصر - د. سيد جلال الدين المدني - ترجمة سالم مشكور، منظمة الاعلام الاسلامي - طهران - ط١ ١٩٩٣.

٢- موسوعة الحركات الاسلامية في الوطن العربي وايران وتركيا - د. احمد الموصللي مركز دراسات الوحدة العربية - بيروت . ط٢ سنة / ٢٠٠٥.

٣- ايران والعراق - خلال خمسة قرون - حسن مجيد الدجيلي - دار الاضواء بيروت ط١ ١٩٩٩.

٤- موسوعة تاريخ ايران السياسي - د. حسن كريم الجاف - الدار العربية للموسوعات بيروت ، ط١ ٢٠٠٨ اربعة اجزاء.

٥- مستقبل النظام السياسي في جمهورية ايران الاسلامية - حمد جاسم محمد الخزرجي منشورات زين الحقوقية - بيروت - ٢٠٠٣.

٦- تاريخ ايران السياسي بين ثورتين (١٩٠٦ - ١٩٧٩) د. آمال السبكي - عالم المعرفة - الكويت، سلسلة (٢٥٠) سنة ١٩٩٩.

٧- التاريخ الايراني المعاصر - ايران في العصر البهلوي - علام رضا نجاتي، ترجمة - عبدالرحيم الحمراني، مؤسسة دار الكاتب الاسلامي - ايران ط١ - سنة ٢٠٠٨.

٨- موسوعة الشخصيات الايرانية في العهدين القاجاري والبهلوي (١٧٩٦ - ١٩٧٩) خضير البديري - العارف للمطبوعات - النجف - ط١/٢٠١٥.

٩- موسوعة السياسية، اشراف عبدالوهاب الكيالي - المؤسسة العربية للدراسات والنشر - بيروت (٧) اجزاء - سنة الطبع ١٩٩٩.

١٠- تاريخ ايران الحديث، اروند ابراهيميان - ترجمة مجدي صبحي - سلسلة عالم المعرفة - الكويت / ٢٠١٤.

١١– دراسات في تاريخ ايران الحديث والمعاصر – د. كمال مظهر احمد – بغداد – ١٩٨٥.

١٢– ايران في سنوات الحرب العالمية الثانية – عبدالهادي كريم سليمان – مركز دراسات الخليج العربي – جامعة البصرة – ١٩٨٦.

١٣– ايران ماضيها وحاضرها – دونالدولبر – ترجمة د. عبدالنعيم محمد حسين، دار الكاتب المصري – دار الكاتب اللبناني – ط٢/سنة ١٩٨٥.

١٤– الحركات الاسلامية في مصر وايران – د. رفعت سيد احمد – سينا للنشر القاهرة ط١/سنة ١٩٨٩.

١٥– التحولات السياسية في ايران (الدين والحداثة و دورهما في تشكيل الهوية الوطنية) موسى النجيفي، موسى فقيه حقاني، ترجمة قيس آل قيس مركز الحضارة لتنمية الفكر الاسلامي – بيروت ط١ سنة ٢٠١٣.

١٦– الابعاد التاريخية والسياسية للثورة الايرانية – د. عبدالله محمد الغريب – نشر على شبكة الانترنيت.

١٧– اهل السنة في ايران – مجموعة باحثين – مركز المسبار للدراسات والبحوث – دبي ط٢/سنة ٢٠١٣.

١٨– الاحزاب والتجمعات السياسية في ايران (١٩٠٥ – ١٩٨١) د. محمد وصفي أبو مغلي منشورات مركز الخليج العربي – جامعة البصرة – ط٢/١٩٨٣.

١٩– رضا شاه بهلوي – التطورات السياسية في ايران – ١٩١٨ – ١٩٣٩ د. فرج صابر مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية – السليمانية – ٢٠١٣.

٢٠– محمد رضا شاه بهلوي – الدكتاتورية والتحديث – مركز كوردستان للدراسات الاستراتيجية السليمانية – د. فرج صابر – سنة ٢٠١٤.

٢١– ايران بين القومية الفارسية و الثورة الاسلامية – د. علي محافظة – المؤسسة العربية للدراسات والنشر بيروت ط١/٢٠١٣.

٢٢– ايران والاحزاب والشخصيات السياسية – ( ١٨٩٠ – ٢٠١٣) شاكر كسائي، رياض الريس للكتب والنشر – بيروت /ط١/٢٠١٤.

٢٣-الجبهة الوطنية (١٩٤٩ - ١٩٧٩) - لقمان خيالي مؤسسة والا للنشر والاعلام - سنة/٢٠١١.

٢٤-الاحزاب والمنظمات السياسية في ايران (١٩٦٣ - ١٩٧٩) د. احمد شاكر عبدالعلاق الرافد للمطبوعات - بغداد ط١/٢٠١٥.

٢٥-ايران - الثورة الخفية - تيزي كوفيل - دار الفارابي - ترجمة د. خليل احمد خليل - بيروت - ط١/٢٠٠٨.

٢٦- دليل الشخصيات الايرانية المعاصرة - د. محمد وصفي أبو مغلي - مركز دراسات الخليج العربي - جامعة البصرة - ١٩٨٣.

٢٧- دستور ايران - الصادر عام ١٩٧٩ - مع كافة التعديلات الى سنة ١٩٨٩، (منشور على شبكة الانترنيت).

٢٨- ايران - صعود وهبوط - (التيار التقدمي الاسلامي) د. وليد محمود عبدالناصر، دار المستقبل العربي - القاهرة - ١٩٩٣.

٢٩-الثورة الاسلامية في ايران - أفق تفكك البراديفمات - الجاهزة - عبدالعالي العبدوني دار المعارف الحكيمة - ط١/٢٠١٣.

٣٠-ايران بين طغيان الشاه و دموية الخميني - ذياب الشمري ط١/١٩٨٣ بغداد.

٣١-سطوع نجم الشيعة - جرهارد كونسلمان - ترجمة محمد ابو رحمة - مكتبة مدبولي - القاهرة ط٢/١٩٩٣.

٣٢-مدافع أية الله - محمد حسنين هيكل - دار الشروق القاهرة - ط ٦/٢٠٠٢.

٣٣- ايران من الداخل - فهمي هويدي - ط٤/سنة ١٩٩١ - مركز الاهرام للنشر والترجمة - القاهرة .

٣٤-الثورة الاسلامية في ايران (وقائع واحداث) جعفر حسين نزار - ط١/١٩٧٩.

٣٥-الامة في قرن (التغير السياسي في ايران مابين التغيرات القضايا) باكينام الشرقاوي، مركز الحضارة للدراسات السياسية - القاهرة ٢٠٠٢.

٣٦- ايران دراسة عن الثورة والدولة - د. وليد عبدالناصر - دار الشروق - ط١/١٩٩٧ القاهرة.

٣٧- مصاحف وسيوف (ايران من الشاهنشاهية الى الخاتمية) رياض نجيب الرئس. ط١/٢٠٠٠ - بيروت (منشور على شبكة الانترنيت).

٣٨- الاغتيالات السياسية في ايران - د. احمد عبدالقادر الشاذلي - العربي للنشر والتوزيع - ط١/سنة ١٩٩٧ - القاهرة (منشور على شبكة الانترنيت).

٣٩- الثورة الايرانية - بين الواقع والاسطورة - زهير مارديني - دار اقرأ، بيروت ط١/ سنة ١٩٨٦.

٤٠- الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكردية في نصف قرن (١٩٠٨ - ١٩٥٨) عبدالستار طاهر شريف/السليمانية/٢٠٠٧.

٤١- ايران من الداخل (تحولات القيادة السياسية من الشرعية الثورية الى الشرعية الدستورية) منال محم احمد - مركز المحروسة للنشر - القاهرة ط١ / سنة ٢٠٠٩.

٤٢- الحياة السياسية في كوردستان (١٩٠٨ - ١٩٢٧) على تتر توفيق - ترجمة تحسين ابراهيم الدوسكي - ط١ سنة ٢٠٠٧ - دهوك.

٤٣- اتفاقية الجزائر الاسرار الكامنة لاغتيال الحركة الكردية المسلحة في آذر ١٩٧٥ شامل عبدالقادر، دار المجلة - بغداد - ط١/سنة ٢٠١٦.

٤٤- ايران - الدليل السياحي - حسن زندة دل، ترجمة محمد رضا نجم الدين، دار ايران طردان للنشر - طهران/٢٠٠٩.

٤٥- المشاركة السياسية للمرأة الايرانية - عزة جلال هاشم - مركز الامارات للدراسات والبحوث الاستراتيجية - ابو ظبي ط١/سنة ٢٠٠٧.

٤٦- التيارات السياسية في ايران - فاطمة الصمادي - المركز العربي للابحاث و دراسة السياسات - بيروت - ط١ سنة ٢٠١٢.

٤٧- الخطط السرية الايرانية في المعالم العربي - ابراهيم عارف - مكتبة جزيرة الورد، القاهرة ط١/سنة ٢٠١٠.

٤٨- ايران بين التاج والعمامة - احمد مهابة - ط١/سنة ١٩٩٨/ دار الحرية (منشور على شبكة الانترنيت).

٤٩-عرب ايران - عبدالنبي القيم - ترجمة كاظم الجابري - دار هلال للنشر والتوزيع - ط١ سنة ٢٠١٣.

٥٠- الخبرة الايرانية - الانتقال من الثورة الى الدولة - د. امل حمادة الشبكة العربية للابحاث والنشر - بيروت ط١/سنة ٢٠٠٨.

٥١-من تاريخ الحركة الثورية في ايران - د. فاضل ملا محمود - دار سەردەم للطباعة والنشر - السليمانية ط٢/ سنة ٢٠١١.

٥٢-كيف تحكم ايران - عبدالعظيم البدران - الدار العربية للعلوم ناشرون بيروت - ط١/سنة ٢٠١٤.

٥٣-تاريخ عربستان والوضع الراهن في ايران، وزارة الاعلام، الجمهورية العراقية بغداد - سنة ١٩٧١.

٥٤-العلاقات الايرانية - الامريكية، واثرها على الخليج العربي (١٩٤١ - ١٩٧٣) محمد وصفي أبو مغلي - جامعة البصرة - ١٩٨٠.

٥٥-اتجاهات الفكر الديني المعاصر في ايران - مجيد حمدي - ترجمة - حسين الشبكة العربية للابحاث والنشر - ط١ ٢٠١٠.

٥٦- احوال العمال في ايران - منصور رشيدين - جامعة البصرة - ترجمة جوليا داودين - سنة ١٩٨٩ (شبكة الانترنيت).

٥٧- ايران مستودع البارود - ادور سابلية - ترجمة عزالدين محمود السراج - وزارة الثقافة والارشاد - بغداد - ١٩٨٣.

٥٨- قصة الحضارة - ويل ديورانت - المجلد الاول - دار نوبلس - بيروت - ترجمة زكي نجيب محفوظ.

٥٩-الاقطار والبلدان - موسوعة جغرافية تاريخية أقتصادية - مصطفى فاخوري دار المعرفة - بيروت ط١/٢٠٠٣.

٦٠-تطور الحركة الوطنية في ايران - حربي محمد ط١/سنة ١٩٧٢ - بغداد.

٦١-الاحزاب السياسية في العالم الثالث - اسامة الغزالي حرب - سلسلة دار المعرفة - الكويت/سنة ١٩٨٧ / تسلسل (١١٧)

**دووەم : کتێبە کوردیەکان**

١- باڵە سیاسیەکان لەئێرانی ئەمرۆدا – حوجەت مورتە جا – وەرگێرانی محەمەد کەریم – دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم – سلێمانی – ٢٠٠٥.

٢- تەوژمە سیاسییەکانی ئێران – فاتیمە سەمادی – وەرگێرانی بەرزانی مەلا تەها – بڵاوکراوەکانی دەزگای رۆشنبیری جەمال عیرفان – سلیمانی ساڵی /٢٠١٤.

٣- مێژووی سیاسی ئێران لەنێوان دوو شۆڕشدا (١٩٠٦ – ١٩٧٩) د. ئامال ئەلسەبکی، وەرگێڕانی – شەماڵ ئەحمەد – چاپی / ٢٠١٣ سلیمانی.

٤- بارودۆخی سیاسی کوردستان (١٨٨٠ – ١٩٤٦) موجتەبا بورزوویی – وەرگێرانی لەفارسیەوە، نازناز محەمەد، یوسف خزر، سۆران عەلیپور، چاپی١/ ٢٠٠٥ دەزگای موکریان – هەولێر.

٥- رۆژهەڵاتی کوردستان – د. هۆشمەند عەلی مەحمود – چاپی١/ ٢٠١٢ هەولێر.

٦- رۆژهەڵاتی کوردستان لە دەساڵدا (١٩٧٨ – ١٩٨٨) حامید گەوهەری – لەبڵاوکراوەکانی گۆڤاریk٢١ )٢ بەرگ) هەولێر – ٢٠١١

٧- ٥٠ ساڵ خەبات – جەلیل گادانی – دووبەرگ (مێژووی حزبی دیموکراتی کوردستان ئێران) چاپی٢/ ٢٠٠٨ – دهۆك.

٨- خەبات بەرەو سەرکەوتن – بەهمەن سەعیدی (دووبەرگ) چاپی٣/٢٠١٢ لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵە – رێکخراوی – حزبی کۆمۆنیستی ئێران.

٩- حکومەتی میللی کوردستان – رەحیم سابیر چاپی ١ / ٢٠١١ – سلیمانی

١٠- ململانێی سیاسی لەنێوان موحافیزکاران و ریفۆرمخوازان لەئێران (١٩٧٩ – ٢٠١٢) زەینەب مەهینی ئەسل، وەرگێرانی بەرزانی مەلا تەها – چاپی١/٢٠١٦ سلیمانی.

١١- روانینێك لەناوەوە بۆ بزووتنەوەی چەپی ئێران – حەمید شەوکەت – وەرگێرانی شۆڕش گولکار – هەولێر/٢٠١٣.

١٢- فەرهەنگی مێژووی کورد – مایکل گەنتەر – وەرگێڕانی مامکاک – چاپی١/٢٠٠٧ هەولێر.

١٣- حکومەتی کوردستان – نەوشێروان مستەفا ئەمین – سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجی کوردستان / چاپی٢/٢٠٠٦ سلیمانی.

١٤- پەیوەندییە سیاسییەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و دەوڵەتانی دراوسێ، ئێران و تورکیاو سوریا (١٩٩١ – ٢٠٠٣) هێرش عەبدوڵڵا حەمە کەریم – ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، چاپی١/٢٠١٣ سلێمانی.

١٥- ئۆپۆزیسیون و ئاوارەیی – مامەند رۆژە – دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی – سلیمانی/٢٠٠٩.

١٦- دیموکراسی لەوڵاتانی فرە نەتەوە (ئێران – بەنموونە) ناوەندی لێکۆڵینەوەی ستراتیژی حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران – ٢٠١٠.

١٧- وەڵام بۆ مێژوو (بیرەوەریەکانی شای ئێران) محمود رەزاشا پەهلەوی وەرگێڕانی سەعید سەیدی – چاپی ١/٢٠١٣ هەولێر.

١٨- کوردو قاجار لەرۆژهەڵاتی کوردستان (١٩٠٠ – ١٩١٤) شەمال ئەحمەد، چاپی١ /٢٠١٢ هەولێر.

١٩- عەبدولرەحمان قاسملۆ (١٨٣٠ – ١٩٨٩)، هۆشمەند عەلی مەحمود، چاپی١/ ٢٠٠٧ هەولێر.

٢٠- هەڵوێستی حزبی تودە لەحاست کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد لەئێران، (١٩٤١ – ١٩٨٣) د. یاسین سەردەشتی، بنکەی ژین – سلیمانی – ٢٠٠٥.

٢١- کوردەکانی ئێران و هێرشی عوسمانی – گیلان – وەرگێڕانی نەجاتی عەبدوڵلا چاپی١/سلیمانی ٢٠٠٤.

٢٢- کوردستان و کورد – عەبدولرەحمان قاسملو – وەرگێرانی عەبدوڵلا حەسەن زادە چاپی دوو/٢٠٠٦ هەولێر.

٢٣- کوردستان و شۆڕشی کورد (لەبەڵگەنامەکانی ساواکی ئێراندا) وەرگێڕانی بەدرەدین سالح/٢٠١٠ هەلێر.

٢٤- خەباتی رزگاریخوازی کوردو ئازەر لەئێران – د. کەمال مەزهەر ئەحمەد، وەرگێڕانی ئازاد عوبید سالح، دەزگای ئاراس، هەولێر، چاپی١/٢٠٠٤.

٢٥- کۆمەڵە، زاهید رەشید پوور، چاپی١/٢٠٠٦ سلێمانی.

٢٦- راپەڕنی ئەفسەرانی خوراسان، ئەبولحەسەن ئەفریشیان، وەرگێڕانی گوشاد حەمەسەعید، وەزارەتی رۆشنبیری و لاوانی هەرێمی کوردستان، هەولێر، ٢٠١٣.

٢٧- (٥) ساڵ لەگەڵ عەبدوڵلای موهەتەدی – بەهمەن شەعیدی – چاپی١/٢٠١٠، لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران.

٢٨- گوڵبژێرێك لەناودارانی کورد، شۆڕش ئەحمەد گەرمیانی چاپی١/٢٠١٣.

٢٩- باڵە سیاسییەکان لەئێراندا، د. سەعید بەرزین، وەرگێڕانی موسلح عەبدولقەهار ئێروانی، چاپی١/٢٠٠٠ هەولێر.

٣٠- خۆیبوون، هیوا، ژ.ك، هیوا عەزیز سەعید، مەکتەبی بیروهۆشیاری (ی.ن.ك) سلێمانی/٢٠٠٦.

٣١- ئێران و تورکیا، د. ئیبراهیم خەلیل ئەحمەد، خەلیل عەلی موراد، وەرگێڕانی: بەهادین جەلال مستەفا، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەڵات، هەولێر (٢٠١١).

٣٢- بیرەوەریەکانی ئەشرەف پەهلەوی – ئەشرەف پەهلەوی، وەرگێڕانی: بەرهەم ناودەشتی – چاپی١/ ٢٠١٣ سلێمانی.

٣٣- پەیوەندییەکانی کوردستان و ئازەربایجان و هەرەسهێنانی هەردوولا لەساڵی (١٩٤٦)دا، ئافراسیان و هەورامی – دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، چاپی١/سلێمانی /٢٠٠٨.

٣٤- بەرزبوونەوەو کەوتنی فیرقەی دیموکراتی ئازەبایجان – جەمیل حەسەنلی وەرگێرانی حامد گەوهەری، چاپی/١ – ٢٠١١ هەولێر.

٣٥- بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردو ویستی سەربەخۆیی، کریس کۆجیرا – وەرگێران حەسەن رەستگار – چاپی/١ – ٢٠١٣ هەولێر.

٣٦- جولانەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی کوردستان، د. عەزیز شەمزینی وەرگێرانی فەرید ئەسەسەرد، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیجی کوردستان – سلێمانی – چاپی٢/ ٢٠٠٦.

٣٧- بیری نەتەوەیی لەپەیرەو پرۆگرامەکانی جەمعیەت و حزبە کوردییەکان (١٩١٩ – ١٩٤٥) عەبدولخالید سابیر کەریم – ٢٠١٣ سلێمانی.

٣٨- دەربارەی کۆمەڵگای مەدەنی و دیموکراسیەت – جورج مەنسور وەرگێرانی دلێر ئیبراهیم – هەولێر چاپی١/ ٢٠٠٩.

٣٩- کوردو کوردستان لەبەڵگەنامە نهێنیەکانی ئەمەریکادا (کوردستانی ئێران و تورکیا)، ئامادەنی: لوکمان مێهو ، وەرگێرانی وریا رەحمان – دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی رۆژهەلات، ٢٠٠٩ هەولێر.

٤٠- بەرنامەو پەیرەوی ناوخۆی سازمانی خەباتی نەتەوەیی و ئیسلامی کوردستان (لەسەرتۆری ئەنتەرنێت بڵاوکراوەتەوە).

٤١- رۆژهەلاتی کوردستان (لەبەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا) ئەنوەر سولتانی، بنکەی ژین – ٢٠٠٥ سلێمانی.

٤٢- بەرنامەو پیرەوی نێوخۆی – حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانی – رابەرایەتی شۆرشگێر – پەسندکراوی کۆنگرەی دەهەم ١٩٩٣.

**سێیەم: سەرچاوەو بەڵگەنامە فارسییەکان:**

١- تاريخ مختصر – احزاب سياسي ايران – انقراض قاجارية – ملك الشعراء بهار، ضاث سوم ١٣٥٧ تهران.

٢- تاريخ احزاب در ايران – عبدالحسين اكاهي – بةمناسبت شستمين سالَ تشكيل حزب كمونيست ايران – (لةسةر تؤرِى ئةنترنيت بلأوكراوةتةوة).

٣- رجال اذر بايجان در عصر مشروطيت – مهدي مجتهدي – ضاث١/١٩٩٨ تةوريَز (لةسةر تؤرِى ئةنترنيت بلأوكراوةتةوة).

٤- بمناسبت سومين سالگرد – انتشار نشر يەرا كارگر در ايران – كميتە خارج ازكشور – ١٠/نوفمبر/١٩٨٢.

٥- ڕۆژنامە - کمونیست - ساڵ ١٩٨٩ - ئۆرگانی ناوەندی حزبی کونونیستی ئێران.

٦- ڕۆژنامە - ئینتر ناسیونال - ژمارە (٢) حوزیران/١٩٩٢ - ڕۆژنامەی حزبی کومۆنیستی کرێکاری ئێران.

٧- اساسنامە حزب کمونیست ایران - کونگرە دوو، (لەسەر تۆڕی ئەنترنیت بڵاوکراوەنەوتەوە).

٨- برنامە حزب کونیست ایران - ٢٠٠٦ (لەسەر تۆڕی ئەنترنیت بڵاوکراوەنەوتەوە).

٩- برنامە - سازمان فیدائیان خلق - اکپریت (لەسەر تۆڕی ئەنترنیت بڵاوکراوەنەوتەوە).

١٠- اساسنامە - ئیتیحادی مبارزان کمونیست (لەسەر تۆڕی ئەنترنیت بڵاوکراوەنەوتەوە).

١١- اساسنامە - اتحاد فدائیان کمونیست - ئەرشیف (لەسەر تۆڕی ئەنترنیت بڵاوکراوەنەوتەوە).

١٢- اساسنامە و مرام نامە - کۆمەڵەی پەیامی دانشجور (لەسەر تۆڕی ئەنترنیت بڵاوکراوەنەوتەوە).

١٣- مرامنامە جبهت مشارکت اسلامی ایران (لەسەر تۆڕی ئەنترنیت بڵاوکراوەنەوتەوە).

١٤- اساسنامە جبهت مشارکت اسلامی ایران (لەسەر تۆڕی ئەنترنیت بڵاوکراوەنەوتەوە).

١٥- مرامنامە حزب همبسکی (لەسەر تۆڕی ئەنترنیت بڵاوکراوەنەوتەوە).

١٦- برنامەو اساسنامە - بلوجستان راجی رزمبش (لەسەر تۆڕی ئەنترنیت بڵاوکراوەنەوتەوە).

١٧- برنامە - حزب تودە ایران - پەسندکراوی (کنگرە ششم ساڵ ١٣٩١) هـ.

١٨- ارشیو اسناد - سازمان بیکارد راە ازادی گبقە کارگر.

## چوارەم : توێژینەوەکان بەزمانی عەرەبی :

١- مراكز ضع القرار السياسي في ايران (المحددات - التوجهات) سايت المرصد ٢٠١٦/٥/٢٥/.

٢- اثر النظام السياسي على عملية صنع القرار في ايران - عادل نبهان النجار - سايت منتديات الحق ٢٩/كانون الثاني/٢٠١٧.

٣- اليات الانظمة السياسية في صناعة القرار السياسي، قتيبة مخلف السامرائي جامعة تكريت - كلية التربية - المجلد (٤) العدد (١٠) السنة الرابعة ايار/٢٠٠٨.

٤- مراكز صنع القرار في ايران - مركز صناعة الفكر، وحدة الدراسات والابحاث، محمد حسن ابو النور - الجزيرة، نت.

٥- النظام السياسي في ايران - نصيب عتيقة، نموش نسرين، وزارة التعليم العالي والبحث العلمي، الجزائر /٢٠٠٧.

٦- القوى الداخلية في المجتمع الايراني - القوى السياسية - منال الداينى - المعهد المصري للدراسات السياسية والاستراتيجية، تشرين اول - ٢٠١٥.

٧- النظام السياسي في ايران ، مركز سوريا للبحوث و الدراسات، كانون الثاني/٢٠١٤.

٨- السياسية والسياسيون في ايران، فاطمة الصمادي، مركز دراسات الجزيرة.

٩- الاطر التنظيمية للمعارضة السياسية في ايران في عهد محمد علي شا (١٩٠٧ - ١٩٠٩)، د. فليح حسن علي، صباح كريم رباح - الجزيرة.

١٠- سيرة مختصرة لحياة منصور حكمت - حميد تقوايي - ويكيبيديا - ١٦/تموز/٢٠٠٢.

١١- مركز وثائق الثورة الاسلامية، علي كورد - من وثائق اتحاد الشيوعيين الايرانيين في واقعة - أمول - سابت: www.teror.vctiws.com

١٢- السلالة البهلوية - محبوبة دودكي - سايت الجزيرة نت.

١٣-التغير السياسي في ايران - مابين المتغيرات والقضايا - عدد خاص، حولية قضايا العالم الاسلامي - مركز المحضارة للدراسات السياسية ٢٠٠٢ القاهرة.

١٤- ٣٨ سالَ بەسەر حکومەتەنیشتمانیەکەی د. شاثور بەختیار ، سایتی www.kar.online.com

١٥-ايران وقضايا المشرق العربي (١٩٤١ - ١٩٧٩) مقدمة عن رسالة دكتورا، محمد عبدالرحمن العبيدي - كلية التربية - جامعة الموصل - ٢٠٠٥.

١٦-الاهمية الاستراتيجية لموقع ايران الجغرافي - عدنان كاظم الشيباني، حميدة عبدالحسين - كلية التربية - جامعة القادسية، مركز الرافدين للدراسات والبحوث الاستراتيجية، ٢٠١٢.

١٧-دور المرشد الاعلى في تحديد توجيهات السياسة الايرانية - أ.م.د ستار جبار علاوي، مركز الدراسات الاستراتيجية بغداد.

١٨-الانشاقاقات في الحزب الشيوعي الايراني خلال القرن العشرين، د. فرمان فيصل مجلة كلية التربية (١١) اذار/٢٠٠٣، جامعة القادسية - كلية التربية.

١٩-بيكار - حركة سياسية، في ٢/اب/٢٠١٦ ويكيبيديا الموسوعة الحرة.

٢٠- المعارضة الداخلية في ايران (١٩٦٣ - ١٩٧٠) د. علي طاهر تركي، قسم التاريخ - جامعة كربلاء.

٢١-عالم افضل - برنامج الحزب الشيوعي/ العمالي ١٣/اذار/٢٠١٣. www.wpiraq.net

**پێنجەم: گۆڤارو رۆژنامە کوردیەکان:**

١- گۆڤاری سەنتەری برایەتی - دەزگای گولان، هەولێر، ژمارەکانی:

ژمارە/١ سالّی ١٩٩٨

ژمارە/١٤ ١٩٩٩

ژمارە/١٥ سالّی ٢٠٠٠

ژمارە/٢٦ سالّی ٢٠١١

٢- گۆڤاری مێژوو، کۆمەڵەی رۆشنبیری مێژووی کوردستان ، سلێمانی، هەولێر، ژمارەکانی :

ژمارە/١ ساڵی یەکەم/٢٠٠٧

ژمارە/٢ بەهاری/٢٠٠٧

ژمارە/١٤ ساڵی چوارەم/٢٠١٠

ژمارە/١٥ ساڵی /٢٠١٠

ژمارە/١٧ ساڵی /٢٠١١

ژمارە/١٩ ساڵی پێنجەم/٢٠١١

٣- گۆڤاری دۆستێی ئێران، سەنتەری لێکۆلینەوەی ستراتیژی کوردستان سلێمانی، ژمارەکانی :

ژمارە/٦ مایسی ٢٠٠٧

ژمارە/٧ ئەیلولی ٢٠٠٧

ژمارە/ ١١-١٢، تشرینی دووەمی ٢٠٠٨

ژمارە / ١٣ ئازاری ٢٠٠٩

ژمارە/١٤ حوزەیرانی ٢٠٠٩

٤- گۆڤاری ئایدیا دیپلوماتیك، دەزگای ئایدیا سلیمانی ژمارە/٢ - ساڵی ٢٠١٢.

٥- گۆڤاری ئایدیا دیپلوماتیك ژمارە/٧ حوزەیرانی ٢٠١٣ سلێمانی، دەزگای ئایدیا.

٦- گۆڤاری کوردستان دیپلوماتێك، ژمارە (٦-٧) کانونی یەکەمی یەکەمی/٢٠١٤ سلیمانی.

٧- گۆڤاری - ئێراننناسی - ژمارە (٢) ساڵی ٢٠١٣ - لقی ٢٢ پارتی دیموکراتی کوردستان.

٨- گۆڤاری کولیجی ئاداب - زانکۆی جیهان - ژمارە (١٠١) هەولێر.

٩- گۆڤاری رۆشنبیری نوێ (١٢٢) حوزەیران - ١٩٨٩ - بەغداد.

١٠- گۆڤاری کەوانە ژمارە (١١) حوزەیرانی/٢٠١٢ سلیمانی.

١١– هەفتەنامەی ڕووداو – ژمارە (٣٠١) لە ١٠/ئازار/٢٠١٤ هەولێر.

١٢– ڕۆژمێری هاوسەر – هوشیار قەفتان – چاپخانەی فورات – بغداد سالی/٢٠٠٤.

## شەشەم: گۆڤارو ڕۆژنامە عەرەبیەکان:

١– مجلة مختارات ايرانية – ايلول – ٢٠٠٧، مركز دراسات الاهرام، القاهرة، نشرعلى شبكة الانترنيت.

٢– مجلة دراسات ايرانية – العدد (٦–٧) – مركز الخليج – نشرعلى شبكة – الانترنيت.

٣– مجلة كلية التربية الاساسية جامعة بابل – العدد/١١ في ١١ – اذار /٢٠١٣.

٤– مجلة كارون – العدد – ٣ – السنة الرابعة في ١/اب/١٩٧٧، (نشرعلى شبكة الانترنيت).

٥– مجلة الاحواز – العدد/٥ في ٣٠/تشرين الثاني/١٩٨١ (نشرعلى شبكة الانترنيت).

٦– مجلة الدستور – العدد ٩٦ – في ٢٤/اب/١٩٨١ لندن.

٧– مجلة المجالس الكويتية العدد (٢٤٢) في ٢٧/اب/١٩٧٩ الكويت.

٨– جريدة الثورة – بغداد – العدد (٤١٥٥) في ٢/تشرين اول/١٩٨١.

٩– جريدة السياسة – الكويت – العدد (٤٧٣٤) في ١/ايلول/١٩٨١.

## حەوتەم: سایتەکانی ئینتەرنێت:

١. www.ar.wikipedia.org.
٢. www.ar.m.wikipedia.org
٣. www.melliun.org
٤. www.ehewar.org
٥. www.chawoshan.mihanbloge.com
٦. www.hks.iran.org/hks/index
٧. www.tarikh-irani-ir/fa

٨. www.fadaian-minority.org.
٩. www.fa.m.wikipedia.org
١٠. www.teror.victiws.com
١١. www.iraniannoralhistory.de/fars.
١٢. www.dezfuli,wordpress.com
١٣. www.rasekhoon.net.
١٤. www.-pajoohe.ir.
١٥. www.norooznewz -ir/page/١٨٩
١٦. www.yjc-ir/fa.news.٤٧٩٠٢٢
١٧. www.Al.ain.com
١٨. www.alahwez-arabi.com
١٩. www.marefa.org
٢٠. www.albianah.net
٢١. www.altanweer.net
٢٢. www.safileaks-com
٢٣. www.fcdrs.com
٢٤. www.ihinvav-ihwrriyya.org
٢٥. www.uokufa.edu.١٧
٢٦. www.birehlibrary.org
٢٧. www.perian-man.rr
٢٨. www.asrarnameh.com
٢٩. www.bbc.com/persian/iran/٢٠
٣٠. www.r-enks-net
٣١. www.mojahedin.org
٣٢. www.arashamirihizi-mihangblog.com
٣٣. www.dowran-ir-shour-net
٣٤. www.arabic-tabyan-net
٣٥. www.ma.h-exwat.com
٣٦. www.ashraf-news.com
٣٧. www.mandegar.tarikhena.org
٣٨. www.albabtainprize.org
٣٩. www.sawtukonline.com
٤٠. www.ckb.m.wikipedai.org

کۆتایی

## ناوەرۆك

بابەت لاپەرە


پێشــەكی ........................ ٥

**بەشی یەكەم: سیستمی سیاسی لەئێران_سەدەی بیستەم** ........... ١١

(( تــەوەری یەكــەم )): ئێران لەكۆتاییەكانی سەدەی ( ١٩ ) و سەرەتاكانی سەدەی ( ٢٠ ) .... ١٣

(( تــەوەری دووەم )): دەركەوتنی رەزاخان و حوكمڕانی بنەماڵەی پەهلەوی ........ ٢٠

(( تــەوەری سێیەم )): كۆتای هاتنی سەردەمی رەزاشا و سەركەوتنی محەمەد رەزاشا ...... ٣١

(( تــەوەری چــوارەم )): سەرهەڵدانی شۆرشی گەلانی ئێران لەنێوان ( ١٩٧٧ – ١٩٧٩ )..... ٥٧

(( تــەوەری پێنجــەم )): سیستمی كۆماری ئیسلامی ................ ٦٩

پەراوێزەكانی بەشی یەكەم ........................ ١٠٠

**بەشی دووەم: حزب و رێكخراوە سیاسیەكان** ................ ١٠٩

بارودۆخی كۆمەڵایەتی نابوری ئێران، لەسەرەتاكانی سەدەی بیستەم .............. ١١١

فاكتەرەكانی گەشەكردنی هۆشیاری سیاسی و دامەزراندنی حزب و رێكخراوە سیاسیەكان: ١١٣

قۆناغی كۆمەڵەو رێكخراوە كۆمەڵایەتی و سیاسیەكان: ........................ ١٢١

حزبە سیاسییەكان لەئێران: ........................ ١٣٢

●حزبی دیموكرات: ( ١٤ ) ........................ ١٣٢

●حزب اجتماعیون عامیون ( سۆسیال دیموكرات ): ( ١٨ ) ........................ ١٣٤

●كۆمەڵەی ئێرانی لاو ( انجمن ایران جوان ) ( ٢٢ ) ........................ ١٣٧

●حزبی موستەبیدین: ( ٢٤ ) ........................ ١٣٨

●حزبی ئیجتماعیون ئیعتیدالیون: ( ٢٥ ) ........................ ١٣٩

●حزبی عەدالەت: ( ٢٦ ) ........................ ١٤٠

●حزب اصلاح طلبان ( داواكاری چاكسازی ): ( ٢٨ ) ........................ ١٤٢

•کوتلەی نیشتمانی: ........................................ ١٤٣
•حزبی تجدد: (٣٢) ........................................ ١٤٤
•حزبی سوسیالست: (٣٦) ........................................ ١٤٥
•حزبی أو - نەو : (٤٠)........................................ ١٤٦
•حزبی گروپی پۆلا: (٤١) ........................................ ١٤٧
•حزبی ض - أ - : (٤٢)........................................ ١٤٧
•حزبی ئێران: (٤٣) ........................................ ١٤٨
•حزبی دیموکرات: (٤٤) ........................................ ١٥٢
•حزبی ئیرادەی نیشتمانی (ارادة مللی): (٤٥) ........................................ ١٥٣
•حزبی پان ئێرانیست: (٤٦) ........................................ ١٥٤
•رێکخستنی ئەفسەرانی ئازادیخواز: (٤٧)........................................ ١٥٦
•حزبی گەلی ئێران — حزب مردم ایران: (٤٨) ........................................ ١٥٨
•حزبی یەکگرتنی ئێران: (٤٩) ........................................ ١٥٩
•حزبی نەتەوەیی ئێران — ملت ایران - : (٥٠) ........................................ ١٦٠
•حزبی ناسیونالستی ئێران:(٥١) ........................................ ١٦١
•حزبی نەتەوە خوازان (حزب ملیون): (٥٢) ........................................ ١٦٢
•حزبی کرێکارانی نەتەوەیی سۆسیالستی ئێرانی ........................................ ١٦٤
حزبی سۆسیالست ملی کارگران ایران (٥٣)........................................ ١٦٤
•حزبی گەل (حزب مردم): (٥٤)........................................ ١٦٥
•ناوەندی رابوون و بالآیی: (٥٥) ........................................ ١٦٨
•حزبی ئێرانی نوێ (حزب ایران نویی): (٥٦) ........................................ ١٦٩
•حزبی ئێرانیان:(٥٧) ........................................ ١٧١

•حزبی رابوونی نەتەوەیی ئێران: حزب رستاخیز ملت ایران (٥٨) ........................ ١٧١
•بەرەی نیشتمانی: (٥٩) ........................................ ١٧٤
•سێیەم بەرەی نیشتمانی: (٦٠) ........................................ ١٨١
•کۆمەڵەو ڕێکخراوەکانی بەرەی نیشتمانی لەدەرەوەی ئێران: (٦٣) ........................ ١٨٤
•بیرۆکەی خەباتی چەکداری لەئێران: (٦٦) ........................................ ١٨٨
•کۆمەڵەی بەرهەڵستی (جمعیت مبارز): (٦٧) ........................................ ١٩١
•بزووتنەوەی بەرهەڵستی نیشتمانی (نهضت مقاومت ملی): (٦٨) ........................ ١٩١
•بزووتنەوەی ئازادی ئێران - سازمانی نهضت ئازادی ایران: (٧٠) ........................ ١٩٤
•سازمانی موجاهیدینی خەلقی ئێران: (٧١) ........................................ ١٩٧
•ئەنجوومەنی نیشتمانی بۆ بەرهەڵستی: شورای میللی مقاوەمەت (٧٢) ........................ ٢٠٢
•ڕێکخراوی جەنگاوەرانی نەتەوەیی ئێران: سازمانی چریك های ناسیونالست
ایران (٧٤) ........................................ ٢٠٤
•ڕێکخراوی یەکێتی لە پێناو ئازادی: اتحاد برای ازادی (٧٥) ........................ ٢٠٥
•حزبی کۆماری یەکێتی گەلانی ئێران: جمهوری فدراتیو خلقهای ایران (٧٦) ........................ ٢٠٦
•حزبی نەتەوەیی دیموکراسی ئێرانی: حزب ناسیونال دمکرات ایران (٧٧) ........................ ٢٠٧
•کۆمەڵەی ئێرانی سەردەمی سیاسی: گروه سیاسی ایران أمروز (٧٨) ........................ ٢٠٩
•کۆمەڵەی بەشارەتی سیاسی: گروه سیاسی بشارت (٧٩) ........................................ ٢١٠
•(راما) حزبی پەیامی مرۆڤایەتی بۆ گەلی ئێران: رسالت انساننی مردم ایران (٨٠) .... ٢١٢
•بزووتنەوەی بەرهەڵستی نیشتمانی ئێرانی: نهضت مقاومت ملی ایران (٨١) ........................ ٢١٣
•حزبی دیموکراتی نیشتمانی: حزب دمکرات ملی (٨٢) ........................................ ٢١٧
•حزبی کۆماریخوازان: حزب جمهوریخواز( ٨٣) ........................................ ٢١٧
•کۆمەڵەی نیشتمانی بۆ شۆڕشی ئێرانی: جمعیت ملی انقلاب ایرانی( ٨٤) ........................ ٢١٨

•گروپی نیشتمان پەروەران: گروه میهن پرستان (٨٥) ........ ٢١٨
•حزبی ئازادیخوازن - حزب ازادگان (٨٦) ........ ٢١٩
•ریکخراوی ئازادیخوازان: سازمان ازادگان (٨٧) ........ ٢٢٠
•حزبی نیشتمان پەروەرانی ئێران: میهن دوستان ایران (٨٨) ........ ٢٢١
•ریکخراوی شۆڕشگێری: سازمان انقلابی (٨٩) ........ ٢٢١
•حزبی کرێکارانی نەتەوەیی سوسیالستی ئێرانی: حزب سوسیالست ملی کارگران ایران – سومکا – (٩٠) ........ ٢٢٢
•حزبە سۆسیالست و مارکسیەکان: حزبی کۆمونیستی ئێران (٩١) ........ ٢٢٣
•حزبی تودەی ئێرانی: (٩٢) ........ ٢٢٦
•حزبی کۆمۆنیستی ئێرانی: (٩٣) ........ ٢٣٢
•حزبی کرێکارانی سوسیالستی ئێران: حزب کارگران سوسیالست ایران (٩٤) ........ ٢٣٦
•حزبی کۆمۆنیستی کرێکاری ئێرانی: (٩٥) ........ ٢٣٩
•حزبی زەحمەتکێشانی ئێران: حزب زحمەت کشان ملت ایران (٩٩) ........ ٢٤٤
•ریکخراوی چریکە فیدائیەکانی خەلکی ئێران: سازمان چریکهای فدائی خەلق ایران (١٠٠) ........ ٢٤٧
•ریکخراوی هێزی سێیەم: نیروی سوم (١٠١) ........ ٢٥٢
•حزبی هەمراهان سوسیالست: حزب همراهان (١٠٢) ........ ٢٥٥
•ریکخراوی یەکێتی تێکۆشەرانی کۆمۆنیست: اتحاد مبارزان کومونیست (امک) (١٠٣) ........ ٢٥٦
•سازمانی وەحدەتی کۆمۆنیستی: وحدت کمونیست (١٠٤) ........ ٢٥٨
•حزبی کاری ئێران – توفان: حزبەکار – توفان (١٠٥) ........ ٢٦٠
•ریکخراوی شۆڕشگێری (حزبی توده) سازمان انقلابی (١٠٦) ........ ٢٦١
•رەوتی کادیر: (١٠٧) ........ ٢٦٤

•ریکخستنی کریکارانی شۆڕشگێری ئێران: سازمان کارگران انقلابی ایران (راکارگر) (١٠٨) ........ ٢٦٥

•ریکخراوی یەکگرتووی چەپ (ئێران): (١٠٩) ........ ٢٦٦

•ریکخراوی (پەیکار) - سازمان پیکار - در آزادي طبقة کارگر: ........ ٢٦٨

•ریکخروی ئیتحادی فیدائیان کۆمۆنیست: سازمان اتحاد فدائیان کمونیست (١١١) ........ ٢٦٩

•حزب و ریکخراوە ئاینیەکان - ریکخراوی فیدائیانی ئیسلام: (١١٣) ........ ٢٧٣

•کۆمەڵەی مامۆستایانی حەوزەی عیلمی قوم: جامعەمدرسین حوزه علمیه قم (١١٤) ........ ٢٧٦

•ریکخراوی مونتەلیفەی ئیسلامی: هیئتهای مؤتلفه اسلامی (١١٥) ........ ٢٧٨

•حزبی گەلانی ئیسلامی: حزب ملل اسلامی (١١٦) ........ ٢٨١

•حزبوڵلا: (١١٧) ........ ٢٨٥

•پشتیوانانی حزبوڵلا: (١١٨) ........ ٢٨٦

•کۆمەڵەی روحانیەتی خەباتگێڕی تاران: (١١٨) - جامعه روحانیت مبارزتهران ........ ٢٨٧

•حزبی جمهوری ئیسلامی: (١٢٠) ........ ٢٩٠

•حزبی کۆماری گەلی موسلمان: حزب جمهوری خلق مسلمان (١٢١) ........ ٢٩٤

•ریکخراوی موجاهیدینی شۆڕشی ئیسلامی: (١٢٢) - سازمان مجاهدین انقلاب اسلامی ... ٢٩٥

•نووسینگەی بەهێزکردنی یەکگرتن: (٧٣) - پەیام دانشجو ........ ٢٩٨

•ئەنجوومەنی روحانیە خەباتگێڕەکان: (١٢٤) - مجمع روحانیون مبارز ........ ٣٠٠

•کۆمەڵەی کادیرانی بونیادنانی ئێران: گروهی ازکار گزاران سەزندگی (١٢٥) ........ ٣٠٢

•کۆمەڵەی بەرگری لە بەهاکانی شۆڕشی ئیسلامی: جمعیت دفاع از ارزشهای انقلاب اسلامی (١٢٦) ........ ٣٠٣

•کۆمەڵەی خۆبەختکەرانی شۆڕشی ئیسلامی: (جمعیت ایپار گران انقلاب اسلامی) (١٢٧). ٣٠٦

•بەرەی مشارکەی ئیسلامی: جبهت مشارکت ایران اسلامی (١٢٨) ........ ٣٠٨

•حزبی هاریکاری ئێرانی ئیسلامی: حزب همبستگی ایران اسلامی (١٢٩)........ ٣١٠
•رەوتە سیاسییە ئیسلامیەکان لەئێران (پۆلێنکردن): (١٣٠)........ ٣١١
أ.هەرێمی کوردستان:........ ٣١٤
•حزبی تەرەقی و تەهزیبی ئەخلاقی کوردستانی: (١٣٢)........ ٣١٤
•جمعیا استخلاصا کوردستان:........ ٣١٥
•جەمعیەتی جهاندانی (جیهانزانی): (١٣٤)........ ٣١٦
•حزبی جوانی کورد – لاوانی کوردە:........ ٣١٧
•جەمعیەتی خەیری کوردی: (١٣٦)........ ٣١٨
•جەمعیەتی کوردی: (١٣٧)........ ٣١٨
•حزبی ئازادی کوردستان (پاك): (١٣٨)........ ٣١٩
•کۆمەڵە ژیانەوەی کورد (ژ – ك): (١٣٩)........ ٣٢٠
•حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران: (١٤٠)........ ٣٢٣
•یەکێتی خوێندکارانی کورد لەزانستگاکانی ئێران: (١٤١)........ ٣٢٨
•کۆمیتەی شۆڕشگێڕی کورد: (١٤٢)........ ٣٢٩
•کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران: (١٤٣)........ ٣٣٠
•حزبی شۆڕشگێڕی کوردستان: (١٤٤)........ ٣٣٥
•ڕێکخراوی (مەکتەبی قورئان): (١٤٥)........ ٣٣٦
•کۆمەڵەی ئیخوان ئەلموسلمین: (١٤٦)........ ٣٤٠
•سازمانی خەباتی نەتەوەیی و ئیسلامی کوردستانی ئێران: (١٤٧)........ ٣٤٢
•سوپای ڕزگاری: (١٤٨)........ ٣٤٥
•بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانی ئێران: (١٤٩)........ ٣٤٦
•سازمانی موەحدینی ئیسلامی ئێران: (١٥٠)........ ٣٤٦

ب.هەرێمی ئازەربیخان: ........................................ ٣٤٧
•تیپی ئازەربیجانی دیموکرات، (حزبی ئازەربیجانی دیموکرات): (١٥١) ............... ٣٤٧
•حزبی موجاهیدینی ئازەبیجان: (١٥٢) ........................................ ٣٥٠
•بزووتنەوەی رزگاریخوازی نیشتمانی ئازەری (جاماح) : (١٥٣) ........................ ٣٥٠
ج.ناوچەی عەرەبستان (خوزستان): ........................................ ٣٥٢
•حزبی ئەلسەعادە: (١٥٤) ........................................ ٣٥٢
•کۆمەڵەی بەرگری لەعەرەبستان: (١٥٥) ........................................ ٣٥٢
•بەرەی رزگاری عەرەبستان: ........................................ ٣٥٣
•بەرەی نەتەوەیی بۆ زرگاری عەرەبستان و کەنداوی عەرەبی: (١٥٧) ............... ٣٥٥
•بەرەی میللی بۆ رزگاری ئەهواز: ........................................ ٣٥٦
•بزووتنەوەی شۆرشگێری دیموکراتی بۆ رزگاری عەرەبستان: (١٥٩) ............... ٣٥٦
•رێکخراوی سیاسی گەلی عەرەبی خوزستان: (١٦٠) ........................................ ٣٥٧
•بەرەی ئەحوازی دیموکراسی (جاد): (١٦١) ........................................ ٣٥٧
•بەرەی دیموکراسی شۆرشگێر بۆ رزکاری عەرەبستان: (١٦٢) ........................ ٣٥٨
•رێکخراوی سیاسی بۆ گەلی عەرەبی موسلمان: (١٦٣) ........................ ٣٥٩
•بەرەی عەرەبی بۆ رزگاری ئەحواز: (١٦٤) ........................................ ٣٥٩
•بەرەی دیموکراسی میللی ئەحوزا: (١٦٥) ........................................ ٣٦٢
د.هەرێمی بلوجستان: ........................................ ٣٦٤
•بزووتنەوەی نەتەوەیی بلوجستان: بلوجستان راجی رزمبش (١٦٦) ........................ ٣٦٤
•سوپای رزگاری بلوجستان: (١٦٧) ........................................ ٣٦٥
ژ.ناوچەی تورکمان صحرا: ........................................ ٣٦٧
•کانون (مەکۆ)ی فەرهەنگی و سیاسی خەلکی تورکمان: (١٦٨) ........................ ٣٦٧

•سازمانی بەرگریکردن لەمافەنەتەوەییەکانی گەلی تورکمان: ........ ٣٦٨
سازمان دفاع ازحقوق ملی خلق ترکمن. (١٦٩) ........ ٣٦٨
•بزاڤی میللی – دیموکراتی تورکمان (تورکمەنلیك): (١٧٠) ........ ٣٦٨
ر. چالاکی سیاسی بەختیاریەکان: ........ ٣٦٩
•کۆمەڵەی بەختیاریەکان: جامعە بختیاریها (١٧١) ........ ٣٦٩
•حزبی ئەلئەجمەی – بەختیاری: (١٧٢) ........ ٣٧٠
•بزاڤی رزگاری لورستان: (١٧٣) جنبش رەهای بخش لرستان ........ ٣٧١
•بەرەی رزگاری لورستان: (١٧٤) جبهەی رەهای بخش لرستان ........ ٣٧١
پەراوێزەکانی بەشی دووەم ........ ٣٧٦
**بەشی سێیەم: هەل و مەرجی کۆمەڵگەی مەدەنی لەئێران** ........ ٣٩٩
یەکەم/ بزووتنەوەی کرێکاری لەئێران: (٢) ........ ٤٠٣
بزووتنەوەی کرێکاری دوای شۆڕشی (١٩٧٩): ........ ٤٠٧
دووەم/ بزووتنەوەی ژنان لەئێران: ........ ٤٠٩
سێیەم/ بزووتنەوەی خوێندکاران و لاوان: (٤) ........ ٤١٧
چوارەم/ رۆژنامەگەری لەئێران: (٥) ........ ٤٢١
پەراوێزەکانی بەشی سێیەم ........ ٤٢٩
**بەشی چوارەم: کەسایەتیەکان** ........ ٤٣١
•ئەبولحەسەن بەنی سەدر: ........ ٤٣٣
•ئەحمەد بەنی ئەحمەد: (٢) ........ ٤٣٤
•ئەشرەف پەهلەوی: (٣) ........ ٤٣٥

•ئەمیر ئەسەدوڵلا عەلەم: (٤) ........ ٤٣٦

•ئەمیر عەباس هوەیدا: (٥) ........ ٤٣٧

•ئیبراهیم یەزدی: (٦) ........ ٤٣٨

•ئیبراهیم عەلیزادە: (٧) ........ ٤٣٩

•(ئایەتوڵلا) ئەحمەد جەننەتی: (٨) ........ ٤٤٠

•ئەحمەد موفتی زادە: (٩) ........ ٤٤١

•ئیسماعیل ئاغا شکاك: (١٠) ........ ٤٤٢

•ئەحمەد قەوام ئەلسەلتەنە: (١١) ........ ٤٤٣

•(ئایەتوڵلا) ئەبولقاسم کاشانی: (١٢) ........ ٤٤٣

•(خاتو) ئەعزەم تالقانی: (١٣) ........ ٤٤٤

•تەیمور بەختیار: (١٤) ........ ٤٤٥

•بەهرام ئاریانا: (١٥) ........ ٤٤٦

•بەهزاد ئەبەوی: (١٦) ........ ٤٤٧

•بیژەن جەزنی: (١٧) ........ ٤٤٨

•(خاتوو) تاهیرە سەفار زادە: (١٨) ........ ٤٥٠

•تەقی ئارانی: (١٩) ........ ٤٥١

•جەعفەر پیشەوەری: (٢٠) ........ ٤٥٢

•حەسەن روحانی: (٢١) ........ ٤٥٣

•حەسەن نەزیە : ( ٢٢ ) .................................................. ٤٥٤

•حەیدەر عەمو ئۆغلی : ( ٢٣ ) .................................................. ٤٥٥

•د. حوسێن فاتیمی : ( ٢٤ ) .................................................. ٤٥٦

•( سەید ) حەسەن ئەرسەنجانی : ( ٢٥ ) .................................................. ٤٥٧

•( ئایەتوڵڵا ) خومەینی : ( ٢٦ ) .................................................. ٤٥٩

•خەلیل ملکی : ( ٢٧ ) .................................................. ٤٦٠

•( شێخ ) خەزعەل : ( ٢٨ ) .................................................. ٤٦١

•داریوش فروهەر : ( ٢٩ ) .................................................. ٤٦٣

•رەزا شای پەهلەوی : ( ٣٠ ) .................................................. ٤٦٤

•زەهرا رەهنورد : ( ٣١ ) .................................................. ٤٦٥

•زیائەدین تەباتەبائی : ( ٣٢ ) .................................................. ٤٦٦

•سادق خەلخالی : ( ٣٣ ) .................................................. ٤٦٧

•سادق شەرەفکندی : ( ٣٤ ) .................................................. ٤٦٧

•د. سادق قوتب زادە : ( ٣٥ ) .................................................. ٤٦٨

•سەعید موحسین : ( ٣٦ ) .................................................. ٤٦٩

•ستار خان : ( ٣٧ ) .................................................. ٤٧٠

•سلیمان ئەسکەندەری : ( ٣٨ ) .................................................. ٤٧١

•سمکۆ یەزدان پەنا : ( ٣٩ ) .................................................. ٤٧٢

•شاپور بەختیار: (٤٠) ........ ٤٧٢

•شیرین عبادی: (٤١) ........ ٤٧٣

•عەبدوڵلا رەمەزان زادە: (٤٢) ........ ٤٧٤

•عەبدوڵلای موهتەدی: (٤٣) ........ ٤٧٤

•عەبدولرەحمان قاسملو: (٤٤) ........ ٤٧٥

•(مەولای) عەبدولعەزیز زادە: (٤٥) ........ ٤٧٦

•عەلی ئەکبەر موحتەشمی: (٤٦) ........ ٤٧٧

•عەلی ئەکبەر رەفسەنجانی: (٤٧) ........ ٤٧٨

•(سەید) عەلی خامنەئی: (٤٨) ........ ٤٧٩

•عیزەدین حوسێن: (٤٩) ........ ٤٨٠

•عەتا ئەڵلا موهاجرانی: (٥٠) ........ ٤٨١

•عەلی شەریعەتی : ........ ٤٨٢

•عەلەوی بزورگ: (٥٢) ........ ٤٨٣

•فوئاد مستەفا سولتانی: (٥٣) ........ ٤٨٤

•فەزلوڵلا زاهیدی: (٥٤) ........ ٤٨٤

•قازی محەمەد: (٥٥) ........ ٤٨٥

•کەریم سنجابی: (٥٦) ........ ٤٨٦

•(میرزا) کوچك خان: (٥٧) ........ ٤٨٧

•مەهدی بازرگان: (٥٨) ........................ ٤٨٨

•مەنوچەهر ئیقبال: (٥٩) ........................ ٤٨٩

•مەحمود جەعفەریان: (٦٠) ........................ ٤٩٠

•مەسعود رەجەوی: (٦١) ........................ ٤٩١

•(حاجی) مەهدی عێراقی: (٦٢) ........................ ٤٩٣

•مەعسومەی ئبتیکار: (٦٣) ........................ ٤٩٤

•مەهدی کەروبی: (٦٤) ........................ ٤٩٥

•مەهدی ئازەر: (٦٥) ........................ ٤٩٦

•مەنسور حیکمەت: (٦٦) ........................ ٤٩٦

•مەسعود ئەحمەد زادە: (٦٧) ........................ ٤٩٧

•مەریەم رەجەوی: (٦٨) ........................ ٤٩٨

•محەمەد خاتمی: (٦٩) ........................ ٥٠٠

•د. محەمەد باهری: (٧٠) ........................ ٥٠١

•محەمەد جەواد باهنەر: (٧١) ........................ ٥٠٢

•محەمەد رەزاشا پەهلەوی: (٧٢) ........................ ٥٠٣

•سید مەهدی پیراستە: (٧٣) ........................ ٥٠٥

•محەمەد درەخششی: (٧٤) ........................ ٥٠٦

•محەمەد رەزای ملی تارانی: (٧٥) ........................ ٥٠٧

●(شێخ) محەمەد خیابانی: (٧٦) ........................................ ٥٠٨

●د. محەمەد موسەدەق : (٧٧) ........................................ ٥١٠

●محەمەد حوسێن بەهەشتی: (٧٨) ........................................ ٥١٢

●محەمەد عەلی جەعفری: (٧٩) ........................................ ٥١٣

●محەمەد عەتریا نفر: (٨٠) ........................................ ٥١٤

●محەمەد تەقی بەهار (مەلیکی شاعیران): (٨١) ........................................ ٥١٤

●محەمەد کازم شەریعەتمداری: ........................................ ٥١٦

●محەمەد عەلی رەجائی: (٨٣) ........................................ ٥١٧

●د. مستەفا ئەلموتی: (٨٤) ........................................ ٥١٨

●مستەفا شەمیران: (٨٥) ........................................ ٥١٩

●موجتەبی نەواب سەفەوی: (٨٦) ........................................ ٥٢٠

●موحسین پزیشکپور: (٨٧) ........................................ ٥٢٢

●میهدی خابتایا تەهرانی: (٨٨) ........................................ ٥٢٣

●(شێخ) ناسری سوبحانی: (٨٩) ........................................ ٥٢٤

●نورەدین کیانوری: (٩٠) ........................................ ٥٢٥

●د. یەدوڵلا سەحابی: (٩١) ........................................ ٥٢٦

●شەمسەدین قنات ئابادی: (٩٢) ........................................ ٥٢٦

●عەلی ئەکبەر دەهخودا: (٩٣) ........................................ ٥٢٧

● سەفەر قارەمان: (٩٤) ........ ٥٢٩

● جەواد سەعید: (٩٥) ........ ٥٣١

● سەید حەسەن مودەریس: (٩٦) ........ ٥٣٢

● پەراوێزەکانی بەشی چوارەم ........ ٥٣٤

سەرچاوەکان ........ ٥٤٧

ناوەرۆک ........ ٥٦٣